

٢
گەلاوێژی نوێ
گۆڤارێکی تەندروستی و ڕووناکبیریی منداڵانە
GELAWĚJI NIWE
بۆ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی گەلاوێژ
ژمارە 12
١٩٩٧/ئایار

• زریوەی گەلاوێژ	سەرنووسەر	٤
⌘ لێکۆڵینەوە		
• ئەدەب و ئازادی .. هەردووکیان و دەسەلات	مەلا بەختیار	٥
• کۆماری ترس	خوێندنەوەی: بەختیار عەلی	٢٠
• نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارف دا	رەفیق سابیر	٣٤
• بەهای شێوە : فۆرمالیستە ڕووسەکان	و : ئازاد بەرزنجی	٥١
• پاشەڕۆژبینی لە ڕوانگەی دوو شاعیری ...	عەبدوڵلا قەرەداغی	٧١
• نمایشی شانۆیی..مەبەستگەرایی بەرجەستەکردن	رزگار حەمە ڕەشید	٨٢
⌘ شیعر		
• دوو شیعری شێرکۆ بێکەس		٨٩
• کوفرێک مێمنتر لە تووڕەیی	ئاراس عەبدولکەریم	٩٧
• تەنگەبەر	شوان محەمەد	١٠٠
• درەختی زمان	سەلاح جەلال	١٠٢
• گریانی گوڵە گەنم	کوردو کاروان	١٠٤
• کاروان	و : ناسری حسامی	١٠٦
⌘ لە دەرەوەی شیعردا		
• چەند دەقێکی ئەنتۆلۆژیایی ...	لەتیف هەڵمەت	١٠٩
• گوڵە بای کاوان	جەزا عەلی ئەمین	١١٤

هەواڵنامەی کێبڕکێ

- زنجیرەی بابەتەکان پەیوەستە بەدەرهێنانی هونەریی گۆڤارەکەوە .
- نووسینەکان دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانیانن .

⌘ چیرۆک

- بڕیارێک کە نەدەبوو پێبکەنێت — ڕێبوار حەمە ڕەحیم — ١١٦
- ئاوا — ڕێکپۆش عەزیز محەمەد — ١٢٣
- ئاژێر — دلاوەر قەرەداغی — ١٢٩
- مردنی سەربازە هەڵهاتووەکە — عەتا محەمەد — ١٣٨
- بەرەو ڕووی مەرگ — و : عەبدولڕەحمان فەرهادی — ١٤٤

⌘ دیدار

- لەگەڵ هونەرمەند ولیەم یوحەننادا — لەتیف و قوباد — ١٤٨
- هەر نووسەرێک دروزنێکە — و : ئەبوبەکر خۆشناو — ١٥٨
- ژولیا کرستیڤا لە وتووێژێکدا — و : جەمال ڕەشید — ١٦٥

⌘ بەڵگەنامە

پێنج ژمارەی تازە دۆزراوەی کوردستان ... — د . فەرهاد پیرباڵ — ١٧٦

کۆمەڵەی تەعالیی ژنانی کورد — داڕشتنەوەی : سدیق سالح — ١٨٩

⌘ گەشتی ڕووناکبیری

- کۆنگرەی بنکەی گەلاوێژ • بۆچی کینزا بۆرۆ ئەوی واز لە ڕۆمان نووسین دەهێنێت؟ — ١٩٣
- کۆمەڵە چیرۆکی سێ ئافرەت • هەفتەنامەی ئابیدەر • خەواندنی موگناتیسی • کارەکانی ئیسماعیل خەیات لە ژاپۆن • جەمیل شاکەلی و خەڵاتی ....
- منالی کوردو فەرهەگی کورد لە هەندەران .

هەوالنامەی کێبێ

زریـوەی گـەلاوێـژی نـوێ

● ماوەیەکە باس لە قەیرانی بزووتنەوەی ڕووناکبیریمان دەکرێ و ئۆبالّەکەیشی ، بەڕادەیەکەم دەخرێتە ئەستۆی شەڕی ناوخۆ . ئەو شەڕەی کە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمانی، خستە بەر حالّەتی نووچدان و بگرە مەترسیی شکستخواردنیشەوە .

● گومانی تێدا نییە شەڕ ، وێرانکاریی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە دوایەو لەگەلّیشیاندا بواری ڕووناکبیری . ڕووناکبیران ناهەقیان نییە ، وەک هەر یەکێک لەو چین و توێژانەی لە ئەنجامی شەردا زەرەرمەند دەبن بلّێن : ئەگەر بەشێکی زۆر کەمیش لەو پارەو پوول و سامانەی چۆتە قەبەڵی شەڕەوە ، بۆ کەرتی ڕووناکبیری تەرخانکرایە ، ئێستا هیچ نەبێ لەرووی (مادی)یەوە ، شتێک لە ئارادا نەدەبوو پێیبووترێ قەیران .

● شەڕەوەک لە ڕووی (مادی) یەوە دەبێتە کۆسپ لەڕێگای بزووتنەوەی ڕووناکبیریداو دەیپووکێنێتەوە ، لە ڕووی (مەعنەوی) شەوە بوار لەبەردەم داهێنان و خوڵقاندندا تەسکدەکاتەوە. چونکە کاتێ لوولەی تفەنگ دەکەوێتە قسە، قەڵەم بەهەڕکمی ئەو بارودۆخە سەخت و ئاڵۆزەوەی دێتە کایەوە ، تین و توانای داهێنان و خوڵقاندنی لەوەبەری تێدا نامێنێ .

● ئینجا ڕەنگە شەڕی ناوخۆ لەهەرجۆرێکیتری زیاتر ، کاری دژێوو خراپ بکاتە سەر باری ڕووناکبیری . چونکە ئەمیان شەڕی براگەڵ براو هاوزمان لەگەڵ هاوزمان و تەنانەت هاوقەڵەم لەگەڵ هاوقەڵەمدایە . بەوەش بزووتنەوەی ڕووناکبیری یەک گەل و نەتەوە ، پارچە پارچە دەبێ و ئەنجامەکەیشی ، تێکشکاندەبێ بەناوخۆدا . بۆ نموونە سەرنجدەن کە چۆن لەکاتێکدا ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنییەکانی ڕژێمی ئەنفال و کیمیاوی ، لەبەغداوە بەسەربەستی دەگەنە سلێمانی و هەولێرو بەئاشکرا لەسەر شەقام و ناو کتێبخانەکاندا دادەنرێن و دەفرۆشرێن ، کەچی ئەوەکانی لەمەڕ خۆمان ، مەگەر بەنهێنی بهێنرێن و ببرێن .

● بۆیە ڕووناکبیرانی کورد ئێستا ، لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە ناهەمواردا ، ئەرکێکی پیرۆزی مێژوییان لەئەستۆیە کەهەم لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی گەل و نیشتماندا و هەم بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی کە بزووتنەوەی ڕووناکبیریی تێوەگلاوە ، خەبات بۆ بەرگرتن لەدرێژەپێدانی شەڕو چەسپاندنی ئاشتی بکەن . چونکە وەک چۆن شەڕ بەهۆی سەرەکیی قەیرانەکە لەقەڵەمدەدرێ ، ئاوەهاش ئاشتییە کەدەبێتە هۆی سەرەکیی ڕەواندنەوەی .

سەرنووسەر

ئەدەب و ئازادی ..
هەردووکیان و دەسەڵات

هەلا بەختیار

ئەدەب دژی دەسەڵاتە ؟ لەکەڵ دەسەڵاتە؟ لەگەڵ دەسەڵاتەو لە گەڵیشی نییە؟ دەسەڵات دەسەلمێنێ و لە ڕەخنەش ناپرینگێتەوە ؟ بە پێچەوانەوە : دەسەڵات پێویستی بە ئەدەبە ؟ یاخود دوژمنی ئەدەبە؟ یان ئەدەبیش دەکاتە بەشێک لە مەعریفەی دەسەڵات؟ یان ئەرکە دیموکراسیەکەی وا دەخوازێ ئازادی تەواو بداتە ئەدەب؟

ئەدەب .. ئازادی .. دەسەڵات ، سێ بابەتن ، چەند لێک دوورین ، هێندەش لێک ئاڵاون. بە تایبەتی ئەدەب و ئازادی و ئازادیی ئەدەبی ، دوو چەمکی پێکەوە ژیاوی بێ یەک نەژیاون . هەردووکیشیان نەدەتوانن سەراپا دژی دەسەڵات بن و ، نە دەشتوانن کوت و مت بەشێکی دەسەڵات بن . ئەوەتەی ئەدەب ، ئازادی و دەسەڵاتیش هەن ، هەتا ئێستا گیرو گازی سەربەخۆیی و چۆنیەتی پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە ، هەر هەبووەو ئێستاش هەیە ؛ بۆ ئایندەش دەمێنێ .لەم نووسینەدا ، شەن و کەوێک و سەر لە نوێ قسەیەک لە پەیوەندییان دەکەینەوە ، بە هیوای ئەوەی بەشداریەک لەم مشت و مڕەی ئێستای (ڕووناکبیری و دەسەڵات) بکەین و بەرە بەرە ، دەرەنجامێکی بابەتی لەناو تێکڕای بابەتەکانی لەم بوارەدا دەنوسرێن و دەگوترێن بۆ ئەم قۆناغە گەلاڵە ببێ .

ئەدەب و بەهرەی ئەدەبی

ئەوتەی ئەدەب هەیە ، قسە لەسەر گەوهەری ئەدەب ، هەروا ، لەسەر داهێنانی ئەدەبی و ئەدەبی

له چاخی رێنیسانسەوە هەتا هاتووە دەرکەوتووە کەئەدەب
لە داهێنراوە نەمرەکانی مرۆڤە . دەرکەوت ئەدەب پێش
زانست وزانیاریش نەك هەریاداشتی ئەدەبی ﴿ڕابردووە﴾
بەڵکو ﴿ئێستا﴾ ی نەزانراوو ﴿ئایندە﴾ ی پێشبینی
کراویشی لەدووتوێی تروسکە هەست و بروسکە
نەستدا ، بەرجەستەکردووە ودەشیکا .

داهێنراویش هەیە .

لە ئەدەبیاتی دێرینەدا ، جیاوازی لە نێوان ئەدەب و بوارەکانی دیکەی مەعریفە نەکراوە ، تەنانەت ئەدەب و دینیش چونیەك پێوراون . تایبەت لەناو گریکەکاندا . هەتا (ئیفلاتون) هاتووەو جیاوازی و ناکۆکیی نێوان شیعرو فەلسەفەی دەرخستووە ، بەرە بەرە ، لەگەڵ گۆڕان و گۆڕانکاریەکانی زەمانەدا ، بوارەکانی مەعریفە ، جوێ جوێ ئاقاری خۆلقاوی خۆیان چەسپاندو زانستی ستاتیکاش ، توانیی داهێنراوە هونەرییەکان لەباقی بوارەکان هەلاوێرێ و ، ستاتیکا ، وەکو ستاتیکا ، بکاتە ڕاستییەکی زانستی.

لە چاخی رێنیسانسەوە هەتا هاتووە، دەرکەوتووە کە ئەدەب لە داهێنراوە نەمرەکانی مرۆڤن . دەرکەوت ئەدەب پێش زانست و زانیاریش، نەك هەر یاداشتی ئەدەبی (ڕابوردووە) بەڵکو (ئێستا) ی نەزانراو و (ئایندە) ی پێشبینی کراویشی لە دوو توێی تروسکە هەست و بروسکە نەستدا ، بەرجەستە کردووەو دەشیکا .

ئەگەر بمانەوێ گەوهەری ئەدەب بنکۆڵ بکەین و واتایەکی (بابەتی - ئەدەبی) بۆ ئەدەب ، بە شێوەیەکی گشتی گەلاڵە بکەین ، کارێکی سانا نییە. تایبەت لەم سەردەمەدا کە : ئەدەب ، زمانی ئەدەبی ، زانستی زمان ، ڕێبازە ئەدەبییەکان و ئەرکەکانی ئەدەب ، جۆرە ها تۆژینەوەی ئەدەبی سایکۆلۆژی ، سۆسیۆلۆژی و فەلسەفییان لەسەرە.

لێکدانەوە کۆنەکان لەمەڕ :(داهێنان) (یەکێتی بابەت) (خولقاندن) (ڕامان) ، ئەم زاراوە ئەدەبیانە لایەنێکی ئەدەب و حالەتێکی ئەدیب بەرجەستە دەکەن . دەمێکە ئەو ڕاستییە ئەدەبییە یەکالای حەقیقەتی ئەدەب کراوە کە : ئەدەب و هونەری داهێنراوی ئەدەبی ، بابەتێکی ساکار و دەسکەلای سەرکارو هزرێکی ڕاگوزەر نییە ، بەڵکو خولقاوێکی تێکچڕژاوی بەرزی هونەرییە کە ناخ و نەستی دەرنەبڕاو دەردەبڕێ ، بە حەقیقەتی نەزانراوت ئاشنا دەکا .

هەستی نەبزواوت دەبزوێنێ ؛ خەیاڵت لێدەکا بە ڕیالیست و ڕیالیستت لێدەکا بە خەیاڵ ؛ لە چوارچێوەی ڕوکارێکی نەخشێنراودا بۆ ناو ناوەڕۆکێکی ئەفسوناویت ڕام دەکا ؛ ڕوداوە نهێنییەکانی ژیانت لێدەکا بە داستان و داستانی هەلبەستراویشت لێدەکا بە ژیان ؛ حاڵەتێکی دەروونی لە دەروونت دەردەهاوێ و دەیخاتە ژێر تەوژمی ئەدەبیی ئەوتۆوە کە حالەتە دەروونییەکە لە دەروونی خۆت و خەلکی تریشدا ، لێدەکاتە بۆتەیەکی گەورەو تیایدا ، هەرچی هەیەو نییە ، دەتوێنێتەوە .

ئەو ڕاستیانە سەرجەم .. ئەدەب دایاندەهێنێ و بۆ ئەم داهێنانەش زمان دەکاتە ئامرازو ئاوازی ڕازاندنەوەی داهێنانەکە . زمان ، لە هیچ بوارێکی دیکەی ژیاندا (بە فەلسەفەو لۆژیکیشەوە) بە ئەندازەی بواری ئەدەب ، سرک نییە . سرکێکی ئەوتۆ مەگەر لە دووتوێی ئەدەبدا بزانی وشە ساکارەکانی ژیانی ساکاری چۆن ڕۆنراون و ڕۆنانی هەر وشەیەکیش لەناو ژانی چ ئازارێکی هەست و نەستە دەرنەبڕاوەکانی ئادەمیزاددا، برژاوە .

ئەدەب ؛ تەنانەت فەلسەفەو ئایینیشی خستۆتە ژێر کاریگەریی نەرم ڕۆچوونی خۆیەوە .. فەلسەفە بەو وشک و بڕینگییەی لە ئەدەبدا بۆت قوت دەچێ و ئایینیش بەو (قودسیە)تەی پێی دراوە ، ئەدەب بە شێنەیی ڕچەی لێشکاندووە !

ئەم جیهانە پەنهان و ئاشکرایەی ئەدەب ؛ داهێنراوی نەمری ئەدەب ؛ ئەدەب بە گەوهەرو شێوەو شێوازی خوڵقاوی ، ئایە بەرهەم و بەهرەیەکە ، ڕۆژانە ، هەموو کەسێک عەقڵی هەبێ و هەستی بجوڵێ و توانای ڕێنووسی ببێ ، دەتوانێ پرکێشیی ئەدەبی بکاو بابەتێکی ئەدەبی بهۆنێتەوە ؟ یان نەخێر؟ هەڵبەت وەڵام (نەخێر)ە کەیە . بەڵێ .. نەخێر.. نەخێر .. داهێنانی هونەری سەرکێشی نییە لە نووسین ، بەڵکو بەهرەو بەهرەمەندییەکی قوڵە . قوڵێکی ئەوتۆ ، ڕەنگە ئاسان نەبێ تەنانەت بە قولیش لێکبدرێتەوەو پەی بە بەهرەو بەهرەمەندیەکە ببەی، پەی پێببردنێکی ئەوتۆ بتوانی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ، تەواوی مەبەستە ئەدەبیەکانی داهێنانێک ، یان شاکارێک ، یاخود هێمایەک ، لە دونیای ئەفسونایی نهێنیی نووسەرو نووسینەکە ، ئاشکرا بکەی ، چونکە لە ئەدەبدا ، نهێنیەکان جاری وا هەیە هێندە چێژی تێکچڕژاویان هەیە ، ئەگەر نهێنیەکانی بدۆزیتەوە ، گەوهەرو جوانییە ئافسوناویەکەی بەتاڵ دەبن .

لە زانست و زانیاریدا ، لە فەلسەفەو لۆژیکدا ، لە سروشت و گەردووندا ، لە کۆمەڵ و مێژوودا .. تاد ، دۆزینەوەی نهێنیەکان مەعریفە دەوڵەمەندتر دەکەن ؛ کەچی لە ئەدەبدا ، نهێنی هەتا نهێنی بێت، هەتا لێکدانەوەی جۆراو جۆری لەسەر بکرێ ، مەعریفە لە مەعریفەی ئەدەبی کەیلتر دەکا .

ڕەوتە ئەدەبیەکان

ئەدەب لە مێژووی ئەدەبیدا ، قۆناغی جیاوازو ڕەوتی جیاو ڕێبازی هەمە جۆری دیووە ؛ لە ئەدەبی کلاسیکییەوە ، لە قۆناغی شارستانی سەردەمی کۆیلەیەتییەوە بۆ دەرەبەگایەتی ؛ بۆ قۆناغی کلاسیکی نوێ پێش سەردەمی ڕێنسانس و پاشان ، قۆناغی ڕۆمانسیەت و پاشان ڕیالیزم و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەو ڕیالیزمی سۆسیالیزم ؛ ئینجا فێرگە ئەدەبیە نوێکان . لەو قۆناغ و ڕەوت و ڕێبازانەدا ، ئەدەب کەوتۆتە ژێر کارایی فەلسەفەی جوێ جوێ . ﴿مەتریالیزم ، ئایدیالیزم ، میتافیزیک ، وجودی ، عەبەسی ، بونیەوی﴾ هەروا فێرگەی ئەدەبیی جۆراو جۆری تاقی کردۆتەوە ، ڕووبەڕووی ئیمبراتۆریەت و فەیلەسوف و دەسەڵاتداری گەورە بۆتەوە .. فشاری ئیمبراتۆرەکان لە ڕووی دەسەڵاتەوە ، گوشاری فەیلوسوفەکان لە ڕووی بەڵگە نەویستەوە ، ئیرهابی دەسەڵاتداران لە ڕووی زەبرو زەنگەوە ، هەریەکە بە شێوەیەک ئەدەبیان خستۆتە گیروگازەوە ، بەڵام ئەدەب ، بە ئەدەبەوە ، بە ئەدەبی بەرزو ئەدیبی داهێنەرەوە ، دژوارترین ڕچەکانی شکاندووەو هێناویەتی و گەیاندویەتی . ئێستاش کە ئێستایەکی پێشکەوتووە ، ئێستایەکە فشارەکانی ڕابردوو کەمتر کاریان پێدەکرێ ؛ دەسەڵاتداران ئارخێو بوون و پێویستیان بە زەبرەکەی جاران نەماوە ؛ فەیلەسوفەکانیش (حیکمەت) دانابەشێنن و قالب ناسەپێنن .

ئیدی دەبێ چۆن بڕوانینە ئەدەب ؟ کە زەبر جەزرەبەی جارانی نەمابێ ؛ کە فەیلەسوف حیکمەت ناکەنە قالبی گشتگیر ، ئەدی ئەدەب هەروەکو جاران هاواری ئازادییەتی ؟ ئەی ئازادی پیرۆزیەکەی جارانی بۆ داهێنان و هاندانی

ئەدەب ، ماوە ؟

ئەی ئەدەب و دەسەلات .. ئەدەب دژی دەسەلاتە ؟ لەگەڵ دەسەلاتە ؟ لە گەڵ دەسەلاتەو لە گەلیشی نییە ؟ دەسەلات دەسەلمێنێ و لە ڕەخنەش ناپرینگێتەوە؟

بە پێچەوانەوە ، دەسەلات پێویستی بە ئەدەبە ؟ یاخود دوژمنی ئەدەبە ؟ یان ئەدەبیش دەکاتە بەشێک لە مەعریفەی دەسەلات ؟

تێکڕای ئەو پرسیارانە لە ئاراداڵ و هاندەرو هۆکاریان هەن .

هەندێ لەو پرسیارانە بابەتین و ئێستاش زیندوون ؛ هەندێکی دیکەیان خۆیی و خۆپەرستییان پەنا داوەو بە لێکدانەوەی وورد خەفە نەکراون، ئەم ڕاستیانە، نەک لە ئەدەبی کوردیدا بەڵکو لە ئەدەبی سەرجەم نەتەوەکاندا، هەبووەو هەیە ، هەڵبەتە ، نەتەوەی دواکەوتوو بە جۆرێک و پێشکەوتووش بە جۆرێکی دیکە . بۆ ئەوەی بێ گرێ بچینە سەر باسی دەسەلات ، ئەدەب و ئازادی و ئازادیی ئەدەب دەکەینە دەروازەی ڕوو بەڕوو بوونەوەی دەسەلات .

ئەدەب و ئازادی و ئەدەبی ئازاد

لە دێر زەمانەوە ، لەو زەمانەوە مرۆڤ بۆتە مرۆڤ و هۆشی وەکو مرۆڤ ، پڕاوە ، مرۆڤ ئازاد بووەو ئازادانەش هەڵسوڕاوە .

واتە : مرۆڤ و ئازادی ، هاوزای یەکدین . دەتوانین بڵێین : ئازادی مافێک نەبووە بەخشێنراوێ ، یان درابێ ، یاخود سەندرابێ ، بەڵکو ئازادی خولیایەکی خولقاوی خۆرسکیی ئادەمیزادە . بەرە بەرە ، کارو دابەشبوونی کار لە نێوان خاوەن کارو بێکاردا ، ئاین و مەزهەب و نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵ تخوبیان بۆ ئازادی داناو ئازادییان کردە مافێک لە ڕوانگەی سوودو زیانەوە دیاری بکرێ . بدرێ یان نەدرێ ؟ چەند بدرێ و چەندیشی نەدرێ : بێگومان ، قۆناغەکان، بەرژەوەندیەکان ، چین و سیستەمەکان ، چەندو چۆن گۆڕابن ، ئاواش گۆڕانیان بەسەر ڕادەی ئازادی و هەڵسوڕانی ئازاددا ، هێناوە . وێڕاش ، بە درێژایی مێژوو ، قۆناغ گۆڕابێ و سیستەم ئاڵوگۆڕی پێ کرابێ ، قەڵمڕەو قبوڵی کردبێ یان نەیکردبێ ، ئازادی ئەو خولیایە بووە لە خەمی چارەنووسخوازی مرۆڤ جوێ نەبۆتەوەو هەر وەکو مێژوو بێ ئازادی نەژی ، ئاوا ئازادی و مێژوو هاوکاروان بوون و کاروانیان گەیاندە بەستێنی ئێستا . گەر ئێستا بمانەوێ ئازادی هەڵبسەنگێنین و دوا ئاکامی دیاریبکەین دەبینین کە ئازادی سەرەڕای ئەوەی هێشتا بەشێکە لە خودی مرۆڤ و هاورێیەتی مرۆڤ و ئازادی هەر بە تینە ، سەرەڕاش ، ئازادییش ئاوێتەی سیستەمی دیموکراسی بووە . ئاوێتەیەکی ئەو تۆ ، ناکرێ باس لە ئازادیی دابڕاو لە سیستمی دیموکراسی بکرێ .

کەوابێ : ئازادی لە بنچینەو بنەچەدا ، وەکو یاسایەک لە یاسا سروشتیەکانی مرۆڤ خولقابێ ، هەر گۆڕانێک بەسەر ئازادیدا هاتبێ ، گۆڕان نەبووە لە خودی فەلسەفەی ئازادی بەڵکو لە قالبدانی ئازادی بووە بۆ گۆڕان و گۆڕانکارییەکان ؛ گۆڕانکاریی ئابووری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، ئاینی، مەزهەبی و کولتوری .. تاد

- بەرژەوەندیە ئابووریەکان بەشێکی ئازادییان زەوت کردووە .

- پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەشێکی ئازادییان خەفە کردووە .

- ئاین و مەزهەبەکان بەشێکیان پێشێل کردووە .

- کولتوورو نەریت و پێکهاتەی سایکۆلۆژی لایەنێکی تری ئازادییان تاساندووە .

- یاساو ڕێساو دەسەلاتەکانیش بەشێکی دیکەیان خواردووە .

واتە : هێرشێکی بەربڵاوی ئابووری ، مەزهەبی ، سیاسی ، یاسایی ، نەریت و کولتوریی جیاواز هەمیشە لەسەر ئازادی هەبووەو ئازادییش لەبەرامبەریاندا پاشەکشەی کردووەو چۆتەوە ناو خۆی . سەرباری ئەو هێرشە بەربڵاوە ، ئازادی وەکو گەوهەر ..ئازادی وەکو خولیا.. پیرۆزیەکەی لە دەست نەداوەو کاریگەریەکەی لەسەر مرۆڤ

زیادی نەکردبێ، کەمی نەکردووە؛ تایبەت لە سەردەمی رینسانس بە دواوە، وێڕای هەڵایسانی شۆڕشی دیموکراسی و باسی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ ، ئازادییش وەکو خواست و خولیای سروشتیی زەوتکراوی مرۆڤ ، ژیاوەتەوە .

ئەگەر لەم ڕێڕەوە دوورو درێژەی ئادەمیزادو ئازادی ، تاووتوێیەکی مرۆڤ ، وەکو مرۆڤ و ئازادی ، وەکو بەهرەی مرۆڤ و ئازادی ، وەکو داهێنانی مرۆڤ و ئازادی بکەین ، دەبینین گۆڕانی ئابووری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی و یاسایی ، توانیویانە بەشێکی زۆری ئازادیەکانی مرۆڤ بخۆن ، بەڵام خولیای بەهرەو داهێنانی مرۆڤ لەوپەڕی ڕۆژگاری ڕەشی سیاسەت و دەسەڵاتدا ، لەناخی مرۆڤدا . لە ئازادی دانەبڕاوە . گەر بەهرەمەند توانیبێتی یان نەیتوانیبێ ئازادانە بەهرەکەی دەربڕێ . واتە : دەربڕین و دەرنەبڕینی بەهرەو تواناو خولیاکانی مرۆڤ پێوەری پەیوەندی بەهرەی مروۆڤ و ئازادی نین . ئازادی هەقێکی ڕەهایە هیچ جۆرە ناهەقییەک هەڵناگرێ . تەنانەت گەر مرۆڤ تەنها لەناخی خۆشیا ئازاد بێ .

لەم هەلومەرجەشدا کە قسە لە ئازادی و ئەدەب و ئەدەبی ئازاد دەکەین ، هەر دەبێ بچینەوە سەر بنچینەی ئازادی . ناکرێ نکولی لەوە بکرێ کە ئەدیب ئازادە ، پێشمان وایە ئەو زەمانەش بەسەر چووە ئەدەب و بەهرە لە ڕوانگەی ڕێبازێک و فەلسەفەیەکەوە بپێورێ .

ئەگەر قسەیەک هەق بێ لەمەڕ ئازادی بکرێ ، ئەوەیە چۆن چۆنی خزمەتی ئازادییە زەوتکراوەکان دەکرێ ؟ ئەو ئازادییانەی لەدێر زەمانەوە زەوتکراون ، چلۆن دەستەبەر دەکرێنەوە ؟

ئایە .. ئازادی بە پێشێلکردنی ئازادیی کەسانی دیکە ، یان لایەنی دیکە یان ، بیروڕای دیکە ، دەژێتەوەو دەستەبەر دەکرێ ؟ یاخود بە ژیاندنەوەی گەوهەری ئازادی و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ، ئازادی دەبێتەوە بە ئازادی ؟

بێگومان دوای هەزاران ساڵ شێواندنی ئازادی ئاسان نییە ئازادی بژێتەوەو ڕای گشتی کۆششی تاک و بە کۆی ژیاندنەوەی ئازادی بسەلمێنێ ، ئەمە ڕاستە ، چونکە بەشەریەت وای بەسەر هێنراوە زۆر دژوارە قبوڵی بکا بە (ئازادی) خزمەتیشی بکەی : بەڵام پەیامی ڕووناکبیران و هەڵگەوتووان و بەهرەمەندان ، دەبێ (تجاوز)ی بەسەر هێنراوی بەشەری بکا ، هیچ نەبێ ڕووناکبیر لە گەڵ ڕووناکبیران ، ئەدیب لەگەڵ ئەدیبان ، بەهرەمەند لەگەڵ بەهرەمەندان.. تاد، هەقە لە گەوهەری پیرۆزی ئازادییەوە مامەڵە لەگەڵ توانای ئازادی خۆیان و دەوروبەریان بکەن .

دووپاتی بکەینەوە باشە کە : وێڕای گەڕانەوە بۆ گەوهەری ئازادی ، ناکرێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکەین کە ئازادییش تێکەڵاوی ڕووداوەکان، دیاردەکان ، گۆڕانکاریەکان بووەو ، بەدابڕاوی ناتوانین مامەڵە لەگەڵ ئازادی بکەین ،باقی ڕووەکانی ژیان ، تایبەت ژیانی کۆمەڵ و سیاسەت فەرامۆش بکەین ، کورتیەکەی : ناشێ بچینە خەڵوەتی (میتافیزیکا)ی ئازادی و دیالکتیکی ژیان و ئۆرگانیزمی کۆمەڵ بەرچاو نەگرین ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە بۆ (دەسەڵات)دەگوێزینەوە.

دەسەڵات لە نێوان ﴿ مەنتق ﴾ و ﴿ واقع ﴾ دا

پێم وا نییە نەتەوە هەبێ بە ئەندازەی نەتەوەی کورد، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ڕۆڵەکانی لە ناخی خۆیاندا بەرامبەر دەسەڵات ، یاخی بووبن . هۆیەکەش ئاشکرایە : لە ڕووخانی دەوڵەتی (ماد= ٥٥٣ پ.ز)ەوە هەتا ئێستا، کورد لە دەسەڵات و دەسەڵاتداران ، جگە لە سەرکوتکردن ، سەرکوێرکردن ، تاڵان و تاوان بەولاوە چیکەی نەدیووە . جا ئەو دەسەڵاتە سەر بە هەر نەتەوەو ئاین و ئایدیایەک بووبێ ، لە بەرەبەیانی مێژووی دەسەڵاتەوە هەتا ئێستا ، بەرامبەر بە کورد ، درندە بوون . ئاسەواری درندەیی

دەسەڵات و دەسەڵاتداران ، لە هەموو ڕوویەکی ژیانی کورد لە کوردستاندا زەق دیارە . بۆیە ناخی کورد زووخاوە بەرامبەر دەسەڵات .

زووخاوی ناخی کورد ئەگەر لای کوردێکی ئاسایی بە ساکاری دەربکەوێ ، لای ڕووناکبیری کورد بە وشیاری دەردەکەوێ . درێژەی ئەم

ئەڵتەرناتیفی جۆراو جۆر هەیە؛ هەروا ، سەرەڕای ئەوەی هەزاران دەسەڵات ڕووخاون ، ڕوخێندراون ، هاتوون و چوون، هەڵبژێراون و هەڵوەشێنراون ؛ دەسەڵات وەکو ڕاستییەکی چارەنووسسازی ﴿سیاسی - یاسایی﴾ کۆمەڵ ، هەر ماوە و دەشمێنێ.

لە کۆماری مەهابادا ،یەک تیرۆر و یەک زیندانی
سیاسی فکرو ئەدەب نەبووە ، بەڵکو یەک ڕووناکبیریش
خۆی لە خزمەتی کۆماری مەهاباد نەدزیوەتەوە

زووخاوە لە دێر زەمانەوە بە چەشنێ جۆشی خواردووە ، ئێستاش دانەمرکاوە . تەنانەت لای هەندێ ڕووناکبیر چۆتە قاڵبی یاخی بوونی مەعریفی ، بەشێکی کەمیشیان سەر لێشێواوی.

دەسەڵاتیش .. لەو (ڕاستیەی) ژیانن کە ئەوەتەی لەناو خێزان و خێڵەوە سەریهەڵداوە هەتا لەناو یەک چین و قەڵەمڕەودا قەبارەی گرتووە و گەیشتۆتە ئیمپراتۆرەکان ، پاشان سیستەمە هاوچەرخەکان ، تەنانەت هەتا ئێستاش مشت و مڕی لەسەرە ، ئەگەر بۆچوونەکان بخەینە قاڵبی تیۆرییەوە ، دەڵێین :

سەرجەم دەسەڵاتەکانی مێژوو ؛ دەسەڵاتی تەقلیدی ، دەسەڵاتی ئاینی ، دەسەڵاتی ئەفسانەیی ، دەسەڵاتی یاسایی.. تاد هیچ دەسەڵاتێک لەو دەسەڵاتانە نەیتوانیووە حوکمڕانیی بێ چەندو چۆن ، بێ بیروڕای جیاواز ، بێ دۆست و دوژمن ، لە مێژووی کۆن و نوێدا بچەسپێنن .

سەرەڕای ئەوەی لەسەر دەسەڵات ، لە بەرامبەر دەسەڵات ، لەگەڵ دەسەڵات و دژی دەسەڵات ، ڕێبازی جیاواز ، یاساو ڕێسای جیاواز ، فەلسەفەی جیاوازو

لە مێژوودا .. یاسای ئێجگار دڕندانەی دەسەڵاتدارێتی هەبووەو هەیە ، کەچی خەڵک وێڕای ئازار پێگەیاندنی زۆریان لەسەر دەستی ئەم دەسەڵاتانە ، هەروا زوو ئامبازی ئەم دەسەڵاتانە نەبوون و لەناویان نەبردوون ، هەتا هۆیەکانی لەناوچوونیان لەناوخۆیان و دەوروبەریا ندا پێنەگەیشتبێ.

هەروا فەلسەفەی ئۆمانیستی ، کۆمۆنیستی ، سۆسیالیستی ، یەکسانێتی لە پێناوی دەسەڵاتی کرێکاران و هەژارانی سەراپا جیهان هەبووەو هەیە کە پەیامی بەهەشتی سەر زەمین ئەبەخشێتە زەحمەتکێشان ، کەچی سەرەڕاش ، زەحمەتکێشانی هێزو بازو ، ئازاری زۆری دەسەڵاتە چەوسێنەرەکان تەحەمول دەکەن و بە شێوەیەکی دراماتیکی هەڵناکوتنە سەر چەوسێنەران بۆ هێنانە سەر کایەی دەسەڵاتی دڵخوازیان .

جگە لەو ڕاستیانە ، نەخشەی ئاڵۆگۆڕە سیاسیەکانی مێژوو دیاردەو دەرکەوتەی سەیرو سەمەرەی تیایە ، بۆ نموونە : زۆربەی ئەو ڕژێمانەی بە شۆڕش و کۆدەتای (کۆماری دیموکراتی) ڕژێمە پاشایەتیەکانیان گۆڕی ، تایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا نەیانتوانیوە باشتربن لەو ڕژێمە پاشایەتیانەی هەتا ئێستاش ماون . بەڵکو تاوان و

چەوساندنەوە لە ڕژێمە کۆماریەکانی ڕۆژهەڵاتدا زۆرترە . بۆ نموونە: عێراق و ئۆردن ؛ جەزائیرو مەغریب ؛ یەمەن و دەوڵەتانی کەنداو .. تاد.

جەزائیر خاوەن شۆڕشی یەک ملیۆن شەهیدە لە پێناوی ڕزگاری و دیموکراسیدا ، کەچی لەسەر بیرو ڕای جیاوازو لەسەر دیموکراسی و عیلمانی ، زەلام دۆشاو دۆش سەر دەبڕدرێ ؛ لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو سوید ، یەک شەهیدیشیان لەسەر سیستەمی دیموکراسی نەداوە ، لەسەر ئازادییش ، یەک مرۆڤ خوێن لە لوتیشی ناپژێ . ئەمە لە کاتێکدا لە سویدو دەوڵەتانی ئیسکەنافدا، پاشا وەکو ڕەمزیش بێ ماوە . ئەمە جگە لەوەی تاک و کۆ لەو وڵاتانەدا بەربەستی سەربەستیی نەماوە.

کەم ڕاستی لە مێژوودا هەیە ، بە ئەندازەی دەسەڵات (مەنتق) و (واقع) لێک دوور ڕابگرێ . (مەنتق)ی ژیان ئەوە دەخوازێ دەسەڵاتی چەوسێنەر کەم بخایەنێ . کەچی (واقع)ی دەسەڵات لە کۆنەوە بۆ هەنووکە ، پێچەوانەکەی دەسەلمێنێ !

مان و درێژەکێشانی دەسەڵات ، سا ئیتر دەسەڵاتی دەستوریی ڕەوا بووبێ یان دەسەڵاتی ناڕەوای سەپێندراو ، بیسەلمێنین یان نەیسەلمێنین، بۆتە ئەمرێکی واقعیی دێرین ، لەدێر زەمانیشەوە ، نە (یۆتۆبیا) دادی مرۆڤایەتیی داوە؛ نە گەڕانەوە بۆ ژیانە سروشتیەکەی (ڕۆسۆ) پەیمانی کۆمەڵایەتیی نوێی خوڵقاندووە؛ نە﴿کۆمۆنیزم﴾ەکەی مارکسیش بەهەشتی بێ چین و چەوسانەوەی هێنایە کایەو نە(سارتەر)یش ، بوونی کردەبوونێکی ئازادی ڕەها ؛ تەنانەت (سارتەر) ناچاربوونی دەسەڵاتی لە (ڕەخنەی ئەندێشەی دیالکتیکدا)، سەلماند (بە ڕەخنەوە) .

دوای ئەو هەموو ئاڵۆگۆڕو ئەندێشەو فەلسەفانە ، تازەگی بونیەویەکان (سوکتۆرا لیزم) نەک دەسەڵاتی چین و دەوڵەت ، بەڵکو شۆڕبوونی دەسەڵات بۆ تاقە کەسێکیش دەدوزنەوەو هەلوێستەی لەسەر دەکەن (قسەکانیشیان لە ڕووی مەعریفییەوە پاساوی هەیە) .

بەرامبەر بەو واقیعە ، کە دەسەڵاتە ، دەسەڵاتی چین و دەوڵەت و نەتەوەو گروپ و .. تەنانەت دەسەڵاتی باوک و عەقڵیەتی باوکسالارییش ، دەبێ چۆن پەیوەندیی ئەدەب و ئازادی و دەسەڵات هەڵبسەنگێنین ؟

ئایە ڕاستە بڵێین : مادام ئەدیب ئەدیبە کەواتە ئازادە ؛ کە ئازادیش بێ ، کەواتە دەبێ هەموو جۆرە دەسەڵاتێک ڕەت بکاتەوەو دژی هەموو جۆرە دەسەڵاتێک بێ. ئەگەر ئەدەب و ئازادی و پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە بەو جۆرە میکانیکییە لێک بدەینەوە ، بێ گومان شەڕی ئەدەب و ئازادی لەگەڵ دەسەڵاتدا ، هیچ جۆرە ئارامی و ئاشتییەکی بۆ نییە . گەر مەسەلەکان بەدیوی دیکەدا ئەم دیو و ئەو دیو پێ بکەین ، دەشێ هەم (مەنتق) لە (واقع) بدۆزینەوەو هەم (واقع) دوور نەخەینەوە لە (مەنتق) ، هەنگینێ ئەدەب لە خانەی خۆی و ئازادییش لە سەنگەری خۆی و .. دەسەڵاتیش لە سنووری خۆیدا دەسەلمێنین .

ئازادی پێویستیی هەر یەکێکەو نابێ سنووری ئازادیی یەکێکی دیکە ببەزێنرێ ، بەمەرجێ ئازادی و ئازادیی ئەدەب و ئازادیی جێ بەجێ کردنی یاساو دیسپلینی دەسەڵات ، لە خزمەتی مەدەنیەت و بۆ پێشکەوتنی شارستانیەت و دابینکردنی یەکسانی و مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی دیموکراسی تەواو، بێ. بۆ ئەوەی ئەو چەمکانەش یەکالای مەعریفی ئۆرگانیکی بکەین ، وا چاکە هانایەک بۆ دیموکراسی بەرین .

دیموکراسی : سایەی ﴿تاک﴾ و ﴿کۆ﴾

لەو سەردەمەی (پ.ژ)ی یۆنانەوە کە دیموکراسییەکی سەرەتایی لە (ئەسینا)دا ، جێ بەجێ کراوە، هەتا ئێستا مشتومڕی جیاواز لەسەر دیموکراسی هەیە ، هەروا ، لەسەر پەیوەندیی

دیموکراسی و کۆمەڵ و ئازادیەکان هەیە . جۆرەها سیستەمی دیموکراسی تاقی کراوەتەوە : لە ئەمریکا ، ئەوروپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات ، لە ئاسیاو ئەمریکای لاتین ، لە ئەفریقاو شێوەقارەی هیندی . بەشێکی زۆری ئەو شۆڕش و ئەزموونە شۆڕشگێڕانەی ئاکامی خەباتی ڕادیکالانەی شارو شاخ ، حوکمڕانییان کردووە : لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بۆ شۆڕشی چین و کوبا ، بۆ شۆڕشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەلات و باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیاو لە ئاسیاشدا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، لە قۆناغی خەباتی شۆڕشگێڕانەدا ، لە کۆکردنەوەو سەرکردایەتی کردن و بەرگەگرتنی کارەساتەکاندا ، لێوەشاوەییان سەلماندو سەریش کەوتن ، کەچی لە بینای تەلاری دیموکراسیدا

سەرجەمیان ژێر کەوتن ، یان بە بڵێین : هەتا هەنووکە ، سیستەمی دیموکراسی ڕۆژئاوایی توانیویەتی گرەو بەرێتەوە .

ئەو ئەزموونانە لەسااڵی (۱۹۱۷) وە هەتا ئێستا ، لە ئەزموونگای خەباتی شۆڕشگێڕانەدا ، گەلێ هێژایە ئەگەر بێتو شۆڕشگێڕو ڕاپەڕیوانی دوای نەمانی جەنگی سارد، ئەزموونەکان وردو درشت هەلسەنگێنن و ڕێگاکانی هەلدێرو هەڵداشتی ئەوان ، لە بینای سیستەمی دیموکراسیدا ، بگۆڕن .

لەم هەل و مەرجەشدا ، دیموکراسی گەلێ پێشخراوە . سیستەمی دیموکراسی ، چەمکی کلاسیکیی خۆی زۆر دەوڵەمەند کردووە . لەوە دەرچووە دیموکراسی (حوکمی گەل بێ) . جگە لەوەی دیموکراسی حوکمی دەستوریی هەڵبژێراوی گەلە ؛ ڕێزلێگرتنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنە؛ قبوڵکردنی حوکمی کەمایەتییە ؛ پاراستنی مافی مرۆڤە ؛ دابینکردنی ئازادیی تاک و کۆی کۆمەڵە ؛ ئاوەدان کردنی بازاڕی ئازادە ؛ تەنانەت ، سەلماندنی بەربەرەکانێ کردنی دەسەڵاتیشە .. تاد

جگە لە سەرجەم ئەو پێناسەیەی دیموکراسی، ئێستا دیموکراسی بووە بە مەرجێکی گرنگی سەقامگیرکردنی داوودەزگای ئەوتۆ کە هێزی داهێنەری تایبەتی لە بواەرەکانی پیشەسازی ، کۆمەڵایەتی ، ڕاگەیاندن ، ئابووری ، زانست و زانیاریی جیاوازو ناکۆکیش ، بتوانن ببنە کانگای عەقڵ و عەقڵانیەتی هەمە چەشن .

ئەم هێزە داهێنەرە ناکۆکانە لەناو پرۆسەی پێشکەوتنی شارستانیەتدا ، بە زەبر یەکناخرێن ، هەڵەیەکی گەورەشە بە شێوەیەکی ناوەندی ئاراستە بکرێن . هەر دەبێ وەکو هێزی داهێنان ئازاد بن و ئازادانە ئاوێتەی کۆمەڵ و دەزگاکان بن . واتە : تاک و تایبەتێکی ئازادبن و لە ڕێی ئازادیی تایبەتییانەوە ، ئاوێتەی کۆبن .

کاتێک دەتوانین لە دیموکراسی دڵنیا بین کە لە کۆمەڵدا ببینین زۆرترین جۆری ڕووناکبیری تێکەڵاوی فراوانترین شێوەی عەقڵی بەکار هێنراو، دەکرێ . ڕووناکبیری بە چەمکە گشتیەکەی، عەقڵیش بە گەوهەرە عەقڵانی و عیلمانیەکەی .

بەو پێیەش ، دیموکراسی بە دابینکردنی ئازادی نەک لاواز نابێ ، بگرە پێشدەکەوێ و دەچەسپێ و سەریش دەکەوێ . پێشدەکەوێ وەکو سیستەمی سیاسی دیموکراسی ، دەچەسپێ وەکو بنەمای ئابووری و سەقامگیربوونی کۆمەڵایەتی ، سەریش دەکەوێ .. وەکو ئەزموونێکی شارستانی .

هیچ چینێک و هیچ هێزێک ناتوانێ لەم سەردەمەدا خۆی بە خاوەنی دیموکراسی و لافی بینای بێ ﴿ مونافیس ﴾ی تەلاری دیموکراسی بزانێ.

دیموکراسی لەوە دەرچووە ڕێبازی چینێک و ئامانجی تایبەتیی چینێک بێ . دیموکراسی .. ڕێبازو ئامانجی هەمووانە .

هەموو چینێک ، توێژێک ،گروپێک ، دەزگایەک و هەموو کەسێک .. کاژی کۆنەپەرستیی تورڕابێ ، دەتوانێ دیموکرات بێ و بۆ دیموکراسی تێبکۆشێ.

لەم پێودانگەوە بمانەوێ بێینەوە سەر ئەدەب و داهێنان و ئازادی و بیانبەسینەوە بە دیموکراسی؛ دەبێ داهێنان شێبکەینەوە و لەناو پرۆسەی دیموکراسیدا تاووتوێی بکەین .

داهێنەر : بەرهەمهێنەر

داهێنان : پەیوەندیی بە (خود) ی تاکەوە هەیە، تایبەت داهێنانی هونەری؛ کە داهێنانیش پەیوەندیی بە (خود)ەوە بێ ، (خود) ناتوانێ داهێنراوەکەی بخاتە کۆرو کۆبونەوە ئەگەر ئازاد نەبێ .

واتە : ﴿ تاک ﴾ی داهێنەر پەیوەستە بە ئازادیی ﴿ خود ﴾ەوە . بێگومان ﴿ خود ﴾ جاری وا هەیە ﴿ کۆ) ی گروپ و دەستەو رێکخراوە مەدەنی و شارستانیەکانیش دەگرێتەوە .

سەلماندنی توانای (خود) ئەو هەوڵەیە کە ژیانی (خود) دەکاتە کارێکی ئازاد . ئەم ئازادییەش ، گینگڵ خواردنی ناخی (خود) نییە لەگەڵ بەهرەمەندیی تایبەتیدا ، بەڵکو هەوڵێکە بەرەنگار بوونێکی سەپاندنی بەلگەنەویستەکانی دەسەڵاتە لەسەر (خود)و دونیای پووناکبیری، پووناکبیری بە چەمکە گشتیەکەیشی . دەسەڵات، یان با بڵێین نەریتی دەسەڵاتی سیاسی ، ئەگەر بۆی بلوێ ، هەوڵدەدا هەموو بوارێکی ژیان وەکو بواری پیشەسازی و کرێکار رێکبخا . پیشەسازی بکاتە رێسای ئابووری و کرێکاریش ملکەچی کار فرۆشتن ، جیاوازییەکیش لە نێوان بواری پیشەسازی و کرێکارو باقی بوارەکان هەبێ ، تەنها لەوەدایە کارگەی ملکەچ پێکردنی خەڵکانی دیکە لە لایەن دەسەڵاتەوە لەسەر بنەمای پابەندبوون بە نەتەوە یان نیشتمان ، بەناوی هاوولاتیی دڵسۆز بێ بوار پێدانی ئازادانە هەڵسورانی هاوولاتی دەبێ.

لە بەرامبەر هەژمونی (هیمنە) دەسەڵات ، (خود) لە (نەست = لا وعی)ەوە، بەرەو (هەست = وعی) بەرەنگاری دەخولقێنێ هەتا تایبەتمەندیەکانی ئازادی داهێنانی (خود) لەناو گشت یان (تاک) لەناو (کۆ)دا ، دەبزوێنێ ، (خود) ێکی کارا دەکاتە (خود) ێکی کارامەی ئازاد کە بتوانێ دەوروبەر بگۆڕێ .

(خود)ە ئازادەکان ناتوانن دەستەمۆی کۆمەڵێک دەستەبەری دەستور و یاسا بن . بەڵکو (خود) ێکی کارامە دەبن . کارامەی پووناکبیرانەی ئازاد دژی هەژمونی رژێمەکان .

گۆڕانکاریی گەورەی نوێخوازیی سەردەمی نوێ کاتێک پوویدا کە تەکانێکی گەورە بۆ هەڵتەکاندنی مۆتەکەی بۆتەی رژێمەکان لەسەر عەقڵ و کارامەیی مرۆڤ، درا . لەم پلاتفۆرمەوە ، لەناو کۆمەڵە میکانیزمەکراوەکان و پەیوەندییە ئاراستەکراوەکاندا ، هەڵگەڕانەوەیەکی ئازادی ئسوڵی بۆ دابینکردنی بواری توانای داهێنانە خەفە کراوەکان ، یان بۆ خوڵقاندنی زەمینەی نوێی داهێنان ، پوویدا ، هەتا بتوانرێ (خود)ێک بینا بکرێ هەم پابەندێکی زیندووی کۆمەڵ و هەم پرۆژەی دابڕاو بێ ، پرۆژەی دابڕاوبێ وەکو داهێنانی (خود) ، پابەندی کۆمەڵیش بێ ، وەکو پێشخستنی دیموکراسی و پێشکەوتنی شارستانی و نەشونمای مەدەنیەت .

بەم شێوەیەش ، دیموکراسی دەبێتە دەستەبەری پووناکبیری هەمە چەشن و هەمەچەشنیی بەرهەم هێنانی پووناکبیری. نەک سەپاندنی یەک ئاراستەی پووناکبیری و یەک مەعریفە- کە ئەویش مەعریفەی دەسەڵاتە .

نوێخوازێتیی سەردەم بە هیچ شێوەیەک قالبی پێشکەوتووترین سیستەم کە تەنهاو تەنها هەوڵی هێنانەدیی یەکێتی و یەکگرتوویی کۆمەڵ لەسەر بنەمای یاساو رێسای باشترین دەسەڵاتی (کۆماری-دیموکراسی) ، قبوڵ ناکا .

هەر دەبێ ئەو سیستەمە ، سیستەمەکەی بە میتۆدی نوێخوازی دیموکراسی بۆپاراستن و پەرەپێدانی هەمە چەشنێتیی داهێنان و بەهرەمەندی ، بەردەوام موتوربە بکا .

ترسناکترین هەڕەشە کە هەڕەشەی ترسناک لە چارەنووسی دیموکراسی دەکا ، ئەوەیە لە ڕوانگەی تاک عەقڵییەتیی ئایدیۆلۆژییەوە بەرامبەرەکان نەفی بکرێن . ئەمە لە کاتێکدا گەورەترین عەقڵی (ئایدیۆلۆژی - حیزبی) لەو پەڕی کارایی خۆیدا ، لەناو بەهێزترین دەسەڵاتدا ، هەرگیز ناتوانێ نوێنەرەوەی تەواوی تواناکانی کۆمەڵ بێ .

- بەهێزترین هێزی چەپ ، تەنها نوێنەری ئەو چەپ و ئاقاری چەپەیە ، کە لە ناویا و لە دەوریا کۆبونەتەوە ؛

- سەلەفیترین ئیسلامی سیاسی ، تەنها پێشەنگی ئەو سەلەفیانەیە کە هاوئامانجیانن ؛

- لێبرالترین ڕێبازی لێبرال ، تەنها نوێنەری ئەوانەن کە لێیان ئالاون ؛

- ناسیۆنالستترین بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ، تەنها ئالا هەلگری ئەو نەتەوەپەرستانەن باوەڕیان پێیانە ؛

- عیلمانیترین حیزبی عیلمانییش ، تەنها نوێنەرو نوێنەرەوەی ئەو عیلمانیانەن باوەڕو ئامانجیان عیلمانیەتە .. تاد

جگە لەم هێزانە ، جگە لەم ڕێبازانە ، جگە لەم حیزبانە ، جگە لەم توانا فەلسەفی و دینی و سیاسیانە ، هێزو تواناو داهێنەری دیکەش هەن دەتوانن بە تاکو کۆ ، توانایان ئازادانە دەربخەن و بخەنە بۆتەی خزمەتی فرە بواری .

گەر ئەو هێزو حیزبانە ، تاک تاک ، یان کۆکۆ ، حوکم بگرنە دەست ، نەدەتوانن هێزەکانی دیکەی حوکمکراو نەفی بکەن ، نەدەشێ ئەو توانایانەی لە دەرەوەی سەرجەم ئەو هێزانەن (خود)ەکان، شەتەکی دەسەلات بدەن .

نوێنەری هەرگەل و نەتەوەیەک ، تەنانەت بە خەباتی خوێناویی ئازادیخوازانەش هاتبێتە سەرکایەی دەسەلات ، بە هۆی شانازیەکانی خەباتیەوە دەسەلات لەسەر خۆی قفڵ بداو ئایدیۆلۆژیەتەکەشی بکاتە مەعریفەی مەعریفەکان ، ئەوگەل و نەتەوەیە لەناو خۆیا دووچاری داتەپین دەبێ . ئەو نەتەوانە زیندوون کە زیندوویی نەتەوەیان ئازاد دەکەن . هەر نەتەوەیەک سەربزێوی زیندویی نەتەوەیی خۆی ببەزێنێ و سەرۆکی سۆپەرمان پەرستی بخولقێنێ و حیزبی بێ بەرهەلست بسەپێنێ ، باجی مێژوویی نەتەوەی ئاوا ...؛ هەڵدێرانە .

کەوابێ سەرۆکپەرستی ، تاک حیزبی بنەماڵەخوازی ، یەکدەسەڵاتی ، بەرهەڵستی سەرکوتی و بەرنامە پیرۆزی .. تاد ، ئەمانە تێکڕا : دژی دیموکراسی ، دوژمنی ئازادی ، ئاوەژووی گیانی نوێخوازی و پێچەوانەی پووناکبیریی هەمە چەشنن .

دەسەڵاتی لەو جۆرانە ، جگە لەوەی بازاڕی ئازاد وێران دەکەن ، ئازادیی بیروڕاش خەفە دەکەن . کە ئازادیی هەڵسوڕانی سیاسی لەسایەی ئەو دەسەڵاتانەدا نەبێ ، ئازادیی داهێنانیش هەر نابێ . لێرەوەیە ڕێزی داهێنانی هەمە چەشن ناگیرێ و تەنها ئاراستەکانی دەسەڵات دەکرێنە پێوەر . ڕێزلێنەنانی داهێنانی پووناکبیریی هەمە چەشنیش ئەدیبی ئازاد دەخاتە پەراوێزی مەعریفەوە . یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین :

گەر بە دڵخوازیی دەسەڵاتە دژە دیموکراسیەکان بێ ، هەروەکو چۆن لەبواری ئابووریدا ستایشی ئەو کارگەو بەرهەمانە دەکەن کە دەسەڵاتەکەیان لە قەیرانی ئابووری دوور دەخاتەوە ، لە بواری مەعریفەشدا ، تەنها دڵدەی ئەو بەهرانە دەدەن دووچاری ئاستەنگیی سیاسییان ناکا . یان ئەوپەڕەکەی ، لەژێر فشاری ڕوداوەکاندا ، هێندە ئازادی ڕەوا دەبینن کە ئازادیی سەپاندنی دەسەڵاتیان لاواز نەکا .

ئەمە لە کاتێکدا ئەدەب و هونەرو داهێنان ، سەربەخۆییەکی ئەوتۆیان هەیە ، هەڵەیەکی شارستانیی زیانبەخشە ئەگەر کت و مت شەتەکی بنەمای ئابووری و سەرخانی کولتووری دەسەڵات بدرێن . دەرکەوت ، بۆ سیستەمی دیموکراسی ، چەند بازاڕی ئازاد بۆ ئابووریی پێشکەوتووی ئاوەدان چارەنوسسازە ، هێندەش ئازادیی داهێنانی ئازاد بۆ دیموکراسی و شارستانیەت و مەدەنیەت چارەنوسسازە ، هەروەکو چۆن ئابوریکاران بەرهەمهێنن و.. بەرخۆر (مستهلك) نین ، ئاواش بەهرەمەندان بەرهەمهێنەرن و بەرخۆر نین ، ئەوان کاڵاو ئەمانیش بەهرەی والا ، بەرهەم

دەهێنن .

کورتیەکەی .. دەبێ ئەو ڕاستییە لامان ڕوون بێ کە دیموکراسییەت بونیادێکی مەعریفیی فرەلایەنی پێکەوە گرێدراوی ڕاستگۆیانەی ئەوتۆن کە یەکدی تەواو دەکەن . هەروەکو چلۆن یاساکانی سروشت سەنگەو لاری قبوڵ ناکەن ، ئاواش ، پرنسیپەکانی دیموکراسی خوارو خێچیی مەعریفی و عەقڵانی قبوڵ ناکەن .

هەڵگۆڵینێکی ڕوونا کبیری کوردەواری

کوردەواری وەکو کۆمەڵێکی ڕۆژهەڵات ، بە حوکمی ژینگەو ژیوارەکەی ، لە دێر زەمانەوە . جگە لە ئاراستەی ناوەندی دەسەڵاتی خۆیان .

ئەدەبی سەرزارو ئەدەبی نووسراوی کورد ، جارێ وەکو پێویست لێکۆڵینەوەی زانستییان تیا نەکراوە ، دەنا خۆڕاپسکانی ئازادانەی داهێنان ، تایبەت لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردەواریدا وەکو بەرهەڵستێکی نەریتی سەپێنراوی دەسەڵاتی ڕەسمی ، بە زەقی دەبینین ، هەر ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ئازادی .. بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی مرۆڤ و خولقاوی پێویستیەکانی ، (خود)ێکی دابڕاوە لە (کۆ) ێکی ڕەسمی (دونیایی یان دینی) بێ . ئەم (خود)ە تایبەتە دابڕاوە تەنها لەدابینبوونی ئازادیدا لەگەڵ (کۆ)دا یەکانگیر دەبێ . دەنا گەر سیستەمی (دیموکرات - ئازاد) نەبێ ، (خود)ی ئازاد ، ئازادیی دابڕاوی تایبەتی خۆی دابڕاو لە (کۆ) پەیڕەو لێدەکا .

هەموو کەسێك . . کاژی کۆنەپەرستیی تورڕابێ ،

دەتوانێ دیموکرات بێ و بۆ دیموکراسی تێبکۆشێ

کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی دەوروبەرەکەی ، هەروا ، خۆشی کاری کردۆتە سەر دەورو بەرەکەی . ئێستا کە دەقەکانی داهێنان ، نوسراوو فۆلکلۆری ڕابوردوو هەڵبکۆڵین ، لەسەر زەمینەو لەناو زەمانی خۆیاندا ، بنکوڵێکی سۆسیۆلۆژی- ئینتەرپۆلۆژیان بکەین ، دەبینین ، مەزهەب و فەلسەفەو نەریت و ئایدیۆلۆژیەتە سەپێنراوەکانی ڕابوردوو ، سەرجەمیان ، مەعریفەی دەسەڵاتی سەردارێتیی نەتەوە سەردەستەکان و مەزهەب و ئاین و ئایدیۆلۆژیەتی ئەوان بووە . تەنانەت سەردارو میرنیشینەکانی کوردیش ، بە زۆری ، لەژێر کارایی ئەو مەعریفەیەدا بوون .

دەسەڵاتدارانی لەمێژینەی کوردستان ، (فارس ، عەرەب و تورک) ئەگەر لە پایتەخت و دەوروبەری خۆشیاندا ، بواری فرە مەعریفەی ئیسلامی یان هی دیکەیان ، هەتا ڕادەیەک دابێ ، ناو بەناو نەشونما بکا ئەوا لەبەر ترسی بەرژەوەندیەکانیان لەناو نەتەوەکانی وەکو کوردا ، کەمتر بواری مەعریفەیەکی نیمچە ئازادیشیان داوە . تەنها مەعریفەی دەسەڵاتی ناوەندێتی خۆیان سەپاندووە

لە خۆڕا فۆلکلۆری کوردەواری پڕ لە داستانی بەیتبێژی ئازایەتی بەرامبەر قەڵمڕەوە ئیسلامیەکان نەخولقاوە ؛ بە هەوەس ئەو هەموو هونراوەیەی دڵداری و خۆشەویستی و سێکسی لەوپەڕی قودسییەت پێدانی نەریتی داخراوی ئیسلامیدا ، نەگوتراوە . بەشێکی زۆری داستانە فۆلکلۆرییەکان ، هۆنراوەکان ، بەیت و پەندەکان ، تەنانەت پاراستنی داب و نەریتی تایبەتیی بەشێکی ناوچەکانی کوردەواری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێرو مێدا ، جۆرێکە لە کۆششی ئازادانەی (خود)ەکان ، بۆ دەربڕینی هەستی ئازادانە دژی دەسەڵاتی (دژە ئازادی) . گەرچی بەشێکی ئەو دەربڕینانە کۆنەپارێزی و خراپەیشی تیایە .

لە ڕاستیدا ، بەشێکی بەرچاوی فۆلکلۆر ، دەقێکی نەنووسراوە بۆ سەر دەق شکاندنی دەقی دەسەڵات . چ دەسەڵاتی یاسایی و چ دەسەڵاتی

کۆمەڵایەتی- باوکسالاری . لەم سونگەشەوە بڕوانینە ئازادی دەربڕینی فۆلکلۆری ، ئەوەمان لا گەڵاڵە دەبێ کە : ئەگەر ئازادی داهێنانی (خود)ەکانی دابڕاو لە ئاراستەی ناوەندی دەسەڵاتی سەرکوتکەر لە فۆلکلۆردا بەرجەستە نەکرانایە ، کولتوری کوردەواری تەنها ئاسەواری دەسەڵاتەکانی سەپێنراوی بێگانەو ناوخۆ بوونایە ، بێگومان نەک کولتورێکی بێ گیان دەبوو ، بەڵکو نەتەوەی کوردیش دواکەوتووتر، هەستی نەتەوایەتیی کزتر ، وا بەستتەتر بە نەتەوە سەردەستەکان ، تەنانەت گیانی بەرەنگاربیشی لاوازتر دەبوو . بۆیە ، دەربڕینی ئەدەبی زاریی ئازاد ، هەروا هەوڵی کەڵەپووری ئازاد ، خزمەتێکی ئێجگار پیرۆزی مەعریفەی (خود)ە ئازادەکانە . پێچەوانەی دەسەڵاتە دواکەوتووەکان . گەرچی ئەم مەعریفە ئازادەش ، لایەنی چاکە و لایەنی خراپەیان هەن .

لە فۆلکلۆرەوە هەڵگوێزینەوە بۆ ئەدەبی نووسراو ، ئەدەبیاتی کوردی هەڵدەینەوە ، لە ئەدەبی کلاسیکییەوە بۆ ڕۆمانسیەت و پاشان ڕیالیزم و ئەدەبی ئازاد ، بە شێوەیەکی گشتی ، تێکڕای ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی بە ئەدەب و نووسینەکانی دیکەی میژوویی و ڕۆژنامەگەرییەوە ، بۆ کوردی ژێر دەستەی بێقەوارە کە قەڵمڕەوەکانی ئیسلامی (شیعە و سوننە/ عوسمانی و سەفەویەکان) دانیان بە مافەکانی کوردو زمانی ڕەسمیی کوردیدا نەناوە ، تێکڕای ئەو هەوڵانە هەم بۆ زمانی کوردو هەم بۆ هەستی نەتەوایەتیی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی قەڵمڕەوی ئیسلامی لە کوردستاندا ، جۆرێکە لە بەڕەچی دەسەڵاتە نادیموکراسیەکانی ئەو سەردەمانە . گەرچی لە ناوەڕۆدا ، بگەلێکی بەرهەمی ئەدەبی نووسراوی کوردی ، گۆڕانێکی ئەوتۆیشی لە کاروانی ڕووناکبیریی کوردەواریدا نەهێنابێتە دی ؛ هیچ نەبێ خزمەتی زمانی کوردیی کردووە و هەستێکی کوردایەتیی بزواندووە . ئەمە سەبارەت بە ئەدەبیاتی کلاسیکی و ڕۆمانسی بە گشتی ؛ بەڵام ناشبێ ئەوەمان لەبیر بچێ هەر لە ئەدەبیاتی کوردییشدا ، سەرەتاکانی ڕۆشنگەریی (تنویر) کوردستانی لە داستانی (مەم و زین)ی خانییەوە پاشان بۆ قۆناغی بەڵاتر بۆ (حاجی قادر)و شاعیرانی دیش ، ئاشکرا دیارن کە گیانی بەرەنگاریی کوردەواری دەچێنن .

ئەدەبیاتی سۆفیزم هەڵوێستەیەکی وردتر لە ئەدەبی کوردیماندا هەڵدەگرێ ، شیعری تەسەوفی کوردی ، تانوپۆی فەلسەفیی بەهێزو ، دارشتنی بە پێزو ، ناوەرۆکی بە تێزو (خود)ێکی ئازادی تەسەوفانەیان تیا بەدی دەکرێ . هۆیەکی کاریگەری ئەو ڕاستیانەی ئەدەبیاتی تەسەوفی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەندێشەی سۆفیزم ، لە ناوەڕۆکدا ، جۆرێکە لە بەرهەڵستیی عیرفان و مەعریفەی ئیسلامی لە دابینکردنی ئازادیی (خود)ەکان دژی دەسەڵاتی ئۆتوکراتی قەڵمڕەوی سەلەفیی ئیسلامی ..

ئەم ئەندێشەیە ، چونکە (خود)ی ، لە (کۆ)ی دەسەڵاتی شەرعی ئاراستەکراوی ناوەندی ئیسلامی ، هەتا ڕادەیەک دابڕیوەو چێژی ئازادی دەروونی بەخشیوەتە مێشکی ، بۆیە ، بۆ ئەو زەمان و زەمینەیە ، (خود)ە تایبەتییەکانی ناخی بەهرەمەندانی ئیسلامی بزواندووەو لە سۆفیزمدا ، ڕێگای بەرهەڵستکارییەکی ئازادی دەربڕینێکی پێ گرتوونەتەبەر . بەمەش ، دەتوانین بڵێین : لەدوای ئەدەبیاتی سەرزار کە (خود)ی ئازادانەی لەبواری بەرهەڵستیی هەموو جۆرە دەسەڵاتەکاندا ، جۆش داوە ، ئەدەب تایبەت شیعری تەسەوفی کوردی، نموونەیەکی زیندووی ئازادیی (خود)و ئەدەبی ئازادە بەرامبەر دەسەڵاتی دژی ئازادی .

لەدوای ئەدەبیاتی ڕۆمانسی ، ئیدی ریالیزم و ریالیزمی ڕەخنەگرانەو تەنانەت (ریالیزمی سۆسیالیزم)ی کوردی ڕەوتیان گرتۆتەبەر بە حوکمی ئەوەی کورد نەتەوەیەکی ژێر دەستە بووە ، هەمیشە ئەدەبەکەشی بەرگری داگیرکەرانی کردووە ، بەڵام ئەم ئەدەبە بەرگرییە ، گەرچی ئازادیی هەستی نەتەوایەتی و هەڵوێستی ڕزگاریخوازیی نواندووە ، وێڕاش ، ئەگەر بنکۆڵێکی مەعریفی ئەو ئەدەبیاتە بکەین ، کەموکوڕییەکی بەرچاوی تیایە . وەلێ بە شێوەیەکی گشتی

ئەدەبێکی ئازادی ئەدیبانی ئازادیخوازی نەتەوەیی کوردە . شەتەکدراوی دەسەڵاتی نەتەوە سەردەستەکان نەبووە . (تاک و تەرا نەبێ) .

دەسەڵاتەکان وئازادیی ئەدەب

لە ئەزموونەکانی حوکمڕانێتیی شێخ مەحمودو کۆماری مەهابادا ، لەبەر ئەوەی پرۆسەی دەسەڵات مەودای سروشتیی نەبڕی ، بۆیە سیاسەتی ئاراستەکراوی ناوەندیشیان فریای خەفەکردنی ئازادی نەکەوت . ناتوانین کت و مت نموونەی سیاسەتێکی دەسەڵاتی دژی ئازادی بکەینە مان لەسەر ئەو دەسەڵاتانە، گەرچی کەموکوڕییش هەبووە .

تەنانەت تێرۆرکردنیش لە زەمانی حوکمڕانێتیی شێخ مەحموددا هەبووە . زیندانی کردنی شاعیری وەکو (ئەحمەد بەگ) یش هەبووە . هەروەها ، نووسینی ئازادو شیعری ئازادو رەخنەی ئازادانەش لە حوکمڕانیەکەی شێخ مەحمود هەبووە ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ تێرۆر کردنی (جەمیل سائب)و زیندانی کردنی (ئەحمەد بەگ) مان نییە لەسەر حوکمڕانیەکە.

لە کۆماری مەهابادا ، یەک تێرۆر ویەک زیندانی سیاسی فکرو ئەدەب نەبووە ، بەڵکو یەک روناکبیریش سەرەرای کێشە جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکان ، خۆی لە خزمەتی کۆماری مەهاباد نەدزیوەتەوە و هەڵنەهاتووە .

بەپێچەوانەوە ، بەوپەڕی شەوق و زەوقەوە روناکبیران خزمەتی کۆمارەکەیان کردووە هەتا رووخێنراوە .

دوای ئەوەی هێزی سیاسی ، لە پەنجاکانەوە کاریگەریی سیاسیی لەسەر بزووتنەوەی کورد دانا ، لە شۆڕشی ئەیلولدا ، کاریگەرتر بوو ، چونکە بزووتنەوەی کوردو شۆڕشی ئەیلولیش لە پێناوی ئازادیی کوردستان (سەرەڕای ستراتیژی نەژۆکی ئۆتۆنۆمی) تێدەکۆشان ، بۆیە ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە نێوان ئەدەب و ئازادی ، یان لە نێوان پووناکبیری و دەسەڵاتی سیاسیی کورداییەتیدا نەبووە ، گەرچی، حوکمی کولتووری باوکسالاری ، ئەدیبانی کورد ، ئازادیی بەهرەیان زۆرجار لە ئاقاری بابەتی ئازادیخوازی لادەداو ڕەنگێکی تۆخی (حیزبی- سەرۆکپەرستییان) دەڕشت . تێگەیشتنی (مەعریفی - سیاسی) بۆ ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕشی دیموکراسیدا بە حوکمی لاوازیی دیموکراسی خودی شۆڕشەکەو هەلومەرجەکەش ، نەبوو .

پەیوەندیی ئازادی ئەدەب و خەباتی کوردایەتی ، لەناو خەباتی ئازادیخوازیی گەلەکەماندا ، قەتیس ما ، بێ ئەوەی ئازادیی بەهرەو بەهرەی ئازاد ، نوێخوازییەکی ئەوتۆ بخوڵقێنن بتوانن لە ئەزموونەکانی ئازادیی نوێخوازی ، تەنانەت نوێخوازیی ئەدەبی ئازادی سیاسیش ، سوود وەربگرن و بەکار بهێنن .

کە کورداییەتی دووچاری شەڕی ناوخۆش بوو ، تەنانەت ئازادیە سیاسیەکەی بەهرەش ، دووچاری فشاری دوو جەمسەریی کورداییەتی هات ، بگرە گرتن و ڕاوەدوونانی بەهرەمەندانیش لەسەر ئازادیی بەهرەیان ، هاتە ئارا.

لە بەیانی ئازاری (١٩٧٠) یشەوە ، بەهرە بە شێوەیەکی گشتی یەکاڵای سەرکەوتن کراو ئازادیی (خود) وەرگۆڕا بۆ پابەندیی (خود)ەکان بە حیزبی سەرکەوتوو . تەنانەت بۆ سەرۆکپەرستییش ، واتە: ئەو ڕۆڵەی دەبوو (خود)ی ئازاد لە پێناوی بەهرەی ئازاد بۆ داڕشتنێکی نوێی پەیوەندیی (ئەدەب - ئازادی) و ناوەندی سیاسی ، هەقبوو بگێڕدرێ ، نەگێڕدرا . ئازادی مەحەکەی لەدەست دەسەڵاتی سیاسیی کورداییەتیدا بوو .

لەم دەورانەدا ، (ڕوانگە) بانگێکی نوێخوازی ئازادی بەهرە بوو ، سەرەڕای ئەوەی پەیامێکی قورس بوو بۆ گۆڕینی چەمکی چۆنایەتیی ئەدەبی نوێخوازی کوردی ، لەگەڵ ئەوەشدا ، سەرچڵییەکی ئازادانەی نوێخوازی سوودبەخش بوو کە لەو هەلومەرجەدا ، بەو ئازایەتییەی (ڕوانگە)ییەکان

نەبوایە ، مەگەر دوای ڕاپەڕین هەلی دیکە بۆ نوێخوازیی گەورە هەڵبکەوتایە ، دەنا دەبوو بیست ساڵی ڕەبەقی دیکە بەهرەی کوردی شەوارەی ئەدەبی بکردایە . یان ئەوپەڕەکەی ئەم و ئەو هەوڵۆکەی نوێخوازییان دەداو کەمۆکەیەک گۆڕانیان بەدی دەهێنا ، دەنا گۆڕانی گەورە بە کاری گەورە دێتەدی .

ئەوگەشتەمان بە ڕابردوودا بۆ ئەوەیە بڵیین :

ئەدەب و ئازادی و... هەردووکیان وەدەسەڵات .. ئەمڕۆ ناکرێ بەچاوی دوێنێ هەڵبسەنگێندرێ . چونکە : نە ئەدەب لە ئاستی دوێنێدایە ؛ نە ئازادی وەکو ڕابوردووە ؛ نە دەسەڵاتیش وەکو پێشووە.

ئەدەب ئێجگار پەرەیسەندووە . ئەدەبی ئازاد و ئازادیی ئەدەبی لە کۆتی پابەندێتی ڕابردوو ، لە تێگەیشتنی حیزبیی ڕابوردوو ، لە جوغزی ئایدیۆلۆژیەتی ڕابوردوو ، تەنانەت لە ڕوانگەی چینایەتیی ڕابوردووش ، ئازاد کراوە.

ئێستا نەک ئازادیی ئەدەب ، بەڵکو ئازادیی ئادەمیزادیش وەکو تاک لەناو کۆدا ، بۆتە باس و خواس . دەسەڵاتیش ، کەوتۆتە ژێر فشارێکی هەمەلایەنە ، دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریەت پاشەکشە دەکەن . لە سنووری بەهای ئازادیدا ، سووربوون لەسەر ئازادی ، لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی بەو گەوهەرەی کە دیموکراسی سەلماندنی ڕووناکبیریی هەمەچەشنە بێ ، ئازادیی ڕەخنەو ئازادیی نووسین و ئازادیی نوێخوازی و هەموو چەشنە ئازادییەکی دامێنان ، ئەرکێکی پیرۆزە . بەڵام نەک بەو ئاقارەدا هەوڵبدرێ کە هەموو چەشنە دەسەڵاتێک بۆ کوردستان ، لەژێر پەردەی ئازادیدا ، نەفی بکرێ .

کورد یان دەبێ دەسەڵاتی بێگانە قبوڵ بکاو ملی نەتەوایەتیی بۆ کەچ بکا ، یان پێویستە دەسەڵاتی خۆی تاقی بکاتەوەو بەرە بەرە لەسەر بنەمای دیموکراسی

بیچەسپێنێ .

ئەم لەسەر بنەمای دیموکراسی چەسپاندنەی دەسەڵاتیش ، تەنها ئەرکی هێزە سیاسیەکان و دەسەڵاتدارو داوودەزگاکان نییە ، بەڵکو ئەرکێکە، جگە لەوەی ئۆرگانە غەیرە ڕەسمیەکان دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاوی تیا بگێڕن ، (خود)ەکانیش دەبێ بواری ئازادی بەهرەی (خود) یان هەبێ ، یان ئەگەر ئازادییان پێنەدرێ ، خۆیان ئازادیی (خود)یان بەدی بهێنن ، بێباک بن و کۆڵ نەدەن .

ئازادی لای گەلانی ئازادی خاوەن قەوارە ئەگەر لە خەم ڕەخسابێ و تەنانەت ئازادییەکی لاسارانەش پەیڕەو بکرێ ، بۆ ئەو گەلانە کە ئەزموونگای دەسەڵاتیان ئێجگار دەوڵەمەندەو ئۆرگانەکانی حوکم و ئازادیی بیروڕایان یەکالایە ، تەنانەت لاساریش لە ئازادیدا ، فاکتەری بەهێزتر بوونیانە، نەک لاوازی. بەڵام لای ئێمە کە تازە ئەزموونی دەسەڵات پەیڕەو دەکرێ و خاوەن دەستورێکی خۆمان نین و پیلانی گەورە گەورەشمان لە سەرە دەبێ بە ناسکی مامەلە لەگەڵ پەیڕەوکردنی ئازادی بەرامبەر ئەم دەسەڵاتە بکەین ، نەک نابێ دەسەڵاتەکە نەفی بکرێ کە ئەمە ئاوێکە دەڕژێتە ئاشی داگیرکەران و دژەکانی یاساو ئاسایش و دیموکراسی ناوخۆ ، بەڵکو دەبێ ئەو ئازادییەی بەهرە بۆ باشتر جێ بەجێ کردنی دەسەڵاتی دیموکراسی و مەدەنی بەکار بێ . ئەو ئازادییە نابێ لەسەر حسابی ئازادیی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکەمان بێ کە ئاواتی گەورەی نەتەوەکە قەوارەی کوردو دەسەڵاتی کوردستانییە . هەڵبەتە .. چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی لای ڕووناکبیرێک لەم سەردەمەدا جیاوازیی تێگەیشتنی هەیە لەگەڵ خەڵکە گشتیەکە .

ڕووناکبیرو بەهرەمەند ، ئەزموونەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلان بە وردی دەزانن کە دوای قۆناغی سەرکەوتن لە بینای دەسەڵاتدا ، دەسەڵاتی دیموکراسیدا هێزە سیاسی و سەرکردایەتیەکانی گەلان دووچاری نوچدانی (حیزبی-ئایدیۆلۆژی- سەرکردە پەرستی) هاتوون. نەیانتوانیووە دیموکراسی بن بەو مانایە : توانای بەرهەلستکار ، هێزی کەمینەو کەمایەتی ، داهێنانی

هەمە چەشن ، مافی مرۆڤ و.. ئازادیە مەدەنیەکانی (خود)ەکان بسەلمێنن . بۆیە ، ئەو پێشینە سیاسییەی خەباتی شۆڕشگێڕان وای کردووە پووناکبیر و داهێنەری ئازاد ، نەتوانن ئازادیی بەهرەو ئازادیی (خود)ی خۆیان ، بکەنە وابەستەی دەسەلاتی کوردستان بەبێ ئەوەی وردو درشتی چۆنیەتیی ڕاپەڕاندنی ئەرکە دیموکراسیەکان تاووتوێ بکەن . ئەمە هەقێکی دیموکراسییەو هەقە لە قوللەی قەڵەڕەویەوە حوکمی لەسەر نەدرێ ، بەڵکو لە کەنالەکانی ئازادی خوارەوە دەستەبەری ئازادی ئۆرگانێکی بۆ بکرێ .

هەڵبەتە ، هەم بینای تەلاری دەسەلات و هەم پەیڕەوکردنی ئازادی ، لە کوردستاندا ، خەسڵەتی خۆیان هەیە و ناکرێ ، ئەزموونی ئەدەب و ئازادی و.. دەسەلاتی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان فۆتۆکۆپی بکرێ ، هەر کاتێ فۆتۆکۆپیەکە ڕەش یان کاڵ دەرچوو ، ئیدی پەنجەی تاوان بۆ نەبوونی دیموکراسی بەرز بکرێتەوە ، لە کاتێکدا دەسەلات ئازادییشی زەوت نەکردبێ .

لە کۆتاییدا ، لەسەر (خود)ی مرۆڤ و ئازادی و ڕێزلێگرتنی ڕێسای سیاسەت و یاسا گوتەی نووسەری سۆسیۆلۆژیی گەورەی فەڕەنسا (ئالان تۆرین) لە ئاخرین کتێبی (١٩٩٥) چاپکراوی دەهێنینەوە کە دەڵێ :

لە بیری خود لە سێ توخمی گرنگی یەکدی

لە زانست و زانیاریدا ، لە فەلسەفە و لۆژیکدا ، لەسروشت و گەردووندا ، لە کۆمەڵ و میژوودا . . . تاد ؛ دۆزینەوەی نهێنیەکان مەعریفە دەوڵەمەند دەکەن . کەچی لە ئەدەبدا نهێنی هەتا نهێنی بێت ، هەتا لێکدانەوەی جۆراوجۆری لەسەر بکرێ ؛ مەعریفە لە مەعریفەی ئەدەبی پڕتر دەکا .

تەواو کردوو پێکهاتووە

یەکەم : بەرەنگاربوونەوەی زاڵبوون .

دووەم : خۆشویستنی خۆ ، کە تاک ئازادیی خۆی وەکو مەرجی سەرەکیی بەختەوەری و ئامانجی سەرەکیی ژیانی ، دەردەبڕێ .

سێهەمیش : دانپیانان بە خودی کەسانی دیکەو ، هەروا پشتیوانیکردنی ڕێسای سیاسی و یاسایەک کە دەرفەت بە زۆرترین خەڵک دەبەخشێ بۆ ئەوەی بتوانن وەکو خود بژین ﴾ .

(١)

ئێمەی کورد .. ناتوانین لە نەتەوەو وڵاتی فەرەنسا ، لانکی شۆڕشی دیوکراسی و یەکسانی و برایەتیی جیهان ، جارێ ، دیموکراسیترو ئازادی بەخشتر بین بۆ (خود)ەکانمان . ئەو (خود)انەی کە هێشتا مەودایەکی درێژی باشتر تێگەیشتنمان ماوە بۆ ورد تێگەیشتن لە ئازادی و بەستنەوەی ئازادی بە مەدەنیەت و پێکەوە بەستنی عەقڵانی و ئازادی و دەسەلات .

بەڵام هەر دەیگەینێ .. سەرەڕای سەرەتای دەسەلاتی دیموکراسی (کە بێ گیرو گرفت) نییەو .. وێڕای ئازادیی (خود)ە خەمنەخۆرەکانی سەرخستنی باشتری دەسەلاتی دیموکراسی .

١٩٩٧/٦/١٤

(١)

(ماهی الدیمقراطیة ؟حکم الاکثریة ام ضمانات الاقلیة – الان تورین : ترجمة حسن قبیسي / الطبعة الأولی ١٩٩٥دار الساقي)

کۆماری ترس

نووسینی : سەمیر ئەلخەلیل / خوێندنەوەی : بەختیار عەلی

سەرەتا

لە ڕاستیدا ئەگەر بڵێین ئەو ڕوداوانەی لە سی ساڵی ڕابردودا بەسەر عیراقدا تێپەڕیان کردوە ، کۆمەڵێک ڕووداوی بێ وێنەن لە مێژووی نوێ و دێرینەشدا، شتێکی نوێمان نەگوتووە . چیرۆکی بەسەرهاتی ساماناکی ڕەشە کوژیە دێرینەکان ، سەربوردی خوێن خۆری پادشا مەغۆلیەکان .. ڕەوشتی باسیۆلۆژی و سادیستیانەی شاهەنشا سەفەویەکان .. گرۆهی ئادەم خۆرەکانی (موعتەسیم بیلا) ... سوتانی زەندیقەکان لە ڕۆژگاری خەلیفە عەباسیەکاندا ... وەحشیەتی ڕۆبسپێر و دەستەلات خوازیی یەعقوبیەکان ... دڕەندەیی دادگاکانی پشکنین و سووتانی بەکۆمەڵی سیحربازەکان لەسەدەکانی ناوەندا ، تادەگاتە سەر کوورەکانی تواندنەوەی ئادەمیزاد لای هیتلەر ، دادگاکانی مۆسکۆی ١٩٣٦ و تاراوگەکردنی ملیۆنەها مرۆڤ بو بەستەلەکەکانی سیبریا و کۆلاگە ترسناکەکەی کۆمۆنیزم ، چیرۆکی بەربەریەتی پۆل پۆت و دادگا سەربازیەکانی ئەمریکای لاتین ... هەمووی یەک سیناریۆی خوێناویە کە لەزەمان وزەمینەی جیاجیادا ئەنجام دراون . بەڵام (ئامانج) لەپشت هەر یەکێک لەو خوێن خواری و دڕندەییە وە ، ئامانجی لەیەکدی جیاو لەیەکدی دورە ..

بێگومان (تۆندو تیژی) فاکتەری ئێجگار زورە کە هەندێ جار لە سادیەتی دیکتاتۆرەوە دەست پێدەکات و هەر لەویاشدا دوایی دێت (وەکو لای کالیگۆلا) . یاخود ئایدیایەک لەسەختگیری و تیژڕەوی خۆیدا ڕستێک پیاو بەرهەم دێنێت کەسادیەتی ئایدیا دەیانکات بە ئادەمیزادی سادی ڕەفتار ، ئەو جۆرە پیاوانەش لە ڕێگای جێ بەجێ کردنی ئەرکی وەفاداریی خۆیان بۆ بیرو دونیا بینینێک ، دونیاو لەگەڵیشیا ملیۆنەها لە ئاگرو خوێن هەڵدەکێشن .

یان هەندێ جار لە بەرامبەر سادیەتی دەستگایەکی تۆتالیتاردا دەوەستین کە بەرقەراریی خۆی لەسەر تۆقاندنی دونیا ڕاگرتووە .

ئەزموونی (بەعسیزم) لە عیراقدا لە ڕاستیدا تێکەڵەیەکی نوێیە لە هەموو شێوازە تیرۆریزمییە کۆن و تازەکان ، ڕەگ و ڕیشەی لەناو ئەدگاری زەندیق سووتێنەرەکانی ڕۆژگاری عەباسی و لەناو مەرگ دۆستی هیتلەریی و درندە خوێی خەلیفەکان و سانسۆری سیستمایتزە کراوی دەستگا نوێکاندایە . بەعسیەکان هەر هەمان گروهی زەندیق خۆرەکانن (بەقەپاڵ) کە (موعتەسەم) لە دەربارەی خۆیدا خزمەتی دەکردن ، بەڵام لەسەر زەمینەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێ و پڕ چەکتر بە ئەزمونی سایکۆلۆژی، پڕ چەکتر بە ئەزمونی دەستگایەکی تەکنیکی و تەکنۆکراتیەتێکی سەربازی . هەر ئەوان بوون ئەم دەولەتی ترس و جەللادانەیان خولقاند . کە جەلادی میتۆلۆژیا یۆنانیەکان لە ئاستیاندا جگە لەوەی کە لە فەنتازیایەکی چکۆلانەی ، حیکایەتخوانێکی چکۆلانە دەچێت هیچی دیکە نییە.

لەگەڵ ئەو سروشتە عاجباتیەی کە لە پشت لەدایکبوونی دیاردەی بەعسیزمەوەیە لە مێژووی عیراق و ڕۆژهەڵاتدا ، بێ ئاگاییەکی قوڵ و تەڵخیەکی لە ئەندازە بەدەر سەرجەمی ئەم مێژووەی داپۆشیوە . چ ئەوانەی لە ناوەوەن و چ ئەوانەی لە دەرەوەن ، چ ئەوانەی لەناو دەستگاکانی کاری نهێنی بەعسدا بوون و،چ

ئەوانەی بورغویەکی ماشێنی دەولەتی ئەون و چ هەموو ئەوانەش کە هاوولاتی چکۆلانەی بێ دەست و بێ سەرن لە جەستەی ئەو کۆماری ترسەدا ، تا ئێستا ناتوانن پرۆسەی لەدایک بوون و سەرهەڵدانی ئەو ڕژێمە بە ئاسانی ببینن .. هاوولاتی لەناو سەندوقەکانی ئەو دۆزەخەدا توانای نییە هاوولاتی تەنیشتی خۆی ببینێت ... عیراق کۆمەڵێک خانەی لەیەکدی جیاو بەش بەش کراوە ، کە دواجاریش وشەی (جەماوەر) و کۆنترۆڵێکی ڕامیارانەی حیزبی جلەوێکی گشتی ئەو قەوارە بێ شوناس و بێ تواناوترساوە دەکات لەعێراقی (بەعس)دا گەڕەک و شەقامەکان لە یەکدی دابڕاون ، لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا لە ڕووی سیاسیەوە ، هاوولاتی لە (هاوولاتی) دابڕاوە .... شارەکان یەک ئاگاداری ئەوی تر نین ، هەر شارەو لەناو گۆشەگیری تایبەتی خۆیدا دەژی ، لە ساڵی (١٩٨٢) دا کە هەزارەها کورد لە شەقامەکاندا خۆپیشاندانیان دەکرد ، شارەکانی ناوەندو خوارو لە کپی و بێ دەنگی ئەفساناوی خۆیاندا نقووم بوون و دوای چەند هەفتە وەکو هەواڵێکی چکۆلانەی ولاتێکی دیکە لە ئاژانسەکانەوە دەیانبیست . لە ساڵی (١٩٨٤) دا کە قوتابیە کوردەکانی زانکۆکانی باکورو پەیمانگاکانی درێژترین مانگرتنیان لە مێژووی بزووتنەوەی قوتابیانی ڕۆژهەڵاتدا ڕاگەیاند ، لەساتە وەختێکدا ددانەکانی بەعسیزم لەهەر کاتێکی تر خۆیناوی ترو داینەمیتاوی تر بوو ، قوتابیە عەرەبەکانی ئەو زانکۆیانە بەبەردەمی مانگرتووەکاندا ڕادەبوردن و بێ ئاگا لە کێشەکانی ولاتەکەیان لیفاکسەکانیان دەگرت بە دەستەوەو کەمتەرخەمانە دەچوونە ناو سالۆنەکانی تاقیکردنەوەو دکتۆرە بیروکراسەکان لە پشت چاویلکە تەماویەکانیانەوە ، بە تەمی ئەکادیمیاو بەعسیزم ، پەیڕەوی یاسا ناوخۆییەکانی کۆماری ترسیان دەکرد ، یاسای بێدەنگی و ئاهەنگ و ملکەچی بێدەنگی لە عیراقدا گەیشتبووە ئاستێکی هێندە ترسناک ..... هەتا بەسەرهاتی (ئەنفالەکان) _ تا دوای ڕاپەڕین (چیرۆکێکی باوەر پێ نەکراو و سڕدراوەو وون کراو بوو .... ملیۆنەها (کورد) لەناو شارەوکاندا ، ئەو پرسیارەیان نەدەکرد کە ئەمڕۆ دەیکەن (؟!!)

بەڵکو چارەنووسی دەیەها هەزار کورد لەناو کێشەی چارەنووسە فەردیەکاندا پرسیارێکی چکۆلانەبوو... تیرۆری بەعسیزم لەسەر ئەم یاسایە کاری دەکرد : ئەوانەی دەمرن لە پێناوی ترساندنی ئەوانەدا دەمرن کە دەژین ، وە ئەوانەی کە دەژین لە ترسێکی ئەوتۆدا دەژین کە ناکرێت لە چارەنووسی مردوەکان بپرسن . بێگومان ئەم شێوەیەش لە فەرمانڕەوایی کردن ، بە کۆتایی هاتنی مرۆڤ و پوکانەوەی هەموو ماناکانی دوایی دەهات .

(بەعسیزم) بە کۆتایی هاتنی هەستی هاوەردی لەنێوان ئادەمیەکانی یەک وڵاتدا دەگەیشتە پلەی بااڵی گەشەی خۆی . هەر بۆیە (هەڵبجە) ئەگەر چی پیرێژنەکانی ئەو پەڕی دنیای هەژاندبێت و سۆزانیەکانی هەندەرانیشی جوڵاندبێت ، لە ئاستی ناوخۆدا ، پرسیارو توڕەییەکی ڕاستەو خۆی دروست نەکرد.بوونە شتی مرۆڤی عیراقی و گەیشتنی ئەلیناسیۆنی ئەم ئادەمیە بە پلەی دۆڕان بۆ هەموو مرۆڤایەتی خۆی ، وای کرد کە کارەساتە نزیکەکان لە خۆیەوە بچووکترین تەکانی تیا نەخولقێنن هەر لەم ڕووەوە دەماندیت (بەعسی زەدە) یەکی وەکو (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) دەگەیشتە ئاستێک لە هەڕەسی ئەخلاقی کە بڵێت:(گوناهبارکردنی عیراق بە ژەهر بارانکردنی باکوور ، تاوانێکە هەرگیز بەبیری دەولەتی سەرفرازدا نەهاتووە . ئاشکرایە تەنها ئەوانەی لە (بوونە شت) دا دەگەنە ئەوپەڕی ، ئەوسا دەگەن بەم ئاستە لە پوکانەوەی هەستکردن . بە چواردەورو بەڕاسێەکان .

بەڵام پێویستە بڵێین کە سەفەری تیرۆرو ترس لە عیراقدا چەند سەفەرێکی کوشندەیە ، هێندەش بەکاوەخۆیە ، گەشتێکی دوورو درێژو سروشتی و چەسپاوە لە بونیادی سۆسیۆلۆژی و دەرونی تاکەس و دەرونی کۆدا ، ئەمەش وای کردووە ترسناکترین دەولەت و دەستگای ئەم سەدەیە بە هاریکاری ملیۆنەها هاوولاتی بێدەنگ و ڕەزامەند تەمەنێکی درێژتر لە تەمەنی ئاسایی دیکتاتۆرەکان ببات سەر .

لێرەوە هەر لە پرسیار سەبارەت بە چۆنێتی شێوەگیری بەعس و شێوەکاری بەعس و پەیوەندی

بەو گاڕانە گەورانەوە کە لە گەلی عیراق خوڵقاندوویەتی ، کتێبێکی وەکو (کۆماری ترس) ی (سەمیر ئەلخەلیلی) بایەخی خۆی وەردەگرێت .... لە ڕاستیدا خوێندنەوەی ئەم کتێبە مەسەلەیەکی گرنگ و پڕ مەترسی و پڕ لە ئەرک و لێپرسینەوەشە بۆ هەر عیراقیەک . بە بۆچوونی من بایەخی سەرەکی ئەم کتێبە تەنها لە ئاشکراکردنی دا نییە بۆ میکانیزمی کارکردنی (بەعس) بەڵکو لە گەڕانیایەتی وە لە تێوەگلانیایەتی بۆ مرۆڤی عیراقی خۆی ، وەکو بەشێک لەو دیاردەیە ، چونکە بە بۆچوونی من کۆماری بێدەنگیە کە کۆماری ترس دروست دەکات ، نەوەکو کۆماری ترس ، کۆماری بێدەنگی دروست بکات .

کۆماری ترس

وەرگێڕی فارسی ئەم کتێبە (ئەحمەدی ترین) بە شێوەیەکی تەعنە ئامێزو بریندارکەر لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا دەڵێت : (ئەم میللەتی عیراقە مەعجوزێکی عاجباتیە، یاخود لایەنی کەم ئەو بەشە بەرچاوەی میللەت کە دێنە ناو نمایشەکەوە . ڕێکەوتنامەی ١٩٧٥ ی جەزائیر مۆر دەکرێت دەڕژێنە سەر شەقامەکان و لە سوپاسی دانایی فەرماندەدا دەکەونە هەڵپەڕکێ .(سەدام حسێن) ڕێکەوتنامەی جەزائیر دەدڕێنێت و هەر هەمان گرۆگەل بۆ سەماو پێ کووتان دادەبارێنەوە سەرشەقامەکان ، عیراق پەلاماری ئێران دەدات بە خۆشی و هەڵپەڕکێیەکی گەورەوە ، لە هەموو لایەکەوە دەکەونە تریقە لێدان و شادی کردن . شەڕ دەوەستێت شەقامەکانی عیراق دەبێتەوە بە شانۆی سەماو خۆبادان ، عیراق کوێت داگیر دەکات ، جەماوەر بە سازکردنی بەزم و سەپاو سەماوە دێنەوە کار ، عیراق کوێت بەو حاڵە چۆڵ دەکات و گرۆو گەلێک دیسان هەر پادەکوتن و سەفا دەکەن !!! و ..)

لەڕاستیدا ئەم قسانە چەندە تاڵن هێندەش ڕاستن ، وە کتێبی (کۆماری ترس) هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو (بۆ؟) گەورەیەی لەو پرسیارە تاڵ و تەعنە ئامێزو ڕاستەقینە بریندارکەرەوە سەر هەڵدەدات .

داتاشینی دوژمنی خەیاڵی

(شۆڕش خۆی دوژمنانی خۆی هەڵدەبژێرێت)

(سەدام حوسێن)

ئەگەر (جۆرج ئۆرۆێڵ) لە ڕۆمانی (١٩٨٤) دا باس لە داتاشینی دوژمنێکی خەیاڵی وەکو (گۆڵدشتاین) بکات کە ، لەلایەن کەسی (براگەورەوە) ، بۆ سەرکوت کردنی هەموو دەنگێکی بچووکی ناڕەزامەندی .

ئەگەر (فرانتس کافکا) لە (دادگا) دا باس لە گوناهبارێکی وەک (ژۆزیف ک) بکات کە هەرگیز پاکبوونەوەی خۆی بەدەست ناهێنێت .

ئەگەر (ئارسەر کاستلەر) لە ڕۆمانی (تاریکی لە نیوەڕۆدا) باس لەوانە بکات کە ئەگەر چی بێ گوناهیشن دەبێت هەست بە خیانەتکاری بکەن و خۆیان بە شایستەی سزا ببینن . ئەوا ئەم سەربورده ئەدەبیانە لە عیراقی حەفتاو هەشتاکاندا چیرۆکێکی ئەدەبی نین و چیرۆکی ڕاستەقینەن .

(سەمیر ئەلخەلیل) لە سەرتای خوێندنەوەیدا بۆ سەرەتاکانی مێژووی حوکمڕانی بەعسیزم _ خولی دووهەم _ لە عیراقدا پێی وایە .. داتاشینی دوژمنی وەهمی ، سەرەتای هەموو ئەو میکانیزانەیە کە دواترو بەچەندەها قۆناغ ناوەڕۆکیان دەردەکەوێت . دروست کردنی دوژمنی خەیاڵی _ خوڵقاندنی هاووڵاتیەک کە هەمیشە گوناهبارەو هەمیشە خۆی بە شایستەی تۆڵە دەزانێت ، کۆمەڵێک گۆشەی سەرەکین لە سیاسەتی بەعسیزمدا .

هەر لەو ساتەو وەختەدا کە سەدام حوسین هاوار دەکات:- (ئیمپریالزم ناتوانێت لە ئێمە ئەلێندەیەکی دیکە بسازێنێت). لەتەکیا چیرۆکی (تەور وەشێنەکان) لە بەغدادا بڵاو دەبێتەوە. سەهدام دەڵێت :- (دەبێت جوڵەی ئیمپریالزم بخەینە بەر چاو) چونکە ئیمپریالزم (خۆی بۆ دژە پەلامارێک ئامادە دەکات) ....(سەهدام) خەڵکی بە ئیمپریالزم دەتۆقێنێت و (ابو طبر) جار دوای جار درندانەتر تەوەرەکەی دەوەشێنێت .

(ئیمپریالزم)و (ابو طبر) لە میکانیزەی تاشینی دوژمندا یەک کردارن بەم جۆرە تاوانەکانی (ابو طبر) لە خانەی تاوانە ئاساییەکاندا لە قەڵەم نادرێت، پیاو کوشتن نییە بەڵکو لە فەرهەنگی

ڕامیارانەی بەعسدا بە خیانەت لە قەڵەم دەدرێت . ووشەی(خیانەت) لە فەرهەنگی بەعسیزمدا مانا سروشتی و تایبەتیەکانی خۆی وون دەکات و مانایەکی فراوانتر وەردەگرێت ... بە ئەندازەیەک هەموو تاوانێکی ئاسایی و نائاسایی لە نێو ئەم فەرهەنگەدا دەشێت وەکو خیانەت سەیر بکرێت و لە ژێر ئەو ناونیشانەدا بنوسرێت .

بەرفراوان کردنی ماناکانی خیانەت بەدیوی ئەودیودا بەرفراوان کردنی ئەو ڕوبەرانەیە کە دەبێت / پۆلیسی نهێنی کۆنترۆڵیان بکات . بەمجۆرە دوژمنە خەیاڵیەکان زەمینەیان ئامادە دەکرد بۆ بڵاوبوونەوەی دەسەلاتی پیاوانی ئاسایش لە هەموو کونج و کەلەبەرێکدا ، هەر بەم جۆرش هەواڵ دزەکان ، پیاوە بێدەنگ و سادی و کەم دووەکان بە خۆیان و سیما تایبەتی و نیگا تایبەتیەکانیانەوە لە هەموو ژورو ماڵ و شەقام و ترومبیل و ئۆتوبیس و شەمەندەفەرێکدا ، وەکو دیاردەیەکی نوێ لە ژیانی عێراقیدا دەردەکەوتن .

یەکەم هەوڵدانێک کە بەعسیەکان پێی هەستان بۆ بەرجەستە کردنی وێنەی دوژمن و دەرکردنی لە ئاستی دوژمنی خەیاڵیەوە . بۆ بەرگی دوژمنی ڕاستەقینە . .جوڵاندنی سۆزو کینە بوو دژ بەو گروهە چکۆلانەیەی جولەکە عێراقیەکان، وەنیشان دانیان وەکو دەستەیەکی دەرەکی و جیا لە کۆمەڵگای عێراقی کە بوونەتە لانەی پێگەیاندنی سیخوڕان لە عێراقدا ... لەو ڕۆژانەوە ئیدی زاراوەی (تابووری پێنجەم) بەبەربڵاوی دەکشێتە ناو سیاسەتی عێراقیەوە... لە دیسەمبەری(١٩٦٩)دا (ئەحمەد حەسەن بەکر) بەم دەنگە خۆینینە قسە دەکات :-

(ئێمە بەدەستێکی ئاسنیین ، بێڕەحمانە دەکێشین بەسەری ئەو هەڵپەرست و ستوونی پێنجەمەی بوونەتە بوکە شووشەی دەستی ئیمپریالزم و زایۆنیزم).

ئەحمەد حەسەن بەکر ، لەو وتارەدا ڕوودەکاتە جەماوەرێکی زۆرو دەپرسێت :- (چی لە سیخوڕەکان بکەین؟)

هەزارەها بە یەک دەنگ دەقیژێنن :- (مردن بۆ سیخوڕەکان ! هەڵیانواسن ! هەر ئێستاو بە پەلە ، هەموو سیخوڕەکان هەڵواسن) (پەلامارو دەستگیرکردنی گروهی سیخوڕەکان) یەکەم پرۆسەی داتاشینی دوژمنی وەهمییە کە ڕژێم دوو سوودی گەورەی تیا دەبینێت .

یەکەم: دەستی ڕژێم ئازاد دەکات لەسەرکوت کردندا .دووەم: بەو نمایشە جەماوەری و کۆبوونەوە گشتیانە، هەزارەها مرۆڤ لە حاڵەتێکی ناخودئاگادا سڕدەکەن و زەمینەی سایکۆلۆجی وەسەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت و خوڵقاندنی گارانێکی گوێڕایەڵ ئامادە دەکەن ، لە دادگای سیخوڕەکانەوە ، شێوە دادگایەکی نوێ دێتە نێو میژووی عێراقەوە. کەلەوەو بەر کۆمەڵگای مەدەنی لەم وڵاتەدا پێی ئاشنا نەبووە . لە زەمانی پادشایەتیدا (فەهد) و هاوڕێکانی دادگا دەکەنە سەکۆیەک بۆ ڕاگەیاندنی بیروڕای خۆیان وشەهید بوونیان و قارەمانێتی ناو دادگا دەیانکاتە پاڵەوانی نیشتمانی گەورەی ئەوتۆ کە میژووی ئێمە هەرگیز لەیادیان ناکات ... لە زەمانی فەرمانڕەوایی قاسمدا هیچ کەس نەیدەتوانی(دادگا بکاتە سەکۆیەکی ئازاد بەڵام گوناهبار مافی قسە کردن و بەرگری کردنی هەبوو ، خەڵکی عێراق لەیادیانە چۆن (سەعید قەزاز) وەڵامی (مەهداوی)دەدایەوە لە دادگادا.

لەسەردەمی(بەعسدا) مەسەلەکان تەواو پێچەوانە بوونەوە . لەساڵی (١٩٦٩)دا کە بۆ موحاکەمەی سیخوڕەکان کۆبوونەوەیەکی گشتی سازدرا ، ئەو پیاوەی کەوا دارنرابوو (پارێزەری)سیخوڕەکان بێت ڕوی دەمی کردە دادگاو داوای لێبوردنی کرد کە دەبێت !!!بەرگری لەو خائینانە بکات و ئەم خۆی لە دڵەوە ئاواتە خوازە خائینان سزا بدرێن .

هەر چۆنێک بێت لە دوای (١٩٦٩) وە ، ئیدی ئەو دادگا کارتۆنیانەش نامێنێت . کە سیخوڕەکان لە سێدارە دەدرێن ، دیمەنێکی نوێ دێتە ناو میژووی عێراقەوە، کە بەڕپاکردنی ئاهەنگی کوشتن و خنکاندنە لەسەر ئاوازی مۆسیقاو ووتار خوێندنەوەو سەما کردن . ئاشکرایە ئەو ئاهەنگەی لە (٦٩)دا لەسەر لاشەی سیخوڕەکان ئەنجام درا دوا ئاهەنگ نەبوو... لە ڕۆژانی(قادسیەی سەدام) دا بەڕپاکردنی ئاهەنگی مردن لەسەر لاشەی ئەو گەنجانەی تیر باران دەکران و چەپڵە لێدان و نقوڵ

بەشینەوە لەو بۆنانەدا ، دیمەنێکی ڕۆژانەی ژیانی عێراقی بوو .

هەر لەهەمان کۆبوونەوەی جەماوەری (بەغدا) دا (سەلاحی عومەر عەلی) لە ووتارێکی پڕ لە شوورو هەڵچوون و توڕەیدا ، مژدەیەکی ڕاستەقینەی بە خەڵکی عێراق دەدا :

(میللەتی مەزنی عێراق ، ئەمە تازە سەرەتای کارە ! گۆڕەپانی گەورەو پڕ لە بایەخی عێراق لەمڕۆ بەدواوە پڕ دەبێت لاشەی خائینان و سیخوڕەکان ! تەنها کەمێک دان بە خۆتاندا بگرن و بەچاوی خۆتان دەبینن)

لەڕاستیدا پاشماوەیەکی کەم (سەلاحی عومەر عەلی) خۆی لەناو هەمان لیستەدا دەبینێتەوەو لەتەک سەدەها کادێری حیزبی دیکەدا ، پلەو پایەکانی لێدەستێنرێتەوەو بەناوی سەفیرەوە تاراوگە دەکرێت و هێدی هێدی ناوی لەناو سیاسەتمەدارانی عێراقدا دەسڕێتەوە .

بەڵام لیستەی دوژمنە خەیاڵیەکان بەردەوام دەبێت ... لە مانگی (٢)ی ١٩٧١دا (٤٠) هەزار کوردی فەیلی ئاوقای سنووری ئێران دەکرێن و بە گوناهی ئەوەی کە ئێرانین و تابووری پێنجەمن . لە نیوەی یەکەمی حەفتاکاندا، دووسەد هەزار عێراقی بە نەژاد ئێرانی کە زوربەیان لە ترسی خزمەتی سەربازی بە ئێرانی خۆیان ناونووس کردووە دەستنیشان دەکرێن و بەر لە شەڕی ئێرانی و عێراقی ڕەوانەی ئێران دەکرێن.

لەساڵی ١٩٨١دا گەمژەیی ڕەگەز پەرستیانەی (بەعس) دەگاتە ڕادەیەک لە داتاشینی دوژمندا (خەیرۆلا تولفاح) لەسەر ئاستێکی بەر بڵاو کتێبێک بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی :(ئەو مەخلوقاتانەی واباشتر بوو، خوا دروستیان نەکات :ئێرانیەکان ، جولەکەکان ، مێش) تیا دەنووسێت : (ئێرانیەکان کۆمەڵێک جانەوەرن خوا لە شێوەو ڕوخساری مرۆڤدا دروستی کردوون) جولەکە (خڵتەیەکن ، لە پیسی و پاشەڕۆی خەڵکانی دی) وەمێش شتێکی بێمانایە کەکەس نازانێت خوا بۆ دروستی کردووە).

لەساڵی ١٩٨٤دا دکتۆری دکتاتۆریەت (فازل بەراک) لە کتێبێکدا کە بەزۆر بەسەر مامۆستاو فەرمانبەراندا دەبەخشرایەوە ، وا باس لە قوتابخانە (ئێرانی)و (جولەکەکان) دەکات وەک یەکێک لەسەرچاوە پڕ لە مەترسیەکان کەشۆڕش توانیویەتی لەڕیشەیان بهێنێت .

ئەم لیستەیە بەردەوام گەورە دەبێت و درێژ دەبێتەوە . بەڵام بێگومان یەکێک لە بەرەنجامەکانی دروست بوونی دوژمنی خەیاڵی، دروست کردنی پەرێزێکی ئاسنینە کە لە عێراقدا لە دەیەها دەزگای تایبەتی و گشتی و ئاشکراو نهێنی پەیکەرێزە کراوەو بە ئاوسانێکی خورافیانەی سوپا دوایی هات کە (ئەلخەلیل) لە کتێبەکەیدا زانیاری ووردی لەسەر تۆمار کردووە .

ئایدۆلۆژیا و نەوجەوانان

(کاتێک کەباس لە ڕۆڵی شۆڕش دەکەین لە ڕزگار کردنی خەڵکی عێراقدا ، پێویستە قوتابیان بەباسی تیوری و فەلسەفی و سیاسی تووشی سەرئێشە نەکەین ، نەوەک گێژ بن) .

-سەدام حسین-

ئەلخەلیل دەڵێت کە ئایدۆلۆژیای بەعس لەسەر بنەمای بە نیسبی کردنی هەموو بۆچوون و بیرو باوەڕەکانی دونیا ئیشی کردووە. لەڕاستیدا ئەو بەنیسبی کردنەی بیرو ڕاکان لای بەعس لە لۆژیکێکی دیالکتیکیەوە نەهاتووە، ئەمەش خاڵێکە دەشیا (ئەلخەلیل) ووردتر دەست نیشانی بکات تا مانای قوڵتری لێدەربهێنێت . کاتێک (بەعس) هەموو بۆچونەکان بەنیسبی نیشان دەدات ، بۆ ئەوەیە کە هەموو ئەو بۆچوونانە بکۆژێت ، بەمەبەستی گۆڕینی ئەو ئایدیایانە لە ئایدیای زانستیەوە بۆ ئایدیای پەراوێزیی لێرەوەیە کە (بەعس) خوازیاری ئەوەیە هەموو سەرچاوە فیکریەکانی دەرەوە فەرامۆش بکرێت، چونکە لە عەقڵی بەعسدا هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەکەوێتەوە : کەهەموو بۆچوونەکان نیسبی بێت کەواتە بۆچی تەنها (سەرچاوە)فیکری خۆمان نەبێت.. بەمانایەکی دیکە: چونکە هەموو بۆچونەکانی دەرەوە نیسبیە ، کەواتە ئەوەی ئێمە لێرە بەرهەمی دەهێنین ڕەهایە . لەم هاوکێشەیەوە بەعسیزم دەیەوێت ئەزمونی خۆی بخاتە بەردەمی هاوڵاتیە عێراقیەکان ، لەشێوەی ئەزمونێکی باڵاتر و گونجاوتردا لەهەرئەزمونێکی دیکە .(بەعس) لەم

سەرەتاگەیەوە دەست پێدەکات ، بۆ ئەوەی بگاتە چەمکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی جیهان بینینێ خۆی ، کە چەمکی (تایبەتمەندیە) . ئەگەر ئەم تایبەتمەندێتیە بە پیادە کردنی ساختە سازیش بێت لە نووسینەوەی مێژوودا،(سەدام) دەڵێت : دەبێت مێژوو بە شێوەی تایبەتی بەعسیانەی خۆمان بنووسینەوە). هەر لێرەوەیە کە مێژوو لای (سەدام) دەبێت بە کۆمەڵێک ئەفسانەی بێ سەرو پێ و مەڵبەندی کۆمەڵێک قارەمانی خەیاڵی کە(سەدام) عەوداڵە خۆی بئاخنێتە ڕیزیانەوە . ئەم تایبەتمەندێتییەی بەعس تەنها لە ئاستی ئایدۆلۆژیادا دەرناکەوێت ، بەڵکو لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەشدا وەکو (دیسپلین) و ڕێکخستن دەردەکەوێت . ڕێکخستن بەردی بناغەی کۆماری بەعسە . وەڕێکخستن لای بەعس دەبێت لە منداڵانەوە دەست پێبکات چونکە وەک دەڵێن : (ئێمە بڕیارمان داوە هەموو میللەتی عەرەب بکەینە بەعسی) وەمنداڵان و نەوجەوانان هەوێنی ئەو کارەن ، ئەوەتا سەدام حوسێن دەڵێت : (ئەو هەڵەمان لەدەست چوو کە باوکان بەو شێوەیە دروست بکەین ، کە دەمانەوێت ، بەڵام منداڵی ناو باوەشی خێزان لەبەردەستماندایە). وە دەڵێت : (ئەوە پەیکەر تاشە کە شتی جوان لەبەرد دادەتاشێ). هەر لەم وتارەدا(سەدام حوسێن) بەهێمنی ڕێنمایی منداڵان دەکات کە بە شێوەیەکی بەڕێزانەو لەسنووری ڕەوشتدا ببن بەسیخوڕ بەسەر دایک و باوک و هاوڕێکانیانەوە و هەرشتێکی نائاساییان بەر چاو کەوت و بەر گوێکەوت ، هەواڵ بگەێننە لێپرسراوی شانە حیزبییەکانیان . سەمیر ئەلخەلیل دەڵێت : (منداڵیی و جیهانی منداڵیی لە عێراقدا لەبەردەم هەڕەشەیەکی گەورەدایە ، بەڵام ئەم هێرشە لەسەر شێوە کۆنەکانی جاران نییە ، لە ڕێگای بەرنامەی خوێندن ، یان کەمی قوتابخانەو فێرکردنەوە بێت، ئەم پەلامارەی بەعس پەلامارێکە بۆسەر هەزری منداڵان و هەنگاوێکە بۆ فۆرمۆلە کردنی کەسایەتی ئەوان.

لە عێراقی بەعسدا(ترس)بە ئەندازەیەک دەور دەبینێت کەزوربەی دایک و باوکان والێدەکات پاڵ بە منداڵەکانیانەوە بنێن وەک منداڵانی دیکە بچنە ڕیزی پێشڕەوانەوە، چونکە لای ئەو خێزانانە (هاوڕەنگی لەگەڵ گرۆهدا کارێک دەکات کەمتر لەژێر چاودێری ڕژێمدا بن و زیاتر منداڵەکانیان هەست بە ئاسایش بکەن)...(سەدام خوازیاری ئەوەیە کە لاوان شیفتەی (ڕێکخستن) بن ئەو پێیوایە ئەگەر کۆمەڵگا لە ڕووی سیستەمی خۆیەوە شێوازی شیرازە کردنێکی پۆلایین بگرێتە بەر ،

هەرگیز تووشی نوشوستی نایەت ، سەدام دەڵێت : (ئەو قوتابییەی کە ئەگەڵ ڕێتمی گوێدانە شتە بچوکەکان و ڕێکخستنە ڕەنگاو ڕەنگەکاندا ڕاهاتبێت ، بەهۆی ئەم ڕێکخوازیەوە ، لەکاتی پێویستدا شەو و ڕۆژ بێ وەستان لە ژێر خۆرداو تفەنگ بەدەست دەوەستێت و فەرمانەکانی سەر شانی خۆی جێبەجێ دەکات . لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەمە یەکێکە لە خەونە سەرەکیەکانی (سەدام) کە ببینێت ملێونەها گەنج تفەنگ بەدەست لەژێر هەتاودا وەستاون و پاسەوانی دەکەن . ئەم دیمەنە ، دیمەنی ئەوپەڕی کەماڵ و جوانیە لای دیکتاتۆر . بەم جۆرە کۆنترۆڵ کردنی هزری نەوجەوانان و جڵەو کردن و ئاڕاستەکردنیان لە ڕێگای ڕێکخستنەوە یەکێکە لەو چەمکە ستراتیژیانەی کە زوربەی هەڵوێستەکانی دیکەی بەعسیزم ئاشکرا دەکات ... وەهەموو هەوڵدانەکانی بەعس چەندین ساڵە دەڕژێتە ناو ئەم جۆگەیەوە :(پەرەسەندنی چاپەمەنی -بەرخۆری - ئیستهلاکی -لەسەردەمی بەعسدا ، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، پەرەسەندنی شوێنی ژن و پلە و پایەی و دەرچوونی لە کۆنترۆڵی باک و مێرد بۆ کۆنترۆڵی دەوڵەت ، هەموو لە پێناوی کردنەوەی چەند جۆگەو ڕێگایەکدا بوو بۆ گەیاندنی جیهان بینی بەعس و چاندنی ئەو جیهان بینییە لەدەرونی مرۆڤی عێراقیدا لە ڕێگای ترس و ڕازیکردنەوە ... توندو تیژی و ئارام کردنەوەوە ...(بەعس) خوازیاری مرۆڤی سەربەخۆنییە، بەڵکو شیفتەی مرۆڤی گرۆگەلیە .

ئازادی وگەشەسەندن

(باوەڕی ئێمە بە بەهادیکتاتۆریەکان ، باوەڕێکی تیوری نییە)

-عەلی بەدور-

ستالینیزم لەگەڵ هاتنیدا ، تووشی دوڕیانێکی سامناک بوو ، وەکۆمەڵگا دواکەوتوەکانیش (لەپێش دەم زەبری سەرمایەداری و نموونەی ئەزموونی ستالینیدا) توشی هەمان دووڕیان هاتن ، دووڕیانی سامناکی :(ئازادی یاخود گەشەی کە ستالینیزم هەموو ئازادیەکانی کردە قوربانی (گەشە) ی تەکنیکی ، دواتر بەئاسانی بوو بە

ئایدیالی هەموو ئەو دیکتاتۆرە بەرزفڕانەی جیهانی سێهەم ، (بەعس) یەکێک بوو لەو دەستەڵاتە پاشکۆیانەی سیستمی سەربازیی سەر بە شورەوی ، کە نموونەیەکی جیهان سێهەمیانەی ستالیزم و سوفیتیزم بوو . بەعس وەکو (سەدایەکی خێڵەکیانەی)ستالینیزم ، باوەڕی تەواوی بە هێز هەبوو بۆ پیادەکردنی ئەو ئامانجە ئایدۆلۆجی و ئابوریانەی بەرنامەڕێزی کردبوون.

لەڕاستیدا ئازادی لە عێراقدا پێش هاتنی بەعس و لەساڵی(١٩٥٨)ە وە هەتا دیارە شێوەییەکانیشی بووبووبەقوربانی گەڕان بەدوای دروشمە ئابوریەکاندا ..بەڵام(بەعس) وون بوونی ئازادی کردە دیاردەیەکی ئاسایی و ڕۆتینی لە عەقڵی مرۆڤی عێراقی و لە زیندەگی مرۆڤی

عێراقیدا، وەهاوشان بەسەربڕینی ئازادی هەنگاوی گەورەی دەنا بەرەو دامەزراندنی تەکنیک و پیشەسازی نوێ . بەڵام پتر تەکنیکی سەربازی نەوەکو تەکنیکی بەرهەم هێنانی ئابووری،(کوت و مت)وەکو ستالینیزم ، لێرەوەیە کە سەمیر ئەلخەلیل بەدروستی دەڵێت :(دیاردەی بەعس و ستالینیزم ، ئەگەر چی لەڕووی سەرچاوەکانیانەوە ، لەیەکتری جیان ، بەڵام لەڕووی بونیادەوە یەکن). لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە ڕەخنەیەکی ڕەوا لە نووسەری گەورە (ئیسحاق دویتشەر) دەگرێت ، کە پێی وایە (ستالینیزم) تەنها دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابوری(کەڵەکەبوونی یەکەمی سۆسیالیستی) ، (کە دەشێت لەڕوی ئابوریەوە ، بۆ تۆیسازی ڕژێمی عێراقیش سوود بەخش بێت) .بەڵام بەڕەچاوکردنی لایەنی دیکەی دیاردە سیاسیەکان ، لەڕاستیدا ئێمەش پێمان وایە کە لە پاڵ هۆکارە ئابوریەکاندا ، ناتوانین بگەینە ئەو ئاستە لە خۆخافلکردن کە بڵێین سیاستەت لە عێراقدا درێژکراوەی (ئابوریە) .

بەرگری

(ترس کەچەسپی پێکهاتەی بەعسە لەگەڵ _دین _ دا ، وەکو دووانەیەک وەهان ، هەریەکێکیان گەورە بێت ئەوی دیش لەتەکیا گەورە دەبێت)

-سەمیر ئەلخەلیل-

بەڵام لەناو جەریانە تووندو تیژەی ترساندندا ، مرۆڤی عێراقی بە چ ڕێگایەک بەرگری لە خۆی کردووە ؟

ئەلخەلیل دەنووسێت : (یەکێک لە ڕێگاکانی بەرگری مرۆڤی عێراقی لەخۆی ئەوەیە کە مرۆڤ شوناسی خۆی گرێبداتەوە بەدەسەڵاتی فەرمان ڕەواکانەوەو لە چالاکیە حیزبیەکانیاندا بەشدار بێت و ببێتە بەعسی ... بەس نییە مرۆڤ خۆی وانیشان بدات ئاگای لە هیچ نییە هیچ نازانێت بەڵکو دەبێت حاڵەتێکی دەرونی ئەوتۆ وەربگرێت کە کەسایەتیو خودی لە ناو گروهی ستەمگەرو بەهاو ئەدگارەکانیاندا بتوێنێتەوە، ئەم حاڵەتە لەساڵی ١٩٨٤دا پایەی دەسەڵاتی بەعسیەکانی گەیاندبووە ژمارەی ١,٥ ملیۆن ئەندام .

بەڵام لە عێراقدا تا ئیستاش دەرفەتی جۆرێکی تریش هەیە لە بەرگری ، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی خێزان و ئایین ، یاخود هەڵهاتن لە عێراق ... لای(ئەلخەلیل) ئایین پەناگایەک بووە بۆ نەتوانەوە لە ناو (حیزب) دا . بەداخەوە سەمیر ئەلخەلیل بەوردی باس لە هەوڵدانی حیزب ناکات بۆ تواندنەوەی ئایین لە ناو خۆیدا ، لە ڕاستیدا هەر ئاوسانی دەوڵەت و حیزبە کە لە ئاستە ژێرزەمینیەکاندا ئاین بەهێز دەکات .

سیناریۆی دەسەڵات

(سوێند بە خوا ئەی خەڵکی عێراق ، ئەی خەڵکی نیفاق و ساختەچێتی ، ئەی شەیتان سیفەتان..دەمێکە ئێوە لەفیتنە بازیدا دەستی باڵاتان هەیە ، ڕێگای گوناهو خراپەتان هەڵبژاردوە و کەوتونەتە دوای نەزانی و ئەتک کردن ، سوێند بێت پێستی سەرتان هەڵکەنم ، وەک حوشتر

بەقامچی بتان هێنمەوە سەر ڕێگا)

-حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی-

هانا ئارنت ، ئەو ئافرەتەی ڕۆڵێکی تایبەتیشی لەژیانی هێدگەری فەیلەسوفدا بینی ، خاوەنی کتێبە گرنگەکانی ، وەکو (شۆڕش)، (تۆتالیتاریزم) ، (تیرۆریزم). لەوەسفی زیندەگیەکی وەکو زیندەگی عێراقی ئەمڕۆدا دەڵێت:(لەجیهانێکی گۆڕدراودا ، کە هەڵسەنگاندنی ئەستەمە ، خەڵکی دەگەنە ئاستێکی وا کە ئیدی باوەڕ بە هەموو شتێک دەکەن و باوەڕ هیچیش ناکەن). لە دنایەیەکی وادا(سەدام حوسین) وێنەی خۆی وەکو قارەمانێک بەسەر عەقڵی عێراقیەکاندا سەپاندوە ، بەڵام بەڕلەوەی وێنەی هەر قارەمانێکی وەهمی ڕەنگی بۆ بڕێژرێت ، دەبێت ڕەنگ بۆ کەسایەتیەکی لەرزۆک و ترسێنراو تەنهاو گۆشە گیر ڕێژرابێت .

بەر لەوەی یەکێک بێت ئەوپەڕی ئازادانە بدوێ و ڕەفتار بکات ، دەبێت زوربەی کۆمەڵ شێوەی گارانێکی بێ دەستەڵاتیان وەرگرتبێت .. سەدام دووای ساڵەهای ساڵ ئێش کردن وەکو ئەندازیارێکی ترساندن ، ئینجا لەژێر خانەکانی کاری نهێنی دەوڵەت دێتە دەرێو وەکو دەستەڵاتدارێکی بێقەیدو شەرت و ئازاد ڕەفتار دەکات ، وەبەنیشاندانەوەی ئازادی خۆی ئەو پەڕی کۆیلەیەتی خەڵک نیشان دەدات ، بەڵام لەهەمان کاتدا دەیەوێت خۆی وا نیشان بدات ، وەک بڵێت :(سەیر کەن لەگەڵ ئەو هەموو ئازادی و دەستەڵاتەشدا ، من چ پیاوێکی سادەو بێهەوام)، لەنێوان ئەم دوو هاوکێشەیەدا خەڵک قبوڵی وێنەی ئەوقارەمانە داتاشراوە دەکات ، کە پێشتر بونیادی سایکۆلۆجی و عەقڵی و ئاموزشی مرۆڤی عێراقی بۆ ئامادە کراوە .

ئەو هەیبەتەی سەرۆک بۆخۆی دروست دەکات ، ئەپەڕی ڕۆحی بچوکیو لاوازی لە هاوڵاتیاندا دەخولقێنێ ، بۆ ئەوەی ئەو هەیبەتە خورافییە نەشکێت دەبێت سەرۆک هەمیشە لەسەر حەق بێت و وەک پیاوێکی نەشکست بێتە بەرچاو .. (سەمیر ئەلخەلیل) دوای بەراوردێکی وورد لە نێوان (سەدام) و (حەجاجی یوسفی سەقەفی) دا سێ قۆناغی گرنگ لەژیانی بەعس و عێراقدا دەست نیشان دەکات، کە دوائەنجامی دیکتاتۆریەتی خودی سەرۆکە .

یەکەم قۆناغ ، لەم قۆناغەدا دەستەڵات لە ناو حیزبدایەو حیزب دەبێتە بونیات نەرو داهێنەری نەخشەکان و چاوەڕوانە خەڵک ئەو بونیاد و نەخشانە جێ بەجێ بکەن .

لە قۆناغی دووەمدا کە بونیادو داهێنانەکانی حیزب بەهۆی گەورەبوون و پەرەسەندنیەوەدێتە دی ، حیزب ژمارەیەکی گەورەی خەڵک لە خۆیا کۆدەکاتەوەو هەموو دەستەڵاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زەوت دەکات و خۆی جێگای کۆمەڵگای مەدەنی دەگرێتەوە .

لە قۆناغی سێهەمدا(سەرۆک) هەموو دەستەڵاتی حیزب لەدەستی خۆیدا کۆدەکاتەوە ، لێرەوە سیناریۆکانی سەرۆک شوێنی هەموو شێوەکانی سیاسەت دەگرێتەوەو سیاسەتی حیزب لە سیماو دەموچاوی فەرماندەدا کورت دەبێتەوە .

بەڵام گرنگترین پرسیار لێرەدا ئەوەیە کەچی وادەکات زوربەی زۆری خەڵک ئیرادەی خۆیان بنێنە دەستی ڕێکخراوە حیزبیەکان ؟

(ئەلخەلیل) پێی وایە بەعس لە عێراقدا جیهانێکی هۆبزی دروست دەکات : ئەودۆخەی هۆبز بە (دۆخی سروشتی) ناوی دەبات لە عێراقدا دەبێتە سیفەتی کۆمەڵگای مەدەنی ، (بەعس) مرۆڤ لە ڕیشەی خۆی هەڵدەکەنێو لە گروهە پێشینیەکانی خۆی دادەبڕێت ، لە خۆیشیان لە قەبیلەو لە گروپ و لە چین جیای دەکاتەوەو لە پێکهاتێکی تازەدا، لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا دروستی دەکاتەوە .

دەرەوە و ناوەوە لە کۆمەڵگای عێراقیدا

(بێگانە ئەو کەسەیە، کە هەست و نەستی وەکو هەست و نەستی ئێمە نەبێت ، باسەد شوناسنامەی عێراقیشی هەبێت و باوو باپیرانیشی لەم خاکەدا نێژرابن).

سامی شەوکەت-١٩٣٥-

بەعس پێناسەی هاوڵاتی بوونی تێکشکاندن .

لەعێراقدا چیدی ناتوانرێت لەسەر پۆشنایی ئەو مافانەی مرۆڤ بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە گرێدەداتەوە ، بۆمانای (هاوولاتی) بگەڕێین .

لەساڵی (١٩٣٠) دا کە (سامی شەوکەت) ڕێکخراوی نەوجەوانان دەکاتەوە و لەباشگای (موسەنا) وتارێک دەخوێنێتەوە قسەکانی وەکو وەزیرێکی ئاموزش وپەروەردەی ئەو سەردەمە سەدایەکی سەیریان هەیە لە گوێماندا. لەوتارەکەی(شەوکەت) دا هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە (یەکێتی عەرەبی) نییە فرێدەدرێنە دەرەوەی کۆمەڵگای عێراقیەوە، ئاشکرایە ڕەگ و ڕیشەی بۆچونەکانی بەعس نزیکیەکی گەورەی هەیە ، لە بۆچوونی ناسیونالیستە عەرەبەکانی ساڵانی ٢٠و٣٠ .بەڵام (بەعس) بەشێوەیەکی تایبەتی تر ئەو گروبەندیەی لە حەفتاکان و هەشتاکاندا پیادە کرد .(بەعسیەکان) هەمان شێوەی سامی شەوکەت و ناسیونالسیتەکانی بیستەکان هەردوو ووشەی (جەماوەر) و (میللەت) لەسەر شێوەی تایبەتی خۆیان تەفسیر دەکەن .

بەعسیەکان هاوڵاتی لەسەر بنەمای عەرەب و بێگانە- موسوڵمان ،ناموسوڵمان- زمان ، ئایین- پۆلێن ناکەن ،بەڵکو لای بەعسیەکان هاوڵاتی ئەو کەسەیە کە بیرو ڕای شۆڕش و حیزبی فەرماندەی پێ قبوڵەو وەفاداڕە بۆ سەرۆک. هەرلەسەر ئەم بنەمایەش (دەرەوە) و (ناوەوە) ی کۆمەڵگای عێراقی دەستنیشان دەکەن - لێرەوە کە ١٩٧٤- ١٩٧٥ دا کە کوردەکان سەرکردەیەکی دیان بۆ خۆیان هەڵبژارد هەموو کوردان بەچاوی کۆمەڵێک مرۆڤی (دەرەوەی -کاست)ی عێراقی سەیر دەکران و وەکو گیرفانێکی بێگانە ناو دەنران .لای (بەعس) هەرکەسێک بیروڕایەکی دیکەو سەرۆکیەکی دیکەی هەبێت عێراقی نییە .

واتە عێراقی بوون، لای بەعسیەکان، چەمکێکی ئایدۆلۆژیە ، نەوەکو نەتەوەیی و ئایینی . هەر لێرە سەیرکردنی بەعسیەکان بۆ تاوانباران و پیاوکوژان گەلێک بەڕەحمانەترە ، لە سەیر کردنیان بۆ دوژمنە سیاسیەکانیان، چونکە دەرەوەی کاست لای بەعس ئەوانەن کە باوەڕیان بەبەعس نییە .نەوەکو ئەوانەی باوەڕیان بە مرۆڤایەتی ونیشتمان پەروەری نیە . بەعسیەکان بۆئەوەی پتر زاراوەی دەرەوەو ناوەوە لە کۆمەڵگای عیراقیدا دەستنیشان بکەن ، گەلێک زاراوەی وەکو (پۆلبەندی ئیرانی _ التبعیە الایرانیە) ، (پولبەندی عوسمانی) یان داتاشی ، کە بەهەر کەسێکەوە بلکێنرێت ، دەچێتە ناو لیستەی ئەوانەی سزاو دورخستنەنەوە وتاوانبارکردن چاوەروانیان دەکات . وەلەسەر پۆشنایی ئەو پۆلین سازیە هەموو عیراقیەک لە فەرهەنگی بەعسدا ، لەبەردەم هەرەشەی ئەوەدایە کەبەیانی شوناسی عیراقی بوونی خۆی بدۆڕێنی .

تێکشکاندنی ئەمڕۆ و ، ئەفسانەی ئایندە

(دروست کردنەوەی دەستگاکانی دەوڵەت ، دەبێت بەجۆرێک بێت ، سازبێت لەگەڵ فەرمانەکانی سەرکردایەتی سیاسیدا).

(یاسای ڕیفورمی مافەکان)

بەعسیەکان خۆیان بەخاوەنی پاشەڕۆژ دەزانن ، پییان وایە هەرچیەک کەدەیکەن بۆ پاشەڕۆژ ئەنجامی دەدەن . وەناکرێت لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە حوکم بەسەر ئەکردەوانەدا بدرێت ، بەڵکو تەنیا لە دیدەی پاشە ڕۆژەوە دەبێت سەیری ئەم ڕەفتارانە بکەین .. پاشە ڕۆژ بڕیار دەدات وێرانکاریەکانی بەعس ، تیرۆرەکانی ، تۆندڕەویەکانی و ڕەشە کوژیەکانی سوودبەخش بوون یاخود نا ... سیاسەت لای بەعس پێشێل کردنی ئێستایە بۆ ئایندە ، ئایندە مەحەکی سەرکەوتن و ڕەوایی و دانایی بەعسیەکانە ، بەڵام ستراتیژی ئایندەسازی بەعس و دینی (ئایندە پەرستی) بەعس ، لەسەر بنەمای گۆڕینی بەردەوام دروست بووە مەبەستی بەعس گۆڕین و ئاوەژوکردنەوەی بەردەوامی جەماوەرو دەستگاکانە ... هەر دیدەگاهێک جێگیربوو دەبێت بە دیدەگاهێکی نوێ بگۆڕدرێت ، بەڵام بێ گومان گۆڕانکاریەکانی بەعس گۆڕانکاری ڕادیکالیانەی کۆمەڵ و ژیان نییە ، بەڵکو گۆڕینی حاڵەتی سایکۆلۆژی مرۆڤ و تۆێژی سەرەوە ی دیاردەکانە . گۆڕینی پەیتا پەیتای بۆنەکان و ناوەکان و یاساکان و دەستگاکانە، گۆڕینی ناوی شەقامەکان و یاساکانی خوێندن و سیستمی

بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان و وەزیرەکانە . کە هەمووی بە کۆ بە ئاراستەی تێکشکاندنی پیرسنۆلی عیراقی ئەمڕۆ کار کردووە.

عێراقچێتی وعەرەبچێتی ، لە سیاسەتی عێراقیدا

(پێویستە بە حەسرەتەوە بڵێین ، شتێک لە گۆڕێ نییە ناوی میللەتی عیراق بێت ، ئێمە سەرو کارمان لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکدایە کە لە هەموو هەستێکی نیشتمان پەروەری خاڵین و گیانی مەزهەبی و تروهاتی دیکە سەرقاڵی کردوون ، خەڵکێکن هیچ پەیوەندییەکی هاوبەشیان بە یەکەوە گرێیان ناداتەوە و هەردەم لەبەردەم وەسوسەی ئەهریمەندان)

شافەیسەڵ (بەرلەمەرگی بە چەند ڕۆژێک یاداشتە نهێنیەکانی خۆی)

هەر لەسەرەتای دروست بوونی عیراقەوە ، وەکو قەوارەیەکی دەستکرد لەناو هەناوی کۆمەڵگای عیراقیدا دوو بەرەیان سەر هەڵدەدات ، یەکەمیان بەرەیانی میللی عیراقیانەیە ، ئەوی دیکەشیان بەرەیانی ناسیۆنالیستی عەرەبییە ، یەکەمیان عەودالی دروستکردنی عیراقێکی جیاوازو سەربەخۆو بە هێزە ، کە لەوانەیە بەرجەستەترین نوێنەرانی ئەم بەرەیانە (بەکر سدقی، نوری سەعید ، عبدولکەریم قاسم) و کۆمۆنیستە عیراقیەکان بێت ، .. لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە هەموو ئەم عیراقچییە توندڕەوانە ، بەڕەچەڵەک یان کوردی تەواون ، وەکو (بەکر سدقی ، نوری سەعید) یان نیمچە کوردن وەکو (عەبدولکەریم قاسم) . ئەم حاڵەتەش وای کردووە کە سەرانی بەرەیانە ناسیۆنالیستیەکە هەمیشە بە ئاسانی (عیراقچێتی) بە پیلانێکی شعوبی لە قەڵەم بدەن .

بەڵام ناسیۆنالیستەکانی وەکو (فەیسەڵ،ڕەشید عالی، سامی شەوکەت) هەمیشە عیراقیان وەکو یەکەیەکی ئامادەکەر و فەراهەمساز سەیر کردووە بۆ یەکێتی عەرەبی . خاوەنی (کۆماری ترس) دەنوسێت: (قۆناغی ۱۹۲۰_ ۱۹٤۱خەباتی میللەتێک نیشان دەدات ، کە تا ئەوکاتە کێشەکۆمەڵایەتیەکان لە گۆڕێ نەبوون و چینی نوێی کۆمەڵایەتی نەهاتبووە مەیدان ، وە مەسەلەی سەرەکی لە سیاسەتدا ئەوە نەبوو _ کێ دەبێت حوکم بکات ؟!بەڵکو مەسەلەی سەرەکی ئەوەبوو _ ئێمە کێین ؟ _).

کە شافەیسەڵ لە شامەوە هەڵهات و ئینگلیزەکان کردیانە پادشاهی عیراق ، لەتەک خۆیدا یەکێک لە هەرە تیۆریستە گەورەکانی عەرەبی هێنایە ناو عیراقەوە ، کە دواتر جەبێت بە باوکی هەموو ئەو تیۆرە ناسیۆنالیانانەی لە نیشتمانی عەرەبدا جاڕی بۆ دەردێت ... ئەویش _ ساتع ئەلحەسری _ بوو . ساتع لە عێراقدا بوو بە وەزیری ئاموزش و فێرکردن و بەرنامەیەکی بەرزفڕی بۆ سەر لە نوێ بیناسازی ئایدۆلۆژی

(ئەلحەسری)دا تووشی کێشەیەک دەبێ ، کە دەشێت بەئاشکرا تێڕوانینی (ئەلحەسری) بۆ مەسەلەکا بەرجەستە بکات : - کاتێک (ئەلحەسری) دەزانێت (جەواهیری) لە بنەماڵەیەکی ئێرانیە ، داواکەی جەواهیری بۆ بوونە مامۆستای سەرەتایی ڕەت دەکاتەوە . (ئەلحەسری) دەیویست مندالانی عیراق لە ڕۆحێکی سەد دەرسەد عەرەبیانە گەورە ببن و جەواهیری بە(شعوبییەک) لە قەڵەم دەدا ، ئەگەرچی (ئەلحەسری) خۆی زۆر درەنگ فێری عەرەبی بووبوو ، وە (جەواهیری) یەکێک بوو لە هەرە زمان زان و بەلاغیە گەورەکانی عەرەب ، بەڵام گەورەیی لای (حەسری) بەوەوە بەسترابوو تۆ چەند (عەرەبچیت) ، هەر لەو دیدەشەوە دەیویست (پەروەردە) بکاتە دەستگایەکی کۆنترۆڵ بۆ سازکردنی عەقڵی مندڵانی عەرەب بە گیانی یەکێتیی عەرەبیانە . ئەو پێی وابوو مندالّ ئاکاری خۆی پتر لە قوتابخانەوە وەردەگرێت نەوەکو لە مەڵەوە . ئاشکرایە بەعس ئەم بۆچوونانەی (ئەلحەسری) دەکاتە بناغەیەکی گونجاو بۆ جڵەوکردنی نەوەکانی پاشەڕۆژو داڕشتنی تیورەیەکی بەعسیانە بۆ ئاموزش .

لە پایزی ۱۹۳۳ دا لە کردەوەیەکی نامەردانەو دوور لە جوامێریدا (بەکر سدقی) و سوپاکەی بە هێرشێکی کتو پڕو بێ بەهانە پتر لە (۳۰۰۰)

ئاسوریان لە چواردەوری موسڵ کوشت . بەڵام خەڵکی عیراق بە تایبەتی لە موسڵ و بەغدادا بە هەلهەلەو سەماو گوڵباران ئەو سوپایەیان پێشوازی کردوو کوشتنی منداڵانی ئاسوریان بە کارێکی قارەمانانە لە قەڵەمدا . هێرشەکە بە هەنگاوێک لە قەڵەم درا لە پێناوی پاراستنی یەکێتی خاکی عیراقدا ، وە ناوێکی نوێ و سامناکیش هاتە گۆڕێ و کەوتە سەر زوبان کە ناوی سوپای عیراق بوو ... ئەم سوپایە کردەوە سامناکەکانی خۆی لەژێر دروشمی دژی ئیمپریالیزمدا ئەنجام دەدا ، دواتر تەعنەی بە ئیمپریالیستی بوون ، بوو بە یەکێک لە بەهانە سیاسیە گەورەکان لە عیراقدا ، بۆ خوڵقاندنی ژیانێکی سیاسی پڕ لە تووندو تیژی تا ئەمڕۆ .

لەڕاستیدا ، لەبواری ئاموزشدا ، عیراقچیەکان بە ئەندازەی عەرەبچیەکان لەناو ئاموزش و پەروەردەدا تەقەلایان نەبوو . دوای مردنی (ئەلحەسری) ناسیۆنالیستێکی تووندڕەو وەزارەتی پەروەردەی گرتە دەست کە ئەویش سامی شەوکەت بوو . لە (١٩٣٣) دا سامی شەوکەت لە وتارێکدا بە ناونیشانی (پیشەسازی مەرگ) کە بەسەرتا سەری قوتابخانەکانی وڵاتدا بڵاو کرایەوە دەڵێت: (پێویستە پیشەسازی مردن بگاتە ئەوپەڕی) تا یەکێتی عەرەب بێتەدی وە (دەبێت ڕۆحی سەردەمی هارونە ڕەشید زیندوو بکەینەوەو بە زووبی سەدەها فڕۆکەو نیو ملیۆن سەرباز ئامادە بکەین).

ئەمڕۆ دوای بیست ساڵ لە پەرەسەندنی ڕۆژ دوای ڕۆژی پیشەسازی مەرگ ، سەیرمان لێدێت ئەم شێوە دەولەتەی (سەدام) بەزیادەی نەوت دروستی کردووە ، زادەی بیری ناسیۆنال گەراکانی سالانی بیست و سییە . هەر لەو سالانەی وەزارەتی (سامی شەوکەت)دا ، هەموو ئەو کتێبانەیان سووتاند کە زیانیان هەبوو بۆ یەکێتیی عەرەبی و لەو کتێبانەش نووسینەکانی (ئیبن خەلدون) بوو .

هەر لە سیەکانیشەوە ناسیۆنالیستەکان ڕوحی شەڕانگێزی خۆیان دژ بە جولەکەکان زیاتر ئاشکرا کرد . ئەو کات نزیکی (١٢) هەزار جوولەکە لە بەغدادا دەژیان ، کە هەر تاوناتاوێک دەکەوتنە بەر شاڵاو و تاڵانی . ڕای گشتی عەرەبیش چەپڵەیان بۆ ئەو قەسابخانانە دەکوتاو کە بۆ جولەکەیان ئامادە دەکرد . لە کودەتای ١٩٤١ ی ڕەشبید عالیدا ئەو شاڵاو و تاڵانیە سنووورێکی فراوانی گرتەبەر . بەعسیەکان ئەمڕۆ ئەو کودەتایە بەدناوە بە شۆڕشێکی گرنگ لەقەڵەم دەدەن .... فازیل بەڕاک بەڕێوەبەری پۆلیسی نهێنی عیراقی ئەو کودەتا بەدناوەی ١٩٤١ دەشوبهێنێ بە کۆمۆنەی پاریسی ١٨٧١ .. ئاشکرایە ئەم چواندنەش ، هەر لەسەر ریتمی نووسینەوەی مێژووی بەعسیانە ئەنجام دەدرێت .

بەعسیزم (فەرهەنگی ناسیونالیستی - ئایینی ناسیونالیستیانە) : -

(ئەو ناسیۆنالیزمەی کە ئێمە بە دوایدا دەگەڕێین ، پێش هەر شتێک عەشق و خۆشەویستیە ، ئەوەی عاشق بێت بۆ بەڵگە ناگەڕێت ، هەتا ئەگەر بێتو بگەڕێتیش پەیدای ناکات .... لە پێشدا عەشق دێت ، بەدوایدا پێناسەی (ناسیۆنالەو ناسیۆنالیزم)دێتە دنیاوە .

(ڕاستی قوڵی سەردەمی ئێمە ئەوەیە ، بڕوا پێش زانین و زانستە) .

میشێل عەفلەق

(سەلاحەدین بەیتار) وە(میشێل عەفلەق) هەردووکیان خەڵکی گەڕەکی مەیدانی دیمەشق، بەڵام تەنها لە ساڵی ١٩٢٩ داو لە پاریس یەکتریان ناسی . عەفلەق کە لە پاریس بوو کارەکانی (مارکس ، نیتشە ، لینین ، ماتزینی ، جید ، دۆستۆیڤسکی...) بەگەرمی دەخوێندەوە ، وە لەژێر کاریگەری ڕاستەو خۆی برگسۆن و ژۆرژ سوریل دابوو ، بەڵام پەرەسەندنی فیکری ئەم پیاوە تا ئەمڕۆش نهێنیەکە بۆ خۆی . ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە(عەفلەق) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاریک ڕۆلۆدا دەڵێت : کە دوای جەنگی دووهەم دەست بەرداری خوێندنەوەی فیکری ڕۆژئاوا بووەو وازی لێ هێناوە ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە (عەفلەق) ئەگەر سوودیشی لە فیکری ڕۆژئاوایی وەرگرتبێت ، تەنها لەو ڕووەوە سوودی لێ وەرگرتووە کە زەمینەی فەرهەنگێکی ناسیونالیستی نوێ دابڕێژێت . عەفلەق خوازیاری تیوریزە کردنی هەستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو ، دەیویست جەوهەری ئەو هەستە لە تیورەیەکدا

کۆبکاتەوە ، کە هەمان نیشانەکانی کەسایەتی عەرەبی لە خۆ بگرێت . عەفلەق سەرەتا ئەم ناسیۆنالیزمەی بە عەشق ناو دەبرد ، لە ڕاستیدا ئەوەی . کە تەواو ئاشکرایەو لە خوێندنەوەکەی ـ ئەلخەلیلەوە - بۆ عەفلەق خراوەتە ڕوو، ئەوەیە کە عەفلەق و هەموو بەعسیەکانی دیکەش بە دوایدا ، هەستی ناسیۆنالیزم و عەڵانیەت لە یەکدی جیا دەکەنەوە . وە تەواو کۆمەڵی بنەچەی دژە هزریانە بۆ هەستی ناسیۆنالی دەستنیشان دەکەن ، تا ئەو ڕادەیەی کە عەفلەق پێی وایە عەقڵ زیان لە هەستی نەتەوایەتی دەدات ، وە گۆڕینی ناسیۆنالیزم بۆ کۆمەڵێک تێزی فیکری بە بۆچوونی عەفلەق لە گەرم و گوڕی و سۆزی پێویست بۆ ناسیۆنالیزم کەم دەکاتەوە . ئەگەر ناسیۆنالیزم عەشق بێت مانای ئەوەیە کە (عەقڵ) کارێکی بەسەر ناسیۆنالیزمیەتەوە نییە . دواتر هەر ئەم (ووشەی عەشقە) بەزاراوەی جۆراو جۆر تەعبیری لێدەکرێت و دەگۆڕدرێتە سەر زاراوەی (ئیمان) و (گیانی عەرەبی) و (پەیامی عەرەبی) و (پەیامی نەمر) و (گیانی ناسیۆنالیزمی).

عەفلەق لە یەکێکی دیکەدا لە سەرنجە ناعەقڵانیەکانی ، کە دواتر (سەدام حوسێن) لەژیانی واقیعیانەی خەڵکدا پراکتیکی دەکات ، ئەوەیە کە (بڕوا - ئیمان) دەکاتە بەردی بناغەی بوونی نەیەوەیی و دەڵێت : (ئەگەر ئیمپریالیستەکان دەوڵەتێکمان بدەنێ ، کە هەموو ئامانجی ئێمەی لە (یەکێتی - ئازادی - سوسیالیزم) تیا هاتبێتە دی و لە بەرامبەر ئەوەدا بیانەوێت بڕوامان لێ زەوت بکەن ، وامان پێ چاکترە بێ دەوڵەت بین و بڕوامان هەبێت)

هەر لەم گۆشە نیگایەوە شەڕی بەعس لەگەڵ ڕۆژئاوادا ، شەڕی ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی تەسک ڕەوە لەگەڵ فەلسەفەیەکدا کە دەشێت زەوی لەژێر پێیدا لەق بکات . لای (عەفلەق) فیکری ڕۆژئاوایی نەوەک بەتەنها عەقڵی عەرەبی داگیر دەکات ، بەڵکو بە تەواوەتی زەمین و ئاسمانیشی لێ زەوت دەکات . لای (عەفلەق) ڕۆژئاوا بە هەرەشە ڕۆشنبیری و فەرهەنگیەکانی دەناسرێتەوە ، نەوک بە هەرەشە سیاسی و ئابووریەکانی ، لێرەوە پاراستنی ڕۆحی عەرەبی لە عەقڵی ڕۆژئاوایی یەکێکە لە کارە ستراتیژیەکانی بەعس ، (بەعس) کۆمەڵگایەکی عەرەبی داخراوی لە کۆمەڵگایەکی نوێی ڕۆژئاوایی لا چاکترە .

وە ئەگەر زیانە ئایدیولۆژی و فەرهەنگیەکانی ڕۆژئاوا بۆ عەرەب کەمترو نەرمتر بێت لە زیانی بۆ هەندێک کەلتوور و بونیادی دیکە لەجیهانی سێهەمدا بەڵام دەبینین شەڕانگێزی بەعسیزم بۆ فیکری ڕۆژئاوا لەهەر ئایدیۆلۆژیایەکی جیهانی سێیەمی دیکە خەستتر و تووند تڕە.

هەر ئەم دوو پاڵنەڕەش : (بینینی ناسیۆنالیزم وەکو عەشق و جەنگ لەگەڵ کەلتووری خۆرئاوادا)، دوو هێزن بە تووندی پاڵ بە بەعسەوە دەنێن بۆ ئامێزی - ئاین -. بێگومان ناسیۆنالیزمێک وەک جۆرێک لە (بڕوا) سەیری خۆی بکات و دوژمنی سەرسەختی فیکری نوێ بێت ، هەر لە ئامێزی دیندا کۆتایی بە تێزەکانی خۆی دەهێنێت .

(عەفلەق) دەیگووت: (بەحوکمی ئەوەی کە دین لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتووە بە ڕۆژئاوا ، لەبەرئەوە دین لای ئەورووپیەکان ڕەگەزێکی دەرەکیە.)

بەڵام ئیسلام لەناو عەرەبەوە هەڵقوڵیوە ، لێرەوە هێزێکە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی شوناسی عەرەبی دیاری دەکات . عەفلەق دەڵێت: (پەیوەندی نێوان عەرەب و ئیسلام ، وەکو پەیوەندی دیانەتەکانی دیکەو میللەتەکانی دیکە نیە). بەڵکو ئیسلام یەکەم وەدیهێنی یەکێتیی عەرەبی و دەسەڵاتی عەرەبیە ، وە ڕەمزی بنەڕەتی یەکێتیی عەرەب بە پێچەوانەی میللەتانی دیەوە لە ڕابوردوویانەوە هەڵدەقوڵێت ، نەوەک لە ئێستاوە .

ئەگەر ناسیۆنالیزمی بەعس بەرەو ئەوەی بردبێتین بە جۆرێکی تایبەت سەیری دین بکەین ، ئەوا لە هەمان کاتدا بەرەو شێوەیەک لە ڕەوشت و ئەدگاریشی بردین کە تەواو ستایشی تووندو تیژی دەکات ، بێ ئەوەی ئەدەبیاتی بەعس بەهیچ شێوەیەک خوازیاری شاردنەوەی ئەم ستایشە بێت. (عەفلەق) دەیویست هەموو عەرەبێک لەسەر وێنەی پێغەمبەردا دەر بکەوێت ، بەدوای ملیۆنەها عەرەبی ئایدیال و نمونەیدا عەوداڵ بوو . بە ئاشکرا قێزو نەفرەتی خۆی لە عەرەبی ئاسایی و واقعی

دەردەبڕێ . عەفلەق باوەڕهێنانی بە یەکێتیی عەرەب بە باڵاترین ڕەگەز لە ئەدگاری تاکەکەسدا دەدایە قەڵەم ، ئەوەی باوەڕی بە یەکێتیی عەرەب هەبێت ئەوسا مافی قبوڵ کردنی هەیە لە کۆمەڵگای عەرەبدا .

(یەکێتیی عەرەب) لای عەفلەق هەواداری نییە بۆ بۆچونێکی حیزبی و سیاسی ، بەڵکو بنەمایەکەو لەسەر ئەو بنەمایەوە (مرۆڤ) لە (نامرۆڤ) جیا دەکاتەوە . لێرەوە عەفلەق ڕای وایە کە هەموو مرۆڤێکی عەرەب لە جەوهەریدا ئەو ئایدیالەی هەڵگرتوەو توندوتیژی و سەرکوت ، چەکێکی پێویستە بۆ ئاشکراکردنی ئەو جەوهەرە :

(لەم خەباتەی ئێمەدا ، ئێمە یەک بەیەک کەسانی میللەتی خۆمان خۆش دەوێت ، بێ ڕەحمی ئێمەش بەرامبەر خەڵک بۆ ئەوەیە کە ئەوان بخەینە سەر جەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان . ئەوان لە خودی خۆیان بێ ئاگان ، بەڵام گەوهەری نادیاریان لە تەک ئێمەدایە ، ئەگەرچی بە ڕوکەشیش شمشێریان لە ڕوومەتدا بڵێند کردبێتەوە).

وە دەڵێت:

(پێویستە ئەو پەڕی ڕق و کینەمان ئاراستەی ئەوانە بکەین کە جیاوازن لە بیرو بۆچوندا لەگەڵماندا ، ئەندامانی بەعس نابێت ڕازی ببن کە دوژمنانیان هەڵگری بیرو ڕای دژی ئەوان بن ، وە نابێت بڵێن : ئێمە کارێکمان بەوانەوە نییە).

سەمیر ئەلخەلیل دەڵێت: ناتوانین بەعس بە ڕژێمێکی (سکولار - عیلمانی) بزانین بەو شێوەیەی سکولاریزم کە لە ڕۆژئاوادا هەیە . لە جیهانبینی بەعسدا ئیسلام ڕەگەزێکی پێش وەختەو سەرەتای گەیشتنە بە یەکێتیی عەرەب بەڵام ووردبینی بەعسیەکان لەوەدایە کە ئەگەرچی لە زەمینەیەکی دینیەوە دەست پێ دەکەن هەنگاوەکانیان فراوانتر دادەنێن و لە سنووری ئاین گەورەتر پێ دەکەنەوە ، بۆیە توانای کۆکردنەوەی زیاتر لە گروهێکی دینیان هەبووە . لەژێر باڵی خۆیاندا . (ئەلخەلیل) دەڵێت: لە ساڵی ١٩٣٢ دا دەتوانین تەنها ١/٥ی عیراقیەکان بە پایەگایەک دابنێین بۆ یەکێتیی عەرەبی ، چونکە زۆربەی تری عیراقیەکان لە کوردانی سوننیو عەرەبی شیعە (یەکێتیی عەرەبی) بە دەستەڵاتی کەمایەتی سوننی لە قەڵەم دەدەن بۆ سەرکەمایەتیەکانی دی ، بۆیە (بەعس) بۆ ئەوەی خۆی بچەسپێنێ پێویستی بە دەیەها قەسابخانەی گەورە و خوێنڕێژی بە کۆمەڵ هەبوو .... وە عەفلەقیەت ئەو زەمینە فیکریو سایکۆلۆژیەی دەڕەخساند بۆ ئەوەی عەرەبی ناسیۆنال خۆیان وەکو پێغەمبەرو کەسانی دیش وەکو ئەهریمەن سەیر بکەن .

جەنگی عێراق - ئێران : -

(شکستی عەرەب لە جەنگی شەش ڕۆژەی ٦٧دا نیشانەی نوشوستی دەوڵەتە عەرەبەکانە لە پەروەردەکردنی جۆرێک لە هاووڵاتی ، کە سوور بێت لەسەر جەنگ و ئامادە بێت لە پێناوی وڵاتەکەیدا بمرێت)

فوئاد عەجەمی

لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو وتەیەی (فوئاد عەجەمی) بکەینە سەر مەشق ، دەتوانین بڵێین ، دەوڵەتی بەعس دەستێکی باڵای هەبووە لە دروست کردن و لە دایکبوونی جۆرێک لە هاووڵاتی ، کە ناسیۆنالیستە عەرەبەکانی ئەم سەردەمە بە دوایدا دەگەڕان ، بەڵام (بەعس) بۆ ئەوەی ئەم جۆرە هاوڵاتیە دروست بکات ، پێش وەخت دەبوایە وڵاتێکی پڕ لە ترس و تیرۆری بخوڵقاندایە . کە لە حوزەیرانی ٦٧دا ، سەربازە میسریەکان تفەنگەکانیان فڕێ داو مەیدانەکانی نەبەردیان چۆڵ کرد ، سیستمێکی دەروونی و سیاسی و مێژوویی تایبەت لە پشت ئەو هەڵوێستەوە بوو ، بەڵام مانەوەی سەربازی عیراقی لە جەنگداو بۆ ماوەی هەشت ساڵ ، دیاردەیەکی نوێ بوو لە جیهانی سێهەمدا . بۆیە (سەمیر الخلیل) دەڵێت: جەنگی عیراقی - ئێرانی ، گرنگترین و ڕاستەقینەترین جەنگ بوو لە جیهانی سێهەمدا . بەڵام ئێستا ئاشکرایە کە سەربازی عیراقی بە هۆی (هەستی نیشتمان پەروەرانەیەوە) نەبووە کە هەشت ساڵ بەرگەی بەرەکانی جەنگی گرتووە ، بەڵکو بە هۆی میکانیزمە سامناکەکانی ناو کۆماری ترسەوە هەشت ساڵ لە خوێن و تاریکیو ترسدا دەمێنێتەوەو ناچاریشە جڵەو بۆ فەرمانڕەواکانی

شل بکات .

ئەلخەلیل لە سەرەتاوە گەلێک لە هۆکانی دەستپێکردنی جەنگی عیراقی - ئێرانی زەت دەکاتەوە . هەرگیز ناتوانین بڵێین ئەم جەنگە بە هۆی ناکۆکیەکانی سنوورەوە دەستی پێکردووە ، ناتوانین بیگێڕینەوە بۆ ڕەگ و ڕیشە نەژادیەکان و بۆ ئەو ڕقە مێژووییەی نێوان عەرەب و ئێرانیەکان لە پێش ئیسلامەوە تا سەردەمی ئیسلام . شۆفینیزمی ئێرانی و عەرەبی هەردووک دەورێکی باڵایان هەبووە لە خۆشکردنی جەنگدا ، بەڵام هیچ یەک لەم دوو شۆفینیزمە خاڵی سەرەتا نین ، وە هۆی هەڵگیرسانی ئەم جەنگە نین ، بەڵکو لە ڕاستیدا شۆفینیزم دوای بەرپابوونی جەنگ وەکو هێزێکی بزوێنی هزری و سایکۆلۆژی هاتە مەیدان.. لێرەوە (ئەلخەلیل) پێی وایە تەنها بە خوێندنەوەی ناوەوەی عەقڵی بەعس دەشێت هۆیەکانی جەنگ تێبگەین ، یان بە تێگەیشتن لە خەیاڵبازیەکانی سەدام و ئەو دونیا بینیەی لەناوەوە کۆنترۆڵی ئەم گەمە خەیاڵیانەیەی ئەو دەکات ، دەتوانین هۆیەکانی دەست نیشان بکەین .

سەمیر ئەلخەلیل پێی وایە لەسەرەتای هەشتاکاندا (سەدام حسێن) لە پلەیەکی هێندە باڵای دەستەڵاتدا بووە ، کە بۆخۆی تەنیا مەرجەعی بووە ، وەلەو باڵاتر نەیاسایەک ، نە هێزێک نەبووە .

لێرەوە (سەدام) بەرپرسیاری یەکەمی هەڵگیرسانی جەنگە . بەڵام (بۆ؟)... بێگومان وەڵامێکی سەد دەر سەد بڕندەو زامن لەبەر دەستدانیە . بەلام ئاشکرایە ئەوەیە کە ووێستیکی کوێرانەی خوێن ڕشتن ، جڵەوی (سەدام)ی دەکرد ، وە ئەو پیاوە بەدرێژایی ئەو کاتانە خەیالبازی و واقع نەبینیەکی سەیر زاڵ بووە بەسەریا .

لەکاتی سەرهەڵدانی جەنگی عیراقی - ئێرانیدا رژێم دەیووێست کەوا نیشان بدات هەڕەشەی شیعەو ئیسلامیەکان هەڕەشەیەکی ئێجگار گەورە بووە ، بەڵام ڕاستی تەواو پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوەیە ، چونکە ئاشکرایە کە نە هێزی شیعەو نە توانای ڕێکخراوەیی شیعەکان و ئیسلامیەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە دەوڵەت دەیووێست وانیشانیان بدات .... بەڵام لەڕاستیدا (سەدام حوسێن) ڕابوردوو و ئێستاش بەو جۆرە دەبینێت کە لە خەیاڵی خۆیدا پەروەردەیان دەکات ، نەوەکو بەشێوە واقیعیەکەی ، وەپێم وایە ئەگەر (ئەلخەلیل) بە شێوەیەکی وردتر بکەوتایەتە دوای ئەوهێزانەی کەوایان لە (سەدام) کردووە دونیا بەشێوەیەکی تایبەت ببینێت ، دەگەیشتە دەرنجامی وردتر وگرنگتر .

لە ڕاستیدا هەڵە کردن لەدیاری کردنی چارەنووس و دەرنجامی شتەکاندا سیفەتێکی سەرەکی فەرمانرەوایی (سەدام) بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خەیاڵبازیەهەمیشە لە ئاستێکی وادابووە کە هەرگیز (واقعیەتی) دەوڵەتی لای هاوولاتیان کەم نەکردۆتەوە . چونکە ئەرکی سەرەکی دەستگاکانی دەوڵەتی بەعسی ئەوەبووە ، لە ڕێگای تیرۆرو ڕێکخستن و بە ماتریاڵ کردنەوە ، ئەفسانەکانی بەعس بکەنە واقع . هەڵەکانی (سەدام) و ئەفسانەکانی توانای ئەوەیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە ، کە ملیۆنەها مرۆڤ و دەستگاکانی سەربازی وڕامیاری و بەڕێوەبەری بخەنەکار . گوڕینی (ترس) بۆ(ژیان) و گوڕینی (ئەفسانە) بۆ (واقع) ، یەکێکە لە سیاسەتە بنەرەتەکانی بەعسیزم . بەڵام ئەفسوس (ئەلخەلیل) چەند بلیمەتی دەدات لەدەستنیشان کردنی بارودۆخەکاندا هیندە کەمتەرخەمی گەورە نیشان دەدات لەدیاری کردنی میکانیزمی گۆڕینی ئەفسانەوترس بۆ واقع ، کە کارێکی ڕۆشنبیری گرنگی دەوێت .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەلخەلیل ، هەنگاو بەهەنگاو واقع نەبینیەکەی (سەدام) دەستنیشان دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش لە کتێبەکەیدا چەندەها نموونەی زیندوو دەهێنێتەوە ، بۆیە پێویستە هەموو عێراقییەک ، زیاد لەجارێک بیخوێنیتەوە ، چونکە تێنەگیشتن لە (بەعس) واتە دووبارەکردنەوەو چەند بارە کردنەوەی (بەعس) .

مایس ۱۹۹۲

ناموبوون

لە چیرۆکە کانیدا

حوسێن عارفدا

ڕەفیق سابیر

(چەند شەرمەبەزمانی زانایەکی بابەتی شتێک بکەم لەکاتێکدا
دەتوانم بەزمانی ئەزموونی تاکەکەسی بابەتی بکەم)


نیتشێ

سەرەتا


سەفەری ئەفسووناوی حوسێن عارف بە جیهانی چیرۆکنووسیندا ، سەفەرێکی پڕ لە داهێنان و موغامەرەی هونەری ، پڕ لە وردبوونەوەیە لە دەروونبەرو پشکنینی جیهانی ناوەوەی مرۆڤە .

حوسێن لە سەرەتای حەفتاکانەوە ، بە جیدی بابەتی نوێو تەکنیکی نوێ دادەهێنێت ، بە وزەیەکی داهێنەرانەوە بەشدارییەکی گەورەی پێشخستنی چیرۆکی کوردی دەکات .

لەهەر قۆناغێکی ئەم سەفەرەدا ئێمە بە لایەنێک یان چەند لایەنێکی جیهانی چیرو جەنجالی چیرۆکنووسینی حوسێن و کەسانی چیرۆکەکانی ئاشنا دەبین ، سەفەری حوسێن لە واقیع و باوڕو کۆمەڵەوە دەستپێدەکات ، بەرەو مرۆڤ و گومان ودنیای ناوەوەی مرۆڤ دەکشێت . لەدوا ئەنجامدا ، مرۆڤ بەلایەنە بەهێزو لاوازەکانییەوە ، بە ئەندێشەو خەون و ئایدیاڵ و ئاواتەکانییەوە ، بە نامۆبوونی بە خۆیو کۆمەڵ و واقیع دەبێتە ئامانج و نیاز ، لە هەمان کاتدا خولیاکانی پشکنین



حسین عارف



رفیق صابر

لەلای حوسێن ، لە پڕۆسەی بەردەوامبوونیاندا ، شێوە تایبەتییەکانی دەربڕینی خۆیان و فۆرمی هونەریی خۆیان دادەهێنن .

پێش ئەوەی مەسەلەی بەخۆنامۆبوونی مرۆڤ لە چیرۆکەکانی حوسێندا باس بکەم ، بە پێویستی دەزانم بە کورتی باسێکی نامۆبوون ، وەک چەمکێکی فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بکەم .

نامۆیی ، یان نامۆبوون Alienation مەبەست لەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ نامۆیانە لەگەڵ خۆیدا ژیان بەسەر دەبات ، یان ئەو بە خودی خۆی نامۆ دەبێت و ناتوانێت لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەردا ، بە جۆرێکی ئاسایی ژیانی سروشتی خۆی ، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی درێژە پێبدات . مرۆڤی نامۆبوو ، وەک ئێریک فرۆم دەڵێت ، پەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆیدا و بە هەمان شێوە پەیوەندیی لەگەڵ هەر کەسێکی دیکەدا لەدەست دەدات .(١)

نامۆبوون ، یان بەخۆ نامۆبوون وەک دیاردەیەکی باوی کۆمەڵایەتی و ،وەک ئەنجامێکی سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری ، کە حاڵەت و شێوەی بسیکۆلۆژی وەردەگرێ ، باس و لێدوانی زۆری لێکراوە ، هۆکارە جۆر بەجۆرە ئابووری و کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکانی

ڕوونکراونەتەوە ، لێرەدا ، پەیوەندی لەگەڵ باسەکەی ئێمەدا ، ڕەنگە باسکردنی حاڵەت و شێوەی بسیکۆلۆژیی نامۆبوون ، کە لە مرۆڤی بەخۆنامۆدا دەردەکەون ، لەباسکردنی هۆکارەکانی دیاردەکە گرینگتر بن ، چونکە هۆکارەکان هەرچییەک بن ، ئەوا حاڵەت و ئەنجامە پسیکۆلۆژییەکانی ، ئەگەرچی ڕەنگی کولتووریی خۆیان دەگرن ، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتری دەچن ، لێرەدا ، بەباشی دەزانم زۆر بە کورتی تەنیا بۆ چوار ڕای جیاواز (هێگل ، فوێرباخ ، مارکس و فرۆم) دەربارەی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە ئاماژە بکەم ، بەو هیوایەی دواتر باسی حاڵەت و ئەنجامە پسیکۆلۆژییەکانی نامۆبوون و ، باسی شێوەو حاڵەتەکانی بەخۆنامۆبوونی قارەمانی چیرۆکەکانی حوسێن بکەم .

هێگڵ ١٧٧٠ _ ١٨٣١ پێیوایە نامۆبوون واتە بەخۆ نامۆبوون . کاتێک مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەو جیهانە کۆمەڵایەتییەدا ببینێتەوە کە تێیدا دەژیت ، ئەوا بەخۆی نامۆ دەبێت . هێگڵ ، لە (فینۆ مینۆ لۆگی ڕۆح) دا ، بەخۆ نامۆبوون بە ساتێک ، یان شێوەیەک لە بزاڤی ڕۆح دەزانێت

پڕۆسەی نامۆبوون ،

بەلای مارکسەوە کۆمەڵێک ئەنجامی پسیکۆلۆژی

لێکەوتۆتەوە ، لەوانە : کرێکار بە کارەکەی خۆی ئامۆ بووە ، تاکەکەس لە ئاست ئەنجامی چالاکی خۆی لە نامۆیدا دەژیت، مرۆڤ بە خۆی و بە بەهای خۆی نامۆیەو لە ئەنجامدا لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە کێشەو ناکۆکییەوە . کاتێکیش مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا ناکۆک دەبێت ، ئەوا لە هەمان کاتدا لەگەڵ مرۆڤی دیکەشدا دەکەوێتە ناکۆکیەوە (٤) هەر بەم پێیە کاتێک مولکایەتیی تایبەتی شێوەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نامێنن ، چەوسانەوەی مرۆڤیش نامێنێت بەهەیش هۆکارە بابەتییەکانی پرۆسەی نامۆبوون لە ناو دەچن ، چونکە خود (زات) کە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە بابەتییەتی خۆی دەسەلمێنێت ، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەبابەتی بوونەکە بۆ خودە بەرهەمهێنەرەکە دەگەڕێتەوەو دەبێتە مولکی ئەم ، مولکی کەسێکی دی .

فرۆم ١٩٠٠ _ ١٩٨٠ ئەو تێزەی مارکس گەشەپێدەدات و تەنیا لە سنووری کاردا نایهێڵێتەوە ، بەڵکو ناوەڕۆکێکی نوێی پسیکۆلۆژی پێدەدات و ، بە پەیوەندی لەگەڵ گەشەکردنی هوشیاریی خۆیی مرۆڤ و ، ستروکتوور و کارەکتێری کۆمەڵایەتی و خاسییەتی کۆمەڵگای نەخۆش دیاردەکە باسدەکات .

پێشکەوتنی مرۆڤایەتی مرۆڤی بەرەو ئەوە بردووە کە هوشیاری خۆیی (خۆناسین) و زانیاری دەربارەی خۆی و شتەکان زیاتر بێت . بۆیە مرۆڤ تەنیا بەوە داناکەوێت کە پێداویستییە بیۆلۆژییەکانی خۆی (خواردن ، خواردنەوە ، سێکس) دابین بکات ، بەڵکو دوای دابینکردنی ئەم پێداویستییانە مرۆڤ ، وەک بەشێک لە سروشتی خۆی ، و وەک ئەنجامێکی خۆناسین و هوشیاریی خۆیی ، بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت و پێداویستی نوێی بۆ پەیدا دەبن . ئەم پێداویستییانە ، بۆ هەرکەسێک کە لەم ئاستەی هوشیاری و گەشەکردنەدا بێت ، بنچینەیین و هێندەی پێداویستییە بیۆلۆژییەکان گرینگن . بۆیە پێویستە کۆمەڵگا خۆی لەگەڵ مرۆڤ ، وەک ئیندیڤید ،و لەگەڵ پێداویستییەکانیدا

بگونجێنێت .

پێداویستییەکانیش لەلای فرۆم ئەمانەن : ئا- دۆستایەتی و دامەزراندنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی . بێ - پێداویستیی مرۆڤ تا خولقێنەرو داهێنەرێکی چالاک بێت . پێ - پێداویستیی هەستکردن بە کۆمەک و ئارامی . تێ- کەسایەتی (ئیدێنتیتێت) ، وەک بەرهەمی خۆناسین و هوشیاریی خۆیی مرۆڤ. جێ - خۆڕاهێنان Orientation یێکی ماقوڵ و ئینتێلێکتوێلانە لەگەڵ واقیع و جیهان . (٥) .

هەر کۆمەڵگایەک نەتوانێ ئەم پێداویستییە نوێیانە دابین بکات ، ئەوا زیانی ڕۆحی مرۆڤ بە شێوەی جۆر بەجۆر دەشێوێنێت و تێکدەدات و مرۆڤ بەرەو بەخۆنامۆبوون دەبات ، بۆیە ئەم کۆمەڵگایە ، وەک فرۆم دەڵێت ، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە .

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا مرۆڤ بەهۆی ئەو وزە کۆمەڵایەتیانەوە نامۆ دەبێت کە چارەنووسی کۆمەڵگاو مەرجەکانی ژیانی هەریەک لەوانەی تیایدا دەژین بڕیار دەدەن . بێپشتیوانی و بێدەسەڵاتی ئێمە ، لەڕووی ئەو هێزانەی حوکمڕانیمان دەکەن ، بەڕوونی لەکاتی کارەساتەکانی وەک دێپرێشیونی ئابووری و شەڕدا خۆیان دەردەخەن (٦) .

ئەم بۆچوونەی فرۆم ، مەودایەکی فراوانتر بە هۆکارەکانی بەخۆنامۆبوون دەدات ، چونکە دیاردەکە تەنیا لە سنووری کۆمەڵگای پیشەسازیی سەرمایەداریدا ناهێڵێتەوە ، بەڵکو لەهەمان کاتدا، بە پەیوەندی لەگەڵ ستڕکتووری کۆمەڵ و ڕۆڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەم پرۆسەیەدا ، مەودایەکی جیهانیی پێدەدات . واتە دیاردەکە ، ئەگەر چی لە بنەڕەتدا بەرهەمی کۆمەڵگای سەرمایەداریی پیشەسازییە بەڵام ، وەک زوربەی دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵی سەرمایەداری ، مەودایەکی جیهانیی بەخۆگرتووە. هەر بەم پێیەش دەشێت لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی دیکە حاڵەتی تایبەتی وەربگرێت .

بەخۆنامۆبوون پرۆسەی نامۆبوون وا لە مرۆڤ دەکات کە پەیوەندیی لەگەڵ خودی خۆیدا لەدەست بدات . مرۆڤی نامۆ لە دۆخێکدا دەژیت کە (من) گۆڕدراوە بە شت Thing ، مەبەست لە گۆڕانی (من) بەشت ئەوەیە کە (من) پەیوەندییەکی

داهێنەرانەی لەگەڵ خۆیو لەگەڵ کەسانی دی و جیهانی دەرەوەیدا نامێنێت . بەم پێیە (من) دەبێتە شتێکی پاسیف و جیهانی دەرەوە کاری تێدەکات ، کەچی لای مرۆڤی ئاسایی (من) چالاکانە بەرخورد دەکات تا بەردەوام کار لە دەوروبەروو جیهانی دەرەوەی خۆی بکات . فرۆم دووپاتی دەکاتەوە کە گۆڕینی مرۆڤ بۆ کەلوپەل و کالا واتا مردنی (من) لە مرۆڤدا .. واتا مردنی هەموو هەستەکانی (من) لە مرۆڤدا ، چونکە کەلوپەل یان شمەک ، (من) ی نییە .

ناموبوون ، یان بەخۆ ناموبوون تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی و ئابووری نییە ، بەڵکو لەهەمان کاتدا پرۆسەیەکی پسیکۆلۆژیشە ، چونکە حاڵەت و شوێنەکانی ناموبوون ، وەک دیاردەیەکی سوبێکتیڤی ، لای مرۆڤ دەنگدەنەوە . (م.سلیمان)، بە پەیوەندی لەگەڵ حاڵەتی پسیکۆلۆژی مرۆڤی تاک ، پێناسەی ناموبوون دەکات . لە تێزێکی خۆیدا دەربارەی ناموبوون (١٩٦١) پێنج کاتێگۆریی جیاوازی ناموبوون ، وەک حاڵەتێکی سوبێکتیڤی و ، بەخۆناموبوونی مرۆڤ ، باسدەکات : بێدەسەڵاتی ، بێمانایی ، بێپێودانگیی Normlessnes ، گۆشەگیری و ناموبوون لە ئاست خۆدا (٧) .

ئەم کاتێگۆریانە ، کە ناوەڕۆکێکی پسیکۆلۆژییان هەیە نەک سۆسیۆلۆژی ، ژان و ئەندێشەی مرۆڤی ناموو حاڵەتە پسیکۆلۆژییەکانی بەخۆناموبوون و پەیوەندیی مرۆڤی تاک بە کۆمەڵ و شتەکانەوە پێشاندەدەن . ڕەنگە ئەمەشیان ، وەک تێزەکەی فرۆم ، بۆ باسەکەی ئێمە گرینگ بێت .

﴿ ٢ ﴾

دەکرێت ڕەوتی چیرۆکنووسین و سەفەری حوسێن عارف بە جیهانی چیرۆکنووسیندا ، بکەین بە سێ قۆناخی سەرەکییەوە :

قۆناخی یەکەم - لە کۆتایی پەنجاکانەوە تا کۆتایی شەستەکان .

قۆناخی دووەم - لەسەرەتای حەفتاکانەوە تا ناوەڕاستی حەفتاکان.

قۆناخی سێیەم - لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە تا ساڵانی نەوەد .

دیارە ئەم دابەشکردنە زیاتر مەسەلەیەکی مێتۆدۆلۆژییە ، هەروا مەبەست لەبابەتی سەرەکی و لایەنی زاڵی هونەریی چیرۆکەکانە لەو قۆناخانەدا . دەنا ناتواندرێ خەتێکی دابڕ بەنێوان ئەم قۆناخانەدا بکێشرێت ، بە تایبەتی لەنێوان قۆناخی دووەم و سێیەمدا ، کە زیاتر لە دوو بەشی قۆناخێک دەچن ، تا لە دوو قۆناخی سەربەخۆ ..

قۆناخی یەکەم :

(لەکۆڕی خەباتا) ناوی یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی حوسێن عارفە ، کە لە ساڵی ١٩٥٩ دا بڵاوکراوەتەوە . لێرەدا حوسێن سەرقاڵی مەسەلە ئایدیۆلۆژی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕۆژانە بووە . یان بەشێکی چالاک بووە لەو کەش و هەوا ئەدەبییە - سیاسییەی کە لە کۆتایی پەنجاکاندا ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی لە باشووری کوردستان و ، بگرە ئەدەب و ڕۆشنبیریی عیراقی تەنیبوو .

لەو سەردەمەدا ، بەهۆی ئەو ڕووژانە سیاسییەی کودێتای تەموزی ١٩٥٨ لە عیراق و کوردستاندا نابوویەوە ، ئەدەبی کوردی کەوتبووەوە ژێر لافاوی ئەدەبی سیاسی و دروشم و هوتافاتەوە . ئەدەب ئەو کاتە ، لای زۆربەی تەواوی نووسەرانی کورد ، ئەدەبی ناوەڕۆک بوو ، یان ئامرازێ بوو ، کە بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەخرایە گەڕ . زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە ، یان ئەدەبی ڕیالیزمی فۆتۆگرافییین ، کە بەچاوی کامێڕا (بەڵام زۆرجار کامیرایەکی لایەنگر) وێنەی دیوی دەرەوەی گیرو گرفت و ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ و ڕووداوەکانیان کێشاوە ، یان ئەدەبی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژانە بووە . یان بەشێکی چالاک بووە لەو کەش و هەوا ئەدەبییە - سیاسییەی کە لە کۆتایی پەنجاکاندا ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی لە باشووری کوردستان و ، بگرە ئەدەب و ڕۆشنبیریی عیراقی تەنیبوو .

لەو سەردەمەدا ، بەهۆی ئەو ووروژانە سیاسییەی کودێتای تەموزی ١٩٥٨ لە عیراق و کوردستاندا نابوویەوە ، ئەدەبی کوردی کەوتبووەوە ژێر لافاوی ئەدەبی سیاسی و دروشم و هوتافاتەوە . ئەدەب ئەو کاتە ، لای زۆربەی تەواوی نووسەرانی کورد ، ئەدەبی ناوەڕۆک بوو ، یان ئامرازێ بوو ، کە بۆ مەبەست و ئامانجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەخرایە گەڕ . زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە ، یان ئەدەبی ڕیالیزمی فۆتۆگرافییین ، کە بەچاوی کامێڕا (بەڵام زۆرجار کامیرایەکی لایەنگر) وێنەی دیوی دەرەوەی گیرو گرفت و ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ و ڕووداوەکانیان کێشاوە ، یان ئەدەبی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژانە بووە . یان بەشێکی چالاک بووە لەو کەش و هەوا ئەدەبییە - سیاسییەی کە لە کۆتایی پەنجاکاندا ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی لە باشووری کوردستان و ، بگرە ئەدەب و ڕۆشنبیریی عیراقی تەنیبوو .



ئەگەرچی لەو سەردەمەداو تا کۆتایی شەستەکان ، حوسێن زیاتر سەرقالی کاری سیاسی بووە ، بەڵام سەرەتاکانی حوسێن ، وەک دەنگێکی ئەدەبیی تایبەت و بەجیا هەڵکەوتوو ، بەرهەمی ئەو قۆناخەن . لەم قۆناخەدا حوسێن بابەتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەردەگرێت .

قارەمانی چیرۆکەکانی کەسانی ئاسایی کۆمەڵن ، کە ئێمە کەمتر سەرنجمان بۆ لایان دەچێت . بە زمانێکی شەفاف و سادەو بە شێوە تەکنیکێکی کلاسیکیی مۆباسانی چیرۆکەکانی دادەڕێژێت . (چایەکی شیرین ، میمکەهۆلێ ، لە پۆژێکی سەختدا ، دوژمنەکەی مام قیتەڵ و شالاوی دڵ ..) ، کە سەرەتای ئادگاری چیرۆکنووسانەی حوسێن دەردەخەن لەم نمونانەن .

لە کۆتایی شەستەکانەوە حوسێن دەستبەرداری کاری سیاسیی - حزبی دەبێت و بەتەواوی خۆی بۆ کاری ئەدەبی و داهێنان تەرخان دەکات . ئەو بە تێڕوانینێکی نوێ بۆ کاری هونەری و ، بە وزەیەکی داهێنەرانەی نوێ و بە تەکنیکێکی هونەریی تایبەتەوە دەیەوێت سەرەتایەکی نوێ بۆ خۆی و بۆ چیرۆکی کوردی دابێنێت ، لامواییە چیرۆکی (خوویەکی پوچ ١٩٦٩) سەرەتای ئەم تەقەلا نوێیە بێت.

قۆناخی دووەم:

لەسەرەتای جەفتاکاندا حوسێن ڕوو لە تاقیکردنەوەیەکی نوێی ئەدەبی دەکات، مەسەلەی داهێنانی تەکنیکی نوێی هونەری و نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی ، دەبنە ناوەندی بیرکردنەوەو خولیا ئەدەبیەکان ، سەرەتای ئەم تەقەلا هونەرییەش ، دیسان لە واقیعەوە دەستپێدەکات . بەڵام کام واقیع ؟

لەو سەردەمەدا ، کارەساتەکانی شەڕی دەساڵەی باشووری کوردستان (١٩٦١ _ ١٩٧٠) بەشێکی گورەی بیرکردنەوەو بەرهەمەکانی حوسێن دەگرن . ئەو لە ڕێگەی کۆمەڵێک چیرۆکەوە وێنەیەکی ووردی بارودۆخی سەختی ئەو ڕۆژانەو وێنەی ژیانی مرۆڤی سادەو ئاسایی کورد ، لە سایەی شەڕدا ، دەکێشێت .

حوسێن دەیەوێت پێمان بڵێت کە مرۆڤ لەسایەی شەڕدا ، لەبڕیارو ڕەفتارەکانیدا ، ئازاد نییە . لەوەیش زیاتر تەنانەت چارەنووسی بەڕێکەوت و ڕەوتی ڕووداوەکانەوە بەستراوەتەوە ، هەر ئەم ڕێکەوتەیە لە چیرۆکی (نان و کەوەری خوێناوی) دا حەمەی کۆڵەهەڵگر ، کە مرۆڤێکی ئاسایی و سادەیە ، بەئاگری شەڕ دەسوتێنێت ، بێ ئەوەی خۆی شتێک لە هۆکارەکانی شەڕەکە تێ بگات . یان خازەو براکەی لە چیرۆکی (خازەش مرد) بە بۆردمان جوانەمەرگ دەبن . یان لە (چاڵی جەرگی پیرێژن) دا ، دەیان دایک بەهەمان ڕێکەوت لە کوشتارە بە کۆمەڵەکەی ساڵی ١٩٦٣ ی سلێمانی جەرگسوتاو دەکرێن ، هەر هەمان ڕێکەوت و تراژیدیا لە چیرۆکی (ڕووی کردەوە شاخ) (هەشت) یەکێک لە کەسانی چیرۆکەکە ناچار دەکات ، بۆ خۆپاراستن لە دەستدرێژی و سووکایەتی سەربازی داگیرکەر ، ڕووبکاتەوە شاخ .

حوسێن ، لەنیوەی یەکەمی حەفتاکاندا ، لە ڕێگەی کۆمەڵێک چیرۆکەوە ئەندێشەو تراژیدیای مرۆڤی کورد بە پەیوەندی لەگەڵ شەڕدا باسدەکات. ئەم چیرۆکانە بەشێوەیەکی چڕو تەکنیکی تایبەتی نووسراون ، دەڵێی هێشتا شپرزەیی و ژانی ڕۆژە سەختەکانی شەڕو بۆردمان

و قلیشانەوەیان پێوە ماوە .

تەکنیکی چیرۆکەکان نوێ و جیاوازن . نووسەر خۆی لەباسکردنی وردو فرەلایەنەی شتەکان بەدوور دەگرێت و ، زیاتر بایەخ بە جەوهەر دەدات . بەکارهێنانی ڕستەی کورت و ڕاستەوخۆ ، دوورکەوتنەوە لە وەسفی شوێن و شێوەو ڕوالەتی کەسەکان و بەکارهێنانی دیالۆگی چڕو کورت بەرچاوترین خاسییەتی تەکنیکی ئەم چیرۆکانەن . ئێمە لە ڕێگەی دیالۆگ و مۆنۆلوژ ، جارجار بەهۆی بیرکردنەوەی کەسانی چیرۆکەکانەوە ، نەک لە ڕێگەی گێڕانەوەو وەسف و وێنە کێشانەوە ، ئاشنای کەسانی چیرۆکەکان دەبین ، دەزانین ئەمانە چ کارەن ، خەڵکی شارن یا لادێ ، هەژارن یا دەوڵەمەند ، خوێندەوارن یان نەخوێندەوار ، هەر لەم ڕێگەیەوە ئاشنای خەون و خەم و ئامانج و ئاواتەکانیان دەبین .

حوسێن لەم چیرۆکانەیدا دەیەوێت بە کەمترین پەیف زۆرترین لایەنی کەسانی چیرۆکەکانی باس بکات ، گوزەران و هەندێک لایەنی ژیانی سایکۆلۆژیی مرۆڤەکانی سەردەمی شەڕو تێکشکانی جەستەیی و ڕۆحییان دەربخات . ئەو بە پێچەوانەی هەندێک نووسەری تر، لایەنی تراژیدیانەی شەڕو ئاکامە فیزیکی و ڕۆحییەکانی سەرنجی ڕاکێشاون ، نەک ئەو نەبەردیانەی کە مرۆڤ و پێشمەرگەکان لەسەردەمی شەڕدا بەرامبەر بە دوژمن دەینوێنن . لەو چیرۆکانەوە دەردەکەوێت کە نووسەر دەیەوێت سەرقاڵی مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤ بێت ، خەم و شادی و تراژیدیاکانی ژیانی مرۆڤی سەردەمی شەڕی مەبەستە ، نەک هەڵنانی کرداری پاڵەوانانەی مرۆڤەکانی ئەو ڕۆژە سەختانە . بۆیە ئەم خۆی لەئەدەبی بەرگری و لەو جۆرە نوسینە پاڵەوانبازییە دوور خستۆتەوە کە بەناوی ئەدەبی بەرگریی و شۆڕشگێڕییەوە هێنرانە بەرهەم .

کەسانی چیرۆکەکانی حوسێن نەعەنتەرن نە ڕۆستەم ، نە تانکشکێن و سەنگەرگرن نە ئاگر خۆر ، ئەوان کەسانی ئاسایی کۆمەڵن کەشەڕ بە درندانەترین شێوە دەیانهارێت . ئەوان پێش هەر شتێک مرۆڤن ، بۆیە خەمدەخۆن و دەگرین ، پێدەکەنن ، دەترسێن ، خەوندەبینن و شەیدای ژیانی ئاشتی و ئارامین ، بەڵام لە کات و شوێنی خۆیدا دەشێت نەترسیش بن ، سوکایەتی قبووڵ نەکەن ، بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆیان (ڕووبکەنەوە شاخ) ، یان لەوپەڕی کەمتەرخەمییاندا بەرامبەر بە ژیان کەچی لەئاستی ستەمدا بەدەنگ بێن .

لە چیرۆکی (خوویەکی پووچ) دا ئەگەرچی قارەمانی چیرۆکەکە گاڵتەی بە ژیان و بوون دێت و پێی وایە کە (مرۆڤ لە ژیاندا ئاسنی سارد دەکوتێ و دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە) (٩) کەچی ئەم کەمتەرخەمی و بێباوەڕییەی بەژیان وای لێناکەن کە بەرامبەر بە سستەم و بە تەنگەوە هاتنی مرۆڤ لەکاتی تەنگانەدا کەمتەرخەمبێت ، بۆیە کاتێک هەمەی شاگرد چایچی ، کە (زەحمەتکێشێکی ئازارچەشتووی ئەم ژیانە ناهەمواریە) بەناڕەوا لە چایخانە بەرشەق وزلە دەدرێت ، ئەم (لەئاستی ئەم ستەمکارییەدا خۆی پێڕاناگیرێت وسەربادانی کەمتەرخەمی و زەردەخەنەی گاڵتە پێهاتنەکەی لەبیر دەچێتەوە) و پشتگیری هەمە دەکات .

ئەم قۆناخە سەرەتایەکە بۆ سەفەرێکی نوێی پڕ لە داهێنان ، یان بەشێکە لەقۆناخێکی کە لەساڵی ١٩٧٦ بەدواوە دەست پێدەکات .

قۆناخی سێیەم :

بەڕای من ئەم قۆناخەیان گرنگترین و کاریگەرترین سەردەمە لە ڕەوتی چیرۆکنووسینی حوسێن عارفدا ، چونکە بابەتی چیرۆکەکانی گۆڕانێکی قوواڵتریان بەسەر دادێت . حوسێن ، بە ئەزموونێکی زێدەتری چیرۆکنووسین و بیرێکی فەلسەفی ڕوونتروە درێژە بە گەشتە سەختەکەی دەدات . ڕوو لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و نامۆبوونی مرۆڤ دەکات و سەرقاڵی لایەنی سایکۆلۆژیی وڕۆحیی و خەمە ئینسانیی و فەلسەفییەکانی مرۆڤ دەبێت .

هەر بەم پێیەش تەکنیک و لایەنی هەنەری چیرۆکەکان دەگۆڕدرێن . لە دیالۆگەوە بۆمۆنۆلۆگ و خەون و فلاشباک و تەوژمی هۆش و بەدوای یەکداهاتنی بیرەکان (تداعی - Assosiation) ، لەباسکردنی کورت و خێرای حاڵەت و وەزعی بەرچاوی کەسەکانەوە بۆ شۆڕبوونەوە بەرەو ناخیان و دەرخستنی بیرکردنەوەو خەیاڵ و جیهانی

ڕۆحییان . گیروگرفتە ڕۆحی فەلسەفییەکان مرۆڤی سەردەم و مەسەلەی بوون و نەبوون جێگای کارەساتەکانی شەڕو مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەگرنەوە ، مرۆڤ جێگای ئایدیۆلۆژیا ، گومان جێگەی باوەڕ ، تەنیایی جێگای تێکەڵبوونی خەڵک ، خەون و ئایدیاڵی بەرز جێگای واقیع دەگرنەوە . هەر بەم پێیە مرۆڤ ، بەتایبەتی مرۆڤی ڕووناکبیر ، وەک تاک و ئێندیڤید ، وەک بوونەوەرێکی جەنجاڵ و جیهانێکی پڕ لە خەون و ئەندێشەو حەسرەت و ئاوات ، دواجار وەک کەسێکی بەخۆنامۆی ناو کۆمەڵگای ستەم دەبنە بابەتی سەرەکی چیرۆکەکانی .

سەرەتای ئەم گەشتە بەردەوامە لە چیرۆکەکانی (خۆڵ و باران و پاییز، مەرگی نابینێ و سمۆرە)ەوە دەستپێدەکات ، بە(گەلەگورگ) دا دەگاتە ڕەتدەبێت و لە (ئەندێشەی مرۆڤێک) دا دەگاتە قۆناخێکی دوورتر . ئەم گەشتە نوێیە تەنیا گەشتێکی هونەریی ڕووت نییە ، بەڵکو گەشتێکی مەعریفی و فەلسەفیشە ، کە لە پرۆسەی خۆیداو ، بە پشتبەستن بە زانین و ڕۆشنبیری و ئەزموونەکانی ژیان و چیرۆکنووسیی ، گەشە دەکات و بەرەو پێگەیشتن دەڕوات . لە پرۆسەی گەشەکردنەکەدا حوسێن پەنا بۆ چیرۆکی درێژو ڕۆمان ، وەک مەیدانێکی فراوانی دەربڕین ، دەبات .

قارەمانی چیرۆکی (سمۆرە - فابریوەری ١٩٧٧) هیوای ئەوەیە کە (زۆرترین ژمارە لە نهێنییەکانی بوون دەرک پێبکات و لە کارو ڕەفتارەکانیدا ئاگاداریان بێت) ، (١٠) کەچی دوانزە ساڵێک دواتر سەبری ، قارەمانی ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێک) ، بەهۆی تێڕوانینی فەلسەفییانەی بۆ ژیان و گیروگرفتی زانین و ناسینی کۆمەڵ و مرۆڤەوە ئازار دەچێژێت و دەرکپێکردنی (گرفتی نهێنییەکانی ژیان و بوون و نەبوونی لێ بۆتە ئەندێشەیەکی شێرپەنجەیی و پێوەی دەتلێتەوە.) (١١) ئەگەر لە قۆناخەکانی پێشوودا نووسەر زیاتر باسی مرۆڤە ئاساییەکانی کۆمەڵی کردبێت ، ئەوا لەمەودوا ڕوو لە مرۆڤە هۆشیارو ڕووناکبیرو ئایدیالیستەکان دەکات ، ئەوانەی لە دۆزەخی هۆشیاریدا دەژین و پرینسیپ و فەلسەفەی خۆیان بۆ ژیان هەیە . قارەمانی ئەم چیرۆکانە ، بە تایبەتی لە(گەلە گورگ) و (ئەندێشەی مرۆڤێک) دا بە هۆی هوشیاری و پرینسیپ و ئایدیاڵ و ڕەوشت و ڕەفتاری جیاوازیانەوە ، ناتوانن خۆیان لەگەڵ (مێگەل) و کۆمەڵدا بگونجێنن ، بۆیە هەمیشە تەنیان و لەژان و ئەندێشە و ئازارێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتیدا دەژین ، بەزمانێک دەدوێن کەبەکۆمەڵ وسەردەم ناموێە . ئەوان ، کەشتێک بە مێگەل و ڕەوشتی باوی کۆمەڵەوە نایانبەستێتەوە ، بەناچاری ڕوو لە گۆشەگیری وتەنیایی دەکەن . بەرەوناخی خۆیان دەگەڕێنەوەوبەردەوام لەگەڵ خۆیاندا دەپەیقن . دیالۆگی ئەوان پەیقێنێکی مەعریفی و فەلسەفی وئەخلاقییە ، دیالۆگە لەگەڵ ڕۆحێکی تەنیای پڕ لەژان و ئەندێشەو خەون و هیوای بەرزی ئینسانی ، بەکورتی ئەوان کەسانێکن هوشیار ، بەڵام بە خۆیان و بە دەوروبەرو کۆمەڵ ناموێن .

﴿ ٣ ﴾

دیاردەی ناموێبوون و بەخۆنامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا ، بەرهەمی بارودۆخێکی ئابووری / کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کۆمەڵگای کوردستانە ، کە شێوەو حاڵەتە پسیکۆلۆژییە تایبەتییەکانی خۆیان وەرگرتووە ، ئەم پرۆسەیە ، لە واقیعێکی کۆمەڵایەتییدا سەرهەڵدەدات کە کۆمەڵگا نەک هەر پێداویستییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ دابین ناکات ، بەڵکو لە ڕێگەی جۆرەها ستەمی کۆمەڵایەتی ،سیاسیی و ئایینییەوە مرۆڤەکان گەمارۆ دەدات و کەسایەتییان تێکدەشکێنێت . نەبوونی دیموکراتی ، دەوڵەتی تۆتالیتێری ، دۆزەخی شەڕی داسەپاوی دەوڵەتی عیراق بەسەر کوردستاندا ، تیرۆرو دەسەڵاتی داگیرکەری بێگانە بەسەر کۆمەڵدا ، سەرەڕای دابونەریتیی دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتی و فشاریی خێڵەکییانە .. تێکڕای ئەم دیاردانە سترکتوور و میکانیزمی کۆمەڵگای ستەمیان لە کوردستاندا پێکهێناوە . ئەم کۆمەڵگایە، کە دەکرێت ، فرۆم گوتەنی ، بە کۆمەڵگای نەخۆشیش ناوببرێت . هەموو کەرەسەو بابەتەکانی بەخۆنامۆبوونی ڕەخساندووەو ، وەک کارخانەیەکی گەورەی تێکشکان و بە خۆ نامۆبوونی مرۆڤی لێهاتووە.

پرۆسەی بەخۆ نامۆبوون ، لە چیرۆکەکانی حوسێندا ، بە جۆرێکی سروشتییانەو ، لە پرۆسەی زەمەنی خۆیدا ، رەوتی پێگەیشتنی خۆی وەردەگرێت . سەرەتا تێگەیشتنی دیاردە نێگەتیف و پرینسیپەکانی کۆمەڵ ، قارەمانەکە بەرەو تەنیایی و گۆشەگیری دەبات ، لەوێشەوە بەرەو حاڵەتە پسیکۆلۆژییەکانی دیکەی نامۆبوون ڕاپێچی دەکات ، وەک حاڵەتەکانی کەمتەرخەمی ، بەدگومانی ، بێدەسەڵاتی ، ژان و ئەندێشەی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ، پاسیڤبوون و بایەخنەدان بەشتەکان و دیاردەکان ، کە تێکڕایان بەخۆ نامۆبوون و ئەزمەیەکی قوواڵی فیکریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی بۆ قارەمانەکان دروستدەکەن ، بەکورتی بەخۆنامۆبوون قارەمانەکان لەگۆشەگیرییەوە تا ڕۆخی شێتبوون دەبات ، وەک دواتر باسی دەکەین .

هەڵبژاردن لە نێوان دوو جۆر گورگدا

گەلە گورگ ، ١٩٨٢ ، کەلامواید کا ئەو کاتە درێژترین چیرۆکی بڵاوکراوەی حوسێنە ، باسی مرۆڤێکی ڕووناکبیر دەکات ، بارام ، کە دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵییە ، ئەو کەسێکە بە کۆمەڵ نامۆیە ، بە ڕادەیەک لە کۆمەڵ و دەوروبەر بێزارە کە بڕیار دەدات ، وەک تاکە کەس ، خۆی لە کۆمەڵ دابببڕێت ، تا بە ئارامی و گۆشەگیرانەو بەدوور لە (گورگە دووپێیەکان) ژیانی خۆی بەسەر بەرێت . لە جێگایەکی دوور لە ئاوەدانی خانوویەک دروستدەکات و ، لەگەڵ ئایشی ژنی و دوو منداڵەکەیدا گۆشەگیرانە درێژە بەژیانی خۆی دەدات . هەروا بڕیار دەدات (مەملەکەتەکە) ی بکاتە بەهەشتێکی بچکۆلانەو نەهێڵێت هیچ کام لە گورگە دووپێیەکان پێ بنێنە ناوی ، تا نەهێڵێت لە ڕێگەی ئەوانەوە (میکرۆبی کوشت و بڕو دزی و درۆزنی و فرت و فێڵ و زۆر و جەور لە مەملەکەتەکەیدا گەرا بکەن) (١٢) ، چونکە بارام ، وەک خۆی دەڵێت ، لەتاو ئەم جۆرە کارو کردەوانەیان هەڵاتووەو بەخۆی و ماڵ و منداڵییەوە گۆشەگیر بووە .


بەڵام دوای هەشت مانگێک گۆشەگیری و ژیانی دوور لە ئاوەدانی ، لەچلەی زستانێکی پڕ لە زریانی چەند ڕۆژە ، شەوێک گەلەگورگێکی برسی دەورەی ماڵەکەی بارام دەدەن و تەنانەت دەیانەوێت لە دەرگاو پەنجەرەو کولانەی سەربانەوە خۆیان بگەیەننە ناو ژووری ماڵەکەی .

کێشەی سەخت و سامناکی بارام و ژنەکەی لەگەڵ گەلەگورگەگەدا تا دەرکەوتنی سپێدەی بەیان درێژەی دەبێت . بەڵام ئەم شەوە ئەوەندە درێژو سامناک و تۆقێنەر دەبێت ، کەبارام دێنێتە سەر ئەو باوەڕەی (مەملەکەتەکە)ی بەجێبێڵێت و لەنێوان مەترسیی گورگی دووپێ و گورگی چوارپێدا ، بەناچاری ژیانی ناو گورگی دووپێ هەڵبژێرێت .

لەم چیرۆکەدا حوسێن باس لە فەلسەفەی تاکەکەس دەکات وەک شێوە ڕێبازێک بۆ چارەسەری ئەزمەی نێوان مرۆڤی تاک و کۆمەڵ . هەروا وێنەی زستانێکی سەختی پڕ لە زریان و شەوێکی سامناکی بە گەلە گورگ گەمارۆدراو و ، وێنەی ترس و غایەلەی بارام و ئایش ، لە ڕووی شالاوی گەلەگورگدا ، دەکێشێت ، هێندە بە وردی وەسفی سات بەساتی حاڵەتی دەروونیی و ڕەفتارەکانیان دەکاتە خوێنەر لەگەڵ ئەواندا هەست بەترس و لەرەو هەڵپەی تۆقێنەری گورگەکان دەکات ، لەگەڵ ئەواندا دەبیستێت کە گورگەکان لەودیوی دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە چۆن بە لمۆز و چرنووکیان پەلاماری دەرگاو پەنجەرە دەدەن تا بێنە ژوورەوە . کێشەی سەخت و پڕ لە خۆڕاگری و ترس و ئازایەتی ئەوشەوەی بارام لەگەڵ گەلەگورگەکەدا ئاستێکی هێندە دراماتیکییانەی پێدراوە ، کە کێشەو سارکەشنیی سانتیاگۆی قارەمانی ڕۆمانی (پیرەو دەریای) ئێرنێست هێمنگوای لەگەڵ نەهەنگەکاندا ، دێنێتەوە یاد .

لە دیدارێک لەگەڵ حوسێن عارفدا ، گۆران مەریوانی پێیوایە کە(گەلەگورگ زێدەتر ئەسالەت و کولتوورو هونەری ئەوروپایی گرتۆتە خۆ . بیری دنیای، فیلم و - بۆ نموونە هیچکۆک - و نووسەرە ڕیالیزمە نوێکانمان دەخاتەوە . چۆن فەلسەفەی : (تاک) Individ (هاونیشتمانییەک) یاخی دەبێ و چۆن مل دادەنەوێنێ یان ناینەوێنێ - جاک لۆندۆن ، هێمنگوای) (١٣) .

نامۆبوونی بارام لە سنووری سەرەتای نامۆبوونێکی کۆمەڵایەتیدا دەمێنێتەوەو حاڵەتێکی



پسیکۆلۆژی وەرناگرێت ، چونکە بە تەنیا ناژیت ، لەوێش زیاتر گۆشەگیربوونەکەی تەنیا هەشت مانگێک درێژە دەکێشێت ، کە لەو ماوەیەدا بارام زیاتر خەریکی کاری فیزیکی ، دروستکردنی مەملەکەتەکەی ، دەبێت . فریای ئەوە ناکەوێ بچێتە خەلوەتەوە ، تا بە قوڵی بیر لە مەسەلەکان بکاتەوە ، پرۆسەی نامۆبوونەکەی ڕەوتی سروشتی خۆی درێژە پێبدات . کەچی مەسەلەی نەگونجان لەگەڵ کۆمەڵ و نامۆیی مرۆڤ لە ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێک) دا مەوداو ڕەهەندێکی دوورترو قوڵتر بە خۆیان دەگرن .

ئەگەر چی ڕیشەی ئەندێشەو گیرو گرفت و ژانە ڕۆحییەکانی بارام و سەبری بە هەمان زەمینەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و فەلسەفیدا ڕۆچوون ، بەڵام گۆشەگیری و تەنیایی سەبری ، خۆیان دەبنە شێوەیەکی دیکەی ژان و نامۆبوون . لای سەبری مەسەلەکە لەوە دەرچووە کە بە خۆ دابڕین لە (گورگە دووپێیەکان) چارەسەر بکرێت . بەڵکو ئاستێکی دی وەرگرتووە .

لێرەدا دەکرێت باس لە دوو ئاستی بەخۆ نامۆبوون بکەین :

یەکەم - نامۆبوونێکی سەرەتایی : بارام و سەبری هەردوکیان لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەردا ناگونجێن . بەکۆمەڵ نامۆ دەبن و ڕوو لە گۆشەگیری دەکەن و ، هەڵوێستێکی تر بەرامبەر بەژیان و کۆمەڵ وەردەگرن ، چونکە هەستدەکەن ئەوان پەیوەندییەکی ئەخلاقی ڕۆحییان بەو کۆمەڵەوە نییە . (بۆچی هەموو بوونەتە جانەوەرو دێو و درنج ؟ نەوێژدان ماوە ، نەپیاوەتی و مەردایەتی ، نە ڕاستگۆیی و چاکەکاری . هەموو .. هەر هەموو بوونەتە گورگ و ورگ و ڕیخۆڵەی یەکتری هەڵدەدڕن . یەکتری پارە پارە دەکەن ! ئەمە چ ئاخر زەمانێکە ! چ ڕۆژی حەشرێکە !..

ئیدی من ئەم حاڵەتە قبووڵ ناکەم .. قەت قبووڵی ناکەم! خەڵکی تر دەیکەن با بیکەن . بەڵام من نایکەم .. قەت نایکەم .. قەت نایکەم).(١٤)

دووەم - پێگەیشتنی نامۆبوونەکە ، کە تەنیایی و گۆشەگیری ڕەهەندێکی دیکەی پێدەدات .

سەبری کەسێکە بەتەنیا دەژی ، بەتەواوی بەژیانی تەنیایی ڕاهاتووە و نایەوێت تێکەڵاوی خەڵک ببێت . تەمەنی پەنجاو نۆسااڵە هێشتا ژنی نەهێناوە . تاکە برادەرێکی نزیک و هاودەردی عیزەتەفەندی بوو، کە ئەویش بەهۆی کارەکەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ شارێکی تر . ئیدی بەم کارە ، حوسێن قارەمانەکەی دەخاتە تەنیاییەکی زیاترەوە بگرە لەویش دوورتر دەڕوات ، کاتێک سەبری وەک خانەنشین (تەقاویت) باسدەکات ، ئیتر لەو پەیوەندییانەش دایدەبڕێت کە لە بواری کاردا دروستدەبن . بەمەش حوسێن وەک بیەوێت حاڵەتی تەنیاییەکی موتڵەق بۆ سەبری بەرەخسێنێت ئیدی سەبری بە تەواوی تەنیاو گۆشەگیر دەبێت و ڕووبەڕووی خۆی، تەنیا خۆی دەبێتەوە ، لەگەڵ بیری خۆیداو لەگەڵ خودی خۆیدا دەکەوێتە لێکدانەوەی مەسەلەکان . شتەکان و ڕووداوەکان لەبیرو میشکی ئەودا ، زۆرجار بەدوور لە واقیعی مادیو کۆمەڵایەتییان ، دێن و دەچن ، گەورەو ئاڵۆز دەبن و لق و پۆپیان لێدەبنەوە . بەمەش نامۆبوون و ئەندێشەکەی زیاترو زیاتر دەبن .

لە گەلەگورگدا ، نامۆبوونی بارام لە سنووری یەکەمدا دەمێنێتەوە ، کەچی لە ئەندێشەی مرۆڤێکدا نامۆبوونی سەبری هەردوو شێوەکەو

ڕەهەندێکی وجودییانە Existentialist و فەلسەفی وەردەگرێت . گیروگرفتەکان چوارچێوەی کۆمەڵ دەبەزێنن و ڕوو لە مەسەلەکانی ژیان و ڕاستی و بوون دەکەن ، بۆیە لێرەدا خۆدابڕینی فیزیکی/ کۆمەڵایەتی، لەشێوەی خۆدابڕینی بارام ، کۆمەک ناکات دەبێ خۆدابڕانەکە ڕۆحی و مەعنەوی بێت . خۆدابڕانێکی سۆفیستانە ، کە لەودیو جیهانە مادی و شتە بەرجەستەکاندا ، بۆ ئایدیال وەڵامی پرسیارە ئەزەلییەکاندا بگەڕێت و ئامێز بە هەقیقەتدا بکات . (هەستی دەکرد ئەو بە هیچ کۆلجێک دانووی لەگەڵ ئەو سەرزەمینە چەتوونە بێ مروەتەدا ناکوڵێ . لەگەڵ هیچ دەستوورو یاساو سستمێکیدا ناگونجێ ... خۆی دەبینێ بەخێرایی تیشک ، بەقووڵایی گەردووندا هەڵفڕیوەو دوورو نزیک پەیوەندی نە بەڕەگەزێکەوە ماوە پێی بوترێ ئادەمیزادو نە بە کۆلکە ئەستێرەیەکەوە ناوی بە زەمین ببرێ ! . ئەوەی بۆ بووە ساتێکی شاگەشەگەیی و دەروێشانە دەتوت باوەشی بە ڕاستییەکدا کردووە کە دوا ڕاستییەو ئیتر بەدیویدا ، هەر ئەو کاتە ڕاستییە و سەرانسەری بوون و نەبوون لە ئامێزی خۆی دەگرێ .. ئیتر بۆ هەتا هەتایە ، نەپووچبوونەوەی لەکایەدا دەمێنێ و نە کەم و زیاد لێکردنی) (١٥) .

ڕوانینە فەلسەفییەکانی سەبری بەرامبەر بوون و نەبوون تێگەیشتن لە دیاردەکانی ژیان ، ناسینی سروشتی ئاژەڵئاسای مرۆڤ دەگەنە ئاستێکی ئەوتۆ ، کە خۆیان لە فەزای ژیانی تەنیایی و لە ناخڕامانیدا دەبنە بابەت و سەرچاوەیەکی ئۆبژێکتیفی ئەندێشەو ژانەکان ، بۆیە ڕەهەندێکی بێ کۆتایی و موتڵەق بەخۆیان دەگرن و ژیانی دەکەنە دۆزەخێک کە بەرەو ڕۆخی شێتبوونی بەرن. دۆزەخەکە سەرەتا ، بێئاگایە بەرەو (زێبا)ی جەستەفرۆش دەیبات ، بێ ئەوەی بەدوای سێکسدا بگەڕێت ، بەڵام لەوێش هەدانادات . نیوەشەوێکی درەنگ ، بێ مەبەست و بە ڕاکردن مالّی زێبا جێدێڵێت ، بۆ کوێ ؟ خۆیشی نازانێت بەڵام شەپۆلی بێئاگایی بەرەو گردی سەیوان و بۆ سەر گۆڕی دایک و باوکی دەبات ، تا لەوێ بە پرسیار یەخەیان بگرێت ، چونکە ئەمان ئەویان هێناوەتە دنیایەکی پڕ لە ژان و ئەندێشەو ستەم ، کە (هاتنەکەی بە هیچ کلۆجێک پەیوەندی بە حەزو داخوازی خۆیەوە نەبووە) ئێستاش بۆتە میراتگری مێژووی ئەوان . بۆیە لەم حاڵەتەی سەبری تێیدا دەژیت ، سەیر نییە کە ئەوان بەرپرسیارێکی سەرەکی ژان و ئەندێشەکانی بزانێت ئەوان تەنیا خولّقێنەری ئەم نین ، بەڵکو سیمبولی مێژوویەکن کە زەمەینەی بۆ ژیانە دۆزەخاوییەکەی ئەم خۆشکردووە .. (دایە !.. بابە !.. پرسیارێکەو من هاتووم لە ئێوەی بکەم . تکایە ئێوە وەرامم بدەنەوە !.... بۆچی دەبێ شوێنێک هەبێ منی لێ بم و و شوێنێکیش هەبێ بۆی بچم ؟! .. تێم بگەیەنن .. بۆچی ؟!

ماوەیەک لە چاوەڕوانی وەرامدا مایەوە . کە هەر چاوەڕوانی کردو وەرام نەبوو ، بە بێزارییەکی تێکەڵ لە دەستەوستانییەوە ، خۆی بە پشتدا خست و ڕاکشا).(١٦) .

ئایا کوژرانی سەبری هەر لەم سات و شوێنەدا کە یەخەی دایک و باوکی (ڕابردوو - مێژوو) دەگرێت ، باجی پرسیارە سامناکەکەیەتی؟ یان ڕێکەوتێکی تڕە لەو ڕێکەوتنانەی کە ، لە کۆمەڵگای ستەمدا ، گەمەیەکی تراژیدییانە بە چارەنووسی قارەمانی چیرۆکەکانی حوسێن و بە چارەنووس و داهاتووی ئێمە دەکات ؟

ئەگەر ئەو شەوە گوللەیەکی ویڵ بەم شێوە تراژیدییە کۆتایی بە ژیانی سەبری نەهێنایە (کە کوژرانی شێتەکانی شارمان لە شەوانی منع التجولدا بیر دەخاتەوە) ، ئەوا سەبری بەو هەموو ژان و ئەندێشە فەلسەفییانەیەوە ، بەو تەنیایی و نامۆبوونە قووڵەی بەژیان و کۆمەڵ و سەردەم ، دەبوو یان بەرەو شێتبوون بڕوات یان بە خۆکوشتن سنووردێک بۆ ئەو هەموو ئەندێشەو پووتی و گاڵتەجاریەی ژیان دابنێت .

قارەمانی چیرۆکەکانی حوسێن کەسایەتی تایبەتیی خۆیان هەیە . ئەوان وەک تاکەکەس گەشە دەکەن . ژیانی ناوەوەیان و ژیانی دەرەوەیان کار لەیەکتری دەکەن و ، پێکەوە بەرەو پێش دەچن تا بەلانسێک لەکەسایەتیی قارەمانەکاندا دروست بکەن .

قارەمانەکان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە مرۆڤ ، وەک تاکە کەس (ئیندیڤید) ، لاوازو بێ دەسەڵاتە .

نەیاسا نەکۆمەڵ ، ئازادی و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤیان دابین نەکردووە . مرۆڤ بە دەیان بەندو بڕگەی یاسایی و جۆرەها داب و نەریتی کۆمەڵایەتی پابەندو کۆنترۆڵکراوە ، کەتێکڕایان شێوەی دەسەڵاتێکی مادی و ئەخلاقی وەردەگرن و ئازادی و خەونەکانی مرۆڤ ، وەک تاکە کەس ، دادەپڵۆسن ، فشارێکی توندی مادی و مەعنەوی دەخەنە سەر قارەمانەکان و دەیانەوێ جڵەو و دەستەمۆیان بکەن ، یان بە جۆرێک تێکیان بشکێنن کە بیانکەنە بەشێک لە پەراوێزی ڕەوت و میکانیزمی خۆیان ، ئەم دەسەڵاتە بێ بەزەییە ، کە شێوەیەکی هەرەمی وەرگرتووە ، بناغەکە چەسپاوەکەی لەچوار دیواری مااڵ و خێزانی پاتریارکیەوە بەرەو تیرەو خێڵ و کۆمەڵ دەکشێت تا لە لووتکەدا بە دەسەڵاتە هەرە ستەمکارانەی دەوڵەت دەگات ئیتر دەوڵەت بە هەموو دەزگاکانی تۆقاندن و سیستەمی کۆنترۆڵیەوە تەنیا ئامرازێکی سەرکوتکردن و تێکشکاندنی کەسەکانی کۆمەڵ نییە ، بەڵکو پاسەوانی ئەم هەرەمەو بەرهەمهێنەرەوەی ئەو داب و نەریت و کولتوورەیە کە ئەمی داهێناوە بە واتایەکی دی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە فۆرمی ئاسایی ئەو ناوەڕۆک و ستروکتورەیە کە خێزان و کۆمەڵ ، بە داب و ڕەوشت و فۆلکۆرو ئایینەکەیانەوە ، پێک دێنن . هەردووکیان بۆ یەکتری پێویستن چونکە تەواوکەری یەکترین . بەردەوامبوونی هەردووکیان لەسەر حیسابی ئازادی تاکە کەس و ، زۆجار بە هاڕینی فیزیکی و ڕۆحیی تاکە کەسەکان ، بەڕێوە دەچێ .

گەلێک لە قارەمانانی چیرۆکەکانی حوسێن تەنیا بەرهەمی ئەو کۆمەڵە نین ، بەڵکو قوربانییەکانی دەستی کۆمەڵەکەشن کە دەکرێ بە کۆمەڵی ستەم یان فرۆم گوتەنی ، بە کۆمەڵێکی نەخۆش ناو ببرێت . چونکە ئەم کۆمەڵە ، بە پرنسیپە کۆمەڵایەتی ، سیاسی و کۆلتوورییەکانیەوە ، بۆ بەردەوامبوونی خۆی و بۆ هاڕینی مرۆڤ وەک تاکە کەس جۆرە سیستمێکی کۆنترۆلی تایبەتی داهێناوە کە ، بە ئامرازو کەرەسە جۆر بەجۆرەکانیەوە ، مانەوەو بەردەوامبوونی مسۆگەر دەکەن . ئەگەر ئامرازەکان جۆرەها شێوەی دەسەڵات بن (دەسەڵاتی باوک بەسەر کچ و کوڕدا ، برا بەسەر خوشکدا ، مێرد بەسەر ژندا ، کۆمەڵ بەسەر خێزاندا ، پۆلیس و جاسوس و عەسکەر بەسەر کۆمەڵدا ، دەوڵەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتێری بەسەر هەموواندا) ئەوا سووتەمەنییەکە تەنیایەکە ئەویش مرۆڤە وەک تاکە کەس .

نووسەر دەیەوێت باسی ئەم دیاردەیە بکات ، یان زۆربەی قارەمانی چیرۆکەکانی قوربانیی ئەم دیاردەیەن ، بۆیە هەمان بەگشتی ، وەک کەسانی بەخۆنامۆ ، بێدەسەڵاتن و لەدیاریکردنی ئایندەی تاکەکەسی خۆیاندا ڕۆڵێکیان نییە . هەندێ جار دەڵێی کەسانی فەتالیستن و چارەنووسی خۆیان بەقەدەر سپاردووە ، چونکە هەست دەکەن کە چارەنووسیان لەناو دەستی هێزێکی سامناک و بێ بەزەیی دایە . هەر بۆیە ئەوان گەشبین نین . گەشبینی لە بارودۆخی ئەواندا لەساویلکەیی و دەبەنگی بەدەر نییە . ئەو هێزەی چارەنووسی ئەمان دیاری دەکات هێزێکی میتافیزیکی غەیبی نییە ، بەڵکو کۆمەڵ و کەس و هێزو دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵن ، کە هێندەی هێزێکی غەیبی لە هوشیاری و ژیانی ڕۆژانەی قارەمانی چیرۆکەکاندا بوون و کاریگەری خۆیان هەیە . بەڕادەیەک خۆیان بە خودانی چارەنووسی مرۆڤەکان دەزانن کە هەر دەڵێی ئەمان ، لە جێگەی خودا ، خوڵقێنەرو سەرداری ژیان و چارونووس و داهاتووی ئەوانن ، بۆیە کەمترین سەرپێچی لەفرمانەکانیان ، بەسزایەکی دۆزەخ ئاسا ، تێکشکاندنی جۆر بەجۆری فیزیکی و ڕۆحی مرۆڤەکان ، تەواو دەبێت . مەترسی ئەم هێزە لەوەیش زیاترە ، چونکە تەنانەت بەبێ سەرپێچیکردنیش زەبری ستەمکارانەی خۆی دەوەشێنێت و تەپو وشک پێکەوە دەسووتێنێت .

خازە ، مارفی کۆڵەڵگر ، جەرگەکەی پیرێژن ، نووری و سەبری هەموویان چارەنووسیان لەبەردەم هێزە سامناکەکەی کۆمەڵدا ، وەک چارەنووسی نەمامێکی ساوایە لەبەردەم زریان و تۆفاندا . ئەوان لە دۆزەخی شەڕدا دەکوژرێن ، بێ ئەوەی هیچکامیان ، وەک تاکەکەس ، پەیوەندییان بە شەڕەکەوە هەبێت . هەر ئەم هێزە سامناکە ڕێگەی ئەڤین ، کە سادەترین مافی مرۆڤە ، لە گوڵچین دەگرێت ، چونکە پاراستنی نەریت و (شەرەفی)

مێردە پیرە داوێنپیسەکەی ، خاڵە عەول ، ئەوە دەخوازێت کە گوڵچینی تەمەن بیست ساڵان تێکبشکێندرێت . کەچی خاڵە عەول ، وەک سیمبولی کۆمەڵی باوکسالار و نوێنەری شێوە دەسەڵاتێکی کۆمەڵی ستەم ، هەموو جۆرە تاوانێکی بۆ دەچێتە سەر . گوڵچین دەربارەی مێردەکەی دەڵێت :

(ئەو خاڵە عەولە خوانەناسەت ، من هێشتا منداڵ بووم ، دەستی لەگەڵ دایکمدا تێکەڵ کرد . باوکم هی ئەوە نەبوو وا زوو بمرێ . لە هەڕەتی گەنجیدابوو . دایکم و ئەو خاڵە عەولەت کوشتیان . دوای دەس تێکەڵاوکردنەکەیان بە دوو ساڵ کوشتیان) . (١٧) هەر هەمان دەسەڵاتەکە لە نوێنەرو نمونەکەی خۆیدا ، (دەروێش) ی تەمەن سەروو چل و پێنج ساڵی ، خۆی دەردەخات کاتێک مریەمی تەمەن یانزە ساڵان لە باوکی دەکڕێت تا نەخۆشانە زەوت و ئەتکی بکات . (١٨) یان لەوەیش زیاتر زێبای میهرەبان ، بەناچاری ، بەرەو دۆزەخی جەستەفرۆشی ڕاپێچدەکات .

زەوتکردن و ئەتککردنی مریەم دەستدرێژیی تاکە کەسێک نییە بۆ سەر کەسێکی دیکە ، بەڵکو دەستدرێژیی کۆمەڵە بۆ سەر ژن و بۆ سەر مرۆڤی تاکە کەس ، کە مریەم سیمبول و نوێنەرەکەیەتی . کۆمەڵێک کە لە سایەی دەسەڵاتەکەیداو ، بەپشتئەستوور بوون بە ڕەوت و نەریت ئایین و کولتوورە باوەکەی ڕێگە بەو تاوانە دەدات و ، وەک دیاردەیەکی ئاسایی لە جەستەی خۆیدا جێگای دەکاتەوە . کاتێکیش حاجی مەحموودی عەلاف و گەلاوێژی کچی هەوڵدەدەن مریەمی سیمبولی پاکی و بێ تاوانی بپارێزن ، ئەوا ئەوان لە جیاتی تاوانبارە ڕاستەقینەکە ، ڕوو بەڕووی هەرەشەی سزادانی (یاسایی) دەبنەوە . بۆنا؟ مەگەر یاساکانی کۆمەڵی ستەم بۆچی داتاشراون ؟ لێرەیشدا تەنیا ڕێکەوتە کە مریەم لە ستەمی کۆمەڵ دەپارێزرێت و ئەمیش بە دەردی زێبا ناچێت . واتا کۆمەڵ ، ئەو ئامادەگییەی تێدایە کە بە جۆرێکی سروشتی مریەم بەرەو جەستەفرۆشی ڕاپێچ بکات و لە کۆشی خۆیدا جێگای بکاتەوە ، بەڵام بە ڕێکەوت خاڵی گەلاوێژ ، وەک کەسێک کە بۆ گۆڕینی دەسەڵات و کۆمەڵ خەبات دەکات ، دایکی مریەم دەدات و وەک کچی خۆی دەیپارێزێت . بەم کارەیشی ئازایانە سەرپێچی نەریتی باوو شەرع و یاسا دەکات .

تراژیدیای مریەم و گوڵچین و زێباو ئەوانی تر تەنیا گیروگرفتی کۆمەڵایەتی نین ، بەڵکو لە ڕەوتی چیرۆکەکانی حوسێن دا ، وەک بەشێک لە ستروکتووری کۆمەڵگای ستەم و وەک بەرهەم و شێوەی بەردەوامبوونی دەسەڵاتەکە خۆیان دەردەخەن .

قارەمانی چیرۆکەکانی حوسێن ، وەک گوتم ، کەسانی گەشبین نین . لەوەیش زیاتر دەکرێت بگوترێت کەسانێکی کەمتەرخەم و بەدگومانن و بێباکانە بۆ ژیان دەڕوانن . (دیارە جگە لە هەندێ قارەمانی ڕۆمانی شار، کە ئەمەیش زیاتر پەیوەندی بە شێوە ڕۆمانەکەوە هەیە ، وەک ڕۆمانێکی مێژوویی - کۆمەڵایەتی کەباس لە سەردەمێکی مێژوویی شاری سلێمانی دەکات و ، ئەم جۆرە ڕۆمانانە ڕیالیستانە ڕوداوەکان بە جۆرێکی هونەری تۆمار دەکەن) . ئەمان لە توانایاندا نییە شێوەژیانی خۆیان بگۆڕن ، بۆ داکۆکی لە هەندێک مافی سروشتیی خۆیان کەمترین هەوڵێک نادەن . لێرەدا باس لەمافی ئازادی بیرو دەربڕین و خۆپێشاندان ناکەم ، بەڵکو بۆ نمونە باسی مافێکی دیکەی زەوتکراو دەکەم ، ئەویش خۆرەتاوی بەیانییانە . سەبری لە منداڵییەوە بەو تیشکی هەتاوە ڕاهاتووە کە بەیانییان لە پەنجەرەوە دێتە ناو ژوورو تەختە خەوەکەیەوە . ئەمەیش گەورەترین و ڕەنگە تاکە شتێک بێت کە لە ژیاندا دڵشادی بکات . کەچی کاتێک دراوسێیە نوێیەکەی ، کەریمە کۆم ، دیوارێک هەڵدەچنێت و ئەم ڕووناکییە پیرۆزە لە سەبری زەوتدەکات ، ئەم هیچ پرۆتێستێک ناکات ، هەر چەندە پێیوایە کە (ئەمە زۆرو جەورە) لێی دەکرێت ، تەنانەت مەسەلەکەش لەگەڵ کەریم باسناکات . بەڵام بۆ باسی بکات! کاتێک ئەم پێشوەخت دەزانێت کە باسکردنەکەی ، وەک هەموو شتەکانی دیکە ، بێسوود و بێمانایە .

خاسییەتی بێباکیی و پاسیڤی قارەمانەکانی حوسێن ڕوالەتێکی بەخۆنامۆبوونی ئەوانن ، واتا پەیوەندییان بە سرووشت و خاسییەتی تاکەکەسییانەوە نییە .

ئەمان لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا هەر پاسیڤن ، واتا نە بەشێکن لەو هێزانەی کە بۆ گۆڕینی کۆمەڵ هەوڵ دەدەن ، نە لە سایەی ئەو وزەو هێزە کۆمەڵایەتییانەدا کە ، فرۆم گوتەنیی ، چارەنووسی مرۆڤەکان دیاری دەدەن ، شوێنێکیان پێبڕاوە . کۆمەڵی ستەم ، کۆمەڵی خالە عەول و دەرونش و خولەی جاسووس و هیتر ، ئەسڵەن پێویستی بەم جۆرە کەسانە نییە ، بۆیە کەنارنشینیان دەکات . میکانیزم و سترکتووری کۆمەڵەکە ، بۆ بەردەوامبوونی خۆی ، کەسانی دی دەدۆزێتەوە تا پشتیان پێ ببەستێت و ، وەک کەسانی هەمەکارە بیان کات بە سیمبول و دیکۆری خۆی . پێتێر ئێل بێرێر Peter L Berger لای وایە هەر سترۆکتوورێکی کۆمەڵایەتی جۆرە کەسانێک هەڵدەبژێرێت کە بۆ بەڕێوەچوونی خۆی پێویستییەتی ، جۆرە کەسانێکیش ، بە شێوەیەک لە شێوەکان ، تووڕ دەدات کە لە ناویدا ناگونجێن . ئەگەر ئەو جۆرە کەسە گونجاو و لەبارانەیش نەبن ئەوا پێویستە بە جۆرێ بهێندرێنە بەرهەم کە لەگەڵ مواسەفاتە Specifikation بەرجەستەکاندا تەباو گونجاوبن . بۆیە ئەو پێیوایە ڕاست نییە بگوترێت کە هەر کۆمەڵگایەک ئەو جۆرە کەسانەی پێدەبڕێت کە شایەنییەتی ، بەڵکو هەر کۆمەڵگایەک ئەو جۆرە کەسانە دێنێتە بەرهەم کە پێویستییەتی . (٢٩)

لەو کۆمەڵگایەدا سەبری و بارام و گوڵچین و مریەم و زێباو ئەختەر ..هەمەکارەنین و بڕیار نادەن، ئەمانە کۆمەڵێ ستەم یان تێکی شکاندوون و یان لە پەراوێزی خۆیدا فرێیداون ، چونکە پێویستی بە جۆرە کەسانێکی دیکەی وەک دەرونش و زاهیرو خولەی جاسووس و ، کەسانی پیاو کوژ هەیە تا ستروکتووری خۆی بپارێزێت .

بەڕای من پاسیڤی قارەمانەکانی حوسێن ، بەرهەمی سترۆکتوورێکی کۆمەڵایەتیی بەرجەستەن و دەبێت لەچوارچێوەی ئەم ستروکتووردا سەیر بکرێن . ئەمان هەر چەند پاسیڤن بەڵام وەک کەسانی بەخۆنامۆ ، نێگەتیڤ و شەڕخواز نین ، بۆیە سەرەڕای پاسیڤییان ، دەکرێت وەک قارەمانی نموونەیی سەیر بکرێن .

ئەمان ، لەگەڵ ئەو هەموو ستەمەی لە کۆمەڵدا ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە ، لەگەڵ ئەو دەردەسەریی و ئازارەی بە دەست (گورگە دووپێیەکان)ەوە دەیچێژن ، هێشتا ماهییەتی ئینسانیی خۆیان بە تەواوی پاراستووە . بێزاری و ڕقبوونەوەیان لە کۆمەڵ و نەریتەکانیو هەڵپەی ئاژەڵئاسای مرۆڤ ، لای ئەمان نابنە قین و ڕقبوونەوە لە مرۆڤ ، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی . بەڵکو ئەمان کەسانی دڵپاکن و لەژیانی ڕۆژانەیاندا ئینسانییانەو جوامێرانە ڕەفتار دەکەن ، لە سات و شوێنی پێویستدا بە تەنگ مرۆڤ و ژانەکانییەوە دێن و هەوڵدەدەن کۆمەکیان پێبکەن ، (ڕەفتاری سەبری - ئەندێشەی مرۆڤێک-بەرامبەر نووری و کۆمەک پێکردنی تا خانووەکەی دروست بکات . دوای کوژرانی نووری بە گوللەی وێڵ ، سەبری زیاتر یارمەتی ژن و منداڵەکانی نووری دەدات . بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکی تایبەتی هەبێت) .

قارەمانی چیرۆکەکانی حوسێن کەسانێک نین بەهۆی تێشکانی شەخسی و کۆمەڵایەتییانەوە تووشی دابڕان و ئاڵۆزی دەروونی هاتبن ، یان تێشکانی شەخسییان بەرەو شەڕخوازی و دڵڕەقی و تۆڵە ستاندنەوە قینبوونەوە لە مرۆڤی بردبن. ئەوان کەسانێکی بەخۆنامۆن ، بەڵام هوشیارن و دیدێکی فەلسەفییان بۆ کۆمەڵ و ژیان و مرۆڤ هەیە ، کە لە ئەنجامی ئەزموون و هوشیارییانەوە ، یان هەندێک جار بە هۆی تێڕوانینی (کامۆ) یانەیانەوە بۆ ژیان لایان دروستبووە . بەڵام ئەمان بە گشتی کەسانی پۆزێتیڤن . من ، لەچوارچێوەی ستروکتووری کۆمەڵی ستەمدا ، بەکەسانی نموونەیی کۆمەڵیان دەزانم ، کە بە هۆیانەوە ژیان جوانی و مانای خۆی دەپارێزێت . ئەمانە شێوەیەکی نوێی قارەمانی نموونەیین لە چیرۆکدا ، کە بە تەواوی جیاوازن لەو قارەمانە نموونەییە سواوانەی کە چەمکی ئەدەبی بەرگی مولتەزیم بانگێشەی بۆ دەکات و ، لەسەر بنچینەی بۆچوونێکی پێشوەختی ئایدیۆلۆژی - سیاسی ، کەسانی ڕۆبۆتئاسا بە جۆرێک دادەتاشرێن کە دەبێت لە سەختترین ساتەکانی ژیاندا نمونەی گوایا خۆڕاگری و نەبەزین و گەشبینی بن .

حوسێن دەیەوێ چەمکێکی نوێ و پێناسەیەکی نوێ بۆ قارەمانی پۆزەتیڤ و مرۆڤی نموونەیی ، لە ئەدەبی کوردیدا ، دابنێت . ئەم کەسایەتییە

نموونەیە ئینسانییە ، لەڕێگەی کاری پاڵەوانبازی و سەرکردایەتیکردنی مانگرتن و ڕاپەڕینەوە ، یان لە ئەنجامی کاری چەکداریو ڕەبییە گرتنەوە ، جوامێریی و کار و توانای پۆزەتەفانەی خۆی دەرناخات بەڵکو ئەم بە هۆی ناسینی مرۆڤ و کۆمەڵ و ، لە ڕێگەی دەرککردنی فەلسەفییانەی مانای ژیان و بوونەوە ، هەڵوێست و شێوەی ژیان و مۆڕاڵ و ئامانجی خۆی دیاریدەکات ، تا سەر ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆی و بیرو بۆچوونەکانیدا دەمێنێتەوە . ناموبوون و خۆدابڕانی تا سەری ئەم قارەمانانە لەو داب و نەریت و ڕەوشتانەی کە مرۆڤە گورگەکان پرنسیپ و دەستوورەکانی دادەڕێژن ، بەشێکە لە کەسایەتی و باوەڕو ئایدیالی ئەمان . خودی بەخۆنامۆبوون ، لە بارودۆخی ئەماندا ، وەک خاسییەتێکی سەرەکی قارەمانەکان، دەبێتە مەناعەیەکی دیکەو ئەمان لەئیغرائەتەکانی سامان و دەسەڵات دەپارێزێت . هەموو ئەو شتانەی کەسانی تر هەڵپەی بۆ دەکەن و لە پێناویدا باوەڕو ویژدان و شەرەف و ئینسانییەتی خۆیان دەفرۆشن ، لای قارەمانی چیرۆکەکانی حوسێن شتی کەمبایەخن ، ناتوانن بیانگۆڕن ، یان وایان لێبکەن خوو بە دەورو بەرەوە بگرن و لەگەڵ عەقڵ و ڕەوشتی باوو کۆمەڵی ستەمدا بیانگونجێن .

قارەمانی ئەم چیرۆکانە تا سەر لەگەڵ خۆیان و بیرو بۆچوونەکانیاندا ڕاستگۆ دەمێننەوەو ئەمەیش، خۆی لە خۆیدا ، کارێکی قارەمانانەو نموونەییە .

(-ژیان .. تەنیا ژیان ، هاوڕێم قارەمانەتییە . بەڵێ ژیان قارەمانەتییە ، بەڵام بەبێ هاتوهاوار . قارەمانەتییەکی بچووکە پۆژانە مرۆڤ بە کردەوە پیادەی دەکات تا ڕاستگۆو شەرافەتمەند بمێنێتەوە) .(٢٠)

جیهانی هەندێک لەو چیرۆکانەی حوسێن عارف و بایەخدانی بەلایەنی پسیکۆلۆژی و دیوی ناوەوەی قارەمانەکانی ، لە جیهانی دۆستۆیفسکییەوە نزیکە بەتایبەتی ئەو لایەنانەی دۆستۆیفسکی کە بە ڕیالیزمی پسیکۆلۆژی ناو دەبرێت . بەڵام قارەمانی ئەم چیرۆکانە ، پێش هەر شتێک ، بەرهەمی کۆمەڵی کوردەوارین و دەشێت ڕۆژانە تووشیان بین ، لەوەیش زیاتر هەندێکیان تەنانەت ڕەنگە لە هەندێ ڕووەوە لەتۆ یان لەمن یان لە خودی حوسێن بچن .

خەم و ئاواتی هیواو ژانەکانیان لە واقیعی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و سیاسیی کوردەواریەوە هاتوون . بیرو تێڕوانین و ئەندێشەیان ، ئەگەرچی زۆرجار مەودایەکی فەلسەفی و جیهانییان هەیە ، بەڵام هەندێکیان وەک بەشێک لە کەسایەتیی هوشیارانەو ڕۆشنبیرانەی قارەمانەکان دەردەکەون ، هەندێکیشیان بە پەیوەندی لەگەڵ خودی ژیان و گەشەکردنی تێڕوانینی قارەمانەکان و ، ڕووداوەکانی کۆمەڵ و ڕەفتارو هەڵپەی مرۆڤەکانی دەوروبەردا سەرهەڵدەدەن . ئیتر بەرە بەرە پێدەگەن ، تا وەک یەقینێکی ڕەها ، بە ڕادەیەک لەلای قارەمانەکان دەچەسپێن ، کە دەبنە بەشێک لە کەسایەتی و پێکهاتی شەخسی و فیکری و کۆمەڵایەتییان . کەسەکان لەگەڵ بیرکردنەوەو بۆچوون و قەناعەتەکانیاندا تەباو گونجاون ، ناکۆکییەک لەنێوان بیرکردنەوەو ڕەفتارو ئامانجیاندا ... لە نێوان پەیقین و کردەوەیاندا نابیندرێت .

تێڕوانینی سەبری بەرامبەر بە زێبا کە بە ناچاری جەستەی خۆی دەفرۆشێت . لەبیرو بۆچوون و کەسایەتیی مرۆڤدۆستانەی سەبری و جیاوازیی ئەم لە کۆمەڵ بەدوور نییە . بۆیە سەبری ، بە پێچەوانەی نەریت و تێڕوانینی کۆمەڵەوە ، نەک هەر بە سووکی بۆ زێبا ناڕوانێت ، بەڵکو تێیدەگات و هەست بە ئازارەکانی دەکات . بە قوربانییەکی دیکەی کۆمەڵ و مرۆڤە گورگەکانی دەزانێت . لەوەیش زیاتر سەبری ، لە گەرمەی تلانەوەیدا بەدەست خەم و ژان و ئەندێشەکانییەوە ، تەنیا زێبا بەو مرۆڤە شایەستەو ڕاستەقینەیە دەزانێت کە تێی بگات ، بۆیە لە حاڵەتێکی پڕ لە ئازاری ڕۆحی و لاوازیی ئینسانیانەی خۆیدا ، هانای بۆ دەبات و ، لەباوەشی پڕ سۆزو میهربانیدا ، وەک منداڵێکی دڵشکاوو چاو بە گریان ، دڵ و دەروونی خۆی دەکاتەوە . ئەم ڕەفتارەی سەبری ، کە لە هەست بەنزیکی ڕۆحی و هاودەردی لەگەڵ زێبای

ستەملێکراو بەدوور نییە ، هەڵوێست و ڕەفتاری ڕاسکۆڵنیکۆف ، قارەمانی ڕۆمانی تاوان و سزای دۆستۆیڤسکی ، دێنێتەوە بیرمان ، کاتێک ئەویش ، لە گەرمەی ئازاری ڕۆحی و لاوازی ئینسانیانەیدا هانا بۆ سۆنیا دەبات ، کەستەمی کۆمەڵ بەرەو جەستەفرۆشیی بردووە. لای ئەو ڕازەکانی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێت ، و بەکەسێکی پیرۆزی دادەنێت ، لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە ژانەکانی سونیا ، وەک ژانەکانی مەسیح ، بەژانی مرۆڤایەتی دەزانێت و ، لە ڕوویاندا کرنۆشدەبات.

سەبری ، وەک کەسێکی بەخۆنامۆ لە دۆزەخی گومان لە کەسانی دەوروبەردا دەژی ، هەستەکات ئەمان بەردەوام خەریکن پیلانی بۆ ڕێکدەخەن و دەیانەوێت ئازاری بدەن . ئەو بۆچوون و بەدگومانییەی لای دروستبوون ، کە بەشێکیان ئەساسیان نییە ، خستوویانەتە حاڵەتێکی پڕ لە نیگەرانی و پەشێویی ئەوتۆوە کە لە هەندێ ڕواڵەتدا حاڵەتی پەشێوی قارەمانەکانی کافکا دێنێتەوە یادمان ، دیارە لەگەڵ کۆمەڵێک جیاوازی گەورەدا . قارەمانەکانی کافکا لە جیهانێکدا دەژین کەپێشوەخت تاوانبار کراون .. بەڵام بوچی و لەسەرچی ؟ هیچ مەسەلەیەکی کۆنکریتی لە ئارادا نییە . ئەم قارەمانانەو ، تەنانەت جیهانی چیرۆکەکانی کافکا بەرهەمی فیکرێکن کە مەرج نییە پەیوەندییان بە واقیعێکی کۆنکرێتییەوە هەبێت . کەچی سەبری بەرهەمی واقیعێکی کۆنکرێتییەو باجی هوشیاریی و هەڵوێستی فەلسەفیی و کۆمەڵایەتیی خۆی دەدات . زۆربەی ئەو پیلانانەی لێیدەکرێن دیارو کۆنکرێتین . بەشێکیان بە هۆی ڕەفتارو هەڵوێستی بە مێگەڵ نامۆی خۆیەوە دوچاری دێن .

بەشێکیشیان تەنیا بوونێکی سوبێکتیڤانەیان هەیەو ئەنجامی گومان و گۆشەگیری و بێباوەڕی خودی سەبری بە کۆمەڵ و دەوروبەر، کەوای لێدەکەن ، وەک قارەمانی چیرۆکەکانی کافکا لە دۆزەخی پەشێوی و ڕاڕاییو ئەندێشەو ترسێکی شاردراوەدا بسوتێت .

٤

تەقەلای دامێنان لای حوسێن ، چەند هەوڵدانە بۆ باسکردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکانی مرۆڤ و نامۆیی و تەنیایی و ئەندێشەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای ستەم و زەبرە زەنگدا ، هێندەیش هەوڵدانە بۆ داهێنانی تەکنیکی نوێی چیرۆکنووسین و ڕوونکردنەوە موغامەرەی نوێی هونەری .

ئەو بابەتانەی حوسێن لە چیرۆکەکانیدا باسیان دەکات هەر دەڵێی خۆیان لە پرۆسەی پێگەیشتنیاندا فۆرمێکی هونەری تایبەت بە خۆیان داهێناوە ، کە فۆرمە هونەرییەکە ، بە نۆرەی خۆی ، ناوەرۆکی فۆرم ، یان ناوەرۆکی خۆی داهێناوەتەوە .

بابەتی چیرۆک و ڕۆمانەکان بە جۆرێکی گونجاوو هاوئاهەنگ لایەنی هونەریی و تەکنیکی خۆیان وەرگرتووە . تەکنیکی ڕۆمانی شار ، وەک ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ، کە باس لەسەردەمی پەنجاکانی شاری سلێمانی دەکات ، شێوەیەکی ڕیالیستی و کلاسیکی بەخۆ گرتووە . ڕووداوەکان زیاتر لە شێوەی سەردێکی ئاسایی ڕۆماننووسیداو ، بە پێی زەمەنی سروشتیی خۆیان باسدەکرێن . لێرەدا زەمەن ڕۆژانە ، لە پرۆسەی تێپەڕبوونیدا ، هەواڵ و ڕووداوی نوێ دێنێت ، کە ئەم هەواڵ و ڕوداوانەیش لای خۆیانەوە کار لە کەسانی چیرۆکەکان دەکەن و ، بە جۆرێکی ئاسایی و سروشتیی بیرکردنەوەو هەڵوێستیان دەگۆڕن .

کەچی بابەتی سەفەرێکی ئەفسوناوی گەلەگورگ و ئەندێشەی مرۆڤێک ، سەرجەم جیاوازن . لێرەدا مەسەلەکە ، باسکردنێکی هونەریی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسیی شارێک نییە ، بەڵکو باس لە دیوی ناوەوەی مرۆڤ و بیروبۆچوونی فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤە ، کە لەچوارچێوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا ، هوشیارانە لە دیاردەو شتەکان ورد دەبێتەوەو کاردانەوەی سایکۆلۆژی و تاکەکەسیی خۆی بەرامبەریان دەردەخات . بۆیە تەکنیکی ئەم بەرهەمانە جیاوازن و ، شێوەیەکی مۆدێرنیان هەیە. لێرەدا ئیتر ناکرێت لە ڕێگەی سەردو وەسفی

دەرەوەو دیالۆگەوە مەسەلە ئالۆزەکانی ناوەوەی مرۆڤ باسبکرێن . ئەم مەسەلانە پێویستییان بە گەڕانەوە بۆ ناخ و مونۆلۆژو بەدوای یەکداهاتنی خێرای بییرو یادەکان و تەوژمی هۆش و شتی تر هەیە . هەروا زمانی ئاسایی ناتوانێت ئەم شتانە بە تەواوی پوون بکاتەوە ، بۆیە پێویستی بە زمانی شەفاف و شاعیرانە هەیە . حوسێن لەم چیرۆکانەیدا وشەکانی بە دیقەت هەڵبژاردووە ، بەدوای یەکدا هاتنی وشەکان مۆسیقایەکی ناوخۆی هێمنیان داوە بە رستەکان . بەمەیش بیرکردنەوەو مۆنۆلۆژو خەیاڵی ، بۆ نموونە سەبری ، بە شێوەیەکی خۆڕسکی و سروشتی دەردەکەون و هارمۆنیی بەدیوی دەرەوەو ناوەوەی سەبری دەدەن حوسێن لەم دوو شاکارەو لە چیرۆکی سەفەرێکی ئەفسووناویدا ، کەلام وایە داهێنەرانەترین کاری نووسەرەن ، پەنا بۆ یەک شێوە تەکنیک دەبات کە شێوە تەکنیکی باسکردنی قارەمان و کەسەکان لە شێوەی حاڵەتی کەسیی سێیەم (ئەو) . لەم رێگەیەوە دەمانباتە ناو بییری قارەمانەکانەوە ، تا بە هۆی بیرکردنەوەو مۆنۆلۆژو خەیاڵی ئەوانەوە (بارام و سەبری ، ئەم و ئەو) بۆچوونەکانیان دەردەخات ، بێ ئەوەی نووسەر ڕاستەوخۆ دەستبخاتە ئەم مەسەلەیەوە .

زەمەن ، لەم جۆرە حاڵەتانەدا ، ڕەوتی سروشتیی خۆی دەبەزێنێت ، ساتەکان چڕتر ، تێکچڕژاوو تێکئاڵاو دەردەکەون . ڕەوتی سروشتیی زەمەن ئەو کاریگەرییەی نابێت لە گۆڕینی کەس و قارەمانی چیرۆکەکاندا ، زەمەن خۆی دەبێتە پابەندی کەسەکان و بە پەیوەندی لەگەڵ بیرکردنەوەو خەون و هەژانی قارەمانەکاندا ئامادەیی خۆی دەردەخات ، لە هۆشی قارەمانەکان و ژیانی ڕۆحی و سایکۆلۆژییاندا شەپۆلدەدات . زەمەنی ئەم جۆرە چیرۆکانە هێندە چڕن کە کورتترین کات دەخایەنن . کەچی ئێمە لەو ماوە کورتەدا بە هەموو لایەن و پەیوەندیی جۆر بەجۆری قارەمانەکان و شێوەی بیرکردنەوەی کەسایەتییان ئاشنا دەبین . حوسێن مێژووی تاکەکەسی قارەمانی چیرۆکەکان و دیوی ناوەوەیان لە ڕێگەی فلاشباک و مۆنۆلۆژو بیرکردنەوەو تەوژمی هۆش و خەونەوە دەردەخات . بایەخدانی حوسێن بە لایەنی دەروونیی کەسەکان و ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان لەبیرکردنەوەو نەفسییەت و کارو ڕەفتاریاندا شێوازێکی تایبەتیی و هونەرمەندانەی چیرۆکنووسینی ئەون .

زەمەن ، لەم چیرۆکی حوسێن عارفدا ، دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە . زەمەنی ڕاستەقینەی زوربەی چیرۆکەکان ، بۆ نموونە گەلەگورگ ، سەفەرێکی ئەفسووناوی ، ئەندێشەی مرۆڤێک ، بەفر .. تاد ، زۆر کورتن بەڵام حوسێن لە ڕێگەی یاریکردن بە زەمەن و بازدان لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ، یان سەر لە نوێ خوڵقاندنەوەی ڕابردوو لە ئێستادا ، فەزایەکی کراوەو ڕەها بەزەمەنی ناو چیرۆکەکانی دەدات . زەمەنی ڕابردووی قارەمانەکان و زەمەنی ئێستایان بە جۆرێک تێکدەئاڵێن کە ئاسۆی زەمەنی داهاتوو دەنەخشێنن. قارەمانی چیرۆکەکان هەر تەنیا بەرهەمی ڕابردووی خۆیان نین ، بەڵکو بەرهەمهێنەرەوەی ئەو زەمەنەشن . ئەوان لەگەڵ وردترین ساتەکانی ڕابردوویانداداەژین و ئەم ساتانە لە ئێستادا بەرەو داهاتوو دەبەن . بەردەوامبوونی زەمەنی ڕابردوو ، لای ئەوان ڕوانینێکی عاتیفییانە نییە بۆ ڕابردووی خۆیان ، بەڵکو خوڵقاندنەوەی ڕابردوویە لە ئێستادا . ڕابردوو هەندێک جار دەبێتەوە ئێستا ، هەندێک جاریش وەک ئێستا فشارو کاریگەری خۆی دەنوێنێت . ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی و لاویەتی و ساتە بەسەرچووەکان هێشتا بە جۆرێک لە کەسایەتی و بیرکردنەوەو ڕەفتاری ئێستای قارەمانەکاندا بەکارن هەر دەڵێی ئێستا ڕووەدەن . ئایا حوسێن دەیەوێت ، وەک فرۆید، پێمان بسەلمێنێت کە هەموو ئەو ڕووداوو شتانەی لە ڕۆژانی زۆر زووی مێژووی تاکەکەسیمانەوە بینیومانن و بەسەرمان هاتوون هێشتا لە زەمەنی ئێستاماندا لەگەڵمانن و ئەوانن گەلێک لە ڕواڵەتەکانی ئێستاو داهاتوومان دەنەخشێنن ؟ یان دەیەوێت بڵێت کە یەکبوونی زەمەن (ڕابردوو، ئێستاو داهاتوو) دیاردەیەکی ڕەهایە (موتڵەق) ، کەچی ڕابردوو وەک ساتێک لە زەمەن ، حاڵەتێکی ڕێژەییە (نیسبی) . یان ڕابردوو هەر ئەو ساتانە نین کە پێوەرێکی تایبەتی دیاریکراون و لەگەڵ بەسەرچوونی کۆنکرێتییە

خۆیاندا تەواو ببن ، بەڵکو ئەو ئۆبێکت و بابەتە زیندووە کۆنکرێتییانەشن کە لەگەڵ خۆیاندا هێناویانەتە بەرهەم و بە هۆیانەوە تێکەڵاوی و توانەوەی خۆیان لەناو ئێستاو داهاتوودا دابین کردووە .

****

بەرهەمەکانی حوسێن عارف و ، کۆمەڵێک چیرۆکنووسی دی ، سەرەتایەکی نوێیان بۆ چیرۆکی کوردی داهێناوەو ئاستی هونەریی و توانای دەربڕینی چیرۆکی کوردییان بەرەو ژوورتر بردووە ، زمانی چیرۆک و چێژی هونەریی و هوشیاریی جواناسیی خوێنەرانیان گەشە پێداوە . ئیتر دوای (گەلەگورگ) ،(ئەندێشەی مرۆڤێک) و(سەفەرێکی ئەفسووناوی) و هەندێک چیرۆکی دیکەی حوسێن ، هەقی خۆمانە چاوەڕوانی گەورەترمان لە حوسێن و ، مەرجی سەختترمان بۆ چیرۆکی نوێی کوردی هەبێت .

سەرچاوە و پەراوێزەکان

* ئەم باسە بۆ گوڵبژێرێکی چیرۆکەکانی حوسێن عارف (١٩٥٧-١٩٩٢) نووسراوە، کە لە سوێد لە ژێرچاپدایە .

1- Erich Fromm , Ett friskare samhalle, Oversattning : Sven Ekberg , Tidens Forlag ,Stockholm 1976,S.98

2- Filosofilexikonet, Oversattning Jan Hartman, FORUM,1995,S.18

3- Joachim Israel, Alienation Och Byrakratisering industrisamhallet I omvandling Almqvist & wikesell forlag , stockholm 1982, S.39

٤- سەرچاوەی پێشوو ، لا٦٧-٦٨

5- Erik fromm, Ett friskare samhalle , S.57- 30

٦- هەمان سەرچاوە ، لا ١٢-١١١

7- Joachim Israel,Alienation Fran Marx till modern sociologi , Stockholm 1971,S.248

٨- ئەم چیرۆکانە لەم گوڵبژێرەی چیرۆکەکانی حوسێن عارفدا بڵاوکراونەتەوە .

٩- حوسێن عارف ، گوڵبژێر ، چیرۆکی خوێنەکی پووچ .

١٠- حوسێن عارف ، گوڵبژێر ، چیرۆکی سمۆرە.

١١- حوسێن عارف ، ئەندێشەی مرۆڤێک ، چاپی یەکەم ، بەغدا ١٩٩٠ ، لا ١١٦ .

١٢- حوسێن عارف ، گەلەگورگ ، ئەمیندارێتیی گشتیی پۆشنبیری و لاوان ، چاپی یەکەم ١٩٨٣ ، لا ٧١ .

١٣- گۆران مەریوانی ، لە دیدارێکی حوسێن عارفدا ، ڕابوون ، ژمارە ٣ ،١٩٩٢ ، لا٨٧-٨٨ دا .

١٤- حوسێن عارف ، ئەندێشەی مرۆڤێک ، لا٢٤٦ .

١٥- هەمان سەرچاوە ، لا٣٥١ .

١٦ هەمان سەرچاوە ، لا ٩٧-٩٨ .

١٧- گەلەگورگ ، چیرۆکی شالاوی دڵ ، لا ١٦٤ .

١٨- حوسێن عارف ، شار ، لە چاپکراوەکانی گۆڤاری کاروان ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٦ .

19- Petr L Berger , Invitation Till Sociologi,Oversattning Gull Brunius , Raben Prisma, 1994, S.102-103

٢٠- عبدالرحمن منیف ، لە زمانی منصور عبدالسلام ، قارەمانی ڕۆمانی (الأشجار وأغتیال مرزوق) ، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر ، ١٩٧٩ ، لا ١٥٥ .

بەهای شێوە : فۆرمالیستە ڕووسەکان

بابەکی ئەحمەدی

وەرگێڕانی:ئازاد بەرزنجی

بەڵای مرۆڤەوە هیچ شتێک لە نەبوونی وەڵام ترسناکتر نییە

باختین

(١)

بزووتنەوەی فۆرمالیزمی ڕوسیایی کە لە سالی ١٩٤١ دا نیشانە سەرەتاییەکانی دەرکەوت ، لەدوا ساڵانی بیستەکانی ئەم سەدەیەدا، لەژێر زەبری شاڵاوەکانی ڕژێمی ستالینیدا لەبەرەیەک ترازا ، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا بووە یەکێک لە ڕێبازە فیکری یە سەرەکیەکانی ئەم سەدەیەو تا ئێستاش بە ئاشکرا کاریگەریی تۆژینەوە سەرەکییەکان و شێوازی کاری فورمالیستەکان بەسەر تیۆری ئەدەبیەوە دیارە.

ڕەخنەی ئەدەبیی سەدەی نۆزدەهەمی ڕوسیا زیاتر لە خزمەتی بزاڤی بیری ئازادو لەدوا ساڵانی ئەو سەدەیەشدا ، تا ڕادەیەک لە ڕاژەی سۆسیال دیموکراسیی ڕووسیادا بوو .

تەواوی ڕەخنەنووسانی ڕووس لە سەدەی پێشوودا ڕەخنەیان بۆ گەیاندنی (بنەما سیاسی و ئەخلاقییەکان) تەرخان کردبوو . تەنانەت نووسەرێکی دواکەوتووخوازی وەک (ئەپۆلۆن گریگۆریۆف) یش ڕەخنەی (لە خزمەتی بیروباوەری گەل) دا دەنووسی، یان لیوتۆلستۆی کە نە هاورێی دیموکراتە ڕادیکال و شۆڕشگێڕەکان بوو ، نەهی هێزە دواکەوتووخوازەکان : دەیووت کە ڕۆڵی ڕەخنە ڕوونکردنەوەی ئایدیای (ئاکار- ئەخلاق)ە. لە نەوەدەکانی سەدەی (١٩) دا تەنها (میرزۆفسکی) و (ڤلادیمیر بریۆسۆف) جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە دەبێ ڕەخنەی هونەری بەر لە هەموو شتێک لەچوار چێوەی (بنەما ئیستاتیکیەکان)دا ئەنجام بدرێ و وەسیلەکانی هەڵسەنگاندنی دەقێک (یاسا هونەری یەکان) بێت . دوو بڕیاری دی لە تۆژینەوەی ڕیشەکانی بزاڤی فۆرمالیستەکاندا بایەخی خۆیان هەیە: یەکەمیان ئەلیکسەندەر پوتب نیایە کە خاوەنی کتێبی (چەند وانەیەک لەمەڕ تیۆری ئەدەبی) و (کتێبی مەسەلە تیۆریەکانی سایکۆلۆژیای هونەر)ە و تیایاندا باسی لە گرنگیی ئازادیی ووشەکان کردووە لە دەسەڵاتی بیرو باوەڕو ، بەهای شیعری و ئەدەبیی زمانی لە (ڕەمزییەتی زمان) دا بینیوەتەوە . ئەوی تریان ئەلیکسەندەر ڤسلوڤسکی یە کە بە تایبەتی دیدگای فۆرمالیستەکانی سەبارەت (مێژووی ئەدەبی) داڕشت و لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی فۆلکلۆر کارێکی زۆری لەسەر شێوازی کاری فلادیمیر پڕۆپ کرد . لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خێرای بزاڤی سیمبۆلیزم دا دوو گروپی سەرەکی لەنێو ڕەخنە نووسان دا پەیدا بوو : (باوەڕداران بە جواناسی- ئیستاتیکا) کە لە پەیڕەوانی میرزۆفسکی و بریۆسۆف بوون و ، (عارفان) کە ناودارترینیان ڤیاچسلاڤ ئیڤانۆف بوو کە هونەری بە (تەجەللای مەزهەبیی دینی) دەژمارد کە بەرئەنجامی کۆمەڵێک توخمی پیرۆزی بالاتر لە حەقیقەتە زەمینیەکان و ، بە یاریدەی (سیحرو ، نهێنی و ڕەمز) دێتە ئاراوە . بەڕای ئەو هونەری مەزهەبی دەتوانێ نەک بە تەنها کۆمەڵگاو مێژوو ، بەڵکو حەقیقەتیش بگۆڕێ. ڕەخنەی عیرفانی ، ڕیشەی لەکاری ڕۆمانتیکە ئاڵمانیەکان و

نوسراوه ئیستاتیکیەکانی شلینگ دا هەیەو ، ئەم فەیلەسوفە لە داواکاریەکانی دا بەرگریی لە هێزی گوڕانکاری (پەیوەندیی نێوان بیرو هونەر) دەکرد.

سەرئەنجام لە ساڵی ١٩١٠ دا داپچڕانی تەواوەتی لە نێوان (رەخنەی عیرفانی) و (رەخنەی ئیستاتیکی)دا ڕووی دا. لە کاتێکدا لایەنگرانی (بونیادی مەزهەبیی هونەر) بەرەو (کلاسی سیزم) چوون ، هەوادارانی ڕێبازی ئیستاتیکی لە ئاست بنەما سەرەتاییەکانی سیمبۆلیستەکاندا بە ئەمەکداری مانەوەو هەر زوو کەوتنە ژێر سیحری (هونەری نوێ) و بە تایبەتی بیرو باوەڕەکانی فۆتوریستە (ئایندەخواز)ە ئیتالیاییەکان . بڵاو بوونەوەی بەیاننامەی فوتوریزمی ئیتالیایی لە ساڵی ١٩٠٩ دا ، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێو ڕەخنەنووسە لاوەکانی ڕووس دا هەبوو ، شێلگیریەکەی مایکۆفسکی لەسەر ئەوەی کە (پێویستە مشتەکۆڵەیەکی توند لە چێژی هەمووان بدرێ) لە فوتوریزمەوە سەرچاوەی گرتبوو. ئەم بزافە ئەدەبی یە نوێ یەی ڕووسیا بنیادنەری گەلێ نوێ کاریبوو لە بواری شیعرو ، پەخشان و ، هەروەها شانۆدا . لە سەرەتای دەهەی بیست دا تێگەیشتنی تەقلیدی بۆ (جوانیی هونەری) جێی بۆ تێگەیشتنێکی سۆفیانەو شەیدایی بۆ شێوەی ئەندازەیی و (شێوازگەرایی) چۆڵ کرد. لەجێی هاوبەندی و دۆستایەتی لەگەڵ سروشتدا ، شارو مەکینە هاتنە گۆڕێ و ، یەکێک لە خاڵە سەرەکیەکانی تریش ئەوە بوو کە ئیدی باس لە پەیوەندی کارێکی ئەدەبی بە حەقیقەت و جیهانەوە نەدەکرا ، بەڵکو مەسەلەکە بووە ئەم پرسیارە سادەیە ..(شیعر چۆن دێتە ئاراوە؟) .

بزاڤی فۆرمالیستەکان هاوکات لەگەڵ ئەم نوێگەری یە هونەریەدا هاتە گۆڕێو دامەزرێنەرانی ئەم بزاڤە کۆمەڵێک لاوی نوێخوازبوون . بە شێوەیەکی ئاسایی نامەکەی شکڵۆفسکی واتە (ڕاپەڕینی وشە) بە یەکەم بەڵگەنامەی فۆرمالیزم دادەنرێو لە ساڵی ١٩١٤ دا بڵاوبۆوە . هەروەها دوو نامەی کورتی تری ڤیکتۆر شکڵۆفسکی کە لە ساڵانی دواترا نووسیونی ، واتە (دەربارەی تیۆری زمانی شیعری) ١٩١٦ ەو (دەربارەی شاعیری) ١٩١٩ لە ڕووی شێواز ناسییەوە بایەخی زیاتریان هەیە .

ڕێبازی فۆرمالیزم بە دامەزراندنی Opoiaz(ئەنجوومەنی تۆژینەوەی زمانی ئەدەبی) لە ساڵی ١٩١٦ دا لە پەترسبۆرگ ڕەنگ و شێوەی خۆی وەرگرت و ، ئەم ئەنجوومەنە لەگەڵ گروپە نوێگەرەکاندا پەیوەندیی بەست . ئەکرێ بەڵگەی ئەم پەیوەندییەش لە نامەیەکدا ببینینەوە کە ڕۆمان یا کۆپسن ساڵی ١٩٢١ لە پراگ بەناو نیشانی شیعری نوێی ڕووسیایی بڵاوی کردەوە . پەیوەندیی دۆستانەی خلیبنیکۆف و مایکۆفسکی لەگەڵ ڕەخنە نووسانی فۆرمالیستدا نیشانەی نزیکیانە لەبیرکردنەوەدا .دۆزینەوەی کاریگەریی فوتوریستەکان لەسەر فۆرمالیستەکان کارێکی ئاسانە . شکڵۆفسکی و فۆرمالیستەکانی دیکە لەو فۆرمالیزمەوە فێربوون ووشەگەلێک بدۆزنەوە کە لەهەر جۆرە دیاریکردنێکی بەهایی ئازادبن و بەدوا سینتاکسێکی نوێ ی زماندا بۆ ئەم وشانە بگەڕێن . بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ کە فۆرمالیستەکان تەواو بە هەوادار یان هاوڕێ ی فۆرمالیستەکان ناژمێردرێن . هەر بۆ نموونە ، ئەو کتێبەی کە لەساڵی ١٩٢٣ دا بۆریس ئاخنبام دەربارەی ئانا ئەخماتۆف بەچاپی گەیاند ، پیشانیدا کە فۆرمالیستەکان بۆ زۆر لە بنەماکانی سیمبۆلیزم (ڕەمزگەرایی) ئەمەکدار بوون.

ڤیکتۆر شکڵۆفسکی (لەدایک بووی ١٨٩٣) دەستی بەنووسین لەسەر گرنگترین ڕێسا تیۆریەکانی فۆرمالیزمی ڕووسیایی‌ی کرد و ، لەگەڵ ڕۆمان یاکۆبسن دا ناسراوترین نووسەرن کە لەسەر بزاڤی فۆرمالیستەکانیان نووسیبێت . لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆمەڵێک وتاری بەناو نیشانی (دەربارەی تیۆریی پەخشان) بڵاوکردەوە . هەروەها بۆریس ئاخنبام (١٨٨٦- ١٩٥٩) بە کتێبی (پاڵتۆکەی گۆگۆڵ چۆن نووسراوە ؟) دەستی بەکاری خۆی کرد . پاشان کتێبێکی قەوارە بچووکی دەربارەی شیعرەکانی لێرمانتۆف نووسی (١٩٢٤) ، بۆریس تۆماشڤسکی (١٨٩٠- ١٩٥٧) نامەیەکی دەربارەی عەروزی شیعر نووسی و لەساڵی ١٩٢٣ دا لە کتێبێکدا بەناونیشانی (دەربارەی شیعری ڕووسی) بڵاوی کردەوەو ، بەهۆی نووسینەکانیەوە زیاتر وا

ناسراوە کە گرنگی بەجیاوازیی نێوان پلۆت و چیرۆک دەدات .

یۆری تینیانۆف (١٨٩٤ - ١٩٤٣) یش بە لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە کاریگەریی گۆگۆڵ لەسەر دوستۆیڤسکی دەستی پێکردو بەناونیشانی (مەسەلەی زمانی ئەدەبی) لەساڵی ١٩٢٤ دا بەچاپی گەیاند . پاشتر لە ناميلکەیەکی خۆیدا بەناوی (لایەنە کۆن و نوێ کان لە شیعری ڕووسیدا) ١٩٢٩ باسی لە گۆڕانکاریەکانی زمانی شیعری ڕووسیایی کرد . هەروەها ڤیکتۆر ژیرمۆنسکی لە تۆژینەوەیەک سەبارەت ڕۆمانتیسمی ئاڵمانی دەستی پێکردو هەوڵیدا ڕیشەکانی سیمبۆلیزم لەو بزاڤەدا بدۆزێتەوەو ، کتێبەکەی کەناوی (هونەری پێکەوەنان لە شیعری لیریکیدا) یە لەساڵی ١٩٢١ دا بڵاو بۆوە . ڤیکتۆر ڤینۆگرادۆڤیش لەناو فۆرمالیستەکاندا تیۆریستێکی دیار نەبوو ، بەڵام وەکو تۆژەرەوەیەکی مێژووی ئەدەبی کۆمەڵێک کاری گرنگی نووسی . کارە سەرەکیەکەی ئەم کارێکی تیۆریە دەربارەی پەیوەندیی فیکریی دۆستۆیڤسکی و گۆگۆڵ و بەناوی (دروست بوونی ناتورالیزمی ڕووسی) بڵاو بۆوە . کارەکانی دواتری ، زۆربەیان بە زمانی فەرەنسیو ئاڵمانی و چیکی نووسراون .

ئۆسیپ بریک ، لە ڕێکخستنی فیکریی فۆرمالیستەکاندا ڕۆلێکی بایەخداری هەبوو ، گەرچی کارە بڵاوکراوەکانی زۆرنین ، بەڵام وتاری (گوتارەکانی شیعری ڕووسی) کە لە ساڵی ١٩١٩دا بڵاوی کردەوە سەرەتای چەند تیۆریەک بوو کە لە دەهەی دوایی لە پراگ ، لەلایەن ترۆبتسکۆی و یاکۆبسن و مۆکاروڤسکییەوە خرانە ڕوو . (لیف یاکوبینسکی)یش لەهەمان ساڵدا ١٩١٩ وتارێکی گرنگی دەربارەی چەمکی مێژووی ئەدەبی بڵاو کردبووەوە . هەروەها بۆریس ئینگلگارد درێژەی بەکارەکەی ئەوداو ساڵی ١٩٢٧ لە مۆسکۆ کتێبێکی بەناوی (شێوازی وێنەیی لە مێژووی ئەدەبیدا) بڵاو کردەوە .

لەم نێوەدا پێویستە ناوی کەسانێکیش بهێنین کە هەرچەند بە فۆرمالیست ناژمێردرێن ، بەڵام پەیوەندی فیکریی نزیکیان بە فۆرمالیستەکانەوە هەبوو :

میخائیل باختین ، ڤلادیمیر پرۆپ ، ڤاسیلی گیپیوس کە لەساڵی ١٩٢٤دا کتێبێکی دەربارەی گۆگۆل نووسی ، گیورگی کوکوڤسکی کە لە ١٩٢٧دا لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەدەبیاتی ڕووسی لە سەدەی هەژدەیەمدا بەچاپ گەیاند ، گیورگی ڤینوکور ئەو زمانناسەی کە لەساڵی ١٩٢٥دا کتێبێکی دەربارەی(زمانی شیعری) نووسیو ساڵی ١٩٤٣ کتێبی (مایکۆڤسکیی زمانساز) ی لە مۆسکۆ بڵاوکردەوە ، کە کتێبێکی دیارو ئەمەکدارە بۆ بنەماکانی فۆرمالیزم .

سەرئەنجام دەبێ باس لە ئەلکساندەر ریفۆرماتسکی بکەین کە لە ساڵی ١٩٢٢ دا(تەمەنیشی ٢٢ ساڵ بوو) کتێبێکی بەناوی شیکردنەوەی شێوەی کورتە چیرۆک نووسیو ، ئەم کتێبە دیارە کاریگەریەکیی فرەی لەسەر ئۆسیپ بریک و تۆماشڤسکی کرد . لەم ساڵانەدا کۆمەڵێک نووسینی ڕیفۆرماتسکی سەبارەت تیۆری ئەدەبی بە زمانی ڕوسی بڵاو بۆوە . پاش کشانەوەی بزاڤی فۆرمالیزم ، ریفۆرماتسکی ڕووی لە وانەوتنەوەی گوتارناسیو زمانناسی کردوو ، بوو بە یەکێک لە بەناوبانگترین زمانناسانی شووڕەوی و کارەکانی کاریگەریەکی زیادیان لە پەیدابوونی ڕێبازی نوێی زمانناسیی مۆسکۆدا هەبوو .

لە ساڵانی نێوان ١٩١٦- ١٩٢١ دا فۆرمالیستەکان شێلگیرانە ویستیان جیاوازیی خۆیان لەگەڵ ڕێبازە ئەدەبیەکانی دیکەدا بخەنە ڕوو . لە ساڵانی ١٩٢١- ١٩٢٨ دا پەرەیان بە کارەکانیاندا و هەندێ مەسەلەی وەکو مێژووی ئەدەبییان وروژاند . ڕابەرانە حزبی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٢٤ەوە بە ئاشکرا هێرشی خۆیان بۆ سەر فۆرمالیستەکان دەست پێکرد . لیون تڕۆتسکی لە ئەدەب و شۆڕشدا هێرشی کردە سەر بیرو باوەڕە دژ بە مێژووینەکانی ئەوان و مارکسیزمی بەرامبەر فۆرمالیزم . ناحەزانی تڕۆتسکی لە باڵەکانی تری حزبدا بە زمان و شێوازێکی ڕەقتر درێژەیان بەو هێرشەدا . لە ساڵی ١٩٢٨ دا بە ڕەسمی فۆرمالیزم ڕەت کرایەوە . فۆرمالیستەکان کە لەساڵی ١٩٢٤ ەوە دژی تێڕوانینی ڕەسمی وتووێژیان دەکرد ، بەناچاری خامۆش بوون و تا ناوەڕاستی دەهەی سی هەریەکەو ڕێیەکیان هەڵبژارد .

لێکۆڵینەوەکانی شکلۆڤسکی لەمەڕ تۆڵستۆی وودە وودە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ فۆرمالیزمدا پچڕاند ، تاڕادەیەک ئیدی ئەدگارێک لە فۆرمالیزم بە تۆلستۆیەوە نەما . دابڕان لە هەندێ بنچینەی فۆرمالیستی لەژێننامەکەی خودی شکلۆڤسکی خویدا کە بەناوی (سێیەمین فاکتەر)ەوە لە ساڵی ١٩٢٦دا نووسیو بڵاوی کردەوە ، دەبینینەوە . شکلۆڤسکی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هونەری وەها لە قەڵەم دەدا کە لەژیان ئازادە ، لێرەدا باسی لە کاریگەریی) (فاکتەرە سەروو ئیستاتیکیەکان) لەسەر مانای گوتاری ئەدەبی کردووە . بەڵام ناکرێ لەم بارەیەوە موبالەغەش بکرێ ، چونکە هەموو فیکرێکی زیندوو چەندەهاجار ڕەخنە لەخۆی دەگرێ و زۆر لە بنەماکانی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە . فاکتەری سەرەکی کە کۆتایی بەژیانی فۆرمالیزمی ڕووسی هێنا ، زەبرو زەنگی فەرمانڕەوایان بوو کە جگە لەتێگەیشتنێکی سادەو ڕەمەکیی خۆیان بۆ مارکسیزم نەبێت ، هیچی تریان پێ قبوڵ نەبوو و بەرگەیان نەدەگرت . بەهەرحاڵ شکلۆڤسکی لە سییەکاندا ڕووی لە (تیۆریی فیلم) کردو کۆمەڵێ وتاری سەبارەت سینەما نووسیو لەو نووسینانەیدا دیارە کە هێشتا ڕەگێکی فۆرمالیزمی تێدا ماوە . لە ساڵی ١٩٢٣دا کتێبێکی بەناونیشانی (سینەماو ئەدەب) بڵاو کردەوە ، لە سالی ١٩٢٧ یشدا پێکەوە لەگەڵ ئاخنبام و ، تیتیانۆف و ، ئادریان پیوتەرۆفسکیدا کۆمەڵە وتارێکیان لەژێر ناوی (تیۆریی ئەدەبی سینەما)دا چاپ کرد (ئەم کتێبە لە سالی ١٩٩٠ دا لە مۆسکۆ سەر لە نوێ چاپ کرایەوە) .

یاکۆبسن کە لەساڵی ١٩٢٠ ەوە لە پراگ وانەی دەوتەوە ، سالی ١٩٢٨ بەیەکجاری ڕووسیای بەجێهێشت و لە پراگ درێژەی بە کارەکەی خۆی دا ، پاشانیش بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چوو . لە دەهەکانی دواتردا لەو بیریارە کەمانە بوو کە ئەمەگی بۆ بنەما سەرەکیەکانی فۆرمالیزمی ڕووسی ما . ئاخنبام لە سەردەمی ژیدانۆف دا بە تۆندی کەوتە بەر شاڵاوی و تا مردیش ئەو هێرش و شاڵاوانە هەر لە سەری بەردەوام بوو ، گەرچی ئەو بەتەنها خەریکی نووسینی ژیاننامەی ئەدیبان بوو .

تۆماشڤسکی سەرگەرمی نووسینەوەو لەسەر نووسینی ئاسەوارە کلاسیکیەکانی ڕووس بوو و لە توێژینەوەی دەقە کۆنەکاندا مامۆستایەکی بێ هاوتابوو . تینیانۆف لەسەر بناغەی ژیانی پوشکین و گریبایدوۆف خۆی سەرگەرمی نووسینی چیرۆک کرد . ژیرمۆنسکی خۆی بەنووسینی (ووشەکان و شێوەزارەکانی ئاڵمانی)یەوە خەریک کرد . ڤینۆگرادوف ڕووی لە زمانناسی کرد . بەڵام لە کتێبەکەیدا ﴿ زمان و شێوازی دەربڕین لای وشکین - ١٩٤١ ﴾ تڕووسکەی شێوازی فۆرمالیستی دەبینینەوە . هەروەکو چۆن لە کارەکانی تریشیدا دەربارەی دەستوری زمانی ڕووسیو مێژووی ئەدەبی ڕووسیا کاریگەریی فۆرمالیزم لەسەری هەر ماوە . بەشێکی کەم لە کاری فۆرمالیستەکان بە زمانە ئەوروپاییەکان بڵاوبۆتەوە . بەبێ ئاشنایی زمانی ڕووسی ، ئاسان نییە پەی بە گەورەیی کاری فۆرمالیستەکان ببرێ ، بە تایبەتیش پەی بردنی تەواوەتی بەو کارانەیان کە دەربارەی مەسەلەکانی زمانی شیعریی ڕووسیایی نووسیویانە ، کە بەتەنها کاتێک فەراهەم دەبێ کە دەقەکان بە زمانی ئەسڵی بخوێنرێنەوە .

﴿٢﴾

سەرەتا هیچ یەکێک لە بونیادنەران و نووسەرانی ئەم بزاڤە ناوی (فۆرمالیزم) یان پێ قبوڵ نەبوو ئاخنبام لە یەکێک لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیدا نووسیویەتی : (بە ئێمە دەڵێن فورمالیست ، بەڵام وا ڕاستتر دەبوو لە بری فۆرمالیزم ، مۆرفۆلۆژیان بەکار بهێنایە) .

ئەم کارە ئەدەبییە کە خۆی نا ، بەڵکو ئەمەی لە کارەکەدا دەنگی داوەتەوە بە بابەتی ئیشی بزاڤەکەی دادەنا ، هەر بۆیە چەمکی باوی شێوە (یان فۆرم) ی پێ قبوڵ نەبوو . پاش چەند ساڵێک ئاخنبام نووسیی،(ئێمە فۆرمالیست نیین ، بەڵکو ئاشناییمان بە تایبەتمەندێتی کاری ئەدەبی هەیە). زاراوەیەکی هێنایە گۆڕێ کە نوێ بوو و تا ئەو ڕۆژەش لە زمانی ڕووسیدا بەکار نەدەهێنرا ، Specifikatory پسپۆڕ هەر چۆنێک بێت ناوی (فۆرمالیزم)، سەرەتا ڕەخنەگران و ناحەزانی ئەو بزاڤە بەسەریاندا دابڕین کە مانایەکی سووکی لەدووتوێی خۆیدا هەڵگرتبوو کە ئەوەی پیشان دەدا (ئەم نووسەرانە بایەخێکی زیاد لە پێویست بە

شێوە) دەدەن . بەڵام وردە وردە لەلایەن هەوادارانی بزاڤەکەوە ئەم ناوە پەسەند کراو بەکار هێنراو ئەمڕۆش ئەم ناوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەوانە بە جۆرێکی تایبەتی بایەخیان بە شێوەی کاری هونەری داوە کە لە مانای بونیادەوە نزیکە .

یاکۆبسن بە وتاری (شیعری نوێ ی ڕووسی)دا بە کورتی گرنگترین بابەتی بە شێوازی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستەکان دا بەم جۆرە دیاری کردووە: (بابەتی زانستی ئەدەبی ئەدەب نییە بەڵکو ئەدەبی بوون -ئەدەبییەت-ی دەقەکانە)..دوای پەنجا ساڵ یاکۆبسن لە پاشکۆیەکدا کە بۆ هەڵبژاردەیەک لە کارەکانی خۆی نووسیویەتی بەناو نیشانی (مەسەلەکانی تیۆریی ئەدەبی) بڵاو بۆوە، دەڵێت : (ئەدەبییەت یان بە مانایەکی دی گۆڕانی گوتار بۆ کارێکی ئەدەبیو ئەو سیستمەی کە کار دەکاتە سەر ئەم گۆڕانە ئەو سەرمایە سەرەکییەیە کە زمانناسی لە شیکردنەوەکانی خۆیدا دەربارەی شیعر ئەنجامی دەدات) .

ڕێبازە ڕەسمیو زانکۆییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە دەهەی ١٩٢٠ دا نەک تەنها لە ئەورووپا ، بەڵکو لە وڵاتەکانی ئەنگلۆساکسۆنیشدا (دەرەوەی دەق) ببووە بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکانیان ،واتە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای مێژوویی یان سایکۆلۆژییەوە، پرسی سەرەکی لای ئەوان بریتیبوو لە : (چ شتێک دەق دوخولقێنێ؟)

بەڵام لای فۆرمالیستە ڕووسەکان (خودی دەق) یان بە مانایەکی باشتر(ئەوەی لە دەقدا ڕەنگی داوەتەوە)بوو بە بابەتی سەرەکی و سەنتەری کاریان و هەر ڕوانگەیەکیتر کە خاڵی دەرچوونی دەرەوەی دەق بێ ، لە خانەی دووەمی بایەخیاندا دایاننا . پرسیاری سەرەکی لای فۆرمالیستەکان ئەمە بوو : (جیاوازیی دەقێکی ئەدەبی لەگەڵ هەر دەقێکی تردا چی یە ؟) یان بە دەربڕینێکی دیکە (ئەدەبییەتی دەق چی یە ؟) دەتوانین دوو ئەدگاری سەرەکی کاری فۆرمالیستەکان بەم جۆرە دیاری بکەین :

١) جەخت کردنیان لەسەر گەوهەری سەرەکیو (ئەدەبی) ی دەق ، واتە خودی کارەکەیان ڕەچاو دەگرت و هەوڵیان دەدا بەشە خوڵقێنەرەکانی دەلالەتی مانایی دەقەکە لە شێوەکەی هەڵبهێنجن و ئەوەی کە لە دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە وەدەست بهێنن .

٢) بۆ ئەم مەبەستە جەختیان لەسەر سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەکرد ، واتە تەنها ئەو ئەنجامە تیۆری و ئەدەبیانەیان بەلاوە گرنگ بوو کە لە تۆژینەوەی خودی کارە هونەرییەکەوە وەچنگ دەهاتن، نەک لە تۆژینەوەی زەمینەی مێژووی هاتنەکایەوەی کارەکە یان ناسینی کەسێتی و سروشتی سایکۆلۆژیی نووسەرەکەیەوە .

فۆرمالیستەکان شێوازە باوەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیان خستە لاوە تا پەی بە (ڕێگای تایبەتیی ناسینی گەوهەرو سروشتی سەرەکیی کاری ئەدەبی) بەرن .

یاکۆبسن ، لەم بارەیەوە نووسیویەتی :

(مێژوو نووسانی کۆنی ئەدەب لەو پۆلیسانە دەچن کە بۆ گرتنی کەسێک دەچن هەموو خەڵکی دەگرن و دەست بەسەر ماڵی هەموواندا دەگرن ، تا کار دەگاتە ئەوەی هەر کەسێک بە شەقامەکەدا تێبپەڕێ دەیگرن . مێژوونووسانی ئەدەبیش پەنا دەبەنە بەر هەموو شتێک : زەمینەی کۆمەڵایەتی ، سایکۆلۆژیا ، سیاسەت و فەلسەفە . ئەوانەی لەبری ئەوەی پەنا بۆ شێوازی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەرن ، کۆمەڵێک یاسای خۆبەخۆیی دەخەنە ڕوو.)

فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا جگە لە (خودی) دەق خۆی پەنا نەبەنە بەر هیچ شتێکی دی . نکوڵیان لە گرنگیی ناسینی بەرکەماڵیی (شێوەکانی دەربڕینی ئەدەبی) نەدەکرد ، بەڵام ئەوەیان پیشان دا کە ئەو شێوانە تەنها لە (شوێنی ئەمڕۆ) ی خۆیاندا دەناسرێن . بەم جۆرە فۆرمالیستەکان وەکو (سوسور) یەکسەر مێژوویان ئەفەڕۆز نەکرد ، بەڵکو هەوڵیاندا (ئەوەی کە ئێستا هەیە) ، بیناسن ، ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو کارایی شێوە دەربڕینە نوێکە بوو نەک شێوەی هاتنە ئاراوەی . بەڵام لە سەرێکی تریشەوە ئەوەیان سەلماند کە گۆڕان سەد دەرسەد لە ئەنجامی کارو کاردانەوەی توخمەکانی ناوەوەی دەقەوە نایەت ، بەڵکو وابەستەیە بە گۆڕان لە

(یاسای ژانره) ئەدەبیەکانیشەوە کە لەگەڵ جێ گۆرکێی کۆمەڵایەتی واتە گۆڕان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەوانیش دەگۆڕێن . دەسکەوتی فۆرمالیستەکان ڕوون و ئاشکرابوو : دەقی ئەدەبیان خستە سەنتەری بایەخپێدانی خۆیانەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی و ، مێژوویی‌یەکان و تۆژینەوە ژینامەیی (بایۆگرافیک) و سوسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و.. بە کورتی هەموو شتە نائەدەبیەکانیان خستە پەراوێزی کاریانەوە . ئەوان مانایان بە (ئەدەبیەت) بەخشی و مێژووی ئەدەبییان بە (گۆڕانکاریی ناوەکیەکانی ئەدەب) لێک دایەوە . هەروەها دەبێ باس لەو شێوە و شێوازی کارانەش بکەین کە لە شیکردنەوەی دەقدا ڕەچاویان دەکرد . ئەوان بە ووردی شێوە جۆراو جۆرەکانی دەربڕینیان لە یەکتر جیاکردەوە ، شێوەکانی گێڕانەوەی چیرۆک ، ڕۆڵی گێڕەرەوەو ، پایەکانی ژانرە ئەدەبیەکان و گۆڕنکاریەکانیان لە مێژووی ئەدەبیدا ڕوون کردەوە. ئەمڕۆ ئێمە کاتێک لە شیعر دەکۆڵینەوە ڕەخنە لەو بۆچوونە دەگرین کە دەڵێت شیعر وێنەیەو ، لە ڕاست و دروستیی (ئیستیعارە) و (مەجاز) و ، ڕۆڵی یەکە زمانەوانی و سینتاکسییەکان دەپرسینەوەو ، لە هەموو ئەمانەشدا قەرزاری کاری فۆرمالیستەکانین .

یەکێک لە خاڵە گرنگەکان لە ڕێبازی کاری فۆرمالیستەکاندا جیاکردنەوەی دەق لە مێژوو بوو . شکلۆفسکی کە هەموو جۆرە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی - مێژوویی بۆ کاری هونەری ڕەت دەکردەوە ، ساڵی ١٩٢٣ نووسی : (هونەر هەمیشە لەژیان جیا بووە و ڕەنگی لە ڕەنگی ئەو ئالایە نەچووە کە بەسەر دەروازەی شارەوە دایان کوتاوە) . جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لە هونەردا هەموو بابەتەکان لە ڕووی بەهاوە یەکسانن . یاکۆبسن لەبەرگریکردنیدا لەم تێڕوانینە پرسی : (بۆچی ئەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە بەرپرسیاریی شاعیر بەرامبەر ململانێی بیرو باوەڕەکان ، زیاترە لە بەرپرسیاریی بەرامبەر هەر شتێکی دیکە ؟) هەروەها بەیەک چاو تەماشاکردنی هونەرو ژیانی بەکاری ئەو بینەرانە دەشوبهاند کە لەکۆتایی نمایشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا داوای ئەو ئەکتەرەیان دەکرد کە دەوری یەهوودای بینیوە تا بە تێڵا بیکوتنەوە . ئاخنبام دەربارەی جیاوازی لە میژوو لە ووتاری (چوار چێوەی ئەدەبی) دا سەرەتا پیشنیاری کرد کە (هەڵبژاردن و چەمکسازیی ڕاستیەکان لەیەک سیستمدا) هەمیشە وابەستە بە تێوریێەکی مێژوویی یا دیدگایەکی تایبەتییەوە سەبارەت بە مێژوو ، هەر ئەو پاشان ئەو حوکمە هیگڵییەی سەلماند کە هەمیشە ڕاستیە مێژوویی‌یەکان لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی ئەمڕۆدا شیاوی ناسین و (مێژوو شێوازێکی تایبەتی‌یە بۆ تۆژینەوەی زەمانی هەنووکە بە یاریدەی ڕاستیە هەڵبژاردەکانی زەمانی ڕابردوو) .

مێژوو لە ڕووی هەڵبژاردنی ڕاستیەکانەوە دەشوبهێتە پلۆتی چیرۆک کە بە هەڵبژاردەی ڕاستیەکانی چیرۆکەکە دادەنرێ . بەم پێیە ڕوانگەی سەرەکی ئێمە هەرچی‌یەک بێت ، دەبێ پەیوەندی ئەم دوو هەڵبژاردەیە لێک جیا بکرێتەوە. ئاخنبام شێوازی ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن لە ڕێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندییە ناوەکییەکانی دەق ڕاڤەبکەن بە هەڵە لە قەڵەم داو نووسیی : (ئەم شێوازە تەواو سایکۆلۆژییەو تیایدا کەمترین بایەخ بە هوونەر دەدرێ)، جەختی لەسەر ئەوەش کردووە کە ئەو جۆرە شێوازە هەرگیز ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە (بۆچی بە پێی کۆمەڵێک هەڵو مەرجی تایبەتی فەراهەم بووە ؟) لەبەر ئەوەی : (ئەدەب وەکو هەر سیستمێکی ڕێکی‌دی لە کۆمەڵێک ڕاستیی‌تر‌ەوە سەرچاوە ناگرێ کە سەر بە سیستمێکی ترن ، هەر بۆیە ناکرێ بەچاوی کەم بایەخی یەوە سەیری ئەو ڕاستیانە بکرێ . پەیوەندیی نێوان ڕاستیەکانی سیستمی ئەدەبی و ئەو ڕاستیانەی کە لەگەڵیاندا هاوپەیمانن ، پەیوەندیی نێوان هۆ و ئەنجام نییە ، بەڵکو پەیوەندی یەکی دوو لایەنەیە ، خاوەن کرداری ناوەکی خۆیانن و ، وا بەستەو مەرجسازی یەکتریشن) . کەواتە توخمە خولقێنەرەکانی دەقی ئەدەبی (تەنها بە یاریدەی خۆیان شی دەکرێنەوە. ڕاستییە ئەدەبی- مێژوویی‌یەکان کۆمەڵێک ڕاستیی ئاڵۆزن کە ڕۆڵی سەرەکی تیایاندا بە -ئەدەبیەت-ەوە پابەندە نەک بە شتێکی دیکەوە). بێگومان کاری ئەدەبی سەبارەت حەقیقەت شتمان پێدەڵێت بەڵام هەر وەکو

موکارۆفسکی دەڵێت (بە هیچ جۆرێک بەرئەنجامێکی میکانیکیی ئەو نی یە) . کارێکی ڕاست نیە گەر بمانەوێ لە ڕێی شیکردنەوەی حەقیقەتی جیهانەوە پەی بە جیهانی دەق بەرین . بە پێچەوانەوە ، دەبێ لە ڕێی حەقیقەتی دەقەوە، حەقیقەتی جیهانی دەرەوە بناسین . هەر لەبەر ئەمەشە ڕۆمانەکەی مارسیل پرۆست پتر لە هەر وانەیەکی زانکۆیی دەروونی مرۆڤمان پێ دەناسێنێ و کورتە چیرۆکەکانی کافکا لە هەموو بەیاننامە سیاسی یەکان ووردتر تەعبیر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەکەن .

ئەم بابەتەی کە ئاخنبام قسەی لەسەر کردووە ، لە کتێبێکی تینیانۆف (دەربارەی کاملبوونی ئەدەبی) ١٩٢٧ دا باسی لێکراوە .

تینیانۆف هەوڵی‌داوە ئەرک و ئامانجی ڕەخنەگری ئەدەبی دیاری بکات . ئەو نووسیویەتی و دەڵێت کە مێژوو نووسینی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی بەشێک لە لایەنە پەراوێزی یەکان ڕوون دەکەنەوە ، بەڵام گەیشتن بەم ئەنجامانە (ئامانجی سەرەکی ڕەخنەنووسی ئەدەبی نی یە). تینیانۆف جەختی لەسەر ئەوە کرد کە (تەنها کاتێ مێژووی ئەدەبی دەبێتە زانست کە بابەتەکەی ئەدەبیەتی کارەکە بێت) و ئەوەی پێشنیار کرد کە دەبێ کاری ئەدەبی وەکو سیستمێکی تایبەتی بناسین کە لە نێو سیستمێکی دیکە واتە (باری ئەدەبی)دا بنرێ . پرسیاری گرنگیش لێرەدا ئەمەیە : (توانای هاو ئاهەنگیی کارێکی ئەدەبی لەگەڵ توخمەکانی دیکەی سیستمی باری ئەدەبی و دواتر لەگەڵ سیستمەکەدا بە گشتی چی یە ؟) هەر بۆ نموونە ووشەگەلێکی کارێکی ئەدەبی ، لەسەرێکەوە لەگەڵ توخمەکانی دیکەی هەمان کاردا پەیوەندی هەیەو لە سەرێکی دیکەشەوە پەیوەندیی لەگەڵ دونیای ووشەی کارێکی ئەدەبیی دیکەشدا هەیە . تینیانۆف پێشنیاری کرد کە شێوازی تۆژینەوەی توخمە ناوەکیەکانی سیستمی کارێکی ئەدەبی لە شێوازی تۆژینەوەی توخمە ناوەکیەکانی (سیستمی باری ئەدەبی) جیا کەینەوە : تۆژینەوەی پەیوەندی زمانی کارێکی ئەدەبی لەگەڵ توخمەکانی تریدا پێویستیی بە شێوازێکی تایبەتە کە جیاوازە لە شێوازی تۆژینەوەی پەیوەندی ووشەگەلێک و زمانی کارێکی ئەدەبی لەگەڵ دونیای ووشەی کاری ئەدەبی تردا . تۆدۆروف دەڵێت یەکێک لە گرنگترین ئەو وانانەی کە لە فۆرمالیستە ڕووسەکانەوە فێر بووین ئەوەیە کە : ناکرێ توخمەکانی کارێکی ئەدەبی - کە تەنها لە نێو چوار چێوەی ئەو کارەدا هێزی دەلالی خۆیان لە دەست نادەن- لەگەڵ توخمەکانی کارێکی دیکەدا بەراورد بکەین . جیاوازیی توخمەکانی تراژیدیاکانی راسین و توخمەکانی تراژیدیاکانی کۆرنای زۆر گرنگە ، چونکە هەر توخمێک لەهەر یەک لەم دوو کۆمەڵە تراژیدیایە (دەلالەتی مانایی) تایبەتی خۆیان هەیە .

تینیانۆف ئەنجامێکی تریشی بەدەست هێناوە ئەوەی لەسەردەمێکدا بە توخمێکی ئەدەبی دەژمێردرێ ، لەسەردەمێکی تردا تەنها وەکو دیاردەیەکی سادەی زمانەوانی سەیر دەکرێ و بەس . بیرو مەبەستی نووسەر بەرجەستە بوونی کۆمەڵێک بارن کە لە سەروو دەقەوە هەن . لە نێوان هەلو مەرجەکانی ژیان و بیری نووسەر و کارە ئەدەبیەکەیدا مەودا هەیەو ، بە یاریدەی لێکۆڵینەوەی ئەو هەل و مەرجانە ناتوانین کارە ئەدەبیەکە بناسین . تینیانۆف جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ناکرێ پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان (مەبەستی نووسەر) و کارەکەیدا بدۆزینەوە . تۆژینەوەی سروشتی سایکۆلۆژیی نووسەر چ کارایەکی نیە ، هەروەها ناتوانین لە ڕێی شیکردنەوەی ژینگەو ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر ، یان باری ئابووری و ڕۆشنبیریی چینەکەیەوە کارە ئەدەبیەکانی نووسەر بناسین .

یاکۆبسن نموونەیەکی سەبارەت بە جیابوونەوەی نووسەرو کاری ئەدەبی هێناوەتەوە .

لەم ڕووەوە ئاماژەی بۆ چامە دڵداری یەکانی شاعیری ڕۆمانسیی چیکی کارل هینک (یان) ماشا کردووە ، کە تیایاندا شاعیر تا ڕادەی پەرستن دڵبەرەکەی خۆی خۆش ویستووە . لە سەرێکی تردا هەمان شاعیر لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا زۆر بە خراپ ناوی هەمان دڵبەری هێناوە .

یاکۆپسن دەپرسێت تۆ بڵێ ی کام تەعبیرەیان لەو ئەزموونەی ڕاست بێت ، هەر خۆشی وەڵام دەداتەوە : (هەردووکیان و هیچیشیان .) هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت : (ئەو شاعیرەی کە گفت دەدات و دەڵێت ئەوەی حەقیقەتی ڕووت و پەتی نەبێت نایڵێم ، ئینجا هەر وەکو ئەوەی سەرگوزەشتە هەڵبەستێ وایە . هەروەها کاتێ شاعیر دەڵێت هەرچی یەکی وتووە زادەی خەیالیەتی ، ئینجا هەر ڕاست نیە ، چونکە شیعرەکەی ، ڕەگ و ڕیشەی لە حەقیقەت و ژیاندا هەیە) . کەواتە دەبێ لەگەڵ ئاخنبام دا بڵێین کە (لە شیعردا ڕوخساری شاعیر دەبێتە دەمامکێک و هیچی دی) کاری ئەدەبی لە ژیانی نووسەر جیایە ، بەو مانایەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و خێرا لە کارەکەیدا ڕەنگ ناداتەوە . کەواتە بۆ ناسینی کاری ئەدەبی ، گەڕانەوە بۆ ژیانی نووسەر کارێکی بێ هودەیە . کاری ئەدەبی بە جۆرێ پەیوەندیی بە نووسەرەوە هەیە کە ڕوخساری دەشارێتەوە . بەهەرحاڵ ، یاکۆبسن پتر لە جارێک تەئکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکانەوە ، ناتوانین لە ڕێ ی ئەو ئەدگارانەوە کاری هونەری بناسین : (تینیانۆف و ، موکارۆفسکی و، شکلۆفسکی و ، من هەرگیز لەو باروەڕەدا نەبووین کە هونەر خۆی بۆ خۆی کاملە ، بە پێچەوانەوە ، ئێمە هەمیشە جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە هوونەر بەشێکە لە حەقیقەتی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا پەیوەندیی هەیە). ئەم ڕایەی یاکۆبسن ڕێ لەو بۆچوونە نادروستانە دەبەستێتەوە کە کاری هونەری بە (چارەنووسێکی حەتمیی داهێنان) لە قەڵەم دەدەن و نووسەرو هەل و مەرجە مێژوویی - کۆمەڵایەتیەکان - یەکسەر ئافەرۆز دەکەن . بۆ نموونە وەکو ئەو بۆچوونەی ئۆسیپ بریک کە وتوویەتی : (ئەگەر پۆشکینیش لە دایک نەبوایە ، یەفگینی ئۆنگین هەر دەنووسرا) . ئەم جۆرە بۆچوونە یەکلایەنەو زێدەڕۆییە . هەر وەکو چۆن کاتێک شکلۆفسکی هونەری بە (ئازاد لە ژیان) دەزانی ، حوکمێکی نادروستی دەداو بە پێچەوانەشەوە وەختێک کە دەینووسی کاری ئەدەبی بریتی یە لە تەواوی ئەو شێوازانەی دەربڕین کە تیایدا بەکار هاتوون) ، نەک بە تەنها نکوڵیی لە ڕۆڵی مێژوو نەدەکرد ، بەڵکو ئەوەشی پێ قبوڵ بوو کە نووسەر ژمارەیەک لە توخمەکانی دەربڕینی بە ئاگاییەوە بەکار هێناوە . ئەوەی گرنگ بێ بوترێ ئەوەیە کە بەهۆی ئەو توخمانەوە کە نووسەر بە ئاگایانە بەکاری هێناون ڕاست نیە ئێمە (مەبەست) ی نووسەر بکەینە خاڵی دەست پێ کردن و ناسینی کارە ئەدەبیەکە .

لێکۆڵینەوە بە گەڕان و پشکنینی مێژوویی دەست پێ ناکات ، بەڵکو بە (خودی کارە هونەریەکە) . سەرهەڵدان و دروست بوونی ئۆبژەکتانی شێوازی دەربڕین گرنگ نییە ، ئەوەی گرنگە کۆبوونەوەیانە لە دەقێکدا . فۆرمالیزم بە شێوەیەکی موتڵەق نکوڵی لە مێژووی ئەدەب ناکات ، بەڵکو هەوڵ ئەدات لە شوێنی دروستی خۆیدا دایبنێت . نموونەی باسی مێژوویی لە نووسراوەکانی فۆرمالیستەکاندا زۆرە ، بەڵام لە تەواوی ئەو نووسراوانەدا بایەخ بە مێژووی شێوە ئەدەبیەکان دراوە نەک مێژووی سەرهەڵدانی ئەو کارە ئەدەبیانە . بۆ نموونە کاتێ یاکۆپسن لە وتارێکیدا دەربارەی پوشکین (١٩٣٦) دەڵێت : (بونیادی ئیستاتیکیی شیعری پوشکین کلاسیزمە، بەڵام ئەو جۆرە کلاسیزمەی کە لەژێر کاریگەریی ڕۆمانسیزمدا ڕەنگ و بۆی بەخۆوە گرتووە ، هەر وەک چۆن ئەو ڕۆمانسیزمەی لە کارەکانی دوا ڕۆمانتیکەکاندا دەیبینینەوە - بۆ نموونە لە کارەکانی لۆتریامۆن و ، و بۆدلێر و ، دۆستۆیفسکیدا - بە ناچاری کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو حەقیقەتەوە کە ڕۆژگار ، ڕۆژگاری ریالیزم بووە) . لە ڕاستیدا مێژووی ئەدەبی بەو جۆرەی کە ولڤلین سەبارەت مێژووی هونەر ئەنجامە داوە ، دەگۆڕێ بۆ مێژووی شێوازی دەربڕین ، یان (مێژووی شێوەکان) و ئەمەش ڕێک بەو مانایە دێ کە ئاخنبام دەیوت : (ئێمە مۆرفۆلۆژیستین) .

(٣)

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە فۆرمالیستەکان دەربارەی شێوەی دەربڕینی ئەدەبی خستیانە ڕوو چەمکی (نائاسایی کردن)ە . بۆ یەکەم جاریش

شکلۆڤسکی ئەم چەمکەی خستە ڕوو ، ووشەی Ostrannenja ی ڕووسیی بەکار هێنا .

دوای ئەو یاکۆبسن و تینیانۆف لە هەندێ شوێندا ئەم چەمکەیان بە زاراوەی (نامۆکردن یا بێگانەسازی) بەکارهێنا . یەکەمین بەکارهێنانی ئەم چەمکە لای شکلۆڤسکی لە کتێبی (هونەر وەکو ئۆیەن) ١٩١٧ دا بەرچاو دەکەوێت . بە تێڕوانینی شکلۆڤسکی ، هونەر دووبارە (ئیدراکی حسی) ی ئێمە ڕێک دەخاتەوەو لەم ڕەوتەیدا نەریتە باوەکان و بونیادە بە ڕوالەت لە حەقیقەت چووەکان دەگۆڕێت. هونەر خوو و نەریتەکانمان دەگۆڕێت و هەموو شتێکی ئاسایی لەبەر چاومان نامۆ دەکات . مەودا لە نێوان ئێمەو هەموو ئەو شتانەدا دروست دەکات کە خوومان پێیانەوە گرتووە (وەکو کار ، پۆشاک ، ڕازاندنەوەی ناو ماڵ ، هاوسەر ، ترس لەشەڕ و هتد ..) ، شتەکان (بۆ خودی خۆیان) چۆنن ئاوەها پیشانی ئێمەی دەدات و هەموو شتەکان لە حوکمی تاک ڕەهەندانە کە زادەی ئیدراکی حسیی ئێمەیە ئازاد دەکات . ئەم چەمکە لەمەڕ (نائاسایی کردن) نیشانەی کاریگەریی فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەناسی) ی (هۆسێرل)ە لەسەر شکلۆڤسکی و بە ئاشکرا ئەو بۆچوونەی (هۆسێرل) مان دێنێتەوە یاد دەربارەی هەڵەیی بەڕەوڕووبوونەوەی (یەکەمین یا سروشتی)ی ئێمە لەگەڵ جیهان و زەرورەتی پەیبردن بە (خودی شتەکان) . لە وتاری (هونەر وەکو ئۆیەن) دا شکلۆڤسکی هەندێ نموونەی سەبارەت نائاسایی کردن هێناوەتەوە . لەمەڕ تۆڵستۆی دواوە کە (بینینی شتەکان لە دەرەوەی زەمینەی ئاسایی و سروشتیی خۆیاندایە). هەروەها سەبارەت بە وێنە ئیترۆتیکییەکانی (دیکامیرۆن)ی بۆکاچیۆ و بەکارهێنانی ووشە دێرین و لەیادچووەکان لە شیعردا دواوە . ئەم تۆژینەوەیەی شکلۆڤسکی پەل و پۆی بۆ گۆڕان لە پەیوەندی یە ئابووری و کۆمەڵایەتی - سیاسیەکانیشدا هاویشت . بۆ نموونە ئەو چەمکی (نائاسایی کردن)ی تا سنووری نکوڵی کردن لە (هەموو ڕێسایەکی بەرهەم هاتوو لە ئەنجامی مۆلکداریی تایبەتی یەوە) ی برد . ئامازەکانی شکلۆڤسکی و فۆرمالیستەکانی دیکە بە (مۆلکداری تایبەتی) و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ڕەنگدانەوەی گوتاری حوکمڕان و باڵادەستی مارکسیستیی ڕوسیای ئەو ڕۆژگارەیە. نائاسایی کردن لە کارەکانی شکلۆڤسکی دا بە دوو مانا بەکار هاتووە . یەکەمیان بە مانای شێوازێک لە نووسین دێ کە ئاگایانە یان نائاگایانە لەهەر کارێکی ئەدەبیدا دەبینرێتەوە و تەنانەت هەندێجار شێوەی باڵادەستیی دەربڕینە .

ڕیشەی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەیەکی دێرین لە تیۆریی ئەدەبیدا سەبارەت بەبەکارهێنانی توخمەکانی مەجاز لە دەقی ئەدەبی و شیعریدا . بەکار هێنانی مەجازیی وشەکان زەینی وەرگر بۆ مانای نوێ دەبات و مانا ئاشناکان بێ بایەخ دەبن و لە نێو دەچن . مانای دووەمی (نائاسایی کردن) لە کارەکانی شکلۆڤسکیدا مانایەکی فراوانتر و تەواوی ئەو فرە فێڵە هونەریانە لەخۆ دەگرێت کە نووسەر ئاگایانە یان بێ ئاگایانە سوودیان لێ دەبینێت تا (جیهانی دەقەکە لەبەر چاوی وەرگران بە نامۆ پیشان بدات) نووسەر لە جێی چەمکە ئاشناو ئاساییەکان ، کۆمەڵێک وشە یان شێوەی دەربڕین یان کۆمەڵێک ئامازەی نائاشنا بەکار دێنێت . ئەم فێڵە کارێک دەکات دەرکی دەلالەتە مانایەکانی کارەکە ئاسان نەبێت و بابەتەکە وا لێ دەکات وەکو ئەوەی نوێ بێت و پێشتر نەبووبێت . مەبەستی دەربڕینی ئیستاتیکی لەم حاڵەدا ڕوونکردنەوەی ڕاستەوخۆی ماناکان نییە ، بەڵکو خوڵقاندنی هەستێکی تازەو تایبەت و بە هێزە کە خۆی دەبێتەوە بە خوڵقێنەری کۆمەڵێک مانای نوێ . لە ڕاستیدا هەر ئەوەندە ئەو ووشەو بابەتە شیعری یە خۆی گەیاندە قاڵەمڕەوی (ئیدراکی حسی) ، ئیدی (نائاسیی کردن) دەست پێ دەکات ، شکلۆڤسکی نووسیویەتی کەنار نشینان گوێیان لە شەپۆلەکانی دەریا نیەو (ئێمە هەموو ڕۆژێک سەیری یەکتر دەکەین ، بەبێ ئەوەی یەکتری ببینین.) چونکە ئێدراکی حسی ی ئێمە خووی بە جیهانەوە گرتووە . ئەرکی شاعیر لەناوبردنی هێزو توانای (خوو)ە، واتە خوڵقاندنی دونیایەکی تازە و ، بینینی ئەو شتانەی پێشتر نەمانبینیون . شکلۆڤسکی ئەم تەکنیکی (نامۆکردن)ەی بە سروشتێکی تایبەت بە هونەری

مۆدێرنی له قەڵەم نەدەدا ، بەڵکو بە خەسڵەتی زۆر لە دەقە هونەرییەکانی ڕابووردوویشی دەزانی . هەر بۆیە (تۆڵستۆی) بە نموونە هێناوەتەوە کە یەکێکە لە مامۆستایانی هونەری ڕیالیست دەڵێت کە باشترین ساتەکانی داهێنان و کارەکانی ئەو

ساتانەن کە لە هەموو شتە ئاسایی و ئاشناکان جیا دەبنەوە . لە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی) دا دیمەنی ئۆپێراکە (دەبێ بە کۆمەڵێک کاغەزی یاری) ، یان گێڕەرەوە لە کورتە چیرۆکی .

(خۆلستۆمەر) دا ئەسپێکەو ئێمە لە دیدی ئەم (تەواو نامۆ)یە و دەڕوانینە هەموو شتەکان . ئورلیش نووسیویەتی کە مێژووی نامۆکردن یان بێگانەسازی دەگەڕێتەوە بۆ (تیۆری ئەدەبی) لای ئەرستۆ کە تیاتدا هاتووە (دەربڕین بە کۆمەڵێک ووشەی نامۆ تەشکیل دەبێ) ، هەروەها دەتوانین شێوەیەکی تریشی لە کارەکانی ڕۆمانتیکە ئینگلیزەکاندا ببینینەوە . ئورلیش دەربڕینی ئەمڕۆی ئەم چەمکەی بە تەنها نەگەڕاندەوە بۆ فۆرمالیستەکان و ، ناوی سوریالیستەکانی هێنا کە چ لە بواری تیۆری و چ لە بواری داهێنان دا بەرگریان لە (بێگانە سازی) کردووە . هەروەها (ژان کۆکتۆ) ی بە نموونە هێنایەوە و بە (یەکێک لە گرنگترین شاعیران و ڕەخنەگرانی سوریالیست) ی ژمارد کە نائاسایی کردنی بە بناغەی کاری هونەری لە قەڵەم داوە . بە چاوپۆشین لەو هەڵەیەی ئورلیش کە کۆکتۆ خۆیشی نکوڵی کردووە سوریالیست بێت) ئەو حوکمەی ڕاستە .

کۆکتۆش وەکو سوریالیستەکان باسی لە گرنگی ی (دەربڕینی نامۆیانە) کردووە . یەکێک لە ئەدگارە گرنگەکانی نا ئاسایی کردن (نامۆیی زمانەوانی)ی کارەکەو نا مەئلوفێتی شێوازی دەربڕینە . ئەگەر ئەمە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی شیعردا ببینرێ ؛ لەوانە : بەکار هێنانی زاراوەکان، وشەو زمانی (نامەئلوف) (بۆ نموونە سوود وەرگرتن لە ووشە کۆنەکان) . ئەم (نەریت شکێنی) و دژایەتییە لەگەڵ یاسا هونەرییەکاندا ؛ بەڕای فۆرمالیستەکان (گەوهەری بنەڕەتی هونەرە)ە . پەی بردن بەکاری هونەریش لە ڕێی ئەوەوە نەبێ کە یاکۆبسن پێی دەڵێت (سیستم شکێنیی سیستم) ئیمکان نییە . ئەم چەمکەی کە هەنگاوێکە بەرەو ڕێبازی (بونیاد شکێنی) .

سەرچاوەیەکی تری ڕیشەی چەمکی نائاسایی کردن، (دەروونناسی ی گیشتالت)ە : (هەر ئیدراکێکی حسی دەبێ بە خوو و کردەیەکی ئوتۆماتیکی پەیدا دەکات) لەسەر بنەڕەتی ئەم خوو و کردە ئوتوماتیکی یە ئێمە دەتوانین لە خیلالی هەر شێوەیەکەوە ، ناوەڕۆکەکەی مەزەنە بکەین و وا تەسەور بکەین کە دەیناسین . بەڵام کردەی بنەڕەتیی هونەر لەوەدایە کە فێربین هەموو خوویەک بخەینە لاوە . هونەر بۆیە هەیە چونکە ئێمە هەست بە شتەکان دەکەین . ئامانجی هونەر خوڵقاندنی هەستە بە شتەکان وەک ئەوەی دەبینرێن؛ نەک وەک ئەوەی دەناسرێن یان شی دەکرێنەوە . ئۆینی هونەری هەموو شتەکان نامۆو نا ڕوون دەکات . لێرەوە بە دژواری و درەنگ ئیدراکی حسیی دەخوڵقێنێ . کرداری ئیدراکی حسی لە هونەردا خۆی بۆ خۆی دەبێتە ئامانج ، بۆیە ئەبێ زۆر بخایەنێت ، هەر لێرەشەوە ئەوەی لە هونەردا حیسابی بۆ دەکرێ ئەزموونی ئێمەیە سەبارەت کردەی داهێنان ، نەک دەرئەنجام .)

شکلۆفسکی لە ئەنجامی ئەم تۆژینەوەیەدا هونەری بە مانای لەناوبردنی ئەو لایەنە ئوتوماتیکیەی ئیدراک لە قەڵەم دا . واتە هەر وێناندنێک دەبێ ئیدراکێکی نوێ سەبارەت بە بابەتەکە بە دەستەوە بدات نەک ماناکەی دووبارە بکاتەوە . کەواتە وێنە هەمیشە پەیوەستە بە نائاسایی کردنەوە .

لە هونەری چیرۆک نووسیدا ، دەکرێ نائاسایی کردن لە ڕێی دەربڕینی تێڕوانینی کەسێتی یەکان و ، بەکارهێنانی زمان و (هەڵبژاردنی پلۆت)ەوە بخرێتە ڕوو . نووسەر بە هەڵبژاردنی چەند ساتێک لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەو ڕێک خستنیان لە پلۆتەکەدا هەموو شتەکان (سەرسوورهێن) دەکات . دەتوانین بڵێین کە لە ئەدەبدا ئۆینی (واقیعیانە) نیە . نووسەر گەر ئاگای لەم خاڵە بێت ؛ باشتر

دەنووسێت و ، کارەکەشی وەکو بەڵگەنامەیەکی لێ دێت سەبارەت بە نووسین هەروەک چۆن (تریسترام شاندی) بەر لە هەر شتێک ڕۆمانێکە دەربارەی ئۆینەکانی «یان فرۆفێڵەکانی» نووسین . نموونەیەکی کاملە کە (ئاگایانە) لە ڕێی ئامادەگیی نووسەرو تەنانەت هەندێ جار لەڕێی شیکردنەوەی ئەو فێڵانەوە کە بەکار هێناون ، بونیادەکەی ئاشکرا دەکات.

هەروەها ئاخنبام دەربارەی ئەو ئۆینانە دواوە کە گۆگۆل لە چیرۆکی (پاڵتۆ) دا پەنای بۆ بردوون و لە ڕێیەکی ناڕاستەوەخۆ (دەنگی ووشەکان ، نوکتە ، ڕوودانی نامەعقوڵ و خەندە هێن ، ناوی سەیرو سەمەرە-ناوو ناتۆرە- و ڕووداوی بێ مانا) وە ، پێوەرە واقیعی و ئاساییەکان تێک و پێک دەدات .

تۆژینەوەی شکڵۆڤسکی و فۆرمالیستەکان سەبارەت بە نائاسایی کردن کاریگەری یەکی قوواڵی لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کردووە . ڕۆلان بارت بە پشتیوانیی ئەم تۆژینەوەیە ئەوەی پیشاندا کە شێوازی فلۆبێر (کە بارت بە-گواستنەوەی ڕایەک بەبێ سوود وەرگرتن لە کەوانە -ی لە قەڵەم داوە) بەندە بە بنچینەی میانە وەرگرتن لە نێوان نووسەرو دەق (کەسێتی یەکان ، ڕووداوەکان ، پلۆت) دا . ژان پۆڵ سارتەر لە دووەمین بەرگی کتێبی (گەمژەی خێزان)دا دەربارەی ئەم (بێگانە سازی)یە دواوە . بە بۆچوونی سارتەر ، فلۆبێر هەموو شتێ (نائاسایی دەکات) و گێڕانەوەی ڕووداوەکان کە لە بناغەدا پشتیان بە نیانی (مرونەت) ی گوتار بەستووە و ، ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە دەگۆڕێ بۆ کۆمەڵێک چاوگی سەرسووڕمان . لێرەدا سارتەر هەمان ڕای بنچینەیی شکڵۆڤسکی و فۆرمالیستەکانی دووپات کردۆتەوە .

﴿ ٤ ﴾

چەمکی (شێوەی کاری ئەدەبی) کە لە ئاسەواری فۆرمالیستەکان دا بایەخێکی فرەی پێ دراوە ؛ پەیوەستە بە دوو تێزی گرنگەوە کە ئەوان خستیانە ڕوو :

(١) هەر یەکە یەکی ئەدەبی ، لە وشەوە تا گوتار ، دەبێ لە پەیوەندیی دا لەگەڵ باقی ی یەکەکانی تردا بناسرێ و بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەو ، بەم پێ یە ناسینی بونیاد یا کۆڵەکەی بنەڕەتیی کارەکە ؛ گرنگترین بابەتی ئەدەبی یە .

(٢) تۆژینەوەی (هاوزەمانی)- سۆسۆر باسی لێوە کردووە-مەنهەجی سەرەکی تۆژینەوەی ئەدەبی یە .

تینیانۆف لە (پەخشانی ڕووسی) ١٩٢٥دا نووسیویەتی : (تۆژینەوەی ژانرێکی ئەدەبی ناکرێ دابڕێ لە پەیوەندیی ئەو ژانرە بە سیستەمە ئەدەبی یەکەوە) . ئامانجی سەرەکی فۆرمالیستەکان ، کە هەر یەکەو بە جۆرێ خستوویەتی یە ڕوو ، وەدەست هێنانی (زانستی ئەدەب) بوو . ئەو زانستەی کە بایەخ بە وەسفی کارکردەکانی سیستمی ئەدەبی ، شیکردنەوەی توخمە خوڵقێنەرەکانی دەق ، لێکۆڵینەوەی یاسا ناوکیە باڵادەستەکانی بەرکەمالی ژانرە ئەدەبیەکان لە ڕێی زانستی پەیوەندی یەکانی توخمەکانی ناوەوە ؛ دەدات . بێگومان ئەم پەی بردنە بە زانست ؛ خاڵی نەبووە لە کاریگەریی ئەو چەمکە ئیجابیانەی سەبارەت بە زانست لە ئارا دابوو . لە سەرەتای کاردا وا بە خەیاڵی فۆرمالیستەکاندا هات کە لە چەند گۆشەیەکی جیا جیاوە (گوتارناسی ، ڕێساکانی کێش ، مۆرفۆلۆژی ،کارکردی سینتاکسی ، وشەناسی و ....)گرنگی بە دەقێکی ئەدەبی ، یان پارچە شیعرێک بدەن و ، ئینجا ڕوو لە پەیوەندی یە ناوەکیەکانیان بکەن ، لە هەنگاوی دواتردا تێگەیشتن کە دەبێ کۆدە ئەدەبیەکان لە ڕێی کۆدە زمانیەکانەوە بناسرێن و ، لێرەوە مەسەلەی سەرەکی خۆیان کە پەیوەندی ئەدەب و زمان بوو ، خستە ڕوو.

ئەدەب سیستمێکی تایبەتیی نیشانە (ئاماژە) یە ؛ وەک هەر سیستمێکی دەلالیی دی (زمان ، هونەر ، ئەفسانەو ....) بەڵام لەگەڵ تەواوی سیستمە نیشانەییەکان و هونەرەکانی دیکەدا جیاوازی یەکی سەرەکیی هەیە : کەرەسەی سەرەکی و ، بونیادی بنەڕەتیی ئەم (زمان)ە ، واتە سیستمێکی دەلالیی دیکە ، شکڵۆڤسکی لە کتێبی (ئەدەب و سینەما) دا نووسیویەتی : (جیهانە دەرەوە بەلای شێوەکارەوە حوکم بەسەر ناوەڕۆکی کارەکەیدا ناکات ، بەڵکو بەو پەڕی

سادەیی کۆمەڵێک کەرەسەن بۆ نیگار کێشانەکەی ، بەڵام جیهانی دەرەوە بۆ شاعیرو نووسەر حوکم بەسەر ناوەرۆکی کارەکەیدا دەکات . ئەو بیرو باوەڕو هەڵچوون و خرۆشانەی کە لە کاری ئەدەبی دا تەعبیریان لێ دەکرێ لە کەرەسە خولقێنەرەکانی ئەو کارە نین . لام ڕوون بۆتەوە کە ووشەکان ، کەرەسەیەک نین بۆ تەعبیر کردن لە شتەکان لە دەست نووسەردا ، بەڵکو کەرەسەی سەرەکی کارەکەین . ئەدەب لە وشە پێک دێ و هەمان ئەو یاسایانە بەسەر ئەدەب دا حوکم دەکەن کە بەسەر زمانیش دا حوکم دەکەن) . لە درێژەی توێژینەوەکەی شکلۆڤسکی دا سێ جۆرە کەرەسەی لەیەک جیا کردەوە : (١) کەرەسەی فیزیکی ؛ وەکو بۆیەو قوماش لە نیگار کێشاندا ، دەنگ لە مۆسیقادا و زمان لە ئەدەب دا . (٢) کەرەسەی دەلالی کە زیاتر بە(بابەتی کار)ە کە ناوی دەبەن، وەکو جیهانی دەرەوە لە نیگار کێشان دا . (٣) کەرەسەی هزری یان بیروڕکەکانی کارەکە . شکلۆڤسکی (ماناکان)ی لەم دەستەیەی سێیەمدا پۆل کردو نووسی : (تەنانەت ماناکانیش وەکو کەرەسە بۆ بینای هونەری بەکار دێن) . ئەوەی کەسێتی یەک باوەڕی پێ یەتی ، مانای ڕووداوەکان ، مانای ڕستەیەک و نیشانە ئەدگاری یەکان ، هەموو لەژێر حوکمی سێ یەمین جۆری ئەم کەرەسانەدان . ئەم تایبەتمەندێتییە ؛ کە کەرەسەی سەرەکیی ئەدەب زمانە ، بەتەنها لە ئاسەواری فورمالیستەکاندا قسەی لێ نەکراوە ، بەڵکو (یان مۆکارۆڤسکی)یش لێی تۆژیوەتەوە . ئەم مەسەلەیە بە ئەنجامێکی گرنگ گەیشت کە بووە بەردی بناغەی ڕەخنەی ئەدەبی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا : بەکارهێنانی مەنهەجە زمانناسیەکان لە ناسینی دەقە ئەدەبیەکاندا شتێکی ناچاری یە .

فۆرمالیستەکان هەمیشە خولیای پەیبردن بەو نهێنی یە بوون کە چۆن (ژانرێکی تایبەتی) سەر لە نوێ دەبوژێتەوە ، لە کاتێکا وا دەزانرێ کە کۆتایی هاتووەو مردووە ، کەچی ناکاو لەبەرگێکی تازەدا سەر هەڵدەداتەوە . یاکۆبسن نووسیویەتی کە ئەدەب هەمیشە پێویستی بەو سەر لە نوێ بوژانەوەیە یان(گەڕانەوەی بەربەریەت)ە هەیە. دۆستۆیڤسکی سەر لە نوێ شێوەی پەراوێز نووسی کە لە بڵاو کراوە فەرەنسیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دا باو بوو لە ڕۆمانەکانی دا زیندوو کردەوە ، هەروەها ئەلکساندر بلۆک شیعرە لەیاد چووەکانی قەرەجە ڕووسەکانی بوژاندەوە ، پوشکین چامەی دڵداری هێنایەوە نێو مەیدانی شیعری نوێی ڕووسی .لە ناسینەوەی ئەم (ژیاندنەوە) یەدا مەنهەجی فۆرمالیستەکان زمانناسی بوو نەک مێژوویی . ئەو شیکردنەوە (هاوزەمانی)یەی کە بنچینەی کاری ئەوان بوو ، بە هیچ جۆرێک بەمانای نکوولێ کردن لە گرنگیی شیکردنەوەی (ناوزەمانی)نەبوو . تۆما شڤسکی پیشانیدا کە هەندێ جار توخمێکی ئەدەبی کارکردی مەئلوفی خۆی لەدەست دەدات و لە هەل و مەرجێکی مێژوویی نوێ دا کارکردێکی تازە بەدەست دێنێت . هەر بۆ نموونە شێوەی (گروتسک) کە لە قۆناغی کلاسیزمدا سەرچاوەی تەعبیری کۆمیدیایی بوو ، لە قۆناغی ڕۆمانتیسیزمدا گۆڕا بە تەعبیری تراژیدیایی : (لەم گۆڕانە بەردەوامەی کارکردەکان دا ، ژیانی راستەقینەی دەقی ئەدەبی ئاشکرا دەبێ). فۆرمالیستەکان ، بە دووی ئەم گۆڕانی کارکردانە لە ئەدەبی ڕووسیدا چوون و تێگەیشتن کە چۆن شێوەیەکی لاوەکی و بێ بایەخ (هەندێ جار- مردوو - ش)ناکاو دەگۆڕێ بە (شێوەی سەنتەری و بالا دەستیی تەعبیری ئەدەبی)و ، لە پەراوێزی ئەم مەسەلەیەدا ، توانیان لە پەیوەندی یەکانی (ئەدەبی ڕەسمی) و (ئەدەبی فۆلکلۆری) و ، هەروەها نهێنیی ئەوەی کە نووسەرە کلاسیکیەکانی ڕووس چۆن لە (شێوە ئەدەبی یە بێ بایەخەکان) سوودیان بینیوە ، تێ بگەن . لەم توێژینەوەیەدا وەکو یاکۆبسن دەڵێت ، ئەم مەسەلەیە هەمیشە وەکو کۆسپێک لە بەردەم تۆژەرەوەی ڕۆشنبیریی ئەمڕۆدا قوت دەبێتەوە ، واتە چەمکێک سەبارەت ڕابردوو و نەک خودی ڕابردوو . ڤینۆگرادۆف لە ووتاری (پەیامی شێوازی تەعبیر)دا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لە هەنگاوی یەکەمدا (ئەبێ شێوازی تەعبیری تایبەتیی نووسەر بە جیا لە تەواوی نەریتەکان و تەواوی کارەکانی سەردەمەکەی دیاری بکەین ،

واتە دەبێ کارەکەی بە گشتی وەکو سیستمێکی زمانناسی لەبەرچاو بگرین) . بەڕای ڤینۆگرادۆف دەبێ زمانی هەر کارێ لەو کارانە بە جۆرێکی جیا لێی بکۆڵرێتەوە ، پاشان پەیوەندیی ئەو کارە بە زمانی سەرجەم کارەکانی نووسەرەوە . دوای ئەم دوو هەنگاوی لێکۆڵینەوەیە ، دەبێ لە زمانی کۆمەڵێک کاری تر کە لە هەمان سەردەم نووسراون بکۆڵرێتەوە . بەکار هێنانی مەنهەجی (شیکردنەوەی هاوزەمانی)لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا ، بە ئاشکرا کاریگەری سۆسۆرو قوتابیەکانی بەدەر دەخات . هەروەها لە چەمکێکی سەرەکی تریان دا کە سیستم یان بونیادی دەقە ، بەهەمان شێوە کاریگەریی سۆسۆر دەبینینەوە . تەواوی فۆرمالیستەکان لەوەدا یەک بوون کە (هەر کارێکی هونەری خاوەنی کۆڵەکە- یان بونیاد - و- ێکەو، هەر یەکەیەکیش پەیڕەوی لە ڕێسایەک دەکات کە لە پەیوەندیی بە بونیادی بنەڕەتیەوە دێتە گۆڕێ).

ئاخنبام یش هەمان ڕای لە دێرێکدا دەربڕیوە : (تەنانەت ڕستەیەکیش لە کاری ئەدەبی ناتوانێ خۆی لە خۆیدا تەعبیرێکی ڕاستەوخۆ بێت لە هەستی نووسەر ، بەڵکو هەمیشە لە ژێر حوکمی ساتێک لە ساتەکانی دەق دایە) . هەروەها جەخت کردن لە سەر گرنگیی پەیوەندی یە ناوەکیەکانی یەک بونیاد (کە یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی بونیاد گەری) لە ئاساوارەکانی فۆرمالیستەکانی دیکەدا بە شێوەی جیا جیا دووبارە بۆتەوە . تینیانۆف ساڵی ١٩٢٩ نووسیویەتی : (کاری ئەدەبی تەعبیرە لە سیستمی ئەو توخمانەی پێکەوە بەندن . پەیوەندیی هەر توخمێک بەوی دیکەوە ، بەکار کردی ئەو توخمە لەناو چوارچێوەی سیستمی کارەکەدا دەژمێردرێ) .

هەڵبەتە لەم سیستمەداو هەر بونیادێکی دیکەدا باس لە (هاوبەندی توخمە بەرانبەرەکان) نییە ، بەڵکو لە هەر سیستمێک دا زنجیرەیەک توخمی باڵادەست هەیە کە ڕۆڵی فاکتەرەکانی دیکە بێ بایەخ دەکەن . بۆ نموونە لە ڕۆمانێکدا کە جیهانبینیی نووسەر کە تیایدا بایەخێکی زۆری هەیە ؛ شێوازی دەربڕینی باڵا دەست ، گفتوگۆی نێوان کەسێتی یەکانە (وەکو ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی) . مەسەلەکە لێرەدا ئەوەیە کە بوونی ئەو توخمە باڵادەستانە ، خولقێنەری جۆرێک لە پایە بەهاییەکان (پایگان ارزشی)یە .

چەمکی شێوە لە ئاسەواری فۆرمالیستەکاندا چەندەها جار گشتگرترە لە هەمان چەمک لە تێوریە ئەدەبیەکانی دیکەدا . وەختێ شکلۆڤسکی دەیوت :(شێوەی تازە، ناوەڕۆکی تازە دەخولقێنێت) مانایەکی نوێ و فراوانی شێوەی دەخستە ڕوو . فۆرمالیستەکان لەو باوەڕەدابوون کە شێوە بەرئەنجامی دوو کارکردی دژ بە یەکە : ڕێکسازی و شێوە شکێنی . چەمکی (شێوە شکێنی) لە دیدی ئەوانەوە مانای کردەیەکی سەلبی نادات ، بەڵکو بە مانای ئەو گۆڕانانە دێت کە لە کەرەسەکاندا ڕوو دەدەن . وەکو ئەو شێوازەی کە تیایدا ووشە شیعریەکان ، بە پێچەوانەی ووشەکانی پەخشان و زمانی پێوانە تەشکیل دەبن . بەڵام ئەو کەرەسەو توخمانە دەبێ بە شێوەیەکی (سیستماتیک) لەگەڵ یەکدا ڕێک بخرێن ، (هاوەڵ و یەکسان) بن . بەم جۆرە فۆرمالیستەکان تەنها بایەخیان بە دەنگ و ووشەو ، کێش و دەستووری شیعری و ، ژانرە ئەدەبیەکان و هتد .... نەداوە ، بەڵکو کارکردی ئیستاتیکیی بیرۆکەکان و ، پلۆتی چیرۆک و ڕێساکانی تەعبیریشیان لەبەرچاو گرت .

﴿ ٥ ﴾

یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی فۆرمالیستەکان لە بواری تیۆریی ئەدەبیدا جیاوازی نێوان چیرۆک (کە فۆرمالیستەکان نزیک لە ووشە لاتینیەکە پێیان دەوت **FABULA** و پلۆت (کە ووشە ڕووسیەکە **SJUZET** یان بۆ بەکار دەهێنا) بوو. نووسینەکانی شکلۆڤسکی و فۆرمالیستەکانی دی ڕۆڵێکی دیاریان لە ڕوونکردنەوەی لایەنە ئالۆزەکانی ئەم بابەتەدا بینی بەڵام ناوازەترین کار لەم بارەیەوە نووسینەکەی تۆما شڤسکی یە بە ناو نیشانی (مایەکانی کار) . بە ڕای فۆرمالیستەکان (چیرۆک) هەوێنی بنچینەیی گێڕانەوەو ، لۆژیکی تەواوی کرداری کان و ، بنەمای سەرەکیی پەیوەندی یەکان و (ئامادەگی)ی کەسێتی یەکان

و ، رەوتی ڕووداوەکان و (ئەوەی لە پلۆتەکەدا خراوەتە ڕوو و نەخراوەتە ڕوو)و بزاوتی وابەستە بە زەمانی گێڕانەوەکەیە . بەڵام پلۆت هەڵبژاردەی چیرۆکەکەیە کە دەگێڕێتەوە ، بەو جۆرەی کە گێڕەرەوە / نووسەر چۆنێتی ڕێکخستنی ڕووداوەکانی (هەڵبژاردووە) ، هەر بۆیە پچر پچڕی زەمانی بە سەریدا زاڵە، جۆڵەکەشی بەرەو ئایندە نییەو ریتمی بە پێویست لەگەڵ زەمانی ڕۆژ ژمێری (یا زەمانی تەقویمی)دا هاوشان نی یە.

زۆربەی شتەکان لە پلۆتدا بە نەگوتراوی دەهێنێنەوەو دەدرێنە دەست (مەزەنە یا خەیاڵ)ی خوێنەر (یابینەری نمایش ، یان فیلم و یان ئۆپێرا) . لەم بارەیەوە (ئەمبرتۆ ئیکۆ) باسی لە (توانای کەوانەسازیی خوێنەر) کردووە . سیحری خوێندنەوەی چیرۆک بەستراوە بە ئازادیی خوێنەرەوە کە لە هەڵبژاردەکەی نووسەرەوە ، واتە لە پلۆت هەوە (پەی بە چیرۆکەکە بەرێت)یان بە تەعبیرێکی دی چیرۆکەکە بخولقێنێت ، چیرۆک هەمان زاراوەی **BIEGSIS** ی ئەرستۆیەو پلۆت گێڕانەوەی هەڵبژاردەکەیەتی .

یەکەمیان توانایەو دووەمیان کرداره ، یەکەمیان لە زەینی خوێنەردایەو دووەمیان لە لاپەڕەکانی کتێبدا . تەواوی ڕووداوەکانی (جەنگ و ئاشتی) وەک ئەوەی لە بەسەرهاتی کەسێتی یەخەیالیەکانی ڕۆمانی تۆڵستۆی دا ڕوو دەدەن (هەروەها لە ڕووداوە میژوویییەکاندا کە دەیانگێڕێتەوە ، یان خوێنەر لەڕێی سەرچاوەی تەرەوە میژووە- ڕاستەقینە-کەی خوێندۆتەوە) ئەمانە هەموو پێکەوە کەرەسەی خولقێنەری چیرۆکەکەن. بەڵام لە ڕۆمانەکەی تۆلستۆی دا پچڕ پچڕیی زەمانی دەبینینەوە و ، ئەمەش بەندە بە هەڵبژاردنی نووسەرەوە . خوێنەر لە ڕێی ئەو پلۆتەوە چیرۆکەکە دەخولقێنێت . لە سەرەتای فیلمی (کۆتایی بەهار)ی یاسۆ جیرۆ ئیزۆدا چاومان بە دەعوەتێکی چا لەسەر دەستووری ژاپۆنی دەکەوێت ، بەڵام ووردو درشتی دەعوەتەکە نابینین ، بەڵکو بە پێ ی (گێڕانەوەی سینەمایی) ، واتە گێڕانەوەیەکی هەڵبژاردەو پوختە. لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی فیلمەکەدا و بە زانینی پەیوەندیی نێوان کاراکتەرەکان (بەتایبەتیی پەیوەندیی نۆریکۆ بە پوریەوە) و بە تێگەیشتن لە پایەی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسیان هەر بینەرێک لای خۆیەوە بەشێک لە کەرەسە نوقسانەکانی ئەو دەعوەتە (پڕ دەکاتەوە) ، بینەر چیرۆکەکە دەخولقێنێت ، لە کاتێکدا لە سەرەتادا بە تەنها (چەند توخمێکی پلۆتەکە)ی پێ پیشان دراوە . خولقاندنی چیرۆک واتە (ستراتیژیەتی خوێندنەوە) ، ئەم چەمکەی کە لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکانی (ئیستاتیکای وەرگرتن) دا گرنگی یەکی زۆری پێ درا . پەی بردن بەتوخمە چیرۆکیەکان لە فیلمێکی سینەماییدا لەگەڵ پەی بردن بە هەمان ئەو توخمانە لە ڕۆمانێکدا جیاوازە . لە فیلم دا ناونیشانەکان یا مۆسیقای دەقەکە (کە بە پێی مەنتیقی گێڕانەوە کاراکتەرەکانی فیلمەکە نایبیستن ، بەڵام بینەر دەیبیستێت) یا ئەو وشانەی بۆ ڕوونکردنەوە بەکار دێن (وەکو-پاش سااڵێک-کە لەسەر شاشەکە دەردەکەوێ ، یان وێنەی کاتژمێر کە میلەکانی بە خێرایی دەڕۆن،

یان هەڵدانەوەی خێرای پەڕەکانی سااڵنامەیەک ، یا ئەو نوسینانەی لە سینەمای بێ دەنگ دا لە بەینی دیمەنەکاندا دەنوسرێن ، نووسینەکانی دی و کارتێکەرە دەنگیەکان) ئەمانە هەموو توخمی (ناچیرۆکی)ن . کەواتە دەکرێ بڵێین کە پلۆت بریتی یە لە توخمە ناچیرۆکیەکان + ئەو ڕووداوانەی خراونەتە ڕوو ، چیرۆکیش بریتی یە لە ئەو ڕووداوانەی خراونەتە ڕوو + ئەو ڕووداوانەی نەخراونەتە ڕوو .

شکڵۆفسکی لە کتێبی (پلۆت و شێوازی دەربڕین) داچەمکە تەقلیدیەکەی پلۆت (کە وەک کۆمەڵێک بیرۆکە لێ ی دەڕوانێ)ی ئەفەرۆز کرد . هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کرد کە تۆژینەوەی شێوە جیاوازەکانی پلۆت (بەرەو پێشچوونی هەنگاو بە هەنگاو ، هاوتەریبی و بە دوا یەکداهاتن- تەوازی و توالی-ی مایەکان و ...) شێوە وەکو سیستمێکی کۆکەرەوەی ئەو پەیوەندیانە دەخاتە ڕوو کە لە نێوان توخمەکانی پلۆت دایە . وەرگر ، ئەو پەیوەندی یە ناوەکیانەی توخمەکانی چیرۆک دەخولقێنێ و بە جۆرێکی

هاوزەمانی بونیادی گێڕانەوەی چیرۆکەکە مەزەنە دەکات و پەی بە سیستمی مەنهەجیانەی دەقەکە دەبات . هەروەها بە هۆی دۆزینەوەی پەیوەندی یە ناوەکیەکان یان شێوەی کارەکەوە (ناوەرۆک)ی کارەکە دەخولقێنێ . بەم پێ یە شێوەو ناوەرۆک لێکدی جیا ناکرێنەوە . وەرگر لە دۆزینەوەی شێوەی کارەکەدا بەردەوام مەزەنە دەکات و نەخشە بۆ پلۆتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ، پەیوەندی نێوان کەسەکان ، پەیوەندیی نێوان توخمەکانی دیکەی کارەکە دادەڕێژێت . تەسەورەکانیشی هەم لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیەوە سەرچاوە دەگرن و ، هەم وابەستەشە بە شارەزایی لە ژانری کارەکەو ، ڕەمزەکانی . ئاسەواری (نامەئلوف)ە هونەریەکانیش خاوەن یاسای تایبەتی خۆیانن و تەسەوری تازە و شتی نوێ دەخولقێنن .

بەم جۆرە هاندەر لە پلۆت دا خولقێنەری چیرۆکە . شکلۆفسکی ڕوونی کردەوە کە شێوەی داستان زۆربەی توخمەکان دیاری دەکات ، کە ئێمە ئەنگێزەکانی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان دەزانین . ئەو تەنانەت ناهاوسەنگیی ئاکاری و سەقامگیر نەبوونی کەسێتیەکان لە (دۆن کیشۆت)ی سیرڤانتس دای گەڕاندەوە بۆ کارکردی بونیاد یان شێوەی ئەو چیرۆکەو دەسەلاتی شێوەی بەسەر بیرۆکەکاندا سەلماند . لە وتارێکی تریشیدا بەناوی (کاملبوونی پلۆت و تریسترام شاندی) تەئکیدی لەوە کردەوە کە (وا ڕاهاتوون پلۆت لەگەڵ وەسفی ڕووداوەکاندا بە شتێک لە قەڵەم بدەن . بەڵام پلۆت کەرەسەیەکە لە خولقاندنی شێوەی چیرۆکدا بەشداڕە . بۆیە کارێکی ڕاست نییە ئەگەر ئێمە وا تەسەور بکەین

که چیرۆکی (یەڤگینی ئۆنەگین) باسی بەسەرهاتی دڵداریی قارەمانەکەو تانیا نایە) .

تۆژینەوە لە شێوە سەرەتاییەکانی چیرۆک چەمکی (پلۆت) مان لا ڕوون دەکاتەوە . ئەم شێوانە کە بەر لە هاتنە ئاراوەی ڕۆمان و کورتە چیرۆک هەبوون ، بونیادیان وەک بونیادی ئەم دوو شێوەیەیە . ڕەگ و ڕیشەی ڕۆمان و کورتە چیرۆک دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپۆرتی میژوویی ، حیکایەت ، سەفەرنامەو شێوەکانی تری گێڕانەوەی ئەدەبی . تۆژینەوە لەم شێوانە یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی . بەم پێ یە تەئکیدکردنەوەی شکلۆفسکی و فۆرمالیستەکانی دیکە لەسەر ئەم مەسەلەیە فراوانی و بایەخی کارێک پیشان دەدا کە ئاندرێ یولس لە بوارێکدا کە خۆی ناوی لێنا (چیرۆکە سادە یان سەرەتاییەکان) بەرەوی پێدا . شکلۆفسکی دوو جۆر بونیادی لە (چیرۆکە سادە یان سەرەتاییەکان) دا لێک جیا کردەوە ، لە یەکێکیاندا قارەمانێک لە ڕەوتی کۆمەڵێک ڕووداوی پەی دەر پەیدا شتی زۆری بەسەرا دێ (شێوەی بالا دەستی چیرۆکەکانی هوپ پیکارسک) ، لەوی دیکەشیاندا بە حوکمی کۆمەڵێک هۆکاری جۆراو جۆر ؛ کۆمەڵێک بەسەرهات پێکەوە گرێ دەدرێن ، (وەکو هەزارو یەک شەوە و دیکامیرۆن)لە جۆری یەکەمدا بەرکەمالی یەک لە کەسێتیەکاندا یان لانی کەم لە کەسێتیی سەرەکیدا دەبینینەوە ، بەڵام لە چیرۆکەکانی جۆری دووەم دا کەسێتیەکان کامڵ نین و لە هەموو شتێک زیاتر تەئکید لەسەر کردار دەکرێت . لە چیرۆکەکانی جۆری یەکەمدا ئەنگێزەکانی کەسێتیی سەرەکی پلۆتی چیرۆکەکە دەخولقێنێ و بەم پێ یە لێکۆلینەوەی سروشتی سایکۆلۆژی و وێنە کێشانی (فێرگوزاریانە)ی قارەمانەکە گرنگی پەیدا دەکات ، بەڵام لە چیرۆکەکانی جۆری دووەم دا کەسێتی یەکان کۆمەڵێک وەسیلەن کە بە کرداری خۆیان پلۆتەکە بەرەو پێشەوە دەبەن . شکلۆفسکی لەمەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جۆری یەکەم لە ڕەوتی بەرەو کامڵ چوونی دا گۆڕا بە ڕۆمان و جۆری دووەمیش بە کورتە چیرۆک . باشترین ڕوانگەی جیاوازیی نێوان ئەم دوو شێوەیەشی لە چۆنیەتیی (کۆتایی هاتن)یان دا بینیەوە .

کورتە چیرۆک بە جۆرێک بەرەو پێشەوە دەچێت کە لە کۆتایی پلۆتەکەدا ، دەڵێی هەموو شتێک کامڵ یان تەواو بووە . دوا ووشە ، کۆتایی مەنتیقی گێڕانەوەیە لە کورتە چیرۆک دا ، بەڵام ڕۆمان وا نییە ، بە کۆتایی هاتنی پلۆتەکەش هێشتا ڕۆمانەکە هەر بەردەوامە . لە کورتە چیرۆکدا هەستی کامڵ بوون لە کرداردا

دەبینرێتەوە ، بەڵام لە ڕۆماندا دەتوانرێ ئەو هەستە لە مایەی سەرەکی یان بە تەعبیرێکی دی لە هاندانداً بەدی بکرێ . ئەم دوو شێوەیە لە شتێکی گرنگ دا بەشدارن : ئەو بازنە سیحری یەی

کە کۆتایی چیرۆک بە سەرەتاکەیەوە دەبەستێتەوە . ئاخنبام یش لە وتاری (تیۆریی پەخشان)دا لایەنە جیاوازەکانی کورتە چیرۆک و ڕۆمانی ژماردووە . ئەو لە جیاوازیی نێوان ئەو چیرۆکانەی کە بۆ بیستنن و ئەو چیرۆکانەی کە بۆ خوێندنەوەن دەستی پێ کرد . کۆمەڵێک چیرۆک هەن کە وەکو ئەفسانەکانی منالان ، بونیادیان لە سەر بیستن بەندە و بەرامبەر بەمەش ، چیرۆک هەن (دەبێ بخوێنرێنەوە) . کارێکی ئەدەبی وەکو (دی کامیرۆن) دەچێتە خانەی جۆری یەکەمیانەوە . حیکایەت خوانان ، چیرۆکی لە مەتەڵ چوو ، تەنز ئامێز ، پەند ئامێز و تەنانەت هەندێ جار چیرۆکی ئەخلاقیش دەگێڕنەوە . ڕۆمانە سەرەتاییەکان ڕیشەیان بۆ ئەم حیکایەتانە دەگەڕایەوەو سروشتی گوتاری/ بیستیاری یان پاراست . بەڵام لە سەدەی هەژدەیەمەوە ؛ جۆرێکی نوێی چیرۆک گێڕانەوە واتە چیرۆکەکانی خوێندنەوە (هاوکات لە گەڵ زیادبوونی خەڵکی خوێنەوارو ساکاریی هونەری چاپی کتێب) هاتنە گۆڕێ و ڕۆڵی گێڕانەوەی بیستیاری بە ئاشکرا ڕوو لە کزبوون بوو. بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕۆمان دەسبەرداری (حیکایەتخوانی) بوو و لە ژێر کاریگەریی سایکۆلۆژیاو زانستەکان دا (گۆڕا بە ئاوێتەیەک لە گوتن و گفت و گۆ ، دیمەن سازی ، وەسفی شوێن و دیکۆر ، بزاوت و شێوەکانی دەربڕین ، شێوازو فۆنەتیک) . ئاخنبام ئاماژەی بۆ کارە لەیادچووەکانی ڕەخنە گری ڕووسیایی شەفیرۆف کرد کە لە ساڵی ١٨٤٣ دا ڕۆمانی بە (ئاوێتەیەک لە تەواوی ژانرە ئەدەبیەکان) پێناسە کردبوو و ، داستانی لە (ڤیلهلم مایستەر)ی گۆتەو (دۆن کیشۆت) ی سێرڤانتس دا و ، شیعری دڵداری لە (ئازارەکانی ڤارتەری لاو) دا و نمایشی پاڵەوانی لە چیرۆکەکانی والتر سکوت دا دۆزیبۆوەو هەوڵی دابوو لەسەر بناغەی وا بەستەیی ڕیشەییان ڕۆمانەکان پۆلێن بکات. لێرەدا ئاخنبام مەسەلەی (ژانرە ئەدەبیەکان)ی هێنایە پێشێ و پەیجۆریەکەی ئەو لەم بارەیەوە لایەنێکی فێرگوزاریی تێدایە :

لە کامڵ بوونی هەر ژانرێکی ئەدەبی دا ساتێک دێتە پێشەوە کە سوود وەرگرتن لەو ژانرە گورزێکی جدی لە دەربڕین دەوەشێنێت و دەربڕین شێوەیەکی خەندەهێن و تەنز ئامێز وەردەگرێت . شیعری داستانی ، چیرۆکە ڕووداو ئامێزەکان ، ئەو چیرۆکانەی سەبارەت ژیانی کەسانی بەناو بانگن ؛ دووچاری ئەمە بوون. هەڵبەتە هەل و مەرجەکانی کات و شوێن دەبنە هۆی شێوەی جۆراو جۆری ئەم گۆڕانە ، بەڵام ئەم کردەیە واتە گۆڕانی لایەنی جیددی بە لایەنی کۆمێدی هەمیشە بە پێ ی یاسایەکی کامڵ بوون دەبینرێتەوە : هەر شیکردنەوەیەکی جددی کە بە ووردی یەوە خۆی بە ووردەکاری یەکانیەوە خەریک بکات ، ڕێ بۆ

شیکردنەوەیەکی گاڵتە گێڕو لەزەت بەخش خۆش دەکات . نووسەر خۆی دێتە سەر شانۆ و تەسەوری جیددی بوون و ڕەسەنایەتی کارەکە دەخاتە لاوە . ڕێکسازیی پلۆتەکە دەبێ بەیاری لە گەڵ چیرۆکەکەدا کە خۆی بۆ مەتەڵێک یان نوکتەیەک دەگۆڕێت . بەم جۆرە وەچەی دوایی ئەم ژانرە ئەدەبی یە بە توانایەکی تازەو شێوەیەکی تازەوە دێتە گۆڕێ .

دەبینین کە توێژینەوەی شکلۆفسکی سەبارەت سەرچاوە جیاکانی ڕۆمان و کورتە چیرۆک زیاتر بە دەوری کامڵ بوونی شێوەکانی دەربڕینی ئەدەبیدا دەخولێتەوەو ، تۆژینەوەی ئاخنبام پتر مۆرکێکی مێژوویی پێوە دیارە. ئەو خاڵەی کە هەردووکیان ئاماژەیان بۆ کردووە ئەوەیە کە هەردووکیان بە جۆرێکی تایبەت ؛ قەرزاری تیۆری یە ئەدەبیەکانی ڕۆمانتیکە ئەڵمانەکانن . هەر ڕۆمانتیکە ئەڵمانەکان بوون کە بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی جیددی ڕەگ و ڕیشەی ڕۆمان و کورتە چیرۆکیان لە (شێوە سادەکان) دا و بە تایبەتیش لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا دۆزیەوەو ئەو کارەی ئەوان کاریگەریەکی قوڵی کردە سەر ئاندرێی یۆڵس . جیاوازیی نێوان چیرۆک و پلۆت کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگی لە

تیۆریی ئەدەبی دا بە دەستەوە دا . یەکێک لەو ئەنجامە گرنگانە گەیشتن بە تیۆری یەک بوو دەربارەی مایەکانی کار . تۆما شفسکی لە کتێبی (مایەکانی کار) دا دەربارەی ئەم تیۆریە ، کۆلیویەتیەوە . بە بۆچوونی ئەو هەموو چیرۆکێک مایەیەکی سەرەکیی خۆی هەیە کە دواتر کڵۆد برمون بە (زل بونیادی مانایی) ناوی برد . هەر چیرۆکەو کۆمەلێک مایەی لاوەکیشی هەیە کە مانای بەشێک لە بەشەکانی چیرۆکەکە پوون دەکاتەوە . خولقاندنی پەیوەندیش لە نێوان ئەم مایە لاوەکیانەدا کاری خوێنەری چیرۆکەکەیە و بەم پێ یە هەر چیرۆکێک زەمینەیەکی گفتو گۆیە لە نێوان دەق و خوێنەردا . بە تەنها ئەوەش بەس نی یە کە دەبێ مایەی سەرەکی چیرۆکەکە سەرنج راکێش بێت ؛ بەڵکو ئەبێ خوێنەر بتوانێ پەیوەندی نێوان مایە لاوەکییەکان بخولقێنێت و (ئەم مەسەلەیەش سەرنجکێشیی کارەکە دابین دەکات) هەر مایەیەکی لاوەکیش خاوەنی مانایەکە کە لە پەیوەندی بە زلبونیادی مانای کارەکەوە دەخولقێت . تۆماشفسکی ئەم (مایە مانادار)ەی ناونا (مۆتیف) . ئەم زاراوەیەش لە تیۆری مۆسیقاوە وەرگیراوە . چیرۆک بریتییە لە بەردەوامیی زەمانی و هۆکارێتی و ئەنجامی مۆتیفەکان. پلۆت بریتی یە لە ڕێک خستنی مۆتیفەکان بە پێ ی هەڵبژاردنی نووسەرەکە :

(دەتوانین کامڵ بوونی چیرۆک بە تێپەڕبوون لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی لە قەڵەم بدەین ، کە هەر بارە دژایەتیی نێوان بەرژەوەندی و ململانێ ی نێوان کەسێتی یەکانە) تۆما شفسکی ، کامڵ بوونی دیالەکتیکی چیرۆکی بە کامڵ بوونی کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەراورد کرد ، کە هەر بارێکی نوێ ئەنجامی ململانێ یەکە کە لە باری پێشوودا لە نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان دا ڕووی داوە . بە ڕای تۆما شفسکی کاتێ چیرۆک کۆتایی دێ کە دەگەینە بارێکی ئازاد لە دژایەتیەکانی پێشوو و ململانێ ی نێوان کەسێتیەکان . بەم جۆرە توما شفسکی نموونەیەکی تیۆریی سەبارەت بە بونیادی چیرۆک خستۆتە ڕوو کە دواتر ، لە کارەکانی تزڤیتان تۆدۆرۆف دا بووە بە بابەتی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی وردتر . لە لایەکی دیکەوە تۆژینەوەکانی لە مەڕ مۆتیفەکانی چیرۆکەکەوە، ڕێی لە بەردەم گریماس و برمون دا خۆش کرد تا بە خستنە ڕووی چەمکی (بە دوا یەک داهاتن sequence) ، هەنگاوێکی گرنگ لە بواری لێکۆڵینەوەی چەمکی بونیادی چیرۆک دا بنێن .

نووسراوەکانی ئەلکساندەر ریفورماتسکی ڕۆڵێکی گرنگیان لە لێکۆڵینەوەی مۆتیفەکانی کارە ئەدەبیەکان دا هەبوو . لە کتێبی (شی کردنەوەی شێوەی کورتە چیرۆک)دا جیاوازی نێوان مایەو مۆتیفی خستە ڕوو . مایەی بە توخمی وەستاوی پلۆت دانا کە لە پەیوەندی دا لەگەڵ کەسێتییەکاندا ئاراستەیەکی کارکردی پەیدا دەکات و دەگۆڕێت بۆ توخمێکی بزۆزی پلۆتەکە . بۆ ناسینەوەی پلۆتەکە دەبێ گۆڕانی مایەکان بۆ مۆتیفەکان بناسینەوە . ڕیفورماتسکی بەراوردێکی لە نێوان کورتە چیرۆک و یاریی شەترەنجدا (کە خۆی تیایدا مامۆستا بوو) کرد : پارچەکانی یاریەکە (بۆ نموونە ئەسپ) مایەکانن ، مایەکان خاوەنی ڕۆڵێکی تایبەتین (جوڵەی ئەسپەکە)و لە ڕەوتی یاریەکەدا بە هۆی ئەم ڕۆڵە تایبەتیەوە دەبن بە مۆتیف . (هەر جارێک کە سەربازێک دەکەینە قوربانی بۆ بەدەست هێنانی بارێکی باشتر ، بەمە سوودمان لە ڕۆڵە تایبەتیەکەی بینیوە) . یاریەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی پلۆتە . لە هەمان کتێبدا ریفۆرماتسکی بەراوردێکی دیکەی لە نێوان پلۆتی کورتە چیرۆک و بونیادی سۆناتی کلاسیک دا لە مۆسیقادا ئەنجام داوە : (هەر سۆناتێک لەگەڵ هەر ، کانن-ێکدا دووجۆر مایەی هەیە- مایەی سەرەکی و مایەی لاوەکی) ئەم ئەدگارە هەندێ جار ئاڵۆزتر ئەبێ لەبەر بوونی مایە لاوەکیەکانی دووەم و ، سێ یەم و .. لەکورتە چیرۆکدا ئەو بونیادەی کە بەندە بە جیاوازی مایەکانەوە وەکو بونیادی سۆنات ، لەگەڵ کانن دا پەیوەندی هەیەو مۆتیفەکان کارکردی ئەم جیاوازیەن).

﴿ ٦ ﴾

فۆرمالیستەکان لە تۆژینەوەیان دا سەبارەت بە

شیعر بابەتێکی گرنگیان خستە ڕوو کە بوو بە هۆی وروژاندنی مەسەلەی (پەیوەندی یەکانی نێوان دەقە ئەدەبیەکان)، ئەم پەیوەندی یە ناوەکیانەی نێوان دەقەکان (سەر بە قۆناغێک بێت ، یان قۆناغە جیا جیاکان) ئەمڕۆ بە شوێن پێ هەڵگرتنی باختین پێ ی دەڵێن - پەیوەندی یەکانی دەق ئاوێزان- یان بەناو یەکداچوونی دەقەکان- مناسبات بینا متنی) . ئەم توێژینەوەیەش بە وتاری (هونەر وەکو ئۆبێکت)ی شکڵۆفسکی دەستی پێ کرد . لەم وتارەدا ئەوەی خستە ڕوو کە چەند زیاتر قۆناغێک بناسین ، زیاتر دڵنیا دەبین کە ئەو تەسەورو وێنانەی شاعیرێک بەکاری هێناون (و بە لای ئێمەوە داهێنانی خودی شاعیرەکە خۆیەتی) بێ هیچ گۆڕانکاری یەکی گەوهەری لە شیعری شاعیرێکی ترەوە وەرگیراون . نوێ کاری شاعیران لەو وێنانەدا نی یە کە دەیان خوڵقێنن ، بەڵکو لەو زمانەدایە کە بەکاری دێنن .

شیعری شاعیران لەسەر بنەڕەتی شێوازی تەعبیرو ئۆبێکت زمانەوانیەکان و بەکار هێنانی تایبەتیی زمان لە یەکدی جیادەکرێنەوە. گۆڕانکاری لە کاملبوونی شیعردا گرنگ نییە . گرنگ لە شیعردا گۆڕانکاریە لەبەکارهێنانی زماندا. لە تێگەیشتنی پەیوەندی یەکانی دەقەکان دا ئۆبێکتاسی و نزیکیو لێکچوونی شێوازی تەعبیر و لێکچوونە زمانەوانیەکان بایەخیان هەیە نەک و ێکچوونی مایەو وێنەکان: (کاری هونەری لە ئاسەواڕە هونەریەکانی پێشوو و لە پەیوەندیی دا لەگەڵ ئەوان دا دێتە ئاراوە. فۆرمی کاری هونەری لە ڕێی پەیوەندییەوە لەگەڵ سەرجەم کارە هونەرییەکانی پێش خۆیدا دەناسرێ .. ئامانجی فۆرمی نوێ تەعبیرکردن لە ناوەڕۆکێکی نوێ نییە ، بەڵکو فۆرمی نوێ دێت تا جێی ئەو فۆرمە کۆنە بگرێتەوە کە ئیدی بەهاو توانای ئیستاتیکیی خۆی لە دەستداوە) . شکڵۆفسکی ئەو ڕایەی فردیناند پرونیتیری دووبارە کردەوە کە : (لە نێو تەواوی کاریگەری یە هونەری یەکاندا ، گرنگترینیان ئەو کاریگەریەیە کە دەقێک دەیکاتە سەر دەقێکی دی) . تینیانۆف دەربارەی ئەو کاریگەرییەی کە دۆستۆیفسکی لە گۆگۆلی وەرگرتووە نووسیویەتی کە دۆستۆیفسکی بە تێکدانی شێوەی گاڵتەجاری کە لە چیرۆکەکانی گۆگۆڵ دا دەیبینینەوە ، جۆرێکی نوێی لە گاڵتە گێڕی خولقاندووە : (وەختێ باس لە نەریتی ئەدەبی یا بەردەوامیی ئەدەبی دەکەین یەکسەر هێڵێکی ڕاستەوخۆمان دێتە پێش چاو کە نووسەرانی پیر و لاوی لقێکی ئەدەبی دیار بە یەکەوە دەبەستێتەوە . بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە . هێڵی ڕاستەوخۆ لە ئارادا نییەو ئەوەی لە گۆڕێ دایە زیاتر پەرتەوازییە. تێپەڕین لە خاڵێکی دیار ، جۆرێکە لە ململانێ ، هەر جۆرە سەقامگیری یەکی ئەدەبی بەر لە هەر شتێک ململانێ یە ، جۆرێک لە تێکدانی بەها کۆنەکان و بنیادنانەوەی بەهاکانە بە گوێرەی ویست و خواست) .

تێڕوانینی فۆرمالیستەکان بۆ شیعر تا ئێستاش تازەیی و دڵڕفێنیی خۆی لە دەست نەداوە .

ئەوان هەر لە یەکەم هەنگاویاندا یەکێک لە گرنگترین ڕاکانی سیمبۆلیستەکانیان بەڕەڕچ دایەوە کە دەڵێت (شیعر بریتی یە لە تەعبیرکردن لە بیرۆکەیەک بە وێنە) . دەتوانین ڕیشەی ئەم ڕەخنە لێگرتنەیان لە ئاسەوارەکانی گۆستاف شپت دا بدۆزینەوە . ئەم فەیلەسوفە دیاردەناس (فینۆ مینۆ لۆژیست)ە جەختی لەوە کرد کە وێنەی شیعری (شتێکی خاڵی یە)؛ وەکو وێنەیەکی سەر قوماش ،(تابلۆیەکی نیگار کێشی) یان سەر ڕووی پەڕە کاغەزێک نییە یان وەکو وێنەیەکی فۆتۆگرافی نییە بەڵکو تەعبیرێکی مەجازی یە . ئتستیعارەیان کینایەیەکە (ناتوانین بەدی بکەین). کەرەسەی سەرەکی شیعر نە وێنەو تەسەوراتە و نە تەعبیر کردنە لەبیر بە زمان . وەختێ شکڵۆفسکی دەیوت شاعیران تەسەورەکان ناخولقێنن ، بەڵکو دەیاندۆزنەوە ، واتە ئەو تەسەورانە لە زمانی ئاسایی و زمانی پیۆدانگ دا (کۆدەکەنەوە) ، بۆ دیدگاکەی گۆستاف شپت دەگەڕایەوە . شکڵۆفسکی دەیوت کە وشەی خوێن لە شیعرێک دا (خوێنین) نییە ، واتە لە خوێنی ڕاستەقینە دروست نەبووە ، بەڵکو وشەیەکە بە تایبەتمەندێتییە زمانناسیەکانی خۆی لە چەند

پێتێکی تایبەت دروست بووە ، جێکەوت (وقع)ێکی تایبەت بە خۆی هەیەو ، لە ڕێی پەیوەندیی هاونشینی لەگەڵ وشەکانی دیکەدا مانا (یا چەند مانایەک)پەیدا دەکات ؛ کاری ڕەخنەگر ناسینی ئەم بوونە ئەدەبییەی ئەو وشەیەیە نەک لێکۆڵینەوەی ئەدگارە فەرهەنگییەکانی . ئاکامی ئەم تۆژینەوەیە تەنها وەچنگ هێنانی چەمکێکی نوێ و وردی زمانی شیعری نییە ، بەڵکو هەندێ لە تیۆری یە هەڵەکان دەخاتە لاوە .

بۆ نموونە شکلۆڤسکی ئەو تێڕوانینە سەرەکییەی سیمبۆلیستەکانی ڕەت دەکردەوە کە بە پێ ی ئەو تێڕوانینە تەسەورە شیعریەکان لە چەمکەکانی سادەترن و ، دەیپرسی کە ئایا چواندن (شوبهاندن)ی هەورەکان بە کۆمەڵێک شەیتانی کەڕو لاڵ لە شیعرە ناوازەکەی تیۆچف دا وەکو تەسەور سادەتر دەبێنرێ یان لە ڕێی وردبوونەوە (یاری زمانەوانی) یەوە ؟

ئەم مەسەلەیەش کە شیعر بەر لە هەر شتێک (یاری یە بە زمان) ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی (نائاسایی) کردن . سەیرو سەمەرەیی زمانی شیعری ، هەر شیعرێک دەکات بە (بوونەوەرێکی دانسقە) و بۆ گەیشتن بەمەش کۆمەڵێک ئۆپینی زمانەوانی بەکاری شاعیر دێن ؛ کە فۆرمالیستەکان هەوڵیان دا هەندێکیان بخەنە ڕوو :

١) ڕێکخستن و هاونشینیی وشەکان لە شیعردا ، کە بناغەکەی ریتم و مۆسیقای دەنگەکانە ؛ کە گرنگی و تایبەتمەندی بەهەر وشەیەک دەبەخشێت و ، هەر وشەیەک وەک مالارمێ دەڵێت دەبێ بە (خودی حەقیقەت) .

زمانی شیعری (بەکارهێنانی کێشی قافیە ، جۆراو جۆرێتی قافیە ، ڕدیف- ئەو وشەیەی کە لە کۆتایی دێری شیعرەکاندا دووبارە دەبێتەوە- ، بایەخدان بە جێکەوتی مۆسیقایی) ووشە یان وشەکان وەها بەرجەستە دەکەن کە لە ماناکەی خۆی و لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی دادەمالن ، تا ببێت بە شتێکی نامۆ ، دانسقەو ، نوێ و ، خاوەن تەجەللا ، ئەمەش پاکژکردنەوەی خوەکان و ، نائاسایی کردنە .

٢) مەجازەکانی تەعبیری شیعری: ئیستیعارەو جۆرەکانی مەجاز ، کینایە ، وێکچواندن ، ئاوێتەکردنی هەستەکان .

٣) کورتی و چڕوپڕ گۆیی .

٤) بەکارهێنانی ووشەی کۆن .

٥) بەکارهێنانی تایبەتیی بونیادی دەستووری نائاشنا یان کۆن .

٦) بەکار هێنانی وەسف لە بری وەسف کراو .

٧) پێکهاتەی مانایی نوێ .

٨) تەعبیری پشت بەستوو بە ناسازە مەنتیقیەکان.

٩) هێنانە ئاراوەی ووشەی نوێ ، خولقاندنی ووشەی پێک هاتەیی نوێ.

شیعر بە دوا یەک داهاتنی ڕیتم داری ووشەکانە و هۆکارەکەشی هیچ حەقیقەتێک نییە تەنها زمان نەبێ و ، بە تەنها لە ڕێ ی قوربانی کردنی لایەنی مانایی گوتارەوەیە دەتوانین بڵێین کە شیعر بوونی هەیە . شکلۆڤسکی لەم بارەیەوە نووسی : (شیعر خولقێنەری ئەو هەستەیە: کە شتەکان ناناسرێن ، بەڵکو تەنها دێنە بەرچاو) . نموونەی تۆلستۆی هێنایەوە کە دەیوت : (ناوی شتەکان نەبەین وێنەیان بکێشین ، ئەوەش بە جۆرێ کە دەڵێی بۆ یەکەم جارە دەبینرێن) ؛ ڕێک لە هەمان تایبەتمەندێتی زمانی شیعری دایە ؛ واتە لە تازەیی دایە کە لە وێناندن دوور دەکەوینەوە . هەنگاوی یەکەم لە شیعردا جیاکردنەوەی هەر بەشێکی مانایی یە . توخمە شیعریەکان (نووسینەوەیەکی پەتیی حەقیقەت)نین و بە بەستنەوەی بە شتێکی دەرەوەی خۆیەوە مانا پەیدا ناکات ، بەڵکو لە ڕێی پێکهاتە ناوەکیەکانی خودی خۆیەوە . یاکۆبسن نووسیویەتی : ئەوەی هۆسێرل پێی دەوت (نائامادەگی) گرنگە. هیچ وشەیەکی شیعری خاوەنی بابەتێک (و دەلالەتێکی مانایی)نییە . ئەو شاعیرە فەرانسایی یە (واتە مالارمێ / و-) ڕاستی وتووە کە وتوویەتی گوڵی شیعری مانای نائامادەگی بۆنی گوڵە .

تۆما شفسکی دەیوت : (شیعر گوتارێکە کە ڕاستەوخۆ لەسەر بنچینەی شانەسازیی خۆی ، خۆی ڕێکخستووە) ؛ تینیانۆڤیش دەیووت : (لەشیعردا مانای وشەکان دەگۆڕێن بۆ دەنگ و لە


پەخشاندا دەنگەکان دەگۆڕێن بۆ مانا) .

ڕەخنە گرتن لە چەمکی (شیعر هەر وەکو تەعبیر کردنێک لە بیرۆکەیەک لە ڕێی وێنەسازی

یەوە) ڕەخنە گرتنە لە نەریتی شیعری ڕەمزی ڕووسیا . ئەم چەمکە خۆی ڕیشەی لە تیۆری ئەدەبیی ڕۆمانتیکەکانی ئەڵماندا هەیەو دەتوانین ڕەنگدانەوەکەی لە ڕەخنەی ئەدەبیی ڕووسیای سەدەی نۆزدەهەم دا ببینینەوە .

بۆ نموونە بلینسکی بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٢١ دا بنەمای (شیعرو وێنە) ی لە وتاری (ئایدیای هونەر) دا بەکار هێناوە . بە تیڕوانینی شکڵۆفسکی و فۆرمالیستەکانی دیکە ئەم بنەمایە زیان بە وەسیلەی سەرەکی تەعبیری شیعری واتە مەجاز دەگەیەنێت . ئیستیعارەو (مەجازی مورسەل)و وێک چووادن و کینایە پێویستیان بەوە نییە (بێنە بەرچاو)و لە هەر جۆرە پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆ بە حەقیقەتەوە ئازادن. تێڕوانینی فۆرمالیستەکان سەبارەت بە ئازادیی زمانی شیعری لە زمانی ڕۆژانەو ، لە حەقیقەت ، لە کارەکانی یاکۆبسن دا زۆر بە کاملّی خراوەتە ڕوو .


ئەم باسە بەشی دووەمە لە بەرگی یەکەمی کتێبی (ساختارو تاویل متن)- جلد ١ - نشانه شناسی و ساختار گرایی- بابک احمدی- چاپ دوم ١٣٧٢ (واتە ١٩٩٣)- نشر مرکز ، تهران ، ل ٣٨ -٦٠ .



پاشه‌ڕۆژ و کات

پێشینه‌یه‌کی مه‌نهه‌جی

پاشه‌ڕۆژ ، به‌ تێگه‌یشتنه‌ مێژوویه‌که‌ی، کۆکراوه‌ی کۆششی مرۆڤه‌ له‌ هه‌موو بواره‌کاندا به‌درێژایی ڕابوردوو و ئێستاوه‌ ، ئه‌گه‌ر چی ناتوانرێ سیمای ته‌واوی پاشه‌ڕۆژ ، له‌ هه‌موو لایه‌نه‌کانیدا، ببینرێ ، به‌ڵام ده‌کرێ پێشبینیی هێندێ لایه‌نی گرنگی بکرێ، به‌تایبه‌تی ئه‌ولایه‌نانه‌ی پێوه‌ندیی ڕاسته‌وخۆیان به‌ پرۆسه‌ی به‌رنامه‌ بۆدارێژراوی گۆڕانی زانسته‌وە هه‌یه . به‌ پێی ئه‌م بۆچوونه‌ش ده‌توانین شوێنی دیارو به‌رجه‌سته‌کراوی ﴿پاشه‌ڕۆژ﴾ له‌ ﴿داهاتوو﴾دا به‌دی بکه‌ین و له‌ هێڵه‌ سه‌ره‌کیه‌کانی جیاوازیی نێوان ئه‌و دوو چمکه‌ ﴿ پاشه‌ڕۆژو داهاتو و﴾ بگه‌ین، چونکه‌ پاشه‌ڕۆژ به‌شێکی داهاتووه‌و ، چ له‌ ڕووی مه‌ودای زه‌مه‌نی و چ له‌ ڕووی ده‌رکه‌وتنی هۆکاره‌کانی کارتێکردنه‌وه - واته‌ کارتێکردنی ئێستاو ڕابوردوو - پاشه‌ڕۆژ له‌ داهاتوو ڕوونتره. له‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌ ده‌توانین ، به‌ نیمچه‌ دڵنیاییه‌که‌وه ، باسی پاشه‌ڕۆژی زانست ، پاشه‌ڕۆژی ئابووری ، پاشه‌ڕۆژی پیشه‌سازی ، پاشه‌ڕۆژی گۆڕانکاریی کۆمه‌ڵایه‌تی و .. هتد، بکه‌ین ، به‌ڵام ناتوانین خۆمان له‌ قه‌ره‌ی داهاتوو -به‌ مه‌عنای ڕه‌هاکراوی- بده‌ین، چونکه‌ پاشه‌ڕۆژ ، به‌نسبه‌ت هه‌ر قۆناغێکه‌وه‌ مه‌ودایه‌کی زه‌مه‌نیی دیاریکراو و خاوه‌ن مه‌به‌ستێکی تایبه‌ته‌ ، که‌چی داهاتوو مه‌ودایه‌کی زه‌مه‌نیی دیاریکراوی نییه‌ وناشتوانرێ



باسی مەبەستێکی سنوور بۆکێشراوی تێدا بکرێ
لە جیهانی سۆفیگەریدا ئەم جۆرە تێگەیشتنەی پاشەڕۆژ و داهاتوو هیچ بایەخێکی نییەو ، ڕابردوو و ئێستاش لە کڵاو ڕۆژنەیەکی دیکەوە ڕووناکییان دەخرێتە سەر ، نەک لە کڵاوڕۆژنە ئاساییەکەوە . ئەم تایبەتمەندییە کرۆکی ئەم باسەیە .

سۆفیگەری ئەزموونێکی تاکە کەسانە (فردی)یە و ، لە بناغەدا هەموو مامەڵەیەکی لەگەڵ جیهانی ناوەوە (ناخ) ی مرۆڤە، بۆیە هەموو پێوەرەکانیش پێوەندییان بە هەمان جیهانەوە هەیە . جیاوازیی گەورەی نێوان هەر چەمکێکی ئەم بواڕەو هەمان چەمک لە بواڕێکی دیکەدا، بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە ئاماژەمان بۆ کردن . ئەو خاڵەی کە لە ڕووی مەنهەجییەوە زۆر گرنگەو پێش لێکۆڵینەوەی هەر چەمکێکی میحوەری لە سۆفیگەریدا دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەو ڕاستییەیە کە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، لە گەرمەی ئەم ئەزموونەدا، هێندە گۆڕانی گەورە دێنێتە ئاراوە کە خاوەن ئەزموونەکە، بەتەواوی ، لە جیهانی دەرەوە دادەبڕێت و ، تەنانەت لۆجیک (منطق)ی بیرکردنەوە و ، زمانی دەربڕین (تعبیر) یشی گەلێک لە لۆجیک و زمانی ئاساییەوە دوورن . کە لۆژیک (واتە ڕێکخەری هەموو پرۆسەکانی بیر کردنەوە) و زمان ،(واتە ئامرازی گەیاندنی بیر) هێندە بە زەقی جیاوازییان لەگەڵ لۆجیک و زمانی جیهانی ئاسایی هەبێ ، بێگومان ، سەرجەمی ساختار (بناء)ە فکرییەکە وچەمک و سەرەتاگە (مبدأ)و تیۆریەکانیش دەکەونە ژێر کارتێکردنی ڕاستەوخۆو گەورەی ئەو دوو هۆکارە بنیاتنەرەوە. دیارەکات (زمان) ، بەهەموو دوورایەکانیەوە ، لە ڕابووردوەوە بۆ ئێستا تا دەگاتە داهاتوو ، لە ژێر کارتێکردنی ڕاستەوخۆی ئەو دوو هۆکارەدان .

مەلای جزیری و چەمکی کات

مەلا ئەحمەدی جزیری (لەدایک بووی دەوروبەری ساڵی ٩٨٠ی کۆچی، کۆچ کردووی دەوروبەری ساڵی ١٠٥٥ی ک)١ یەکێکە لەو شاعیرە سۆفییە کەمانەی توانیویانە بەسەرکەوتوویی وە کێشە تیۆریەکانی سۆفیگەری ئامێتەی شیعر بکەن و ، تەنانەت لە ئاڵۆزترین کێشەش- کە کێشەی کاتە- خۆیان نەپاراستووە، بە بۆچوونی من ، لە نێو سەرجەم شاعیرانی کوردا ، تەنها مەلای جزیری و مەحوی ، لە شیعری کوردیدا ، توانیویانە ڕوو بەڕووی کێشەی کات ببنەوە لە ڕوانگەی سۆفیگەریی تیۆرییەوە .
یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە جزیری دەیکاتە

سەرەتاگەیەکی گرنگی دەستنیشان کردنی چەمکی کات ، بە هەموو دووراییەکانیەوە ئەوەیە کە کات بەشێکە لەبوون و (پووداوێکی نادیارە کەدەرکەوتنی بە پووداوێکی دیارو بەرجەستەوە بەستراوەتەوە) (٥٢/٥). بە پێی ئەم تێگەیشتنە ڕابوردوو حسابی بۆ ناکرێ ، چونکە لە دەستدا نەماوەو بۆتە پووداوێکی دیارو بەرجەستە . مەلا لەم پووەوە دەڵێ:

دلبەر شکینا شەککەرەکێ،فقلتُ یاروحی متی ؟
گۆ من : حەتا خاطر هەبت، من گۆ : چ کم ئەز باهەتا (٦/٢-١ل ٣٤)

لێرەدا دیارە وشەی (حەتا) ئاماژە بۆ خواستی دلبەر دەکات، کە پووداوێکی نادیارەو ،لەبەر ئەو هۆیەش شاعیر ناتوانێ لەسەر بناغەی ئەو بەڵێنە هیوایەک دروست بکات، چونکە بەڵێنی دڵبەر سەر بە چەمکێکی دیکەی کات (زمان)ە کە سەراپای بوون دەگرێتەوە . بوونی دلبەریش لە بناغەوە بەو شێوەیە تایبەتمەندیی خۆی دەسەلمێنێ لەخۆڕا کۆنە (واتە قدیم ڕایتا)٢ ئەمجۆرە بوونە بێ نیازە و پێویستی بەبوونی دیکە نییە ، واتە ئەو بوونە ناتوانرێ بخرێتە ناو چوارچێوەی کات و شوێنەوە ، بۆیە کاتی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکەش لە دەرەوەی ڕادەی توانای شاعیرە، کە پێوەندیی بە کێشەی (ئەزەلییەت)و (ئەبەدییەت)ەوە هەیە، کە لە قورئانی پیرۆزدا بەیەکەمین (الأول)و دواترین(الآخر) تەعبیری لێ کراوە :(هو الأولُ والآخرُ والظاهِرُ والباطِنُ وهو بکُلِ شیءٍ علیم/ الحدید ٣). لەسەر ئەم بناغەیە، شاعیر دڵنیا دەبێ لەوەی کە ئەو (هەتا) یە دوورە و بۆ ئێستا کەڵکی لێ وەرناگیرێ ، ئەگەر بە چەمکی کارسازیی ئەزەلیی دلبەر، ڕۆژێکیش بووبێ، ئەوا لە پوانگەی ژماردنی ئێمە بۆ کات دەبێتە هەزار سالّ :(یُدَبِّرُ الأمرَ مِنَ السَماءِ الی الأرضِ ثُمَ یَعْرُجُ الیهِ فی یومٍ کان مِقدارهُ ألفَ سَنَةٍ مِمّا تَعُدّون/ السجدة ٥). بەهۆی بەرفراوانیی ئەم چەمکەی (کات) و زاڵبوونی لایەنی تیۆری بەسەریەوە، دەتوانین ناوی (چەمکی تیۆری گشتیی کات)ی لێبنێین.

لەسەر بناغەی ئەم بێ پایانییەی کات(بەم چەمکەی)، شاعیری عاشق هەمیشە خۆی لەو گۆشەیەدا دەبینێتەوە کە گیرۆدەی عیشقی دلبەر بێت و بە دەست دوورییەوە بنااڵێنێو ، کۆششی چارەنووسسازی لەو پێناوەدابێ کە سەرەنجام بە دیداری شاد بێ :

حەبیبی بێ خەتا کوشتم ب دەربا فیرقەتی ئاخر
ژ وێ ڕۆژێ دزانی من کویار ئەو تیر ل جەرگیدا (٢/٧-١٠ ل ٤٢)

لەنێوان ئەم دوولایەنییەی کات(بە چەمکی تیۆریی گشتییەوە) و کۆششی عاشق لە پێناوی گەیشتن بە دولبەر (یار - معشوق)دا ، کە ناوی (کۆششی چارەنووسساز)ی لێ نرا ، سێیەمین چەمکی کات دێتە ئاراوە، کە مولکی عاشقەو بنیاتنەری کۆششی چارەنووسسازە، ئەم چەمکەی کات پێوەندیی بە ئەزموون و چێژەوە هەیە، واتە حاڵ لێهاتنی عاشق . دەبێ لێرەدا ئەو ڕاستییە دووپات بکەینەوە کەسەرجەمی مامۆستایان و گەورە شێخانی ئەم ڕێبازە (سۆفیگەری) بایەخی هەرە گەورەیان بەم چەمکە داوەو هەمیشە بە (کاتی هەژار)٣، واتە سۆفی ، ناویان بردووە . لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا یوسفی کوڕی حسین ، سەبارەت بە هەژاری ڕاستگۆ گوتوویەتی (ئەو کەسەیە کە کاتی خۆی لە هەموو شتێک بەلایەوە گرنگترە) (١٥١/٤)

ابو حفصی نەیساپووری گوتوویەتی (ئەو کەسەیە کەلە هەموو دەمێکدا بە حوکمی کاتی خۆی ڕەفتار دەکات، ئەگەر شتێکی بە مێشکدا بێت کە لە حوکمی کاتی خۆی دەری بکات ئەوا لێی دەترسێو خۆی لێ دوور دەخاتەوە) (١٥١/٤) .لەئەنجامی تاووتوێ کردنی بۆچوونی دەیان گەورە شێخی سۆفیگەری ، ابو القاسمی قوشەیری (کۆچی دوایی ٤٦٥ک) گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستیان لەم زاراوەیە ئەوەیە کە(پتر بەسەر مرۆڤەوە زاڵەو لە کردەوەکانیدا دەردەکەوێو ، مەبەستیان لەو کاتەیە کە مرۆڤی تێدا دەژی و ،گوتوویانە کات لە نێوان دوو زەماندایە، واتە ڕابردوو و ئێستاو ، دەڵێن سۆفی کوڕی کاتی خۆیەتی و ، مەبەستیان ئەوەیە کە بە گرنگترین شتی ئەو کاتەوە خەریکەو ئەو کارە بە ئەنجام دەگەیەنێ کە داوای لێ دەکرێ)(٥٣/٥).

(شێخ محی الدین ابن عربی - کۆچی دوایی ٦٣٨هـ)ش له ڕوانگەی هەردوو چەمکی (زانست- علم) و (ئامادەبی - حضور)ە وە دەڕوانێتە ئەم چەمکەی کات و ، سەبارەت بە زانستی خەڵکانی ئامادە بۆ ئەم زانستە دەڵێ :(ئەوان بە هۆی ئامادە بوونیانەوە دەزانن کە حەق-خوا- لەو کاتەدا چ زانستێکی پێ پەخشیون و ، تەنها بەو ئامادەییە ئەو زانستەیان وەرگرتووە) . (١-٥٩).

بەم بۆچوونەش (ابن عربی) دوولایەنی گرنگی تێۆری زانست (نظریة المعرفة)ی سۆفیگەری ئامێتەی ئەم چەمکەی کات کردووەو ، ئەم بۆچوونەش لە بەیتی پێشووی مەلای جزیریدا بە زەقی دیارەو لە بەیتەکانی دیکەی شاعیردا کاکڵەی بۆچوونی سۆفیگەران سەبارەت بەچەمکی کات لە ڕوانگەی ئەزموون و چێژەوە دەردەکەون .

لە بەیتی پێشوودا ، مەلای جزیری لەو کاتەدایە کە دەزانێ یار بەزەبری دووری پێکاوێتی و ئەو تیرەی لە جەرگی داوە، دەشزانێ ئەو کارە بەهۆی ئامادەبی خۆیەوە بووە، چونکە بەلای ئەوەوە تەنها بەدیدار شادبوون مەبەستە . ئەم بە دیدار شاد بوونە لە عورفی سۆفییاندا ، پێش هەموو شتێک پێویستی بە (ئامادە بوونە بە خوا ، چونکە ئەگەر لە خەڵک بزر بوو ئەوا بە حەق -خوا- ئامادە دەبێ)(٦٣/٥) . بە مەعنایەی (ئامادەبوون - الحضور) جزیری دەڵێ :

گەلۆ دیسا ببینم ئەز چرایی وەڤلەتێ هل بت
بصوژم شبهی پەروانێ دبەر وێ نوورو شەوقێ دا (٧/٢ -١١ ل٤٣)

تەنها بەو سوتانە باشتر لە چراو ڕوونا کیی جوانیی یار دەگا . لەم کاتەدا کە عاشق دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە (لە خۆیو لە خەڵک بزر دەبێ) و (خۆیو هەموو ئافەریدەکانی لا بزر دەبێت و هەست بە خۆی و بە خەڵک ناکات)(٥٨٣/٤) و (٦٢/٥) لێرە چوارەمین چەمکی کات دێتە نێوانەوە کە (کاتی لە خۆ بزر بوونە) و ،ئەمەش تۆزێکی چەمکی پێشووی کاتە (کاتی ئەزموون و چێژ) ، کە لە ڕاستیدا مەعنای بزر بوونی (کات) دەبەخشێ ، چونکە لەو دەمەدا عاشق هەست بە بوونی خۆیو ئافەریدەکان ناکات و لە هەموو شتێک دادەبڕێت ، بۆیە هەست بە(کات) و (شوێن) و دوورایەکانی دیکەی بوونی جیهانی ماددی ناکرێو، عاشق لە دەریای چێژی خۆیدا نوقم دەبێ . لەم بارەیەوە گوتوویانە :

فقومٌ تاهَ في أرضٍ بقفرٍ
وقومٌ تاهَ في ميدانِ حُبِّهِ
فأفنَوا ثُمَّ أفنَوا ثُمَّ أفنَوا
وأبقوا بالبَقا مِنْ قرْبِ رَبِّهِ

کە یەکەمیان بزربوونە لە خۆی و سیفەتەکانی بەمانەوەی بە سیفەتەکانی حەق (خوا) ، پاش ئەوە بزربوونە لە سیفەتەکانی حەق بە شهودی حەق و ، پاشان بزربوونە لە بینینی بزربوونی خۆی بە خۆفەوتاندن (استهلاک) لە بوونی حەقدا .(٦٢/٥و٦٣)

ئەم چەمکەی ئاماژەی بۆ کرا ، بەبەردەوامی لە شعیری شاعیرانی سۆفیدا دووبارە دەبێتەوە بەڵام ئەمەش چەند لق و پۆ پێکی دیکەی لێ دەبێتەوە . ئەو لقوپۆپانە نابنە مایەی ئەوەی چەمکێکی سەر بە خۆی دیکەی کات بێتە نێوانەوە ، چونکە خولگەکە هەر ئەم چەمکەیە، بەڵکو چەند لایەنێکی ئەزموون و چێژ دێنە نێوانەوەو تەعبیر لە تایبەتمەندیی ئەو دەمانەی بزر بوون دەکەن و ، سەرجەم هەمان بیرۆکەی بناغەیی ڕەت کردنەوە (نفی) ، بەڵکو زنجیرە ڕەتکردنەوەکان دووپات دەکەنەوەو دەریان دەبڕن .

مەلای جزیری لەپڕ هەست بەوە دەکا کە تەمەنی لە بەسەر چوونداید ، کەچی هێشتا نەبۆتە خاوەنی کاتی خۆی. لەم خاڵەوە دەست پێ دەکات و خۆی هان دەدا :

وەهـ کو بێ شاهید و مەحبووب تە عومرێ خوە بوار
کارەکی رابە بکە، وەقتە کو ئێوارە درەنگ
بەری مەقسودێ ژ طوبی نەگرین مەعلوومە
مە ژ دەستی خوەیی کووتاهـ و ژپایی خوەیی لەنگ (٦٣/٢ -٣و٤ ل٣٣٩)

ئەم هاندانە سەرەتایەو ، تەنها هێندە لە رابردوو ئاوڕ دراوەتەوە کە بەکەڵکی ئێستا (واتە کاتی

ئەزموون و چێژ) بێت و کاتە چارەنووسسازەکەی پێ پێکبهێنرێ، دەنا خودی ئەو ڕابردووە هیچ کەڵکێکی نەماوە. لەم بوارەدا سۆفیەکان گوتوویانە:(خۆخەریک کردن بە کاتێکەوە کە بەسەر چووە بریتییە لە فەوتاندنی کاتێکی دیکە) (٥٣/٥)، دیاریشە کە بەردەوام بوون لەسەر هەمان شێوەی خۆخەریک کردن دەبێتە مایەی فەوتاندنی هەموو کاتەکان، کە ئێستاو داهاتووش هەر دەگرێتەوە . پاش ئەو سەرەتایەش، لەسەر بناغەی ئەوەی کە نابێ چیدی کات بفەوتێنرێ ، دەبێ لە ڕێگەی کۆششەوە کاتی تازە دابمەزرێنرێ، چونکە:

کان ب گەوهەر چبکەت گەوهەر ئەگەر پاک نەبت

تو بە صیرەت تە نەبت سیرەتی ئەجداد چکەت؟ (١٨/٢-٦ ل ١٣١)

بەڵام دامەزراندنی ئەو کاتە تازەیە کارێکی هێندە ئاسان نییە . ئەو کاتە دەبێ لە ڕێگەی (دلبەر) دا، بە بیرکردنەوەی بەردەوام لە دلبەرو پشتبەستن بە هێزی عیشقی ئەو ، بەکاربهێنرێ. خۆ ئەگەر دلبەریش وا بە ئاسانی لا لە عاشق نەکاتەوە و ئاوڕی کەم لێ بداتەوە، یان ئەگەر تەنها بە (حەتا)یە کە بەڵێنی دیداری پێ بدا، کە وەکو لە بەیتی (٦-١ ل٣٤) ڕوون بووەوە، نازانرێ ئەو (حەتا) یەکەی دێ، ئەوا لەم بوارەدا عاشق هەر دەبێ (کوڕی کاتی خۆی بێت) و بە هیچ شێوەیەک لە دەستی نەدا . شاعیر بەتەواوی دەرکی بەم ڕاستییە کردووە:

ددە سالان ملازم مام و یارێ روو نەدا جارێک

وەگەر نە یار، ئەگەر روودەت ، هەیە جارەک دسالێدا (٢٠-٧/٢ ل٤٧)

نەک تەنها دەرکی پێ کردووە، بەڵکو بە دەستیشیەوە دەنالێنێ، چونکە بەلای هێندێک لە گەورە شێخانی سۆفیگەرییەوە عیشق ئەو ئەمانەتەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا باس کراوە:(**إِنَّا عَرَضْنَا الأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَالجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُوماً جَهُولاً** /الأحزاب ٧٢) بەڵام بۆ ئەوەی بەڕاستی ببێتە خاوەنی -کات-ی خۆی ، ڕێگای دیکەی لەبەردەمدا نییەو، ئەمەش پاشەڕۆژ و چارەنووسی عاشقە.

تا ئێستا پێویستی کۆشش سەلمێنرا، بەڵام خودی ئەم کۆششە چییە وچ مەوداییەکی هەیە؟. ئەمەیان ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە ماهییەتی تەواوی عاشق دەردەبڕێ . مەلای جزیری ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە لە سەرەتاگەیەکی مەنتیقیی گرنگەوە دەست پێ دەکات کە بریتییە لەوەی بە چێ هێنانی ئەرکی گەورەو گرنگ پێویستی بە هیممەتێکی گەورەیە . ئەم هییممەتە تەنها تەعبیر لە ڕێو ڕەسمی ئەم بوارە دەکا :

جەوری هیندێ دێ کشێنت هەرکەسی طاوس دفێت

گەوهەر و دوررا یەتیم بێ تەرکی سەر تێتن تەلەب؟(١٢-١١/٢ ل٧٨)

کەواتە مەنتیقی ئەم کۆششە بریتییە لەم (تەرکی سەر) کردنەو لەبەر چاوگرتنی ئەم ڕاستییە بەبەردەوامی تاکە ڕێگای بە جێ هێنان و جێبەجێ کردنی سەرکەوتووانەی ئەم ئەرکەیە . بەڵام تا ئێستا کارەکە لە سنووری هیممەت (ئامادەیی) دا ماوەتەوە، واتە هەرێەک لایەنی ڕوون بۆتەوە کە نیازی عاشقە . عاشقیش تا ئەم چرکەیە بێ ئەزموونە و دەبێ مامۆستا (ڕێبەر) یێکی هەبێ، چونکە ڕێگای وا پڕ مەترسی بەبێ بوونی پەل گرتن و ڕێنوێنی کردن ئامێتەی ترسی خنکان و ڕێ بزرکردنە . بەلای مەلای جزیرییەوە ئەمەش بەس نییە، یان بە شێوەیەکی ڕوونتر، ئەمە پێویستی بە ڕەزامەندی یار(مەعشووق) هەیە:

دێ ژ حەق جاذیبەیەک دل بگرت ،وەرنە (مەلا)

ژ ئەزەل گەرتو (هیدایەت)٤ نەبت ئیرشاد چکەت (١٨/٢-١٢ ل١٣٣)

ئەم ڕەزامەندییە بە ستراوەتەوە بە ئەزەلەوە، واتە بە کات (زمن)ی بڕیار دانەوە هەیە، کە پێشتر ناوی (چەمکی تیۆری گشتیی کات)م بۆی هەڵبژارد. ئەم کاتە تەعبیر کردنێکی ڕاستەوخۆیە لە ویست (ئیرادە)ی مەعشووق و عاشق پابەندێتی، واتە ئەمە قەدەری عاشقە.

لەم خاڵەدا جزیری بۆچوونێکی (ابن عربی) دووپات دەکاتەوە کە دەڵێ :(قەدەر کات دانان -

توقیت- ی شتەکانە بە ماهییەتی خۆیان) نەک زیاتر ، واتە بڕیاردەری ماهییەتی شتەکانە لە کاتێکی دیاریکراودا ، نەک شتێکی لەوە زیاتر . ئەم بڕیارە ئەزەلییە ، چونکە عاشق بێ ئاگایە لە چۆنێتی و ئەنجامەکانی ، نابێ خۆی پێوە خەریک بکات ، چونکە هەم سەری لێ دەرناکات و هەم کاتی تازەی خۆی (واتە عاشق) لەدەست دەدات. کەواتە دەبێ خۆی بە کاتی تازەیەوە خەریک بکات، مەلای جزیری ناوی (ئابی حەیوان -ئاوی ژیان)ی لێ دەنێ و ، ئەرکەکانی خۆی بە یارمەتیی ڕێ پیشاندەرێک جێبەجێ بکا :

ئابی حەیوان تە دقێتن تو ببە هەمرەهی خضر
جامی جەم بین و ژدارا و سکەندەر مەکە بەحث
ژ ئەزەل عاقیبەتی کار کو مەعلووم نەبت
جامی مەی نوش وژ تەقدیری موقەددەر مەکە بەحث (۲/۲۲/ -۹ و ۱۰ ل۱۵۱)

ئەمە کاکڵەی بۆچوونی مەلا ئەحمەدی جزیرییە سەبارەت بە کات و چەمکەکانی و شوێنی داهاتوو و پاشەڕۆژ لە نێویاندا . سەرجەمی ئەو بەڵگەیانەی لە شیعری ئەم شاعیرەدا بەدی دەکرێن گەواهیی ئەو ڕاستییەن کە، وەکو بە شێکی زۆری سۆفییان، چەمکی پاشەڕۆژ خۆی لە چەمکی بەقا(مانەوە)ی پاش فەنا(توانەوە) لە سیفەت وخەسڵەتە ئاساییەکانی بەشەرییەتدا دەبینێ . ئەمەش ، بەتەعبیری خودی شاعیر ، لە نوور (ڕووناکی) ی ئەزەلییەوە هەڵدەقوواڵێ :

اللە ژ نوورا سەرمەدی، یەک قەطرەیەک دا ئەحمەدی
شیرینی و ڕەمزەک وەدی ، مەدهۆش ما حەتتا ئەبەد (۲/۳۵-۱۰ ل۲۲۲)

بەم پێکەوە گرێ دانە گەشبینانەیە، جزیری بەتەواوی دەروازەی چەمکەکانی کات دادەخات و قفڵێکی سەرکەوتووانەی لێ دەدا، بەڵام هێشتا لە بواری گشتیی کاتدا ، نەک لە بواری چەمکەکانیدا، یەک بۆچوونی گرنگی مەلای جزیری ماوە و دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێ : ئەویش مەسەلەی (یەکێتیی کات)ە.

لەبواری (یەکێتیی کات) دا جزیری بەتەواوی پێڕەوی لە بۆچوونی شێخی گەورە (محی الدین ابن عربی) دەکات . ابن عربی ، وەکو تێکڕای سۆفییەکان باوەڕی بەو ڕاستییە هەیە کەسەرجەمی ئافەریدەکان ، بەتایبەت مرۆڤ ، لە بوونیاندا (پێویستیان)ە بە خوا هەیە ، واتە خوا بڕیاری بوونیان دەدات و ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکات . لەبەر ئەوەی خوا (ئەزەلییەت و کۆنیی بۆ سەلمێنراوە ، کەواتە ناکرێ ئەو - یەکەمینی - الاولیە)یەی بۆ بڕیار بدرێ کە ئاماژە بۆ دەرهێنانی بوون لە نەبوونەوە دەکا ، کەواتە ئەو یەکەمینییەی نادرێتە پاڵ، ئەگەرچی یەکەمینە ، بۆیە لە بارەیەوە گوتراوە کە دواترین (الاخر)ە . ئەگەر یەکەمینیی ئەو یەکەمینیی وا بەستەیی بوون - واتە وا بەستەیی بوون بەکاتەوە - بووبایە ، نەدەبوو ببێتە دواترینی وابەستە (مُقَیَد) ، چونکە شیاو (ممکن)ەو شیاوەکان لە بن نایەن کەواتە دواییان نییە، بۆیە خوا بەو پێیە دواترینە کە هەموو کارەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی ئەو مەسەلەیەمان داوەتە پاڵ خۆمانەوە . بۆیە (دواترینە لە هەمان کاتی یەکەمین بوونیداو ، یەکەمینە لەهەمان کاتی دواترین بوونیدا)(۱/٥٤) . لێرەدا بە ڕوونی دیارە کە ابن عربی لە ڕێگەی مفارقەی نێوان پێشینەیی مەنتیقی (اسبقیة منطقیة) و پێشینەیی زەمانی(اسبقیة زمانیة)و بەڕەی (یەکێتیی بوون) بۆ ژێر کات رادەکێشێ و دەچێتە جیهانی (یەکێتیی کات -وحدة الزمن)ەوە . مەلای جزیریش ، بە پێڕەوی لەم بۆچوونە دەڵێ :

حال و موستەقبەل و ماضی دخوەدا تێک یەکن
صوبح مەوجوودە بعەینی خوە د ئیقاری حدوث (۲/۲۳-۱٤ ل۱٥۹)

نەک هەر ئەمە، بەڵکو لە ڕوانگەی یەکتابوونی خواوە، لە ڕێگەی یەکخستنی ئەزەلییەت و ئەبەدییەت لە(کۆنی -قدم)ەوە لە یەکەمین هەنگاودا و ، لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی تەواوی ئەزەلییەت و ئەبەدییەت لە ڕووی چەمکی زەمانییەوە، بە شێوەیەکی قووڵتر(یەکێتیی کات) دووپات دەکاتەوە :

د قیدەم دا ئەزەل و عەینی خوە د ئیقاری حدوث (ئەبەد)٦

سەرمەدییەت وە دخوازت نەئەزەل بت نە ئەبەد (۲/۳۳-۲ ل۲۰۸)

لە ئەنجامی ئەم بۆچوونەوە ، بە گەورەو پیرۆز راگرتنی زاتی یەکتا، جزیری بڕیاری ئەوە دەدات کە هۆش(عقل) بە هەموو پرۆسە ئالۆزەکانی لۆجیک (منطق) یشەوە، هەردەستە پاچەو بێ دەسەلاتە لە بواری ناسینی خوادا :

چ زەمان و چ مکان و چ جیهات و چ حدود
چ مەقادیر و تفاصیل و حیسابن، چ عەدەد ،
چ مونافات و لزومن، چ قیاس و چ میثال
ئەف چ تەولید و چ تەرکیبە، چ روحن چ جەسەد؟
سەر ب عێجزی ددرت قووەتی دەر راکەی ما
(رَجَعَ العَقْلُ کَلیلاً وَمتی قامَ قَعَدْ)
(۲/۳۳-۱۰ و ۱۱ و۱۲ ل۲۱۱)

مەحوی و چەمکی کات

مەحوی(مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی بالخی - کۆچی دوایی شەشەلانی ۱۳۲٤ ک)۷ ، وەکو مەلای جزیری ، کێشەی کات بۆتە یەکێک لەو کێشە گرنگانەی بایەخێکی گەورەی پێ داون و لە هەموو رووبەکەوە تاو توێیی کردوون . بناغەی بایەخدانی مەحوی بەکات هەر لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێ کە، وەکو تێکڕای سۆفییەکان ، چەند جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ ئەو چەمکە لەبەر ڕۆشنایی عیشقی راستەقینەدا دێتەگۆڕێ ، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی کاتە لە سێ دووراییەوە:-

۱- پێوەندیی کات بە جیهانی ماتەریالییەوە.
۲- پێوەندیی کات بە کێشەی بوونەوە،
۳- پێوەندیی کات بە خودی عاشقەوە ، (واتە لە ڕوانگەی ئەزموون و چێژەوە).

ڕوونترین هەڵوێستی مەحوی لە بارەی کێشەی کاتەوە لە بواری سەرچاوەی بوونداە لە قەسیدەکانیدایە(بە تایبەت عقد العقائد کە لە دەیەمین بەیتەوە تا چلەمین بەیت تایبەتە بە ئوسوڵی عەقاید- بناغەی باوەڕ- وشاعیر خۆی ناوی ئیلاهیاتی عەقیدەی لێ دەنێ). لەم بوارەدا مەحوی لە کێشەی زات و سیفەتەکانی خوا دەست پێ دەکات و دەڵێ :

ذاتی خودا کە خالیقی ئەکوانە، هەربووە
یەعنی قەدیمی موطلقە (بالذات) و (بالزمان)۸ (٦/عقد العقائد-۱۱ ل ۳۷۰)

لێرەدا، کە شاعیر ناوی ئەو دوو جۆرە کۆنی (قدم)ە بە موطلق (رەها کراو) دەبات، دیارە کە ئاماژە بۆ کۆنییەکی دیکەش دەکات جگە لە (ذاتی) و (زەمانی) کە(کۆنیی ئیزافی) یە ، کەدیارە بە ڕێژەیی (نسبی) ی لە قەڵەم داوە .

لەم سەرەتاگەیەوە ، مەحوی ڕوو دەکاتە کێشەی سەرمەدییەت بە هەردوو سەریەوە: ئەزلییەت و ئەبەدییەت ، چونکە ئەم کێشەیەش پێوەندیی بە بناغەکانی باوەڕ (اصول العقائد)ەوە هەیە، شاعیر هەر هەمان بۆچوونی سەرجەمی ئەهلی سوننەت و جەماعەتی هەیە ، کە هەموو سۆفییە سوننییەکان پێڕەوی لێ دەکەن و ، دەشتوانرێ جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی بۆچوونی (ابن عربی)۹ شی لا بەدی بکرێ ، ئەگەر چی بە گشتی هەر بیرو بۆچوونە بنەڕەتیەکەی بناغەکانی باوەڕ دووبارە دەکاتەوە ، مەحوی دەڵێ :

خۆی و هەموو صیفاتی کەمالی بووە و هەیە
دەشبێ ،(ئەزلییەتی)۱۰ ئەبەدییەت دەدا نیشان (٦/ عقد العقائد ١٤ ل ۳۷۰).

هەر چوار بەیتی (۲٤و۲۵و۲۸و۲۹)ی ئەم قەسیدەیە هەر لە هەمان خولگەدا (واتە کۆنیی زاتی خواو سیفەتەکانی) دەسووڕێنەوە ، بەڵام بیست و شەشەمین بەیت پێوەندیی بە بڕیاری ئەزلی و چارەنووسسازی خواوە هەیە کە بوونی ماتەریالیی لێوە پەیدا بوو . شاعیر دەڵێ :

وەقت و زەمان و حال و جیهەت حادیثن هەموو
خالیق قەدیمە ئەڵبەتە ، موستەغنییە لەوان (٦/ عقدالعقائد ٢٦ ل.٣٧٤)

تا ئێرە باس لە پێش پەیدابوونی کات و لە سەرەتای پەیدابوونی کراوە ، واتە هەر لە بواری (چەمکی تیۆری گشتیی کات)دا بووین کە بە گشتی دوو لایەنی هەیە :

لایەنێکی نادیاریی ڕووداوە (بە پێی

ئامرازەکانی هەستیاری) و دووەمیان دەرنەکەوتنی یەکەکانی کات پێوان (وحدات قیاس الزمن)ە . لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەو راستییە بکەین کە مەحوی لە دەربڕینی چەمکی تیۆری گشتیی کات و بڕیاری ئەزەلیی چارەنووسساز ، کە چەمکی (کۆششی چارەنووسسازی عاشق)ی لێدەکەوێتەوە، لە مەلا جزیری رووترو بالادەست تر . لێرەش بەولاوە ، مەحوی لە هەمان چرکەی چارەنووسسازو چەمکەکانی دیکە دەدوێ و ، لەدەردی جودایيەوە دەست پێ دەکا :

صوبحی مەحشەر بوو،وتت:صوبحەی زووە
وادەی ویصال
عالەمی‌کوشت ئینتیظاری هاتی وادەی زوو
بە زووت
(٩/٦ت ٦ ل٧٩)

کێشەی بناغەیی لێرەدا کێشەی جیاوازیی گەورەی نێوان چەمکی (رۆژ - یوم)ە لە نێوان یارو عاشقدا ، خۆ ئەگەر ، وەکو لە شەشەمین ئایەتی سوورەتی (السجدە)دا یەک رۆژی یار (مەعشووق) هەزار سالی ئێمە بێ ، ئەوا ئیرادەتی بێ پایانی خۆی دەتوانێ ئەو رۆژە درێژتریش بکاتەوە ، کەواتە دەسەپاچەیی و بێ دەسەلاتیی عاشقان لێرەوە هەلدەقوولێ . هەر لێرەشەوە ، واتە لەم سەرەتا مەنتیقی و روحییەوە دەبێ عاشق روو بکاتە کۆششی چارەنووسساز :

هەر کۆششە بەکارە ، ئەگەر چوویە
فەناش
دڵ بوو بە گەردو عالەمی دامەن دەکا
سوراغ
برا ،فکری چرا، کبریتی فرصەت تا لە
دەست دایە .
شەوی یەلدا لە پێشە ، رۆژی عومرت
وەختە ئاوابێ (١/٦ غ ٦ ل ١٧٢)
(١/٦ی ٦ ل ٢٩٦)

ئەم کۆششە ،وەکو لەو دوو بەیتەدا دەردەکەوێ، لە لایەکەوە عاشق دەکاتە خاوەن کاتی خۆی- کە پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد بەوەی کە صوفیە کان ناوی (کاتی هەژار) یان لێناوەو پێوەندیی بە ئەزموون و چێژەوە هەیە . لە لایەکی دیکەشەوە ، هەر ئەم کوششەیە کە گیانی عاشق لە گۆڕستان و زیندانی جەستە رزگار دەکات و کونێک لەم جیهانی ماتەریالییە بەرەو جیهانی ئازادیی گیان دروست دەکا : (دڵ بوو بە گەردوو عالەمی دامەن دەکا سوراغ) ، کەواتە مەحوی چەمکی (ئازادی) شی بە پاراستنی کاتی ئەزموون و چێژەوە بەستەوە ، فەنا ،(توانەوەی)١١ کردە مەرجی ئەو ئازادییە . لە بەیتێکی دیکەدا شاعیر ، بە شێوەیەکی رووتر ، ئاماژەی بۆ ئەو پێوەندییە مەرجکاری (علاقة شرطية)یە کردووە :

ئەگەر ئازادەگییەک بێ لە عەدەمدا بۆمان،
چی هەیە غەیری بە پێچی پەلە پەل داوای
حەیات (٦/٣ت٤ ل٦٤)

مەحوی بایەخێکی گەورەی بە کاتی ئەزموون و چێژ -کاتی هەژار-داوە و پتر بە وشەی (ئەمڕۆ) و هێندێ جار بە وشەی (ئێستە- ئێستا)، تەعبیری لێ دەکا :

تێگەیوو شیوەنیە ئەمڕۆدا سبەی شایی
بکا
پێگەیوو دەرونشەدا سوبحەی شەهەنشایی
بکا (٦/٦ أ١ ل١٦)
ئێستە کە دەستت دەگا پێ بسووە بۆ
نەجات
حەیفە لە دنیا بڕۆی کامی دڵت نارەوا
(١٤/٦ أ٣ ل٣٧)

وتوویانە کە
(نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لەسەر خوانە)
چووە چوو، پێ چووە، کەم عەقڵە
هەرکەس باسی پاری کرد (١/٦د٤ ل١٠٩)
بەس ئەمڕۆ بڵێ من سبەی وا دەکەم
هەموو (وادەکەم) تە سبەی (وا نَدَمْ)
(١٢/٦م٢ ل٢٣٦)

سبەی ، خاکت بەسەر ، دەبێ وەک من
(تحت الثرى)، بێ جێت
بڵا ئەمڕۆ کە خەوتی مەسنەدت تەختی
سورەییا بێ (١/٦ی٤ ل٢٩٦)

و ... هتد ، بەڵام ئەم (ئەمڕۆ)یە حاڵەتێکی زەمەنیی ئیستاتیکی نییە بەڵکو دینامیکییە . مەحوی خۆی لە بارەی ئەمەوە دەڵێ،

لەجێ مانەوە ترش و تاڵت دەکا
تڕێ بوو بە سرکە، (عَسَلْ) بوو بە (سَمْ)
(١٢/٦م٥ ل٢٣٦)

ئەمەش جێ بەجێ کردنی مەرجی کۆششە کە جموجوڵ (حرکە) دەگەیەنێ ، لەم بوارەدا ابو الحسنی موزەیین (گەورە سۆفیی سێیەمین و چوارەمین سەدەی کۆچی دەڵێ:(حوکمی هەژار- واتە سۆفی..ئەوەیە کە هەر ڕۆژە لە مەنزلێکدا بێت و ، لە نێوان دوو مەنزڵدا دەمرێ(٢٥٠/٤)

مەحوی ، هەر لە بواری کاتی هەژاردا- کاتی ئەزموون و چێژ- جەخت لەسەر (ئێستا- حاڵ) دەکا و ڕابردووی مردوو و داهاتووی نەناسراو ڕەت دەکاتەوە:

چووە چوو، خۆ نەهاتوو نادیارە ، حاڵە ماڵت بێ
بەس ئەم نەقدە بکە سەرفی غەمی موستەقبەل و ماضی (٦/٦ی٢ ل٣٠٥)

ئەمەش لەو بۆچوونەوە هەڵقوواوە کە ابوالقاسمی قوشەیری (کۆچی دوایی ٤٦٥ک) باسی کردووە:

(سوفی بەوەوە خەریکە کە پتر بە کەڵکی ئێستای دێت و بەو کارە هەڵدەستێ کە لە کاتی خۆیدا داوای لێ کراوە و گوتراوە : هەژار ڕابردوو و داهاتووی کاتی بەلاوە گرنگ نییە ، بەڵکو تەنها ئەو کاتەی بەلاوە گرنگە کە تێیدایە) .(٥٣/٥)

مەحوی ئەوەشی زۆر بەلاوە مەبەست بووە کە لوتکەی (کاتی ئەزموون و چێژ) یش وەکو واقیعێکی خۆی، بخاتە ڕوو ، ئەم لووتکەیە و کاتی لەسەرخۆ چوونە یان لەخۆ (بزربوون)١٢ ، کە لە ڕاستیدا تەعبیرە لە بزربوونی کات لە ڕوانگەی عاشقەوە ، مەحوی دەیان نموونەی هەیە ، کە ئەمانە بەسن :

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ دە کەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا

کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکو شەونم لەخۆ بڕوا (١٣/٦ ١١ ل٣٥)

کە تۆ غایب لەبەر چاوم دەبی ، چم بێ لەتۆ غایب

قیامەت حاضری بەرچاومە ، خۆمم لەخۆ غایب (٥/٦ ب١ ل٥١)

بە دەنگی نالەوەم هات ئەو دەمە ڕۆح هاتە سەر لێوم

بڵێ : ئەی نالە ، ئاخر ئێستە من چ بکەم لە تەئسیرت (٤/٦ ت٤ ل٦٧)

وا موشەووەش بوو کە میحرابی بڕۆتی دی ئیمام
ئیزنی خەڵقی دا کە دنیا ئاخرە بۆدێنە نوێژ (٣/ژ٢/٦ ل١٤٣)

و... هتد

دوا وشە و ئەنجامگیری

کات توخمەیەکی (عنصر)ی گرنگی پێناسەی هەر بوونەوەرێکە ، شان بەشانی شوێن و خەسڵەتە تایبەتەکانی بوونەوەرەکە . لەبەر ئەوەی لە بواری سۆفیگەریدا دوو شێوە مامەڵەکردن لەگەڵ بوون هەیە ، شێوەیەکیان پێوەندیی بە بوونی موتڵەقەوە هەیە کە سەرچاوەی بوونی جیهانی ماتەریالییە و ، ئەوی دیکە پێوەندیی بو بوونەوەرەکانەوە هەیە ، ئەوا دوو شێوە مامەڵەکردن لە گەڵ کات سەر هەڵدێنێ و خۆی بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ . لەبەر ئەوەی بوونی موتڵەق(بوونی خوا) پێش هەموو شتێک کەوتووە و سەرەتای نییە بۆیە ناتوانرێ بخرێتە چوارچێوەی کاتەوە . گەورە سوفییان ، لەسەر بناغەی ئەو بۆچوونە ، تەنها لە ڕووی لۆجیکی (مَنطقی)یەوە ، باسی کۆنیی (قِدَمْ)ی خوایان کردووەو ، لە هەمان ئاستدا کۆنیی خود بە خودیان بۆ (زات)ی خوا بڕیار داوەو کۆنیی زەمانییش بۆ سیفەتەکانی . لەبەر ئەوەی ئەم چەمکەی کات ناتوانرێ بخرێتە ژێر رکێفی یەکەکانی پێوانەی کاتەوە (وحدات قیاس الزمن) بۆیە ناوی (چەمکی تیۆری گشتیی کات)م بۆی هەڵبژارد .

لە ڕوویەکی دیکەوە، لەبەر ئەوەی بوونی بوونەوەرە دروست کراوەکان (المخلوقات) سەرەتای هەیەو ، هەر شتێک سەرەتای هەبێ کۆتایی هەیەو ، بۆ ئەوەی بوونی خوا لەم بوونە جیابکرێتەوە ، لە یەکەمین هەنگاودا ئەو سەرەتاو کۆتاییە بۆ ئەو ڕەت کراوەتەوە و ڕەتکردنەوەی سەرەتا بە (ئەزەلییەت)و ڕەتکردنەوەی کۆتایی بە

(ئەبەدییەت) و رەتکردنەوەی سەرەتاو کۆتایی پێکەوە بە (سەرمەدییەت) تەعبیریان لێکراوە . ئەمانەش هەر چەمکی لۆجیکی (منطقی)ن و هەرگیز بە کۆمەکی یەکەکانی پێوانەی کات لێیان ناگەین . لەم سێ چەمکە سۆفییان پتر بایەخیان بە ئەزەلییەت داوە لە بواری بایەخدان بە پرۆسەی ئافەریدەکردن (عملیە الخلق)بە گشتی و ئافەریدەکردنی مرۆڤ بە تایبەتی ، چونکە سەرچاوەی بڕیاری ئەزەلیی دروست بوون و عیشقی مرۆڤ لەوێوەیە ، کە پتر بە وشەی (الست) تەعبیری لێ دەکرێ . ئەم چرکەیەی کات یەکجار گرنگە چونکە بەلای گەورە سۆفییانەوە بڕیاری (عاشق بوون)یان هەر ئەم چرکەیەو ، لێرەشەوە ئەرکی عیشقیان پێ سپێردراوە ، ئەو ئەرکە بریتییە لو کۆششی بەردەوام بۆ دڕینی پەردەی ئەستووری نەفس لە نێوان مەعشووق و عاشقدا . بۆ تەعبیر کردن لەم چرکەیە فرێزی (کۆششی چارەنووسساز)م بەکار هێناوە .

ئەم چەمکی (کۆششی چارەنووسساز)ە ، لە هەمان کاتدا تەعبیر لە ویستی ئافەریدەکار (خالق) پێش پرۆسەی ئافەریدەکردن و لەبەر جەستەبوونی ئەو ویستە لە هەزاران نەوەی پاش یەکی مرۆڤ لە دروستبوونی حەزرەتی ئادەمەوە تا ئەمڕۆ ، دەکات . بۆیە هەردوو چرکەی پێش وپاش پەیدابوونی فیعلیی کاتی پێکەوە گرێداوە .

لێرە بە دواوە چەمکی کات دەکەوێتە بواری ئەزموون و چێژی عاشقەوە و ئەمەش دوو چرکەی لێدەبێتەوە : چرکەی هەموو ئەزموونەکە کە بە چەمکی (کاتی هەژار) ناوبراوە ، واتە ئەو کاتەی کە نابێ بە فیرۆ بدرێ و ماهییەتی عاشق بەمە دروست دەبێت و ، دووەمین چرکەش لوتکەی یەکەمیانە : واتە بەشێکی تایبەتییەتی ، کە عاشق تێیدا لە گەرمەی حاڵ لێهاتندا لە خۆی بزر دەبێت و لە سیفەتە تایبەتە بەشەرییەکانی دادەبڕێت ، بۆیە چەمکی کات دیسانەوە (وەکو هەموو توخمەکانی پێناسەی بوون) بزر دەبێ .

پاشەڕۆژ بەلای سۆفییانەوە بەشێکی بناغەییە لە بڕیاری ئەزەلیداو ، هەموو ئەو چرکە تایبەتانەی باسمان کردن تەعبیر لە بەرجەستەکردن (تجسید)ی دەکات ، بەڵام بە شاراوەیی دەمێنێتەوە . لەم بابەتەدا ، بە نموونەی زیندوو بەڵگە لە شیعرەکانی هەردوو شاعیری سۆفیی کورد (مەلای جزیری) و (مەحوی) هێنراوەتەوە کە هەردووکیان هەموو چەمکەکانیان بە شێوەی خۆیان خستۆتە نێو بۆچوونی گشتییانەوە و بەمەش، تەنانەت لەم بوارە زۆر سەختەشدا بەسەرکەوتوویەوە ڕووبەڕووی کێشە گرنگەکانی بورای سۆفیگەری بوونەتەوە .

سەرچاوەکان

١) ابن عربی (ابوبکر محمد بن علی الملقب بمحی الدین) : نصوص الحکم ، تحقیق وتقدیم د. ابوالعلا عفیفي ، مکتبة دار الثقافة ، نینوی ، ط٢ ، ١٩٨٩ .

٢) جزیری (مەلا احمد) : دیوانی جزیری ، هەژار شەرحی لێکردووە ، ئینتیشاراتی سەوش ، تاران ، یەکەمین چاپ، ساڵی ١٣٦١ کۆچی هەتاوی ،(١٩٨٢ ی لە دایکبوون) .

٣) رسول (د. عزالدین مصطفی) : مەلای جزیری ، شتێک دەربارەی ژیان و بەرهەمی ، چاپخانەی دار الحکمه ، هەولێر ١٩٩٠ .

٤) الطوسی (ابو نصر عبدالله بن علی بن محمد بن یحی السراج) : اللمع فی التصوف ، تحقیق : د. عبدالحلیم محمود وطه عبدالباقي سرور ، دار الکتب الحدیثة بمصر و مکتبة المثنی ببغداد ، طبعة (١) ، ١٣٨٠ هـ ١٩٦٠ م .

٥) القشیری (ابوالقاسم عبدالکریم بن هوازن) : الرسالة القشیریة في علم التصوف ، دار التربیة للطباعة والنشر والتوزیع (لم یدون علی الغلاف اسم المحقق ولا تسلسل الطبعة وتاریخ الطبع) .

٦) مەحوی (مەلا محەمەدی کۆڕی مەلا عوسمانی باڵخی): دیوانی مەحوی ، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محەمەدی مەلا کەریم ، چاپخانەی (حسام) بەغدا ، دووەمین چاپ (١٩٨٤) . (ئەم چاپە زەنکوگرافی یەکەمیێ چاپی دیوانی کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە لایەن (کۆڕی زانیاری کورد)ە وە لە بەغدا چاپ و بڵاو کرایەوە .

پەراوێز:

١- ئەمە بۆچوونی ﴿مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا محەمەدی بۆیتی زفنگی﴾یە کە لە پێشەکیی کتێبی ﴿العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزری﴾ دا دەربڕیووە ، بڕوانە : هەژار :مەلای جزیری ، عارف و شاعری پایە بەرزی کورد ﴿بەشێک لەپێشەکیی دیوانی عارفی ربانی شێخ احمدی جزیری دا﴾ ، ل ١٩ -٢٢ د.عزالدین مستەفا رەسول : شتێک دەربارەی ژیان و بەرهەمی ، ل٢٣-٣٨ .

٢- سۆفیەکان لەو باوەڕەدان کە کۆن بوون ﴿القِدَمْ﴾ بە سێ شێوەیە : شێوەیەکیان پێی دەگوترێ کۆنیی خود بەخود ﴿القِدَمْ الذاتي﴾ کە سەرچاوەی بوونە و پێویستی بە بوونی تر نییە .بەشەکەی تر کۆنیی زەمانییە﴿القدم الزمانی﴾ کە نەبوون ناکەوێتە پێشیەوە، سێیەمین شێوە کۆنیی ئیزافییە ﴿القِدَم الأضافي﴾ کە بوونی پێش بوونێکی دیکەیە ، وەکو باوک و کوڕ . بۆیە جونەید لە بارەی یەکتاپەرستی ﴿توحید﴾ەوە گوتوویەتی : یەکتاپەرستی جیاکردنەوەی کۆنییە لە ڕووداو . ﴿٥٢/٤﴾ و ﴿٥/٥﴾

٣- هەژاری ﴿الفَقْر﴾ یەکێکە لەو مەقامە گرنگەکانی سۆفیگەری و بەئایەتی : ﴿للفقراء الذينَ أحْصِروا في سَبيل اللهِ لا يَستطيعونَ ضَرْباً فِي الأرضِ يَحْسَبُهُم الجاهِلُ أغنياءَ من التعَففِ تَعْرِفهُم بسيماهُم، لايَسْالونَ الناسَ الحْافا وما تنفِقوا مِنْ شَئٍ فأن اللهَ بهِ عَليم /البقرة- ٢٧٤ ﴾ بەستراوەتەوە . بڕوانە(٧٤/٤ و ٧٥) و (٢٠٩/٥ تا ٢١٦). هەژاری کاکلەی تەسەوفە .

٤- بڕوانە قورئانی پیرۆز : ﴿ومَنْ يَهْدِ اللهُ فهوَ المُهْتَدِ ومَنْ يُضْلِلْ فلنْ تجدَ لهُمْ أوْلياءَ مِن دونِهِ / الأسراء -٩٧﴾ و ﴿مَنْ يَهْدِ اللهُ فهوَ المُهتدِ ومَنْ يُضْلِلْ فلنْ تجِدَ لهُ وليا مُرْشِدا /الكهف- ١٧﴾ .

٥- ابن عربی وشەی ﴿يفتقر﴾ بۆ پێویستی بوون و نیازمەندی بەکاردەهێنێ . ﴿٥٣/١﴾

٦- دەتوانرێ لە ڕێگەی بەراورد کردنی ئەم بەیتە لەگەڵ ڕستەیەکی ﴿ابن عربی﴾ یەوە بزانین تا چ ڕادەیەکێ جزیری پێڕەوی لەو کردووە ، ابن عربی دەڵێ ﴿فهوَ الآخِرُ في عَيْنِ أوّليَّتِهِ، والأوَّلُ في عَيْنِ آخِريَّتِهِ﴾ ﴿٥٤/١﴾

٧- بەیتە شیعرەکەی بێخود کە مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە پێشەکیی دیوانی مەحویدا (ل٦) بە بەڵگە هێناوێتیەوە و پێشتریش لە دیوانی ﴿بێخود﴾دا لێکیدابۆوەو بەڵگەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی ساڵی ١٣٢٤ ی کۆچی ساڵی وەفاتی مەحوییە.

٨- لە لاپەڕە (٣)ی ئەم نووسینەدا ﴿پەراوێز﴾ باسی هەر سێ جۆرە کۆنیەکە کراوە ، کە دیارە لێرە تەنها باسی دووانیان کراوە کە پێوەندییان بە زاتی خواو سیفەتەکانیەوە هەیە .

٩- لە لاپەڕە(٨-٩) ی ئەم باسەدا بۆ چوونەکانی (ابن عربی) م لەم بارەیەوە ڕوون کردەوە . دیارە مەلای جزیری پتر پێڕەوی لێ کردووە .


١٠-جونەیدی بەغدادی سەبارەت بە ئەزەلییەت و بڕیاری چارەنووسسازی ئەزەلی ڕوو لە یەکتاپەرستیی کەسانی تایبەت دەکاو دەڵێ ﴿ئەوەیە کە کۆتایی عەبد بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای و ببێتە ئەوەی کە پێش دروستبوونی وابوو﴾ ئەمەش لەم ئایەتەوە وەرگیراوە﴿ وإذ أخذ رَبُكَ مِن بَني آدمِ مِن ظهورهِم ذريّتهُمْ وأشْهَدَهُمْ على أنفسِهِم ألستُ بربِّكم قالوا بلى شَهدنا أن تقولوا يومَ القيامةِ إنا كنا عَن هذا غافِلينَ / الأعراف -١٧٢﴾ لەسەر ئەم بناغەیەش سۆفیەکان فرێزی ﴿ڕۆژی الست﴾یان بۆ مەعنای ڕۆژی بڕیاری چارەنووسسازانە بەکارهێناوە .

١١- مەلای جزیری ئیشارەتی بۆ هەمان مەبەست بە پێچراوەیی کردووە، بڕوانە﴿٢ / ٧-١١ ل٤٣﴾ .

١٢- لای مەلای جزیریش ئەم کاتە هەیە و لە زۆر بەیتدا ئیشارەتی بۆ کراوە ، بۆ نموونە بەیتی ﴿٢/٧-١١ ل٤٣﴾ کە لەلاپەڕە ﴿٥﴾ی ئەم باسەدا بە نموونە هێنراوەتەوە .

نمایشی شانۆیی :

هەر بە ستگە رایی بە رجە ستە کردن



ڕزگار حەمە ڕەشید

هەر لە سەرەتاوە دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە مەبەستگەرایی (القصدية) یەک شێوەو پێوانە هێلکارییەکی دیاریکراوی نییە بە جۆرێک کە وەک میراتییەک نەوەکان بۆ یەکتری بەجێ بهێڵن ، بەڵکو چەندین ئاراستەی هەیەو لە بوارە جیا جیاکاندا بە پێی هەل و مەرجە تەکنیکی و ئیستاتیکیەکان لە سەردەمەکاندا لە ڕووی دیدو شیکارکردنەوەکانەوە پێناسەی بۆ دەکرێت . بۆیە لەم نووسینەدا جگە لە خستنەڕووی هەندێ

بۆچوونی خۆمان لەسەر نمایش و مەبەستگەرایی بەرجەستە کردن لە کردە شانۆییەکاندا (بە شێوەیەکی گشتی) ، هەوڵیش دەدەین لە چوار چێوەی باسەکەماندا . قسەیەک لەسەر جێگای ئەو چەمکانە بکەین لە شانۆی کوردیدا و قسەیەک لەسەر بەئاکام نەگەیشتنی هەندێک لەو هەوڵە شانۆییانە بکەین کە دەکرا لە کاتی خۆیاندا کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ئەو دیاردەیە (شانۆ) بەجێ بهێشتایە .

××××××××

ئەگەر بە ئەفراندنێکی هونەریدا سیماکانی جێکەوتەبوونی ساتەوەختێک ببینرێت ، بەو واتایەی ئەگەر لە دایک بوونی قۆناغێکی جیاواز لە قۆناغەکانی تر (لە هونەردا) بتوانێت لە ڕێگەی بەرهەمێکی داهێنەرانەوە خۆی پێناسە بکات و ساتەوەختێکی مێژوویی جێگیر بکات و نمایشی شانۆیی بە جۆرێکی تایبەت گوزارشت بێت لە ماهیەتی مرۆڤ و جیهان ، لێرەوە ئەوەی کە بەر لە هەموو شتێکی تر خۆی بەسەر هەوڵدانێکی ئەوهادا دەسەپێنێت بۆ قسەکردن لەسەر مەبەستگەراییەکانی ئەودیوی نمایش بریتییە لە ستراتیژی کارکردن ، بۆ ئەمەش پێویستمان بەوە دەبێت کە جارێکی تر خۆمان بە پێناسەکانی گوتاری نمایش و بەرجەستەکەرو بینەرو .. هتد.. بناسێنینەوە لەو ڕێگایەوە بە شێوازێک کە زەمینەی توێژینەوەکە بۆمان دەڕەخسێنێت قسە لەسەر قەیرانەکانی ناو ڕووبەری شانۆی کوردی بکەین (ئەم دەستەواژەیە دەقاو دەق بۆ مەبەستی جیاکردنەوە بەکار دەهێنین نەک بە مەبەستێک کە شانۆ لەم ڕووبەرەی ئێمەدا توانیبێتی ڕوخسارێک بۆ خۆی دەستنیشان بکات و بە بەکارهێنانی دەستەواژەی -شانۆی کوردی- ئەو ڕوخسارە بە هەموو تیۆرو پێکهاتەو خەسڵەتەکانیەوە بێتەوە یادمان ، شیعری کوردی .. چیرۆکی کوردی .. مۆسیقای کوردی هتد .. هەموو ئەم لایەنانە کە پاشگری کوردییان دەخەینە سەر تەنهاو تەنها مەبەستمان ئەو جۆرەیە لە هەڵس و کەوتی هونەری و ئەدەبی (شانۆ.. شیعر .. هتد)، لەم ڕووبەرە دیاریکراوەدا کە کوردستانە) .

ئەگەر بمانەوێت لە پێناسەی ستراتیژەوە دەست پێ بکەین ئەوا دەبێت لەسەر شێوازی ئیش کردنە شانۆییەکان بوەستین . بە مەبەستی شۆڕنپێ دانان ، بە مەبەستی خۆ دووبارە نەکردنەوەو جیا بوونەوە ، دەبێت ئاوڕدانەوەیەکی خێرا هەبێت بۆ ڕابوردوو ، ئەم ئاوڕدانەوەیە هەندێ جار هونەرمەندی چەق بەستووی دروست کردووە ، کە بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە مێژوو چووەتە ناو جیهانی مێژووەوە بەڵام لە قۆناغێک دا نغرۆ بووەو ئیتر جارێکی تر نەگەڕاوەتەوە بۆ ئێستا ، نموونەی ئەو توێژەرەوانە زۆرن کە ویستویانە مێژوو بکەنە پاڵپشت بۆ سەلماندنی حەقیقەتێک بەڵام دواجار بوونەتە موریدی قۆناغێک لە قۆناغەکان .

یان بەرامبەر فیلمی مێژوو دانیشتووەو دواجار هیچ ئامانجێکی پێ نەپێکاوەو هیچ مەبەستگەراییەک بوونی نەبووە لە پشت ئەم دانیشتنەیەوە بەرامبەر شاشەی مێژوو ، چونکە لە ڕاستیدا دانیشتنەکەی بێ هوودە بووەو جگە لە خۆیندنەوەی چیرۆکەکانی مێژوو بە هیچ کارێکی تر هەڵنەستاوەو هیچ قسەیەکی نەبووەو بگرە هیچ پرسیارێکیشی ئاڕاستەی ئەو ڕابوردووە نەکردووە ، وەک مامۆستا (علاءالدین سجادی) کە چەندین و چەندین لاپەڕەی لە سەر مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوەو جگە لە ئەرکی پاراستنی ئەو ئەرشیفە شتێکی تری بەرهەم نەهێناوە ، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نی یە کە جێگایەک بۆ ماندووبوونی ئەو پیاوە نەهێڵینەوە کە دیارە لە دڵسۆزییەوە بە قەناعەتەوە تەمەنێکی خۆیی بۆ ئەو کارە داناو خوێنەرێکی زۆریش تا ئێستا بە شەوقەوە بەرهەمەکانی دەخوێننەوە . بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە ئەم دەرفەتەو ئەو توانا بەکار هێنانە لەدوا دەرەنجامیدا نەیتوانیووە شێوازێک لە نووسین بەرهەم بهێنێت کە ببوایەتە خاڵی وەرچەرخان و هەنگاونان بەرەو ئایندەیەکی نزیکتر لە پرسیارەکانی ئەمێستای ئەو سەردەمەی خۆیەوە .

ئەمە بەرئەنجامی نا ئامادەیی ڕەگەزێکی هەرە گرنگە لەو بوارەدا کە بریتییە لە ستراتیژ . کاتێک ستراتیژ دەستنیشان دەکرێت جۆری هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕابردووداو لەگەڵ کەرەستەکانی ئێستادا تەندروستترو بەرهەمدارتر دەبێت .

که دەڵێین ستراتیژ مەبەستمان ئەو ئاسۆیەیە که کارێکی هونەری هەنگاوی بۆ دەنێت ، بۆ نموونە که ئەرستۆ باس لە یەکەی کات و شوێن دەکات لەپاڵ ئەمەدا خوازیارییەک هەیە بۆ بەرجەستەکردنی نەخشە بۆ کێشراو کە هەموو خەسڵەتەکانی (قەدەرو دەسەڵاتی یەزدانی و میتافیزیکاو دوا زەمانی و کۆتاگەری) تیایدا ئیش دەکەن .


کاتێک کرۆتۆفسکی دێت لە لابوری شانۆدا لە (فروکلاف) لە ڕێگەی ڕاڤەکردنی بەردەوامەوە گرنگی بە ئەکتەر دەدات ، لە هەمان کاتدا گرنگی بە ئەفسانەکان دەدات و ڕۆڵیان لە سایکۆلۆژیەتی تاک و کۆمەڵگادا دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە ، کە ئەمە بۆ وروژاندنی ئەو دەلالەتانەیە کە ئەفسانە لە نەستی کۆدا داگیری کردووەو ئەو واتایانەی کە لە هوشیاریی کۆدا (یان لە بەرزەمندا) جێگیر بووەو لەوێوە هەموو خەسڵەتەکانی قەدەرو وەهمی دەسەڵات و کۆتاگەری بگۆڕێت بۆ توانستەکانی مرۆڤ و ناکۆتاگەری (اللامتناهی) .

ئامانجی ئارتۆ لە لێدانی میتافیزیکای هونەری ڕۆژئاوایی (بە پێ ی شیکارکردنەکەی دریدا بۆ شانۆی تۆندو تیژ/ بڕوانە کتێبی-الکتابە والاختلاف- نووسینی : جاک دریدا / کۆتایی هێنان بوو بە مەفهومی لاساییگەرێتی و ئیستاتیکای ئەرستی : -هونەر لاسایی کردنەوەی ژیان نییە ، بەڵکو ژیان لاسایی کردنەوەیە بۆ پرنسیپێکی باڵا کە هونەر دەمانخاتە پەیوەندی یەوە لەگەڵیدا- هـ.س.پ) .

بە کورتی هەموو هەوڵدانێکی جوداخوازانەش بە مەبەستی شوێنپێ دانان هەوڵدانێکە لە دەرەوەی دالدەدا بە ئەنجام دەگات (ئیتر ئەو دالدەیە ڕێبازە شانۆییەکانی پێش خۆی بێت یان پێناسەو پرنسیب و تیۆرەکان ، یان دەزگاو سیستمە هونەرییەکان بێت ، یان هەموو مێژوو بێت). ئەم ترازانە یان ئەم دەست بەردارییونە لە دالدە هەندێ جار ،(لە حاڵەتی نائامادەیی هوشیاریی ئیستاتیکی و نائامادەیی لە جیهان ڕوانین و شیکاردا) ، خەسڵەتێکی یاخیگەرانە بەرجەستە دەکات کە جگە لە ڕەتکردنەوەیەکی بێ ئامانج جگە لە ئارەزوویەکی خۆڕسک بۆ تەبا نەبوون و شازبوون هیچ شتێکی تری بە دوادا نایەت . (بڕوانە/مەرگی یاخی بوون لە کرداری هونەری دا /، نوسینی ڕزگار حەمە ڕەشید ، گۆڤاری -شەبەنگ- ژمارە ٤، ٥، ١٩٩٧)

(بەداخەوە دەڵێم لەم جۆرە ڕەتکردنەوە بێ بنەمایانە لە شانۆی کوردیدا وەک نەریتێک هەوڵ دەدات جێی خۆی بکاتەوە ، بە نموونە لەو جۆرە ئیش کردنانە بە ئاشکرا لە(اطروحة)کانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان _ سلێمانیدا لە زۆر ئەو ئەزموونانەی خوێنکارەکاندا دەبینرێت ، کە بەردەوامی ئەو جۆرە کارانە لە داهاتوودا مەترسیی ئەوە دروست دەکات کە ئەو ڕۆحی شەڕانگێزی و یاخیبوونەی کە لە پێناوی هیچ شتێک دا نییە تەنها ڕەتکردنەوەی نازانستیانە نەبێت وەک نەریتێک خۆی بسەپێنێت) .

کاتێک بمانەوێت پرۆژەیەکی شانۆیی دابمەزرێنین کە لەدایک بووی پێداویستیەکانی ئەم ساتە مێژووییە بێت ، دەبێت لە ڕۆژانی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوداو لە ڕاڤەکردنماندا نەخشەکێشانێکمان هەبێت بۆ داهاتوو ، ئەو داهاتووەی کە هەموو رابردوو و ئەمێستاشی لە منداڵدانی خۆیدا هەڵگرتووە ، ئەو ستراتیژەی کە هەنگاوەکانی هەنووکەشمان دەستنیشان دەکات ، لێرە هەندێک پرۆژە لە هەوڵی دامەزراندنا بوون کە دەکرا ئەو هەنگاوانە ڕێگا ڕۆشتنێکیان دەستنیشان بکردایە بۆ خۆیان، بە نموونە نمایشی (غۆریللا ، ساڵی١٩٨٦ / شەماڵ عومەر) ، (ئەو پیاوەی بوو




بە سەگ ، سالی١٩٨٥/ هیوا جاف) ، (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی ، سالی؟١٩٨ / ئەحمەد سالار) ، (ئەو پیاوەی دووجار مرد ، سالی ١٩٨٤ / دلاوەر قەرەداغی ،) (ئەو پیاوەی خۆی بە بارمتە دانا ، سالی١٩٨٩ /حسێن مسری)، (ئاسکۆریاڵ ، ؟١٩٨ / ئیبراهیم چێوار) .. هتد ..

ڕەنگە یەکێک لە گرفتەکانی ئەم پرۆژانە ئەوە بووبێت کە پرۆژەی کەمتەمەن بوون و هەوڵدانێکی تیۆری لەلایەک و هەوڵدانێکی ڕەخنەگرانە لەلایەکی تردا پشتگیریی لێنەکردوون ، وە جۆرێکیان لە هڵسوکەوت دەستنیشان بە یەکەوە نەکردووە کە لە گەڵ دەقێکی دیاریکراودا بکرێت (لەگەڵ دەقێکی مێژووییدا ، لەگەڵ دەقێکی بێگانەدا ، ..) ئەوان میکانیزمێکیان بەکارنەهێناوە لە ئیشکردن کە لە ئەنجامی شیکارکردنی جیهان و ڕەخنەگرتن لە ئاستە هونەرییە ناوچەیی و جیهانیەکانیەوە سەری هەڵدابێت . شێوازێک لە نواندنیان نەخستۆتە ژێر تاقیکردنەوەوە کە ئەکتەرەکان بتوانن لە ڕێگایەوە خۆیان پێکبهێنن و پرۆژەی بەردەوام دابمەزرێنن و بە دوای دۆزینەوە هونەرییەکاندا بڕۆن ، تەنیا هەوڵدانێکی دڵسۆزانەو جددی بووەو لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ڕەونەق و تانوپۆکانیان لە دەست داوەو هێدی هێدی خانەی ئامادەیی بەجێ دەهێڵن و دەچنە خانەی یاداشت و یادەوەریەکانەوە .

ترازان لە دالّدە بەرئەنجامێکی سروشتیی یاخیبوونە، یاخیبوونیش ئەگەر بە تەنیا لەپێناوی یاخیبوون و شازبوون دا نەبێت ، ئەوا هەوڵدانێکە بۆ جیاوازبوونێکی تەندروست ،چونکە جوداخوازی هەناسەیەکە لەپاش یاخی بوونەوە بەدیار دەکەوێت، دیارە ئەم جیابوونەوەیە کە هەڵهێنجراوی دڵە ڕاوکێکانی هونەرمەندەو بە پێی گۆڕانکاریەکان لە بوارە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووریە نێو دەوڵەتیەکانداو وورد بینی لە گرفتە سایکلۆژیە مرۆییەکاندا و تێگەیشتن لە نەخشەکانی دەسەڵات بۆ کۆنترۆل کردن و نەخشەکانی بۆ داهاتوو وە بەگەڕخستنی ئەو کەرەستە بەرهەمداریانەی کە لەبەردەستدان بە جۆرێک کە جێگای تایبەتی لە ڕووبەری بەکارهێنانەکانیاندا داگیر بکەن ، لەم دڵە ڕاوکێ و گومانانەوە ڕەنگە ڕەوەندێکی جوداخواز بەدەر بکەوێت کە لە کۆتاییدا بتوانێت دەرگایەک دابخات کە بریتییە لە دەرگای بەسەر چووەکان و دەرگایەک بکاتەوە کە بریتییە لەدەرگای (نەناسراوەکان- نەهاتووەکان) ، لەپاش فەهم کردنی هەموو پرۆسە شانۆییەکانی پێش خۆی ، لەپاش یەکلاکردنەوەی قۆناغەکان و دەستنیشان کردنی شێوازی لەدایکبوون و مردنیان، بە توانستێکی داهێنەرانەوە لەبەردەم ئەو دەرگا گەورەیەی تێکڕایی ڕابردوودا دەوەستێت و دایدەخات ، وە دەرگاکانی تر بەڕووی ئەو پرۆژەیەدا دەکاتەوە کە هێشتا درکیان پێ نەکراوە ، چونکە بەرهەمهێنەر (وەک لە وتارێک دا بەناوی - لە گرێدرانەوە بۆ لێکپچراندنی هێماکان - دا ئاماژەم پێ داوە / ڕ: کوردستانی نوێ ، ژ: ٩٥٢ ، ١٩٩٥/٤/٣) . هەمیشە لە جەنگێکی سەخت دایە لەگەڵ جیهاندا ، لەو جەنگەدا (١) یان خودی بەرهەمهێنەر دەبێتە کۆیلەی پرۆژەکانی جیهان و لەو قۆزاخەیەدا دوا هەناسەکانی دەدات ، کە لە ئاکامدا دەبێتە بەرهەمهێنەرێکی گونجاوو تەباو بێ گرێ و گۆڵ ، (٢) : یان جیهان بە هەموو قورساییەکیەوە دێتە ژێر رکێفی خودی بەرهەمهێنەرەوە ، کە لە ئاکامدا دەبێتە بەرهەمهێنەرێکی ناتەباو (داهێنەر) ، (دیارە ئەمەشیان وەک ئەو رستانەی تر کە پێشتر باسم کردن بەشێکی پێکهێنەرە لە چوارچێوەی پرۆژە گشتییەکەدا ، کە بریتییە لە پرۆژەیەکی درێژ خایەن بۆ لێکۆڵینەوەو داهێنان)

ئاشکراشە کە هەموو کردەیەکی شانۆیی لە دوا وێستگەیدا ، لە ساتەوەختی نمایشدا ، گوتارێک بەرەو ڕووی جەماوەر دەکاتەوە . ئەم سێ پێکهاتەیە (نمایش-گوتار- بینەر) بە پێی هەل و مەرجەکان و پانتاییە سوسیولۆژیەکان و دیدی نمایشکاران و سایکۆلوژیەتی وەرگرەکان (بینەرەکان)لەو ڕووبەرەدا و هوشیاریی تەکنیکی و ... هتد

بەردەوام لە هەڵوەشاندن و پێکەوە داڕشتنەوەی بەردەوامدایە ، ئەمە خۆێندنەوە بەرژەوەند ئامێزەکان و پێداویستیەکانی ساتە وەختە مێژووییەکان و لایەندارییی (انتماء) نێرەرەکان دەستنیشانی کارکردنی دەکەن . بۆ نموونە کە بڕێخت دەیەوێت پۆشاکی



ئایدیۆلۆژیایەک بکات بە بەری گوتارە شانۆییەکەیدا خۆی لە نێو ململانێیەکدا دەبینێتەوە کە ئەوکات لە ئەڵمانیادا قوڵپی دەدا ، ئەویش بەهۆی چڕبوونەوەی گرفتە مرۆییەکان و لە دەست دەرچوونی پێشهاتەکان و دروستبوونی و گەورەبوونی حکومەتی تۆتالیتاریستی و باڵکێشانی نازییەت بەسەر زۆرێک لە وڵاتانداو دۆشدامانی شۆڕشگێرە رادیکاڵەکانی پێشین و بەدگومانبوونی جەماوەرێکی زۆری پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوسای ئەڵمانیا لە مارکسیزم و لە لایەکی تر کەفوکوڵی کۆمەڵێک گروپ و رێکخراوی کرێکاری بۆ ئاکسیۆن و ناڕەزایەی دەربڕین و .. هتد .. وە سەدای ئەزموونە شانۆییەکانی (بسکاتۆر) لە نێوەندە هونەری و جەماوەرییەکاندا ، ئەمانە هەمووی هاندەری گرنگ بوون کە پێ داگرتن و سووربوون لای برێخت زیاتر بکەن بۆ ڕەتکردنەوەی میتۆدی شانۆی ئەرستی و دامەزراندنی میتۆدێکی جیاواز کە ڕاستەوخۆتر هەستەوەرەکانی جەماوەر بخرۆشێنێت و وەک خۆی دەڵێت : هەڵوێستی عەقڵییان لەلا دروست بکات . بەمجۆرە لەلای برێخت گوتاری دەق (کە یەکسانە بە گوتاری نوسەر) لە رێگەی ئەکتەرو دەرهێنەرەوە (کەڕێک کەوتوون و تەبان) دەگاتە قووڵاییەکانی زهنی جەماوەری شانۆکە .

لە بەرامبەردا کرۆتۆفسکی کردەی نمایش بە ئاقارێکی جیاوازتردا دەبات و لەوێوە هەوڵدەدات گوتاری نمایش لە دەسەڵاتی دەق رزگار بکات و بە جۆرێکی تایبەتمەند کە زۆرتر بە رووی تەریکیدا دەڕوانێت رووبەڕووی بینەرەکانی دەوەستێتەوە ، لەمەدا خودی پۆلۆنیای تەریک لە گەمەی سیاسەتی جیهانی و ئاستەنگە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان (بەتایبەتی) بزوێنەری پێکهاتنی شکڵێکی ئەوهابوون لە کارکردن ، بەڵام کرۆتۆفسکی بە چەکی جەماوەر خۆیان کاری کوشتنیان ئەنجام دەدات ، بەوەی کە پەلکێشیان دەکات بەرەو ئەفسانە هاوبەشەکانیان و (نەستی کۆ) و کەرەستە پیرۆزەکان و هەر لەوێوە ڕەتیان دەکاتەوەو پاشماوەکانیان دەسڕێتەوە .

لەم تێڕوانینەوە دەکرێت بە فراوانتر قسە لەسەر کاریگەریی هەلومەرجە جیاوازەکان و پانتاییە رامیاری و سوسیو- تەکنیکیەکان و رەهەندە ئیستاتیکیەکان و .. هتد .. بکەین لەسەر ئاراستەی ئەزموونە جۆراو جۆرەکان . ئێستا با بزانین لەبەر ئەم رێچکەو پرۆژانەدا شانۆکاری کورد چۆن هەنگاوی ناوە ؟، لە راستیدا نەک تەنها شانۆکار بەڵکو هونەرمەندان و نووسەرانی کورد بە بەردەوامی بە ترسەوە تەماشای دەوروبەرو جیهانیان کردووەو لەکڵاو رۆژنەیەکی تاریکەوە ویستوویانە ئایندە ببینن ، لەو ترسەدا قووڵ بوونەتەوە تا ئاستی گەیشتن بەلەباربردنی هەستی ئیستاتیکی ئاسایی خۆشیان ، هەر لە سەرەتاوە بەکارکردی ئەو بارودۆخە نائاساییەی کوردستان و جینۆسایدی بەردەوام و حوکمڕانێتیی ناوچەکە لەلایەن فاشیزم و کۆڵۆنیالیزم و نەتەوەپەرستیی عەرەبی و .. هتد ، هونەرمەندی کورد هەوڵی داوە جۆرێک لە هەناسەدان بۆ خۆی بدۆزێتەوە کە جەماوەر لە خۆی رازی بکات، بۆ ئەمەش پەنای بردۆتە بەر وەرگێڕانی ئەو دەقانەی کە کێشەی هاووێنەو نزیک بە کێشە نیشتیمانیەکەی ئەم لەخۆ دەگرن ، بۆ ئەمەش لە هەشتاکاندا دەیان و دەیان نمایشمان دیتەوە یاد کە لەو کاتانەدا هەوڵیان داوە سۆزی جەماوەر بۆ خۆیان رابکێشن ، لەوانە : شانۆگەری (د.پاڵمی /١٩٨١)،(مانگی ئاوا بوو /١٩٨٣) ، (نرخی ئازادی / چەندین جار) ، (ئەگەر فەلەستینی بوویتایە چیت دەکرد؟ / عصمان فارس) ،(چارەنووسی ئادەمیزاد / چەندین جار نمایش کراوە) ، (مرۆڤ و شارەکەی/ عوسمان چێوار ، ١٩٨) ،(فەرهاد بە دوای جەژنا

وێڵه / شه‌ماڵ عومه‌ر) ،(کابرا سه‌یره‌که/ عه‌بدولی حه‌مه جوان، ۱۹۸) .. هتد .. و

چه‌ندین و چه‌ندین نمایشی ترکه ده‌ویسترا له ڕێگایه‌وه شتێک بگوترێت که مایه‌ی خۆشحالی و ئاسوودەیی جه‌ماوه‌ر بێت. له‌م بواره‌دا حاکمیه‌تی عیراقیش له ڕێگه‌ی ئه‌میندارییه‌تی گشتی ڕۆشنبیرییه‌وه ده‌رفه‌تی به‌و هه‌ناسانه ده‌دا ، چونکه به‌هۆی چاودێری کردن و لێوردبوونه‌وه‌وه ده‌یزانی ئه‌و کاره شانۆییانه هیچ کاریگه‌رییه‌کی فیعلی له لای جه‌ماوه‌رو بینه‌ره‌کانی به‌جێ ناهێڵێت ، ته‌نها بۆ ماوه‌یه‌کی دیاری کراو سه‌رنج و سۆزیان ڕاده‌کێشێت و به‌سه‌ر ده‌چێت ، جگه له‌وه‌ی ده‌رفه‌تی ئه‌گه‌ری له‌دایکبوونی پرۆژه‌ی درێژخایه‌نی که‌متر ده‌کرده‌وه ، وه جه‌ماوه‌رێکی زۆریش له‌سه‌ر ئه‌و جۆره له رووکه‌شبه‌ندی و چێژبینینی ساده ڕاهاتبوون و سه‌رزه‌نشتی هه‌موو هه‌وڵدانێکی بونیادنه‌رانه‌یان ده‌کرد . بۆیه دواجار کاتێک حیزبه‌کان گه‌ڕانه‌وه نێو شاره‌کان و جه‌ماوه‌ر ، ئه‌و وێنه‌ی ڕزگارکه‌ره وه‌ک کائینێکی ئاسایی مه‌وجود له نزیکه‌وه بینرا ، ئیتر سیمبوله‌کانی (ڕموز) نێوان ده‌قه‌کان ئه‌فسونه‌کانیان به‌تاڵ بووه‌وه ، هونه‌رمه‌ندو نووسه‌ری کورد دووچاری پاشه‌کشێ و دۆشدامانێکی ترسناکتر بوون ، چونکه وێنه‌ی ڕزگارکه‌ر به خۆی و تراژیدیاکانیه‌وه ، به خۆی و ده‌ڕیایه‌ک له دوودڵی و ترسه‌وه ، به خۆی و هه‌موو به‌دبینی و کۆیله‌یه‌تیه‌کانییه‌وه ، به هه‌موو بێ به‌شییه‌که‌وه خۆی کرده‌وه به نێو کۆمه‌ڵگاداو دواجاریش هاوشانی کۆمه‌ڵگا ڕه‌وی کرد !! ..

به‌مجۆره خه‌ونه ڕه‌نگاو ڕه‌نگه‌کان و په‌یمانبه‌ستنه‌کانی نێوان هونه‌رمه‌ندان و جه‌ماوه‌ر لێکپچڕان و به‌دحاڵیبوون گه‌یشته قووڵایی هه‌ناسه‌کانی هه‌ردوولا . له‌م قه‌یرانه‌دا شانۆگه‌ڕیی (مارا- ساد /. ڕزگار امین) نمایش کرا ، که له نێو ئه‌و کایه قه‌یراناوییه‌ی ئه‌وکاته‌دا هه‌وڵیدا ڕێچکه‌یه‌ک بشکێنێت و وه‌ڵامی پرسیاره چاره‌نوسسازه‌کانی ئه‌وکاته بداته‌وه ، به‌ڵام ئه‌و نمایشه‌ش وه‌ک زۆر ئه‌زموونی تر هه‌ناسه‌یه‌کی درێژی له گه‌ڵ خۆی دا هه‌ڵنه‌گرتبوو که له به‌رده‌وامبوونیدا ببێته دیارده‌یه‌کی زیندوو وه ئه‌زموونی جێگیرتر به دوای خۆیدا بهێنێت .

دیسانه‌وه له هه‌مان ڕوبه‌ڕداو له نێو هه‌مان قه‌یراندا دوو هه‌وڵدانی (تا ڕادده‌یه‌ک) لابور ئاسا که‌وتنه گه‌ڕ ، له لایه‌ک (سالی ۱۹۹۲ له هۆڵی حه‌سیب سالح) وه‌رزشی شانۆیی و گفتوگۆ کردن و تاقیکردنه‌وه‌ی شێوازه‌کانی نواندن و توێژینه‌وه ده‌رباره‌ی جه‌سته‌و گفتوگۆی تیۆری ، که ئه‌م هه‌وڵدانه وه‌ک زه‌مینه‌یه‌ک وابوو بۆ هه‌وڵدانه‌کانی دواتری هه‌مان گرووپ .

•له‌ولاش (سالی ۱۹۹۲ له هۆڵی هونه‌رمه‌ندان) وه‌رزشی شانۆیی و گفتوگۆی تیۆری و دواجار نمایشکردنی شانۆگه‌ریی (دوا یاری/ له‌هه‌مان سالدا) . ئیتر گه‌ڕانه‌وه بۆ ته‌ختەی شانۆ بۆ ئیشکردن له‌ناو ڕێساکاندا و هه‌وڵدان بۆ تێکشکاندنی ڕێساکان ده‌ستی پێ کرد ، چونکه زۆرجار له پرۆسه‌ی گه‌ڕان به‌دووی تازه‌بوونه‌وه‌دا ، که خوێندنه‌وه‌و دله ڕاوکێی جددی هه‌بووبێت بۆ داهێنان ، یه‌کڕاست گه‌ڕان هه‌بووه به‌دووی جێگایه‌کدا که له ده‌ره‌وه‌ی ده‌زگای هۆڵی شانۆدا بێت ، یان هه‌وڵدراوه بۆ ده‌ستکاریکردن و گۆڕینی نه‌خشه‌ی هۆڵه‌که ، له‌م مه‌یدانه‌شدا هه‌وڵدانی جددی هه‌بووه به‌ڵام دیسانه‌وه گرفتی نه‌بوونی ستراتیژوو (وه‌ک ئه‌وه‌ی له سه‌ره‌تادا باسم کرد) خۆکۆکردنه‌وه بۆ دامه‌زراندنی پرۆژه‌یه‌کی درێژ خایان ، ئه‌و ئیشکردنانه‌ش وه‌ک ئه‌زموونێکی تایبه‌تیی هونه‌رمه‌ندەکه ماونه‌ته‌وه‌و کاریگه‌رییه‌کیان به‌جێ نه‌هێشتووه .

له ڕاستیدا نه‌بوونی میتۆدێک بۆ تیۆریزه‌کردنی هه‌نگاوه پراکتیکیه‌کان وه نه‌بوونی میتۆدێک بۆ ده‌ستنیشان کردنی قۆناغه‌کانی گه‌شه‌کردن و شیکارکردن و میتۆدێک بۆ ڕه‌خنه‌و به گشتی نائاماده‌یی میتۆد یه‌کێکه له‌و که‌مایه‌تیانه‌ی که ڕێگاخۆشکه‌ر بووه له به‌رده‌م پووکانه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌زموونانه‌دا ، چونکه ڕاسته هه‌ڵبژاردنی جێگای نمایش گرنگیی خۆی هه‌یه له‌سه‌ر ئه‌زموونه‌کان، به‌ڵام پۆلێن نه‌کردنی ئه‌رکه‌کان و ده‌ستنیشان نه‌کردنی چۆنیه‌تی هه‌ڵسوکه‌وت کردن له گه‌ڵیدا ئه‌زموونه‌که به‌ره‌و ڕاوه‌ستان ده‌بات . له پرۆسه‌ی شانۆییدا نمایشکاران به‌سێ قۆناغی سه‌ره‌کیدا تێ ده‌په‌ڕین که په‌یوه‌ندی داربێت به جێکه‌وته‌ی (موقع) کاره‌که‌وه ، ئه‌مه هه‌موو پرۆسه

شانۆییەکان دەگرێتەوە لەم سەری تەقلیدەوە تا ئەوسەری نوێگەری .

١- دەستنیشان کردنی جێگای نمایش (مکان العرض) بە پێی ئەو شیکارکردنەی کە لە رێگای خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکەوە و هێڵە مەعریفیەکانی ئەو گوتارەی کە لە رۆژانی یەکەمی بەر لە پرۆڤەی پراکتیکیدا دەستنیشان دەکرێت ، واتا گەڕانی یەکەم گەڕانە بە دوای ئەوەدا کە کام جێگا دەتوانێت شکڵە ئیستاتیکیەکانی ئەم گوتارە شانۆییە لەخۆ بگرێت .

٢- دەستنیشان کردنی رووبەری شانۆکە (مساحه المسرح) ، ئەمەیان بە تەواوی گەرانێکی فینومینولوژییە (ظاهراتی) ، تیایدا شکڵەکان و دیمەن و وێنە جۆراوجۆرەکان بە پێی ئەو هێڵکاریانە بەڕێوە دەچن کە ئاستەکانی بینین دەستنیشانیان دەکەن ، ئەم گەڕانە پرسیارکردنی لەو گۆشە نیگایەی کە دێت بۆ خوێندنەوەی رستەکانی نمایش ، دەستنیشان کردنی ئاراستەکانی بینین ، ئەم پرۆسەیە لە شانۆی (علبە)دا بە ئاسانی بەڕێوە دەچێت، چونکە پێکهاتەی هۆڵەکە خۆی ئەو کارە ئاسان دەکات .

٣- دامەزراندنی پانتایی (تاسیس الفضاء) ئەمەیان لە شێوازی کارکردنەکاندا دەگۆڕێت ، وە لە فۆرمۆلە کردنەوەی دوو قۆناغەکەی پێشووشدا کاریگەری دادەنێت ، چونکە دامەزراندنی پانتایی پەیوەندیی بەو دەلالەتانەوە هەیە ، هەر کە دەبەخشرێتە کەرەستەکان و پێکهاتەی گشتیی بونیادی نمایشەکە .

بە گشتی لە هەشتاکانەوە تا ئێستاش هەوڵدانی جۆراو جۆر دراوە بۆ دامەزراندنی پانتایی لە رووبەرە جیاوازەکاندا : گواستنەوەی وەرگر یان بینەر بۆ سەر تەختەی شانۆ و گواستنەوەی نمایشکاران بۆ ناو هۆڵەکە . یان دامەزراندنی نمایش لە نێوەندی جەماوەردا بە شێوەی بازنەیی ، یان راگواستنی جەماوەر بۆ دەرەوەی شوێنە داخراوەکان، لە کەلاوەو شوێنە گشتیەکان و .. هتد

یان ، وەک پێشتر باسم کرد ، ئیشکردن لەسەر تەختەی شانۆ بەڵام بە پێوانەکارییەکی جیاواز لەو جوگرافیا تەقلیدییەی خۆی، یان ئەگەر ناوی لێ بنێین (رووتکردنەوەی پانتایی) ، کە ئەمەش زۆجار گیرو گرفتی هونەریی بۆ نمایشەکان دروست کردووە .

برادەران: رووتکردنەوەی پانتایی ئیعلانکردنی یاخیبوونە لە بونیادی دەزگاکە خۆی ، هەر لە چرکەساتی خۆیشیدا هەموو رێساکانی بینین و پێکهاتە شێوەییەکان و دووریەکان و .. هتد ، هەر هەمووی تێکدەشکێنێت ، پاشان دەبێت لە گۆشە نیگایەکی تایبەتی یەوە کە پەیوەندیی بە رووبەری شانۆکەوە هەیە هەر یەکێک لەوانە دروست بکرێنەوە ، ئەگەر نا ، نمایشێکی رووکەشی دابڕاو لە دووری و نزیکی بەرهەم دێت ، چونکە لە ساتە وەختی رووتکردنەوەی پانتایی شانۆی (علبە) وە سەرجەم کەرەستەکان و پەڵە جیاجیاکانی نمایشەکە وەزیفە ئاساییەکانی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە هێمای ئاماژەیی (علامات اشاریه) لە سیاقی پێکهاتەیەکدا کە ناو دەنرێت شەبەکاتی دەلالی کۆنترۆڵگەر بەسەر یەک بە یەکی چرکەساتەکانی نمایشدا .

بەمجۆرە سێ قۆناغەکە ئەوهای لێ دێت ، یەکەم/ کەشفکردنی شاردراوەییەکانی رووبەر ، پاشان دامەزراندنی جێگا لەو رووبەرەداو لە کۆتاییشدا پرکردنەوەی پانتایی بەو دەلالەتانەی کە سەرجەم کەرەستەو جەستەکان هەڵی دەگرن . بارگاویکردنی کەرەستەو جەستەکانیش بە دەلالەتی مەعریفی دیسانەوە پەیوەندیی بە نێوەندە کۆمەڵایەتیەکەوە هەیەو دەبێت ئاماژەی هێماکان ئاراستەی ئەو نێوەندە بکرێنەوە ، چونکە دووریی هێماکان لە نێوەندەکەوە بۆشایی لە پەیوەندیەکەی نێوان وەرگرو نێرەر (بینەرو نمایش) دا دروست دەکات . وەکو دوا نموونە: رۆژانێک شانۆی ئەزموونگەری بەوەدا دەناسرایەوە کە خاچی تێدا بەکاردێت (صلیب) ئەو خاچانە ئاماژەبوون بۆ جۆرێک لە ئیشکردنی شانۆیی (ماوەیەک هونەری شێوەکارییش ئەمەی بەسەر هات) لە کاتێکدا خودی خاچەکەو ئەو بابەتانەی لە دەوری دەسووڕانەوە نەدەبوونە بابەتێک کە مایەی گرنگی پێدانی بینەرەکانی بێت .*

* خوێنەری ئازیز ، ئەمەی کە خوێندتەوە بەشێک بوو لەو پرۆژەیەی کە بە نیاز بووم بینووسم ، لە دەرفەتی تردا بەشی تریشی لێ بڵاو دەکرێتەوە .

دوو شیعری (شیرکو بێکەس)

یەکانە

پرسەی زیندووانەو ، عومری ژنە دیرۆکێکی (١) نەزۆک !
ئەوەتا لەم گۆڕستانە بە بژوێن و جوانەدا
تاک تاک و بە کۆمەڵ لەسەر گازی پشت پاڵ کەوتووین و
چاومان بڕیوەتە چاوی ئەستێرە بەدبەختەکان .
ئەستێرە خۆڵەمێشییەکانی ئاسمان ...
ڕەنگمان ، دەنگمان ، بوونمان : وەک پۆشاکمان
تۆزو گەردی هەزار ساڵەی
بەهەشتێکی ڕووخاو و تاڵانکراوی
ئەبەدیی لێ نیشتووە !.
لەم گۆڕستانە بە گوڵزارو جوانەدا
کەس خەون نابینێ !.
کەس لە پێستی بۆگەنکردووی هەڵناگەڕێتەوە ... کەس .
کەس مێش و مەگەزی سەر برینەکانی خۆی
دەرناکات ... کەس !.
تەنانەت کەسیش وڕێنەیەک چییە
بە ئایندەوە ... ناکات !.
ئایندە نییە . نییە ، نی!.
قات و قڕیی خەون و ، قات و قڕیی خۆشەویستییە !.
حەسرەتمان ... ئاخ ... حەسرەتمان
لە کوێرێکی زەلیلی دەروەزەکەر ئەچێ
لە نابینایەکی بێ ماڵ ،
ئێمە لەگەڵ باپووسەکەی (٢) ڕێکەوت دا

پەیمانێکی تا هەتاپیمان بەستووە !.
چۆن هات و لە کوێوە ؟.. ئێمە لێرەین ... لە ڕۆژهەلات
یان لە ڕۆژئاواوە ... ئێمە هەر لێرەین !
دێت و وەک پووش و پەڵاشی دەم گەردولوولێکی شێت
وەک تووکەسەری ئاوبردوو
وەک لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی دڕاو
وەک تاکە گۆرەوییەکی کۆن
وەک دووکەڵی جگەرە
ئەمانفرێنێ و ئەمانبات و تێکەڵ بە بزربوونمان ئەکات .
ئای لەم گەمە شێتانەیە
ئێمە خۆمان بە لقی شکاوی مێژوویەکەوە هەڵواسیوە
ئەوەتا لەرەلەرمانە و هەر ساتە ناساتێکیش
لقەکە قرچەیەکی لێوەدێ!
وای لەم سەمای ئێسقانە قرچۆکانە
وای لەم ژیلەمۆ ساردو
وای لەم بەستەڵەکە گەرمانە !.
من سەرلەبەری ئازارەکانی خۆم پشکنی .
من سەرلەبەری شانازییەکانی خۆم هەڵدایەوە .
من تەواوی مردنەکانی خۆم ژمارد
بەڵام لە هیچیاندا خۆمم نەدۆزییەوە
لە هیچیاندا سێبەرو هەتاوێکی ڕاستەقینەم نەبوو
قەت ... قەت ... قەت
نەسەرەڕمی شەڕی خۆم بووم و
نەدەنووکی کۆتری خۆم .
نە ئەسپ بووم و
نە حیلە بووم و
نە قریوە قریوی سوار .
من پاشبەندێکی بێ سەر بووم ، پاشبەندێکی گرمۆڵەی
بەر نووکە شەقی قەشەکانی ڕۆژئاواو مەلاکانی ڕۆژهەلات .
من ئەو دەوەنەم
ئەو دەوەنە گرنگە خۆهەڵکێشەی
کە نەبووم بە دارو



نەبووم بە دارو ، نەبووم بە دار !.
بڕوانێنە ئەم پێستە کەوڵکراوەم ، ئاڵای شەق و پەق بووی
شانازی و سەروەریم
چاوگەی شیتاڵشیتاڵی بەڵەمە سەرگەردانەکەم
ئەو گەمیەیەی کە وەکو ئەستێرەیەکی خوێن لەبەر چۆراوی
مەرگ . گەیشتە سەدان بەندەری تەماویی بە ترس
داپۆشراوی ، دوای شەڕو شۆڕی بێ ئامانی پادشاهان و
سوڵتانان و دوای بە هەپرووز بوونی خۆم . ئەو بەڵەمەی
گەیشتە چین و ماچین و گەیشتە دوا لێواری بە مردن
ڕازاوەی سەرزەمین .
ئەو گەمیەیەی بارکرا لە کەڵلە سەرو بارکرا
لە خوڵەمێشی لەشی عاشقان و بارکرا لە ئێسک و پروسکی
سترانەکان و بارکرا لە زێڕو لە گۆی مەمکی کچان و
لە ئەڵماس و لە گەوهەرو بردمەوە بۆ ئاستانەکان ،
بۆ تاران و بۆ بابی عالی و ... ئەو بەڵەمەی
مێژووی چڕو پڕی شەپۆلە ڕووزەردە بە هەڵپەکانم
ئەگێڕێتەوە . ناو و ناوبانگی گەورەو بریقەداری سەرکەوتنم
بەسەر ژن و منداڵ و پیرەمێرد دا پێ ئەبەخشێ !.
ئاوڕ بدەنەوە ئاوڕ لە جوامێریم
من شمشێری هەڵکێشراوی ڕیزی پێشی پێشەوەی
بەهەشتییەکان بووم . لە ژێر ئاسمانی مسینی
هەزاران شارو شارۆچکەدا ، وەک یەکانە دڕەکان
جەنگیم . من دەستێکم لەسەر شووڕەی چین و
قاچێکم لەسەر پاردەکانی ئیسپانیا جێمان .
لەویانەوە: چەندین مشت ، پڕ بەسکم ، پڕ بە
گیرفانە گەورەو پان و پۆڕەکانی شەڕواڵەکەم :
دوڕ و یاقووت و گەوهەرم بردەوە بۆ خەلیفەی ئاخر زەمان .
لەمیشیانەوە : پڕ بە ئاوەڵکراسی ژنەکەم :
بۆنخۆشترین شووشە عەترو ، مرواری و مەرجان و
زومردیش بۆ خەلیفە ژن!.
من هەمیشە کۆیلەی تاجە خوێناوییە
پرشنگدارەکانی دراوسێ ئازیزەکانم بووم .

لایەنگری چەقۆی سەرگەردنی شاخە ڕووتەڵەکانم ...
من هەمیشە
دڕێژترین باوێش بووم لە زاری ئەم سەر زەمینەدا !.
ئاخ ! من تەنیایەکی بەنەعلەتکراوم لەژێر
ئەم قوببە سامناکەدا و لەبەر هەتاوی سووری
سزای ئەبەدییم ، بەردەوام و بەردەوام بەزمانی
چون پەڵاسم زامەکانی خۆم ئەلێسمەوە .
من کوت و مت لە قەڵەباچکەیەکی ڕەشی شەل ئەچم .
قەڵەباچکەیەکی بەسزمان و تەمەڵ . هێزی قیرانەدنم
تێدا نەماوە . هەموو جار ملم ئەکەم بەژێر
باڵە ڕووتاوەکانمەوە و بۆ سەدەیەک و دووان و
سیان ئەنووم . من تەلیسمی بێهوودەیی ،
جادووی بێ هۆش و گۆشیی ، ڕێ نومایيم ئەکەن !.
من ئاوەزم (٣)
لەسەر مەشقکردنێکی سەختی
بیرنەکردنەوەی دڕێژخایەن ڕاهێناوە
بەسەبری تەوەزەللی.
بەچاوەڕوانیی بێ کۆتایی .
بە پێشوازیی کوتوپڕی مردنی هەمەچەشن
هەمەڕەنگ ... ڕاهاتووم .
خوویەکی نەگۆڕم بە دروونی کفن و ،
داتاشینی تاتەشۆر و ، هەڵکەندنی
گۆڕی خۆمەوە گرتووە !.
خوویەکی نەگۆڕم بە لەسەر پشت پاڵکەوتن و
ئەبڵەق بوون و تێڕامانی هیچەوە گرتووە .
من ئەتوانم ئەو چاوەی دامخست
سەدەیەک هەڵینەبڕم !.
ئەو قورۆقەپەی کردم تا دوو سەدەیش
دەم نەکەمەوە ... ئاخ
من تاکەکەسم گوێم لە پرخەپرخی تاسەنەی (٤)
خۆمەو خەبەریشم نابێتەوە !.
من ئەم هەموو داب و نەریتە پیرۆزانەیشم

لەباپیرە هەرە گەورەکانمەوە بۆ ماوەتەوە
لەو باو و باپیرە سمێڵ بابڕو کەلە شەکانەوە
کەللەبەرانانەوە ...
کە جگەرەی دەم باسقەنە(٥) درێژەکانیان
بەئاگری ماڵە سووتاوەکانیان دائەگیرساند و
هەرگیزاو هەرگیزیش
چاویان نەئەکزایەوە !
من بێ باکێکی مەزنم !.

دیرۆک : مێژوو
باپووسکە: کڕیوەی بەفر بە باوە
ئاوەز: عەقڵ ، بیر .
تاسەنە: خنکان
باسقەنە: سەبیل

هەژین

بە باڵەبانی چ ژانێک بتژەنم ؟
بتنێم بە لالێوی کام شوانی حەسرەت و گوناهمەوە ؟
تا بیستنم بە بارانی ئەم دۆزەخە شیرینە
گوڵ گوڵی و تەڕ و پاراو بێ ؟
بەکام ڕەگی تێرئاو بە ئازار ، پژ و پۆت شێت بکەم ؟
بۆ ئەوەی لە خاجی ئەم باڵا سوورەی ئاسۆمەوە
بئاڵێن ؟
لە پێدەشتی ئەم گومانە زەرد و بەرینەدا
کام ئەسپی یەقین بئاژوێم ؟
بۆ ئەوەی بگەمە هەواری خۆڵەمێشت ؟

ناتوانم بتژەنم و بتکەم بە باڵی ئەفسانەی ڕوانینم
هەتا دڕ بە ئابڵۆقەی ئەم وەرزە نێزە بەدەستانە نەدەم ،
ئابڵۆقەی : هەوەسە زێڕینەکان .
ئابڵۆقەی : دەمامک .
ئابڵۆقەی : کتێبە چەکمە لە پێکان .



ئەم بەیانییە دەستی خۆم
لە کۆتی شانی خۆم ئازاد کرد و
پێم وت : بچۆ
(با) لەسەر (ئاو) بنووسەرەوە
گەردەلوول بخوێنەرەوە
ساکاریی بکە بەتەم و مژ .
شەوەزەنگ هەڵهێنجە
بۆ هەڵتەکاندنی بورجی سیای فەرمەنگەکان
بوومەلەرزە بە .
سیحری شیعر بەو سرووشت تەوق کە .
رێی نەهاتێ بگرە کە وتیان پیا مەڕۆ .
لە ڕواڵەتی بەبەریق و باقی گەڵاکان گەڕێ و
بەرەو بنج داگەڕێ .

پێم وت: بڕۆ و گوێ مەدەرە (سەر) م .
(سەر)م : ئەو سوڵتانەی تا ئەم چرکەیەش
هەر خۆی لە کفنی تاریکستانەوە پێچاوە و
بە دڵنیاییەکی گەوجانەوە هەتا ئێستەیش
لەنێو تابووتی پەندە بۆیرشەکاندا ڕاکشاوە .
برپارم دا ، ئەم بەیانییە ، وا بتژەنم .
برپارم دا ،دەست بکەمە گەردنی مەحاڵی ئەودیو سنوورەکان
چوارچێوەکان فەرامۆش کەم
گەردوون بێنمە نێو چاوانمەوە
بەباڵی فرپنێکی بێ کۆتایی ئەوینت بکەم بە ئاسمان .
پەنجەکانم بەرەلا کرد :
بۆ ئەوەی شارو شارۆچکەی ئەم (زمانە) بهەژێنن
ئەو دیوارە نەفرەتییانە بڕوخێنن
کە قامووسی تاریکی و وشەی نۆکەریی دەست لەسەر خەنجەر
سەقامگیری کردوون .
قەڵەم بە دەوری کاغەزدا کەوتە حیلە :
دواتر بوومە یاوەری و بە جووتە
ملی بن بیفە ترسناکەکانی ئەوینمان گرت .



باڵە خوێناوییەکانی قەڵەمم داگیرساند
ئەو باڵانەی وەک باسکی داستانەکان
سەروەتیان بۆ نەبوو .
لەو هاوارانە ئەچوون کە لەدوورپانی
نەمری و بزربووندا
بەمەحاڵی بەخشندە ،
بەترسی ئێسک سووک ،
بەمردنی بە شۆڕش ڕازاوە ،
ئەگەن و ماچیان ئەکەن .
مێژووش خێڵی تۆڵە بوو .
دەمی برێندەی ئەو یاسا بەردینانە بوو
کە هەموو ڕۆژێ لەسەر سەکۆی خوایەکی دڵڕەق
وەکوو ئاسکێکی پەڕاگەندە و لانەواز ، سەریان ئەبڕیم .
بەڵام من دوای هەموو سەربڕینێ
هەڵئەستامەوە سەرپێ
دیسانەوە ڕووم ئەکردەوە : ڕووگەیەکی تازەی تۆ .
گیانی نوێخوازم .. گیانی گەڕیدەی ڕەجم کراوم
وەکوو (سەمەندەر)
دیسانەوە بە خەون و گۆرانی و سەما
هەڵئەگیرسایەوە ، دائەمرکایەوە ، هەڵئەگیرسایەوە ،
ڕێگەم ،
ڕێگەی ئەوینی ڕووت و ڕەجاڵم:
بۆ ئاوی تینوو ،
بۆ گوڵە گەنمی برسی ،
بۆ پرشنگی وێڵی بێ ئەنوا .. ئەکردەوە .
هیوام
ڕافزییەکی عاشقی بێ پشت و پەنایە
سۆزەکانی (حەللاج) ناوکیان بڕیوە .
من سەرەتای ئەو یاخی بوونەی مەرگی خۆم ..
سەرەتای ئەو شێت بوونەی دەستم لەبیرە :
کاتێ پەنجەم لەسەر گردۆڵکەیەکی شەوەزەنگی زمان
کەوتە قاسپە قاسپ و خوێندنی ڕەنگاوڕەنگی

به گوێچکه نائاشنا و به‌چاو نامۆ .
له‌و ساوه ئیتر یه‌که‌مین هێڵی کازیوه
له منالّدانی (ڕسته‌یه‌کی نوێدا)
سه‌ری له قه‌ڵه‌م جوقا و به نه‌فره‌ت کرا .
ئه‌وسا منیش نه‌فره‌تم
له یه‌که‌مین له دایکبوونی شێوێنراوی خۆم کرد .
به‌فری ڕوانینێکی نوا باریۆم
پێشکه‌شی بوونم کرد :
که له گه‌ڕووی سێداره‌کانمدا زابوون .
(ئه‌و سێدارانه‌ی هه‌موو شه‌وێ
له ژووره‌که‌مدا ڕیز ئه‌بن)
له فرمێسکی ئه‌و گوڵه نامۆیانه‌دا
(که له‌سه‌ر مێزه‌که‌م .. هه‌ڵئه‌قوڵێن)
له‌و نیشتمانه گرمۆڵه‌یه‌دا
(که سه‌ری له گوێ قه‌بری چرپاکه‌م ئه‌له‌رزێ)
جارێکی تریش گورِم به‌سته‌وه
گورِبه‌ستنه‌وه‌ی شه‌یتانێکی دڵنه‌رمی بازۆڵه ئه‌ستوور.
بێباک بووم ، بێ ده‌ربه‌ست .. له‌چاوی
ئه‌و وشه- جاسووسانه‌ی
شوێن پێی شه‌پۆلیان هه‌ڵگرتبووم .
بێباک بووم ، بێ ده‌ربه‌ست له داوی
ئه‌و (زاراوانه‌ی) بۆ خه‌یاڵم نرابوونه‌وه .
ئیتر ئه‌وسا
(قه‌ناعه‌ت)م وه‌ک بلیتێ (یانسیب) ێکی دۆڕاو له‌ت و په‌ت کرد .
زه‌مانم وه‌ک سه‌عاته ژه‌نگ گرتووه‌که‌م شکاند .
به هه‌وێنی تیشکی ئه‌م به‌یانییه‌یش
نانم بۆ خۆشه‌ویستییه‌کی هه‌ژار و بێ داڵده و
نیشتمانێکی ئاواره کرده‌وه .
ئه‌و ده‌سته‌یش که به‌ڵێنی
هه‌ژین و بوومه‌له‌رزه‌ی به (زمان)داوه
بارانی خه‌ون، له هه‌ڕه‌تی تێکشکان و هه‌ره‌سدا
له‌سه‌ر ته‌م تووماں ئه‌نووسێته‌وه .

کوفرێک ...
هێمنتر لە تووڕەیی و ...
ساردتر لە گڵەپی

ئاراس عبدالکریم



دڕەنگ بوو بۆ شیعر ...
لە ناو فتوای حەڵاڵکردنی سەری پەپوولەکان و
حەرام کردنی چرا کانا؛
نەدوعا گەرمەکانی مەحوی فریام ئەکەوتن ،
نە نامە چاوتەڕەکانی نالی ،
نە حەرفە نورانیەکانی خانی ..
دڕەنگ بوو بۆ عەتر ..
لەناو شەرعییەتی ماچی ڕاوچێکان و
ڕەجمکردنی باخچەکانا؛
نەلاسایی بەرائەتی زەڕنەقوتەم بۆ ئەکرایەوە ،
نە تامی قسە سەوزەکانی دڕەختێکم بۆ ئەکرا،
نە نوکتە تەڕەکانی باران ..
دڕەنگ بوو بۆ نزا ..
لەناو ئولفەتی پەنجەرە ڕووشکێنەکان و

مژدەی ئەو ڕاهیبە نورانیانەدا
کە بەجبەی خوێنەوە ، ویردەکانی پاک بوونەوەیان ئەوتەوە؛
نە ئەمتوانی ببمەوە بە هاوڕێی چرایەک،
نە لە بەردەمی ئاوێنەیەکا پاکانەم بۆ ئەکرا،
نە ڕووم ئەهات ئینجانەیەکی شکاوی موحیبەت ئاو بدەم ...
چار نەبوو!
ئەبوو وەک باران بێمەوە بەرئەم پەنجەرەی تەوبەیەو
ڕووت و قووت ، بەبەرچاوی حەرفەوە
دان بە کوێریی خۆم و گوناهباریی پەنجەکانما بنێم..
دڕەنگ بوو بۆ ئاوڕ!
چار نەبوو ..ئەبوو بێم...
زەحمەت بوو بتوانم
بۆ خوێندنەوەی چاوی ئەسپە دۆڕاوەکان و
سەرژمێر کردنی کەلاوە سەرکەوتووەکان ،
لە سەری دێڕەوە بەسەر لافیتەی مزگەوتە عەبووسەکانا بچمەوەو
لە شەقامە بەرەڵاکان بپرسم
چەند منالّی دەستگێڕ و چەند ژنی سوالّکەر و چەند شێت و چەند دزو
چەند سۆزانیی تریان خستۆتە ناو لیستی تازەوە...!
زەحمەت بوو بیەڵن
لە ناو هەیبەتی دیوارە بێ دەرگاو بێ دەرفەتەکان و
دڵە خورپەی ئەو چیمەنە ترساوانەدا کە بە زگماک پێیان نەئەگرت،
لە ژێر لێوی لاولاوێکەوە
بە ماڵە بەردینەکانیان بڵێم :بڕۆخێ!
زەحمەت بوو بوێرم
لاسایی خوا بکەمەوەو بەدیار ئەو هەموو گوناهانەوە
سەری بێ دەنگی ڕابژەنم و لەبەر خۆوە بڵێم : مەخابن!!
چار نەبوو!
بۆ ئەوەی بەر نەفرەتی زمان نەکەوم ،
ئەبوو شتێک بڵێم
شتێکی سارد، لە گلەیی بچێ..
بۆ ئەوەی بەر نەفرەتی شوێن نەکەوم،
ئەبوو شتێک بمناسێ

شتێکی سارد،بە سێبەر بچێ ...
بۆ ئەوەی بەر نەفرەتی خۆم نەکەوم
بۆ ئەوەی بانّدە لەخۆبایيەکان و گەلا خەمسارەکانی مەنفاش تێم بگەن
ئەبوو لەزمانی ئەرخەوانێکەوە
بە بەردە سارەکانی سەر تەرمی هاوڕێ خوێنگەرمەکانم بڵێم:
ڕ پێم بڵێن
لە پاش ئاشکراکردنی خیانەتی ئەو ڕووبارە شەوڕەوانەی
بەبیانووی ئەوەی تریفە ئەتفێننە دەمی کەنارەکانەوە ؛
درەختەکانیان فەساد کردو مروارییەکانیان شاردەوە،
چ بارانێکمان خۆش بوێ؟!
لە دوای بە درۆ کەوتنەوەی هەڕەشە گەرمەکانی ئاگر
لە بەرامبەر پێکەنینە سارەکانی خۆڵەمێشا،
چ ئاگرێک بپەرستین ؟!ڕ...
چار نەبوو.
بۆ ئەوەی لای حەرف ناشیرینتر نەبم لەخوێن و
لای خوێنیش گوناهبارتر نەبم لە حەرف ؛
ئەبوو بچمەوە ناو مەجلیسی پەپوولە،
درەنگ بوو بۆ چرا...!
ئەبوو بچمەوە ناو کوفرەکانی شاتوو،
بەدەم وەرینەوەو
کوفرەکانی چۆڵەکە، بەدەم بەربوونەوەو
کوفرەکانی گەلا، بەدەم ڕەشەباوە
درەنگ بوو بۆ قسە !
چار نەبوو
ئەبوو بە پەنجەتووتەی بەعزبەعزینە
لەسەر بەرگە تۆزلێ نیشتووەکەی ئاڤێستا بنووسم:
ڕ گەلەیی بێ ..
بە قسەی هەموو کتێبە پیرۆزەکان ،
ئەبوو دۆزەخ لەو دنیا بێ ڕ....



****

نیسانی ١٩٩٧

تەنگەبەر

شێرەی شوان محمد

تەماشا چیمان بەسەرهات !
هێندە چاوەڕێی هاتنی خودامان کرد ،
تا ... کرمێ بووین ...
هێندە بەناو سەرابی تەڕدا چووینە خوار ،
بنی ئەم بیرەوەرییەمان
بوو بە قەوزە !

تەماشا چیمان بەسەرهات !
ئەوەندە خۆمان خستە بەر مژی خەیاڵ ؛
تا هەردووکمان بووینە سووتوو ...
ئەوەندە ڕابردوو لە گیرفانمان تکا ؛
تەمەنێکی ترمان دەوێ ؛
خەندەکانی بچنینەوە !
خەتای گیربوونی دەست و ئەژنۆی خۆمان بوو
ئێستە ئەم زنجیرەمان بۆ ناچێتە خەو ...!

تۆ تەماشا
بەم دوو سەر و هەیکەلەوە
چ دەرگایەکی بچووکمان دەستنیشان کرد ؟

ئەم کرژییە
چی بوو لە لێومان پەیدابوو ؟
ئەم لێواولێوە لە مەینەت ، چی لێبکەین ؟
باوەڕ مەکە ....
زیخی فرمێسک
لە لمی ئەم ڕوومەتانە ، بژار بکرێ !

دەی ئاخر عەشق چی بڵێ ؟
خۆ من و تۆ
هێندە یەکترمان لەسەریەکتر هەڵکۆڵی
گەیشتینە دڵی یەکتر !
ئێسکی یەکتریمان بینی !
کەچی ئەم گۆرانییەمان بۆ نەچێنرا ...!



ئەم غوربەتە
ڕۆژێ بزەیەکی سەوزی لە خۆی نەدا ...
چڵی هەتاو
چرۆی نەکرد دایان تەکان !
بارانی ئاڵتونی هێشتا هەر هەور بوو
زەڕەنگەرەکان پێچایانەوەو بردیان !
لەم تەنگەبەرەدا جێمان نابێتەوە ....
ئەم سێبەری مەرگە جێگەی پشوو نییە !
چی بکەین .. چی ..؟
تا ژەنگ لە گەرووی نەداوین !
چۆن بتوانین ،
بە فریای مانگەشەو کەوین

لە ڕێگری چەتەی هەور
پێم بڵێ .. چۆن ..؟

ناوەڕاستی ١٩٩٥

صلاح جلال



ئەم زەوییە (...) هێمای دون بوونی وێنەیە!!
تۆڕی گومانی بێ دایەلۆژ (...)
دەرەختی زمانمان گەڵای نەگرتووە
تۆو چەنی ڕۆح،
لە جوگرافیای جەستەدا سەوز نەبوو
(بوون) بە قەدی (شوکران)ەوە موتوربە بوو
ڕەنگی هەڵماتێکی هەڵگرت
هێمای بێ زمانی ئاو،
توانەوەی ئەڤین و ڕوخسار
جوگرافیای نیشتمانێکە،
بێ ئاسمان و زەوی و گەردوون
ئەم زەوییە (...) (...)

****

سەرهەڵدانی هێلکەوڵەی چاخێکە
ئەم زەوییە شوێنەواری ئەفسانەیە(...)
سەد بلیار بەر لە(بوون) و دوای (نەبوون)ە
تەونچنی جەستەیەکی مۆمیای ڕزیو
هێشووی وشکی ڕۆح،
لە قۆزاخەی ئەتۆمدا چڕۆ دەکات

****

ئەم زەوییە چی دوورگەیەکی گرتووە(...)
لە تونێلی گەردونەوە هاوارێک دێت!!
کەنیسەی خاچ بەبای(جوبریل) لەرزینەوە
چرای سەربازی ئەشکەوتی هەور
ئاوێنەی قەزەمێکی (نێرمێیە)
ئەم زەوییە (...) بێ زمانە(...)

****

ئەم زەوییە چی جوگرافیایەکی بوونە (...)
هایدرۆجینی سەراب مێژووی هەڵخست

بلیار بلیار دره‌ختی مریه‌م سه‌وز بوو
نیلی شیمیاوی ئه‌م ساته‌ی ڕۆایه سه‌ر

****

ئه‌م زه‌وییه چی خاڵێکی مێژوو ده‌گرێت..
چرکه‌ی دوا مرۆڤ کاتژمێرێتی
هاوته‌ریبی تابووتی خۆری ئاده‌مه
میلی چرکه‌ی مێژووییه‌کی سفری کۆیه
دۆزه‌ خارای سه‌راب گرتی
ئه‌م زه‌وییه(...) ئه‌م گومانه (...)

****

ئه‌م زه‌وییه چی ناونیشانێکی هه‌یه ؟!
نه‌زه‌مه‌نی ئاوێنه‌ی (لاکان) و (هۆسرڵ)
نه‌تیوری مادی و نیسبی
ڕه‌نگیان هه‌ڵگرت
نه فۆتۆن و گیای نه‌مری
فلیمی نه‌وبوکی نیل و
زنجیره‌ی نه‌خشه‌کانی مێژووی فۆکۆ
له ئه‌شکه‌وتی ژێر زه‌ویا کۆژانه‌وه ...
چه‌ند هاوارێک بوونی له‌رزاند...
ئه‌م زه‌وییه(...) بێ زمانه(...)

****

ئه‌م زه‌وییه ناونیشانی مادی نییه (...)
له ئاوێنه‌و کاتژمێر و بیره‌وه‌ریتان بڕوانن
فه‌رشی زه‌مه‌ن بوو به سوتوو ..
هه‌موو بونێک ته‌شکیلی جوگرافیای خوێنه(..)

****

ئه‌م زه‌وییه سێوی دره‌ختێکی هه‌وره(...)
کفن و لانکه‌ی نیوتنی هه‌ڵگرتووه
به دوو ده‌ریاوه وێنا بووه (۱)
(نێرمێ) له سوێراوی نامۆییدا ده‌مرن
ئه‌م زه‌وییه (...) ئه‌م(...)

****

ئه‌م زه‌وییه سرپنه‌وه‌ی (نه‌بوون) له (بوون)
(...) ئاسمان ته‌ونچنی شیته‌ڵ کرا
بێ هێزی نیسبی ڕایه‌ڵ بوو
بای ئه‌زه‌لی هه‌موو(بوون) ی پێچایه‌وه
سه‌ره‌تایه(..) کۆتاییه(...) سه‌ره‌تایه
(...) ک..س..(...)

****

ئه‌م زه‌وییه سه‌رابێکی ئه‌فسوناوی (...)
گوڵه جۆی گێژه‌نگی سه‌ره‌تایه
تۆزی نیانده‌رتاڵ خۆراکیه‌تی
ته‌نیا ژه‌مه شیری ساوایه‌کی تیایه
ئه‌م زه‌وییه(...) ئه‌م(...)

****


ئه‌م زه‌وییه چراخانی ئه‌ستێره ڕه‌شه‌یه(...)
هێلکه‌وڵه‌ی ئه‌فسانه‌ی به‌رد
وێنه‌ی چاخی سه‌دو په‌نجای تیادا دیاره


****

ئه‌م زه‌وییه گومانێکی یاخی له عه‌قڵ (...)
خۆرو وشه‌و نیگای نییه..
ئه‌ڤین له زه‌ریای نه(بوون) دا یه
دایه‌لۆژ له فۆتۆناتدا خه‌فه بووه
چه‌ند هاوارێک چووه گه‌ردوونی بێ ده‌نگی
بێده‌نگییه‌ک کۆژایه‌وه ..
بلیارد ڕۆح که‌وتنه خواره‌وه
گه‌ردوون به‌بێشکه‌ی ساواوه له‌رزی !!
هێلکه‌یه‌کی ئاوێته‌یی..
ئه‌م زه‌وییه (...) ئه‌م زه‌وییه(...)
(...) و (...) و (...)


۱۹-٤-۱۹۹۷

(۱)ئاماژه‌یه به ئایه‌تی ۱۹و۲۰ سورة الرحمان






کوردۆ کاروان



له کوێیه ئاشووبی کچه
ئاوریشمیه‌کان
باکم نییه له مه‌رگی ڕوناکی
په‌نجه‌کانم فێری شه‌ونخونین ..
شووشه‌کانی ڕۆح
دره‌ختی هه‌وره‌کان ئه‌خوێننه‌وه
باکم نییه له پیرێتی ده‌ریا
هاتم و ترسێک .. به سارای عه‌شقا
په‌ڕانمیه‌وه .
که‌شتیه‌کان مه‌کوژن
ئه‌ستێره‌کان پێ ناکه‌نن
پاکیزه ترین بارانی شه‌یدابوون
له گوناهی
قه‌بیله‌ی خوێن خۆش نابن .. سزای
فرمێسکی خۆر
مه‌ده‌ن
پاساریيه‌کان هێلانه‌ی
چاویان جێ هێشتین
چی له برینی ئه‌ستێره‌کان که‌م
فریای بیستنی گۆرانیی به‌فر
ناکه‌ون
په‌پوله‌کان له ئاگری پاکێتیما
خۆیان ئه‌شۆن
چ حیکمه‌تێ له مردنی گوله‌کان فێر بووین
خۆ من مردن به له دایک بوونی
ناساندووم
چ خۆشییه‌کمان له یه‌که‌م گریان و
دوا گریان بینی
خۆمن ڕوناکی به تاریکیی
سپاردووم
به ئاهی جودایی جێ پێی وه‌رزه‌کان
پاک مه‌که‌نه‌وه

فریای ماچی پەنجەی سنەوبەر و
پرسەی گوڵاڵە سوورەی هەورەکان
ناکەون
مەرگی چراکان .. بۆنی
ئاوێنە شەرمنەکان ئەگرن ؛
بێزارن لە بادەی ئەو ئاگرەی
لە جوگرافیای جەستەی خۆما
وەک بێ دەنگیی مرواری
وردو خاش ئەبن .
من و خۆر
لە مەمکی تەمە مەستەکانا
سەما ئەکەین .
دەریا گومڕاکان .. پەنامان نادەن ..
سەیرکە
پرشنگدارترین عەقڵی
ڕێگاکانی (مانگ)
ئەو شەونمە گوناهەیە
ئاوڕ لە مەرگی سامان نادانەوە
شنەبا نهێنیی ڕووبارەکان
بە حیشمەتی تەیرەن ئەبابیلە
ئەسپێرێ .
بەهەشتی من خەمگینترین عیشق و
ڕووناکی
پەنجەکانی بارانە
حورمەتی پایزو گوڵە دڵشکاوەکانی تریفە
..
لە نێوشەرابی .
هەناسەکانیا وون ئەبن
بەهار مەست.. باخ مەست
دەست لەهەر تریقەی زامێک ئەدەم
ئەڵێی دوا ساتەکانی ئێوارە
پەمەییەکانی کوکوختی دڵمەو
هەڵئەفڕن .
کەژاوەی هەر نەفرەتێک ڕائەژەنم
ئاوێنەی ڕۆحی (بۆ دلێر)ەو
دەرگای ڕووناکیەکان
ئەکاتەوە
گوڵ مەست .. عەشق مەست
بەرلە لەدایک بوونی ئۆقیانووسەکان
خوێنی تاریکیەکانی هەتاو بووین
پێغەمبەرەکان .. لە نغرۆ بوونی دۆزەخا
فەرامۆشیان کردین
لە دەربەندی برینەکانمەوە
گوزەر مەکەن
چراکان ئەمرن
نەورەسەکان بۆنیان ناوە
بەشەرابی ڕۆحمەوە
ئەی کەمانچەژەنی ئاگرە ڕزیوەکان ..
ئەمە مەرگی کەسێکە
پێخەفی ژنە ئاوسەکانی (با) گەرم
ئەکەنەوە
چی لە گریانی گوڵە گەنم کەم
ڕۆشنایی باران
سەبووری ناداتەوە
ئەوەتا دارستانە لەبار چووەکان
لە مەیخانەی خۆشەویستیدا
سەودای ئەو پرشنگە
سەرخۆشانەن
بێزارن لە مردنی ئەم لە دایک بوونەم
بێزارن لە دووبارە بوونەوەی
گریان و پێکەنین
بێزارن لە بوون و نەبوون!

سەرەتای ۱۹۹۷



شیعری هوشەنگ ئیبتیهاج


(هـ . ا . سایه)

(ناسری حسامی) لەفارسیەوە کردوویە بە کوردی



دەرەنگە ئیتر، گالیا
ناوەختە بۆ گێڕانەوەی ئەفسانەی پەیوەندی دڵان!
ئیتر گۆرانیی سەرخۆشیت لە من نەوێ!
دەمێکە ئیتر، گالیا !وەرێ کەوتوە کاروان.

عیشقی من و تۆ ؟...ئەرێ !
ئەوەش حیکایەتێکە خۆی .
بەڵام ئا لەم زەمانەدا ،
کە داماوە هەموو کەسێک بۆ نانی شەو
دەرفەتی عیشق و حیکایەت بەسەر چوو، ڕۆی .



شاد و سەرخۆش و پشکوتوو
تۆ بیست مۆمی پرشنگداری گەش هەڵدەکەی
شەوی جەژنی لە دایک بوون،
بەڵام ئەمشەو هەزار کچی هاوسالّی تۆ
ڕووت و برسی هەر لەسەر نوێنی خاک نوستوون .
جوانە سەما و نازی سەرپەنجەکانی تۆ
کە پەردەی ساز دەبڕوێنن،
بەڵام هەزار کچی تەونکەر، ئێستاکە
بە چڵک و خوێنی زامی سەرپەنجەکانیان
لە قەفەسی پشووبڕی کارگەکاندا
هەناسەتەنگی ڕەنجێکن لە سنووری تاقەت بەدەر
بۆ حەقدەستێک کەمتر لەوەی
تۆ دەیخەیتە کۆشی سوالّکەر.

ئەو مافورە حەوت ڕەنگە، کە پێ شێلی سەمای تۆیە
بە خوێن و ژینی ئینسانان ڕەنگ کراوە.
لە تان و پۆی هەموو خەت و خاڵێکیدا : هەزار ڕەنج و ،
لە ئاو و ڕەنگی هەر گوڵ،و گەڵایەکیا: هەزار شەرم ڕاخراوە .

لێرە خەوتووی نێو گڵکۆیە، هەزاران ئارەزووی پاک و ،
لێرە بە با چووە خۆڵی هەزار ئاگری تازە خۆشکراو
دەستی هەزار منداڵی جوانی بێ گوناە
چاوی هەزار کچی نەخۆشی بێ هەناو ...
دەرەنگە، گالیا !
کاتی ماچ و شیعری عاشقانە نییە .
هەموو شتێک ڕەنگی ئاگر و خوێنی هەیە، ئەم زەمانە .
_جەنگەی خۆ ڕەهاکردنی لێوەکان و دەستەکانە .
گەرمەی سەر بزێویی ژیانە.
بە ڕوومەوە پێمەکەنە !

لێم حەرام بێت جوانیی نیگات !
لێم حەرام بێ،لەمەودوا، شەراب و عیشق !
لێم حەرام بێ، دڵم بەشادی لێ بدات !

یارانی من لە نێو بەندان :
لە نێو چاڵی ڕەش و شێداری ''باغی شاە''
لە تەنیایی بتاوێنی تاراوگەی ''خارک''
لە هەر گۆشە و کەنارێکی ئەم دۆزەخە تاریکەدا .

زووە هێشتاکە ، گالیا !
ناوەختە بۆ گێڕانەوەی ئەفسانەی پەیوەندی دڵان
جارێ گۆرانیی سەرخۆشیت لەمن نەوێ .
زووە هێشتاکە ، گالیا ! نەگەیوەتە ، جێ کاروان ...
ئەو ڕۆژە کە باسکی بلورینی بەیان
دەستی دایە خەنجەرێک و
پەردەی ڕەشی شەوی دڕاند،
لەو ڕۆژەدا کە خۆرەتاو
لە گشت پەنجەرەکانەوە تیشکی پژاند،
ئەو ڕۆژە کە گۆنا و لێوی هەموو یارانی هاونەبەرد
ڕەنگی خۆشی و خەندەی ون بووی هاتەوە سەر
منیش ئەو ڕۆژە دێمەوە .
دێمەوە لای شیعرەکان و ماچەکان و گۆرانیەکان،
دێمەوە لای بەهارە دڵ بزوێنە گوڵ پژێنەکان،
دێمە لای تۆ
خۆشەویستم !

تاران - ڕەشەمەی ۱۳۳۱ (مارسی ۱۹۵۳)
باغی شا: بەندیخانەی بەناوبانگی باغی شا لە تاران کە لە سەردەمی حکومەتی شادا، شوێنی بەند کردنی تێکۆشەرانی سیاسی بوو .
تاراوگە: مەنفا، تەبعیدگا .
خارک: دوورگەیەکە لە ئاوەکانی خواروی ئێراندا کە تێکۆشەرانی سیاسی بۆ ئەوێ دوور دەخرانەوە .

چەند داهێکە بە شیلۆژیا

لە دەروەوەی جوگرافیا سوماتیلۆژیا شێعرەکا

١- (سسیۆلۆژیای وێنە)

وێنەی هەورێکی ئۆتۆماتیکی
لەسەر بانێژەی پەنجەرەیەکی سیۆلۆژی دا
هەڵدەکۆڵم ...
ئاورنگی بڵێسەی
مۆسیقای تێدار و ناتێدار
پەلاماری بااڵت دەدات
بااڵت هێندەی دارتوویەک بەرزە
بەمندااڵی دیومە...
کەگەڕامەوە بۆ کفری / کەرکووک
باسی بااڵبەرزەکەت
بۆ دارتووەکە دەگێڕمەوە...
ئەگەر دار تووەکەیان نەبڕیبێتەوە
کە بە مندااڵی ... دەمدی
لە بەهاراندا لەبەر دەرگاکەماندا
بە شەبقەیەکی سەوزو
سەدان کەزی و پەرچەمی درێژەوە
وەک کچۆڵەیەکی هێپز
سەمایەکی سیمولتانی دەکرد ...
زستانانیش
شەپقەکەی تووڕ دەدا و



شالّتروٚنێکی خاکی لە بەر دەکردو
بە پێی پەتی
لەبەر ڕەهێلّەی باراندا
ڕادەوەستا ....
نازانم کێ پێلّاوەکانی لێ دزیبوو ...!

٢- (دڕندە)

من دڕندەیەکی ئۆتۆماتیکیم...
ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتخۆم....
سەرەتا لێوەکانت دەخۆم
﴿نازانم لێون یان دوولەت گوێزانی خوێناوی ...!﴾
ڕەنگە دوای ئەوسا
ئەو دووقازە سپییە ونجڕ ونجڕکەم
کەلەسەر سنگتدا یاری دەکەن ...
﴿نازانم قازن یان دوو گوومەزی
مزگەوتێکی مانگی دووی سلێمانی﴾
من عاشقێکی دڕندەم
ڕۆژێ لە ڕۆژان دەتخۆم ...
بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە ...
گۆشتی کچۆلە لە مەمور گۆشتێک خۆشترە ...!

****

٣- (لیکسیکۆلۆژیای مێینە)

دڵی مێینە تەنها وڵاتێکی کۆزمۆپۆلیتی یە
کە بەبێ هیچ پسوولّەیەکی ڕەسمی
سنوورەکانی دەبڕم و
تیادا دەبم بەهاوڵاتی و
پۆلیسێکی تیادا نییە
داوای ناسنامەم لێ بکات
یا جانتاکەم بپشکنێ
کە پڕە لە بۆمبای : ئیرۆسی و
تلیاکی ئۆرجازم و

نەخشەی کوودەتاکانی
کۆماندۆزی سێکس و بۆرنۆگرافیا ...!

****

دڵی مێینە تەنها وڵاتێکە
بایەخ بەکەڵەکە کردنی چەکی قورس و
بەرزکردنەوەی شووڕای بەندیخانە نادات و
هاوواڵاتیانی خۆی
بە زۆرە ملێ ڕاپێچی خزمەتی سەربازی و
شەڕی برا کوژی ناکات ..!

****

٤-(مۆرفۆلۆژیای عەشقی نشتمان)

من شاعیرێکی بانەڕۆژیم
لە سەر هیچ نەخشەیەکی براگماتیدا
نیشتمانێکی دیاری کراوم نییە
من نیشتمانم بۆ چییە ؟
لە هەر کوێ
مێینەیەکی دڕندە
مێینەیەکی پڕ لە باروتی ئۆرجازم
خۆشیویستم
بۆنی نیشتمانە نادیارەکەم
لە ژێر سۆلەکانی پێیدا دەکەم ...!

****

نشتمان درۆو دەلەسەی سیاسییەکانە ...
نشتمان گوڵە بەڕۆژەی پیاسەی ئێوارانی
لای سەهۆڵەکەو شەقامی موزەفەرییەی
کچە برژوازییەکانە ...
نشتمان یاریی شەترەنجی پاشا شێتەکانە ...
مرۆڤی عاشق ... شتێکی نییە ناوی نشتمان بێ ...
من بە منداڵی نشتمانەکەیان
وەکو بووکە شووشەیەک لێ دزیم
ڕنازانم لێیان دزیم... یا لە پەنجەرەی شەمەندەفەرێکەوە



لەدەستم کەوتە خوارەوە
لە بری نیشتمان لە دڵی کچێکدا گوڕێکی بچکۆلەم
بۆ خۆم هەڵبژارد ...

****

٥- (سوورەتی نوێژ)
هەندێ جار کە نوێژ دەکەم
گومان گورەوشارێکی کارەباییم دەدات ...
ئایە خوا پێویستیی بەم هەموو
داب و نزاو سیمپۆلیزمە هەیە
کەمن بۆی دەکەم ...!

****

کە کچۆڵەیەکیش
بە موگناتیزی جوانییەکی ژەهراوی
دەمخاتە تۆڕی
لە زەتێکی کۆمپیوتەرییەوە
بروسکەی گەورەیی خوا
گیانم تژی دەکات لە نەفرەتی پیرۆزو
بەنجی ئاسوودەیی
بەهەموو درندەکانی
سێ گۆشەی پەرمۆدای خەونەکانم دەبەخشێ...
ئەرێ خوا ... بۆ ئەم هەموو جەفەنگ و شادییەی
لە جوگرافیای لەشی مێینەدا شاردوتەوە ..!

****

ئەی مێینە
ئەی درندە میهرەبانەکە
بۆ ئەوەی باوەڕم بە خوای مەزن لەق نەبێ ...
هەمیشە لە نێوانی هەردوو مەمکتدا
سوژدە بۆ جوانی دەبەم..
ئێستا دەزانم بۆ چی گوومەزی مزگەوت و
مەمکی مێینە لێک دەچن...!



٦- *(کەسی سێیەم)*

کە دوو پادشا
لە شارێکدا دەبن بە فەرمانڕەوا
شەڕ دەبێتە کەسی سێیەم !

****

کە نێرینەیەک و مێینەیەکی
عاشق
لە پانتایی ژوورێکدا
کۆ دەبنەوە ...
ماچ دەبێتە
کەسی سێیەم ...!

پەراوێز :

١. ئەنتۆلـۆژیا = زانستی بوونەوەر
٢. سۆماتۆلـۆژیا = زانستی لەش/ نەشتەرگەری
٣. سسیۆلۆژیـا =زانستی کۆمەڵایەتی
٤. سیـــۆلۆژیا = غەیبزانی
٥. ئـــــاورنگ = ئاگر باران
٦. تێدار و ناتێدار = سالب و موجەب
٧. سیمۆلـــتانی = گێڕانەوەی کۆمەڵە چیرۆکێک بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ لە چەند شوێنێکی جیاجیا دا.
٨. لیکسیکۆلۆژیا = زانستی زمان
٩. کۆزمۆپۆلیتی = جیهانئارایی
١٠. بۆڕنۆگرافیا =سێکسی‌ئاشکرا لەسینەمادا
١١. مۆرفۆلۆژیا = لێکۆڵینەوەی دەستووری زمان
١٢. ئـۆرجـــازم = ترۆپکی لە زەتی جنسی لەلای ژن و پیاو
١٣. سیمپۆلـــیزم =هێماکاری=هێماسازی
١٤. جەفـەنـــگ = ڕەمز
١٥. پـــــانتایی = فضاء

-تێبینی / ئەم دەقانەم لەسەرەتای نەوەدەکاندا لە بنەڕەتدا بەعەرەبی نووسیوەو دوایی بە دەستکاریپەوە کردومن بە کوردی . ل .هـ

گۆڵەبای کاوان

بەیانی هاوەڵانی لەندەن ١٩٩٧/٥/١٥

دونیا میوانی ڕەنووە بەفری مامەندە بووین .. بای کاوان دەتوت یەکەمجارێتی دەبێتە هەناسە ، هێند .. پاک ، بەقاناکەی ، هێمان سینەی ژەنگاوی کوردان کراسی فێنکی لەبەر دانەدڕیوە ! بەرامەی گوڵە کێویلە . شلکە گیای گیانی دەشەکاندەوە ..دەمدی کەڵەپشکۆ دۆزەخیەکانی دەروون بەنۆرە دەکوژانەوە چڕ ، چڕ !

- گوێت لێیە هەتیوە ؟

جێت دیارە ، دەبوو لە پەنا ئەوی تاشەی بی، پاڵی وێ دەی .. بەڵام دەی !

لەلای هەوران دامان کوتا ، بۆکڕوز وڵاتی تەنی .. پێکان لەناو لێوی گیاو خڕکە بەردی پشت زینوێ چاو ڕێژانێ دەفڕی و بە لێوەوە دەنیشێتەوە ، زمان ، پاراو ، سووک ، بەباسی ئەوین لێوان ..

- لە کوێن ، لەکوێن ؟

لەهەر کوێ بن دڵم ئاوریشمی ئەوین

بۆ لای وە کۆدەکاتەوە !

دووربین ، بڵفەت و کوریسی دێنایە پێش ، ئەو دەرو دۆڵە ڕەنگی دەتکاند ، ڕەنگی وا بە چاوی نەزانیوم ! خوا داینناوە (وایت مەکای) هەر بە بەفری خۆڵاوی هەناوی فێنک وەبێ .. سێ سەعاتێ لەناو ئامێزی ڕەنگ و بۆن دا شەڵاڵ .. دەماری هەست و هۆش خاوو خاوتر، نیگاشل .. وەها بەرپێی خۆی نەدەدی .. مەگە ئاوا کاژە خەمان .

لە لوتکان دانێم و خۆی لێ ون کەم نەکا پێم بزانێنەوە .

وڵات بەرگی تاریکانی پۆشی ، ئەستێرە کەوتنە چاو بازی یە ! ئەمەش بە گەوان دا شۆڕبووینەوە بە جۆرێ نامانزانی چۆن گەیشتینەوە !

١٩٩٧/٥/٢٥

ڕووەو (بەکاو) ێین .. مێرگۆڵە ، خۆ بە بەژنی گەنمە بەهاری دەگرێ ، دەیگاتێ و نا سەوزێکی پاراو ، بۆ چاوان نەرم ، مشت و مالی تیغی سەرنجە .. دوور بین لە دڵۆپە بارانەوە پێداوێ تا دەگاتە ڕوومەت و سەرسکی زێ! عەزیزی مامڵێ دوای دوو پێکان تێی چڕیکاند ! زایەڵە لە شاخی ڕا دەگەڕاوە پڕ بە باوەشی دل ئاوازو بەرامەی دێنایەوە !

ئاوی ژیان ، دەڕژێنە نێو لیوانە لێو تەنکەکانی چیک ، بەفری خۆلا ی بە چنگ دەگەیشتە جێ ، تا هەناوی فێنک وەبێ زێڕەی قالاوەیە خارە !

لە کوێن هەتیوە لە کوێن؟ .. سوێقە سوێق .. مێوو ڕۆنە ، نەرم نەرم ، بەدەم پیاسەی مەستانەوە زمان و گیان دەلاوێنێتەوە . دەنگە سیحراوی یەکەی تاوڵی گوڵە ئاواز هەڵ دەدا . تا کۆتایی نە سەرنج شل ، نەهەنگاو لە پەڕ ئاسایی کەوت . ئەو ئاهەنگە شادی هێنەی شەن و کەوێ خەرمانە تۆزاوی یەکەی دڵمە .. تاوای لێ دێ بەدەم بای نەرمە دەنگەوە ، چریکەوە زیزانەو مرۆڤی پێوە نامێنێ ، ئاوا بەدەم دیدەی نیوە خومارەوە ئاوڕ لە دەشتی دڵ دەدەمەوە بەقاناکەم ، لەناو چەق و لووری حیزبان دا دڵی وا تەڕو تۆڵ و بژوێن مابێ ..

دەبوو ئەو شۆ لە زینوێ چاو ڕێژانی پێکەوە میوانی تریفە بین .. تا سبەی پەشمینەی مانگ بەبان هەواری ناسکە خەوان دا کشابایە .

١٩٩٧/٦/٦

سەعات پێنجی ئێوارەیە .. تاڵە گەرمەکانی خۆر بە (با) ی تەزیوی کاوان فێنک دەبنەوە .. باڵە تیژەکانی سەرنج بەرەو دۆڵان دەکشێ ، دروێنەی دیمەنە .. ئاوڕ لە بۆڕو بێژانان دەدەمەوە ، سینەیان لێ سیخنانە .. دەخوازم تا حەوتوێەکی دی بۆن لە سینەدا وەشارم .. وێنە جوانەکان لە چاوان دا جێ وەکەم تا ، لە گەرمێنێ هەر کاتێ ژەنگە سەرنج تینی هێنا ، بە نیگا بڵێم لەبەرت مرم کاسێتی وێنە بەهەشتی یەکانم بۆ لێدەوە .. مەگەر ئاوا لە دۆزەخی هەرێم بێمە دەرێ .. ئارام ، ئارام، تامانی پەلکە گوڵی مامەندە بم تەنێ !

لیوان: پەرداخ
بەکاو: هاوینە هەواری هێرۆیە

بریندێکە نەدەبوو پێبکەنێ



ڕێبوار حەمە ڕەحیم

هەندێک جار لە گەرمەی پێکەنیندا بیری ئەکەوتەوە کە نابێت پێبکەنێ، خێرا پێکەنینەکەی ئەبڕی و بە پەنجەکانی دەم و لێوی ئەشاردەوە ،ڕومەتەکانی سور هەڵئەگەڕا ، چاوە گەورەکانی پڕ ئەبوون لەشەرم و تەریقی ، شانەکانی گرژ ئەبوون و هەناسەی سوار ئەبوو تاچەند دەقیقەیەک نەیئەتوانی قسە بکا ، پاشان دەستی لەسەر دەمی هەڵئەگرت و بە قژە درێژەکەیدا ئەیگێڕا، بەلوت هەناسەیەکی قوڵی هەڵئەکێشا بە حەسرەتەوە ئەیوت -ببورە . یان بەپەلە هەڵئەستایە سەر پێ و ئەیوت - خواحافیز .

من وەک ئەوەی ئاگام لە هیچ نەبێت پێم ئەوت

-چایەکەت تەواو نەکرد ..

-سوپاس ، زۆر حەزم لە چا نیە..

دەمی لەبرین ئەچوو بە تایبەتی لە کاتی پێکەنیندا ، وەک برینی سەر کراسی کەسێک کە بە چەقۆ کوژرابێت، یان دڕاوی دەرلەنگی شەروالێک کە لەتەلی دڕکاوی گیرا بێت . من زۆر زوو هەستم پێکرد ، یەکەم جار کە بینیم لەگەڵ کۆمەڵێکدا دانیشتبوو ، قسەیان ئەکردو پێئەکەنین ، کەبینی

من چاو لەسەر دەم و لێوی هەڵناگرم ، دەمی داخست و تاکۆتایی دانیشتنەکە بە بێ دەنگی مایەوە. کەیەکترمان ناسی جاری واهەبوو چەند سەعاتێک پێکەوە دائەنیشتین ، بەڵام هیچ جارێک نەمتوانی ئەو پرسیارەی لێبکەم کە بۆ دەمی لە برین ئەچێ ، کە درێژەی قسەکانمان ئەگەیشتە

ئەوەی پرسیار بکەم ، دەمی دائەخست و چاوەکانی بچووک ئەکردەوە وەک ئەوەی چاوەڕوانی بریندار بونێکی گەورە بکات بەڵام من ڕێڕەوی قسەکانم ئەگۆڕی ، سەبارەت بەشتێکی دیکە پرسیارم لێئەکرد ، تاوای لێهات باسی هیچ شتێکم لەوانە نەئەکرد کە پەیوەندییان بەدەمی مرۆڤەوە هەیە ، کەوچکی نان خواردن ، فڵچەی ددان شتن ، پەرداخی ئاو خواردنەوەو زۆر شتی دیکە .

جگە لەمن زۆر کەسانی دی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەگەڕان، بەسادە ترین وەڵام قەناعەتیان کردو مەسەلەکەیان فەرامۆش کرد، براەرێک وتی کاتی خۆی بەکارەساتی ئۆتۆمبێل وای لێهاتووە، لە کۆتایی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا وتی - هەموو لەشی بریندارە ، ئێمە هەر دەمی ئەبینین .

یەکێکی تر وتی کاتی خۆی وانەبوو دەمی وەک دەنکە نوقوڵێک وابوو (وتی - من خۆم پێشتر بینیومە) ، لەشارێکی تر شەوێک لەژووری ئوتێلێکدا مابوەوە، ئەو شەوە لەژورەکەی ئەودیوی ئەفسەرێک دابەزی بوو ، ئەم ماندوی ڕێگا بووبوو هەر زوو خەوتبوو ، ئەفسەرەکە تانیوەشەو لە باڵکۆنی ژورەکەدا خواردبویەوەو جگەرەی کێشابوو دوایی بەسەر خۆشی خۆی کربوو بەژورەکەی ئەم دیودا، گڵۆپەکەی داگیرساندبوو، دەستەکانی کردبوو بەدوو ستون لەم لاولەولای سەری ئەمەوە ، تێر تەماشای دەم و چاوی کردبوو ، پاشان قەپێکی کردبوو بە دەمیدا لچ و لێوی پێکەوە قرتاندبوو، ئەم زریکاندبووی ئەفسەرەکەش قاقا پێکەنی بوو ، وتبوی -دەمێکە داخی ئەم دەم و لێوەم لە دڵدایە . لە کۆتایی گێڕانەوەکەیدا وتی (دەڵێن ئەو ئەفسەرە دەم و لێوو گوێچکەی زۆر کچی تری قرتاندووە) . ناوبەناو مەسەلەکەم بیر ئەچەوە ، یان ڕاستتر بەزۆر لەبیر خۆمم ئەبردەوە، نەئەبوو چەند ساڵێک بەوەوە بەسەر بەرم کە بۆ دەمێک هەیە لەبرین ئەچێ ، حەزم ئەکرد مەسەلەکەم بیر بچێتەوەو وەک کچێکی زۆر ئاسایی قسەی لەگەڵدا بکەم. جارێکیان لە ناوەڕاستی قسەکانماندا ووتی

-تۆ زۆرت حەزت لە سەفەر کردنە

- زۆر، ئەی تۆ

- من قەت لەم شارە نەچومەتە دەرێ.

بێ ئەوەی بزانم ئەڵێم چی ، **بەپەلە وتم**

- ئەی کەواتە ئەفسەرەکە..

قسەکەم بڕی هەستم کرد بە **هیچ شتێک بۆم** پینە ناکرێ ، بێدەنگ بووم ، **کەچی ئەو وتی**

-تۆ ئەوە چۆن ئەزانی!

من شانێکم هەڵتەکان و بێدەنگ **بووم، ئەمجارە** بە پێکەنینەوە وتی

- ئەو ئەفسەرە باپیرم بوو

-کام ئەفسەر

-باپیرم ، ئەفسەر بووە ، **کاتی خۆی چوە بۆ** شەڕو ئیتر نەگەڕاوەتەوە ئەو کاتە **باوکم لە سکی** دایکیدا بووە.

ڕۆژی دوایی بە تەنیا دانیشتبووم ، **بێزار بووم** ، توانای هیچ شتێکم نەبوو ، **چایەکم بانگ کردو** جگەرەیەکم داگیرساند ، **براەرێک سڵاوی کردو** بەرانبەرم دانیشت ، وەڵامی **سڵاوەکەیم دایەوەو** بێدەنگ بووم ، چەند **جارێک هەوڵیدا بمهێنێتەوە** قسە بێ سوود بوو ، چەند **پرسیارێکی لێکردم بە** بەڵێ و نەخێر وەڵامم دایەوە ، **ئەویش تۆزێک** بێدەنگ بوو .. لە ناکاو وتی :

- دەزانم بیر لە چی **ئەکەیتەوە**

- چی ؟

- باشترین شت ئەوەیە **بچیت بۆ لای نەنکی**

- نەنکی کێ ؟

زۆر هەوڵم دا کەوای تێبگەیەنم **هیچ لە ئارادا** نییە بەڵام بێ سوود بوو **ناونیشانی (نەنکی) بۆ** هەڵدام و وتی تەنیا ئەو **ئەزانێ بۆ (دەمی) لەبرین**

ئەچێ ، کەهەستاین و خەریک **بوو لێک جیا ببینەوە** وتی :

- وریابە تائێستا زۆر کەس **ئەو پرسیارەیان**

لێکردووە ، لە هەموویان تورەبوەو دەریکردوون ، وەلامی کەسیانی نەداوەتەوە .

ئەو شەوە تا درەنگ بە ئاگا بووم ، نەخەوم لێئەکەوت ، نەئەمتوانی بخوێنمەوە ، نازانم کاتژمێر چەندی شەو خەوتم ، بەیانی بە دەم خەونێکی ترسناکەوە ڕاپەڕیم ، ئەوەندەم لە خەونەکە بیر ماوە کەلە دەشتێکی پان و بەرینی چۆڵ و هۆڵدا دەمێکی ئێجگار گەورەی سامناک دوای من و کۆمەڵێک لە هاوڕێکانم کەوتبوو ، هەرکەسێکی ئەگرت هاوارێکی پچڕاوی لێ بەرز ئەبۆوە و ئیتر گوێم لەدەنگی نەئەما ، ژمارەیەک لە هاوڕێکانمی قووتدا ، من نەمئەوێرا تەنانەت ئاوڕیش بدەمەوە ، کەلەمن نزیک بۆوە و خەریک بوو هەڵملوشێ بە ئاگا هاتمەوە ، لەشم نیشتبووە سەر ئارەق ، قورگم وشک بووبوو ، تەماشای کاتژمێرەکەم کرد چەند دەقیقەیەکی مابوو بۆ حەوتی بەیانی ، جلەکانم گۆڕی و بەپەلە هاتمە خوارەوە بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ ئەڕۆم کەوتمە ڕێ ، گەیشتمە سەری کۆڵانێک ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە ئەمە ئەو ناونیشانەیە دوێنێ برادەرەکەم بۆی هەڵدام (ئەو کاتە نەمئەزانی تا مردن ئەو ناونیشانەم بیر ناچێتەوە) ، دەرگایەکی تەختەی دووتاکی .. دارتوپەکی لەبەردا ڕوێنرا بوو، لە تەنیشت دەرگاکەوە بەردێکی تەخت دانرابوو ، بۆ زەنگ گەڕام نەبوو ، بە مست کەوتمە لێدانی ، جارێک ، دووان ، سیان ، دەنگ نەبوو ، بڕیارم دا گەر ئەم جارە نەکرایەوە بڕۆم ، دەستم هەڵبڕی پێش ئەوەی لە دەرگاکە بدەمەوە جیڕە جیڕێکی تێکەوت و لەسەر خۆ کرایەوە ، پیرێژنێکی کۆماوە دەرکەوت ، سەرتاپا جلی ڕەشی لەبەردابوو، هێند کۆمابۆوە یەکەم جار پشتی سەریم بینی ، وردەوردە سەری بەرز کردەوە ، دەمێکی بە قوڵاچوو ، دەموچاوێکی چرچ و لۆچی سامناکی هەبوو ، سێ چوار ددانی کەل و کۆمی ڕزیو لەدەمیدا بوو ، کەبینیمی یەکسەر قیژاندی بەسەرمدا .. وتی :

- چیت ئەوێ ؟

ڕەنگە هەر شتێکی دیکەم بویستایە پشتم تێبکردایە و بڕۆشتمایە ، (بەڵام بیرم لێکردەوە گەر ئێستاش بڕۆم دەبێ جارێکی کە هەر بگەڕێمەوە)

شڵەژام ، بەپڕ پڕی و هەناسە سواری وتم :

- هیچم ناوێ ، هاتووم سەرێکت لێبدەم ، گەر بکرێ حەز ئەکەم تۆزێک لەلات دانیشم .

پیرەژنەکە گەشایەوە ، هەناسەیەکی هەڵمژی و زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی .. وتی :

-هاتویت سەر لەمن بدەیت ، دەزانی چەند دەمێکە کەس نەهاتۆتە بەر دەرگاکەم ، وتت هاتووم لەلات دانیشم ؟

- گەر ڕێگەم بدەیت ...

پشتاوپشت تۆزێک چووە دواوە :

- فەرموو ...

لەدەرگاکەوە بە دوو پلە دائەبەزیتە ناو حەوشەکەوە ، حەوشەیەکی گەورە بوو ، کۆمەڵێک ژوورو هەیوان دەوری دابوو ، سەربانی زۆربەی ژوورەکان داتەپیبوو ، دەرگای ژوورێکی کردەوە.

- فەرموو، بەخێر بێی ..

ژوورێکی پەڕپووت .. کۆمەڵێ کەل وپەلی کۆنی تیا دانرا بوو ، بەیەکێک لە دیوارەکاندا ئاوێنەیەکی تەڵخ هەڵواسرا بوو ، دیواری بەرانبەر پەنجەرەکە تاقێکی تێدا بوو، شەکردانێک و سینییەکی مسی گەورەو کۆمەڵێک کتێبی تێدا بوو لە پەڕێیەکی سەوزەوە پێچرا بوون، پیرەژنەکە زۆر بەوردی سەیری ئەکردم .. وتی : دانیشە ...

لەسەر دۆشەکێک چوار مەشقی دانیشتم ، بەردەوام بەقوڵی تەماشای دەموچاومی ئەکرد :

- تۆ کوڕی کێی ؟

- بڕواناکەم تۆ باوکی من بناسی !

- ئەی دایکت ناوی چییە ؟

- واز لە دایک و باوکی من بێنە بڕواناکەم هیچیان بناسی ، بیستوومە تۆ ژنێکی قسە خۆشی حەزم کرد سەرێکت لێبدەم و کەمێک لات دانیشم..

- بەخێر بێی ، کێ وتی ژنێکی قسە خۆشە؟

تاتوانی پرسیاری بێ سەرو بەری کرد ، ئینجا دەستی کرد بەگێڕانەوەی باسی کۆن ، شەڕە گەورەکان ، برسێتی و قات و قڕی ، لافاوەکانی زەمانی زوو ، دنیایەک بەسەرهاتی بە تێکەڵ و پێکەڵی وشێواوی بۆ گێڕامەوە ، تۆزێک بێ دەنگ بوو ، ئینجا سەیرێکی کردم و وتی :

- وتت هەر هاتووم سەرێکت لێ بدەم ؟

لەتوانامدا نەمابوو لەوە زیاتر گوێ لە قسەکانی بگرم ، دەشمزانی گەر سااڵێک لەلای بمێنمەوە لێ نابێتەوە لە گێڕانەوەی باسی کۆن .. وتم :

- حەزم کرد سەرێکت لێبدەم و پرسیارێک هەیە لێت بکەم ... !

هەستم کرد وشەی (پرسیار) ڕایچڵەکاند ، تووڕەبوو ، لەشی کەوتە لەرزین ، هەستایە سەر پێ، بەدەنگێکی بەرزو لەرزۆک وتی :

- ئەتەوێ چیم لێ بپرسی ؟

ترسام .. دڵم کەوتە پەلە پەل .. (هەڵەم کرد نەدەبوو وا زوو پرسیارەکەی لێ بکەم). دەستم کرد بە منجە منج و ویستم خۆم لە مەسەلەکە بدزمەوە بەاڵم بێ سوود بوو ، ئێستاش نازانم چۆن و بەچ شێوەیەک پرسیارەکەم لێکرد ؟

کە گوێی لە وشەی (برین) بوو چاوی پەڕیە تەپڵی سەری ، قیژاندی بەسەرمدا :

- بڕۆ دەرەوە ، دەمزانی بۆ ئەوە نەهاتویت سەر لەمن بدەیت !

ویستم هەرچۆنێک بێ کەمێک هێمنی بکەمەوە:

- زیاتر بۆ ئەوە هاتووم ...

- بێ دەنگ بە ، چیتان داوە لەدەمی ئەو بەسەزمانە..قوڕ بەسەرە بەوەش وازی لێ ناهێنن ؟ بڕۆ دەرێ .. جارێکیکە نەتبینمەوە...

پیرێژن بە شێوەیەک ئاگری گرتبوو کە هیچ شتێک هێوری نەئەکردەوە، هەستم بە دۆڕانێکی گەورە کرد، قوڕگم پڕ بوو لە گریان . (ڕەنگە هیلاکی ئەو چەند ڕۆژەش دەنگمی عاشقانەو شاعیرانە تر خستبێتە بەر گوێی).

وەک دوا هەوڵ پێم وت :

- دەڕۆم .. بەاڵم بیرت نەچێ تۆ لەیەکەم دیدەنیدا دڵی منت شکاند .. دەڕۆم هەرگیزاو هەرگیز سەرناکەمەوە بەماڵەکەتدا.. تۆ ژنێکی زۆر دڵڕەقی ...

کە گوێی لەم قسانە بوو ، ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا ، جۆرێک لە ئارامی بە دەموچاویەوە دەرکەوت ، لەسەر خۆ وتی :

- من نامەوێ دڵت بشکێنم ، بەاڵم تۆ داوای شتێک ئەکەی کە لە توانامدا نییە ، ئەوە نهێنییەکە دەبێ لە دڵی خۆمدا بێت .. دەبێ تەنیا قەبر لێم ببیستێ ...

کە بۆم دەرکەوت قسەکانم کاریان تێ کردووە، ئەم جارە فێڵبازانە بەزەردەخەنەیەکی ساختەوە پێم وت :

- چ قەیدییە نهێنی یەک لەدڵی تۆوە بێتە ناو دڵی من ، جیاوازی چی یە .. دڵی من و تۆ؟ (تەماشایەکی ناو چاویم کرد) .. ئەها ژنێکی چەند دڵڕەقی ؟

وردەوردە لێم نزیک ئەبوەوە :

- سوێند ئەخۆی لای هیچ کەس نەیدرکێنی .

- دڵنیابە ، وەک ئەوەی لە دڵی خۆت دا بێ وایە ، مەگەر قەبر لێم ببیستێ ...

-وەرە دانیشە ...

-پاش چەندین سوێند خواردن و بەڵێندان ، دەستێکی بەو چەند تاڵە قژە سپییەدا هێنا کە لەژێر سەرپۆشەکەیەوە هاتبوونە دەرێ . بزەیەکی منااڵنە کەوتە سەر لێوە وشکەکانی و دەستی کرد بە قسە بەاڵم ئەم جارە وەک پیرێژ نێکی پشت کۆماوە نا بەڵکو وەک کچێکی پانزە ساڵ بەاڵرو لەنجەوە وتی :

- لەو جێگایەی تۆدا لە دایک بوو.. ڕێک لە خوار ئەو تاقەوە.. ئەو کاتە من لە حەوشە بووم.. لەپڕ مامانەکە قیژاندی.. بەڕاکردن هاتمە ژوورێ.. وتی :

- کوێر بم.. کچێکتان بووە دەمی نیە...

لەخوار لوتیەوە تاچەناگەی وەک بەری دەست ساف بوو .. کە بینیم دەستم کرد بە گریان و لە خۆدان .. دایکی بورایەوە.. ڕومەت و بەرملی خۆمم هێنایە خوارێ .

دوایی لەگەڵ مامانەکەدا پێچامانەوەو دامان پۆشی ، نەمانهێشت کەس بیبینێ ، سوێندم دا لای کەس قسە نەکات .

نیوەڕۆ کە باوکی هاتەوە لە کۆلان منالە ورتکە پێیان وتبوو منالتان بووە، یەکسەر بەرەو ئەم ژووڕە ملی نا ، لە بەر دەرگاکە باوەشم پیاکرد، نەمهێشت بێتە ژووڕێ ...

- خەونم بینیووە ، تا چلەی ئەچێ نابێت تۆ ببینی ...

- شتی وا چۆن ئەبێ .. منالی خۆمە بۆ نابێ ببینم ؟

- خەونم بینیووە لەگەڵ قاچتدا چل و چوار هەزار جنۆکە ئەچنە ژووڕێ...

- لە دوورەوە سەیرێکی ئەکەم و دێمەوە دەڕێ!

- نابێ تا چل شەو بچیتە ئەو ژووڕە شەیتان لەگەڵتا دێتە ژووڕێ...

بە هەزار پاڕانەوە و لاڵانەوە ڕازیم کرد ، نەمهێشت ببینێ ، دوو.. سێ ڕۆژی پێ چوو، نەمانئەزانی چۆن شتێکی بکەین بەدەمەوە، تا ئەو کاتە نەگریابوو، وردە وردە زەرد هەڵئەگەڕا ، ڕۆژ بەڕۆژ لاوازتر ئەبوو ، ناچار لەگەڵ مامانەکەدا بە دزییەوە بردمان بۆ لای دکتۆر .

دکتۆرەکە وتی :

- چەناگەو پوک و ئێسکەکانی دەمی هەموو تەواون ، تەنها ئەوەیە دەمی نەکراوەتەوە، دەتوانین بە نەشتەرگەرییەکی ئاسان دەمی بۆ بکەینەوە ، بەڵام دەبێ شەش حەوت ڕۆژێک لێرە بمێنێتەوە ، منالْ ناسکە دەبێ ئاگادارییەکی باش بکرێت ...

منیش بەباوکیم وت : کچێکتان بووە دەمی نیە ! .. سور هەڵگەڕا، شێتگیر بوو ، پێم وت: بەڵام خەفەت مەخۆ دکتۆر ئەڵێ ئەتوانین بەئاسانی دەمی بۆ دروست بکەین !

کە ناوی دکتۆرم هێنا هێندەیکە شێتگیر بوو ، ڕایکردە ژووڕێ ، ویستمان بیگرین وەک پڵنگی بریندارێ لێهات ، هەریەکەمانی بەلایەکدا فڕێ دا ، خەنجەرێکمان هەبوو لەو تاقەدا دانرابوو، کە من هاتمە ئەم ماڵەوە لە وێدا بوو، کەسمان نەمانئەزانی لە کەیەوە لەوێدایە، پەلاماری خەنجەرەکەی دا، ویستم دەستی بگرم پاڵێکی توندی پێوە نام و کێشامی بە زەویدا ، مەلۆتکەکەی بەرزکردەوەو خەنجەرەکەی هەڵبڕی ، من لەترسا بەدەست هەردوو چاوی خۆمم گرت ، منداڵەکە زریکاندی ، زریکەیەک کە لەهەموو گەڕەکدا دەنگی دایەوە ، کە چاوم کردەوە دەم و لوتی منداڵەکە یەکپارچە خوێن بوو، خوێن فیچقەی کرد، جلەکانی سەرتاپا بوو بە خوێن ، دەست و پل و هەموو لەشی باوکیشی سوور بوو ...

لەگەڵ ئەم ڕستانەی دوایدا هەستم ئەکرد دڵی پڕ ئەبێ ، ئیدی کچە پانزە ساڵەکەی تۆزێک لەوەو پێش نەبوو، بەڵکو بۆوە بە پیرێژنەکەی جاران، بگرە پیرترو لەڕو لاوازتریش ، بەگلەییەکی زۆرەوە تەماشای کردم ، چرکە دوای چرکە چرچەکانی ڕوخساری زیاتر دەبوون، شڵە ژابووم ، نەمئەتوانی لەبەردەم ئەو هەموو گلەییەی چاوەکانیدا خۆم ڕابگرم، منیش وەک ئەو دڵم پڕبوو، نەمئەتوانی هیچ شتێک بڵێم ، پاش تاوێک بێدەنگی، بە دەنگێکی گڕو غەماوی بەدەم گریانێکی بە کوڵەوە وتی:
- بڕۆ دەرەوە .

هەوڵمدا وەک جاری یەکەم هێوری بکەمەوە ، حەزم نەئەکرد ئاوا بە زویری جێی بێڵم ، بێ سوود بوو ...

- بڕۆ دەرەوە ، دەنا هەموو ئەم گەڕەکەت دێنمە سەیر ، بیست ساڵە ئەو نهێنییەم لە دڵمدا پاراستووە ، تۆ چۆن توانیت لێم دەربێنی ؟

گریا.. بەدرێژایی ژیانم نەمدیبوو کەسێک ئاوا بەکوڵ و دڵ بگری ، دەنگێکی نوساوی غەمبار ، دووچاوی بچکۆلەی تەڕ ، ڕوخسارێکی تەواو چرچ و

لـۆچ ، تەماشـایەکی ئاسمـانی کـردو بـەدەم هەنسکەوە کەوتە دوعـا کـردن ، سـەیرێکی دیکـەی کردم و هاواری کرد :

- برۆ دەرەوە ...

چار نەما هەستام و بـەرەو دەرگاکـە رۆیشـتم ، تاگەیشتمە دەرگاکە بەدەم گریـان و هـاوارەوە دوام کەوت ، چـەند مـەترێک لە دەرگاکـە دور کەوتمـەوە گوێم لەزرمەی بوو داخرایـەوە ، بـە هـەنگاوی خێرا خێرا کەوتمـە رێ ، تاسـەری کۆلانەکـەش گوێـم لـە دەنگە نوساوەکەی بوو ئەگریا و دوعای ئەکرد !

تـا ئێـوارە بەشـەقام و کۆلانـەکاندا سـوڕامەوە ، ئاخر ئەوە ڕۆژەکانی کۆتایی مـن بـوو لـەم شـارە ، شەقام بەشەقام ئەگەڕام و لەبەر خۆمەوە ئەموت .

ناکرێ ئەم شەقامانەم بیر بچنەوە، خوا دەزانێ کەی ڕێم ئەکەوێتەوە ئێرە، کە چومـەوە ژوورەکـەم یەکەم شت جانتا هەڵاوساوەکەم سەرنجی ڕاکێشـام کـە شـەوێ ئامـادەم کردبـوو، لەسـەر قەرەوێڵەکـەم دانیشـتم و تـێی ڕامـام ، پـێ دەچـوو جانتاکەشـم خەفەتبار بێ ، کێ ئەڵێ بۆ ئەویش ئەوە قورسترین سەفەر نەبووە، سەرم کردە سـەر ئـەژنۆکانم و ئـێر گریام ، لە دڵی خۆمدا ئەموت ئەمـە ئـەو گریانەیـە کـە دەمێکـە پێویسـتمەو خۆمـم لـێ دزیوەتـەوە، ئەگریام و ئەمویست بزانم ئەوەی لەبەر دەمما گریـا پیرێژنێکی پشت کۆماوەی دەموچاو چرچ بـوو یـان کچێکی هەرزەکاری دڵشکاو ؟

بـەیانی ، جانتاکـەم کـردە شـانم و چـاوێکم بـە ژوورەکـەدا گێـڕا ، دیوارەکـان ..مـێزی نوسـین.. عەلاگـەی جل هەڵواسـین.. یەکـەمجار بـوو هەسـت بکەم ئەو شتانەم خۆش ئەوێ، بۆ دواجار لەبـەردەم ئاوێنەکـەدا وەسـتام و سـەرنجی سیمای خۆمـم دا. کۆمـەڵێک وێنـەو ڕۆژمـێرو شـتی وام بـە ئاوێنـەو دیوارەکـاندا هەڵواسـی بـوو بـیرم چووبـوو کۆیـان بکەمەوە، هەندێکیانم کۆکـردەوە بـەڵام هـەندێکیان بەشێوەیەک بـە دیوارەکانـەوە نوسـابوون کـە ڕامئەکێشـان ئـەدڕان و پاشماوەکـەیان بـە دیوارەکانـەوە جـێ ئـەمان ، دواجـار سـەیرێکی بەپەلەی ژوورەکەم کـردەوەو هاتمـە دەرێ، بـەدەم ڕێوە بیرم لەوە ئەکردەوە کـە خواحـافیزیم لە هیـچ یـەکێک لـە هاوڕێکانم نـەکردووە، ئـەموت ڕەنگـە ئەمشەو ئەوان هەموویان کۆببنەوەو ئاهەنگ بگێڕن، ئەم سەفەرە کتوپڕەی منیشیان بەلاوە سەیر بێـت، کاتێکم زانی خۆم لەسەری کۆڵانەکەی ماڵی پـیرێژن بینیەوە، بەردەم ماڵەکـە قـەرەباڵغ بـوو، کۆمـەڵێک کـەس داڕە مـەیتێکیان لـە ماڵەکـە هێنایـە دەرێ، ژنێک لەبەر دەرگای یـەکێک لەماڵـەکان وەستابوو تەماشای داڕە مەیتەکەی ئەکرد.. لێم پرسی :

- کێ مردووە ؟

- ئەو پیرێژنە بەسەزمانەی ئەو ماڵە !

-نازانی بەچی مردووە؟

- نـازانم، لـە دوێنـێ نیـوەڕۆوە زمـانی شـکابوو قسەی بۆ نەئەکرا .

ئەم بەیانیە زوو ئەمـری خـوای کرد.

تۆزێـک وەسـتام،جەنازەکـەیان لـەو سـەری کۆڵانەکەوە بردە دەرێ ، منیش لەمسەرەوە بـەرەو گەراجی پاسەکان کەوتمە ڕێ، تا پاسەکەش لەشـار دەرچوو بە بیدەنگی ئەگریام ...

ئەمڕۆ کـە سواری پاسـەکە بـووم حـەزم ئـەکرد دڕەنگ، بگاتـە ئـێرە،بـۆ ئـەوەی کـاتی دەوامـی فەرمانگاکان تەواو بێ...ناکرێ پاش چـەندین سـاڵ کە ڕێم ئەکەوێتە ئێرە یەکسـەر بـە کۆمـەڵێ کـاری ڕەسمی بیزار کەرەوە خەریک بم، بەڕێوەبەر کەمنی هەڵبژارد بۆ ئەم کـارە وتـی : کـاری دووسـێ ڕۆژە، بەڵام من سوور بووم لەسەر ئـەوەی کـە هەفتەیـەکم پـێ ئـەچێ بەلایـەنی کەمـەوە .. نزیکـی سـەعات دوانـزە بـوو کـە گەیشتین ، وتـم تـا ئەگەمـە ئـەوێ ڕەنگە دەوام تەواو ببـێ، بڕیـارم دا بـەیانی دەسـت بکـەم بـە کارەکـانم.. کـە لـە پاسـەکە دابـەزیین شـاگردەکە یـەک یـەک جانتاکـانی لـە سـندوقەکەی پشتەوە دەرئەهێناو فـڕێی ئـەدان ، کـە جانتاکـەی منـی دا بـەزەویدا هەسـتم کـرد جانتاکـەم ئـازاری گەیشـت ..پێـم نـاخۆش بـوو ! تەماشـایەکی شاگردەکەم کرد، تێگەیشت ، بەپەلە جانتاکـەی بۆ هەڵگرتمەوە و دایە دەستم .. وتی : ببووره...

بەدەم ڕێوە ئەوەم بیر کەوتەوە، کە لەم ساڵانەی دواییدا، جارێکیان کچێک قسەی بۆ ئەکردم، لە پڕ پێم وت :

-بوەستە ...!

- چیە ؟

-ئەزانی تۆ دەمت زۆر لەبرین ئەچێ ؟!

پارچە دەسڕێکی دەرهێنا، لێوەکانی پێ سڕی ، سەیرێکی دەسڕەکەی کردو وتی:

-کوا ، بریتی چی ؟

من قاقا پێکەنیم، جانتاکەی هەڵگرت و لێیدا ڕۆیشت، لەو کاتەوە لەهەر شوێنێک ڕێکەوتی یەک بکەین خۆی هەڵە ئەکات .

لەپڕ هەستم کرد بەرەو کۆڵانی ماڵی پیرێژن ئەچم ، لە دوورەوە بینیم کۆڵانەکە بەر جادە کەوتووە، ئێستا لە ماڵەکە تەنیا ئەو دیوارە ماوە کە تاقەکەی تێدا بوو، تاقەکە بەسەر شەقامێکی پان و بەرین دا ئەڕوانێ ، لێی چوومە پێشێ وەک خۆی مابوو ، بەڵام بەدوکەڵی ئۆتۆمبێلەکان ڕەش هەڵگەڕابوو، بەشی خوارەوەشی بەتەواوەتی ڕیقنە چۆلەکە دایپۆشیبوو ، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەژن و پیاو و منداڵ بەوێدا تێئەپەڕین ، دیقەتمدا تاقەکە سەرنجی کەسیان ڕاناکێشێ، ماوەیەک بەو ناوەدا هاتم و چووم ، زۆربەی ماڵەکان کرابوون بە گەراج و دوکان ، هەندێکیشیان بە تەواوی داتەپیبوون پێنەئەچوو کەسیان تیا بژی .

هێدی هێدی بەرەو ناوبازاڕ کەوتمە ڕێ، زۆربەی شەقام و کۆڵانەکان گۆڕابوون، لەدوورەوە ئەو ئوتێلەم بینی کە جاران لێی ئەژیام، بەرەو ڕووی ڕامکرد وەک چۆن یەکێک بەرەو ڕووی، هاوڕێیەکی ڕا ئەکا کە چەندین ساڵە نەیدیووە، کە لە دەرگاکە چوومە ژوورێ ئەو پیاوەی لە پرسگەکە دانیشتبوو یەکسەر بەناوی خۆم بانگی کردم ، پێم سەیر بووئەو پیاوە ناوی من چۆن ئەزانێ، پیاوێکی درێژی باریک ، چاوێکی کوێر بوو بە تەواوی پوکابۆوە..

- ئەڵێی نامناسیتەوە ؟

ئەو کاتە کەمن لێرە بووم، ئەم شاگردی ئوتێلەکە بوو ، باوەشمان بەیەکدا کرد ...

- زۆر گۆڕاویت خەریک بوو نەتناسمەوە (بیرم چوو لێی بپرسم کە چاوی بە چی کوێر بووە).

پاش نەختێک قسەو باس و هەواڵ پرسین وتی:

- حەز ئەکەیت بچیتەوە ژوورەکەی خۆت ؟

- زۆر حەز ئەکەم ...

جانتاکەم هەڵگرت و وتی: فەرموو ...

پێم وت زۆر ماندووم ، ئێستا ناتوانم ، تۆ جانتاکەم بەرە سەرەوە ، من ئێوارە دێمەوە .

چەند بەناو بازاڕدا سوڕامەوە هیچ کەسێکم نەناسی ، لە گازینۆیەک دانیشتم ، بیرم دێ جاران کە لەو گازینۆیە دا ئەنیشتم زۆربەی ئەو ڕێبوارانەم ئەناسی کە لەوێوە تێئەپەڕین ، کەچی ئەمڕۆ جگە لە کۆمەڵێک براەدەری کۆنی خۆم هیچ کەسێکم نەناسی، هەر براەدەرێکم بناسیایەتەوە بانگم ئەکرد، پاش باوەش پێکدا کردن و ماچ و موچ و هەواڵ پرسین یەکسەر ئەیوت :

- لە کوێ دابەزیوی ؟ دەبێ ئەمشەو بێیتەوە بۆلای من ...

بەڵام من پێم لەسەر ئەوە داگرت کە ئەبێ ئەمشەو لەو ژوورەدا تەنیا بم.. پاش کەمێک قسەو باس لێم ئەپرسی :

- ئەو کچەت بیر دێ کە دەمی لەبرین ئەچوو..؟


بە پێکەنینەوە ئەیوت :

- تا ئێستاش بیرت ماوە ؟

هەواڵیم لە هەموویان پرسی ، زۆر حەزم ئەکرد ناونیشانەکەیم دەست کەوێ ، حەزم ئەکرد جارێکی‌کە ببینمەوە، بەڵام لەهەرکامیانم ئەپرسی ئەیوت:

- نازانم .. مەبەستی زۆر دەمێکە نەمدیووە...

سلێمانی -١٩٩٧



ڕێکپۆش عەزیز محەمەد

﴿۱﴾

کە تۆم ناسی ، نا .. ناسینەکەشمان هەر ئەزەلی بوو . بەنهێنی و نادیاری لە گیانمدا بووی تا یەکەم ساتی ڕوو بەڕوو بوون . بەڵام ئەو کاتەش کە من تۆم تیادی یەک مرۆڤ چییە لەسەر زەوی نەمابوو. دەتگوت .. سەرەتای خەلق کردنی مرۆڤەو من و تۆش ئادەم و حەواین .


(ئەم چارەیان دڵنیام لەوەی هەڵەکان دووپات ناکەینەوە، بەرد بەردو مرۆڤیش مرۆڤ ؛ هەر یەکەشیان مێژووی دروستبوونێکی هەیە)

ئەو کاتەی حەزم کرد لە باخەکەی ئەودا تەنیا بمێنمەوە ، تۆم کردە گوارەیەکی سپی و بەگوێی چەپمدا هەڵم واسی ، بەڵام تۆ لەوێوە هەموو شەوێ دزەت دەکردە گیانم و بەیانیان یەک بە یەکی جێ پێکانتم دەشێلایەوە .

دەزانی .. ئا .. دەزانم .. **چاک دەزانی**.. بەر لەوەی بە خۆمدا هەڵتواسم ، **گیانت داڕژ** دەبوو. لە قوڕێکی گەندەڵی لەسەریەک **کەڵەکەکراو** دەچوو ، دەبوو من هەموو **ڕۆژێ پارچەکانی ئەو** گیانە گەندەڵەت لە پەناو **پاسارەکانی ئەودا** کۆبکەمەوەو بە تینی گیانم **بیانتوێنمەوە تا تۆی بۆ** خۆم لێ دروست بکەمەوە ، **بەڵام ئەو لەسەر ئەمە** فڕێی دامە دوورگە تاریک و **ووشکەکە** .

من و تۆ .. لەسەر زەوی **سەرەتا ڕووت و قووت** دەسووڕاینەوە ، ئەویش سەری **تاڵی بیری قرچۆکی** بۆ نەئەدۆزرایەوە ، (لاشعوری) **لایەک لە پێستە** ڕەشەکەی خۆی کەوڵ کردو کردی **بە بەری تۆدا** ، ئا.. راست وابوو .. ئەوە **نییە ئێستاش (هو)** بۆ هەردووکتان بەکار دێ ؟

سەیرە ! تۆ لە ویلاشی ژنێکدا **نەبێ دروست** نابی ، کەچی ئەو تۆ لەمن دەدزێتەوە !! .



پێستەکەی لەبەری تۆدا بوو بە کراسێکی نیوە ڕەش و زەرد . لەسەرلای چەپت بەقەد کونی زەنگیانەیەک دەبوو سوور لەسەری . ئا .. تۆ لەکاتی لەبەرکردنی پێستەکەدا سەیری منت کرد ؛ وەک بڵێی :

- ئەی ئەو ؟!

کەچی ئەو سەری لەقاندو وای نیشاندا کە نایەوێ ، بەڵام ئەمڕۆ دەبێ هەر لە تەپڵی سەرمەوە تا بەری پێم داپۆشرێ ، خۆ ئەوەشی ئەو ڕووتییە ئەزەلییەم دەسەلمێنێ دروستبوونە ئێستەییەکەمە .

دەزانی تەنیاو تەنیا ، من دەتوانم خاڵە سوورەکەی لای چەپت ببینم . دڵنیام کە تۆ چاک دەزانی .

کات تێپەڕی ، ساڵەها وەک موروو بە پەتی تەمەنمانا بەردەبوونەوە ، تا ئێستاش من و تۆ یەک وشە چییە لای یەک نەماندرکاندبوو . وامان دەزانی زمانمان نییە ، تا من ڕۆژێ زۆر لە نزیکەوە لە چاوت وورد بوومەوە ، وورد .. وورد ..

کەچی لای خاڵە سوورەکەوە گەورەیی و تۆویستنێ پلوسکی بەستە سەر نەستم ، هەر لەم کاتەشدا فێربووم کە من دەبێ ڕۆژی پێنج جار بە ڕووتی ڕووبەڕووی چاوەکانت کە ڕەنگیان سەوزە سەری کرنوشی ئێستا دابنەوێنم .

زویر نەبی .. من هەرگیز زات ناکەم ناوت بێنم . بۆیەش ناوی خۆمت لێدەنێم و بانگت دەکەم خۆمی خۆم ، کەسیشم لەخۆم خۆشتر ناوێ !(هو)ش وەک ووتم بۆ تۆو ئەو بەکاردێ ، بەڵام من بە کراسەکەی ئەویشەوە سێوی تەفرەت دەرخوارد دەدەم . ئەزانی بۆچی ؟!

بۆ ئەوەی گیانی خاوو خلیچکت بەر جوڵەو گۆڕان بکەوێ !

خۆمم .. خۆمی خۆم .. بۆیەش سەری خۆم هەڵدەگرم و لەناو جیهانی خۆمدا دەگەڕێم ..تا ئێستاش هەر ڕووتم و تۆش لێم وونی ! وابزانم لەگەڵ ئەودا نەخشەیەکی دیکەتان بەدەستەوە بوو ، وەک ئەوەی سەرەتای تاقیکردنەوەکەی نێوان تۆو ئەوان ... ئا.. لەبیرتە .. ئەو بەدزییەوە پرسیارەکانی بە تۆ دەوتەوەو ئەوانیش وەک تەڵەی دەمتەقیوو بوون .

کە تەنیا بووم لە دوورگەکە ...؛

دەستم بۆ گوێیەکانم برد . ویستم لەخۆمت جیا بکەمەوە بەڵام بە گوێمەوە نەمابووی . بۆیەش تەواو پەشۆکام و دوا چۆڕاوگەی بیرم گوشی و بەندەی

زمانم پساندو هاوارم کرد :

من تۆم دەوێتەوە .. خۆ تۆ .. خۆمی خۆمی .. تۆم دەوێتەوە ... !

لەجیاتیی تۆ . ئەو بە هاوارمەوە هات . چاوی خۆی کردبووە چرایەک و دایە دەستم . وەک ئەوەی بڵێ :

- بڕۆ بیدۆزەرەوە .

من لێم وەرنەگرت . وەک ئەوەی دڵم گەردی گرتبێ لە کراسەکەی کە کردی بە بەری تۆدا : ئەزانی بۆ من پێویستتربوو بۆ سەلماندنی بڕیارەکەی ئێستا .

تۆ لەپڕ لە ئاسۆیەکی دوورا دەرکەوتی .. دەتگوت وای بەسەر پشتی تیشکی خۆرەوە، دەست لەکەمەر وەستابووی ! وشەکانم دەبوونە باڵندەی جۆراو جۆرو بە گەشتنیان بۆ لای تۆ ڕۆدەچوون . ئا .. ڕۆدەچوونە خاڵە سوورەکە . تۆ لەوێوە ئەمەشت بۆ دەوتمەوە :

بەتۆوە هەم .. بێ تۆ نیم .. نی .. نی ....

من کاتێ وشەکانتم چنییەوە بچوک بوومەوە . بچوک بچوک .. تا گەیشتمە یەکەم هاواری ژیان بەناوکە داوەوە ، بەڵام هەر ڕووت بووم .. ئەو .. لەم کاتەدا سەری سوورما ، تێگەیشت کە وجوودم ، دروست بوونم ، سەربەخۆ .. لەخۆمەوەیە .

بەڵام ئای ..! ئەوە چییە !؟ خۆ دایکیشم لیرە نییە هاواڕە چەقۆییەکانم بە شیرە خاوەکەی کپ بکا ، نا .. نا .. من لە دایک نەبووم . من وەک ئەو لە ئەنجامی کارلێک کردنی چەند گەردو گەردیلەیەک دروست بووم ! ئەوە نییە ؟ ئەمە خۆی بەڵگەیە کەمن بچووک بوومەتەوەو دایکیشم نابینم .

ئەو .. دوو قەترە ئاوی بۆ ناردم بۆ ئەوەی ڕۆژووی ژیانم پێ بکشێنێ و گەورەم کاتەوە . بەڵام بە گەیشتنیان بۆ سەر زمانم تفم کردنەوە ، تفەکەم بووە ئاوێنەیەکی سەوزو بەرەو مەنزڵگەی ئەو گەڕایەوە . کە خۆی لە ئاوێنەکەدا دی هەڵسڵەمییەوە . یەک تفی ڕەشی نووساندە ناو چاوانی خۆی . چونکە (نەیدەتوانی و نەیدەزانی بناغەی مرۆڤایەتی دابمەزرێنێ) .

بەپرتاو گلێنەی چاوەکانمی جێ هێشت . خۆی وون کرد .ونبوونێکی وا کە تا ئەمڕۆش بۆی دەگەڕێن بەڵام شوێنەواری نییە .

ئەو وشانەی لەکاتی تەنیاییەکەمدا ژنەوتبوونم دووتوێ بوونەوە .. کراسێکی سپی سپیی لێ هاتەدەرو چوو بە بەرمدا .. گەورە بووم .. گەورەی کردمەوە .. گەورە ..

تۆ کە منت بەو کراسەوە بینی بەرەو لام هاتی ، نزیک بویتەوە ، نزیک ، نزیک ، دەستت بۆ لام درێژکرد ، بەڵام دیم ڕەنگەکانی کراسەکەت وەک زەرنەقووتەی بەربارانێکی سارد هەڵدەلەرزین، لەرزە ، لەرز. خاڵەکەش سوورییەکەی نەمابوو . لەرزینەکەش بەهێزبوو . کە هەڵپەڕو داپەڕێکی تۆندی پێ کردی ، تۆ بەدەم ئەم هەڵپەڕو داپەڕەوە بناوانی بیرو هۆشت هەڵبەستە سەر زمانت و ئەمەت بۆ وتمەوە :

من جگە لەوەی تۆم دەوێ ، تۆشم خۆش دەوێ !

من وەک چۆن دەڵێن (لینین بەسات لەگەڵ سەمفۆنیاکانی بتهۆڤندا دەتوایەوە) توامەوە ، بەڵام لێت دوور کەوتمەوە ، دووری دوور ، پێت پێکەنیم. ئا .. قا.. قا.. پێت پێکەنیم . لەناکاوا ، لای ڕاستم بەلای چەپمدا وەرچەرخا .. لە وەش خراپتر من دوو کەرت بووم ، کەرتەکانی گیانم لە یەک دوور کەوتنەوە ، کراسەکەم هاتەدەرو لای چەپم سەوز هەڵگەڕا ، من ڕووت بوومەوە ، ئا..ڕووتێکی دوو لەت ، دەستی ڕاستم شاڵاوی بۆدەستی چەپم هانی! گوشی .. توند .. زۆر توند .. بەڕادەیەک کە هەموو سەرپەنجەکانم تەقین ، سەیر لێرەدابوو جگە لە سێڵاوێکی سەوز هیچی تری لێ نەهات . ئا .. سەوز .. سەوز ؛ هەر لە چاوەکانت دەچوو ، من دەمخواردەوە کەچی تۆ ترسای ، بەپەلە بە ئاسۆکەی خۆتا هەڵزنایتەوە..دەستەکانم لێک ترازاند ، هەردوو پارچەکەی گیانم کەوتنە سەر زەوی ، هەڵچوون و داچوونی سێڵاوەکە پارچەکانی گیانمی بەرزو نزم دەکردەوە ، هێواش هێواش لەیەک نزیک دەبوونەوە ، نزیک ، نزیک ، تا..یەکیان گرتەوە ، بەڵام هەر ڕووت بووم .

پارچەکانی کراسەکەم لەناو سێڵاوەکەدا دیارنەمابوو . خۆشم لەناو سێڵاوەکەدا ئەم دوو سێ ووشەیەم دۆزییەوە:

(بەتۆ وەهەم بێتۆ نیم) ؛

وەک پەیکەر داتاشرابوون سوور .. سوور .

بەڵام وشەکانی تۆ خۆڵەمێشی هەڵگەڕابوون .

سەمای ئاوابوونیان دەکرد ، بە جۆرێ کە دڵی منیان کردبووە لیتەی بەرپێیان . منیش وەک دەرەختێکی ڕووتاوەی بێ دڵ دەلەرزیم . سەرمایەکی توند لە وشەکانتەوە هەڵی کرد هەرچی گیانم بوو تەرەکاندی . ئای .. چەند سەیربوو دەتگووت لە کێوی سەرسەرپم (١) . گیانم یەک پارچە بووە قڵیشی زل زل ، دەمیان کردەوە بەلام هەر خوێنیان لێ نەهات جگە لە لینجاوێکی سەوز . لەبەر ژان خەریک بوو ئاگام لە خۆم نەمێنێ . کە لە سێڵاوەکەوە کراسەکەم هاتەوەدەر یەک پارچە ئاگری پرتەقاڵی بوو ؛ لەسەر لای چەپی پڕی چنگێ گڕی ئەرخەوانیی لەسەربوو ؛ دەتگوت گوڵی بەخەیە. چۆوە بەبەرمدا ، ژانەکانم هێور بوونەوە . کەچی! تۆ لە گیانی ئاگرینی من تووڕە بووی ، کراسەکەی ئەوت داکەندو فڕێتدایە ناو سێڵاوەکەی گیانی من ، تۆ ڕووت بویتەوە ، بەڵام سێڵاوەکە کراسەکەی خۆ نەگرت و فڕێی دایە دەرەوە .. ڕەش هەڵگەڕا ، ئا .. لەگەڵ بەرزبوونەوەیدا .. ڕەش هەڵگەڕا .. بەرز بۆوە .. بەرز بەرز ؛ تا ئەو شوێنەی کە سەرەتا من و تۆی لێبووین . کەچی! تۆ هەر دوورەدەکەوتیتەوە ، منیش بەرەو لای تۆ دەکشام . هەر بە دواتەوە بووم ، دەمویست بەم ئاگرەی گیانم تۆش سەوزو پیرۆز بکەم ؛ لەپڕ کەوتم . کە هەستامەوە تۆ ئاوا ببووی .. ئاوا ..

﴿٢﴾

خۆمم .. خۆمی خۆم ..

بۆیەش سەری خۆم هەڵدەگرم و لەناو جیهانی خۆمدا دەگەڕێم ، من تەنیا ، تۆش ئاوا . ئەویش وون . ژیانیش دەریایەکەو سەرشێتتر لە جاران ، سواری کۆڵی شەپۆلی لێکدابڕانمان دەکا . بۆ تەنیا ساتێکیش چییە نایەڵێ سەتار بگرین و قاوەی ئارامی بخۆینەوە .

لە ئاوابوونت .. هێندە بێزارم کە ڕۆژانە پەنجەکانی خۆم دەجوومەوەو کردوومنە خۆراکی هەمیشەییم ؛ چونکە مۆری پەنجەکانی تۆی پێوەیە ئەو لای ئەوان چروزەی شینی بازنەیی دەردەکرد لە کێڵگەی بێ شوێنەواریدا ، بە جۆرێ کە منیان دایە بەر نەحلەت و نەفرەت لەبەر ئاگری کراسەکەم .

سالانە دێن و حەوت بەرد لە پەرستگەی بیری نەگۆڕو سەوزم دەگرن ، دەڵێن تۆ دەبێ بسووتێی، لەحەوت تەبەقەی دۆزەخدا ببرژێی . منیش قا .. قا.. پێیان پێدەکەنم . ئاخر من کە ئاگر بم ئیتر چۆن دەسوتێم ؟!

دەزانی .. ئا..دەزانم .. تۆش چاک دەزانی : کە ئەو لەسەر زەوی سەرەتا بەردی نەحلەتی لەمن نەگرت . کەچی ئەمڕۆ تۆش بە چاوێکی زەردەوە سەیری ئەو سەرەتایە دەکەیت و ئەوانیش بە دەوری بەردا دەسووڕێنەوەو بەردیش لەمن دەگرن.

زەوی ، زەویی سەرەتایەو منیش .... وێڵ و پەتیارەو ماندوو بە دواتا ئەسوڕێمەوە ، خواردنم بیرەوەری و ئاویش ئارەقەی ماندوبوونمە دەیخۆمەوە . دەستم کردەوە بە جوینەوەی پەنجەکانم چونکە مۆری پەنجەکانی تۆیان پێوەیە . کەچی لەکاتی جوینەوەی پەنجەکانمدا پەراسوی ڕاستم دەرتۆقی و گەورەبوو .. گەورە، تا دەهات شێوەی مرۆڤێکی شل و پلی بەخۆوە دەگرت . شەپۆلی نەرمایی جەستەی لەخوارەوە بۆ سەرەوەو لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەهات و دەچوو . لەمن جیا بۆوە و لە پەنامەوە قوت بۆوە . سەیربوو.. ڕەش هەڵگەڕا، بەرە بەرە سیمای تۆی لە ڕوو دەنیشت . ئا ..راست وابوو! ئەوە نییە ئێستاش (هو) بۆ هەردووکتان بەکار دێ ؟ کە ئەو بوو بە تۆ ڕاپەڕیم .. چاوم بە سەرو سیمایدا ڕوا ، باوەڕ بکە هەر لەتۆ دەچوو بەڵام چاوەکانی سەوز نەبوون . هەر لەم کاتەشدا تێگەیشتم کە ئەو بێ خاڵی سوورو ڕەنگی سەوز ، بێ ئێش و ئازار لای ئێمە دروست دەبێ .

من لەبەر نەبوونی چاوە سەوزەکان لێی دوورەدەکەوتمەوە بەڵام ئەو بەرەو لام دەهات..نزیک دەبۆوە..پێدەکەنی! دەستی بۆ درێژ دەکردم .. بەڵام سەیربوو دەستی ڕاستی زەرد هەڵگەڕا .

من دوور کەوتمەوە ، دووری دوور .. ئەم دەیویست ئەو تەنیاییە ئەزەلییەی دڕێبدەم چونکە هەر خۆمی خۆمم . ئینجا بەدەستە زەرد هەڵگەڕاوەکەی لەسەر هەموو دوورگەکە نووسیی :

دەمەوێیت ..

من چاوم کە ئەو ووشەیەی هەڵگرتەوە ،

چەخماخەی نەعرەتەی وتەکانی تۆی لەناخمدا بەرز دەکردەوە کە دەت ووت :

من جگە لەوەی تۆم دەوێ ؛ تۆشم خۆشدەوێ !

بۆیەش کشامە دواوەو گریام . زۆر گریام . دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوم بەربوونەوە ، یەکێکیان کەوتە سەر زەویی دوورگەکەو هەموو زەویەکەی سەوز هەڵگەڕان ، ئەوی تریشیان بووە کڵپەیەک و خۆی بە ئاسمانی دوورگەکەوە هەڵواسی . ئەو چاوێکی خێرای بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا . لەسەر زەویی دوورگەکە بەرز بۆوە و لە بازنەیەکی شیندا خۆی حەشاردا . جارەجارەش لەمنی دەڕوانی . من سکی خۆم هەڵدڕی . خاڵەکەی ناو سنگم دەرکەوت . سەوز . سەوز داگڕا بوو .. کە خاڵەکەی منی بینی لە جێی خۆی قوت بۆوە و ڕەنگی دەستە زەرد هەڵگەڕاوەکەی چۆوە، ڕەش هەڵگەڕا ، سیمای تۆیشی لەڕوودا نەما . بووە تارماییەکی ڕەشی زل زل .. لەو بازنە شینەدا . خاڵەکەم گەورە بوو .. گەورە .. ڕەنگەکەی تێڕو تێڕتر دەبوو.. دەڕەڕییە دەرەوە و تەقییەوە .. کەچی تۆی تیابووی ! تۆ بەچاوی سەوزو خاڵی خۆڵەمێشییەوە . گیانیشم بووە تۆپەڵە ئاگرێک و گەش گەش لەسەر سەرت ئەسووتام . ئەو چنگی بەخۆڵی ئەم دوورگە سەوزەی منداد دەکرد ، دەیویست بیبا بۆ ناو بازنە شینەکەی خۆی ، تا ئەویش وەک من تۆی لێ دروست بکا ؛ بەڵام نەیدەتوانی چونکە مەعنەوی بوو . مەعنەوی بوونەکەی بە جۆرێ بوو کە هەتا هەموو دوورگەکە بەناو گیانیدا دیواودەر دەبوو .من بە زەییم پێیدا هاتەوە، بەڵام ئەو ترسا ، دوور کەوتەوە . من نزیکتر بوومەوە ، بەڵام ئەو بە پەلە بە بازنە شینەکەیدا هەڵزنایەوە ، لەوێوە لەمنی ڕوانی .

من کەمێ قوڕو گڵم لەسەر یەک کەڵەکە کرد ، هەتا دیسان وا بە دەستمەوە هات کە پەیکەری تۆی لێ دروست بکەم ؛ کەچی سەیر..!ئەو لەوێوە پەنجەی هەڕەشەی لێ هەڵبڕیم کە دەبێ بەم ئاگرەوە سەری کڕنوشت بۆ دانەوێنم .

دەزانی ئەو کاتەی کە ئەو بە زۆر سەری کڕنوشی بۆ تۆی تۆپەڵەقوڕ پێ دانەواندم،من بێزم لێت دەهاتەوە لەبەر ئاگری کراسەکەم . بەڵام ئەمڕۆ بۆ دروستکردنی هەر تۆیەک ، یان هەر خۆمێک لە خۆما ، بێزوو بەخاک دەکەم .

من تکە تکە ڕژامە گیانتەوە ، تۆش بەرە بەرە ڕەنگە خۆڵەمێشیەکەت چۆوە .

من و تۆو ئەویش من دروستکەرتانم . ئەمجارەیان نایەڵم هەڵەکان دووپات ببنەوە ، جەنازەی قابیل و هابیلە کوژراوەکان ناژمێرین ، چونکە من و تۆی مرۆڤ خوڵقێنەری ئەوین .

دەزانی کاتێ لەسەر زەوی سەرەتا ڕووت و قووت دەسوڕاینەوە ، ئەو هیچ بەرنامەیەکی بە من و تۆ نەدا پەیڕەوی بکەین ؟ لە کاتێکدا کە پەروەردەکراوی دەستی ئەوین . کەچی سەیرە سەیرە ! ئەوان لەدایکێک بوون لەسەر ئەم دوورگەیەو خاوەن دەسنووسی ئەویشن . سەیرە ! !

بیرەوەریەکانمان پێیان هەڵگرت . لە هەموو سوچێکی ئەم دوورگەیەوە بەرەو لامان هاتن . بوونە گوڵە وەنەوشەو لە دەورمان ڕوان .

بەردەکانی تێیان گرتبووم یەک پارچە بوونە ئاگر ، بەرز دەبوونەوە .. دەسووڕانەوە.. لەولای من و تۆوە لەسەر یەک کەڵەکە دەبوون..کۆشکێکی لێ دروست بوو .. ناوی ئاواشی لەسەر سەریەوە نووسرا !

(ئاهـ .. ساتەکانی سەرەتات بیرە؟ کە تۆم بە هەموو ژیانم دانا ، سات بەساتیش بەتەمابووم لەگەڵتدا بتوێمەوە . تۆ سڕینەوەش لای من مەرگ بوو . ئەم ئاوایەش ..

-وەرە بچینە ئاوا

-ناتوانم

-بۆ ؟!

-....

-ئاخر حەزدەکەم .

- منیش حەزدەکەم لە ئەگەری بینینەوەماندا بێ .. کۆتایی ئەم سەرەتایەمان بێ ...

-....

کە ئاگرەکەی سەر سەرت تەواو بوو .. تۆ سەوز سەوز ببووی ، ببوویتە بەردی (سەبرۆکەو بەدرۆکە). هەردوای هەڵڕشتنی خەمی باوەڕی ئاگرینم بۆ گیانت تەقییتەوە.. خۆت لای ڕاست دروست بوویتەوە بە خاڵی خۆڵەمێشییەوە ، منیش لای چەپ بەخاڵی سەوزەوە .

دەزانی ، ئا.. دەزانم .. تۆش چاک دەزانی کە

من چەپی چەپم و چەپبوونیشم هۆی نابوتیی ئەو دروست بوونەی تۆی سەوزە .

خۆ چەپ بوونم و سێوی تەفرە هۆکاری دروست بوونی تۆ نییە لەخۆما ، من خۆم سروشتم وایە کە تۆ بە سەوزی لەخۆما دروست دەکەم .

من سەری کڕنوشم بۆ پەیکەرەکەت دانەواند ، بانگی یەکەم نوێژم هەڵداو ئەمەم بۆ وتیتەوە : بێجگە لەتۆ ... بادەی هیچ کەس

هەرگیز .. هەرگیز ناخۆمەوە (٢)

فرمێسکەکەم لە ئاسمانا بووە هەور . نمە .. نمە لەکاتی نوێژەکەمدا بەسەرمدا باری ؛ یەک پارچە گیانمی کردەوە ئاگر .

ئەو کە ئەمەی دی هەڵسڵەمیەوە . خۆی وون کرد . ونبوونێکی وا کە تا ئەمڕۆش بۆی دەگەڕێن بەڵام شوێنەواری نییە . کەچی ! ئەمڕۆ دەبێ سەری کڕنوشی بەرپێی ئەو شوێنە وونەبم . ئاخر خۆ زەوی سەرەتا بەڵگەی نەبوونی کڕنوشی منە بۆئەو. بایەک لە گوڵەکانەوە هەڵی کرد ، سەرتاپای تۆی ئەرخەوانی هەڵگەڕاند، منیش ئاگری کراسەکەم بڵێسەی زیاتری سەند، بەقەد بالای ئاوا . پەیکەرەکەت بەرەو ناو کۆشکی ئاوا کەوتە ڕێ . گوڵەکانیش دوو دەسماڵەی ئاوایی تۆیان بۆ دەگێڕام، ئەم بەستەیەیان دەوتەوە :

کوا ؟

هەر تۆ .. هەر تۆ.. زۆرم بۆ هاتووە .. هەر تۆ!

ئاوا بە لە خۆگرتنی پەیکەرەکەت کەوتە لەرە لەرو سەما، سەماکەی توند بوو .. توند . لە کچێکی هیندیی سەماکەر دەچوو، لە جێی خۆی هەڵکەندرا . یەکپارچە بووە ئاگر . بووە خاڵێ،گەورەو... بچووک دەبۆوە .. گەورە ، بچووک .. لە پڕ تەقییەوە ، تۆم تیا نەدی ...پڕبوو لە پیت !ئاوا تۆی وردکردبۆوە چونکە تەنیا بووی ، ئا.. ببوویتە ئەو (ن.ا) یەی کە بوونی مرۆڤی سەلماند . پیتەکانیش سێ بوون . سپی دەچوونەوە ، سپی .. سپی .. جگە لە پیتی (خ)کە سێ ڕەنگ بوو .. سەوز .. خۆڵەمێشی ، ڕەش.. بارین .. بەسەرماندا بارین .. بە تەوژم بارین .. تا سەرسەرم هاتن . بوونە ئاو منیش لە ناویاندا تواموەوە . بەڵام پیتی (خ) نە چۆوە و نەشتوایەوە...هەموو دوورگەکە بووە . لافاوێکی سپی .

خۆ ئەویش لەسەر زەوی سەرەتا من و تۆی فێری ئەو پیتانە کرد . بەڵگەشم تاقیکردنەوەکەی نێوان تۆو ئەوانە ، کەچی ئەمڕۆ کە دروست دەبینەوە لای ئەوەوە دێین و پیتەکان ناناسین .

لە سەوزەکان من دروست بوومەوە ، تۆش نیوە سەوزو نیوە خۆڵە مێشی دروست بویتەوە ، ئەویش لە ڕەشەکان دروست بۆوە . وەک تارمایی بەرە بەرەش ئاوا دەبوو ..ئا.. ئەو لە خاڵێکی بازنەیی شیندا ئاوابوو . من وورده وورده لەتۆ نزیک دەبوومەوە . ویستم شاڵاو بۆ دەستەکانت بێنم تا مۆری سەر پەنجەکانمی پێ تۆخ بکەمەوە .. کەچی سەیر بوو .. تۆش مەعنەوی بووی وەک ڕۆحم .. بە دەست تۆم بۆ نەدەگیرا ! دەستەکانم لەناو گیانتا دیواودەر دەبوون . کەچی ! کەچی ! تۆ پێکەنیت!

هاتیتە ناو گیانم .. ونبووی .. من حەپەسام.. سەرم سوڕما.. لەگەڵ خۆمدا قوولبوومەوە.. گوێم بۆ دەنگەکانی ناخی ناخم رادێرا .. ئەم بەستەیەت لەناو گیانمدا دەوتەوە :

من ڕۆحم .. تۆ گیانیت..

من گیانم و تۆ ڕۆحیت

جیابونەوەمان مردنە ..

بەیەک گەیشتنمان ژیانە .نە .نە..(٣)

من وەک ماخۆلانم گرتبێ بە دەوری خۆمدا دەسووڕامەوە . پێم وابوو ها ئێستا ، ها تۆزێکی دی ، تۆی مەعنەوی دێیتەوە سەر زەوی ،کەچی ! کەچی .. هەر دیار نەبووی لەپڕ ژان گرتمی و سووڕامەوە .. نۆمانگ .. نۆساڵ .. هەزاران ساڵە دەتەقێمەوە کەچی هەر تۆم لێ دروست دەبێتەوە .


پەراوێز:

١.١-کێوێکە لە جەهەنەم .

٢.گۆرانییەکی بەهجەت یەحیایە .

٣.پارچە شیعرێکە لە گۆڤاری بەیاندا بوو ئێستا هەر لە زهنمدایە . بە داخەوە لەیادم نەماوە هی کێیە و ژمارەی گۆڤارەکەش چەندە ؟

حوزەیران و ئەیلولی ١٩٩٦
سەقز



دلاوەر قەرەداغی

« گەورەم جەنابی ژەنراڵ بێ خەم بنوو، وائیتر ئەوان ڕۆیشتن، مالئاوا ...دەریایەکی هێمن و سەفەرێکی خۆش ... وائیتر شەڕو گێچەڵ پێکردن کۆتایی هات ..! بەڵام ژەنراڵ ڕودریگۆ دی ئەگیلار بەیادی هێنایەوە : نەخێر گەورەم جەنابی ژەنراڵ.. هێشتا ئاژاوەو شەڕو شۆڕ بنەبڕ نەبووە ، چونکە تا ئێستا منالەکان هەر هەن !! بەتوندنی کێشای بە نێوچەوانی خۆیداو گوتی :تف! «

لە ڕۆمانی« پاییزی پەتریارک »ی گابرییل گارسیا مارکیزەوە.

ئەو ڕۆژە شا جەمشید ی وەجاخ زادە سەرجەم مەملەکەتی بۆ زەماوەندەکەی شەوی سەری ساڵ دەعوەت کرد ، ئەو زەماوەندەی کە هەشتا ساڵ لەوەو بەر ؛ هەر لەو کاتەوەی لە ڕەحمی دایکیا بوو بیری لێ دەکردەوەو پلان و نەخشەی هەمە ڕەنگی بۆ دائەڕشت. کارتی جۆراو جۆرو ڕەنگاو ڕەنگ بە هەموو لایەکی مەملەکەتا ڕەوانە کرا؛ کەسێ نەما کارتێکی ئەو دەعوەتەی بەناوی خۆیەوە پێ نەگشتبێ ، منالی شیرە خۆرەو کوڕو کاڵ و پیرەمێرد و پیرە ژنانی سەر لە گوێی قەبر لەرزیو... تەنانەت مردوانی گۆڕستانە گەورەکەی مەملەکەتیش لەو کارتە ڕەنگاو ڕەنگانە بێ بەش نەکران! هەر مردوویەک و لە ڕێی بەڕێوەبەرێتی پۆستە لە ڕادە بەدەر پەرەسەندوەکەی دەوڵەتەوە کارتێکی دەعوەتی شەوی زەماوەندەکەی بە ناوو نازناوی خۆیەوە پێ گەییشت.. کاتێ مردووەکان کارتەکانیان وەرگرت ، بە گاڵتە جاڕیەکی

مردووانەوە تێی وردەبونەوەو پاشان وردە وردیان دەکرد، دواتر بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە لێی دەنووستنەوە... بەشی زۆریشیان زەحمەتی

ئەوەیان بەخۆ نەئەدا ، ڕاست بێتەوەو کارتەکە وەرگرێ ، پێ دەچوو ئەوە بەلایانەوە کات بەفیڕۆ دان بێ، بۆیە هەر یەکسەر وەلامێکیان بە (نا) دەدایەوەو لێی دەنووستنەوە...

ئەو منالانەش کە هێشتا لە ڕەحمی دایکیانا بوون و دوومانگ ...سێ مانگ.. چوارمانگیان.. تەواو نەکردبوو ،پاش کردەیەکی ئاڵۆزی نەشتەرگەری لەسەر دایکەکانیان و لەو نەخۆشخانەیەدا کە دکتۆرە چاوشینە سەر ڕوتاوەکە بەڕێوەبەری بوو ، هەریەکەو کارتێکی بەناوی خۆی و باوک و باپیریەوە پێ گەیشت .. ناچار کاتێ لەدایک بوون هەر بەو ناوەوە ناونران کە لەسەر دەعوەت نامەکە تۆمار کرابوو، خۆگەر ناوی باوکی یان باپیری یەکێکیان لەو ناوە نەچووایە کە لەسەر ڕووی کارتەکە نووسرابوو؛ ئەوا دەبوایە باوک و باپیری ئەو منالانە بکەونە مامەڵەی گۆڕینی ناوەکانیان، ئەم مامەڵەی ناو گۆڕینەش هەروا ئاسان و بێ ئەرک نەبوو، زۆری دەویست و دەبوو

بە ئارامەوە ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنرێ ، هەندێ

لەوباوکانەی (بێ ئارامانە) دوای مامەڵەی گۆڕینی ناوەکانیان کەوتبوون؛ خۆیان پێ نەگیراو هەریەکەیان بە شێوەیەک خۆی کوشت.

کاتێ منالەکان دوای ئەو نەشتەرگەری یە ئالۆزە دەعوەت نامەکانیان لە ڕەحمی دایکیانا پێ گەیشت ، سەرەتا ترسان؛پاشان سەریان سوڕما ؛دواتر پێیەوە ڕاهاتن و ڕەسم ڕەسمێنەیان پێ دەکرد ، شەوانە کاتیان پێوە دەکوشت و تەنهایی خۆیان پێ دەڕەواندەوە .

هەموو مەخلوقاتێکی مەملەکەت ؛ بە سەگ و پشیلەو گورگ و مانگاو گوێ درێژوو ماین و ئەسپ وکەروێشکەوە؛ بەڕیشۆڵەو کۆتر و چۆلەکەو پەڕەسێلکەو شەمشەمەکوێرەو کوکوختی‌یەوە..دەعوەت نامەی زەماوەندەکەیان بە دەست گەیشت، تەنانەت کارتی دەعوەت نامە بۆ ئاژەڵ و پەلەوەرە کێوی و درندەکانیش نێردرا! بەڵام بەڕێوەبەری گشتی پۆست دڵنیا نەبوو لەوەی کارتەکانیان بە دەست گەییوە .. یان نا ؟! ئەمە بەڕێوەبەری دوو دڵ و خانە گومان کرد.. بە ڕادەیەک نیگەرانی کرد کە سەرجەم کارمەندانی دائیرەی پۆستی لە کارەکانیان دەکردو خەڵکی تری لە شوێنی ژەوان دامەزران . کارتی جۆراو جۆرو ڕەنگاوڕەنگ بەدارو بەردی مەملەکەت گەییشت، لە هەر کارتەو وێنەیەکی ئەفسانەیی کێشرابوو ؛ بەهرەمەندترین هونەرمەندی وولات قەڵەم کێشی کردبوون؛ وێنەی هیچ کارتێک لە وێنەی هیچ کارتێکی تر نەئەچوو، ئەو کاتە کەس لەو وێنانە نەدەگەییشت ، هەرچەندێ تێ‌ی ورد دەبوونەوەو ڕاقەو مانای تایبەتییان بۆ دائەنا ؛ بەڵام هەر زوو لەو مانایانە پەشیمان دەبوونەوە و سەرلە نوێ بەدوای ڕاقەو مانای ترا دەگەڕان ، تەنانەت زانایانی دەرون و پسپۆرانی کۆمەڵناسی و مامۆستایانی زمان و فەیلەسوفەکان ،شاعیرو نووسەرو هونەرمەندو. فاڵچی و دەرویشەکانیش پاش تەماشا کردنێکی وردی وێنەی سەر دەعوەت نامەکان ، هەموو بەیەکەوە چاویلکەکانیان دا ئەگرت و ئەکەتنە سەر خوراندن .... ئەوانیش لە مانای ئەو وێنانە حاڵی نەدەبوون ...

بەڵام : دوای سەدەو نیوێک و کاتی منالان لەسەر شۆستەی شەقام و کۆچەو کۆڵانەکانا قوماریان پێ دەکرد، دوای سەدەو نیوێک و کاتێ هەرزەکارە لە هەموو شت بێ بەشەکان بە نهێنی لەگەڵ خۆیانا ئەیان بردە ئاودەستەکانەوە و بە دیاریەوە خەویان لێ دەکەوت، دوای سەدەو نیوێک و کاتێ کیژۆڵەکان بە دزی براکانیانەوە بە ڕووت و قووتی بەرانبەری دائەنیشتن و تا دایکیان سێ چوار هاواری لێ نەکردنایە وە ئاگا نەدەبوونەوە ، دوای سەدەو نیوێک و کاتێ تازە بووک و زاواکان دەیانگرتە چوار چێوەو لە ژوور وێنەی بووک و زاوایەتیەوە هەڵیان دەواسی، دوای سەدەو نیوێک و کاتێ ئافرەتان لە موبەقدا بە سنگ و مەمکی خۆیانەوە دەنووسان و تا بۆ کڕوزی سوتانی خۆراکی سەر ئاگرەکە وە ئاگای دەهێنانەوە ،

ئەوسا لە سینگ و مەمکی خۆیان جیایان دەکردەوە .... ئەو کات حاڵی بوون کە ئەو وێنە ئەفسانەیی‌یانە، وێنەی شاجەمشیدی وەجاخ زادەن کاتێ لە ڕەحمی دایکیا بووە، ئەو کاتەی وەک مەلەوانێکی ئازا لە ڕەحمی دایکیا مەلەی دەکرد ، بەسەعات زیاتر لە ژێر ئاوەکەدا خۆم نوقم دەکردو پاشان کوت و پڕ خامۆشی گۆمەکەی دەشڵەقاندو شاگەشکەو خەنی سەری دەهێنایەوە دەرێ ... جۆرەها شێوەی مەلەی دەزانی، بە درێژایی و پانی گۆمەکەدا دەهات و دەچوو، تا ڕۆژێکیان بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ ببووە نەهەنگێک و ئیتر تین و تاوی ئەو گۆمە تەنگ و تروسکەی نەما، جگە لەوەش برسێتی و تەنهایی زۆری بۆ هێنا ، گەرمای ئەو گۆمە دەتگوت کورەیەو گیانی دەسوتان، چاوەکانی دەبرژانەوە... خەریک بوو کوێر دەبوو! هەندێ لە دێوەرەو فاڵچیەکان دەڵێن : شا جەمشید چاوێکی لەو گەرمایەدا تواوەتەوە، هەندێکی تریشیان پێیان وایە : شاجەمشید لە کاتی ڕاونانی ئاژەڵە دڕندەکانا تیرێ بەر ئەو چاوەی کەوتووە و کوێری کردووە ؛ هەیشە ئەڵێ : شەوێکیان لە هەندەران ئەو چاوە دەکاتە دیاری بۆ جوانترین کچی پاریس بەرامبەر ئەوەی ئامادەبێ تا بەیانی لەگەڵیدا بنوێ ... هەندێکی تریش ئەڵێن : ئەو چاوەی بە یاریی سێ ڕسکێن بە سەرکردەی سوپا دۆڕاندووە ... تا ڕۆژێکیان پیرەژنێکی نورانی لە بازاڕە گەورەکەی شارا دەرکەوت و سەرنجی

خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، پیرەژنێک کە چاوێکی ڕاستەقینەی کردبووە ملوانکەو بە گەردنیدا شۆڕ ببۆوە، کە خەڵکی تێی وورد بوونەوە؛ چاوەکە تەواو بە چاوی چەپی شا جەمشید دەچوو .. چاوەکە بە ملوانکەکەوە بە ڕقەوە سەیری خەڵکی دەکردو هەر ئەوە نەبوو لە گلێنەکەیەوە دەڕپەڕێ .

خەریک بوو بە تەواوی کوێر دەبوو، ئەو گەرما هەڵپۆکێنە برسێتی و تەنهایی بیر بردبۆوە، ئیدی وزەی نەماو لەوە زیاتر نەیدەتوانی بەرگە بگرێ ... تا نیوەشەوێکیان وەک شێرێکی تەواو برسی ناو دارستانێکی چۆڵ لە درەخت و گەڵاو گیانلەبەرو گوڵ ، نەعرەتەیەکی کێشا ... کێ هەیە لە مەملەکەتا بڵێ من ئەو نیوە شەوە گوێم لەو نەعرەتەیە نەبووە ! ! گەر وابڵێن درۆ دەکەن .. ئەو نەعرەتەیە بە بومە لەرزەیەک دەچوو کەتەنانەت ژمارەیەک ئەستێرەی نوستووی ئاسمانیشی خستە خوارەوە .. وای لەو نەعرەتەیە ! ! ئەو نەعرەتەیەی کە بەو نیوە شەوە مێژوو نووسە پیرو خەڵفاوەکەی لە خەو وە ئاگاهێنایەوەو پەڕە موچەکەی پێ هەڵگرت ، تاکو ئەو نەعرەتەیە لە سالنامەو ڕۆژ ژمێرەکانی دەوڵەت دا یا داشت کا، وای لەو نەعرەتەیە ! ! ئەو نەعرەتەیەی کە بەو نیوەشەوە هەموو ساوا شیرە خۆرەی ناو بێشکەکانی لە خەو هەستان و هەموو بەیەکەوە دەستیان کردە گریان ؛ هەموو دایکی ساواکانیش بەیەکەوە کەوتنە لایلایەو ڕاژەنینیان ...، وای لەو نەعرەتەیە ! ! ئەو نەعرەتەیەی کە بەو نیوەشەوە هەموو کۆتری ناو هێلانەکانی تەرەکردو تا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە .. جیرەی پەڕە موچەکەو گریانی ساواکان و لایلایەی دایکان و تەقە تەقی بێشکەکان و دەنگی باڵە فرەی کۆترەکان ، تەنها ئاوازێ بوو کە دوای چل مانگ و بیست و نۆ ڕۆژ مەلەی بەردەوام ، کە دوای ئەوەی لەو حەوزە ئەفسوناوییە هاتە دەرێ.. یان بابڵێین هێنایانە دەرێ ،گەیشتە گوێکانی شا جەمشید... ئەو دەنگە سەرسامی کرد ؛تۆقاندی .. لە ترسا بێدەنگ بوو، ئەو ئاوازە مۆتەکە یەک بوو چووە کونە گوێکانیەوە، تا ناچار بوو بۆ ئەوەی ئەو ئاوازە لە خۆی دوور خاتەوە ، گوێکانی بە قیر سواغ دا ، بەڵام بەهۆی گرنگی هەستی بیستن بۆ یەکێکی وەکو ئەو ؛ دوای ماوەیەکی کەم لەو کارە پەژیوان بۆوەو قیرەکەی لە کونە گوێی دەرهێنا .. بەڵام کاتێ قیرەکەی دەرهێنا ،نەک هەر جیرەی پەڕە موچەکەو گریانی ساواکان و لایلایەی دایکان و تەقە تەقی بێشکەکان و لایلایەی دایکان و تەقە تەقی بێشکەکان نەدەبیست .. بەڵکو هیچ شتێکی تریشی نەدەڕ نەوت ! ! !

یەکەم جار دڵنیا نەبوو لەوەی کەڕ بووبێ؛ تا لەژێر دەستی دکتۆرە چاوشینە سەر ڕوتاوەکەدا بە چەند ئەزمونێکی پزیشکیدا تێپەڕی ... ئەوسا دڵنیا بوو لەوەی کە بەتەواوی کەڕ بووە.

(ئای جەنابی شا جەمشید.. شەرم مەکە ! من سێ شەو بوو لەبرسانا نەنوستبووم ، لەنێو بێشکەکەما خۆم ڕادەپسکان و برسێتی هێزی گریانی لێ سەندبوومەوە، ئەو شەوە تاوێ چاوم چووە خەو، خەوێکی خۆش .. ئێستاش لە بیرمە... ببوومە ئەستێرەو ئاسمان حەکایەتێکی خۆشی بۆ دەگێڕامەوە ، حەکایەتێ کە برسێتی بیر بردبوومەوە؛ بەڵام جەنابی پادشا ! حەکایەتەکە نەگەییبووە کۆتایی کە تۆ نەعرەتە ناقۆڵاکەت کێشا ! ، ئای جەنابی شاجەمشید هەرگیز ئەوە لە دڵم دەرناچێ ، تۆ بووینت لەو خەوە ئەستێرەییەت کردم ،نا.. ڕام مەژەنە ! لەشەرمدا ڕام مەژەنە ! تازە سوودی نیە ! من لەو شەوەوە تا ئێستا پێڵوم لێک نەناوە، نەک هەر من ... هەموو ساوای ناو بێشەکانی تریش لەو شەوەوە تا ئێستا پێڵومان لێک نەناوە... دەلاچۆ... ڕامان مەژەنە ! تا ئەو ڕۆژەی دەمرین ئەوەمان لە دڵ دەرناچێ .. بەڵام چۆن بمرین ؟ ئێمە نیو سەدەیە پێڵومان لێک نەناوە ...

چۆن کەسێ
دەتوانێ بمرێ کە نیو سەدە بێ نەنووستبێ... لاچۆ ! ڕامان مەژەنە ! سوودی نیە، تۆ تەنانەت مردنیشت پێ ڕەوا نەبینین! ! دەی وەرە تاقیکەرەوە، ئێمە واین لە بێشکەداو بە دەسترازە دەست و قاچمان بەستراوەتەوە، بواری لنگە فرتێ و خۆڕاتەکاندنمان نیە،دەی وەرە ..وەرەو دەست بنێرە بینە قاقامان .. بزانە دەمرین یان .. نا؟ من دەڵێم نامرین ! تۆ دەڵێی چی؟ وەرە با گرەوێ بکەین ! .لەسەر چی بکەین؟ لەسەر چاوەکەی ترت ... ڕازیت؟؟)

پوونا کیەکی توند چاوی ڕاستی پێ نوقاند، لەرزێکی سارد لە تەوقی سەریەوە تا قولە پێی ڕۆچووە گیانیەوە، دانە جیرەی پێکەوت ، وەک شەقشەقە دەلەرزی، خۆزگەی بە گەرما سوتێنەرەکەی گۆمەکە دەخواست .. بەرەو ئاگردانی ژورەکە ڕای کرد..دەستی،دەم و چاوی ،قاچی خستە سەر پشکۆ گەشاوەکان ... بەڵام هەر دەلەرزی .. ئەمجار کەوتە پشکۆ خواردن... پشکۆی لە ئاگردانەکەدا نەهێشت هەمووی خوارد؛ بەڵام زیاتر لە جاران دەلەرزی ..کوت و پڕ ئاوڕی دایەوەو بەرەو گۆمەکە ڕای کرد ، ویستی خۆی هەڵداتە ئاوەکە ؛ بەڵام هێزێکی شاراوە لە دواوە ڕایکێشا ، ئاوڕی دایەوەو ویستی ئەو هێزە شاراوەیە ببینێ.. قسەی لەگەڵدا بکا، کاتێ ئاوڕی دایەوە، بە دەنگێکی بەرز ، بەڵام نزم تر لە نەعرەتەی شێرێکی تێر دایە قاقای پێکەنین... پێکەنینێکی قوڵ و لەسەر یەک .. پێکەنینێ کە خەڵکانی ئەو پەڕی سنوری مەملەکەتیش گوێیان لێ بوو ...هێند پێکەنی ..تا لە پڕا کەوت و لە هۆش خۆ چوو ! !

وتیان : مردووەو خۆمان خۆش؛ وتیان : موعجیزەیەکی دێرینەو هەزار ساڵ کەڕەتێ ڕوو ئەدا ؛وتیان: برادەرینە ئاخر زەمانە، وتیان: ئەمە غەزەبی کوفرێکی گەورەیە ..وتیان.. وتیان... لەم سەری مەملەکەتەوە تا ئەو سەر هەر وتیان... (گەورەم جەنابی شا جەمشید نیگەران مەبە ! من ئەو نیوە شەوە ویستم هەموو شتێ لە نووکەوە تۆمار کەم ، تۆڕە مەبە ! دەبوایە ئەوەم بکردبایە ! ، بەڵام کاتێ دەستم دایە پەڕە موچەکە ئاخ...، سەیر نەبێ بەلاتەوە .. پەڕە موچەکەی دەستم بووە کونە پەپوویەک بە قەبارەی خۆم و بۆ سەقفی ژوورەکەم هەڵفڕی ، دەستەکانت ماچ دەکەم تۆڕە مەبە !ئای چەند ترسام!لە ترسا نەموێرا هاوار کەم ،توخوا لۆمەم مەکە ! ئاخر من و کونەپەپوویەکی وا هاریان لەو نیوەشەوە دا نەگوتووە، باوەڕ ناکەیت چۆن ئەو کونە پەپووە باوەحیزە لەو نیوەشەودا هەموو شتێکی ژورەکەمی ژێرە ژوور کرد،لەگێڕانەوە نایەت چ حەشرێکی پێ کردم ،بە دەنوکە پان و زلەکەی هەموو ئەو ووشانەی دەفتەرەکەمی لێکتری هەڵوەشاند کە هێشتا بستێ منارڵ بووم خەریکی نوسینەوەیانم،هەرچەند پارامەوە .. هەرچەند گریام سوودی نەبوو، ها بڕوانە ... بڕوانە چۆن چاوەکانمی هەڵکۆڵیوە؟ وەک دوو دەنکەترێبەلە زەتەوە قوتی دان، تف لەو نیوەشەوە ..بڕواناکەیت چۆن کەوتە وێزەم ! ئەوەی خوا پێی ناخۆش بێ پێی کردم ، شتێ وای پێ کردم لە گێڕانەوە نایەت ، ئاخر ..ئاخر شورەبیەیە.. شورەبیەیە بۆ پیرەمێردێکی وەک من ....،ڕووت و قووتی کردمەوەو ئەندامی نێرینەمی لەبنا قرتان و وەک مۆزێکی پاک کراو خواردی ... چی تر؟ ئێ جگە لەوە چیتر .. ناتوخوا زۆرم لێ مەکە.. ئاخر شورەبیەیە ! ... دابەزیە خوارەوەو بۆ سەر قەڕەوێلەکەم کێشی کردم ... خۆی بەسەرا دام و .. ئیتر دوای ئەوە ئاگام لە خۆ نەماو لە هۆش چووم.. بڕوا بکە ..نازانم چەند سەعات.. چەند ڕۆژ.. چەند مانگ.. چەند ساڵ بەبێ هۆشی مامەوە.. کاتێ وەئاگا بوومەوە،بینیم بنمیچی ژوورەکەمی بەقەبارەی خۆی شەقار کردووەو لێیەوە فڕیوە.. دەرگاو پەنجەرەی ژوورەکەم نەمابوون.. ببونە دیوار .. نەمزانی چۆن بچمە دەرێ و هەوایەک هەڵمژم ..وا ساڵانێکە لەو ژوورە بێ دەرگاو پەنجەرەیەدا هاوار دەکەم و کەسێ بە هانامەوە نایەت .. ئای.. جەنابی شاجەمشید..ئەو خەڵکە چەند بێ ڕەحمن! دەستەکانت ماچ دەکەم ڕزگارم کە .. وا مردم!)

پەنجا ساڵ دوای ئەو لە هۆشخۆچوونە سەیرەوە ئاگا بۆوە.. لە دەورو بەری خۆی وورد بۆوە، بەسەر سامی سەیری خەڵکانی ناو کۆشکی دەکرد ، پێ دەچوو یەکەم جاربێ بیانبینێ .. هەموو شتێکی بیر چووبۆوە، چەند هەوڵی دا شتێ بەیادی خۆی بێنێتەوە بەڵام بێ سەمەر بوو، زیاتر لە هەموو شتێکی تریش لە ئاو دەترسا، نەیدەوێرا تۆخنی ئاو کەوێ ، کاتێ بۆ یەکەم جار پەرداخێک ئاویان بۆ هێنا، تاتینوێتی پەنجا ساڵ لەوەو بەری لە هۆش خۆ چوونەوەکەی پێ بشکێنێ ... هەرکە پەرداخەئاوەکەی بینی ، ڕاپەڕی و بە خێرایی ڕوناکی خۆی شاردەوە، ئیتر لەو ساوە نە ئاویان بۆ دەهێناو نەحەمامیشیان بۆ گەرم ئەکرد، ناچار

هەموو بەلوعەکانیان بە لولەیەکی ئاسنی درێژ کۆلە داخست ، ئاویان لە حەوزە پان و پۆرەکەی کۆشکا نەهێشت و کردیانە شوێنی بە خێو کردنی کەڵەشێر و مریشک ، کانیاوە سازگارەکەیان بە چیمەنتۆ سواغ دا، کاتی باران بارینیش چەترێکی ڕەشیان بە ئاسمانی کۆشکا هەڵئەداو تنۆکە بارانێک چی یە بواری بارینی بەسەر کۆشکا نەما :

(ئای خۆزیا ئێوەیش وەک من مانگێک پاش ئەوە بتاندیبایە !..وای چەند ترسام.. یەکەم جار بوو هێندە بترسێم، یاخود لەمانای ترس بگەم، یەکەم جار نەمناسیەوە، خەریک بوو هاوار کەم ، بەڵام پێم بڵێن منێکی لاڵ چۆن و هاواری چی بکەم ؟ ئەو بوو .. ناسیمەوە ، بەرەو لای جۆلانەکەم دەهات ، ئەو جۆلانەیەی کە سااڵنێکە لەسەری دائەنیشم و بەدەم سەیر کردنی ئەستێرە خۆشەویستەکەمەوە خۆم ڕا ئەژەنم، ویستم هەستم و ڕاکەم، بەڵام منێکی گۆچ و ئیفلیج چۆن هەستم و بۆ کوێ ڕاکەم!.. هاتە پێشێ .. خۆی بوو .. تۆزێ ترسەکەم ڕەوی یەوە، لێم وورد بۆوە ، نەمئەزانی بەو دوومەڵە ڕەشەی لای چەپی ڕووخساری سەیرم دەکا ..یان بە چاوەساغەکەی .، ئەستێرەکەم فریام کەوە تۆ لە کوێی ! یەکەم جار هەستم بە بۆنێکی ناخۆش کرد، کە لە بۆنی تەرمێکی فڕێ دراو دەچوو ، پاشان بینیم دەکەڵێکی سپی باریک لە دوومەڵە ڕەشەکەی لای چەپی ڕوخساریەوە دێتە دەر، وای چەند سامناکە .. خۆزیا ئێوەش وەک من لەو ساتەدا بتاندیبا، بەگیانەوەرێکی مۆمیا کراو دەچوو .. سپی دەینواند ، ئای .. خەڵکینە ئێوە لە کوێن !بۆ نایەن بەشداری یەکی ئەو بۆنە گەنیوو سامی ئەو دوکەڵە سپی یەم لەگەڵا بکەن ؟ ئەی ئەستێرەکەم تۆ لەکوێ ی ؟ چەند دەترسام دووهێندەش بەزەییم پیایدا هاتەوە ... چەند سامناک و گوناح بوو ! ویستم دڵنەوایی بکەم ، بەڵام ئاخر چۆن ؟ چ بڵێم ؟ تەنانەت گەر هێزی قسەکردنیشم هەبوایە ، هەر بێ سوود بوو ... چونکە ئەو سااڵنێک بوو هیچی نەدەبیست ..کەواتە جیاوازی نیە .. گەر لاڵیش نەبوومایە هەرهەمان شت بوو .. ویستم هەستم وباوەشی پیا کەم ...بەڵام .. نەفرەت لەم دوو ئامێرە بێکەڵکەی لکاوە بە جەستەمەوە و ناویشی نراوە قاچ !!زیاتر لێم نزیک بۆوە .. پتر ئەو بۆنەگەنیوەم بۆن دەکرد.. پتر دوکەڵە سپیەکەی لای چەپی ڕوخساریم چاو دەکرد.. ویستم لوتم بگرم و چاو بنوقێنم ..بەڵام ئاخر چۆن !شورەیی یە .. هیچ نەبێ باوکمە ..لە نۆژن تەنها منێکی کەڕو لاڵ و گۆچ و ئیفلیجی بۆ ماوەتەوە ، نا.. شورەیی یە، ئاخ دایە چۆن سەیرم دەکا؟ وای دایە تۆ چۆن تەمەنێکت لەگەڵ ئەم پیاوە مۆمیا کراوەدا گوزەراند ؟ شەوانە چۆن بەرگەی ئەم بۆنەت دەگرت ؟ چۆن ئەو دووکەڵە سپیەی لای چەپی ڕوخساری کوێری نەئەکردیت ؟تۆ زۆر بەهێز بووی دایە ...، تۆ زۆر بەهێز بووی.، نا .. دەبێ زۆر گێل بووبی ! تف لەو شەوەی بۆ یەکەم جار پێکەوە نووستن و بەدەستی ی لەزەتێکی شێتانە منێکی کەڕو لاڵ وگۆچ و ئفلیجی بیر بردبونەوە ، خۆزیا ئەو شەوە لەوێ دەبووم ، ئاگام لێبا بمزانیبا چ دەکەن؟ چ دەڵێن ؟ نا شورەیی یە .. گەر کەڕیش نەبوومایە .. گوێم لێنەدەگرتن .. تەنها بینیبام .. جوڵەو تەپاو تل و ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوو گەمەی شێتانەی سەر سیسەمە پان و پۆرەکەم دیبا .. بم دیبایە چۆن دەم دەنێتە دەمت و وەک گیانەوەرێکی کێوبی دەیەوێ بتخوا .. دایە دڵنیام تۆ ئەو شەوە کەرۆشکێکی کەوی‌بوویت و ئەویش ئەژدیهایەکی زەبەللاح .. ئای خۆزیا بم دیبایە چۆن قوتت دەدا !! ئای دایە هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەت .. واکاس بووم .. خەریکە لە خۆدەچم .. وانزیکتر دەبێتەوە .. خوایە .. خوایە گیان لە باوەشم نەگرێ .. دڵنیام لە باوەشیدا گیان بەدەر نابەم و دەمرم ... خەڵکینە ئەی ئێوە لە کوێن؟ بۆچ هێندە بێ ڕەحمن ؟ ئەستێرەکەم ئەی تۆ لە کوێی ؟ من دەستم لە خەڵکی شتووەو تەنها تۆم هەیت ! بۆ نایەیت ڕزگارم کەیت و بەشداربیەکی ئەم بێدەنگیە بکوژەم لەگەڵدا بکەیت؟! ئەم بۆنە گەنیوەو سامی ئەو دوکەڵە سپیەی لای چەپی ڕوخساریم لەگەڵا بەش بکەیت ؟ من بەتەنها بەرگە ناگرم .. ئەستێرەکەم تۆ لەکوێی ؟ڕۆژە ؟ کەواتە تف لە ڕۆژ .. من گەر ئەم جانەوەرە مۆمیا کراوە نەبووایە هەرگیز ڕۆژم بیر نەدەکەوتەوە .. تەواوی ڕۆژ چاوم لەسەر زەوی‌یەو شەوانەش سەر بۆ ئاسمان .. نا .. سەر بۆ تۆ بەرز دەکەمەوەو خۆم

ڕائەژەنم و ئــەتدوێنم .. تۆیش بــە هــەزاران چــیرۆک شاگەشکەو خەنیم دەکەیت !.. کوایت ؟ لــە کــوێی ؟ فریــام کــەوە ..واگێڕۆ کاس بــووم .. ناحــەقم مــەگرە .. یەکــەم جــارە ئــەم گیانــەوەرە مۆمیاکراوە لە نێزیکەوە دەبینم .. دەی توخوا زوو وەرە .. ئای .. وا ئەدوێ ... قسەم لەگەڵا دەکــا .. بڵــێی بیــەوێ چ بڵــێ ؟ دەستەکانی تــین و تــاوی ئەوەیان نەماوە بە هێماو ئیشــارەت تێم گەیــەنێ و لەکورتی بیبڕێتەوە .. کوایت؟ ئەستێرەکەم تــۆ لــە کوێی ؟ دەی زوو وەرەو ڕزگارم کە !)

شــەو نزیکتر بــۆوەو ئــەمیش ووردە ووردە لــە جۆلانەکــە دوور کەوتــەوە ، بــۆن و دوکەڵــە سپیــیەکەی لای چــەپی ڕوخساری لەگــەڵ خۆیــدا بــەرەو ژوورە ســەیرو ئەفسانەیی یەکــەی بــرد، ئــەو ژوورەی ببووە ڕازو مەتەڵ و تەنها بە خۆی نەبێ بە کەسی تر هەڵنەدەهات .. دوای سالانێکی درێژ ڕازو نهێنــی ئــەو ژوورە چــووە نــاو بــەیتی مــەقام بێــژو حیکایەتخوانەکانــەوە و شــــەوانە لــــە مزگــــەوت و دیوەخانەکانا گوێ بۆ ڕائــەدێررا . ئــەو خــۆی نــەبێ کەسیتر ئــەو ژوورەی نــەبینی بــوو ؛ کــەچی لــە هەرکەســێکی تــر بێئاگــاتر بــوو لێی ، ئــــەو کارەکەرەی بەیانیەکان زوو بە دزی یــەوە ســەرێکی کێشایە ئەو ژوورەوە.. ئەویش هیــچ تــێ نەگەیشت ..یان با بڵێین کاتێ ویستی لــەبارەی ئــەو ژوورەوە بدوێ ، کت و پڕ زمانی بەســتراو تــامرد حــەرفێکی لە زار نەهاتە دەر.

دەرگای ژوورەکەی کردەوەو لە تــاریکی یــەکی بێ سنووڕا نوقووم بــوو ، لــە وێدا ڕاکشــا ، هــەردوو دەستی خستە بن ســەری ، پاشــان هەستاو کەوتــە پیاســە کــردن، بــیری کــردەوە ، هــــەوڵی دەدا ئــــەو خەونانە وەبیر ێنێتەوە کە هەشتا ســاڵ لــەوەو بــەر لە زەمانی لە هۆش خۆ چوونەکــەیدا بینیبــووی .... دەســاڵ زیــاتر لــەو ژوورەدا مایــەوە ، هــەوڵی ئــــەدا خەونی ئەو ساڵانەی وەبیر بێتــەوە، بــەڵام وێنــەکان زۆر لەوە کاڵتر بوون کەبتوانێ ڕیزیان بکاو چیرۆکی تەنها خەوێ لە خەوەکانی پەنجا ساڵ لــەوەو بــەری لە هۆش خۆچوونەکەی لێ پێک بێنێ ، وێنەکان بــە نووســراوی ملیۆنــەها ســاڵ لــەوەو بــەر دەچــوون و نەیدەتوانی بیانخوێنێتەوە .. ئەم دڵنیــابوو لــەوەی کە لەزەمانی لە هۆش خۆچوونەکەیدا خەوی گرنگی دیوە، خەوێک کە پــەیوەندی بەهــەموو ئەوشتانەوە هەیە کــە هاتونەتــە ڕێی و لەمــەو لاش دێنــەڕێی ، ئۆقرەی لەبەر بڕابوو ،هەردەهات و دەچوو ، بــەدەم خــۆوە قســەی دەکــرد، هــەندێ ووشــــە لەدەمیــەوە دەکەوتنــە خــوار ؛ بــەڵام ئــەم زوو بەپــەلــە هــەڵی دەگرتنەوە و دەیخستنەوە نێــو زاری ، پــێ دەچــوو بــەزمانێکی تــر بــدوێ ؛ زمــانێکی ئــەو دیــو مێــژوو ، هەموو خەڵکانی ناو کۆشک، مڕەمــڕو تەپــەی پــێی ئەویان دەبیست ؛ یەکەم جار بەلایانەوە سەیر بــوو؛ بەڵام دواتر ئەو دەنگانــە بوونــە شتێکی ئاشنا بــە گــوێی خــەڵک ؛ تــەواو وەک جریــوەی چۆلەکــەو میـــاواندنی پشـــیلەو قوقـــەی کەڵەشـــێر ... دە ساڵی تــەواو پێڵــوی لێک نــەنا ، گــەر بیویستبا سەر خەوێ بشکێنێ ، یەکسەر ئەو دومەڵە ڕەشــەی لای چەپی ڕوخساری دەیدایەژان و سەری لــە ئــازارا وەک بورکــانێک نــاڵــەی دەهــات ، لــەو کاتــەدا چــەند جــارێک هــەوڵی دا ســەری خــۆی لێکاتــەوە و وەک تۆپێک بــۆ نــاو تاریکــایی بــێ ســنووری ژوورەکــە گلۆڕی کاتەوە.

(وای چەند ترساین، ئێمە لەو تاریکییەدا تــەنها چاوێکمــان بینـــی کـــە وەک چـــاوی پشـــیلە دەبریسکایەوە ؛ تــۆزێ لەولاتریشــەوە دوکــەڵێکی سپی ڕوخساری ڕووناک کردبۆوە، ئێمە لەو لاوە لــە گەرمەی تاسەو حەزی خۆشەویستی دا بووین، تەنها ساتێکمان بەهەدەر نەئــەداو هــەموو بیدەنگیــەکانی دنیامــان بــەماچی قــوواڵ و درێــژ پــڕ دەکــردەوە ،ڕاکشابووین و بەڕووتی باوەشمان کردبوو بەیەکدا ، بۆنــی موبــەق و چــەوری و هـــاڵاوی خۆراکـــە جۆراوجۆرەکــان لــە جلکـــە فڕێدراوەکانمانــەوە هەڵدەساو تێکەڵاوی هەناسەکانمان .. ماچــەکانمان دەبــوو ! چــەند گوناح بووین ! ئــاخر چــەند ســاڵ گــەڕاین لــەو تاریکاییــە زیــاتر شــوێنێکی ترمــان نەدۆزیـــەوە تـــۆزێ حـــەزو ئـــارەزووە تاســـاو شێتگیرەکانمانی تیا دابمرکێنینــەوە .. کاتێ کــە خــەریک بــوو لــە کــەناری ئــەو لەزەتــەدا لەنگــەر بگریــن... لــەو کاتــەدا؛ تــف.. ئالــەو کاتـــەدا .. هــەردووکمان .. مــن و ئــەویش ، بریســکەی چــاوو دوکەڵە سپییەکەی لای چەپی ڕوخساریمان بینــی، ئیدی یەکسەر ، گشت ساتەکانمان ، گشت ساڵ و ڕۆژەکانمــان ، ئاسمــان و ئەســتێرەکانمان، بەبــەر

چاومانەوە هەرەسی هێنا، زۆر ترساین . ناجەنابی شاجەمشید هەرگیز لێت نابووریـن! چۆن لێت ببووریـن؟ هـا؟ ئـاخر بۆچـی لـەو سـاتەدا وەک بایەقوشێک پەیدا بوویـت و بـە دەنگـە ناسازەکەت هەرەست بەو ساتە چیایی‌یەمان هێنا؟ تۆ دەزانـیت چیت لە ئێمە کرد؟ من چش لە خۆم!؛ بەڵام ئـەو.. ئەو ئافرەتەی بیست و پێنج ساڵە بێ مەبەست بـە موبەقە گەورەکەی کۆشکا دێت و دەچێت .. بیست و پێنج ساڵی ڕەبەقە خـەوی بـەو ساتەوە دەبینـی ... ئەی من؟ منێکی گوناح... کە پەنجا سـاڵە لـەم کۆشـکە نەفرەتیـەدا ڕۆژ بـەڕۆژ ... ئـەو تاڵـە ڕەشانەی سەرو ڕیشـم دەژمـێرم کـە هـەر ڕۆژەو یەکێکیان .. دوانیان .. سیانیان.. کفنێکـی سپی دەپۆشێ.. سپی تر لە دوکەڵەسپی‌یە نەفرەتیەکەی لای چەپی ڕوخسارت .. ، ئـای خۆزیـا لـەو ساتەدا بمردینایـەو ئـەو چاوە پشیلەی ئاسـایەی تۆمـان نەدیبا.. نا.. مـەپارێوە ! ! بـێ سـوودە .. لێـت نابووریـن .. گـەر خـواش لێت ببـورێ .. ئێمـە لێت نابووریـن ، بەلەحزەیەک پەنجا سـاڵ تەمـەنی مـن و بیست و پێنج ساڵ تەمەنی ئەوت ڕوخاند؛ کاشـکای بمردینایـەو ئـەو سـاتە پادشـایی‌یەمان لێ نـەبووا بەترس و تۆقێن .. ئای جەنابی شا.. ناهەقمان نیە لێت نەبووریـن، ئیدی لـەو ڕۆژەوە ئـەو لەحزەیـەمان لێ ببوە مۆتەکەو تا . مرد ن لە ئێخەمان نە بـۆوە؛ نا... بەڵکو هەر بە داخی ئەو لەحزەیەوە مردیـن .. ئیدی چۆن لێت ببورین؟ ئێستا ئێمـە هەریەکـەو لـە گۆڕێکی چەندان فرسەخ لە یەکتری دوورا ڕاکشـاوین و بـە زەردەخەنەیـەکی تاڵـەوە تەماشـای کـارتی ڕەنگـاو ڕەنگـی شـەوی زەماوەندەکـەت دەکـەین.. جەنابی پادشا .. شەوی زەماوەندەکەت پیرۆز بێ! بەڵام ئێمە نایـەین.. وا دەعـوەت نامەکانیشت وورد وورد ئەکـەین و ئاسـەواری نـاهێڵین .. نـا.. ، مەپارێوە.. ئێمە لێت نابووریـن.

لە دەهەمین ساڵدا ، مڕە مڕەکەی ببووە لـوڕەی گورگێکی برسـی ، پـێ دەچـوو بـەدوای نێچیرێکـا بگەڕێ ..نا.. بەدوای سەدان و هەزاران نێچـیردا ... بەڵام لـە ڕاستیدا ئـەو تـەنها بـەدوای خـەوێک لـە خـەوەکانی زەمـانی لـە هـۆش خـۆ چوونەکـەیدا دەگـەڕا، هێنـد گـەڕابوو.. تـەواو بـە پەیکـەرێکی ئێسکی دەچوو. ، تەنانەت دکتۆرە چاوشینە سـەر ڕوتاوەکە پێشنیاری ئەوەی کرد لەگەڵ خۆی بیبـات بۆ زانکۆ و لە کۆلێـژی پزیشـکی وانەیـەکی گرنـگ و مێژوویی ئـەنترۆپۆلۆجی لەسـەر بڵێتـەوە ... بەڵام لەبـەر هـەندێ ئیعتبـاراتی سیاسـی لـەو پێشـنیارە پەشیمان بۆوە.

بەڕوخسار تـەنها چاوێکی زەیت و دوکـەڵێکی سپی مابۆوە، لەو تارێکی‌یـەدا ؛ دوکەڵـە سـپیەکەی لای چـەپی ڕوخساری ،سیمای ڕۆشـن دەکردەوەو دەیکردە تارمایـەکی ئەفسانەیی سامناک، هێشـتا هـەر دەزولەی ئاڵۆزکاوی خـەوەکانی زەمـانی لـە هۆش خۆ چوونەکەی بـۆ لەیـەکتر جیـا نـەکرابۆوە ، ژورەکە بەتەواوی لە ژێر زریـانی دوکەڵـە سـپیەکەدا نوقوم بـووەو، دوکـەڵێکی سـەیری بـێ بـۆن؛ پـەیتا پـەیتاش سـپی تـرو خەسـت تـر دەبـۆوە ، تـا شەوێکیان .. یان ڕۆژێکیـان ، ئـەو دوکەڵـە سـپی‌یە پەنگ خواردووە ژورەکەی ڕوناک کردەوە و هـەموو شتەکانی ژوورەکەی ئاشکرا کرد؛ کورسیەکی بەرزو پەنجەرەیـەک کەبەسـەر چیمـەنی حەوشـەکەدا دەیڕوانـی ، بریسکەی چاوە زیتەکـەی لای ڕاسـتی ڕوخساری کوژایەوەو شاگەشکەو خـەنی هـاوارێکی کـرد ؛ یەکـەمجار بـەرەو لای کورسـی‌یە بەرزەکـە ڕۆیشت ، ئەو کورسی‌یەی کەهەشتا ساڵ لەوەو بـەر پیایدا هەڵدەزنی، تەماشایەکی ژورەکـەی کـردەوە، تا بەڵکو جگە لەو کورسی‌و پەنجەرەیە شـتێکی تـر ببینـێ ، بـەڵام هیچی تـری بـەدی نـەکرد ، هـەموو شتەکانی تـری ژورەکـە، وێنـەو تـابلۆو چـل چـراو گوڵدان و ... هـەمووی لـەژێر تـەپ و تـۆزی هەشـتا ساڵ لەوەوبەرا شاردرابوونەوەو دۆزینەوەیان هـەروا ئاسان نەبوو، لە پەنجەرەکەی ڕوانـی، کچەکـەی لـە حەوشەبینی کە لەسەر جۆلانەکە سەری بۆ ئاسمـان بـەرزکردبۆوەو خـۆی ڕادەژەنـد، لـە ڕاژەنینـی جۆلانەکـە ورد بـۆوە ، کـوت و پـڕ ڕاچڵـەکی و هەستی کرد: دوای ڕوداوی قیرەکەی گوێچکەی ، بۆ یەکـەم جـار شـتێ دەبیسـتێ ... جیـرە جیـڕی جۆلانەکە دەبیستێ .. زیاتر لـە پەنجەرەکـە چـووە پێشێ ؛ جیرە جیڕی جۆلانەکە لە گوێچکەیدا زیـاتر دەبـوو ، بـۆ سـەر کورسیەکەی گەڕایـەوە، ئـەمجار بەتەواوی کچەکەی لە نـاودوکوڵی سـپی و خەسـتی پەنگ خواردووی ژوورەکەدا لێ بزر بوو.. تا دوکەڵە سپی‌یەکە خەستتر بووایە؛ ئەم ئاشـکرا تـر دەنگـی

جیرە جیرِی جۆلانەکەی دەبیست .. ئەو دەنگە مۆسیقایەکی خۆشی گوێ نەوازی وابوو کە دوای دە ساڵ خەو زڕان، پێڵووەکانی قورس کردو چاوانی خستە خەو .. خەوێکی قوواڵ .. تیایدا هەمان ئەو خەوانەی بینییەوە کەلە زەمانی لە هۆش خۆچونەکەیدا بینی بووی ، لەگەڵ جیرەجیرِی زیاتری جوڵانەکەدا، دوکەڵە سپیەکە خەستتر دەبوو، خەوەکەی ئەمیش ڕوناک ترو ڕۆشن تر ... لە دەرەوە بووە مقۆمقۆ، خەڵکانی کۆشک.. کارەکەرو خزمەتکارو فەرمانبەرو پاسەوان و بەڕێوەبەرو کەنیزەکەکان کەوتنە خۆ، لەو دیوەوە گوێ یان بەدەرگاکەوە نابوو.. نە لورەکەیان دەبیست و نەتەپەی پێی، پێیان سەیر بوو .. بووە ژاوەژاو .. بڵێی مردبێ؟ کەس نەیدەوێرا دەرگاکە بکاتەوە .. تەنانەت کە دکتۆرە چاوشینە سەر ڕوتاوەکەش بەپەلە گەیشتە کۆشک؛ ئەمیش نەیوێرا خۆی لە قەرەی کردنەوەی دەرگاکە بدا.. هەموو لەو دیوەوە ژاوەژاوو ورتەورتیان بوو، ئەویش لەم دیوەوە خەوەکانی هەشتا ساڵ لەوەو بەری دەبینییەوە، یەک یەک خەوەکانی وەبیری خۆ دەهێنایەوە : خەون بەو بۆقانەوەی کە لەبنی گۆمەکانەوە دەهاتنە دەرێو بە دووبااڵ بۆ بەرزایییەکی دوور دەفڕین ... دەیان و سەدان و هەزاران بۆق ، هەریەکە و بە جووتێ باڵی گەورەوە ئەم سەرو ئەو سەری ئاسمانیان تەی دەکرد ،زۆر زۆر بوون .. لە ژمارە نەدەهاتن .. هەر لەو ئاسمانەوە .. ملیۆنەها سەرەمێکوتەیان بەسەر مەملەکەتا دەباراند .. بەسەر جادەو کۆڵان و ئاپارتمانە دەنهۆمی و بیست نهۆمی یەکانا، بەسەر مزگەوت و کەنیسەکانا، بە نێو باڵەخانەو ئوتێل و چێشتخانەکانا ؛ بەسەر سەروقژی تازە شانەکراوو دەم و چاوی تازە ماکیاژ کراوی خانم و کیژۆڵەکانا، بەسەر جل و بەرگی تازە ئوتوکراوی کۆرپە هەرزەکارەکانا.. بەسەر دەرەخت و گوڵ و باخچەکانا ، کەس نازانێ .. تەنانەت مێژوو نووسە کەرپە پیرەکەیش نازانێ چەند ڕۆژ .. چەند مانگ.. ئەو سەرە مێکوتە بارینە بەردەوام بوو .. زریانی سەرەمێکوتە هەڵیکرد... سەرەمێکوتە بۆ ناومااڵ و ژوورێ موبەق و نوستن و بانیژەکان هوروژمی هێنا... کاتێ ئافرەتەکان بەدەستگرە سەری قابلەمەکانیان هەڵدەدایەوە تا پێش هاتنەوەی مێردەکانیان بەرکوڵێ بکەن ؛ هەزاران سەرەمێکوتەیان لە قابلەمەو مەنجەڵەکانا بینی کە مەلە دەکەن و بەدەم مەلەوە وەک ئەسپ دەحیلێنن... ئەو کورپە گەنجەی کەسەرەمێکوتە بارین دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندبوو ، بۆ یەکەم جار ماچێکی قووڵی خۆشەویستەکەی بکات، کاتێ دوای ئەو ماچە دەمی کشانەوە، بینی هەموو ددانەکانی خۆی و کچەکە هەڵوەریون و لە بری ئەوان سێو دوو سەرە مێکوتە لە دەمی هەریەکەیان ڕوواوە، ئەو سۆفیەی فەرهەنگێکی پێستەبێ کردبۆوەو بەدوای مانا نهێنیەکانا دەگەڕا ، بینی هەر لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا دوا لاپەڕە هەر سەرەمێکوتەیەو خەریکی سرپینەوەی ووشەو ماناکانن؛ ئەو منااڵە هەمیشە تینووە ئاو فرۆشانەی ناو بازاڕیش ، کاتێ بۆ ماڵەوە گەڕانەوەو ویستیان پارەکانی گیرفانیان بۆ دایکیان بژمێرن، بینی یان لە جێی پارەکان سەدان سەرەمێکوتە بە دەستیانەوە دێن و زمان لە دایکیان دەردەهێنن، ئەو ئافرەتە دووگیانەش کە ساڵێکی تەواو جلکی بۆ ساوەکەی ناوڕەحمی دوریو شەش مانگی ڕەبەقیش بەژانی منااڵ بوونەوە بوو، بە چاوی خۆی بینی کەلەباتی منااڵ سەرە مێکوتەیەکی سووری زەبەلاحی بووە... ئەم لەم دیوەوە زیاتر خەوەکەی هەشتا ساڵ لەوەو بەری وەبیر دەهاتەوەو مقۆمقۆو ژاوەژاوی خەڵکەکەی ئەودیویش زیاتر دەبوو! دوکەڵی سپی پەنگ خواردووی ناو ژوورەکەش وەک چۆڕی شیر خەستتر دەبوو! کوت و پڕ لەو خەوە ڕاپەڕی و وەک شێر نەعرەتەیەکی وەک هەمان نەعرەتەکەی هەشتا ساڵ لەوەوبەری کێشاو لێزانانە بەناو دوکەڵە سپیەکەدا کەوتە مەلە، دەرگا داخراوەکەی دۆزیەوە و کردیەوە، لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا ..دوکەڵە سپیە پەنگ خواردووەکە هوروژمی بۆ دەرەوە بردو ئەو هەموو خەڵکە چاوەڕێیەی بەردەرگای لە ژێر زریانە بێ ئامانەکەیدا خنکاند .یەکێ لەوانە .. دکتۆرە چاوشینە سەر ڕوتاوەکە بوو کە هێشتا هەر لە گومان و دڵە ڕاوکێی کردنەوەی دەرگاکەدا بوو.. ئەم لێهاتووانە وەک مەلەوانێکی بوێر بەناو دوکەڵە سپیە برسی و تینووەکەدا کەوتە مەلەو

هەرخەڵکیش بوو دەبوون بە ژێر لافاوی دوکەڵەکەوە کە لێکدا لێکدا لەلای چەپی ڕوخساریەوە زۆر خەستتر لەجاران دەهاتە دەرێ (وای.. کوانێ ئەستێرەکەم..کوا؟) هەموو مەملەکەت لەم پەڕی سنورەوە تا ئەو پەڕ گوێی لێدەوە هاواڕە بوو.. (وای.. کوانێ ئەستێرەکەم..کوا؟) بەهەرچوارلادا سەری بائەداو لەگەڵ هەر سەربادانێکا جیڕە جیڕی جۆلانەکە زیاتر دەبوو،(وای کوانێ ئەستێرەکەم..کوا؟) هەموو مەملەکەت گوێی لەوە بوو.. تەنها ئەم نەبێ کە ئەو کاتە لە دەروازەی کۆشک چووبووە دەرێ و لە ناو دوکەڵێکی سپی ترو خەستتردا مەلەی دەکرد .. ئەو شەوە تابەیانی هەر دەڕۆیشت و شاڵاوی دوکەڵێکی زۆر سپی ترو خەستری لە دوای خۆیەوە جێ دەهێشت .، وەک هەشتا ساڵ لەوەو بەرو ئەوکاتەی لەنێو ڕەحمی دایکیا بوو ، شاگەشکە بەهەزار شێوە مەلەی دەکرد، وەک ئەوەی ختوکەی بدەن لە خۆشیدا قریوەی لێدەدا، مەلەی دەکردو ماندوونەدەبوو.. هەر شتێکی بهاتنا ڕێ ، دەبوو بەژێر زریانی دوکەڵە سپیەکەوەو نابووت دەبوو، خەڵک ، دارو درەخت ، خانوو.. ئاژەڵ و تەیر .. هەموو شتێ .. ئەو ڕۆژە دوکەڵە سپیەکە هەموو شتێکی قوت دا.. زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان .، ئەمیش ببوە نەهەنگێک و بێباک سەرگەرمی مەلەی خۆی بوو (کوانێ ئەستێرەکەم؟ کوا ؟) تەنانەت مردووانی گۆڕستانەکەش گوێیان لەم هاواڕە بوو!

چ ڕۆژێکی شووم بوو ئەو ڕۆژە !! شتێک بونەوەرێ نەما دەستی درێژی زریانی دوکەڵی سپی نەیگاتێ و نابووتی نەکا .. چ ڕۆژێک بوو ئەو ڕۆژە؟ سپی دەینواند .. پێی دەچوو تەرمێکی تازە کفن کراو بێ .. سپی دەینواند .. ئاسمانیش ڕەش .. (وای کوانێ ئەستێرەکەم .. کوا ؟) تەنانەت ئەستێرە نوستوەکانیش گوێ بیستی ئەم هاواڕە بوون .. تەنها ئەم بوو هاواڕەکەی نەبیست .. بێباکانە هەردەڕۆی .. بەدەم مەلەوە گۆرانی دەووت و دەیقریواند .. لاسایی گورگ و سەگ و ئەسپ و پشیلەی دەکردەوە .. دەیلوران .. ئەوەڕی، ئەیحیلاند.. ئەیمیاواند .. تەنانەت دووسێ جاریش هەوڵی دا بۆ ئاسمان بەرز بێتەوە و ژمارەیەک ئەستێرە قووت بدا ... سەیر نەبوو ؟ لەبەر ئەوەی بۆ شەوێ .. شەوی زەماوەندەکەی بوو .. ئەو زەماوەندەی کە هەشتا ساڵ لەمەو بەر خەونی پێوە دەدی و پلان و نەخشەی هەمەڕەنگی بۆ دادەنا .. ئەو زەماوەندەی کەهەموو مەملەکەتی بۆ بانگهێشت کرابوو .. (وای ئەستێرەکەم ..کوا؟) دووجار ئەم هاواڕە هەموو سەرە بێچاوەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە .. بینی یان سەدەها .. هەزارەها چاو بە ئاسمانەوە بونەتە ئەستێرەو داگیرساون .. بە جۆرێک داگیرسابوون کە تەنانەت تیشکی خۆریش توانای کوژاندنەوەیانی نەبوو .. بینی یان هەزارەها چاو بە خەمباری بەئاسمانەوە لە خوارێ دەڕوانن .. بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەر بە ئاسمانەوە بوون .، کاتێ خۆر گەییە ئاوا بوون .. وەک بڵێی حەز بە ئاوا بوون نەکا، لە جێگەی خۆیدا وەستاو گەشتێکی پێچەوانەی بەرەو خۆرهەڵات دەست پێکرد، خۆر جارێکی تر لە خۆر ئاواوە هەڵات ، دیوەکەی تری گوێ زەوی لە ڕوناکی بێ بەش کرد؛ پێ دەچوو کارەساتەکەی ئەو ڕۆژەی پێ سەیر بووبێ و بیەوێ جارێکی تر ببینێتەوە !! ئەمیش لە ڕقا .. لە ڕقی پێچەوانە بوونەوەی مەسیری خۆر؛ وەک نەهەنگێکی زەبەلاح .. بە هێرشی بورکانی دوکەڵەوە، بەرەو سنورەکانی ئەوپەڕی مەملەکەت دەڕۆی .

ئەو ڕۆژە چاوە داگیرساوەکان بە ئاسمانەوە بارینە خوارەوە ! بەڵام هەندێکیان لە نیوەی ڕێو زوربەشیان لە سەرەتای ڕێگەدا کوژانەوە .. جگە لە دوو چاو .. کە هێور هێور بە داگیرساوی گەیشتە سەر زەوی .. زەوی بووە ئەو دووچاوەو بە میهرێکی ئاوێتە بە خەمەوە لە خۆرو ئاسمانی دەڕوانی، ئەو خۆرەی کە ئێدی پێ نەدەچوو هەرگیز ئاوا بێت .. تا شەوی زەماوەندەکەی شاجەمشید نەڕەخسێت. شەوی ئەو زەماوەندەی کە هەموو مەملەکەتی بۆ بانگهێشت کرابوو! !

تەنانەت ئاژەڵ و منداڵی ناو ڕەحمی دایک و مردووە ئاسودەکانی گۆڕستانیش !!

جارێ تەواو

پایزی ۱۹۸۹ سلێمانی

مردنی سەربازە هەڵهاتووەکە لە گێڕانەوەی هاوڕێکانیدا

عەتا محەمەد

× گەورەم وا گەڕامەوە پێش ئەوەی هیچم لێ بکەیت نانم بەرێ . !

کۆمەڵێک سەرباز لە پەناگایەکی سەر چینکۆی بەلم داپۆشراو لە درێژەی ئەو ڕۆژەدا قسەیان دەکردو بێزاریش لە چاوەڕواندا تێکەڵ بەبێ دەنگی و سام دەبوو ، ئەوان لە تاریکیی تۆقێنەرو ڕووناکیی خنکێنەری بیابانە بێ کۆتاییەکەدا بەدوای ئەو تاڵانەدا دەڕۆشتن بەردەوام لە ترسی دوور دەخستنەوە ، ترس کوشندەترین وشە بوو بەردەوام لە نان خواردن و خوێندنەوەی ناوی ئامادەبوان و ئێشکگرتن و پشووداندا لێیان نەدەبوەوە ، ئەو تاڵانەش لە ترس و ئێستای دوور دەخستنەوە تەنها لەو حیکایەتانەدابوو دەیانگێڕایەوەو هەرگیز لێی بێزار نەدەبوون .

پاش ئەو ڕستەیە سەربازەکە کەمێک وەستا ، لەوە دەچوو بیەوێت بە شێوەیەکی باشتر ڕستەکان ڕێکبخات . دوای چاوگێڕانێکی خێرا بە بازنەی سەربازە دانیشتووەکانی دەوریدا چاوی لەسەر ئەو سەربازە ڕەنگپەڕیو و سپی هەڵگەڕاوەی بەرامبەری ڕاگرت و بەردەوام بوو .

- ئەمە دوایەمین قسەیە سەربازە هەڵهاتووەکە دەیەوێت بیڵێت کاتێک لە ناوەڕاستی دەرگای سەربازگەکەدا بە دەمدا دەکەوێت و بە دەوریدا بیابانێکی مسین درێژ بۆتەوە . چوار سەرباز پڕ بە سەرسامی لە دەوری دەوەستن ئەمیش ڕووت ڕووت بەرامبەر ئاسمانە کراوەکە درێژ بووە ، لەناو چاڵ و پەناگە لمینەکانیشەوە بەردەوام سەرباز دێتە دەرەوە تا بە دەوریدا بازنەیەک دروست دەکەن .

پاش ڕەشەبا هەوای بیابان قورس دەبێت ، هەوای خنکێنەری ئەو بەیانییەش هەموو شتێک تەنانەت کەوتنەکەی ئەمیش لەناو دەرگای سەربازگەکەدا هێواش دەکاتەوە کە بواری زۆربەمان دەدات پێکەوە ببینین . کەوتنی ئەو سەربازەی بە ڕووتی دەگەڕێتەوە دوای پێنج ڕۆژ لە هەڵکردنی ڕەشابا لمیەکە دەبێت ، ئەو ڕەشەبایەی هەوڵی داپۆشین و سڕینەوەی هەموو شتێکی سەر لمەکە دەدات ، پاش ئەوەی بیابان چەک و تەقەمەنی و سەربازی زیاد لە پێویست هەڵدەگرێت ، بە تووڕەیی ناو دەبرێت کە جار هەیە کتوپڕ بە ڕامالینی ئەوەی بێتە ڕێی دەست پێ دەکات . لەناو ئەم تووڕەییەدا سەختترین شوێن دەبینرێت کە مرۆڤ بێ توانایە لە ملکەچ کردنیدا .

دوایەمین قسە سەربازە هەڵهاتووەکە دەیەوێت بیڵێت پاش پێنج ڕۆژ لە هەڵکردنی ڕەشەباکە دەبێت کە لە هەڵکردنیدا هەموومان بە سەربازە



زیندانیەکانەوە ، کاتێک لەناو ژوورە چینکۆ تەسکەکاندا دەریان دەهێنن ناتوانن بە پێوە بوەستن لەبەر تواندنەوەی ئێسکیان ، دەبەن تا چاودێریی کەل و پەل و شتەکان بکەین لم دایان نەپۆشێ یاخود هەڵیان کەنێت و زەویەکانمان تێکەڵ بە زەویەکانی دەرەوە ببێت . سەربازە زیندانیەکانیش تاکە شتێک بیری لێ نەکەنەوە هەڵهاتنە چونکە دەزانن لە کاتی وادا بیابان هەوڵی سڕینەوەی هەموو شتێک دەدات ڕێگا ، ئۆتۆمبێل ، تەلبەندو سەربازە هەڵهاتووەکانیش .. لە هێمنییشدا بیابان لە ئافرەتێکی گەنمڕەنگی ڕاکشاو دەچێت کە خۆشترین خەونی لەسەر دەبینین . ئەگەر چی هەموو شتێک لەسەری وەک خاڵی ڕەش یاخود بۆر دەنوێنێت تەنانەت ئەو هاورێیەی شەوانە لە پاڵتدا دەنوێت . لەناو چاڵە لمیە خنکێنەرەکانداو لەبێ دەنگی چاوەڕوانیی جەنگدا لە ڕەگی درەخت دەکەین ، تفەنگەکانمان بە شانمادا هەڵدەپەسێرین و لەو بێ دەنگییە ڕادەمێنین تا چاوبڕ بکات لەبەر دەممانداو درێژ بۆتەوە .

یەکێک بە کزییەوە دەڵێت :

- دەڵێن کوللەو زەرومان تێ بەردەدەن ؟!

- سەربازەکانیان زیندوو کراوەن و جارێکی تر نامرنەوە !

لە شوێنێکی ترەوە سەربازێک وا دەڵێت .

ئێوارانی پێش جەنگ مرۆڤ ناتوانێت لە تفەنگەکەی جیا بێتەوە بۆنی باروت و سامناکیی لم و جەستەی بیابان،نەبوونی باڵندەیەک زیاتر دەتنوسێنێت بە تفەنگەکەتەوە و دەیکاتە ئەندامێکی تری لەشت سەربازە چوار خەتە ڕەشتاڵەکە ، تەنها ئەو ڕۆژە پێکەنین لەسەر لێوی دەبینن کە مۆڵەتی گەڕانەوە وەردەگرێت ، چەکەکەی هەڵدەگرێتەوە پاش ئەوەی لە پشکنینی دەفتەری ڕۆژانەی سەربازەکان دەبێتەوە ، دەگەڕێتەوە لای سەربازە هەڵهاتووەکە کە ئەو کاتە فەرماندە لە نزیکیەوە وەستاوە ، بەرامبەر فەرماندە دەوەستێت و لەسەر شانیەوە سەیری قوڵایی بیابانەکە دەکات . بە دەنگێکی گڕ دەڵێت :

- گەورەم هەشت ڕۆژە ؟

ئەمە ئەو تەنها ڕستەیە لە سیمەکان دەپەڕێتەوە ناگەڕێتەوە(هەشت ڕۆژە هەڵهاتووە) بەدرزو کونی پەناگاکاندا دەچێتە خوارەوە و هەموو سەربازگاکانی ناوچەکە تەنانەت ئەوانەی ئەوبەریش لەیەک کاتدا گوێمان لێی دەبێت . تەنها کەسێک گوێی لێنابێت و سەرنجی ڕاناکێشێت سەربازە هەڵهاتووەکە خۆیەتی کە لەناو دەرگای سەربازگاکەدا کەوتووە و بە هێمنی لە ئاسمان دەڕوانێت . جگە لەو هەموو گوێمان لێی بوو ، گوێمان لە دەنگی ئەو گوللانە دەبێت لە ژێر هەوا قورسەکەدا بە کپی و هێواشی دەکەونە ئەم لاو لای قاچیەوە . پاش ئەوەی لە سیمەکان دە پەڕێتەوە ، فەرماندە کەمێک لە نیشانگرەوەکان نزیک دەبێتەوە ، پاش ئەوەی وەک پەڵەیەکی ڕەش لە قوڵایی بینیندا دیارەو نازانرێت دەگەڕێتەوە یاخود نا ، سەیریان دەکات و بە هێمنی دەڵێت :

- بەسە دەگەڕێتەوە !

نیشانگرەوەکان کە ماوەیەکی کەم دەبێت بە خۆیان و دڵڕەقترین فەرمانی لیژنەی ئیعدامەوە گەشتوون بەبێزاریەوە دەگەڕێنەوە ، بێزاریی نەکوشتنی کە دەبوایە بیان کوشتایە ، دەبوایە بکوژرایە تا ئەو جێگا پێیانە لەو زەوییەدا جێ نەمێنێت کە تەنها شتێک بوو لەو چۆڵییەدا لەگەڵم بوو ، وەستام پاش ون بوونی سەربازگاکە لەچاوم بە هەر چوار دەورمدا ڕوانیم گەورەم ئەو کاتە زانیم من بۆ جێگەیەک دەگەڕێم تێیدا بمرم. کەبەسەر لمەکەدا ڕایدەکێشنە بەردەم ژووری فەرماندە بەپشتا پاڵی دەخەن و بەتانییەکی کۆنیش دەدەن بە ناوقەدیا . لە ژێر پێستە وشک و سوتاوەکەیدا و لە چاوە هەڵتۆقیوە شینەوە بووەکانیدا ترس وەک پەڵەی زەرد دەبینن .

- گەورەم هەشت ڕۆژە بە تەنیا لم دەخۆم!

سەربازەکان بەردەوام هەست بە دووبارە بوونەوەی ئەم ڕستە وشکە دەکەن . سەیری یەکتر دەکەن و چاو دەخەنەوە سەر پەڵە زەردەکان . ئەو کاتە بۆنی مردن لە نیگاو جەستەیانەوە بەخەستی دێت.

بیابان ئەو مردنە گەورەیەی لەبەردەمیاندا ڕاکشاوە هەرلە یەکەم پێ خستنە سەریەوە بەمردن بە دەمارەکانیاندا دەگەڕێت ، جوڵەو دەنگ و بۆیاخی پۆستاڵ و تەنانەت ئەو خواردنەی دەیخۆن

هەمووی تامی مردن پەرش دەکات .

بۆنی مردن لەخۆرە سوتێنەرەکەو ئەو دەنکە لمە سوورەوەبوانەوە دێت چەقیونەتە پێستە ڕەش داگەڕاوەکانیان و دەبریسکێتەوە ، هەموو شتێک دڵنیایی مردن دەهێنێت . بیابان تورەییە دەتشێوێنێت و ناناسرێیتەوە .

لێرەدا جیاوازیەکە ئەوەیە لە پێش مردن و لەپاشانیشدا ناناسرێیتەوە .

لە ناوەڕاستی دەرگاکەدا بە پشتدا کەوتبوو ، بەدەورىدا کۆمەڵێک سەربازی سەرتاشراو ڕادەوەستن . هەندێکیان دەستیان لە گیرفانی پانتۆڵە خاکیەکانیاندا دەبێت و هەندێکیشیان جگەرەی پێچراو دەکێشن . لەو پەڕی گوێ پێنەداندا دەوەستن ، یەکێک لێی نزیک دەبێتەوەو پۆستاڵەکانی لە پێ دادەکەنێت چونکە وای دەبینێت تەسکترە لەوەی جێگای قاچە ئاوساوەکانی تێدا ببێتەوە ، لەگەڵ دڕانی گۆشتی قاچیدا بەدەم ڕاکێشانی پۆستاڵەکەوە ماسیی وشک کراوەی ناو سندوقە تەختەییەکانی دێتەوە یاد . ئەو کاتە تیشکە زیویەکە بە خواری دەیدات لە لەشە باریک و وشک بوەوەکەی . دەنکە لمەکانی دەوری دەبریسکێتەوەو ئەو لایەی لە خۆرەکە بوو هێڵێکی سپی تیواری لە تەنیشتەوە دروست دەکات. ئەوەی لای سەریەوە وەستاوە مردنی باوکی هاتەوە بەرچاو ، یەکێکی تریش سەفەری گەڕانەوە لە پشوو ، چوار خەتەکەش ژنەکەی بیر دەکەوێتەوە .

فەرماندە سەیریان دەکات تا بە تورەییەوە دەڵێت:

ببیەنە شوێنێک !

لەگەڵ قسەکەیدا دەڕوات تا لە تاریکیەکەدا دیار نامێنێت . ئەو دووانەی شەوان لە تەنیشتیەوە دەنووستن دەچنە ژێر باڵی بەرزی دەکەنەوە یەکێکیش لە دواوە پۆستاڵەکانی بۆ هەڵدەگرێت . پێیە خشاوەکەی دووهێڵی تەریب لەسەر لمەکە دروست دەکات بەڵام بێ ئەوەی گوێی پێ بدات بەسەر شانی دوو سەربازەکەوە قوڵ لە تاریکیەکە دەڕوانێت . ناوەستن تا لە دەرگای پەناگاکە دەینوشتێننەوەو دەیبەنە خوارەوە ، ئا لێرەدا لەسەر جێگاکەی پاڵی دەخەن ، ئەو سەر بازەی قسەی دەکرد بەدەست هێمای بۆ جێگایەکی نزیک خۆی کردو بەردەوام بوو

- ناو پەناگاکەو دەرگاکەی پڕ دەبێت لەسەربازکە بۆ بینینی هاتوون . یەکێک لای دەرگاکەوە بە پێکەنینەوە هاوار دەکات :

- بزانە جگەرە ناکێشێت ؟

یەکێکی تر بە پەلە وەڵامی دەداتەوە :

- نا .. ئەو پێنج ڕۆژ زیاترە نانی نەخواردووە !

سەربازەکە لە گێڕانەوە دەوەستێت تا بواریان بدات تێر پێبکەنن جگە لە سەربازە ڕەنگ پەڕیوەکەی بەرامبەری .

پاشان دەست بەقسە دەکاتەوە :

-دەگەڕێن بۆ فافۆنەکەی ملی بەڵام نایدۆزنەوە، یەکێک بە بێزارییەوە دەڵێت :

-چاوەڕێی چین چاوی داخەن !

- چاوەڕێی مۆڵەتی فەرمامدەین .

- ئەی چەکەکەی کوا ؟

لەوکاتەدا سەربازێک خۆی دەکات بە قەرەباڵغیەکەدا ودێتە خوارەوە .لە ناوەڕاستی پەناگاکەدا دەوەستێت و دەڵێت :

- فەرماندە داوای دەکات !

هەرئەو دووانەی پێشوو دەچنەوە ژێر باڵی و دەیبەنە دەرەوە پاش ئەوەی پۆستاڵەکانی بەیەکەوە گرێ دەدەن و دەیکەنە ملی. فەرماندەش لە جێگاکەیدا پڕ لە نائارامی هاتوچۆ دەکات . کاتێک لە بەردەمیدا دایدەنێن ، سەربازە ڕاکشاوە ڕووتەکەی بەردەمی چاوە کراوەکانی بەرەو تاریکیەکە کردبووەوە و نەیدەزای فەرماندەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە ، ئەوەی بەناو درکدا لەسەر سنگ دەیبرد ، یاخود ئەوەی پۆژێکی تەواو قاچێکی پێ بەرز دەکردەوە ، ئەوەی لەسەر سەری وەستاوە یاخود ئەوانەی لەوێنەو شەقامەکاندا بینیونی ، ئەوانەی لە تەلە فزیۆنەکاندا قسە دەکەن یاخود ئەوانەی ساربازگاکانی تر بەوانەی ئەوبەریشەوە . نەیدەتوانی لە یەکیان جیا بکاتەوەو بیاننناسێتەوە چونکە هەموویان لە لەبەر گیراوەیەکی کاڵی وێنەیەک دەچوون .

کزەی ئێواران دەستی بەهەڵکردن کردبوو ، لە نێوان سیمەکانەوە دەهاتە ژوورەوە تا بۆشایی ناو

سەربازگاکە پڕ کاتەوە . فەرماندە بە هێواشی ، پاش ئەوەی جەستە وشک بووەوە ڕەش داگەڕاوەکەی بەردەمی هەستی تێکچوونی پێدا بلاو کردەوە ، دەڵێت :

- بیکەنە شتێکەوە !

لە تاریکیەکەدا دەچنەوە ژێر باڵی و دەیبەنەوە بەردەم پەناگاکەی پاش ئەوەی یەکێک دەڵێت :

- بائەم شەو لەدەرەوە بێت هیچ نییە تێی بکەین!

لەسەر لمی بەردەم پەناگاکە پاڵی دەخەن و بەبەتانییەک دایدەپۆشن ، پۆستاڵەکانیشی لە لای سەرییەوە دادەنێن .

سەربازێک بە گوێ پێ نەدانەوە دەڵێت .

- کەسی ناوێت بە دیاریەوە بێت ئەو هەشت پۆژە تەنیایە !

لە خوارەوەو لە ناو چاڵەکەدا بەدەوری فتیلە دوکەڵاویەکەدا کۆ دەبینەوەو چاوەڕوانی بەیانی دەکەین .بەدەم گێڕانەوەی هەڵهاتنی سەربازەکە ، پاش پێنج پۆژ لە هەڵکردنی ڕەشەبا لمیەکە ، جگەرە دەپێچینەوەو دڵنیای گەڕانەوەو ڕاکشانین لەسەر لمەکە کە ساردیی دەگاتە ئێسقان . لمەکە پێبڕین لێی مەحاڵە بە درێژیی هەشت شەوو پۆژ ڕۆیشتم تا لە بیابانەکە دەرچم بەڵام لێرە شتێک نییە ناوی دەرچوون بێت .

پاش ئەوەی چوار جار ڕووی ڕۆیشتنەکەم گۆڕی هەردەگەشتمەوە دەرگای سەربازگاکە ، لەسەر ئەم لمە مسییە ڕەوگەکان وون دەبن و لە دەرەوەت هەموو شتێک لەیەک دەچێت و مانای خۆی لەدەست دەدات . لەناو بۆشایی لمدا ون بووم . هێڵنجم دەدا لمم هەڵدەهێنایەوە ، دەڕۆیشتم بەردەوام دەکەوتمە ناو زۆنگاوەکانی تینوێتییەوە تەنیا بووم .

ئەو کاتەی لە چاڵەکەدا دادەنیشین و باسی هەڵهاتنی سەربازەکە دەکەین دوور لە ئێمە فەرماندە نووستوەو نوقمی پرخەیە . لەسەرتادا پاسەوانەکان وادەزانن دەنگی ئۆتۆمبیلێکی ڕێ وون کردووە تا لەپشت دەرگای پەناگاکەیدا خۆیان مات دەدەن ئەو کاتە دەڵێن:

- دەشێت خەو ببینێت !

لەو دیوەوە فەرماندە بە خەوندا ڕۆچووەو خەو بەڕەگی تفەنگ و ئەو سەربازانەوە دەبینێت لە سزادا پەرکەم دەگرن . ئەو شەوە بۆ میزکردنیش نایەتە دەرەوە پرخەی دێت و خەو بە قوڵایی مردنەوە دەبینێت ، بە لاشەی وشک بووەوە وکرم و قاڵونچە تێداوی سەربازە هەڵهاتووەکەوە ، دوو پاسەوانەکە بەدەم پێکەنینەوە چاویان لەسەربازێک دەبێت لە نزیک هەڵهاتووەکەوە کەمێک دەوەستێت و پاشان دەگەڕێتەوە پەناگاکە ، هێشتا دانەنیشتووە دەڵێت :

- لە تاریکیەکەدا پەڵە زەردەکانی دەبریسکێتەوە !

- ئەوە پەڵەی ترسە ، ترسی بەتەنیا مردن !

کەسێک هەوڵ نادات بزانێت کێیە وادەڵێت چونکە هەر بە دوایدا یەکێکی تر بەترسەوە وتی :

- دەشێت لەو خراپتر بین !

لێرەدا نەیاندەزانی چۆن بیر دەکەنەوە یاخود لەچی چونکە ترس لە هەموویاندا دەبینرا ، ترسی بەتەنیا مردن و دوور لە فرمێسک . یەکێک بەسوکی دەڵێت :

- ئەو باش بوو کەس گوێی لە هاواری نەبوو!

بۆ دەمەو بەیان لە ژێر دوکەڵی تۆخ و جگەرە پێچانەوەدا دادەنیشین تا ئەو کاتەی فەرماندە هاوار دەکات .

- دووری خەنەوە لێرە !

لەگەڵ هاوارەکەیدا ڕادەکەینە دەرەوە ، فەرماندە دەبینین سیمای ساردو چاوی خامۆش ئەمیش لەسەر لمەکە چاوە نائارامەکانی بە قوڵایی ئاسمان هەڵداوەو پەڵەی زەردیش لەسەر دەم و چاوی بلاو بۆتەوە . ئەوەی بۆ شاردنەوەی پێویست دەبێت دەکرێت و فڕێی دەدەنە ئۆتۆمبیلێکی سەربازییەوە . تەنها ڕێگا بە سەربازێک دەدرێت لە گەڵیدا بگەڕێتەوە ئەویش ئەو سەربازە بوو نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە دەمرێت و جگە لە بیابان کەسی بەلاوە نابێت . هاواری لێ دەکەن :

-تا دەتوانیت قسەی بۆ بکە ئەگەر نا .. ئەوا باش گوێی لێ بگرە !

بە درێژایی ڕێگا پانزە کاتژمێریەکە ، لەو کاتەی دەکەونە ڕێ ، قسەی بۆ دەکات . باسی زۆر شت تەنانەت ئەو نهێنیانەی یەکەم جارە بێ شەرم

دەیانڵێت . هەرچی دەزانێت بۆی باس دەکات ئەویش چاوە نائارامەکانی لە شیشی ئۆتۆمبیلەکە بڕیوە . لە دوایانەوە دوو هێڵی تایەی ئۆتۆمبیلەکە دەکشێت و قسەی سەربازەکەش تێکەڵ بە خۆڵ و تۆزە بەرز بووەوەکەی دەبێت .

لە دووریی پانزە کاتژمێرەوە ، لەو شوێنەی دەرچوون ، گاور سورخ لە ناوچەیەکی شاخاویدا ڕاکشاوە (لێرەدا هیچ یەکێک لە سەربازەکان پرسیاری لەو شوێنە نەکرد چونکە لەگەڵ ناوەکەدا هەریەکەو ئەو شارە دەبینێت کە بۆ دواجار بۆی دەگەڕێتەوەو لە زەینیدایە) کە لە مانگی ئابدا تەپۆلکەکانی زەردو وشک دەنوێنن ، شنە بایەک بەسەر وەڕسی و سستیی پۆژە گەرمە دڕێژکراوەکانی ئەو مانگەدا هەڵدەکات .

گاور سورخ وەک چۆن لە ئەندێشەی سەربازە هەڵهاتووەکەدایە خوڕەی ئاوو بۆنی سەوزبوون لە دەمارەکانیەوە دێت ، تیشکی خۆر وەک دڵۆپە ئاڵتون بە سەریەوە دەبریسکێتەوەو لە ژێر قوببە نیلیەکانیدا نوێژی درێژ دەکرێت کە شنەی ئارامیی لێوە دێت .

گاورسورخ لەوێدا ڕاکشاوە ، لە ڕابردوودا کە پەتا کوشندەکانی وەک نەفرەت بە ناوچەوانیەوە دەدرەوشێتەوە . لە ژێر شینایی ئەو ئاسمانە پڕ ڕەنگەدا بە ڕاشکاوی لە دوای ئۆتۆمبیلێکی سەربازی دەگەڕێتەوەو جگە لە پیرێژنە ڕەق و چرچەکان ، کە پێشتر خەونی پێوە دەبینن ، کەسێکی تر چاوەڕوانی نییە ، دەوەستێ و خەڵکی لە دەوری ئۆتۆمبیلەکە کۆ دەبنەوەو گوێ لەو سەربازە دەگرن لەسەر سەری وەستاوەو باسی خۆشەویستیی بۆ دەکات . هەندێک بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت ژنەکان دوور دەخەنەوە چونکە لە ڕووتی دەترسن . ئەویش چاوە ئارامەکانی بەرەو ئاسمان کراوەتەوەو قاچی لەدوای ئۆتۆمبیلەکەوە دەرهاتووەو پڕ بەپڕی ئیڤاکە گەورە بووە . سەربازەکە قسەی بۆ دەکات و ژنانیش فریای پرچ ڕنین و یەخە دڕاندن تا خوار ناوکیان دەکەون . سەربازەکە دەیەوێت بڵێت :

- بریا سندوقێکمان دەست کەوتایە ! کاتێک یەکێک لە داگرتنیدا هاوار دەکات :

- زۆر گەورە بووە ئاگاداری بن بریندار نەبێت !

شەو بە شنەی باو بێدەنگییەوە دێت . ژنان بە کراسە تا سەر ناوک دڕاوەکانیان لە نوزەنوزێکی هێواشدا کۆمەڵ دەبن کە جێگا چنگ و چەپۆک لەسەر ڕوومەت و سنگ و بەشێکی مەمکە دەرکەوتووەکانیان دیار دەبێت ، لە سەرەتاداو لە گەڵ پیا کێشانە بێ ڕەحمەکاندا جێگاکەی سپی دەبێت تا پاشان خوێنی تێ دەزێت و دەئاوسێت . جار جار سنگە ڕووتەکان دەکەونە گۆشەی بینینیەوە کە لە حەوشەدا پاڵیان خستووە . لە دەوری ڕیزێک لە پیرەمات و دااڵغە قورسەکان دادەنیشن و سەرقاڵی جگەرە کێشان دەبن بەدار جگەرە زەرد باوەکانیان ، لە دواشیانەوە گەنج و هەرزەکارەکان دەوەستن ، منداڵانیش لەسەر بانەکانەوە سەیری دەکەن ئەمیش چاوە ئارامەکانی دوور لە مردنی خۆی بەرەو ئاسمان کراونەتەوە . ئەوەی کاغەزی وەرگرتنەوەی ئیمزا کرد دەڵێت:

- سەربازەکە ووتی زیاد لە هەشت ڕۆژە مردووە !

یەکێک کە خۆی بەسەر گۆچانێکدا دەنوشتێنێتەوە بە هێمنی دەڵێت :

- ئەی چۆن دۆزییانەوە ؟

- وتی هەر خۆی بە ڕووتی گەڕابوەوە !

پیرەکان لە بێ دەنگیدا دەمێننەوە تا یەکێک پرسیار لە پەڵە زەردەکانی پێست و سەر بیلبیلەی دەکات ئەو کاتە زۆر بە هێمنی و بێ ئەوەی بیانەوێت لەبەر خۆیانەوە دەڵێن :

- ترسە .. ترسی بە تەنیا مردن!

دەمەو بەیان شەونم ، کە وەک مرواری دەبریسکێتەوە ، لەسەر پێستە ڕەش داگەڕاو و پەڵاویەکەی دەبینن .

- تەنها وەرزی ئاورنگ نییە !

یەکێک وا دەڵێت بێ ئەوەی چاو لەسەر لاشە درێژبووەکە لابەرێت کە دەستەکانی پڕ بە گەورەیی ئاوسان کردۆتەوە . دەیبینین لەگەڵ خشانی با بەسەریدا گەورە دەبێت ، سەرپەنجە شینەوەبووەکانی سوور هەڵدەگەڕێت ، دەیبینن سپی ترو تەرتر دەبێت .. گەورە دەبێت و ترس بە سەیرکەراندا بڵاو دەبێتەوە ، پاش ئەوەی دڵنیا دەبن پەلەکانی بەرەو سێبەری دارهەنجیری حەوشەکە دەکوتێت ترسی جێگا نەبوونەوەی .

هێشتا فێنکیی ئەو بەیانییە لەژێر پێستا دەبێت کە لە خۆدانی ژنان دەست پێ دەکاتەوەو شەونمەکانی سەر لاشە تەپەکەی دەبریسکێتەوە ، بەردەوام بازنەی سەیرکەرانیش زیاد دەکات ، مامۆستاو فەرمانبەران مۆڵەت وەردەگرن ، قوتابیان خۆیان دەدزنەوە ، کچە عازەبەکان بە بیانووی ئاو هێنانەوە لادەدەنە لای ، کرێکاران ناچنە سەر ئیش، هەموویان دێن تا شەونم و هەڵکشانی باڵای ببینن . پیاوان تەنها سەیری ئەو دەست و بازوانەی دەکەن لە خەونەکانیان گەورەترە ، ئافرەتەکانیش ڕەنگی سیحراویی لێوی سەرسامیان دەکات کە هەرگیز لەو ڕەنگەیان بەکار نەهێناوەو تیواری پێستیشی وایان لێ دەکات هەست بە بێنوێژبوون بکەن . لە ترس و شەرمدا قاچیان توند جووت دەکەن ئەگەرچی چەند دڵۆپێک خوێن بە ڕانیاندا دەچۆڕێت و سەرنجی منداڵەکان ڕادەکێشێت بەڵام نایانەوێ تەنیا بەجێی بهێڵن . منداڵانیش لە یاریەکانیاندا جێگایەکیان بۆ دەکردەوە هەرچەندە ئەو دڵۆپە سوورە چۆڕاوانەی قاچی ئافرەتەکان سەرنجی ڕاکێشابوون . ئەمیش نزیک لە نیگای ئەمان چاوە ئارامەکانی لە ئاسمان بڕیبوو .

یەکێک بە نزمییەوە وتی:

- جێگای نابێتەوە ، بۆ ناینێژن!

- سەربازەکەی هێنایەوە وتی: دەبێت چاوەڕوانی بروسکەبن چونکە چەکەکەی نەگەڕاندۆتەوە !

- دەتوانین پارەی چەکەکەی بۆ کۆ بکەینەوە !

- دەبێت چەکەکەی خۆی بێت!

ئەوەی لە سەرەتادا قسەی کرد جارێکی تر بە نزمییەوە وتی:

- ئاخر زۆر ئاوساوە جێی نابێتەوە !

- ئەوە پڕە لە قسە !

ئەو کاتە ئەو قسەیە دەکرێت کە ژنان داوای دەکەن تا سێ ڕۆژەی بۆ بگەڕن . لەوێدا پاش ئەوەی حەوشەکەیان بۆچۆڵ دەکرێت منداڵان دەیانبینن چۆن بەدەم لەخۆدانەوە لەچکەکان دەکرێنەوەو پرچە درێژو قوڕاویەکان بەردەبنەوە . یەخەکان تا سەر ناوک دەدڕێنەوەو مەمکە بەشەڕ هاتووەکان لەگەڵ تیشکی خۆردا بێ سەروتن دەلەرنەوە ئەمیش چاوە ساردەکانی بە قوڵایی بینین کردۆتەوە کە سەنگ ڕووتەکان دەکەونە گۆشەی بینینیەوە . کچان جەستەی بە فرمێسک تەڕ دەکەن تا سەر پەنجەکانی سوورو نیگاکانی هێمن تر دەبن .

جارێکی تر هەر ئەوەی پێشوو ، پاش ئەوەی دەیهێننەوە حەوشە دەڵێت :

- زۆر ئاوساوە پڕە لە قسە!

منداڵەکانی لێ دوور دەخەنەوە تا گوڵاو پرژێن و بن باڵ و لای سەری پڕ لە ڕێحانە بکەن ئەمیش ڕەنگی گەش و پەڵە زەردەکانی سەر پێست و بیلبیلەی دیار نامێنن ، لە جێگایان چرۆی ورد وردی ڕەنگاو ڕەنگ هەڵدەتۆقن کە ڕەگیان لە دەمارەکانیدایەو جۆرەها گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ دەگرن . گوڵەکان هێندەی ڕەنگی سیحراوییان بۆنێکی سەیر بڵاو دەکەنەوە کەوا دەکەن وەستاوان بە دەوری سەربازە هەڵهاتووەکەدا دانیشن تا قسەیان بۆ بکات ، باسی سەختیی جەنگ و ئەو ڕێگایانەی لە قوڵایی بیابانەوە تا باخە هەمیشە سەوزەکانی خورما ، سەربازی سوتاوو ئامێری تواوەی لەسەر جێماوە یاخود ئەو سەربازانەی لە سەرەتای شەڕەوە دەبنە هەڵم و ئاسەوارێکیان نامێنێت . دادەنیشن باسی ئەو جەنگەیان بۆ دەکات کە ڕوودەدات ، بەردەوامیش گەورە دەبێت، دەست و قاچی بەسەر دیواروماڵەکاندا درێژ دەبێت ، بازوەکانی جوانتر دەنوێنن و لەشی جۆرەها گوڵ و گیا دەردەکات ، نیگاکانی هێمنتر دەبن . بەردەوام گەورە دەبێت پەڵەکانی بەناو کۆڵان و سەر دیوارەکاندا دەڕوات ، یاریگای منداڵان دەبڕێت ، بە دانیشتنی پیاواندا ڕەت دەبێت بێ ئەوەی کەسێک گوێی پێبدات چونکە ئەو دێرو پستانەی جەنگ بردبونی کە ئەو بەغەمبارترین شێوە دەگێڕێتەوە .

تا دێت گەورە دەبێت ... هێندەی گاورسورخ .

لێرەدا سەربازەکە لە گێڕانەوە دەوەستێت ، یەکێک کە بەرامبەری بە سیمایەکی زەردو ڕەنگی پەریویەوە دانیشتبوو بەناو دوکەڵی پەناگاکەدا دەچێتە دەرەوە ، سەربازێکی تریش کە چاوی لە قسەکەرەکە بڕیبوو ، پاش ئەوەی پەنجەی بەرەو سنگی خۆی ڕاگرتبوو وتی:

- بەڵام بیابان لە خۆمان دایە !



نووسینی : هورست گرانوالد

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە /

عبدالرحمن فرهادی

ساتێکی زۆر کەم لەمەوبەر ڕێکیان خستن ، ئەویان شەشەمین کەس بوو لە ڕیزەکەدا ، سەیری سێیەمین کۆڵەگەی کرد کە بیست پێ دوور چەقێنرابوو ، دوای ئەوەی نیگای کەوتە سەر کۆمەڵێ پوخساری بێ باک ، ڕەنگ و ڕووی سەربازەکان ، هەر لەبەر خۆیەوە کەوتە دووان .

_ هەر ساتێکی کەمی تر‌ەو دەمرم .

ترسی بەرامبەر ئەو شتەی چاوەنۆڕی دەکات قورگی گرتبوو ، هەناسەدانی بەگران یەخستبوو ، ئەو کاتە کەشیشەکە هاتە بەردەمی و خاچەکەی بەرەو لای دەمی بەرز کردەوە تا ماچی بکات ، هەستی بە وشکایی لێوەکانی کرد ، هەستی بەوەش کرد بەرلەوەی دەنگی کەشیشەکە بچێتە گوێی ، مەودایێکی زۆر دوور دەبڕێ ، زۆر باکی بە قسەکانی ئەو نەبوو ، بە هزرێکی زۆر شێواوەوە گوێی لە ووشەکانی دەبوو . ئەو بیرو هەستەی بە نزیکبوونەوەی کۆتایی ، گشت لایەنەکانی مێشکی گرتبۆوە و ئامادە نەبوو بۆ بە فیڕۆدانی یەک چرکە بۆ شتی بێ سوود ، چونکە ئێستا وا لە روخسەت خواستنە لەو ژیانەدا ، لە ژیانی خۆی . بۆیە ئەو چرکە ساتە بە نرخ و کورتانەی داهاتووی لە شتێک بەفیڕۆ نەئەدا کە هیچ سوودێکیان بۆ ئەو نییە .

بەرەو پشتەوە گەڕایەوە ، بەدوای یادگاریەکانیدا گەڕا ، بەدوای شتێ کە پەشیمان بێ لەکردنی یا نەکردنی ، بەڵام مێشکی پەکی کەوتبوو و نەیدەتوانی هیچ شتێکی بخاتەوە یاد . تەنیا شتێ بتوانێ فریای کەوێ ئەوەبوو کە ژیانەکەی لەوانەبوو زۆر بەرهەمدارتر بێ ، دەیتوانی زۆر زیاتر لەوە بکات کە کردبووی . لەنێو ئەم بیرەوەریانەدا لێشاوێک یادگاری ڕووبەڕووی بوونەوە . ئەو ساتانەی کەوتەوە بیر کە خوێندکاری کۆلیژی جەنگ بوو و چۆن بووە ئەفسەر ؟ ... بەڵێ ئەو، ئەو بڕیاردانەی زۆر لا بەجێ بوو کە سوپای جێ هێشت . پشتی لەو کارە کرد کە گشت هاندەرو هۆکارەکانی پێشخستنی ژیانی تێکوپێک شکاندبوو ، بەڵێ زۆر زوو ئەم ڕاستییەی بۆ ڕوون بۆوە ، کە دەبێ ژیان جگە لە جەنگ شتێکی تر بێ .

هەر ئەودەمە دەستی بە نووسین کرد ، دەیویست ژیان بەهێزەوە بگرێتە بەر ، ڕوو بەڕووی ئەو ناڕێکیانە دەبۆوە کە لە ژیاندا تووشی دەهاتن . دەستی کرد بە نووسین و چەندین لاپەڕەی پڕ کردەوە . بەردەوام بوو لە نووسین تا وای لێهات بەسەر ئەو برسێتییەیدا زاڵ بوو کە لە ناخیدا بوو ، سوێندی ئەوەی خوارد کە یەکێک لە کەسایەتیی خۆی بۆ گشت لێقەوماو و بێ نەوایانی سەر ڕووی زەمین دروست بکات و هەق وەرگرێ ، بێ ئەوەی بووەسەتێ دەستی بە نووسین کردەوە ، ڕستەی بە ڕستەوە دەلکاند ، هەر ڕستەیەک هێزی لە پەنگ خواردنەوەی ژیانە پڕ لە ئازارەکەی وەرگرتبوو ، وەک شەپۆلێکی ڕێ لێ گیراوی لێ هاتبوو ، لە ئەنجامدا توانیی گشت کۆسپەکانی بەردەمی بشکێنێ و بەڕێکەوێ ، بێ ئەوەی هیچ شتێ بتوانێ ڕایگرێتەوە .. هیچ شتێ نەبوو بیترسێنێ ، نەیاساو نە دەستوور ، لە مشتومڕێکی زۆر تونددا بوو وەک چۆن پەری و شەیتان لە مشتومڕ دان ، ساکە دەشتی هەموو ئەم مشتومڕانەش دەروونی ئەو پیاوە بوو .

ڕۆژێ لە ڕۆژان (بیلینسکی)ی ڕەخنەگر بەدوایدا هەنارد . ئەو ڕەخنەگرە زۆربەی نووسراوەکانی ئەوی خوێندبۆوە ، ئەمیش چاوەنۆڕی زۆر شتی خراپ بوو لەو ڕەخنەگرە

تونـدڕەوە . بـەڵام ئـەوەی ڕوویـدا پێچەوانـەی پێشبینیەکانی ئەو بـوو . ئەو کاتـەی کـە چـووە ژوورەکەی یەکسەر (بیلینسکی) هەستایە سەرپێ و بەرەو ڕووی چوو و باوەشی پێدا کردو بـە دڵێکـی زۆر خۆشەوە پێی گووت : ئا ، ئەوە تۆی هاوڕێکەم ! ئایا نرخی نووسراوەکانت دەزانـی ؟ دەشـێ ئـەم هەموو شتە بزانی و لە تەمەنی بیست ساڵییشدا بـی ؟ (دیڤرسکین)ی فەرمانبەر ، پاڵەوانی چیرۆکەکەت ، بۆ ئامێرێکی پـڕ لـە جوڵـە گـۆڕاوە . لـەم بـوارەدا زۆری بڕیوە ، وای لێهاتووە کە ناتوانێ تەنیا بیریش لـەوە بکاتـەوە کـە لێی قـەوماوە ، تەنانـەت لـەو کاتەش کە لەوپـەڕی لێقەومانـە . بچوکترین سکاڵا نیشـانەیەکە لـە نیشـانەکانی بیرکردنـەوەی سەربەسـتیی هـەڵقوڵاو لـە هوشـیارییەکی شۆڕشگێڕانە . هـەر لـە یەکـەم هـەنگاوتدا دەسـتت لەسـەر زامەکـە دانـاو چوویتـە نێـو نـاخی چەرمەسـەریەکەوە . دەبـێ لەسـەر ئـەم ڕێبـازەت بمێنیتەوە ، بەرامبەر بە خۆت ڕاستگۆبە ، بێگومـان نووسەرێکی زۆر بەرزت لێدەردەچێ .

هەر لەو کاتەدا کە ئـەم شتانەی هاتـەوە یـاد ، بەرامبەر بە خۆی هەستی بەشـانازییەکی زۆر کرد ، ئـەم هەسـتەش زۆری یـاریدەدا بـۆ زاڵبـوون بەسـەر ترسەکەی . سوێندی خوارد کە هەردەم بەرامبەر بە خۆی ڕاستگۆ بێت . تەنانەت بـەرەو ڕووی مردنیـش ، بڕیـاری نـەڕوخانی دا ، بڕیـاری دا سـەر بـۆ چارەنووسەکەی دانەهێنێ .

ئەو تاوانەی بووە هۆی هاتنی بۆ ئەم گۆڕەپانـە تـا بکـوژرێ . بەرەبـەیانی ڕۆژێکـی ساردی مـانگی دوانزە کە زۆر ئاشکراو ڕوون بوو لەبەرچاوی . بەڵێ توانیـی شۆڕشـێک دژی ڕژێمێـک بگێـڕێ کـە هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ مـرۆڤ وەک هەڵسـوکەوتی لەگەڵ مێگەلە چێڵێک وابوو .

هەوڵی دا ئەوە بێنێتەوە بەرچاوی کەچۆن دوای چـەند دەقیقەیـەک لـەو نـاوەدا دەکـەوێ ، جەستەیەکی ساردو سـڕ ، بڕواکـردن بـەم شـتە بەلایەوە زۆر گران بـوو ، ئـەم پرسیارەی لـە خـۆی کرد:

_ ئایا دوای کوشتنم چیم لێدێ ؟

دوای ئـەم ژیانـە شـتێ هەیـە شایەنی ئـەوەبێ بیزانم ؟ تا ئەو کاتەش دەیتوانی سەربازەکان لێکتر جـوێ بکاتـەوە کـە بەرامبـەر بـە سـێ کۆڵەگەکـە وەستابوون و گوێیـان لـە ئەفسـەرەکەیان گرتبـوو کاتێ بە دەنگە بەرزەکـەی هێنـدێ قسـەی ئاراستە دەکردن .

(دوای چـەند دەقیقەیـەکی تـر دەمـرم) ، ئەمـە ڕاستییەک بـوو بـۆی نـەدەکرا بەسـەریدا زاڵ بـێ ، زنجیرە هیوایەک بـە خـەیاڵیدا هـات : ئـاخ ! ئەگـەر دوای چەند چرکەیەک بڕیار لەسـەر مـەرگم نـەدرا ! ئەگەر ئازادیم بۆ بگەڕابوایەوە ، کاری چەند بـەنرخم دەکرد ، هەر چرکەیەکم دەکردە سەدەیەک لەکات ، هەر دەقیقەیەکم لـە ژیانمدا دەژمارد ، وەک چـۆن پیاوێکی پوولـەکی پـارەو پوولـەکانی دەژمـێرێ بـەها و نرخـی کـاتم دەزانـی و هیچم لـێ بـە فیـڕۆ نەئـەدا . ئەگـەر بـۆی بوایـە بـژی ، ئـەوا دووبـارە بۆخـین و گۆگۆڵـی دەخوێنـدەوە ، گشـت ئـەو نووسراوانەشی دەخوێندەوە کە خۆشی دەیویستن دەیتوانی (مەی قـەفقاس) بخواتـەوە ، دووبـارە لـە شـەقامەکانی پێترسـبۆرگ پیاسـە بکـاو لەسـەر کـەناری نیڤـا دانیشـێ . دەیتوانـی ئـازاری خـەڵک لەسەرو ڕوخساریاندا بخوێنێتەوە ، گەر بۆی بکرایـە بژی ، لەگەڵیاندا دەژیـا ، بـە دوورو درێـژی لەگـەڵ سـەرخۆش و بەدمەسـتەکاندا دەدوا ، لەگـەڵ کۆنـە کتێب فرۆشەکان ، ئەو دەمە هەسـتی بـەوە دەکـرد کە هەیەو هەستی بە تـام و بـۆی ژیانیش دەکـرد ، وەک چـۆن کەسێکی تینـوو هەسـت بـەتام و بـۆی ئاوی سارد دەکات .

بەو ئەنجامـە گـەیی کـە (ژیـان!)... مـرۆڤ لـە ژیاندابێ زۆر چاکتـرە لـەوەی لـەژێر گڵـدا ڕاکشـابێ .ئەوەمە دەتوانێ لەگەڵ ڕووداوەکان هـەڵچێ ، لـە خۆشی و ناخۆشیی خەڵکەکە بەشداربێ ، دەتوانـێ هەست بەگەرمیی خۆرو لەرزینی سەرما بکـا ، ئەمـە ژیانـە . ئـەو کاتـەی مـرۆ زیندووە دەتوانـێ نـاوی یەکێکی خۆشەویست بدرکێنێ ، بۆ نموونـە (دایـە) دەتوانێ ناوی برایەکی یاخود خوشکێکی بدرکێنێ ، یا ناوی هاوڕێکەی ، هەر کاتێ هەستی بـە دڵتـەنگی کرد دەتوانـێ بچێتـە سـەر شـەقامەکان ، دەتوانـێ لەگەڵ نوکتەیێ پێکەنێ ، دەتوانـێ دەسـت بـەقژی ژنێکـی ناسـک جوانکیلـەدا بخشـێنێ ، دەتوانـێ چەناگـە ناسکەکەی بگرێتـە دەسـت و سـەری بـەرز بکاتەوەو وای لـێ بکـا تەماشـای بکـات .... ئەگـەر

بۆی بکـرێ بژیـێ ، دەتوانـێ .. دەتوانـێ گـوڵ ئـاو بدات ، گـوێ لـە دەنگـی هـەنگ بگـرێ ، لـە نێـو چیمەنێکدا لەسەر پشت ڕاکشێ ، سەیری ڕۆیشتنی پەڵە هەورێک بکات بە ئاسمانـەوەو شێوازە لـە بـن نەهاتووەکانی ببینێ .

کە بیری کەوتەوە مەرگ ئەم هـەموو شتەی لێ دەستێنێ ، هەستی بـە تاڵییـەکی زۆر کـرد : ئـاخ! خۆزگـە چرکـەیێ زووتـر بمکـوژن . بـەڵام ئـەم خۆزگەیەش ترسێکی گەورەتری خستە دڵیەوە ، بـە هێزێک مشتی توند کرد کە نینۆکەکانی ئـازاری نێـو لەپیان دەدا . ئەویان شەشەمین کـەس بـوو لـە ڕیزەکـە ، کەواتـە ئـەو سـێ کەسـەی لای دەسـتی ڕاستی وەستاون (کـە توانـای سەیرکردنیشـیانی نەبوو) زووتر دەمرن .

دەنگـی پێـی سـەربازەکان لەسـەر ئـەرزە سەهۆڵبەندانەکە هێنایـەوە هـۆش خـۆی ، یـەک لـە سەربازەکان هاتـە پێشـێ و گوتـی: ژمـارە یـەک ، دوو و سـێ .... لـە ڕیزەکـە وەرنـە دەرەوە . ئـەم ڕستەی بەسـەری لووتیـەوە درکـاند ، زۆر سـاردو لەسەرخۆش بوو . تەماشای سـێ کەسـەکەی کردو هەستی بـەو ئـازارە کرد کـە لـە دەروونیـان دایـە ، خۆشی هەستی بە ئائومێدییەکی زۆر کـرد بەرانبـەر بەوەی چۆن دوای ساتێکی تر جەستەی پڕ دەبێ لە گوللە ، بێ ئەوەی بتوانـێ هیـچ بەرگرییـەک بکـات. وای لێکدایەوە کە چۆن ئەوسـێ کەسە کەوا لەعنـەت لـە بەختەکـەیان دەکـەن وچـۆن ئامـادەن بۆئـەوەی هەرچییـەکی هەیانـە ببەخشـن تـەنیا بۆئـەوەی لەوبەری تری ڕیزەکەبووان .

سـەری شـۆڕکردو گشـت نووسـراوەکانی خـۆی هینایەوە بـەرچاو . بـەڵام کـەزانیی ناتوانـێ هیچی دیکە بنووسـێ ، کەزانیی ناتوانـێ بە مرۆ بێـژێ تـاچ ڕادەیـێ خۆشـی دەویسـتن و چـۆن ئـەم هـەموو هەسـت وهۆشـە لەگـەڵیدا دەچنـە نێـو گـڵ. لـەنێو لەپیەوە هەستی بە ئازارێکی زۆر زێتر کرد.

ئایـا مێـژوو سـەبارەت بـە خوێندکارێکی هـەژار چی بە دواڕۆژ دەڵـێ ؟ کـە هـەژاری وای لـێ کردبـێ دەسـت لـە خوێندن هـەڵگرێ و تووشـی کوشـتنی پیرەژنێک بووبێ؟ کێ باسی ئەو ئازارە دەکا کە لـە دەروونی ئەم خوێندکارە سـەری هـەڵدا، کـاتێ لێی پرسـرا ئایـا ئـەو کوشـتنەی وەک هـەر تاوانبـارێکی ئاسایی ئەنجام دا. یان ئایا لەم کارەدا دەگەڕێتـەوە بۆلـی (لـە نـاپلیۆن چووەکـان) ، بـۆ ئـەو بۆلـە لـە ئادەمیزاد کە بڕیاردان لەسەر ژیانی خەڵکانی دیکـە بەلایانـەوە کـارێکی دروسـتە . کـێ دەتوانـێ ئـەو سـۆزە ڕوون بکاتـەوە کـە لـە نێـو دەروونـی قومارباز‌ێکی بلیـارد دایـە ، کـاتێ شـرق و هـۆڕی تۆپەکانی سەر مێزەکە دەبیستێ ؟!

کـاتێ زۆر بـە شـانازییەوە بـە پەنجـە یەکـەم سـەرکەوتنی دەستنیشـان دەکـا ، کـە چـۆن دوای ئـەوە دەکەوێتـە دۆڕاندن و قـەرزاری و .. ئـازاری قومارباز‌ەکە چۆن زۆر دەبێ دوای ئەوەی جگە لـەو تۆپانـەی لەسـەر مێزەکـە سـەما دەکـەن ، هیچـی دیکەی بـۆ نامێنێتـەوە ، تەنانـەت کەسـانی خۆشـی وون دەکات و لە ژوورەکە دەردەچێ و زەردەخەنـە بەسەر لێوەکانیەوەیەو بە خاوەن مێزەکە دەڵێ:

- بە هیوای دیتنەوەتم .. بەیانی !.

ئایـا کـێ خـەم بـۆ ئـەو منداڵانـە دەخـوا کـە بەوپەڕی بێ بەزەییەوە فڕێ دراونەتـە نێـو ژیانێک کە تیایدا بینینی جۆگەلەی خوێن شتێکی زۆر باوە ، ژیانێک سەرشـۆڕی تیایدا جێگـەی شـەرم نییـە، ژیانێک تیـایدا هەرکەسـێ هـەوڵ دەدا باشـترین و زۆرترین بەش بۆ خۆی ببات ، بەڵام ئەوکاتەی داوای بەخشینی شـتێکی لـێ دەکـرێ ، ئـەو کاتـە بـاس و خواسەکە دەگۆڕێ و دەیباتەوە لایەکی تر .

بروسکەیەک لە ڕابردووەوە خۆی کـردە بـە نێـو ژووری یادگارییـەکانیدا ، خـۆی لـە تـافی لاوێتیـدا دۆزییەوە .. چۆن گەنجێ بوو ، وەک کوڕە پاشا .. کوڕێکی چاک ، تەنیا خۆشیی بۆ خەڵکان دەویسـت ، بـەڵام دوای ئـەوەی خەڵکەکـە تاقییـان کـردەوەو بۆیان دەرکەوت جگە لە هەموو گەنجانی دیکە تەنیا ئەویان خۆشەویستیی ئەوانی بەلاوە گرنگە لەجیاتی ئـەوەی قامچییـان لـە ڕوو بوەشـێنێ ، بەسـەریدا هەڵسانەوەو بە گێڵ و وێڵ و نەفام نێوزەدیان کرد ، گوتی: بەڵێ ئەم بابەتـە یـەکێ بـوو لـەو بابەتانـەی دەمویست بەقەڵەم چارەسەری بکەم .

کە هۆشی هاتەوە بەر ، هەستی بە ئارەقـەیێکی ساردو سڕ کرد لەسەر ڕوخساری و دڵۆپێک لەپشتی ملیەوە بۆ نێـو پشتی خزایـە خـوارەوە . هـەر لـەو کاتەدا سەری بەرز کردەوەو بینیـی سـەربازێک بـە شێوەیەکی زۆر دڕندانـە دەسـتی یـەکێ لـە سـێ

کەسەکە لە دواوە دەبەستێتەوە ، پاشان بردی بۆ لای کۆڵەگەیێک و زۆر بە تۆندی لە کۆڵەگەکەی بەستەوە ، بە شێوەیێ وات دەزانی کە ئەو کەسە بە سەربەزی وەستاوە ، ئەم کرداره سێ جاران دووبارە بۆوە ، سەربازەکان دەستیان کرد بە چاوبەستنی هەرسێکیان .. تا ئەو ڕۆژە بیری لە جۆرەکانی مەرگ نەکردبۆوە ، ئێستاش وا بەسەرچوو ، ئەو گوللەیەی کە دەچێتە نێو جەستەی زۆر لەمێژە دروست کراوە . لەنێو هەگبەی سەربازەکان گوللەی دەبینی ، پارچە کانزاییێکی بچووک ، خڕ ، ئەوەندە لووس کراوە بە ڕادەیەک دەبریسکێتەوە ، ئەوەی ئەم گوللەیەی دروست کردووە چەندی پێوە ماندوو بووە تا بە بریسکەی خستووە ؟.. ئایا ئەو سەربازە چەندە خۆشحاڵە کە گوللەکە لەبەر سێرەی چاوی ڕادەگرێ و لێی ورد دەبێتەوە ؟ .. بەڵام ماندوو بوونەکە بێ سوودو خۆشیەکەش پووچەڵە ، لەبەر ئەوەی ئەویان گوللەکە لە سینگیەوە دەخوات و هیچ بەلایەوە جیا نییە گەر بریسکەداربێ یان نا . لەو کاتەدا دەنگێک لە دنیای مردووانەوە بەرز بۆوە، دەنگی ئەفسەرەکە کە بڕیاری ئامادەبوونی بۆ سەربازەکان دەرکرد ، دەهۆڵەکان دەستیان بە لێدانێکی هێواش کرد .. بەرز .. بەرزتر . تا وای لێهات هەستی دەکرد کە هەر ئێستا سەری دەتەقێ . لە نێو دەنگی دەهۆڵەکانەوە توانیی دەنگی سوارکردنی چەکەکانی گوێ لێ بێ ، ئەو دەمە زانیی کە دواچرکە بۆ ئەو سێ کەسە هات کە بە کۆڵەگەکانەوەن. چاوەنۆڕی دەنگی یەکەمین تەقە بوو .. دەنگی دەهۆڵەکان گوێیان کەڕ کرد ، سەری بەرز کردەوە ، هەر وەک خەونێک لەبەرچاوی بینیی ئەفسەرەکە چەمایەوەو قسەی لەگەڵ یەکێ لە سەربازەکان کرد ، بەڵام نەیزانی چی پێ گوت ، بینیی سەربازەکە بەرەو سێ کەسەکە دەچێ ، وای زانی مێشکی تێک چووەو ویستی بە هەرچۆنێ بێ بێتەوە هۆشی خۆی ، زۆری حەز دەکرد دەنگی دەهۆڵەکان بوەستن .

چی!.. ئایا بە تەواوی دەڕوخێ ، لەو کاتەی بەرەوڕووی مەرگە ، ئەو کەسەی هەردەم توانیی خۆی ڕاگرێ ، توانیی بۆ خەڵک بسەلمێنێ کە ئەو پیاوێکی ئازادە، تەنانەت بەرەوڕووی مەرگیش دەڕوخێ؟

بینیی وا سەربازەکە پارچە پەڕۆکەی سەرچاوی یەکەم کەس لادەبا ، دوای ئەوە دووەم و سێیەمیش. دوای ئەوە دەستیانی کردەوەو لە کۆڵەگەکانی لادان و بە پێشەخۆی دان و بەرەو ئەوانی هێنانەوە ، هیچ هەوڵی تێگەیشتنی نەدا ، لە شوێنی خۆی سڕ بوو ، یەک بۆشایی ڕەشی گەورە شوێنی مێشکی گرتبۆوە ، توانای ئەوەی نەبوو هەست بە سەرسوڕمان بکات ، بگرە هەستی بە ئازاریش نەدەکرد . بیری لە هاوارکردن و ڕاکردنیش نەدەکردەوە ، لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی بیانکات .

کتوپڕ دەهۆڵەکان لە لێدان کەوتن ، وەک ئەوەی هێزیان لەبەر بڕابی ، هیچ گوللەیەک نەهاویشتران ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرسوورهێنەر نەبوو ، پاشان ناوی خۆی بیست لەگەڵ چەند وشەیەک کە بە دوایدا هاتن و هیچیانی لێ تێنەگەیشت . ئەو کاتەی کە کۆمەڵێ تاوانبار کەوتنە جوولەو بۆ دوو ڕیز دابەش بوون و پشتیان کردە گۆڕەپانی (سیمونوگ) و بەرەو زیندانەکان بەڕێ کەوتن ، ئا لەوکاتەدا نەختێ هۆشی هاتەوە بەر ، چاوەکانی بزواندو سەری یەکەم کەسی بینی کە لە پێشەوەیان دەڕۆیشت ، ئەو کەسە بوو کە وای بۆ نووسرابوو یەکەمین کەس بمرێ . لەو کاتەدا ئەژنۆکانی لە لەرزین کەوتن . ئەو وشانەی بۆ گەڕایەوە کە چەند ساتێکی کەم لەوەو پێش بیستیانی ، ئەو وشانەش ئەوە بوون کە:

(فیودۆر میکایلۆڤیتشی) بەر بڕیاری لێبووردنی قەیسەر کەوت و چوار ساڵ لە سیبیریا دەباتە سەر..

❀❀❀

دیدار

چەند ساتێک لەگەڵ


مامۆستا

وەلیم پۆحەنای هۆنەر مەندا



ئامادەکردنی - لەتیف - قوباد

دەبوایە سەعات دەو نیوی سەر لەبەیانی ، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩٩٧/٦/١٣ لەوێ ئامادەبین . بەڵام درەنگ وێنەگرێک و کامیرایەکمان دەست کەوت . زیاتر لە سێ چارەک لە وەختی دیاری کراودا تێپەڕی کرد . کە لە دەرگای ماڵەکەیانماندا ، تاماوەیەک کەس وەرامی نەداینەوە . پەردەی پەنجەرەی سەر حەوشەکە دادرابۆوە ، وا پێ دەچوو کەسێک لەو ماڵەدا نەژی .. وەختا بڕۆین ، کەچی لەپڕ دەرگای کۆریدۆرەکە کرایەوە ، پیاوێکی سەرسپی ، بەباڵا تۆزێ کورتی خڕو خۆڵ بەرەو دەرگای حەوشەکە هات . دیاربوو لە هاتنمان بێ ئومێد بوو ، بۆیە بە تراکسودێکی نیللی بەرەو ڕوومان هات . بەخێڕی هێناین بەڵام زۆر بە گەرمی



نا ، لەوە دەچوو لە دوا کەوتنمان گلەیی هەبێت . چوینە ژوورەوە جگە لە دەنگی ئێمەو لەرەی پەردەی پەنجەرەی سەر هۆڵەکە گوێمان لە هیچ شتێکی تر نەبوو .. مالێکی کش و مات . بە خێرایی

خۆی گۆڕی .. کە بۆ وێنە گرتن چوینە حەوشە بچکۆلانەکە فەرمووی : خانووەکەمان بچووکە . بەڵام خۆزگە هەموو کەسێک خانوویەکی ئاوا بچکۆلانەی دەبوو ، نەک هەبن خاوەنی خانووی گەورەو پان و بەرین بن و هەش بن لانەواز . ئێمەی پەلکێش کرد بۆ ژووری مەشق کردن .. ژوورێکی پاک و خاوێن ، کتێبخانەیەکی خنجیلانەو ستاندێکی نۆتەو عودێک و کەمانێک و ئۆرگۆنێک ؛ وتی: وەختم بۆ هەموویان داناوە ، دڵی کەسیان ناشکێنم ، هەر ساتە یەکێکیان دەگرمە باوەش . پاشان دەستی دایە عوودەکەو بەدەم دۆزان کردنەوە فەرمووی :دەبێ زۆر لەسەرخۆ مامەڵە لەگەڵ تەلەکانی دا بکەین ، دەنا لێمان دەپەنجێن .

مامۆستا ولیەم یۆحەننا ، ئەوەندە بەناسکی هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەو ئامێرانەدا دەکرد دەتگوت باوکێکی جگەرسۆزەو دەست بەقژی جگەر گۆشەکانیدا دێنێ . سێ ئامێرەکەش لە سێ منداڵی چاوڕەشی ژیر دەچوون کە تا نەیئەدوانن ، گورانییان نەدەوت و سەمای فریشتانەیان نەدەکرد

دوای سەعاتێک دانیشتن ، کوڕێک بە جل و بەرگی نووستنەوە لە ژوورەکەی سەر هۆڵەکە هاتە دەرێو بەخێر هاتنی کردین ، مامۆستا ولیەم وتی : ئەمە برامە لەو مالەدا پێکەوە دەژین ، پاش کەمێک گوێمان لە نالە نالی شمشاڵێک بوو ، پێمان ووت براکەشت مۆسیقا ژەنە . لەسەرخۆ وەرامی دایەوە گوتی: ئەگەر ئەویش وەک من مۆسیقای خۆش نەویستایە ، چۆن لە مالێکدا هەڵی دەکرد کە ڕۆژانە سێ چوار سەعات مۆسیقای تیادا دەگری و پێ دەکەنێ .

- با بە یێکەوە بگەڕێینەوە سەردەمی منداڵی...

گەڕەکی گوێژەی سلێمانی یەکەم بێشکەم بوو ، هەر لەوێش نەش و نمام کرد. (مولدە)ی کارەبای ئەو ساکە کە لە مالەکەمانەوە نزیک بوو ، یەکەم ڕاکێشەرم بوو بۆ دنیای مۆسیقا ، دەنگی ئەو ئامێرە بە ئیقاعێکی ئەوتۆ پەردەی گوێی دەلەراندمەوە ، کە شێوەیەک لە شێوەکانی تەراتیلی وەرگرتبوو .

- ئەی لە مالەوە ..

بەردەوام گوێم لە گرامافۆن دەگرت . گۆرانییە بەجۆشەکانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی زۆر کاری لە باوکم دەکرد . تا ئێستاش من سەرسامم بە لەرەی دەنگ و تەبەقاتی دەنگی ئەم هونەرمەندە دەنگ خۆشە .

- باوکتان هەر گوێگر بوو ؟

نەخێر باوکم نای ژەن بوو . هەر ئەوەش پاڵی پێوەنام کە بچمە ناو ئەو تیپە مۆسیقییەی کە سەر بە باخچەی ساوایانی ئەرمەن بوو .

- ئەی کە پێتان نایە قوتابخانە .. ؟

لەقوتابخانەی فەیسەلیەی سەرەتایی ، یەکێک بووم لە قوتابیە چالاکەکانی کارە هونەریەکان . لەوێ فێری لێدانی مۆسیقا بووم .

- دایکتان موسڵاوی بوو ، باوکیشت خەڵکی کوردستانی باکوور ، ڕۆڵی ئەم دوو شوێنە ؟

لە بۆنەکان و لە پشووی سەری ساڵدا ، سەفەرم دەکرد بۆ موسڵ بۆ مااڵی خاڵەکانم . خاڵێکم هونەرمەندی شێوەکار بوو .. ئەوەی تر مۆسیقا ژەن بوو . هەر خاڵەم هەوڵی دەدا بۆ لای خۆیم ڕاکێشێ . بەڵام من مۆسیقام هەڵبژارد چونکە مۆسیقا لە ناوەوە دەنوکی لێ دەدام .

_ ئەوساکە هەر مۆسیقات لێدەدا یان گۆرانیشت دەگوت .. ؟

لە یەکێک لە قوتابخانەکانی موسڵ بەشداری ئاهەنگێکم کردوو گۆرانی _ وەک قومری سەربالّم شینە _ م گوت . زۆریان بەدڵ بوو . بەڕێوبەری ئەو قوتابخانەیە ، ئامێرێکی مۆسیقای بە دیاری دا پێم کە پێی دەووترا : ماندۆلی . بە داخەوە ونم کرد .

- پاشان ؟

خوێندنی ناوەندیم لە سلێمانی تەواو کرد سالّی ١٩٥٢ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیرام . لە ١٩٥٥ دەرچووم . کە ئەمە یەکەم وەجبەی دەرچوون بوو .

- لەکوێ دامەزرای ؟

هەر لە هەمان قوتابخانە کە قوتابی بووی تیایدا - فەیسەلیە- ؟

یەکەم هەنگاوی بەرنامەدار لەوێراوە ..

لەبەر نەبوونی کادیری مۆسیقی لە سلێمانی ئەوسادا ، ئیتر لە زۆربەی قوتابخانەکانا دەستم کرد بە چالاکی هونەری . هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە فێری ژەنینی زوربەی ئامێرەکانی مۆسیقا ببم .

- وا بزانم تیپی مەولەوی هەر لە سالّی دەرچونتان دامەزرا ..

هەر لەو سالّەدا بوو . سالّی ١٩٥٥، خۆشم یەکێک بووم لە دەستەی دامەزرێنەری ئەو تیپە . یەکەم تیپی مۆسیقا بوو لەهەموو کوردستاندا .

- کێ بوون ئەندامانی ئەو تیپە ؟

کەسانی رابەرو بەهرە مەند ئەندام بوو تیایدا وەک :

قادر دیلان ، بەهجەت رەشید ، نەجاتی عەبدە ، حاتەم سەعید ، هادی عەنبەر ، ئومێد مەدحەت ، سەردار رەمزی ، ساجد رەفیق ، نوری بەدەوی ، محەمەدفەرەج ، قادر کوردی ، شەوکەت رەشید ، ولیەم یوحەننا .

- کەی دەستی بە چالاکی کرد ؟

هەر دوای دامەزراندنی دەستی بە چالاکی کرد . لەسالّی ١٩٥٧ بە بۆنەی کارەساتی لافاوەکەی سلێمانی ، ئاهەنگمان گێڕا ، ئەو پارەیەی دەست کەوت درا بە خەڵکی لێ قەوماو .. ئەو تیپە سنووری شاری سلێمانی بەزاندو ئاهەنگی لە شارەکانی تری کوردستاندا پێش کەش دەکرد .

- گۆرانی بێژانی ئەو تیپە کێ بوون ؟

بەناوبانگترین هونەرمەندانی ئەو سەردەمە بەشداری ئاهەنگەکانیان دەکرد : ڕەشۆل ، محەمەد سالّح دیلان ، حەسەن زیرەک ، حەمەی بەکر ، باکووری ، شەماڵ سائیب ، سێوە ، تایەر تۆفیق ، عەلی مەردان ، ڕەسوڵ گەردی ، ئیبراهیم محەمەد ، عوسمان عەلی ، عوسمان سابونچی ، حەمەی ماملێ ، عومەر ڕەزا ، قادری حاجی حسێن ، فواد ئەحمەد ، ڕەفیق چالاک ، فەرەج ڕەشید .

- کەس لەسەر دەستی ئەم تیپە فێری مۆسیقا بوو ؟

بەڵێ زۆر قوتابی بەهرەدار ، لەسەر تازەترین ڕێگای زانستی فێری مۆسیقا کران.

- مەولەوی چەند سالّ ژیا ؟

تا سالّی ١٩٦٣ کاری کرد ، پاشان ئەندامی بە هۆی خوێندنەوە ، پەرت و بڵاو بوونەوە .

- باشە مامۆستا ، بەرلە پەنجاکان هیچ چالاکییەکی هونەری لە سلێمانیدا هەبوو ؟

بەڵێ ، وەک من لەبیرم بێ لەسالّی ١٩٤٦ چەند هونەرمەندێک ، ئۆپەرێتی گوڵی خوێناویان پێش کەش کرد .کە بریتی بوون لە هونەرمەندان : بەهجەت ڕەشید - کەمانچە ، ڕۆبین ڕۆفیک - کەمانچە ، ئستیفان -عود ، محەمەد سالّح دیلان و مەحمود حەمەی لەیلێ- دەنگ .

- جگە لەمە ؟



لـــه‌گه‌ڵ شـــانۆنـــامه‌ی قه‌ره‌جدا بووم به قـــه‌ره‌ج .

لـه سـاڵی ١٩٤٧ کۆمـه‌ڵێک گـه‌نج به‌شـداری ده‌وره‌یه‌کی مۆسـیقایان کـرد له‌وانـه ؟ به‌هجـه‌ت ڕه‌شـید ، قـادر دیـلان ، ره‌زا شـێخ محه‌مـه‌د ، سه‌رکیس که‌نعان ، عه‌بدوڵا میدیا ، نـوری عه‌نتـه‌ر ، ئه‌حمـه‌د زرنگ ، غـه‌ریب میرزا ، مـه‌حمودی حمـه له‌یلێ ، جـه‌مال فـه‌تاح ، عـه‌لی ئیحسـان ، جـه‌مال ئه‌حمـه‌د ، سـێ مندالّی مامۆستا حـه‌نا بوتـرس ، عه‌بدوڵا جاف .

- کێ له‌و ده‌وره‌یـه‌دا وانـه‌ی مۆسـیقای ده‌ووته‌وه ..

چـه‌ند مامۆستایه‌ک که له ده‌ره‌وه‌ی سلێمانی هاتبوون ، که بریتیبـوون لـه مامۆستایان : جـه‌میل به‌شیر ، که‌مانچـه ، حـه‌نا بوتـرس ، غـانم حـه‌داد - که‌مانچه ، سـالم حسێن -قـانون ، حـه‌قی - نـای ، شـواع - که‌مانچـه ، مونـیر- کلارنێت ، یـه‌عقوب - عود .

- دوای ده‌رچوونتـان لـه پـه‌یمانگـه ، چیتـان بۆ قوتابخانه‌کانی سلێمانی کرد ؟

کـاری هونـه‌ری چـاکم ئـه‌نجام دا ، له‌وانـه تیپـی سـرودم دامه‌زراند ، مۆسیقام بۆ یاری سوێدی سالّانه دانا ، ده‌نگی مۆسیقی . به‌رچاوم هه‌ڵبژارد ، یه‌کـه‌م که‌س بووم که ئامێری عودو که‌مان و ئۆکۆردیۆنم له قوتابخانه‌کاندا به‌کار هێنا ، جگه له‌وه‌ی کـه له‌گـه‌ڵ مامۆستا ئازاد شه‌وقی هونه‌رمـه‌ند ، یه‌کـه‌م چـالاکی قوتابخانه‌ییمان پێش که‌ش کرد .

- ده‌ورتـان لـه دامـه‌زراندنی کۆمه‌ڵـه‌ی هونه‌ره جوانه‌کان ؟

یه‌کێک بـووم لـه ئـه‌ندامانی دامه‌زرێنـه‌ری تیپـی مۆسـیقای مه‌ولـه‌وی ١٩٥٥ ، کۆمه‌ڵـه‌ی هونـه‌ره جوانـه‌کان ، تیپـی مۆسـیقای سـلێمانی ١٩٦٤ ، نه‌قابه‌ی هونه‌رمه‌ندان .

- ئـه‌و هونه‌رمه‌ندانـه‌ی لـه ده‌وری کۆمه‌ڵه کۆبوونه‌وه کێ بوون ؟

کۆمه‌ڵه ، به‌سه‌ر چه‌ند کۆمیته‌یه‌ک دابه‌ش ببـوو ، کۆمیتـه‌ی نوانـدن بریتـی بـوو لـه هونه‌رمـه‌ندان ، ره‌فیق چـالاک ، ره‌ئـووف یـه‌حیا ، نـوری وه‌شـتی ، ته‌ها خه‌لیل ، نامق محی الدین .

کۆمیته‌ی مۆسیقا و گورانی : قادر دیلان ، ولیه‌م یۆحه‌ننا ، به‌هجه‌ت ڕه‌شید ، نه‌جاتی عه‌بده ، حـاکم سه‌عید ، هادی عه‌نبه‌ر .

کۆمیتـه‌ی نیگـارو کۆڵێـن : جـه‌مال بـه‌ختیار ، خـالید سـه‌عید ، ئـازاد شـه‌وقی ، مسـته‌فا شـێخ ئه‌حمه‌د ، سه‌ید محسن سه‌ید سمین .

کۆمیته‌ی ئه‌ده‌ب : مسته‌فا سـالّح کـریم ، محمد سالح دیلان .

ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ریش بریتی بوون له به‌ڕێزان : ڕه‌فیـق چـالاک ، نـوری وه‌شـتی ، قـادر دیـلان ، ره‌ئووف یه‌حیا ، جه‌مال به‌ختیار ، به‌هجه‌ت ره‌شـید ، خالد سعید ، ئازاد شه‌وقی و ولیه‌م یوحه‌ننا .

- مامۆسـتا ، وه‌ک ته‌ماشـای ئـه‌لبومی هونه‌ریتمان کرد له هێندێ شوێن و بۆنـه‌دا گۆرانی ده‌ڵێی .

به‌ڵێ جار جاره له‌وێکی گۆرانیم وتووه .

- ده‌نگت خۆشه ؟

ده‌زانم چۆن گۆرانی ده‌ڵێم .

- چه‌ند ئاوازێکی به جۆشت هه‌ن ؟

ئـاوازم بـۆ چـه‌ند شـیعرێک داناوه‌و بـه گۆرانـی وتراون وه‌ک : فریشته ، فه‌له‌ک ڕاست بڕۆ ، گوڵـی سوور ، ڕۆژباش ، ناسک ، و کێژۆڵه‌ی نیان .

- ئه‌ی پارچه مۆسیقا ؟

چه‌پکێک پارچه مۆسیقام تۆمار کردووه له‌وانه : نـه‌وڕۆز ، چۆپـی ، سـه‌ما ، شـیرین ، نه‌سـرین ، سه‌رچنار، پیره‌مه‌گرون ، و دیلان .

- پارچـه مۆسـیقای (سـه‌ما) یه‌کـه‌م خه‌ڵاتی وه‌رگرت ؟

له ساڵی ١٩٧٤ له یه‌که‌م میهره‌جانی مۆسیقای کوردی که له به‌غدا سازکرا ، پارچه مۆسیقای سه‌ما خه‌ڵاتی یه‌که‌می پێ برا .

هونەرمەندی کورد بە پارەی خۆی گۆرانی دەڵێ

_ خۆتان شیعر بۆ گۆرانی هەڵدەبژێرن ؟

زۆربەی ئەو شیعرانەی کردوومن بە گۆرانی ، لە دەستی شاعیرەکانم وەرگرتووە . بەڵام ئەگەر لە شیعرێکا چەند وشەیەکی نەگونجاوم بەرچاو کەوتبێ ، داوام لە شاعیرەکە کردووە بیگۆڕێت . مەبەستم ئەوەیە بڵێم گەر سەر لەبەری شیعرەکە ئاشنا نەبێت بە گیانی ناسکی مۆسیقا ، وشەکان ووشەی مۆسیقی نەبن ئەوا خۆمی پێوە خەریک ناکەم .

- ئاواز دانەر هەن ، ئاوازەکە دادەنێن ، جا داوا لە شاعیرێک دەکەن لەسەر هەمان ڕەزم و ئیقاع شیعرێک بنووسن .

من تەجروبەی ئاوام نەبووە ، بەڵام دەکرێ ، بە مەرجێ شاعیرەکە گوێی مۆسیقی بێت . کاتی خۆی ئەحمەد هەردی ئاوازێکی ئیتالی وەرگرتووە لەگەڵ شیعری (تاقانەی خونچەکەی ژیانم) ، دای بە هونەرمەند عومەر دزەیی و وتی :

ڕومەتی وەک گوڵی بێگەرد

ئاوازی منەو شیعری کامەرانە ، کامەران خۆی ئەم شیعرەی داپێم .

- قادر دیلان لەسەر قەوان لە حەفتاکان تۆماری کردووە !

بەڵێ بەر لە تۆمارکردنی خەبەری دا پێم ، بەڵام تا ئێستاش پێنەگەییوە ، نەک پاداشتەکەی .

- شانۆو مۆسیقا ، لە ژیانی هونەریتان ؟

دوانزە پارچە مۆسیقام بۆ شانۆ داناوە ، لەوانە پردی ئارتا ، بەلەمی ئەفسوناوی ، دکتۆر پاڵمی ، قەرەج .... هتد

- بە وردی ئەم شانۆنامانەت دەخوێندەوە ..؟

— لەڵ شانۆنامەی قەرەجدا ، بووم بە قەرەج .

- بۆ شیعریش وای ؟

بەڵێ . ووشەی شیعری لای من زەنگێکی تایبەتی هەیە ، بە قوڵی دەچمە ناخیەوە ، من ڕۆژانە قورئانی پیرۆز دیراسە دەکەم و لە ئاست ئیقاعی ناوەوەو دەرەوەی ووشەو ڕستەکانی ڕادەمێنم ..

زۆر بە ووردیش چاو دەبڕمە ئەو قەسیدانەی کە (ام کلثوم) کردوونی بە گۆرانی .

- چۆن دەڕوانیتە فۆلکلۆرو چۆن مامەڵە لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆری دەکەی ؟

سامانێکی نەتەوەیی بەنرخە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و بەڵام من پێم چاکە گۆرانی فۆلکلۆری وەک خۆی بوترێتەوە بێ دەسکاری ، چونکە هەموو گۆرانی یەک ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی .

- کورد شیعری جوان و بە جۆشی هەن ، پێت وا نییە قەیرانی گۆرانی کوردی ، بەندبێ بە قەیرانی دەنگی زیندوو .. واتە ئەزمەکە ئەزمەی دەنگە ؟

من قەیرانی دەنگ نابینم ، کورد ، دەنگی باشی هەیە بەڵام بەتەنیا دەنگ بەس نییە ، دەبێ گۆرانی بێژ ڕووناکبیر بێت ، ئامێرێکی مۆسیقا بزانێت . بخوێنێتەوە دەنگی خۆی مشت و ماڵ بکات . خۆی تەرخان بکات- تەنیا- بۆ کاری هونەری بەردەوام بێت و نەپچڕێ ، لەناخی خۆیدا گیانی پێش بڕکێو مونافەسە دروست بکات . ئەمانە ئەرکە پیرۆزەکانی گۆرانی بێژی سەرکەوتووە لە پاڵ ئەمانەش دەبێ لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە پشتی بگیرێ ، لە سلێمانی قابلیاتی زۆرباش هەن ، بەڵام دەعم نییە ، پێویستە کومپانیای تایبەت هەبێ بۆ تۆمارکردنی گۆرانی و مۆسیقاو پاداشتیش بدرێ بە هونەرمەند ، کەچی وەک کابرای عەرەب وتەنی (نغنی بفلوسنا) .

- وەختێک ئیقاعی ڕۆژئاوایی زۆر باو بوو ، پانتایەکی بەرینی لە گۆڕەپانی گۆرانی کوردی داگیر کردبوو .. ڕاتان لەم بارەیەوە ؟

با سوود وەرگرین بەڵام دەبێ مۆرکی کوردی وون نەکەین . قادر دیلان گۆرانی - قژکاڵی -

ووتـووە لەسـەر ئیقـاعی تـانگۆ ، کـە ئیقـاعێکی جیهانیـیە ، بـەڵام زۆر سـەرکەوتوو بـووە ، چونکـە ڕوحیەتی کوردی تیا پاراستووە .

- بـەڕاڵـە قـادر دیـلان ئـەم گۆرانییـە ووتـراوە ؟

بـەڵێ مـەحمود محەمـەد وتوویـەتی ، پاشـانیش عومەر دزەیی .

- ئەی ڕەفیق چالاک ؟

ڕەفیق چالاک ، دەنگێکی چاکی هـەبوو ، زۆر تایبەت بوو ، زیرەک بوو ، ڕووناکبیر بوو ، حسـێکی هونەری باشی هەبوو .

- لە هونەرمەندە لاوەکان گوێ لەکێ دەگرن ؟

ناتوانم دەسـت نیشانی گۆرانـی بێژێک بکـەم ، چونکە ناوبانگ دەرکردن عومرێکـی درێژی دەوێ ، ئەگینا دەنگی باش هەیە .

- ئێمە ناوی بەهجەت یـەحیا دەخەینـە ڕوو !

گـــۆرانیی کـــوردی مـــۆرکـــی تایبەتیی خـــۆی هەیـە .



باشە ، مەرغوبە ، بەڵام دەبێ زیاتر خۆی ماندوو بکات .

- فـەرموتان ، ڕۆژانـە چـوار سـەعات مەشق ، ئەی کاتەکانی تر ؟

دەخوێنمـەوە ، بـەڵام زیـاتر ئـەو کتێبانـەی پـەیوەندیان بـە گۆرانـی و مۆسیقاوە هەیـە .. جـار جارەش فەلسەفە ، گوێ لە ئێزگەکانیش دەگرم .

- ئەی منداڵ و مۆسیقا ؟

دنیای منداڵ دنیایەکی ئەفسـوناوی و شـیرینە ، پێویسـتە جگـەر گۆشـەکانمان بـە مۆسـیقا گـۆش بکەین .. هەموو منداڵێک ئامێرێکی مۆسیقایە . بـا ڕێگایان بدەین گۆرانی پەپوولەیی خۆیان بڵێن .

- مامۆستا دەڵێن هەردوو هونەرمـەندی عـێراقی مونـیر بەشـیرو جـەمیل بەشـیر کاریگـەرێتی ئـاوازی کوردیبـە ئاوازەکانیانـەوە دیـارەو کـەڵکیان لـە کەلەپووری هونەری ئـاوازو گۆرانـی کـوردی وەرگرتووە ؟

بەڵێ ئەوە ڕاستە .. هەر دەبێ واش بێ چونکـە ئەو دوو هونەرمەندە لە موسڵ لەناو کـوردا ژیـاون و گومـان لـەوەدا نییـە کـە کـەڵکی زۆریـان لـە ئـاوازو کەلەپووری هونـەری کـوردی وەرگرتـووەو هونـەری ئـاوازو گۆرانـی عـەرەبی عیراقیـان پـێ دەوڵەمـەند کردووە .

- ئاپۆڤیان كه كوردناسێكی ئه‌رمه‌نیه‌و به باوكی ڕۆشنبیریی نوێی ئه‌رمه‌نی ده‌ژمێردرێ ڕای وایه كه هونه‌ری هه‌ڵپه‌ڕكێ و گۆرانی كوردی كاریگه‌رێتی خۆی سه‌پاندووه به‌سه‌ر هونه‌ری گۆرانی و هه‌ڵپه‌ڕكێی هه‌موو گه‌لانی ناوچه‌كه‌دا .. ڕای به‌ڕێزتان له‌و باره‌یه‌وه چییه ؟

ئه‌م قسه‌یه‌ی ئاپۆڤیان تاكو ڕاده‌یه‌كی زۆر ڕاسته چونكه نه‌ته‌وه‌ی كورد كه‌له‌پووێكی هونه‌ری گه‌وره‌ی هه‌یه‌و كورد له هونه‌ری هه‌ڵپه‌ڕكێ و گۆرانی دا زۆر ده‌وڵه‌مه‌نده‌و سامانێكی هونه‌ری له‌بن نه‌هاتووی هه‌یه .. هه‌ر بۆ نموونه گۆرانی بێژانی تورك سوودی زۆریان له ئاوازی كوردی وه‌رگرتووه .. به‌ڵام به پێی مۆركی هونه‌ری ئاوازی نه‌ته‌وایه‌تی خۆیان دایانڕشتۆته‌وه . ته‌نانه‌ت ده‌توانم بڵێم گۆرانی ناوچه‌ی بادینان كاریگه‌ری زۆری هه‌ی له‌سه‌ر گۆرانی _ كه ده‌ڵێن ئه‌مڕۆ ده‌شت و كێو شینه - ی گۆرانی بێژی ناودار مه‌لا كه‌ریم .. ئه‌وه ڕاستیه‌كه ناشارێته‌وه كه گورانی كوردی مۆركی تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌و تارمایی ئه‌م مۆركه به گه‌لێ گۆرانی گه‌لانی ناوچه‌كه‌وه تا ڕاده‌یه‌ك دیاره‌و ناشاردرێته‌وه .

- ئایا یه‌كه‌م كه‌سێ كه هونه‌رمه‌ند بوبێ و بایه‌خی به ئاوازو گۆرانی كوردی دابێ له سلێمانی‌دا كێ بووه ؟

وه‌كو زاره‌كی و هه‌ندێ سه‌رچاوه‌ی نووسراو ڕوونی ده‌كه‌نه‌وه یه‌كه‌م هونه‌رمه‌ند كه له‌سلێمانیدا بایه‌خی به ئاوازو گۆرانی كوردیدا بێ هونه‌رمه‌ند عبدالواحد مسته‌فا بووه .. ئه‌م هونه‌رمه‌نده له‌سه‌ره‌تادا ئه‌فسه‌ر بووه له سوپای تورکدا له تورکیاو كاتێ گه‌ڕاوه‌ته‌وه هه‌وڵی دامه‌زراندنی تیپێكی گۆرانی و مۆسیقای كوردی داوه ..

- له چ ساڵێكدا به ڕه‌سمی تیپی هونه‌ریی له سلێمانیدا دامه‌زراوه ؟

تیپی هونه‌ریی بۆ گۆرانی و مۆسیقا به شێوه‌یه‌كی ڕه‌سمی له پێنجاكاندا دامه‌زراوه .. ئه‌وسا كه‌م كه‌س به ئاسانی‌و به‌بێ ده‌ربه‌ستی ده‌یتوانی له‌م جۆره تیپانه‌دا به‌شداری بكات چونكه به شووره‌یی ده‌زانراو سه‌رزه‌نشت ده‌كراو ته‌نانه‌ت لای هه‌ندێ كه‌س نه‌نگی بوو كه ئامێرێكی مۆسیقا بگرێته ده‌سته‌وه‌و له گه‌ڵماندا بگه‌ڕێ .

به‌ڵام ئێستا زۆربه‌ی خه‌ڵك شانازی به‌وه‌وه ده‌كه‌ن له ئامێرێكی مۆسیقا بزانن .. هه‌روه‌ها دایك و باوكی جاران پێیان جوان نه‌بوو منداڵه‌كانیان فێری مۆسیقابن ... به‌ڵام ئێستا زۆربه‌ی دایكان و باوكان ئه‌گه‌ر ده‌ستیان بڕوا خۆیان ئامێری مۆسیقا بۆ منداڵه‌كانیان ده‌كڕن و ده‌یانێرنه لای ڕاهێنه‌ری تیپه‌كان بۆ ئه‌وه‌ی فێری مۆسیقا و گۆرانی بن .

- ئایا جاران وه‌كو ئێستا تیپه هونه‌ریه‌كان هۆڵ و جێگای له‌باریان هه‌بوو بۆ ئه‌نجامدانی كاره هونه‌ریه‌كانیان ؟

له ساڵانی په‌نجادا تیپی مه‌وله‌وی هه‌بوو به‌ڵام هۆڵ و جێگای تایبه‌تی نه‌بوو بۆ ئه‌نجامدانی كاره هونه‌ری‌یه‌كانی خۆی ... به‌ناچاری له ماڵی هونه‌رمه‌نده‌كان كاره هونه‌ریه‌كانیان ئه‌نجام ده‌دا .. حه‌ز ده‌كه‌م ئه‌وه‌ش بڵێم كه تیپی مه‌وله‌وی گه‌ڵێ كاروباری خێرخوازیشی ئه‌نجام ده‌دا هه‌ر بۆ نموونه له ساڵی ١٩٥٧ دا كه لافاوه‌كه‌ی سلێمانی هه‌ڵساو زه‌ره‌رو زیانی زۆری به خه‌ڵك گه‌یاند .. تیپی مه‌وله‌وی بۆ باربوكردن و یارمه‌تیدانی لێقه‌وماوانی لافاوه‌كه چوونه هه‌ولێرو كۆیه‌و پاره‌یه‌كی باشیان بۆ ئه‌و مه‌به‌سته كۆكرده‌وه و دابه‌شیان كرد به‌سه‌ر لێقه‌وماوانی لافاوه‌كه‌دا .

- ئه‌گه‌ر هونه‌رمه‌ندی خوالێخۆشبوو شه‌ماڵ سائب زیندوو بێته‌وه‌و بیه‌وێ ڕای به‌ڕێزت له باره‌ی گۆرانی‌یه‌كانی خۆیه‌وه بزانێ چی پێ ده‌ڵێی ؟

ده‌ڵێم شه‌ماڵ سائب ده‌نگ خۆش و ڕۆشنبیر و عودژه‌نێكی زۆرباش بوو .. ده‌وڕێكی باڵای له‌بواری

شه‌ماڵ سائب هونه‌رمه‌ندێكی داهێنه‌ر بوو .

هونەرو ئاوازی کوردی دابینی و گۆرانی- ئەرە لەیلێ- هونەرێکی گەورەیەو نەک هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە سەرانسەری عیراقدا دەنگی دایەوەو لە کاتی خۆیدا بەسەردەمی زۆربەی

ئارەزوومەندانی گۆرانیەوە بوو . بەڕاستی شەماڵ خۆی لە خۆیدا مێژوویەکی هونەری ڕەسەنی کوردی یەو دەبێ شانازی پێوە بکەین .

- دەڵێن کاریگەرێتی فەرید ئەترەشی پێوە دیارە ؟

بەڵێ تا ڕادەیەک کاریگەرێتی فەرید ئەترەشی پێوە دیارە .. بەڵام شەماڵ هونەرمەندێکی داهێنەربوو . مۆرکی تایبەتی خۆی هەیەو کاریگەرێتیش شتێکی ئاسایی یە چونکە شەماڵ توانیویەتی گیانێکی کوردانە بکات بەبەر ئەو بەرهەمانەیدا کە کاریگەرێتی فەریدی پێوە دیارە .

- هەزدەکەی ڕۆژیادێک بۆ شەماڵ ساز کرێ ؟

هەزدەکەم ڕۆژیادێک بۆ دوانزە گۆرانیبێژ سازکرێ و کەرنەڤاڵێکی گەورەیان بۆ بکرێ ، بێگومان دوانزە گۆرانیبێژی کۆچکردوو بەڵکو زیاتریش هەن کە شایانی یادکردنەوەو ڕۆژیاد بن ..

خۆزگە بیر لە پرۆژەیەکی لەم جۆرە دەکرایەوە بۆ ڕێزلێنان لە گۆرانیبێژە گەورە کۆچ کردووەکانمان !

- ئەگەر دەربارەی هونەرمەند باکووری قسەیەک بکەی چ دەڵێی ؟

باکووری هونەرمەندێکی گەورەیەو یەکێکە لە مامۆستایانی گۆرانی کوردی وتاکوئێستا حەقی خۆی نەدراوەتێ و دەبوایە ناوەندە هونەرییە کوردستانییەکان بایەخی زۆری بدەنێ ودەبوایە لە ئێستگەو تەلەفزیۆنەکاندا شریتی زۆری ببوایە و بواری ئامادەبوونی هونەریی بۆ بڕەخسایە . باکووری جگەلەوەی گۆرانیبێژێکی گەورەیە ... ڕۆشنبیرێکی تەواوی بواری هونەرەو گەلێ نووسینی سەرکەوتووی لەبارەی گۆرانییەوە هەیە . جگەلەوە باکووری گۆرانیی ئاشووریشی هەیە بەئاوازی کوردی ... کوردو ئاشووری لەبەر ئەوەی تێکەڵاوییەکی جوگرافییان هەیە کەلەپووری هونەریی هاوبەشیان هەیە بەڵام زمان و ئاین و نەتەوەیان جیایە .. لەگەڵ ئەو هاوبەشیەشدا لە کەلەپووری هونەریدا هەر یەکەو ڕوانگەو بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە دەربارەی هونەری ئاوازو گۆرانی .

- لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا هونەرمەند عومەر رەزا ناوێکی دیاربوو لە ڕووبەری هونەری گۆرانیی کوردیدا .. ئێوە لەبارەی ئەم هونەرمەندەوە سەلانێکی دوورو درێژە لەسەکۆی هونەری گۆرانی کشاوەتەوە ڕاتان چییە ؟

عومەر ڕەزا دەنگێکی باش و لێهاتووبوو لە بواری گۆرانی کوردیدا .. دەتوانم بڵێم مۆرکی تایبەتی خۆی هەبوو .. ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسایە لەو دەنگانە بوو کە جێگای تایبەتیی دەبوو لە نەخشەی گۆرانی کوردیدا .. دەبێ ئەوەشم لەبیر نەچێ کە ئاوازی- ئەی کیژۆلەی نەرم و نۆڵ - ی عومەر ڕەزا من ئاوازم بۆ داناوە . بە کورتی ئەگەر عومەر ڕەزا پشتگیری ماددی بکرایە دەبووە گۆرانی بێژێکی گەورە ... پشتگیری مادی هۆیەکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی هەموو هونەرمەندێک .

- هونەری گۆرانی مەقام تەنها لە عیراقدا هەیەو لە ڕێی عیراقەوە تەشەنەی کردووە بۆ وڵاتانی عەرەب و هەندێ وڵاتی دی . بەڕای گەلێ هونەرمەندو سەرچاوەی هونەری مەقام بە هەموو جۆرەکانیەوە کوردین و (کەرکووک) شارە دزراوەکەی کوردستان سەرچاوەی هەموو مەقامەکانە .. ڕای بەڕێزت لەم بارەیەوە چییە ؟

لە ڕاستیدا مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی هەیە .. مەقاماتی ڕۆژئاوایی لەسەر بنەمای (یەک تۆن) و (نیو تۆن) داڕێژراوە .. بەڵام مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمای (یەک تۆن) و (نیو تۆن) و (چارەکە تۆن) داڕێژراوەو بمانەوێ و نەمانەوێ بەشداریەکی دیارو تایبەتی کوردی هەیە لە پەرپێدانی هونەری مەقاماتدا و مۆرکی کوردی بە

هەندێ مەقامەوە دیارە ... بەڵام من وایە ئەگەر مەقامات لە بنەڕەتیشدا کوردی بێ . هەر نەتەوەیەک و مامەڵەی تایبەتی خۆی هەیە لە گەڵیاندا ئەوەش بە پێی هەل و مەرجی تایبەتمەندیی هونەرییەکانی ئەو نەتەوەیە ... هەر بۆ نموونە لەلای ئێمە (موحەیەر) و (بەیات) لەلای عەرەبیش هەیە .... بەڵام کورد بە ئەدای خۆی و عەرەبیش بە ئەدای خۆیان ئەم دوو مەقامە دەڵێن .... هەروەها مەقامەکانی تریش .... لە بارەی ئەویشەوە کە کەرکووک سەرچاوەی هونەری مەقاماتە دەتوانم بڵێم کەرکووک بارودۆخێکی لەباری بووە بۆ لە دایک بوونی هونەری مەقام و لە کەرکووک دا هونەرمەندی کوردی وەکو مامۆستا عەلی مەردان هەڵکەوتووە کە لە مەقام بێژیدا یەکێک لە هونەرمەندە گەورەکانی ناوچەکەیە .

(شایانی باسە مەقامبێژی گەورەی عیراقی محەمەد قەبانچی زۆرجار گوتوویەتی عەلی مەردان لە مەقام دا مامۆستای منە .... ل)

- ڕاتان چییە دەربارەی گۆرانی کوردی ئەمڕۆ و هۆی پێش کەوتن و دواکەوتنی چییە ؟

ئێستا کەم گۆرانی سەرکەوتووی کوردی هەیە چونکە هیچ پشتگیری کردنێکی ماددی بۆ گۆرانی باش نییە کە پشتگیری کردن نەبێ ململانێی هونەری لە نێوان هونەرمەندەکاندا نابێ .. ئێستا لە ناوەندی هونەری کوردیدا گۆرانبێژی باش و ئاوازژەنی باش هەیە ... واتە مادە خامەکانی هونەری ڕەسەن هەیە بەڵام لەبەر نەبوونی دەسگیرۆیی ماددی تیپەکان ناتوانن فیستیڤاڵی گەورە بۆ گۆرانی کوردی گەورە ساز بکەن ، تەنانەت هەندێ تیپ پارەی کرێی گواستنەوەیان نییە ئەگەر بیانەوێ لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بچن .. ئتیر چۆن دەتوانن فیستیڤاڵی کوردی ساز کەن و هەوڵی پێشکەوتنی گۆرانی کوردی بدەن .... ! بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم گۆرانیبێژە کۆنەکانمان زۆربەیان گەورەن و دەتوانین لە جیهانی هونەری گۆرانی دا شانازییان پێوە بکەین .... لەوانە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و عەلی مەردان و هتد ... ئێستاش هەندێ گۆرانیبێژی گەورەمان هەن وەک و کەریم کابان و ناسری ڕەزازی و مەزهەری خالقی و هەندێکی دی ....

- مامۆستا دەبینین کۆمەڵێ فایلت لەبەر دەستدایە و وا دیارە هەر فایلەی پەیوەندی بە بابەتێکەوە هەیە ... دەتوانین بپرسین ئەم فایلانە چین ؟

هەر فایلێک لەم فایلانە جۆرە کەرەستەیەکی هونەرییان گرتۆتە خۆیان و بە هەموویان ئەرشیفی هوونەریی من دروست دەکەن .. یەکێ لە فایلەکان فایلی بابەتە هونەریەکانی کەنیسەیە... و پەیوەندی بە سروودە ئاینییەکانی کەنیسەکانەوە هەیە و مێژووی چالاکیەکانی کەنیسەمی گرتۆتە خۆی ... ئەو ئاواز و شیعرانەی تیایە کە کردوومن بە سروود و گۆرانی ئاینی ، شایانی باسە یەکێ لە شیعرەکان شیعری شاعیری ناسراو خوالێخۆشبوو (شێخ حسیب قەرەداغی) یە کردوومە بە سروودێکی ئاینی ، ئەمە یەکەم سروودە کە بە کوردی لە کەنیسەکانی سلێمانیدا گووتراوە ... دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم شیعرەی خوالێخۆشبوو (شێخ حەسیب) لەسەر ئاوازی ئەو (مەدائیح) و (تەراتیل)ە ئاینیانە کراوە بەسروود کە لەهەموو کەنیسەکانی جیهاندا بەیەک ڕەزم دەگوترێن ... هاورێم شێخ حەسیب ئەو شیعرەی لەسەر داوای خۆم نووسی ... شێخ حەسیب لە بارەی ئاینی مەسیحیەوە شارەزایی زۆربوو تەنانەت هەندێ لە پیاوانی کەنیسە لە سلێمانی سەریان سوورمابوو لەو شارەزاییەی شێخ حەسیب لەبواری ئاینی مەسیحیدا .

بیروڕا و یادەوەریی هونەرمەندان لە بارەی هونەرمەند ولیەم یۆحەننا وە :

یادەوەری من دەبێ چی بێ لەگەڵ مامۆستای بەڕێز ولیەم یۆحەننا .. گەر باسی یادەوەریەکان بکەم ڕەنگە بڵێم تەواو نابێ .. چونکە یادەوەریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٣ _ ١٩٥٤ کاتێ خوێندکار بووم لە

پۆلی سێی سەرەتایی لە خوێندنگای (فەیسەلیە) ئەوسا . هەتا ئێستا .. ژیانی دوورو درێژ لەگەڵ ئەو مامۆستا بەڕێزەم بردۆتە سەر کە نموونەی مامۆستای دڵسۆزو بە هیمەت لەگەڵ خوێندکارەکانی فێری مۆسیقای کردم .. لە گەڵیا فێری خزمەت کردنی کردم کە چۆن بە مۆسیقا دەتوانین خزمەتی میللەتەکەمان بکەین و چۆن منداڵەکانمان پەوروەردە بکەین بە ڕۆشنبیری نەتەوەیی .. کاتێ لە قۆناغی سەرەتاییدا بووم یەکێک بووم لە تیپی سروودی خوێندنگاو مامۆستا ولیەم بە ئامێرەکان لەگەڵماندا سروودە نیشتمانیەکانی فێر دەکردین و بەیانیان لە ڕیزدا دەمانوتەوە .. لە قۆناغی کۆتایی لە خانەی مامۆستایان ئامێری دایە دەستم و بە دڵسۆزییەوە فێری سەرەتاکانی مۆسیقای کردم بە جۆرێ لە قۆناغی سێیەمدا پێکەوە دوو بەدوو لە مالّی خۆیان دادەنیشتین و هەموو ڕۆژێکی هەینی لە سەعات ٨ ی سەرلەبەیانیەوە تا سەعات ٨ ی ئێوارە دادەنیشتین و مۆسیقامان لێ ئەدا لە مۆسیقا جیهانیەکان (سەماعیات ، بشارف ، لۆنگە .. مۆسیقای کوردی یان ئاوازی دانراو ..) هتد .

لەمالّی خۆیاندا بۆ نیوەڕۆ خۆشترین خواردنی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی من تاقەتم نەچێ ... بەڕاستی لە ڕووی چوونە ناو دونیای مۆسیقا گەورەترین ڕۆڵی هەبوو لە ژیانما .... هەر کارێک خراپ بوایە سەرزەنشتی دەکردم ... کە ئەو کارە باشە یان باش نیە و منیش گوێ ڕایەڵی بووم .. خۆ خوانەخواستە گەر لێم زوێر ببوایە دنیام بەسەردا دەڕووخا تا لەگەڵم ئاشت دەبوەوە .. لە دروست کردنی تیپی مۆسیقای سلێمانیدا یەکێک بوو لە گەڵماندا لە دامەزرێنەرانی ئەو تیپە ... هەروەها لە زانکۆی سلێمانی سالانی حەفتاکان یەکێک بوو لەو مامۆستا بەڕێزانەی کە ڕۆڵێکی چاکی هەبوو لە هاندانی ئەو لاوانەی کە خوێندکار بوون . لە چەندین فێستیڤاڵی چالاکی قوتابخانەکان و زانکۆو تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداری هەبوو .. بەشداریەکەیشی زۆر دڵنیایی بە ئێمە دەداو بڕوامان پتر بە خۆمان دەبوو ..

بۆیە هەتا دەمێنم سەری ڕێزو گەورەیی بۆ مامۆستای بەڕێزم دادەنوێنم و هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی بۆ دەخوازم .

ئەنوەر قەرەداغی

مامۆستا ولیەم ، مامۆستای مۆسیقاو فێرکەری گەلێک لە مۆسیقا ژەنەکانی شاری سلێمانی بەوەفاوە کۆمەڵێک مۆسیقاژەنی ئەم شارە خۆشەویستەی پێ گەیاندووە ، مامۆستا شەیداو عاشقی مۆسیقایە ئەم عەشقەی تەمەنی لاوێتی خۆی بۆ بردۆتە سەرو ئێستاش هەر بەو لاوە گەنجە خۆشەویستە تەماشای دەکرێ ، بەو هونەرمەندە ڕۆح سوکە پاکە ناودەبرێ ، مامۆستای هونەری مۆسیقای هەموومانە .. لە گشت بواری شاکارەکانی چالاکی قوتابخانەکان لە ڕیزی پێشەوە دادەنرێ وەک مامۆستاو خۆشەویست ..

دێتە یادم چوینە دەورەیەک لە بەغدا بۆ ماوەی (١) مانگ لەگەڵ بەڕێز کاک خالد سەرکار و مامۆستای خوالێخۆشبوو (شێزاد شەوقی) ئەوەی گرنگ بێت بۆ ماوەی ئەم مانگە توانی بەرنامەی خۆی و فۆرم و مەنهەجی مەعریفی خۆی لەگەڵ مامۆستا خالید سەرکار بچەسپێنن لەو دەورەیە و ببێتە گوڵی گەشی ئەو دەورەیەو وجوودی ئاوازی کوردی بە زمانی کوردی لەو دەورەیە پێشکەش بکات .

ئومێدەوارین تەمەن درێژ بێت بۆ خزمەتی هونەری مۆسیقای کوردی .

لە هەموو خوێندنگاو باخچە ساواکان مامۆستا ولیەم دیارەو دیاری خۆی هەیە هەموو کاتێک کۆمەڵێک پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگ دەوری دەدەن و گوێی بۆ ڕادەگرن و لە گەڵیا سروود دەڵێن و بە ئاسماندا دەچڕن و دەڵێن ئێمەش هەین وەک گشت منداڵانی دنیا حەزمان بە ئاشتی و خۆشەویستیە ، حەزمان لە گوڵ و ڕەنگی جوانی کوردستانە ... هاوکاریمان بکەن ، هاوکاری مامۆستاکانمان بکەن .

تەمەن درێژ بێت مامۆستای خۆشەویستم مامۆستا ولیەم .

حکمت هندی

هەرنووسەرێك، دروزنێكە!

گفتوگۆی (باربارا زەرلیپ) لەگەڵ (ئیزابێل ئالندە)

وەرگێڕانی:ابوبکر خۆشناو

ئەمادۆم خۆش دەوێ . . . مارکیز لەبەرزمان و خەیالی پەسەندە دەکەم . . . نیرۆدا رەگی منە !

(ئەمن لە بیست ساڵی ڕابردوودا هەمیشە غەریب بووم ، ڕەگم لە هیچ جێگایەک دانەکوتاوە ، ڕەگم لە بیرەوەری و نووسینەکانم دایە ، بۆیە بیرەوەری گرنگە ، ئەوە گرنگ نییە تۆ کێی ، گرنگ ئەوەیە چیت وەبیردێ .

ئەمن زەینێکی باشم نییە ، هەمیشە بیرەوەرییەکانم دەگۆڕم ، شتگەلێک وەبیر خۆم دێنمەوە کە هەرگیز ڕوویان نەداوە . دروزنێکی گەورەم .لە ڕابردوودا تەنیا دروزنێک بووم، بەڵام ئەمڕۆ حیکایەتخوانێکم بەهۆی دروکانمەوە نان پەیدا دەکەم .) ئیزابیل ئالندە .

ئیزابیل ئالندە لە پیرۆ لەدایک بووە . لە شیلی گەورە بووە ، خۆی دەڵێ :

(ئەگەرچی خوێندکارێکی دیار بووم ، بەڵام قەت هان نەدرام ، واتە کەسێک هەستی بەمە نەکرد ، لە خوێندنگا، کورێک دۆستم بوو، بڕیارمان دابوو زەماوەند بکەین)

پاشان بە ئاوازێکی بە کینایە دەڵێ (چارەنووسم ئەمەبوو).

لە حەڤدە ساڵیدا ، لە دەزگایەک دامەزراو کاری کۆپیکردنی سەرژمێری لێڕەکان بۆ ڕێکخراوی کشتوکاڵ و کەل و پەلی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (fao)بوو . لەم بارەیەوە دەڵێ:

(تەمبەڵترین کاربوو کە لە ژیانمدا کردبم . کاتێ دوو ڕۆژنامەنووس ، لەبەشی ڕاگەیاندنی ئەم ڕێکخراوەدا خانەنشین کران ، من هەلم بۆ ڕەخسا . هاوکات مۆڵەتیان داین دەربارەی خەبات لە دژی برسێتی ، بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی پێشکەش بکەین . ڕۆژێک سەرۆکەکەم نەهات، پێیان گوتم دەبێ بەهەر شێوەیەک بێ کەسێک بەرنامە تەلەفزیۆنیەکە پێشکەش بکا . لەسااڵنی شەست، تەلەفزیۆنی شیلی تازە دامەزرابوو ، فیلمی سینەمایی و ڤیدیۆیی نەبوو ، نووسینێکی بەڵگەدارم لەبارەی برسێتی لە وڵاتی ئیتالیا هەبوو. چەند بەشێکم لێ وەرگرت و

دەقێکی ئیسپانیاییشم بۆ زیاد کرد . بەهەر جۆرێک بوو، بەرنامەکە پێشکەش کرا ، دوای پێشکەش کردنی ئەم بەرنامەیە پێشنیاریان بۆ کردم بەرنامەیەکی پازدە دەقیقەیی پێشکەش بکەم لە هەفتەیەکدا . لەم رێگایەوە بوومە رۆژنامەنووس و دوای هەندێ، بۆرسی خوێندنم لەبارەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن لە بەلجیکا پێ درا).

ئیزابیل ئالندە دوای گەڕانەوەی بۆ شیلی ، خەریکی نووسینی شانۆنامەو دەرهێنان و بەڕێوەبردنی بەرنامەی بەڵگەنامەیی‌ی تەلەفزیۆنی بوو ، هەروەها لە یەکێک لە گۆڤارەکانی لایەنگری ژناندا گوتاری تەنز- ئامێزی دەنووسی . لەساڵی ۱۹۷۳، دەمێ کە سلڤادور ئالندەی مامی- سەرکۆماری ئەودەمەی شیلی- کوژرا ، ئیزابیل ئالندە ، لە گەڵ مێرد و دوو منداڵەکەی ناچار بوو ووڵاتەکەی جێبهێڵێ و چووە فنزوێللا . ئیزابیل ئالندە ، ڕۆمانسووسێ کە هەموو نووسینەکانی سیاسییە، دەڵێ :

(من هەرگیز حەزم لە سیاسەت نەبوو ، تووندڕەویی سیاسیی من لەوێ ڕۆژێوە دەستی پێ کرد کە مامم کوژرا).

لەبەر ئەوەی نەیتوانی کارێک لە ڕۆژنامەیەکدا پەیدا بکا، بەڕێوەبردنی خوێندگایەکی بە ئەستۆوە گرت . دوا بەدوای ئاگادارکردنی لەمردنی باپیری کە لە تەمەنی سەد ساڵیدا لە شیلی کۆچی دوایی کردبوو، دەستی کرد بە نووسینی نامەی دوورو درێژ دەربارەی منداڵێتیی خۆی و ئەم کارە نووسینی یەکەمین نۆڤیڵی بەناوی (خانووی جندۆکان)ی لێ کەوتەوە . ئەم بەرهەمە لەساڵی ۱۹۸۵ لە ئیسپانیا چاپ کراو هەرزوو زۆرترین دانەی لە سەرانسەری دنیادا لێ فرۆشرا .دوای ئەوە ، بەرهەمەکانی دیکەی بە ناوی (دەربارەی ئەشق و سێبەرەکان)- ۱۹۸۷ ،(ئیڤالونا)- ۱۹۸۸ ، (چیرۆکەکانی ئیڤالونا) - ۱۹۸۹ ، بڵاو بوونەوەو بۆ زیاتر لە (۳۰) زمانیش وەرگێڕدراون .

لەساڵی ۱۹۸۷ ە وە ، ئیزابیل ئالندە لەگەڵ دووەمین هاوسەریدا کە پارێزەرە لە (سان رافائیل) ی کالیفۆرنیا دەژین . ئەم چاوپێکەوتنە لە ژووری پێشوازی ماڵەکەی بەسەر کەنداوی سان پابلۆدا دەڕوانێ ، ئەنجام دراوەو لە ژوورەکەی تەنیشتیشیدا پێنجەمین بەرهەمی بەناوی (تێزی بێ کۆتایی) لە دوا قۆناغی تایپی کۆمپیوتەری دایە .

× لەو باوەڕەدای کە بۆ فێربوونی چیرۆکنووسێک ، ڕۆژنامەنووسی هۆیەکی کاریگەر بێ ؟

ئالندە: پێم وایە زۆر یارمەتی دەدا . کاری ڕۆژنامەنووسی شێوازی بەکارهێنانی زمانی وەک تەنیا هۆی بەرقەراربوونی پەیوەندی ، فێرکردم. چیرۆکنووسێک هەروەها دەبێ لەم زەمینەدا کارامەیی پێویستی هەبێ ، ئەگەر ئەم کارامەییەت نەبێ و تەنێ کارت نووسینی بەرهەمی ئەدەبی بێ ، بە زەحمەت دەتوانی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرەکەتدا دروست بکەی ، چونکە بە ڕۆشنی، بەردەمت نابینی .لەو باوەڕەدای (نووسین) کۆتایی هەموو شتەکانە : هونەر بۆ هونەر ، واتە هۆیەک بۆ دروست کردنی پەیوەندی .

نووسین لەلای من پردێکە . دەمەوێ بگەمە کەسێک و ئەمە ڕێگایەکی کاریگەرە . زمان ، ئامرازی منە . دەبێ بە شێوەیەک بەکاری بهێنم بتوانم یەخەی خوێنەرانم بگرم و لێ نەگەڕێم هەناسەبدا ، ئەو دەم قسەکانمی لەگەڵدا بکەم . ڕۆژنامەنووسی ئەم جۆرە کارامەییەت فێردەکا . تۆ هەمیشە پەلەتە . کات و شوێن کەمێک لەخزمەتتان دایە و چاودێرییەکی زۆریش . ئەگەر لە شەش دێڕی یەکەمدا سەرنجی خوێنەرانت ڕانەکێشی ، دەیدۆڕێنی . ئەمن وەک نووسەرێک هەرگیز لەبیر ناکەم کە خەریکم لەگەڵ یەکێکدا قسان دەکەم و پێم خۆشە ئەو کەسە ، پێی خۆش بێ . ڕۆژنامەنووسیی من زۆر گرنگ نەبوو . من ناتوانم لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا بێ هەڵوێست بم. خۆم هەمیشە لەنێو چاڵێکدا دەبینم و کەسێکی وا کەللە ڕەق و تووڕەم کاتێ چیرۆک دەنووسم ، دڵنیام تەواوی تووڕەییەکەم لە قارەمانەکانی چیرۆکەکانمدا دەردەکەون . دەمێ دەتوانم ڕێگا لەم کارەم بگرم کە لەگەڵ کەسانی واقیعیدا بدوێم. لەبەر هەندێ ، قارەمانەکانم بە پێی ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان دروست دەکرێن . هەوڵ دەدەم قسەکانیان بنووسم . تۆ وەک کەسێک کە

دەمدوێنی ، ناتوانی لەباتی ئەوان قسان بکەی . تۆ تەنیا ڕۆڵی ئاسانکار دەبینی .

× قسە لەگەڵ خەڵک دەکەی تا قارەمانانی چیرۆکەکانت بدۆزییەوە ؟

ئالندە: بەڵێ ، لەگەڵ خەڵکێکی زۆر . وا دابنێین من پێویستم بە عەسکەرییەکی پلەبەرزی ئەمریکای لاتینە کە دوور لە وڵاتەکەی دەژی . بە دوایدا دەگەڕێم . ئەگەر پێویستم بە قاحیەیەک بێ ، هەوڵ دەدەم پەیدای بکەم . ئەگەر بمەوێ لەگەڵ کۆنە سەربازێکی شەڕی ڤێتنام بدوێم ، بەدوایدا دەگەڕێم . حەزم لێ نییە بچمە ئەنجوومەنی کۆنە سەربازان و داوایان لێ بکەم سەربازێکم پێ بناسێنن . چونکە ئەوان کەسێک دەستنیشان دەکەن خۆیان بیانەوێ . من خۆم بەدوای ئەو کەسەدا دەگەڕێم ، ئەگەر بە دڵم نەبوو ، یەکێکی دیکە .. کەسێک دەدۆزمەوە کە بە شێوەیەک لە قارەمانی چیرۆکەکەم بکا . یان بە گفتوگۆ لەگەڵ چەند کەسێکدا کەرەستەی کارەکەم وەدەست دێنم . لەم زەمینەیەدا هەمیشە ڕاستگۆم . پێیان دەڵێم من نووسەرێکم و هەندێ جار یەکێک لە کتێبەکانمی دەدەمێ و زانیاریی لەمەڕ خۆمیان دەخەمە بەر دەست کە ئەگەر حەزیان لێبێ ، لێی بکۆڵنەوە تا دڵنیابن لەوەی ڕاست دەڵێم .

پێیان دەڵێم : (کتێبێک دەنووسم ، بەڵام ناتوانم بابەتەکەی بە ئێوە بڵێم پێویستم بە ئەزموونەکەتانە ، و لەنێو کتێبەکەدا ناوتان ناهێنم).

× ئایا ئەوان دەتوانن وەرامی سەلبی بدەنەوە .. یان .. ؟

ئالندە: هەموو پێیان خۆشە قسەبکەن و قەت لەم بارەیەوە ڕووبەڕووی گرفتێک نەبوومەتەوە .

× هەتا ئەگەر بۆ چیرۆک بێ ؟

ئالندە: بەڵێ ، خەڵک حەزدەکەن چیرۆکەکانیان بگێڕنەوە ، تەنیا بە دوای هەلدا دەگەڕێن .

× بە پێچەوانەی ڕۆژنامەنووسی ، زمانی چیرۆکەکانت زۆر دەوڵەمەندە . مرۆڤ چۆن دەتوانێ بە شێوەیەک فێربێ کە ئەو شتانەی دەیانبینێ بکاتە بەرهەمی ئەدەبیی بێ وێنە ؟

ئالندە: پرسیارێکی زەحمەتە . لەمەڕ خۆم ، کار بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک ئەنجام دەدرێ . هەر نووسەرێک لەکاتێکی دووردرێژدا شێوازی خۆی پەیدا دەکا . هەڵبەت ئەم شێوازە لەگەڵ هەر چیرۆکێکدا کە دەینووسن ، دەگۆڕێ . بۆ نموونە : کتێبی یەکەمم لەگەڵ کتێبی دووەممدا بە تەواوی جودایە . کتێبێ (دەربارەی ئەشق و سێبەرەکان) لە تەوەرەی تاوانی سیاسیدا دەخولێتەوەو شێوەیەکی ڕۆژنامەیی هەیەو پەیوەندیی بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانەوە هەیە . لە باریکدا (خانووی جندۆکان) لە خەون نزیکتر بووەو پڕە لە سیحرو جادوو . کتێبی سێیەمم (ئیڤا لونا) دەربارەی ژن بوونە بە شێوەیەکی زۆر جودا . بەرهەمێکە یاخی بوو ، وە بەرهێن ، سەوزو گەرمیانی . کتێبێک کە لەم دواییانەدا تەواوم کردووە ، لەگەڵ تەواوی کارەکانی دیکەمدا جودایە ، شێوازی نووسینم ، هەمان شێوەی قسەکردنی زمانی ئیسپانیایی منە . وەرگێڕانی ئەوە بۆ زمانێکی دیکە ، زەحمەتە ، لەو باوەڕەدانیم بتوانم چیرۆکێک بە زمانی ئینگلیزی بنووسم . چەند گوتارێکم بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە ، بەڵام نە چیرۆک و ڕۆمان ، چونکە چیرۆک ئەو شتەیە کە بۆ خودی خۆم ڕوودەدا، وەک زگ پڕی . دادەنیشم و وەک ئەوەی بۆ من سروشتییە چیرۆکەکە دادەڕێژم . دوای زمان ، گەلێ گۆڕانکاریی تێدا دەکەم تا لەلایەن خوێنەرانەوە پەسندبێ . پێم خۆشە تا ئەو جێگایەی دەکرێ ، ڕووی چیرۆکەکە جوان بێ ، بەڵام قەت ناوەڕۆک ناکەمە قوربانی جوانی . ئەمن لە فۆرم زیاتر بایەخ بە ناوەڕۆک دەدەم .

بۆ من بایەخی ناوەڕۆک لە شێوازێک زیاترە ، هەندێ جار جوانی وشە بۆ ڕاگەیاندنی پەیام ، یان شاردنەوەی ، پێویستە . بەشێوەیەکی گشتی ، هەوڵ دەدەم ڕاست و ڕەوابم . لەبەر هەندێ یە خوێندنەوەی کتێبەکانم ئاسانەو هەموان دەتوانن بیخوێننەوە .

لەوباوەڕەدانیم بتوانم چیرۆکێک بە ئینگلیزی بنووسم .

× ئیڤالونا جۆرە شەرزادێکی هاوچەرخی ئەمریکای لاتینە . هەتا چیرۆکەکان بە خواستنەوەی چەند

هەڵبڕانم لە ڕەگەکانم منی کردە شاعیر .

وتەیەکی چیرۆکەکانی (هەزارو یەک شەو) دەست پێ دەکەن . دەکرێ بڵێی چیرۆکەکانی (هەزارو یەک شەو) لە پێکهاتی خەیاڵی ئەدەبیی ئێوەدا چ ڕۆڵێکی هەبووە ؟

ئالندە: سەردەمی منداڵیم دژوارو تەنیایی بووە . زۆربابم نوێنەری سیاسی بوو ، خێزانەکەمان زۆر سەفەریان دەکرد . من هەمیشە لە خوداحافیزیدا بووم . وێڕای ئەوەی دۆستەکانم لەدەست دەچوون ، جێگای دانیشتن و زمانم بەردەوام دەگۆڕی . دەبوایە خۆم لەگەڵ پێگەو شوێنی جودا بگونجێم . دوازدە ساڵە بووم کە لەگەڵ دایک و بابم لە بەیروت دەژیاین ، هەمیشە کتێبێکی زۆرمان لە ماڵەوە هەبووە تەلەفزیۆنمان نەبوو . قەت لە خوێندنەوە بێزار نەدەبووم . لە ماڵەکەمان ، بۆ خوێندنەوە سانسۆرێک نەبوو ، قەت کتێبی نەگونجاویش نەبوو زۆربابم چیرۆکەکانی (هەزارو یەک شەو)ی بە چوار بەرگی چەرمی و کاغەزی باش کڕیبوو ، لەنێو دۆلابی ماڵەوەی شاردبۆوە . ئەو دۆلابێکی گەورەی هەبوو ، دەرگاکەی بەردەوام کلیل درابوو ، ئەو سیگار ، چوکلێت ، مووس و شتی وای تێدا دەشاردەوە نەک منداڵان بیدزن . هەندێ جار ئێمە بە هەر جۆرێک با دەرگاکەیمان دەکردەوە تا بزانین چ شتێکی تازەی تێدا شاردۆتەوە .

یەکەمین جار کە چیرۆکەکانی (هەزارو یەک شەو) م بینی ، سەر پێیی چاوێکم لێ کردو ، سەرم سووڕما لەوەی بۆچی زۆربابم لەمنی شاردۆتەوە . پاشان بیرم کردەوە ، مسۆگەر شتێکیان تێدایە کە نامداتێ بیانخوێنمەوە . بەم شێوەیە دەستم گەیشتە چیرۆکەکانی هەزارو یەک شەو . کاری زۆربابم بووە هۆی ئەوەی کە دایک و بابم هەمیشە سەریان قاڵبێ . هەرجارەی کە لەماڵ دەردەچوون یان دوای ئەوەی دەنووستن ، لایتم هەڵدەگرت و بە دزی دەچوومە لای دۆلابەکە . یەکێک لە بەرگەکانی (هەزارو یەک شەو)م دەکردەوە ، قەیدی نەبوو کامەیان بێ ، چەند بەشێکم لێ دەخوێندەوە . هەرکە دەنگی ئۆتۆمبێل دەهات ناچاربووم بەپەلە دەرگای دۆلابەکە دابخەم و هەلی ئەوەم نەبوو بزانم کامە بەش و تا کوێم خوێندۆتەوە ، هەمان مەسەلە بووە هۆی ئەوەی ئەم بەرهەمە سەرنج ڕاکێشە بەم جۆرە بخوێنمەوە .

× لەو باوەڕەدای ئەگەر لە وڵاتەکەت دوور نەخرابایتەوە ، دەکرا وازلە ڕۆژنامەنووسی بهێنی و خەریکی چیرۆک نووسین بی ؟

ئالندە: ئەگەر وابا ، هەموو تەمەنم هەر ڕۆژنامەنووس دەبووم . حەزم لە ڕۆژنامەنووسی بوو ، پێویستی بە گۆڕین نەبوو . سەردەمانێکی باش بوو ، ژیانێکی خۆشم هەبوو . لەبارەی منەوە ، دووری بەرێکی باشیدا . بەجێ هێشتنی وڵات منی وا لێ نکرد هەموو شتێک سەر لە نوێ دەست پێ بکەمەوەو پەی بەو خاڵە بەهێزانە ببەم کە لە بوونمدا هەبوون ئەمن لێیان بێ ئاگابووم . هەڵبڕانم لە ڕەگەکانم منی کردە شاعیر .

× یەکەمین نوڤێلتان چۆن بڵاو بۆوە؟

ئالندە : ئەمن چەند دانەیەکم لەو بەرهەمە (مەبەستی خانووی جندۆکانە- و.ک) بۆ چەندان دەزگای بڵاوکردنەوە لە فنزوێلا نارد . هیچیان هەتا زەحمەتی خوێندنەوەشیان نەکێشا . لە هەموو جێگایەک ڕەت کرایەوە . لەناکاو سکرتێری یەکێک لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە ، نووسینەکەی منی بردە ماڵەوەو خوێندییەوە ، تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: (ئەم چیرۆکە سەرنج ڕاکێش و زۆر خۆشە ، بەڵام لە ئەمریکای لاتین چاپی ناکەن . تۆ پێویستت بە واسیتەیەکی بڵاوکردنەوە هەیە) ،من، هەر نەمدەزانی واسیتەی بڵاوکردنەوە هەیە . یەکێک لە دۆستە ڕۆژنامەنووسەکانم تازە نوڤێلێکی سیاسیی بڵاو کردبۆوە . ئەو ، ناو وئادرەسی واسیتەیەکی لە ئیسپانیا نیشان دام . من دەستنووسەکەم بۆ ناردو ئەو لە ماوەی شەش

مانگدا چاپ و بڵاوی کردەوە .

دوای ئەوە ، وەرگێڕانی کتێبەکەم بە زمانی دیکە دەستی پێکرد ، بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە سەرکەوتنی زۆری بە دواوە بوو ، هەڵبەت سەرکەوتنەکەی قەرزاری واسیتەیەکی باشە .

× چۆن بیرلە نووسینی بەرهەمێکی نوێ دەکەیتەوە ؟

ئالندە: هەمیشە بە پەندێک و خەیاڵێک دەست پێ دەکا . ئەو یەکەمین ڕستەیەی کە دەینووسم ، ئەگەر چی لەوانەیە یەکەمین ڕستەی کتێب نەبێ ، بەڵام ڕستەیەکە لەهەمان کتێبدا دەمێنێتەوە ، چونکە من زۆر ئەفسانەییم . لەو باوەڕەدام ، پێم گوتراوە ئەم ڕستەیە بنووسم و ئەمن تەنیا گوێگرێکم . لەبەر هەندێ یە لە هەشتی کانوونی دووەمدا نووسینی کتێبەکانم دەست پێ دەکەم کە ئەفسانەیەکی ڕووتە . ئەو یەکەمین ڕستەیەی بۆ کتێبی (خانووی جندۆکان)م نووسی ، یەکەمین ڕستەی کتێبەکەشە . دەربارەی دوا کتێبیشم (تێزی بێکۆتایی) هەروایە .

× تا ئێستا پێنج بەرهەمتان هەیە . نووسینی ئەو بەرهەمانە چەند ماوەی ویستووە ؟

ئالندە: (خانووی جندۆکان) ، یەک ساڵ .(دەربارەی ئەشق و سێبەرەکان) دوو ساڵ (ئیڤالونا) ، سێ ساڵ . ئێستا خێراتر دەنووسم . چوار ساڵە لە ئەمریکا دەژیم ، دوو کتێبم بڵاو کردۆتەوە .

× باشترین شوێن بۆ نووسین ، کوێیە ؟

ئالندە: بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم لە هەموو جێگایەکدا دەکارێم بنووسم ، هەتا لە زیندانیش ، بەڵام باشترین جێگا ئەوێیە ، نزیکی ئەو کەسانەبێ کە خۆشم دەوێن . بە مەرجێک بەلایەنی کەمەوە ڕۆژانە هەشت تا دە سەعات ، دەنگە دەنگ نەبێ نە تەلەفۆن و نە گرفتێکی دی . پێویستم بە فەزایەکی گەورە هەیە ، چونکە گەلێ ئامراز بەکار دێنم : کتێب ، فەرهەنگ ، چیرۆک ، لەپ بەشێک لە کتێبێک وەبیر دێنمەوە و پاشان پێدا دەچمەوە .

شوێنی نموونەم ، شوێنێکی ڕێکخراوو ڕێک و پێکە ، زۆر پاک ، پڕ لە گوڵی تازەو ڕووناکیی پێویست- شوێنێکی خۆش .

ئەو دەمەی لە سەفەر نیم ، لە هەفتەیەکدا پێنج ڕۆژان دەنووسم . لە سەعات شەش و نیوی بەیانی لەخەو ڕادەبم . حەزم لێیە تا سەعات هەشت کامپیوتەر داگیرسێنم ، چای مەیلم ئامادەبێ ، ئەوجا دەست پێ دەکەم . تا سەعات چوار دەنووسم . پاشان چەندسەعاتێک خەریکی خوێندنەوەی ئەو نامانە دەبم کە بۆیان ناردووم ؛ چونکە خۆم وەرامی تەواوی نامەکانی خوێنەرانم دەدەمەوە .

× نووسینی ڕۆمانێک چ جودایییەکی هەیە لەگەڵ نووسینی کورتە چیرۆکێک ؟

لە ڕوانگەی منداکورتە چیرۆک لە شیعر نزیکترە نەک ڕۆمان

ئالندە: ئەمن زۆرترم حەز لە ڕۆمانە . نووسینی ڕۆمان جۆرە کارێکە . تۆ بۆنووسینی کورتە چیرۆک پێویستت بە ئیلهام هەیە . لە ڕوانگەی منداکورتە چیرۆک لە شیعر نزیکترە نەک ڕۆمان . کورتە چیرۆک یەکجێ هەڵدەقوڵێ ، وەک یەک سێو، دەتوانی بیخۆی یان فڕێی دەی . ئەگەر زۆرتری کار تێدا بکەی ، بێ سوودە چونکە لەناوی دەبەی . کاتێ دەست بە نووسینی کورتە چیرۆکێک دەکەی ، ئەگەر نەزانی چۆن تەواو دەبێ ، لە دەستی دەدەی . وەک ئەوەیە یەک تیرت لە کەواندابێ : پێویستت بە ووردی ، خێرایی و نیشانە شکێنی هەیە دەنا ناپێکی . بەڵام ڕۆمان وەک پەردە درووێنێکە ، لەسەرخۆو بە شکۆوە گوڵچنی دەکەی . هەمیشە دەتوانی چاکی بکەیەوە ، هەندێ داودەرکەی و ڕەنگی دیکەی تێکەڵ بکەی . دەتوانێ هەڵەی زۆر لەخۆدا کۆبکاتەوەو کەسیش نەزانێ . چونکە لە پێکهاتیدا ڕەگەز گەلێکی زۆر بەکار هێنراوە .

ئەمن لە ڕۆمانەکانمدا هەڵەی ترسناکم هەبووە . هەر چەندە چەندان ساڵیشە لە زانکۆکاندا دەخوێندرێن ، ئەمما کەس بە هەڵەکانی نەزانیوە . لەلایەکی دیکەوە لە کورتە چیرۆکدا ئەگەر سیفەتێک زیاد لە پێویست دووبارە بێتەوە ، بڕشتی

نابێ . دەبێ وورەدەکاریی زۆر بەکار بهێنێ . هەر ڕۆمانێک کەشی جۆراو جۆری هەیە کە وروژان و هەستێکی تایبەتی دروستی دەکا . بۆمن ئەزموونێکی سەخت بوو ، لە تەواوی ئەو ماوەیەی کورتە چیرۆکەکانی ئیڤالونام دەنووسی ، دەتگوت ڕووتم ، بە درێژەدانی هەر شتێک دەوروژام . با نموونەیەک باس بکەم : یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەو کتێبە ، ناوی هایدلبرگی گچکەیە.. چەند دۆستێکی ئیتالیایی ، من و مێردەکەمیان بۆ شوێنێ بەناوی سونومای باکووری کالیفۆرنیا کە پێی دەگوترێ سویسرای بچووک ، بانگهێشت کردبوو . من لە چیرۆکەکەمدا بەوردی ئەو جێگایەم وەسف کردووە ، بەڵام بە گوندێکی کوێستانێی ئەمریکای لاتینم ئاوێتە کردووە . ئەو شەوەی ئێمە لەوێ بووین ، هەموو ئامادەبووان ئاوارە بوون. زۆربەیان ، کەسانی بەسالاچووی ئەوروپای ڕۆژهەلات . ئەوان لەگەڵ ئورکسترایەک کەوا پێ دەچوو هی باڤاریا بێ ، سەمای سەیری سەمەرەی (یولکا) ،(مازوکا) و (ڤالس)یان دەکرد . ئەو شەوە ، ئەو دیمەنانەم ئەوەندە پێ جوان بوو کە لەگەڕانەوەمدا بۆ مالێ داوام لە مێردەکەم کرد ، ئۆتۆمبیلەکە ڕاگرێ ... دەفتەری یاداشتەکانم پێ نەبوو ... بە خێرایی ئەو هەستانەم لە پشتی ئەو چەکانەوە نووسی کە لام بوون . ئەگەر گەڕامەوە مالێ ، هەرچەندە درەنگیش بوو ، نەمدەتوانی بنووم ، شەو واگابووم و دەمنووسی . چیرۆکێ لەو شوێنە پەیدا بوو ، چونکە دەمزانی ئەگەر دەمێ بحەسێمەوە ، چیرۆکەکە بزر دەبێ .

× پێت وایە هەندێ جار نووسەر دەگاتە کۆتایی و ئیدی توانای نووسینی نامێنێ؟

ئالندە: بەڵێ ، هەڵبەت . لەوانەیە لە ترسەوە بێ و هەندێ جاریش لەبەر هیلاکی و بێزار بوون ، و زۆربەی جاریش نووسەرێ کە تووشی ئەم بارە بوو، نایەوێ شێوازی دیکە تاقی بکاتەوە ، تەنیا بیر لە شتێ دەکاتەوە . پێشنیاری من ئەوەیە ، ئەگەر پیشەکەت نووسین بێ، بۆ ماوەیەک واز لە نووسین بێنە . ئەگەر خوێندکاری یان کەسێکی ، خەریکی نووسینی یەکەمین کاری ، دەبێ ڕوانگەت بگۆڕی. ئەگەر لە زمانی کەسی یەکەمەوە دەنووسی ،خۆت لە چیرۆکەکە دەربێنە، دوورکەوە ،ئەوجا لە زمانی کەسی سێیەمەوە بنووسە .حیکایەت خوانێک کە ئاگای لە هەموو شتێکە . ئەم شێوازە تەگەرە لەسەر ڕێگا لادەبا .

× لە ئەدەبدا کاریگەریی کێت بەسەرەوەیە ، بیستوومە زۆرتر حەز لە نووسینەکانی ئەدواردو گالینۆیە ؟

ئالندە: لەژێر کاریگەریی ئەودانیم ؛ بەڵام لەو باوەڕەدام ئەو کاری داهێنان و سوودبەخش ئەنجام دەدات . تەواوی وێنەکان لەیەک جێگادا وەدەر دەخاو دەمێ لە خوێندنەوەی بەرهەمەکەی دەبیەوە ، تازە دەزانی نوقتەلێکت خوێندۆتەوە .

زۆرم بە دڵە ، لەو باوەڕەدام لە هەل و مەرجێکی سەخت و زۆر بوێرانەدا دەنووسێ .

نووسەرانی دیکەش هەن کە نەکەوتوومەتە ژێر کاریگەرییان ، بەڵام بەرهەمەکانیان دەخوێنمەوە . (جۆرج ئەمادۆ)م خۆش دەوێ ، کارەکانی زۆر سادە ، لەهەمان کاتدا جەسوورن. کاتێ بەرهەمەکانی دەخوێنیەوە لەگەڵ خەڵکیدا هەست بە پەیوەندییەکی زۆرتر دەکەی . جۆرە هەستێک ، سەرسوورمان و پاکی زەوییەک لە نووسینەکانیدا هەیە . من (گابریل گارسیا مارکیز) لەبەر زمان و خەیاڵی ، پەسند دەکەم .(پاپلۆ نیرۆدا)م خۆش دەوێ چونکە ئەو ڕەگی منە . کاتێ بەرهەمەکانی دەخوێنمەوە ، هەڵدێری کەنارەکانی شیلی ، لێڕەکان ، شاخەکان ، بورکان و دەریاچەکان دەبینم . شیعری ئەو ، خەڵکی من ، زاراوەی من و زمانی منە .

بەرهەمی هەندێ نووسەر لەبەر بیروڕاو ڕوانگەیان دەخوێنمەوە . بۆ نموونە بەرهەمەکانی (بورخس) . کاتێ بیر لە (کات) دەکەمەوە، هەمیشە بە دوای بورخس دا دەگەڕێم . ئەو زۆر تەگەرەم لەبەردەم لا دەبا، هەر ئێستا سەرگەرمی خوێندنەوەی چەند کتێبێکم کە لە لایەن ژن و کەمە نەتەوەکانی دانیشتووی ئەمریکاوە نووسراون . لە ڕابردوودا ئەو بەرهەمە کلاسیکییانەم دەخوێندەوە کە نووسەرەکانیان سپی پێست و پیاو بوون . سەردەمێکیش گەلێ چیرۆکی زانستیم دەخوێندەوە ، کە دڵنیام کاریگەرییان بەسەر نووسینەکانمەوە هەبووە . لە بنچینەڕا هەر نووسەرێک تەنیا درۆزنێکە . ئەوە کارامەیی و توانای ئەوە کەوا دەکا

دڕۆکەی باوەڕ بکرێ یەکەمین دڕۆی نووسەرێک ، هەڵبژاردنی بەشە سێ بوعدییەکانی ژیانی هێنانیانە بۆ سەر کاغەزی یەک بوعدی : ئەوان بە پێی مێژوو یان بەهەر جۆرێ کە خۆی پێی باشە دەیخاتە سەر کاغەز ؛ لەباریکدا ژیان خۆی هەراو هوریای بازارە. ئەمەش دڕۆی دووەم . ئەو دەمە لە کارەکەتدا سەرکەوتوو دەبی کە خوێنەر بە دڕۆکەتان باوەڕ دەکا .

لە بەرهەمی نووسەرانی ڕووسدا شتێک هەیە کە کارم تێ دەکاو ئەوەش شێوەی دەربڕینی تراژیدی ، نەخشی چارەنووس و تەقدیرو ئاگاداربوون لەوەی تۆ سەر بە گروپێکی یان بە ولاتێکەوە پەیوەستی . هی جێگایەکی ، هەتا ئەگەر لەلایەن گیانە پیسەکانی خۆتانەوە ئازار دەدرێی . ئەوە چیرۆکی نێوان تۆو گیانە پیسەکانە کە بەیەکەوە کەوتونەتە چاڵێکەوە ؛ ئەمما ئەوەی دەوری داون هەمیشە ئامادەیە ، بەشێک لە بوونی ژیانە . گیانی کۆمەڵایەتی هەمیشە هەیە . کاتێ تەمەنم دە ساڵان بوو ، دەستم بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی شکسپیر کرد ، تەنیا لەبەر چیرۆکەکانی . پاشان لەبەر شتی تر . لەو باوەڕەدام شێوەی دروستکردنی قارەمانەکانی چیرۆک لەوەوە فێربووبم . شانۆنامەکانی بە پێی کەسایەتییەکان دروستکراون . بۆ نموونە تێزی سەرەکیی چیرۆکی ڕۆمیۆ و ژولێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی ڕۆمیۆ و کەسایەتی ژولێت بە شێوەیەکی لێک جودا ، ئەو شتە نابێ کە هەیە . پاشان کاتێ دەستم بە نووسینی شانۆ نامە کرد ، ئەکتەر و دەرهێنەرانی دەزگایەک کە هاوکاریم لە گەڵدا دەکردن ، فێریان کردم ، چۆن کەسەکان بگۆڕم و گەشەی پێ بدەم .

× *هەندێ لەبیرکەرەوەکان و ڕەخنەگران وەک یەکێک لە نووسەرانی پێشڕەو ناوت دێنن ، تۆ چ دەڵێی ؟*

ئالندە: هەڵبەتە ، وێڕای ئەوەی ئەم پیا هەڵدان و وەسفەم زۆر پێ خۆشە ، باری لێپرسراوێتییەکەشی هەڵدەگرم . لە مەسەلەیەک گومانم نییەو ئەویش ئەوەیە : ئەوە (کات)ە کە دەری دەخا نووسەرێک تا چ ڕاددەیەک گەورەیە ، نەک ئاستی فرۆشرانی کتێبەکانی . ئەگەر کتێبەکانی تۆ هێشتاش جێگای باسن و دوای بیست ساڵی دیکەش هێشتا دەخوێنرێنەوە ، ئەوە تۆ نووسەرێکی گەورەی ؛ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە توانیوتە بەبەکارهێنانی هونەر ، شتێک لەودیوی خۆتدا پێشکەش بکەی و لەگەڵ خەڵکانی دیکەو بۆ کەسانی دیکەش قسە بکەی .ناتوانم خۆم حوکم لەسەر بەرهەمەکانی خۆمدا بدەم ، هێشتا زۆر زووە ، ڕاستە کتێبەکانم وەرگێڕدراونەتە سەر گەلێ زمان و ژمارەیەکی زۆریان لێ فرۆشراوەو ڕوانگەی باشیان دەربارە دەربڕاوە ، بەڵام ناتوانێ بەڵگەیەکی پتەوبێ ، چونکە دەزانم گەلێ پاشماوەو خاپەڕۆکیش زۆر دەفرۆشرێن .

× *تا ئێستا لە ماوەی هەر دوو ساڵدا کتێبێکت نووسیوە ، دەتوانی لەسەر ئەو بەرنامەیە بەردەوام بی ؟*

ئالندە: زۆری لەسەر سوورنیم . دەمەوێ تا ئەو دەمێکە قسەیەکم بۆ گوتن پێیە ، بنووسم . ئەودەم کاریکی دیکە بکەم . کێ دەزانێ ، لەوانەیە دوا کتێبم بێ . پێم خۆشە لەتەک هاوسەرو نەوەکانم دابم ، حەزم لێیە لە ڕۆژدا بژیم .

ئەو شتانەی ئارەزووی ئەنجام دانیانم دەکرد ، ئەنجامم داون . ئەنجامی هەر کارێک دەبێ هاوشانی حەزو عەشق و هەست بێ . لەودەمەی ڕا دەستم بە نووسین کردووە ، هەمیشە هەستم کردووە هەموو ڕۆژێ لە تاقیکردنەوەدام . بۆ ئەوەی بەرزترو بەرزتر ببمەوە ، بەرگەی گوشارێکی زۆرم گرتووە . ڕەخنەگرانم دەمپشکنن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەختگیرتر دەبن . لە زانکۆکاندا ، هەرچەندە زۆرتر لە کتێبەکانت بکۆڵنەوە ، بەهەمان ئەندازەش ترست زۆرتر دەبێ .

نووسین خۆشی و لەزەتی نهێنی منە . بۆیە ئەم کارە دەکەم ، چونکە حەزم لێیە ، بەڕاحەتی دەچکێ ، من پڕم لە چیرۆک ، دڵم پڕە لە چیرۆک ، دنیا پڕە لە چیرۆک . تا ئەودەمەی حەزم لەو کارە بێ ، دەیکەم و ئەودەمەش ببێتە کارێکی زەحمەت یان هۆکارێک بۆ سەرکەوتن ، بەدوای کاری دیکەدا دەگەڕێم : چێشت لێنان ، پەروەردەکردنی گوڵ و ....

سەرچاوە :

دنیای سخن ، ژمارە (٧٣) ، ساڵی ١٩٩٧

وەرگێڕانی بۆ فارسی : بهروز سیمایی.

شیکردنەوەی دەروونی و زمانناسی وردەخنە لە وتوویژێکدا لەگەڵ ژۆلیا کریستیڤادا

سازدانی : هدی ایوب

و/ جەمال ڕەشید

ژۆلیا کریستیڤا بە یەکێک لە گەشاوەترین بیریارانی فەڕەنساو ڕۆژئاوا دەژمێردرێت . وە هەر لە شەستەکانەوە بە یەکێک لە بیریارە نوێکانی فەرەنسا دادەنرێت کە لەگەڵ ڕۆلان بارت دا هێڵێکی بیری نوێیان لە بیری ڕەخنەیی تازەدا بڕیوە ، لە هەمان کاتیشدا بوونەتە هۆی ڕوودانی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ڕێچکە گشتییە تەقلیدیەکانی ڕۆژئاوادا .وە ئەگەر بڵێین (ژۆلیا) لە کلاسیکیەکانی بیری ڕۆژئاوایی هاوچەرخە ئەمە تەنها لە ڕووی مەجازەوەیە ، بۆ بەڵگە هێنانەوەیە لەسەر ئەو شوێنە گەورەیەی کە لە فەرەنسادا بە تایبەت و لە ڕۆژئاوا بە گشتی داگیری کردووە ، لە کاتێکدا کە بەخشندەیی ئەم هێشتاکە لە تەوژم و هێزی دایە ، تا ئێستاش دیراسە هەمە چەشنەکانی دەنگدانەوە بەرپا دەکەن وە کاردانەوەیەک دەوروژێنن کە هەمیشە بە سەرسووڕمان و و ڕێزگرتنی گەورەوە لە نێوان وەرگرتن و ڕەت کردنەوەدا دێن و دەچن .

سەرەڕای شوناسە بیانییە (بۆڵگاری)ە کەی _ ژۆلیا _ لەو کەسە کەمانەیە کە توانیویانە کۆمەڵگای فەڕەنسی هەمیشە داخراو ببڕن و خۆیان و میتۆدە بیرییەکانیان بسەپێنن . وە ئەگەر خستنە ڕووی فیکری ئەم بیرمەندە زۆر دژوار بێت لەبەر گرانی و گەورەیی تەکنیکەکانی ، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەم فیکرە پوختەیەکی قوڵ یا پێکهاتەی سێ کەنالی بیرییە :

١) دیالەکتیکی هیگڵیزم _ ماکسیزم
٢) فرۆیدیزم
٣) زماننناسی

ئەم پوختە گشتیەش لە دەوری تێگەیشتنی بۆ بونیادی خودی شۆڕشگێڕ لەسەر خودی خۆی و وە لەسەر بەرامبەرو هەروەها لە دەوری ئەودا کە (ژولیا) لە (ئەزموونە بالاکان) دا دیراسەی دەکات لەلای هەر یەک لە (مالارمیەو لۆتریامۆن و سیسیلین و باتای و ئارتۆو سولرز و .. هتد) چەق دەبەستێت . لەم چاوپێکەوتنەماندا هەوڵی ناساندنی هەندێ سیمای بیری ئەم بیریارە بوڵگاریە بە خوێیەران دەدەین کە لەساڵی ١٩٦٦ەوە تا ئێستا لە فەرەنسا دەخوێنی‌و دەنوسێ بە تایبەت گروپی گۆڤاری (تیل کیل) (TEL QUEL) دا کە هاوسەرە بیریارەکەی فیلیب سولرزی ڕەخنەگر بەڕێوەی دەبات .

پ/ئایا دەکرێت باس لە مەنهەجیەتی تایبەتی خۆتمان بۆ بکەیت لەچوارچێوەی دیراسە ئەدەبیەکاندا ؟ وە چۆن دەتوانین بە تێپەڕاندن لە بونیادگەری دابنێین ؟ نوشوستی بونیادگەری وەک مەنهەجیەتێکی ناتەواو بۆ شیکردنەوەی ئەدەبی لە کوێدا دەردەکەوێت ؟ گرینگیدانت بە شیکردنەوەی دەروونی لە چ ڕوویەکەوە دێت ؟

و/ ئیمڕۆ قسەکردن لەسەر تێپەڕاندنی بونیادگەری زۆرە . بەڵام پێویستە لەسەرمان ئاماژە بەوە بدەین کە ناتوانین ئەوەی کە خاوەنی نین لێی تێبپەڕین . لە کاتێکدا کە ڕەتکردنەوەی بونیادگەری لە زۆر کاتدا بەڵگەیە لەسەر نەفامیەکی قوڵ بۆ ئەو گۆڕانکاریە ڕیشەییانەی لە چەمکەکاندا کردوویەتی لە زوربەی بواره زانستیەکاندا . وە گرنگترینیان دانانی هەموو چالاکی‌و دەستکەوتە مرۆییەکانە (بەتایبەت ڕۆشنبیریەکان) بەوەی کە یا ئەوەتا زمانێکی تایبەتە یا خاوەنی بونیادێکی هاوشێوەیە بەوەی کە زمان خاوەنیەتی .

دەتوانرێت ڕەخنە لەم تێڕوانینە بگیرێت ، وە ئەمە سنووردارەو کۆت و پێوەندی خۆی هەیە ، بەڵام ئەوەی لێرەدا ڕاستەوخۆ گرنگە بەلای ئێمەوە ئاماژەدانە بە باشیە سەرەکیەکەی کە لەلایەکەوە گرنگی بەلایەنی شێوەیی ڕووداوە (وقائع) مرۆیەکان لەلایەکی ترەوە بە سیاقە ناوخۆییەکەیان دەدات .

وە لەلایەن خۆمەوە هیچ نزیک بوونەوەیەکی ڕاستتر بۆ شیکردنەوەی (کیشوەری مەسەلە مرۆڤیەکان) نابینم . لە مەنهەجیاتەکانی تردا (لێکۆڵینەوە) هۆکارە دەرەکیەکانی ڕووداوە شیکارکراوەکان لەخۆ دەگرێت ئەم هۆکارانەش میژوویی ، یا سیاسی ، یا ئابووری یا دەروونین . بەڵام (ئەگەر هیچ کات نەبێت) ئەوا زۆر بە کەمی دەبینین کە لێکۆڵینەوە لە دەوری ئەم دیاردە خوێندراوانە بسووڕێتەوە ، واتا لە دەوری (داڕشتنەوەی) تایبەتی‌دا (ARTICULATION) . بە دەست پێکردن لەم ڕێچکەیەوەو (هیچی تر) گرنگی دانم بە شیکردنەوەی دەروونی سەر هەڵدەدات .

ئەو کێشەیەی بە هاتنم بۆ فەرەنسا وە بەتایبەت لەدوای ئیشکردنمەوە دەربارەی بونیادگەرییەکانی وەک (شتراوس و ک.سوسا) وە خستمە ڕوو ، لە دەوری چۆنیەتی هێنانی ئەم مەعریفە شێوەییانە بوو بۆ ڕووداوە ڕۆشنبیریەکان ، وە بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بەمنەوە بۆ زمانە ئەدەبیەکان ، دەسووڕایەوە لە خستنە

ڕوویيەکەدا (مرۆڤی ئاخاوتن) LESUIET PARLANT لەبەرچاو دەگرێت . ئەگەر بونیادگەری توانیبێتی ئاکامە وردو ڕەهاکانی ببەخشێت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دیراسەکردنی لایەنەکانی دەروونی _ خودیی ڕەت کردۆتەوەو پشت گوێی خستووە . بەڵام وەبۆ جاری دووەم دەتوانرێت ئەم پرسیارە (دەروونیی - خودیی) یانە لە ڕێگای بونیاد گەریەوە بەدەست پێکردن لێوەی بخرێتەوەڕوو. بەم جۆرە پیویست بوو لەسەرم گرنگی بدەم بە دیراسەکردنی ئەوەی کە (مرۆڤی ئاخاوتن) لە تێکستە ئەدەبیەکاندا جیادەکاتەوە . فرۆید وتی کە: نووسەرەکان پێشمانکەوتن بۆئەم ڕێچکانە ، وەڕێچکەی مەبەست لێرەدا هەمان ڕێگایەکە کە فرۆیدی بۆدۆزینەوەی ناهوشمەندی برد، بەدەست پێکردن لە شیکردنەوەی خەون و وتەی نەخۆشەکانەوە . کەواتە زوربە ئەو نووسەرانەن کە جەختیان لەسەر سیفاتێکی تایبەت بۆ بەرهەمهێنەرانی نووسین کردووە . نموونەش لەسەر ئەمە (جۆرج باتای) وەک (ئەزمونێکی پلەبالا) (EXPERIE DES LIMITES) قسە لەسەر نووسین دەکات .

ئەم خستنە ڕوویە بۆ نووسین وەک ئەزمونێکی پلە بالای _ نەگەڕاوەیی پێویستە پیت بە پیتی تێ بگەین ، لەبەر ئەوەی سنووری ئەزموونی پلە بالا لێرەدا سنووری مرۆڤی ئاخاوتنە ، سنووری شوناسی تایبەتیەتی ، سنووری نیشانەکان و سیستمەکانە کە زمان وەک ئامرازێکی بە یەکگەیشتن دادەڕێژێت . کەواتە لە پڕۆسێسی نووسیندا گومان و تاوانبارکردن هەیە بۆ شوناسی تایبەت وە بۆ سیستمی زمان . لەخۆگرتنی ئەم تاوانبارکردنەش لە ڕوانینی شیکردنەوەی دەروونیەوە لەلەتوانایدایە کە لێکۆڵینەوەکان بەرەو تۆژینەوە دەربارەی نزیک بوونەوە لە نێوان ئەزموونی نووسین (هەر نووسینێک بێت) و (زمان _ دیاردەیەکی دەروونیە) . دابەڕێت . وە ئەمەش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕێگای تێکستەکانی نوێگەریەوە دەردەکەوێت ، وە بە تایبەت ئەوانەی بە دوای بزووتنەوەی پێشڕەویی سەدەی نۆزدەو بیستدا هاتن ، وەک ڕەمز گەرایی و سوریالیزم و ڕۆمانی نوێ و نووسینی هاوچەرخ .

کەواتە ئیشکردنەکەم لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو شتە لەخۆ دەگرێت کە پڕۆسێسی نووسین دەکاتە جۆرێک لە گەورەیی بۆ (زمان) . لێرەوە گرنگیدانم بە دوو لایەن بوو: یەکەمیان خودی شیکردنەوەی دەروونی و ، ئەو ئەزموونەی وەک دەرونشیکارێک هەمبوو پێشڕەوایەتی کردم بۆ هێنانە ناوەوەی ئەو دیاردانەی کە تا ڕادەیەک ئاڵۆزن و لە شیکردنەوەی دەروونی کلاسیکیدا کەم هاتوونەتە کایەوە وەک (بۆردەرلاین _ دیاردەیەکی دەروونیە) . و (زمان) . وە لایەنی دووەم پەیوەستە بەوەی کە تایبەتە بە دیراسە ئەدەبیە پەتیەکانەوە ، واتا ڕوانین چۆنێتی ڕوودانی چاکسازی لە خودی بونیادی زماندا لەو نووسینانەدا کە سەر بە ئەزموونی پلە بالان . ئەم چاکسازیەی بونیادی زمانیش لەسەر چەند ئاستێک دەڕوات جا ئەگەر لەتەر ئاستی وشە فەرهەنگیەکان LE LEXQUE بێ یان لەسەر ئاستی سینتاکس SYNTAXE بێ یا لەسەر ئاستی گێڕانەوەیی (سردی) بێ لەوەدا کە تایبەتە بە پەخشان ، وە هەوڵی دیراسەکردنی ئەوەمدا لەوەدا کە تایبەتە بە شیعرەوە لەلای (مالارمیە و لوتر یامۆن) . لەلایەنی یەکەمەوە گرنگیم دا بە وشە فەرهەنگیەکان ئەمەش بۆ دەرخستنی ئەوەی کە چۆن لەخۆگری نیشانە (هەموو ووشەیەک نیشانەیە) جێگای تاوانبار کردنە لەلایەن دەقی شیعریەوە بە تایبەت لە ڕێگای ئاوازو ڕەگەز دۆزی و دەرخستنی بنەما غەریزیەکانی قسەکردنەوە . لەلایەکی ترەوە گرنگیم دا بە سیستمی سینتاکسی ڕستە وە ئیشم کرد دەربارەی قەسیدەی (هەڵدانی زار) ی مالارمیە وە هەوڵمدا ئەوەی تێدا ببینم کەچامەیەکی ڕێک بە درێژکراوەیی کە ڕستەیەکی ئامادەکراو : کار، بکەر ، بەکار لەخۆ دەگرێ ، چۆن خۆی بە تەقێنراوەیی و ، هاڕاوەیی و ، هەڵئاوساوی و ، پڕکراوەیی بە بۆشایی و ئاڵۆزی دەبینێتەوە ، بە دەست پێکردن لە هەندێ گۆڕانکاریەوە کە بە (تەوریات) ناوی دەبات کەناتوانرێت لێی تێبپەڕێندرێت و هاوتای سینتاکسی بۆ بدۆزرێتەوە . لێرەوە دەتوانرێت

رۆمان وه به تایبه‌ت رۆمانی نوێ بخرێته ژێر ئه‌م جۆره لێکۆڵینه‌وانه‌وه . وه به هه‌موو بارێکدا ئه‌م لێکۆڵینه‌وانه شیاو نین ته‌نها به‌ده‌ستپێکردن له دانانی شێوه‌وه نه‌بێت . وه‌ک قۆناغێکی گۆڕانکاری دیار له ئه‌زموونی مرۆڤایه‌تیدا ، واته ئه‌زموونی بوونه‌وه‌رێکی قسه‌که‌ر وه وه‌ک هه‌وڵێک بۆ تێپه‌راندنی شێوه‌یه‌کی بێده‌نگ و جێگیر (واتا ئه‌و شێوه‌یه‌ی بونیادگه‌ری خوێندویه‌تی که ئاماژه به پەیمانێکی کۆمه‌ڵایه‌تی بێ کێشه ده‌دات) وه له دواییدا ئاراسته بوون به‌ره‌و هه‌ڵوێستی قه‌یرانگه‌رێتی.. بێگومان پێویسته لێره‌دا ئاماژه به‌وه بده‌ین که کاریگه‌ریی ئه‌م هه‌ڵوێسته قه‌یرانگه‌رییه شێواوه به ته‌نها له‌سه‌ر بونیادی شێوه‌یی‌و دوباره ڕێکخستنه‌وه‌ی ئه‌م بونیاده کورت ناکرێته‌وه به‌ڵکو تێی ده‌په‌ڕێنێ به‌ره‌و ناوه‌ڕۆک ، بۆ نموونه ئا ئه‌وه‌یه بابه‌ته‌کانی ئه‌ده‌بی هه‌موو زه‌مه‌نیه‌تێک وه‌ک بابه‌تی تاوانکاری‌و شه‌ڕو ترس و بۆگه‌نی ، وه هه‌روه‌ها به شێوه‌یه‌ک له شێوه‌کان ، بابه‌تی مێینه‌یی به‌و پێیه‌ی ئاستێکی جیاکه‌ره‌وه‌یه بۆ نانراوو خه‌یاڵ لێکراوه .

پ/ لێره‌دا ده‌مه‌وێ بگه‌ڕێمه‌وه سه‌ر تێگه‌یشتنت بۆ زمانی شیعری وه‌ک هۆکارێکی کاریگه‌ر له‌سه‌ر لایه‌نی تاکی‌و لایه‌نی کۆمه‌ڵ . شۆڕشی زمانه‌وانی تاکی چۆن ده‌توانێت کار بکاته سه‌ر گۆڕانه‌کان یا ڕێگه بدات به گۆڕانکاریه‌کان که له‌سه‌ر ئاستی کۆمه‌ڵگا وه‌ک گشت ڕوو بده‌ن ؟

و/ یه‌کێک له کێشه‌کانم ناونا (شۆڕشی زمانی شیعری) ، ئه‌م ناونیشانه‌ش بووه مایه‌ی هه‌ندێ لێکدانه‌وه‌ی هه‌ڵه . بۆ نموونه وه‌ک ئه‌وه‌ی بڵێن گرانه ته‌سه‌وری ئه‌وه بکه‌یت که چۆن شۆڕشی تاکایه‌تی و ڕێکنه‌خراو وه‌ک ئه‌وه‌ی هه‌یه له ڕێگای گۆڕینی زمانی ته‌قلیدیه‌وه بۆ مردن له پێناوی به‌ده‌ست هێنانی ده‌قی ئاڵۆزو نه‌خوێندراوه ، که‌واته ئه‌زموونێکی وه‌ک ئه‌مه چۆن کارده‌کاته سه‌ر ڕه‌وتی کۆمه‌ڵگا ؟ لێره‌دا ده‌مه‌وێت ئاماژه به دوو شت بده‌م : یه‌که‌م ئه‌وه‌یه که وشه‌ی شۆڕش ده‌لاله‌تێکه ئاماژه به دووباره‌بوونه‌وه ده‌دات : ئا ئه‌مه‌یه بۆ نموونه شۆڕشی زه‌وی به ده‌وری خۆردا که جۆرێکه له گه‌ڕانه‌وه‌یه‌کی ناچاری و ڕێپێوانێکی هه‌میشه‌یی و وه ده‌رکه‌وتنێکی به دوایه‌کدا هاتووه . به‌خشینی مانایه‌کی وه‌ها به زمانی شیعری واتای گه‌ڕانه‌وه بۆ ڕووناکی و دووباره بوونه‌وه ، دووباره پێکهاتنه‌وه‌و ، ده‌رکه‌وتن وه ڕۆیشتن به‌ره‌و دووباره‌کردنه‌وه‌ی ئه‌وه‌ی که‌نادیاره ، وه لێره‌دا ده‌توانرێت به‌راوورد‌بکرێت به‌وه‌ی که فرۆید ناوی ناوه (گه‌رانه‌وه‌ی خه‌فه‌کراو) هه‌روه‌ها لێره‌وه له‌م زمانه شیعریه‌دا هه‌موو ئه‌وانه‌ی که به‌کار هێنانی به‌دوایه‌کدا هاتوه که بۆقسه‌نووسیویه‌تی ده‌رده‌که‌وێت: وه‌ک ئیقاع و ڕه‌گه‌ز دۆزی‌و زه‌برو زه‌نگ و مردن و قێزهاتنه‌وه . دووه‌م ئه‌وه‌یه که وشه‌ی شۆڕش ده‌لاله‌تێکی تری هه‌یه که وزه‌یه‌کی ڕوخێنه‌رو زیندوو هه‌ڵده‌گرێ وه که پێویسته واتایه‌کی ڕاسته‌وخۆ بده‌ین به چه‌مکی شۆڕش که په‌یوه‌ندی نه‌بێ به واتای ئاسایی و هیچو پوچه‌وه بۆ وشه‌ی شۆڕش ، واتای بێ مانا بۆ ئه‌م وشه‌یه له‌سه‌ر ئه‌و پێودانگه‌یه که شۆڕش به ته‌نها وه‌ک گۆڕانێک بۆ هاوسه‌نگیی هێزی سیاسی دابنێین له ڕوانگه‌ی گۆڕینی ژێرخانی ئابووریه‌وه ئا ئه‌مه‌یه تێگه‌یشتنی مارکسیانه بۆ وشه‌که .

له‌و باوه‌ڕه‌دام که ئه‌م ڕوانینه سه‌نگێک بۆ ئاده‌میزاد دانانێت که له‌م گۆڕانه ئابووری و سیاسیانه‌دا جێی مه‌به‌سته ، که له هه‌مان کاتدا بوونه‌وه‌رێکه قسه ده‌کات ، بوونه‌وه‌رێکه خاوه‌نی ڕه‌گه‌زه وه له دواییدا ئاره‌زوو نه‌ست (لاشعور) ی هه‌یه .

ئه‌م مه‌سه‌لانه مایه‌ی سه‌رنجی جیهانێک بوو . که دیراسه هاوچه‌رخه‌کان پشت گوێیان خستبو، به‌ڵام ئا ئه‌وه‌تا ئیمڕۆ ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ پانتایی پێشه‌وه‌ی گۆڕه‌پانی ململانێی سیاسی‌و نێو نه‌ته‌وه‌یی ئه‌و جیهانه‌ش جیهانی ئاین و جیهانی حه‌رامکراوه پیرۆزکراوه‌کانه. ئیمڕۆکه ئاین و پیرۆزکاری ده‌گه‌ڕێنه‌وه تا وه‌کو به هه‌موو شێوه‌یه‌ک بڵاو ببنه‌وه ، ده‌توانین بڵێین که هاوبه‌ندی‌و هاوسێیه‌تیه‌ک هه‌یه له نێوان پیرۆزکاری‌و ئه‌و ئاهه‌نگانه‌دا که به درێژایی مێژوه‌که‌ی هاوه‌ڵێتی کردووه وه‌ک نواندن یا لاسایی کردنه‌وه‌ی ڕه‌مزی‌و گێڕانه‌وه‌ی لاسایی ئاسا که به تاقیگه‌ی هونه‌رو له دوایدا به تاقیگه‌ی

ئەدەبی دادەنێم . وام بۆ دەرکەوێت کە ئەستەمە دووبارە گۆڕینی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ڕیشەیی بەبێ جوڵاندنی ئەو کۆمەڵە شتەی کە کۆن ئاین و پیرۆزکاری داگیریان کردبوو . لە ڕەوتێکی (سیاق) ئاوهادا دەردەکەوێت کە سیفەتە (خودی _ دەروونیەکان) سەنگی نیە نە لە تێڕوانینی سیاسیو وە نە لەهاوسەنگ بوونی هێزی ئابووریدا. بەم جۆرە هەر چۆنێک ئەم یا ئەو واتای ئەدەبی و پێشەنگی دەست پێ بکات ئەوا وەک بەڵگەیەک بۆ(خودێتی _ دەروونێتی) ئازار دراو وە بۆ حاڵەتی قەیرانگەری مرۆڤی ئاخاوتن دەمێنێتەوە لە قۆناغێکی دیاریکراو لە مێژووەکەیدا .

ئامادە نەبوونی مومارەساتی پیرۆزکاری بە لایەنی کەمەوە لە ڕۆژئاوادا ، ئەدەب دەکاتە شوێنێکی باش بۆ دەرکەوتنی ئەم قەیران و شێواویانە وە بۆ دەرکەوتنی ئەو زەبرو زەنگە ، وە ئەدەب دەتوانێت بەشداری بکات لە گۆڕینی سەرتاسەری کۆمەڵگادا . جگە لەوەی کە لە هەندێ کاتدا ئەدەب دوا دەکەوێت لە کاروانی گۆڕانی ئابووری و سیاسی وە لە هەندێ کاتی تردا پێش دەکەوێت . وە ئەدەب سەر بە زەمەنیەتێکی تایبەتە ، جیاوازە لە زەمەنیەتی مێژووی سیاسی و ئابووری .

ئیمڕۆ هێرشێک هەیە ، بەتایبەت لە فەڕەنسا ، دژی بەئاینکردنی سیاسی وە دژی دانانی سیاسەت بە ئاینێک بۆ خەڵک وە دژی گۆڕینی هەموو دیاردە مرۆییەکان بۆ سیاسەت چونکە کەس ناتوانێ قسەیەک بکات ؛ یەکسەر لێی دەپرسن: سەر بە چ حیزبێکە؟ ڕەتکردنەوەی ئەم دیاردەیە بۆتە دیاردەیەکی ئایدیۆلۆژی لە خۆیدا لەم ڕۆژانەی ئێستاماندا وە بە تایبەت لەناو فەیلەسووفە تازەکاندا . وە ئەوەی لە دە ساڵەوە تا ئیمڕۆ هەوڵمداوە پێی هەڵبستم ئەو ڕەتکردنەوەیەی بە ئاینکردنی سیاسەتە ، دەرمخست کە زنجیرەیەکی تر هەیە لە تۆماری مرۆڤایەتی ، وە زنجیرەیەکی چرو گەشە سەندو و دیارە لە ئەزموونی ئیستاتیکیەتدا . بە دەستپێکردن لێرەوە ، بەتایبەت لەم تێڕوانینەوە ، لە توانای ئەزموونی ئیستاتیکیەتدا دەبێت وە مافی خۆی دەبێت وێنەبیری جێگەی خۆی بکات لەناو چوارچێوەی گوڕانی سەرتاپایی کۆمەڵگادا .

پ/ دەمەوێت لەسەر وتەکانت کە دەربارەی نزیککردنەوەی قوربانی (زبیحە) و ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ مومارەسەی شیعریدا پێکیان دەبەستێتەوە بوەستم . چۆن شیعر دەتوانێت ببێتە جێگری قوربانی؟

و/ لەو باوەڕەدام کە مومارەسەی شیعری ڕوویەکی تری قوربانییە . هەوڵم داوە کە ئەمە لە(شۆڕشی زمانی شیعری) دا لێکبدەمەوە ، لێرەدا هیچ شتێکی تازەم پێشکەش نەکردووە بەڵکو هەندێ لە هەڵوێستەکانی (ماوس) MAUSS و لیفی شتراوس) م دووبارە کردۆتەوە ، کەواتە هەوڵمداوە ئەوە لێک بدەمەوە کە چۆن قوربانی پرۆسێسی دووبارەبوونەوەی ڕەمزەو چۆن ئەو ڕەمزەش دەهێنێتەوە یاد . وە بەو ئەندازەیەی کە تیایدا جەستە ڕەت دەکرێتەوە لە ڕێگای قوربانیەوە ، تا وەکو لە لایەکەوە پەیوەندییەکی ستوونی لە نێوان پێشکەشکەرانی قوربانی وە لەنێوان واتایەکی سەرەوەیی کە هاتۆتە خوارەوە دروست بکات و لە لایەکی تریەوە وە لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی ئاسۆیی دروست بکات کە کۆبوونەوەیەک لە نێوان ئەندامە بەشداربووەکان لەم مومارەسەی سروتەدا پێکبهێنێت . لە ڕێگای ئەم سروتەوە دەتوانین بەرجەستەبوونێک بۆ لۆژیکی ئاماژەو بە تایبەت بۆ دینامیکیەتی ئاماژە ببینین . کە ئەمە (جەستە _ شت) بەجێدێڵێو بەستنەوە لە نێوان وتەبێژەکاندا پێک دەهێنێو وە دەیانگەیەنێتەوە بە پاشکۆیەتیی واتا کە ئەمەش واتای قسەکردن و کۆبوونەوەیانە . تێبینی دەکەین کە نزیکبوونەوەی قوربانی بە پێی دوو قۆناغ پرۆسێسی دروستبوونی ڕەمزەکە دەردەخات . لەلایەکەوە جوڵانەوەی زەبرو زەنگ هەیە لەبەر ئەوەی لەسەر قوربانیدانی جەستە دروست دەبێت وە لە لایەکی تریەوە و لە هەمانکاتدا ئەو ساتەیە کە زەبرو زەنگ تیایدا دادەمرکێت لە کاتێکدا کە کوشتنی ئەم جەستەیە واتای واز هێنان لە کوشتار دەگەیەنێ .

ئێمە بە بەشداربوونمان لەم سروتەدا دەچینە

پەیمانێکی کۆمەڵایەتیەوە . وە ئێمە لێرەدا لەباری زەبرو زەنگێکداین کە ئاستێک بۆ زەبرو زەنگ دادەنێت . کەواتە ، وە بە دەستەواژەیەکیتر ڕەمزەکە یا قوربانیەکە یا دەڵالەتی زەبرو زەنگ و ڕەتکردنەوەی هەڵدەگرێت . بەڵام ئەوەی لە کارە ئەنترۆ بولۆجیەکاندا لەسەر ئەم سروتانە دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە ئەم سروتانە پڕن لە دیمەنی هێمایی (ایمائی) واتا لە زوربەی کاتەکاندا پێش یا پاش قوربانیدان بە قوربانی (بالزبیحە) یەکە دەکەوێت کە ئاهەنگی سەماو گۆرانی و هۆنراوەی ئاینییەو ئەم هێماگەریە (الایمائیە) یە کە بەتاقیگەی هونەر بانگهێشتە کردووە . لەم ساتە هێماگەری _ لاساییکردنەوەییەدا چی ڕوو دەدات ؟

لەو باوەڕەدام ئەوەی لەم ساتەدا ڕووەدات ئەوەیە کە ڕوویەکی تر بۆ زەبرو زەنگی قوربانیانە پێکدەهێنێت . بەو واتایەی کە شتێک لە جەستە هەیە ناتوانێت ببێتە قوربانی وە ناشتوانێت هێور ببێتەوە . سەرەڕای هەموو ئەمەش بە پەیمانی کۆمەڵایەتی ڕازی دەبێت ، دەچێتە ژێر پرۆسێسەوە بەڵام بەبێ ویستی خۆی وەلەڕیگای ئەمەوە شتێک لەشێواوی دەردەبڕێ ئێوە لە پێشکەشکردنی قوربانیدا زەبروزەنگ دەهێننەئاراوە و بێدەنگی دابین دەکەن . هەروەها ئێمەش هەڵدەستین بە پاڵاوتنی زەبروزەنگ بەڵام ئێمە لە جێگەی زەبروزەنگ چێژو خۆشی دەهێنینە ئاراوە . وای دەبینم کە ئەم پرۆسێسە ڕوو بەڕوو بوونەوەی پرۆسێسی قوربانیدانە وە ڕوویەکی تریەتی ، وە وەک ئەوەی کە بەر جەستەکردنێکی تری بێت . ئا ئەمەیە کە ئەدەب و هەموو کارە ئیستاتیکیەکان دەیخەنە ژێر پەردەی ئاسایش و مەدەنی کراوی شارەوە ، ئەو پەردەیەی کە نوستنێکی درۆیانە نووستووە .

پ/ لێرەدا ئەو پەیوەندیەی کە ئاین و شیکردنەوەی دەروونی پێکەوە دەبەستێت لە کوێوە دێت ؟ وە ئایا دەتوانێت باسی واتاو نوێگەری ئەم پەیوەندییانەمان بۆ بکەیت ؟

پەیوەندی ئاین بە شیکردنەوەی دەروونیەوە مەسەلەیەکی ئەو پەڕی نوێگەریانەیە . یەکەم شت ئەوەندە بەسە کە سەیری تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان بکەین تاوەکو تێبگەین ئاین ئەمڕۆ چ گرنگیەک بە دەست دەهێنێت . ئێستا ئاین وەک هێزێکی سەرەتایی نەماوە ، وەک ئێمە وا باوەڕ دەکەین ، بەڵکو بۆتە جوڵێنەری چەندەها تێکۆشانی هەمەجۆرو جیاواز کە ئەشێ بەرەو تۆتالیتاریەت بڕوات وەک ئەوەی کە لە لایەن (خومەینی) یەوە ڕوویدا ، یا بەرەو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تاکەکەسی (کە من زۆر ڕێزی لێدەگرم) وەک ئەوەی کە لە پۆڵۆنیا هەیە .

کەواتە ئاین وەک جوڵێنەرێکی گرنگ و وەک وزەیەکی زیندوو و هاوچەرخ دەمێنێتەوە . وە لە لایەنی دووەمەوە وەک ئەوەی کە لە ئاستێکی زانستی مەعریفیدابێت ، وە بە نسبەت دروونشیکارێکەوە ئاین وەک زەمینەیەکی پەسەندکراو بۆ چاودێری شیکردنەوەیی دەمێنێتەوە . بێگومان من ئاینی مەسیحی زیاتر لە ئاینی تر دەناسم وە وای دەبینم کە نمایشی گرنگترین بەش و قۆناغەکانی ژیانی دەروونی تێدایە : وەک لە دایکبوون لە گەڵ نەرێکردنی باوکێتیدا ، دایکێتی لەژێر پەردەی کچێتیدا ، یان ترسان لە مردن لەگەڵ هەڵسانی قیامەتدا . هەموو ئەم زنجیرانە بنەڕەتی لەژیانی وەهمی _ وێنە بیرکردندا وە لە ئەدەبیشدا هەن بەڵام لە ئایندا زیاتر بەر بڵاوو دیارترو میللیو ئاسانترە . لەبەر ئەوە دەروون شیکار (نێر یا مێ) ، ئەم ئەفسانانە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن . ئەمەش بۆ دان نانە بەو ئەفسانانەدا ؛ نەک بۆ ئەفەڕۆزکردنی ئەم ئەفسانانەو گرنگیی ئاین . بەڵکو لێرەدا بۆ خستنە بەر لێکۆڵینەوەیە ، بۆ هەڵوەشاندنەوەو لەکارخستنی وەک ئەفسانەو بۆ دووبارە پێکهێنانەوەو ئیشپێکردنیەتی وەک تەسەورێکی وەهمی و هەروەها بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەی دەروونی و ئەو فشارانەی دەیانهێنێتە ئاراوە . وە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە شیکردنەوەی دەروونی یا ئەوەتا کە تێپەڕاندنی ئابڕووی عیلمانییە _ میراتگری سەدەی نۆزدە _ بەرامبەر ئاین کە ئەمەش ئەکاتە تێپەڕاندنی ترسان لە ئاین و لەکەدارکردنی دەروونشیکار تەنها لە ئەزمونێکدا

نەبێت ناتوانێت باس لە کێشە لاهوتیەکان بکات . بەڵام لەو باوەڕەدام کە ئەزموونی شیکردنەوەیی حەقیقی ئەوەیە کە لە ژێر ئاسمانێکی بەتاڵدا ڕوو دەدات ، بەو واتایەی کە ئاین سەرەڕای بوونی خۆی کە وەهمی کۆتایی پێکدەهێنێت بەڵام شیاوی شیکردنەوەیە . بێگومان لێرەدا هەندێک پرسیار لەوە دەکەن کە ئایا شیکردنەوەیی دەروونی بەو پێیەی کە هەموو شتێک ڕاقەو شیکار دەکات خۆی وەک جێگرێکی مەعریفیی دەخاتە ڕوو . دان بەوە دادەنێم کە ئەمە ترسناکیەکی داپڵۆسێنەرە ، وە بە تایبەت کاتێ هەندێ قوتابخانەی شیتەڵکاری ـ دەروونی دەبینین کە لە هۆشمەندیەوە بێت یا لە ناهۆشمەندیەوە بێت خۆیان وەک کەنیسەکان یا مەعریفەیەکی پەتی دەخەنە ڕوو . لەو باوەڕەدام کە دەبێت بەردەوام بگەڕێینەوە بۆ دوا نووسینەکانی فرۆید وە ئەمەش لە دەقێکی تایبەت بە (شیکردنەوەی ناکۆتا) (التحليل اللامتناهي) دا کە تیایدا فرۆید هاوتەریب بوون لە نێوان ئەو ڕاقەکردن و نێو لێکدانەوانەدا دەنێت کە شیکردنەوەی دەروونی پێکەشی دەکات ئەلایەک و وە لە نێوان وڕێنەدا لەلایەکی تردە وە . ئەم لێکچواندنە گەلێک مەسەلە دەوروژێنێت . بەڵام ئەوەی لێرەدا ڕاستەوخۆ گرنگە بەلامانەوە ئەوەیە کە دەتوانین بڵێین پێویستە لەسەر دەروونشیکار کاتێ هەست بەوە بکات کە شیکردنەوەکەی لە وڕێنە نزیک دەبێتەوە ئەوا لێی بگەڕێتەوە دواوەو دەستی لێ بەردات . ڕاقەکردنی شیتەڵکاری هەرگیز کۆتایی نایەت لەبەر ئەوە ناتوانێت ببێتە ڕەها . وە هۆشمەندی ئەم واقیعەش تاکە بارمتەیە دژی ترسناکیەتی دامەزراندنی مەعریفەیەکی ڕەها بەدەستپێکردن لە شیکردنەوەوە .

پ/ لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ بابەتی مومارەسەی شیعری (بەتایبەت نوێخوازەکانیان) کە لە هەندێ کاتدا ئەم مومارەسەیە دەگۆڕێت بۆ گەمەیەکی شێوەکاری بەتاڵ . ئایا دەتوانین وەک ئاماژە پێدەرێک بۆ مردنی شیعر دابنێین؟

و/ بێگومان کاتێ شیعر بە تەنها دەبێتە گەمەیەکی شێوەیی پێشەنگیانەی بەتاڵ ئەوا زۆر لە ڕەهەندە خودیەکانی وون دەکات وە لە دواییدا زۆر لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانیشی لەدەست دەدات .

کاتێک دەڵێم (گەمەیەکی شێوەیی بەتاڵ) یا (شیعری پێشەنگی بەتاڵ مەبەستم هەندێ ئەزموونی شیعرییە کە لە کاتی ڕوودانیدا بۆ یەکەمجار شتێکی گرنگ بووە ، وەک شیعری پیتی و شیعری دەنگی . ئەم دیاردانە توخمی قەیرانگەراییەکی باڵایان پێک دەهێنا لە ڕووخانی زماندا وە لە دەرخستنی جەستەی شڕو شێواو و هەڵوەشاودا لە ڕێگای دەنگ و ئاوازو ئیقاعەوە .

لەو باوەڕەدام کە ئەم دیاردەیە قۆناغێکی گرنگ بوو لە ڕووی زاراوەیەکی کۆن و (زمان) دا کە نەڕازی دەکردین و نەدەربڕینی لە ئەزمونی نوێی مرۆڤایەتی دەکرد . وە ئەمە لە سیەکاندا لە قۆناغەکانی جەنگدا ڕوی دەداو ، لەگەڵ چاخێکدا دەگونجا کە ڕۆژئاوا تیایدا حاڵەتێکی لەگڕ گرتن و کولانی گشتی کۆمەڵ دەبینێ . لەو باوەڕەدام کە دووبارە چوونەوە سەر ئەم ئەزمونە لە ئیمڕۆدا شایەنی گرنگی پێدان نیە . بەڵام ئەوەی ئیمڕۆ تێبینی دەکەین ، مەبەستم ئەو ئەزموونەیە کە لە گۆڤاری (تیل کیل Tel Quel) دا دەورم دەدات ، وە لێرەدا بەدەست نیشانکراوی مەبەستم کتێبێکی (سولزر) ە کە ناوی (پارادی) ە (Paradis) لەم تێکستەدا بەکارهێنانی ئەو دیاردە پێشەنگیانە هەیە کە قسەمان لەسەر کرد ،بەڵام لەناو پڕۆژەیەکی زیاتر گشت گیر دادەنرێت ئەمەش بە ئاراستەی گەڕان بە دوای واتادا نەک بۆ بڵاوبوونەوەی چامە یا بیرو باوەڕی ئایینی سیاسی . کەواتە ئەزموونێکی نوسراوی نوێ هەیە کە بەتەنها بایەخ لایەنی شێوەیی نادات بەڵکو تێی دەپەڕێنێ بۆ ناوەڕۆک .

ئەمەش ئەزمونێکی واقیعیە کە ناوەڕۆکێکی بێوەی ، عەقڵانی ، ڕووکەش لەخۆ ناگرێت بە واتای لەسەر ناوەڕۆکێکی پێکنایەت کە ئاماژە بە کۆمەڵگایەکی بێوەی ئاسایش و جێگرو بێ دەنگ بدات وەک لە سەدەی نۆزدەدا هەبوو . ئەم ئەزمونە نوسراویە نوێیە لە واقیعەتێکی جیاوازدا گەشە دەکات. واقیعەتی سەردەمی ئێستامان ، پێویستە تەسەوری شیعرێک یان زمانێکی ئەدەبی

بکەین کە هاوەڵی شاشەیەکی یەلەفیزیۆنیە بە بیست کونالّەوە وە چەندین ڕووی جیاوازی ژیانی مرۆڤایەتیمان لەسەر گۆی زەوی بۆ پەخش دەکات کە شتێکی ئالۆزی نەماوە ، بەلایەنی کەمەوە لەوەدا کە تایبەتە بە ڕاگەیاندنەوە . بێگومان سەیرکردنی تەلەفزیۆنێکی لەم جۆرە واتە بە بیست کەناڵەوە کە یەکەمیان قسە لەسەر منالّی _ شوشە دەکاو دووەمیان لەسەر شوێنی حەوانەوەی شێتەکان و سێیەمیان بریجیف و ڕێگن و چوارەمیان لەسەر هەڵبژاردنەکانی فەڕەنساو پێنجەمیان لەسەر کارەساتێک لەسەر هەرەسهێنانی زەوی قسە دەکات لێرەدا پێویستمان بە زمانێکی ئەدەبی شیاو هەیە بۆ ڕاگەیاندنێکی لەم جۆرە . شیعر لێرەدا پێویستە کە بە هەمە چەشنیەکی دەنگی شێوەییدا بڕوات، کەواتە ، کەواتە ئەمە بە ئەزمونی پێشەنگیەکاندا دەڕوات بەڵام گرنگی بە ئاین و سیاسەت و زانستیش دەدات . کەواتە دەبێت شیعرێکی فرە دەلالەت بێت واتە لە ئاستی هەموو ئەم دەلالەتە هەمەچەشنانەدا بێت.

پ/ هەندێ کەس تا ڕادەیەک لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی ئالۆزو گران سەرزەنشتت دەکەن وە جۆرەها تاوانباریت دەدەنە پاڵ . چۆن ئەم لێکدانەوانە ڕاقە دەکەیت کە لە دەوری نووسینەکانت دەخولێنەوە؟ لەو باوەڕەدا نیت کە ئەوەی پەنای بۆ دەبات ئەوە لەبیر دەکات کە ئەو ڕەخنەگرە یا لێکۆڵەرەوەیەی کە قسە دەکات بەر لە هەموو شتێک مرۆڤێکە کە قسە دەکات؟

و/ کەمێک لەمەوبەر لە وتنەوەی مەحازەرەیەک بوومەوە دەربارەی ڕوانبێژی یۆنانی سەرنجی خوێنکارەکانم بەلای ئەوەدا ڕاکێشا کە بوونی ئەم گۆڕەپانە بە گشتی لە دەربڕینی تەکنیکی پێک دێت . وە کاتێ پەڕە هەڵدەدەینەوە بۆ ڕەوانبێژی یۆنانی ئەوا یا هەست بە سەرسوڕمان یا هەست بەسەر جارسکردن وە بەتەسکی سینە دەکەین (ئەمەش بە پێی خوێنەرەکان جیاوازە) لە بەرامبەر ئەو دەربڕینە تەکنیکیانەدا کو یۆنانیەکان بەکاری دەهێنن ، ... Cotachrese Procotopee ..هتد. هیچ کەسێک ، تەنها کەمێکیان نەبێت ، هەست بە بێزاری ناکەن سەبارەت بە ئەم شتە ، بەڵام هەتا واشمان دانا کە یۆنانیەکان زیادە ڕۆیی دەکەن ڕەنگە ئێمە وە سەرەڕای ئەمەش ، ئەم دەربڕینە تازە ئالۆزانە وەک زەرورەتێکی تەکەنی وەر بگرین کە دەرباز بون لێی مەحاڵە .

کەواتە لە هەموو ئەمانەدا ئەوە بەدەست دەهێنین (٣٦) ڕێگا نیە لەپێناو هێنانی جەستەیەکدا بۆ بۆشایی بون (حیز الوجود) کە لە زماندا یا لە جیهانی سروشتیدا پێشبینیمان دەکرد. ئەم جەستەیە پێویستە ناوێکی بدەینێ .. ئەگەر ئەم جەستەیە نوێبێت پێویستە ناوێکی نوێی بدەینێ تا بتوانین جیای بکەینەوە ، لە بێلایەن کردن و وە لە دواییدا لە دەست نیشانکردنی .

لێرەدا پێویستە لەسەرمان هەندێک لەوە بهێنینەوە یاد کە (پێرس) کە یەکێکە لەوانەی پێشڕەوایەتی گۆڕەپانی سیمۆلۆژیای کرد (ئەو گۆڕەپانەی کە زۆر کێشە دەخاتە ڕوو لەبەر ئەوەی بە گەشبینیو کەف کولّێکی زۆرەوە دەستی پێکردوە کە ناتوانرێت تەحقیق لەسەربەخۆیی تەواوی بکرێت ئەوا لەگەڵ زۆربەی مەیدانە جیاوازەکانی تردا بەیەکدا دەچن و تێکەڵ دەبن) ، کەواتە (پێرس) ی ناوزەردکراو بە باوکی سیمۆلۆژیا لەسەر ئەم بابەتەی نوسیوە تاوەکو بەڵگە بهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی تەکنیکی زەرورەتێکی ئاکاریە . لەبەر ئەوەی تاوەکو زیاتر ورد بین زیاتر ڕێزی خوێنەر دەگرین ، بەو واتایەی کە پێویستە لەسەرمان ڕازی بکەین و ئاگاداری

بکەین لە هەموو ئەوەی کە سەرلەنوێ پێگەیشتوین ، وە ڕێگایەک نیە بۆ ئەوە واتا بۆ جیاکردنەوەو دەست نیشانکردنی دۆزینەوەی نوێ تەنها بە پێدانی ناوی تازە نەبێ بۆی ؛ تەنانەت ئەگەر تەکنیکیش بێت ، وە ئەگەر نا ئەوا قسەکانمان بەتاڵو ئالۆزو نادیار دەبێت واتا لە دەوری هیچ دەسوڕێتەوە ، هیچ شتێک لەخۆ ناگرێت وە نە ڕێز لەو کارە بیریە دەگرێت کە لێکۆڵەرەوە پێشکەشی کردوەو نە ڕێز لەو کۆششە دەگرێت کە خوێنەر پێی هەڵدەستێت .

هەروەها ئەم پرسیارەت گەلێک تێبینیم لەلا دەوروژێنێ وە دەیانکەم بە سێ بەش:

١) هەڵوێستی نەگەتیڤانە بەرامبەر نوسینەکانم هەرگیز جارپسم ناکات . بەشی زۆری لە کەسانێکەوەیە کە ڕووی تێۆری یا زانستیەوە هیچ شتێک من لە گەڵ ئەواندا کۆ ناکاتەوە (بێگومان لێرەدا پۆلێنکاری ئەوە ناکەم کە کاممان باشترە وە کاممان خراپترە) بەڵام با بڵێین ئەوانە خەڵکێکن سەر بە جیهانێکی بیری ترن وە هەرگیز ئاواتەخوازی ئەوە نیم کە هیچ پەیوەندیەکم پێیانەوە هەبێت . نەخێر بەڵکو لەو باوەڕەدام کە سەبارەت بەو بوارەی کە کاری تیا دەکەم واتا سەبارەت بەو بیرەی کە گرنگی دەدات بە بابەتی دیاریکراو وە بە بوارەکانی سەرەڕۆیی ڕەق و خەستی مرۆڤایەتی وای دەبێنم کە گەلێک خوێنەرم هەیە . کاتێک دەڕۆم بۆ هەندەران وە ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران دەبینم کە گرنگی دەدەن بە نوسینەکانم وای دەبینمەوە کە ئەمە شتێکی سروشتی نیە . باشتر وایە کە ڕێژەیەکی کەم خوێنەر هەبێت تاوەکو پەیوەندیو گواستنەوەیەکی کرداریانەو پتەو دروست ببێت .

وە ئەگەر ئاخ و ئۆف هەڵبکێشم ئەمە بەهۆی ئەو هەڵوێستە نەگەتیفانەیەوە نیە کە هەندێک زێوانی (کاهن) ڕێکخراوە کۆنەکان ئەوانە لە جیهانی بیری تردا دەژین بەرامبەر دەینوێنن ، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵانەی دەیانەوێ فیکری من بتوێننەوە یان سادەو ساکاری بکەن .

پ/ لەو باوەڕەدا نیت کە ئەم هەڵوێستە نەگەتیڤانەیە وەبەرهاتوی نوشووستی یا گرنگی پێدانە بەرامبەر ئەوەی کە دەیڵێیت ؟

و/ بەڵێ ئەمە ڕاستەو من وەک باوەڕدارێک بە فرۆیدیزمێکی ڕاستەقینە دەڵێم گەیاندنی بیرێک یا چامەیەک شیاو نیە تەنها لە ڕێگای بەرگری کردنەوە نەبێت . من باوەڕ بە گەیاندنی خۆشەویستیانەو بێوەی ناهێنم . لەبەر ئەوەی گەیاندن یا وەرگرتنی عەقڵێ پێک نایەت تەنها لە ڕێگای بەرگریو ڕەتکردنەوەوە نەبێت . بەڵام بە حەتمی پێویستە جیاکاری لە نێوان بەرگریو سانسۆردا بکەین . وە لەو باوەڕەدام کە تۆ مەبەستت ئەو سانسۆرە بوو کە لە جیاتی ئەوەی بە ڕوو بەڕووبوونەوە بەرگری لەبیری من بکات کەچی تەنها بە لابردن و سڕینەوەی کۆتایی پێ دەهێنێت وە ئەمەش شتێکە بە تەواوەتی جیاوازە لە بەرگریەکی بێوەی .

دووەم : لەوباوەڕەدام کە گرانیی زمانەکەم ؛ گەر لەڕاستیدا گرانی تێدا بێت ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسینەکانم پەیوەستن بە ئەزمونێکی زمانەوانی دیاریکراو و بە ئەدەبەوە بەو پێیەی کە ئەزمونێکی زمانەوانییە . ئەمەش واتای توانای گەیشتن بە خوێندنەوەی هەندێ تێکستی پەیوەست بەو ئەزمونە دەگەیەنێت . بۆ نموونە من ئێستا خەریکی دیراسەیەکم دەربارەی (بۆدلێر) .

زۆرن ئەوانە وتوویانە (بۆدلێر) ، (وە من هەوڵ دەدەم کە بە ڕێگای تایبەتی خۆم بیڵێم)، جۆرێک لە سۆفیگەری هەیە لای ، سۆفیگەریەک لەسەر ڕێڕەوی سەدەی نۆزدەو کاریگەر بە سان مارتین و جوزیف دومیستر و سینبورگ کەواتە سۆفیگەریەکەی کاریگەرە بە سیمای سەردەم . لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵگری واتایەکی ئاسایی و تەقلیدیە بۆ سۆفیگەری _ لە نێوان ڕەخنەگرانی (بۆدلێر) دا ڕەخنەگرانێک دەبینرێت کە هەستیارن بە ئەم دیاردەیە وە هەوڵدەدەن کە گشت زانینە ڕەوانبێژیو فەلسەفیەکانیان ئامادە بکەن تا وەکو گوزارشی لێبکەن .

وە ڕەخنەگرانێکی تر هەن کە هەرگیز هەستیار نین بەم سیفەتەوە قسەمان بۆ ناکەن تەنها لەسەر سەرچاوەکان وە لەسەر ئۆدیب و ناوەڕۆکەکان نەبێ یا بە تەنها یا بە ڕێگایەکی زۆر شێوەییانە لەسەر ڕەوانبێژی لەلای (بۆدلێر) قسە دەکەن .

بەڵام من ئەوەی گرنگە بەلامەوە ئەو ئەزمونەیە کە دەگاتە ڕادەی سۆفیگەری (دەتوانرێت ناوێکی تری پێ ببەخشرێت) وە لێرەدا دڵنیا نین کە گشت خوێنەرێک بەوە هەستیارە . ئا ئەمەش کۆسپی یەکەمە بەرامبەر خوێندنەوە ئەدەبیەکان بۆ تێکستەکانی (بۆدلێر) .

من باوەڕم بەوە نیە کە ئەدەب ئالایەکی بەکاربەری بێت . هەموان وە بە هەمان ڕێگا ئەدەب ناخوێنەوە واتا بۆ نمونە وەک ئەوەی

ڕۆژنامەکان دەیخوێننەوە . ئەوەی لە دەقێکی ئەدەبیدا دەیخوێنینەوە یا ئەوەی کە بونیادی دەنێینەوە تیایدا جیهانێکە لە تواناماندایە ئێمەش دروستی بکەینەوە ، وە من لە خەێندنەکەمدا هەوڵی ناردنی ئەزموونی نووسەر _ مرۆڤ بەرەو ڕووناکی دەدەم لەگەڵ هەموو ئەوەدا کە ئەم ئەزموونە لە خەی دەگرێت . لە ساتەکانی قەیرانگەریو بەتاڵی و ئاڵۆزی و ڕۆیشتن بەرەو ناواتادا ، وە هەروەها ئەو ساتەی کە واتا تیایدا دەبێتە ناکۆتا ، ئەمەش لە ڕێگای دەست نیشانکردنی تێرو تەسەل و دەلالەتی جۆراو جۆرەوە وە هەروەها لە ڕێگای ناکۆتایی زمانی شیعریەوە کەواتە ئەمە ئەو جیهانانەیە کە هەوڵی دەستنیشانکردنیان دەدەم لە ڕێگای خوێندنەکانمەوە کە ڕەنگە لە توانای هەموو خوێنەرێکدا نەبێت .

سێهەم: من لە ڕێگای زمانێکی تیۆریەوە بەم خوێندنەوەیە هەڵدەستم کە جێگایەکی تایبەتی هەیە ، من پشت دەبەستم بە هۆکارەکانی لێکۆڵینەوەو ئامرازەکانی لە زانستە پەتیەکاندا ، یا کە بەلای کەمەوە بەم جۆرەدا دادەنرێت ، وەک زمانەوانیو زانستی دەلالەتی ، وە بە دەست پێکردن لە شیکردنەوەی دەرونیەوە . ئینجا لە ڕووی لۆژیکییەوە نەک زەمەنیەوە .

لەم زمانە تیۆریەدا کە بەکاری دەهێنم ئەو شوێنکارە دەردەکەوێت کە بونی من وەک بوونەوەرێکی مرۆڤی قسەکەر بە جێی دەهێڵێت لەپشت بەکارهێنانەکانمەوە بۆ ئەم ئامرازانە .

واتا لە لایەکەوە لایەنێکی وەسفی هەیە بۆ دەقی ئەدەبی ، کە ئامرازی ڕووتی وەک زمانەوانیو ڕەوانبێژی تیادا بەکار هاتووە لەلایەکی تریشەوە لایەنی ڕاڤەکاری _ شیتەڵکاری هەیە لە کاتێکدا وەسفی زانستی بەزر دەبێت لەپشت یەکبەستن و بە قوواڵچوونی خودی _ دەروونییەوە لە نووسیندا . لەم قۆناغەی دووەمی ئیشکردنمدا زمانی تیۆری لێکچوون دروست دەکات لەگەڵ ئەوەدا کە تا ڕادەیەک زمانێکی ئەدەبی _ خەیاڵیە ئەمانەو نووسینی فەلسەفی _ لەدوای هایدگەرەوە لە فەرەنسا _ ئاقارێکی نوێ و تازە وەردەگرێت ، کاتێ تێبینی دەکەین کە فەیلەسەف بابەتێکی دیاریکراو وەرناگرێت بۆ لێکۆڵینەوەکەی بەڵکو بۆ بونیادنانی زمانێکی تایبەت پێی کۆتایی پێ دێ کە هیچ مەبەستێکی دیاریکراوی نیە . لێرەدا دەقی شیتەڵکاری دەبێتە دەقێکی خەیاڵکاریانە وە من لایەنگری ئەم ڕێچکە تازەیە نیم ، نەخێر بەڵکو ڕەتی دەکەمەوە . کاتێ دەربارەی دەقێکی ئەدەبی کار دەکەین پێویستە وەک بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوەکەمان بیپارێزین .

واتە پێویستە پارێزگاری لەو ساتە بکەین کە تیایدا دەگەڕێینەوە بۆ دەقەکە وەک ئەوەی پێویستە ئەم گەڕانەوەیەمان بونیادنراو بێت لەسەر هۆکاری زیاتر بابەتی . وەک چۆن لە ماوەیەکی دوورەوە دەرکەوتووە کە زانستە مرۆڤایەتیەکان بە ئەستراکێکیەتێکی ڕێژەیی نەبێ هەڵناوێردرێت وە هەروەها زمانەوانی کە ئەمەش زانستێکی ئەبستراکتە ، دەچێتە ژێر باری زوربەی گریمانە زانستی و دەرونیەکانەوە بۆ نموونە وەک نەست .

لە کۆتاییدا دەتوانرێت بوترێت کە زمانی من زمانێکی دوو فاقی دوا لیزمییە واتا بەشێک لە نیشانە هەڵدانی بابەتی تێدایە کە پارێزگاری لە بنەماکانی زانستی مرۆیی دەکات وە بەشێکی خودی _ دەروونی تێدایە کە دەڕوات بەرەو جیهانی پەیوەست بە خەیاڵی نووسینی ئەدەبییەوە .

پ/ چۆن ئەو بەیەک گەیشتنە ڕۆشنبیریەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕاڤە دەکەیت ؟ بەڕای تۆ ئەم ڕۆشنبیریە ڕۆژئاواییە بوونەوەری ڕۆژهەڵاتی بەرەو پشتگوێخستنی ڕۆشنبیرێتی تایبەتی خۆی نابات واتا بەرەو سڕینەوەی سیمایو بەرەو ڕۆیشتن بە حاڵەتێکدا کە وەک بونەوەرێکی ڕۆژهەڵاتی پەیوەندی پێوەی نیە ؟

و/ ئێوە زیاتر لە پێشترن بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە . هەموو ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە هەموو ڕۆژهەڵاتیەک یا هەموو کاتێک کە لەو ڕۆژهەڵات دا دەژی سەر بە دوو تۆمارگەیە . لەلایەکەوە سەر بە ڕۆشنبیرییەکە کە ڕۆشنبیری ئەونیە واتە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا کە گەیشتۆتە پلەیەکی باڵا لە ئاڵۆزیو تەکنیکیەتدا ، لەلایەکی

تـرەوە لـەناو چـەند پێدراوێکـی ڕەچەڵـەکی و ڕۆشـنبیری و مێژووییـدا دەڕی کـە تایبـەتن بـە وڵاتەکەیەوە . بەڵام لەو باوەڕەدانیم کە لە توانایدا بێت لـە ڕۆشـنبیری ڕۆژئـاوا ڕزگـار ببێـت یـا وازی لێبێنێـت . وە ناشـتوانێت کـە هۆشمەندیـەکی ئاشکرای بە ڕۆشنبیری تایبەتی خۆی هەبێت تـەنها بـە ڕەتکردنـەوەی دەسـکەوتەکانی ڕۆشـنبیریەتی ڕۆژئـاوا. لـە دیراسـە مارکسـیەکاندا پـەیم بـەوە بردەوە کە ئەم گەڕانەوەیە بۆ مەعریفەی ڕۆژئاوایی ڕەت دەکاتـەوە داوای جۆرێـک لـە گەڕانـەوە بـۆ بنەڕەتەکانی ڕۆشنبیری تایبەت دەکات . بەڵام ئەم داواکاریە لە ڕێگای ئـەو مارکسـیەتەوە دەڕوات کـە بۆخۆی دەسکەوتێکی ڕۆژئاواییـە . لـەو باوەڕەدام کە بە یەکگەیشتنێک هەیە ئێستا پێک دێت وە کـە بـیری ئەبسـتراکتی ڕۆژئـاوایی و فەلسـەفەو تیۆریـە ڕۆژئاواییـەکان بـەرەو گـۆڕان وە بـەرەو وەرگرتنـی بواری نوێ دەبات کە بە لەبەرچاوگرتن نـەدەچووە ناو گرنگی پێدانەکانیەوە . وە مـن بـە پێچەوانـەوە ئـەوە دەبینـم کـە لـە پرسـیارەکەتدا گریمانـەی دەکەیت کە جۆرێک لە دەوڵەمەندبوون هەیە بـیری ڕۆژئاوایی بەدەستی دێنێت لەوەوە کە ڕۆشـنبیریی ڕۆژهەڵات پێشکەشی دەکات .

پ/ وەک خوێنکـارێکی بیـانی لەسـەرەتای جێگیربوونت لە فەرەنسادا چۆن دەتوانی بژیت لـە پەیوەندیتدا بە زمانی فەرەنسییەوە وەک زمـانێکی بیانی بۆ لێکۆڵینەوە ؟ وە ئایا ئەمە بردیتی بـەرەو هـەڵبژاردنی شـێوازی نووسـینی ئـەکادیمی ؟ وە چـۆن دەتوانـیت نووسـینەکانی کۆتـاییت وەک هـەوڵێک بـۆ بەیەکگەیشتن لەگـەڵ ئـەم زمانـەدا دابنێین ؟ وە ڕۆڵی ئەزموونەکانت وەک شـیکارێکی دەرووندی لـە ئەزموونـە نوێیەکـەتدا لەگـەڵ زمـانی فەرەنسیدا چیە ؟

و/ بێگومـان ، نـامۆبوون لـە زمـان پـاڵ بـەو خوێنکارەوە دەنێت کـە دیراسـەی دەکات تـاوەکو زیاتر هەست بە بەرجەستەبوونی بکات ئەمـەش بـە دانانی وەک جەستەیەک بـۆ لێکۆڵینـەوەو بـۆ وانـە خوێنـدن . وە گرنگـترین ئـەو دیراسـانەی کـە دەربـارەی نووسـەرەکان کـراون وایـان لـە زمـان کردووە کە ببێتە مەبەستێک بۆ نووسینەکانیان بـۆ نموونە وەک (مالارمیە) کە خـەڵکێکی بیانی پێی هەڵساون . باشترە کە مـرۆڤ لـە پێگەیـەکدا نـامۆ بێت یا نامۆ بێ لە زمان تاوەکو بتوانـێ هەست بـە بەرجەستەیی تایبـەتی ئـەو زمانـە بکات .وە ئـەم نامۆبوونـەش لـە زمـان دەتوانرێـت بـە دوو مـەرج دەست بکەوێت : یا بە پێکهاتنێکی بـیری (زهنـی) تایبـەت کـە پـەیوەندی بـە (زهـان) ە وە هـەبێ ، وەیـا بـە هۆکـاری دەرەکـی ، کۆمەڵایـەتی ، وەک دووری وڵاتی یا نامۆبوون .

کەواتە بێگومان دۆخـی مـن وەک خوێنکارێکی بیانی زۆر یارمـەتی دام بـۆ هـەڵبژاردنی شـێوازێکی ئـەکادیمی بەسـەر بارکردنی ئـارەزووی سروشـتی خـۆم بـۆ ئەبسـتراکت کـردن . بـە تایبـەت ئێمـە وا دەڕوانینـە زمـانی ڕۆژئـاوایی _ بیـانی کـە جـۆرە وێناندنێکی ئەندازەیی یا ڕۆحی پەتیە ، جۆرێک لـە ئەفلاتۆنیەتی تەواو و زۆرتـر دوورخـراوە لـە واتـا و زۆرتر ڕوونکراوە وەک بونیادو وەک شێوە . وە لەو باوەڕەدام کە من توانیم بەرامبەر زمانی فەرەنسی ئەم ئەزموونە ئەنجام بدەم .

ڕەنگـە ئەمـە ڕاڤـەی سـیما ئەبسـتراکتیو تیۆریـەکانم بکـات بـۆ نووسـینەکانی یەکـەمجارم . بـەڵام ئـەزموونی شـیتەڵکاری ، کـە سـەبارەت بـە هەموو مرۆڤێک ئاڵوگۆڕ ناکرێت و کورت ناکرێتـەوە ، ناتوانم قسـە لەسـەر کاریگەرییـەتی بکـەم لـە ژیانمدا هەموو ئـەوەی دەتـوانم بیڵێـم ئەوەیـە کـە ڕەنگە ڕۆڵێ لـە فـێرکردنی زمـانی ئەبستراکتدا بـە خۆراکـی خـەیاڵ هـەبوبێ کـاتێ کـە ئەمـە بونیادنانـەوەو بردنـە نـاوەوەی هـەندێ شـتی وەستاوی دەڵالی سەرەتاییانە دەگێڕدرێتـەوە . وە کە هەندێ کات خویەکە پێشتر بە زمـانی دایکـەوە نووسـاوە (لەگـەڵ ئـەوەدا کـە مـن زوو قسـەم بـە فەرنسی کرد بەڵام زمانی منداڵـی گچکـە نـەبوو لـە ژیانمدا) وە لێرەوە دەتوانرێـت ڕاڤـەی ئاقارەکـەم بکرێت بەرەو زمانێکی زیاتر شاعیریانە ، واتا زیـاتر پـەیوەندیدار بەخەیاڵـەوە لـەدوا نووسـینەکانم و تازەترینیاندا .

پاریس

ژێـدەر : گۆڤـاری (دراسـات عربیـە) ژمـارە ٣ ساڵی ١٩٨٣

به‌لگه‌نامه

پێنج ژماره‌ی تازه
دۆزراوه‌ی گۆڤاری (کوردستان) ۱۹۱۹-۱۹۲۰

فەرهاد پیربال

گۆڤاری « کوردستان » ۱۹۱۹ - ۱۹۲۰ یەکێکە لەو گۆڤارە هەرە دانسقە و بایەخدارانەی کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ، لەگەڵ کاروانی « کوردە لاوەکان »دا لە تورکیا بڵاوکراوەتەوە . توسخەکانی ئەم گۆڤارە ، وەکو هەر بڵاوکراوەیەکی دیکەی ئەو سەردەمە ،کاتی خۆی کەوتونەتە بەر زەبروزەنگ و شالاوی پۆلیسە تورکەکانی ئەتاتورک، سەراپا لەخەڵکی قەدەغەکراون ، یانیش بوونەتە خۆراکی ئاگر، ئەمڕۆ چنگ خوێنەرانی کورد ناکەون . خۆشبەختانە لە کتێبخانەی زانە ڕۆژهەلاتیەکانی پاریسدا Bibliotheque Interuniversitaire des Langues Orientales کە بە کتێبخانەی « لانگزۆ » ناسراوە پێنج ژمارەی ئەو گۆڤارەمان دۆزییەوە .وا لێرەدا ناوەڕۆکەکەی ، وێڕای کورتە پێشەکییەک ، دەکەینە چەپکە گوڵێک و پێشکەش بە خوێنەران و تۆژەرانی کوردی دەکەین .

چەند وشەیەکی پێویست :

بەپێی ئاگاداریمان و دووای چاوخشاندنێکی خێرا بە سەرچاوەکاندا، بۆمان دەرکەوت کە کۆمەڵێک کورد ناسی فەرەنسی و هەروەها هەموو ئەو نووسەرە کوردانەی کە خۆیان بە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە خەریک کردوە، کەم یان زۆر، ڕاست یان چەوت ،"بەشی هەرە زۆریشیان بێ ئەوەی چاویان بە هیچ ژمارەیەکی گۆڤارەکەش کەوتبێ" باسی ئەم گۆڤارەیان کردوە . ئێمە لێرەدا بە کارێکی بێهوودەی دەزانین کە وەختی خوێنەران بە گێڕانەوەی بیرو بۆ چوونی ڕاست یان هەڵەی، جۆراو جۆری ئەو نووسەرانەوە داگیر بکەین. چونکە ڕاست کردنەوەی ئەو هەموو بیروڕا چەوت و چەوێڵ و بێ بەڵگانەی کە لە بارەی ئەم گۆڤارەوە خراونەتە ڕوو ، لەوانەیە پازدە لاپەڕەی پێشەکیەکی درێژمان پێ ڕەش بکەنەوە . بۆیە لێرەدا ئەوەی بە لە پێشتر و گرنگتری دەزانین :پێشچاو خستنی چەند زانیاری و تێبینیەکی بنەڕەتین، کە لەم بارەیەشەوە پشتمان بە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بەستووە :

یەکەم :گۆڤارەکە خۆی واتە ئەو ژمارانەی لە بەردەستی ئێمەدان .

دووەم :ئەو نوسەرانەی تاک و تۆک ژمارەکانی ئەم گۆڤارەیان لەلا هەیە یان دیویانە .

١- گۆڤاری (کوردستان) سەرنوسەرەکەی : محەمەد شەفیق ئەرواسی زادە . خاوەنی ئیمتیاز : محمد میهری ، هەفتەی جارێک بڵاو دەکرێتەوە - بەزمانی تورکی و کوردی و عەرەبی و فارسی .نوسخەی بە پێنج قرووشە .(ئەم زانیارانەی سەرەوە لەسەر بەرگی هەموو ژمارەکانی

٦/٥/٤/٣/٢ هـەروەها ژمارەکـانی ٨ و ٩ بـە رووننییەوە تۆمار کراون و دووپات دەبنەوە)(١).

ژمارەی یەکەمی ئـەم گۆڤارە بـە پێی بـۆ چوونـی د.کـەمال مەزهـەر - کـە گوایـە ژمـارەی یەکـەمی ئـەم گۆڤارەی دیـوە -لـە ڕۆژی ٢٨ ربیـع الاخـری ١٣٣٧، واتـە لـە ڕۆژی ١٩١٩/١/٣١ بڵاوبۆتـەوە (٢) . لـە بـارەی شـوێنی دەرچوونـی گۆڤارەکەشـەوە، ئـەوا تـەبای بەشـی هـەرە زۆری گۆڤار و بڵاوکراوەکانی دیکەی ئـەو کـات، هـەروەها بە پێی چەند زانیاری و ناوبردنی هـەندێ ئادرێسـی دیـاری کـراو ، بـەپێی پـڕۆ پاگـەندەو بابەتـەکانی دیکەی نـاو گۆڤارەکـە ، سـاغ دەبێتـەوە کـە ژمـارە ناوبراوەکـانی ئـەم گۆڤـارە لەشـاری ئەسـتەمبوڵ تورکیا بڵاوکراونەتەوە . لە لاپـەڕەی کۆتـاییی هـەر ژمارەیـەکی گۆڤارەکـەش دا نووسـراوە ، کـە لـە چاپخانـەی (نجـم استقبال) دا چـاپ کـراوە . بـە داخەوە جارێ تاکو ئێستا، بۆمان ساغ نەکراوەتەوە داخـوا ئـەم چاپخانەیـەی (نجـم اسـتقبال)ە هـی چ کەسێک و چ کۆمەڵێک بووە ! ؟(٣)

٢- لـە ژمـارە (٦) بـەولاوەی سـەربەرگی گۆڤارەکـەدا ، بـەتورکی نوسـراوە : گۆڤـارێکی سیاسـی ، کۆمەڵایـەتی ، ئـەدەبی ، زانسـتیە ... ئەمەش وا تێدەگەین - بەڕاستی پێناسەیەکی پڕ بە پێستی گۆڤارەکەیە . لەبارەی ئەوەشـەوە کـە ئـەم گۆڤارە بـە هـەمووی داخـوا چـەند ژمـارەی لێ بڵاو کراوەتـەوە، بیـڕۆڕای جیـاواز هەیـە: مامۆسـتا علاءالدین سجادی و کاک جـەمال خەزنـەدار لەسـەر ئەو باوەڕەن کە ئـەم گۆڤارە کە ئـەم گۆڤـارە (٣٧) ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە ، بەڵام بەبێ ئەوەی کـە خۆیـان تەنانـەت لاپـەڕەیەکیشـیان بـۆ بەڕاسـت نیشـاندانی ئـەم قسـەیەیان لەبـەر دەسـت بووبـێ . مامۆستا کەمال مەزهەریش ،دەڵـی :(دووا ژمـارەی کە من دیومە ژمارەی ١٩ ی ساڵی دووەمـی لەسـەر نوسراوە ، کە ڕۆژی ٧ی رەجـەبی ١٣٣٨(١٩٢٠) ی لەسەر نووسراوە).(٤).

٣- جێی سەرنجە کە د.مارف خەزنەداریش لـە سـاڵی ١٩٧٧ دوو ژمـارەی (٨) و(٩) ی ئـەم گۆڤارەی دۆزیبۆوە و هەمان ساڵ لە گۆڤـاری ڕۆژی کوردسـتان دا بـڵاوی کردبوونـەوە(٥). هـەروەها مامۆسـتا ''مـەحموود لـەوەندی'' ش، لـە کتێبـە بەنرخەکەی خۆیدا دوو ژمـارەی دیکـەی (٩)و(١٣) ی خستۆتە سـەر هـەموو ئـەم ژمارانـەوە، کـە لـەوە دەچێ ئەم دوو ژمارەیەشی دیبن یا هەیبن(٦).

سەرەنجام: بە پێی ئەو هەوڵ و کۆششـانەی کە تا ئێستا بۆ دۆزینەوەی ژمارەکانی ئـەم گۆڤـارە لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە دراون ، دەگەینە ئـەو ئەنجامەی کە ئەمڕۆ نزیکەی نیوەی ژمارەکانی ئـەم گۆڤارانـە لەبـەر دەسـتن و دۆزراونەتـەوە : هـەر ژمارەیـەک، دووژمارەیـەک، یـا کۆمەڵـە ژمارەیـەک لـەلای کەسـێک و لـە وڵاتێکـن . هیواداریـن لـە داهاتوودا هـەموو ئـەم ژمارانـە لـە یـەک بـەرگدا کـۆ بکرێنەوە و سەر لە نوێ لە چاپ بدرێنەوە . بۆ ئـەم مەبەستەش ، لەبارەی ئەم ژمارانەی کەلەلای ئێمەدا هـەن (ژمـارە ٦،٥،٤،٣،٢) هـەر ڕۆشـنبیرێک ، دەزگایەک، تۆژەرێک بیەوێ کاریـان لەسـەر بکـا یـا بیـەوێ لـە چاپیـان بداتـەوە، تکـا دەکـەین بـا بەئادرێسی گۆڤاری (هیـوا) پـەیوەندیمان پێـوە بکات ، بـۆ ئـەوەی بـە خۆشحاڵیەوە فۆتـۆ کۆپیـی هەموو ئەو ژمارانەی بۆ بنێرن (٧).

بایەخی ﴿ گۆڤاری کوردستان ﴾

دەشێ بایەخی هەرە لە پێشـەوەی گۆڤـاری کوردسـتان (١٩١٩-١٩٢٠) بایەخـە مێژوویـیەکـەی بێ. وەک دەرکەوتووە ئەم گۆڤارە ، یەکسـەر دوای کۆتـایی هـاتنی جـەنگی جیهـانیی یەکـەم بڵاوکراوەتـەوە .ئـەو سـەردەمەش (١٩١٩-١٩٢٣)، کەبەسەردەمی دابـەش کردنـی تـازەی کوردسـتان، بەسـەردەمی پلانـە گڵاوەکـانی دەوڵەتـە داگـیر کـەرەکانی کوردستان دەناسـرێتەوە . کوردسـتان -لـەو سـەردەمەدا - بـە ژیانێکی هـەژەندو پـڕ لـە کارەساتی جۆراو جۆری ئـەوتۆدا ڕەت دەبـوو ، کـە هەر هەفتەیەکی ژیانی ڕاپەڕینێک بوو، هەرمانگێکی ژیانی لاپەڕەیەکی درەوشـاوەی مێژوویـی تـازەبوو، گۆڕانکاریـیـەک بـوو، هـەنگاوێکی شـێرانە و سەرازایانەی تازە بـوو . هەمـوو ئـەم ڕوداوانـەش -لـەتورکیا ، عـێراق ، ئـێران ، سـووریە ، میسـر .. بەشـێوەیەکی وردو فـراوان ، ئاوێنـە ئاسـا لـەم گۆڤارەدا باس کراون و تۆمار کراون؛ هەر لە دەنگ و باسـی کۆمەڵـە ڕۆشـنبیری و سیاسـییە

کوردستانیەکانەوە بگرە- لە (ئەستەمبول) و (دیار بەکر) تا دەگاتە بارو دۆخە کۆمەلایەتی و شۆڕشخوازییەکەی خەڵکی کورد لە کوردستان دا هەروەها دەنگوباسی هەوڵ و تەقەلاکانی (شەریف پاشا) بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لە کۆنفرانسی ئاشتی، لە پاریس دا(٨).

بەم شێوەیە، گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠)، بە یەکێک بە گەورەترین ئەو دۆکیومەنت و بەڵگەنامە میژوویانە لە قەڵەم دەدرێ، کە میژوونووسی کورد بیەوێ لە ژیانی کۆمەلایەتی و میژوویی و سیاسیی ئەو قۆناغە گرنگەی گەلی کورد بکۆڵێتەوە.

یەکێک لە بایەخە گرنگەکانی دیکەی گۆڤاری کوردستان :بایەخە فیکری / ڕۆشنبیریەکەیەتی. تۆژەر، لەڕێگای خوێندنەوەی ناوەڕۆک و وتارە جۆراو جۆرەکانی ئەم گۆڤارەوە، بەئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە شێوازی بیر کردنەوەی سیاسەتمەدارانی کورد، ناوەڕۆکی بیری نەتەوە خوازی (ناسیۆنالستی)ی ڕووناکبیرانی کورد، یان وەک مارکسیستەکان پێیان خۆشە بڵێن(وردە بۆرژوای کورد)لەوسەردەمەدا چۆن بووە؟ چی بووە؟ ڕادەی خەملین و پێشکەوتنی، هەروەها پەیوەند بە جەماوەرو گەلەوە، بە خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە، لە چ ئاستێکدا بووە؟ ئەو توێژە ڕوناکبیرو نووسەرو سیاسەتمەدارە کوردەی ئەو سەردەم کێ بوون؟کۆمەڵە و ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و نیمچە سیاسیەکانیان ؟ سەر بەکام چینی کۆمەڵ و چ ڕێبازێکی فیکری بوونە؟ وەلامی دەیان پرسیاری دیکەی فیکری و سیاسی و کۆمەلایەتی و....هتد، تەنیا بە خوێندنەوەی وردبینانەی ئەم جۆرە دۆکیومەنت و گۆڤارانەی ئەو کات (لەوانەش : گۆڤاری کوردستان) ساغ دەکرێنەوە .چونکە ئەم هەواڵ و باس و خواستانە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە قۆناغی سەردەم و ڕووداوەکانی خۆیانەوە وێگە لەمەش بە قەڵەمی نووسەرو مننەوەر و سیاسیەکان خۆیانەوە نووسراون.


بایەخی زمانەوانی و ڕێنووس و زمانی ستانداری کوردی، کە لەنووسینە کوردیەکانی گۆڤارەکەدا بەرچاو دەکەوێ، دەشێ بۆ تۆژەری کورد، بە پلەی سێیەم دابنرێ. لێکۆڵینەوە لە ڕێنووس، زمانی ستاندار، زاراوە جۆراوجۆرەکانی لە نووسراوە کوردیەکاندا بە کارهاتوون؛ هەروەها بەراوردکردنیان لەگەڵ ڕێنووس و زمانی ستانداری کوردیی بڵاوکراوەکانی پێش سالانی (١٩١٩): سروشتی ژیانی زمانەکان و(قۆناغی پەرەسەندنەکەی) پیشان دەدا لە و سەردەمەدا ؛ هەروەها پەیوەندیی ئاستە جۆراو جۆرەکانی زمانەکەمان بەزمانی ستانداری گەلە دراوسێکانمانەوە.

جگە لەمانەش، لەم گۆڤارەدا -وەک لە بیبلۆگرافیاکەدا دەردەکەوێ - زیاتر لە(٦) وتار بە زمانی تورکی لەبارەی گیروگرفتەکانی زمانی نوسینی کوردی و لەبارەی دیالێکتە جۆراوجۆرە کوردیەکانەوە بڵاوکراونەتەوە ،کەبە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و بەراوردکاریی زۆر دانسقە دەژمێردرێن.

بایەخی ئەدەبیی گۆڤاری کوردستان(١٩١٩-١٩٢٠)،بۆ نموونە لەچاو بایەخی گۆڤاری ژین (١٩١٨-١٩١٩) دەشێ کەمتر بێ : نەک تەنیا لەبەر ئەوەی گۆڤاری کوردستان لەڕووی چەندێتییەوە بابەتی ئەدەبی کەمتر تێدایە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە ئەم گۆڤارە، بەشێوەیەکی بنچینەیی ، زیاتر پابەندی بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیک، بەتایبەتیش شیعری کلاسیک بووە. لە کاتێکدا کە گۆڤاری (ژین) بایەخێکی فراوان و تایبەتی و ئارەزوومەندانەی قوولی بە (داهێنانی تازە) ، بە ئەدەبیاتی تازە داوە؛ ویستوویەتی بەهرەو توانا تازەکان بتەقێنێتەوە، شێوازی ئەدەبیاتی تازەو ڕەگەزی ئەدەبیی تازە بێنێتە ئاراوە؛ ئەدەبیاتێکی تازە بگەشێنێتەوە .

ڕاستیەکەشی، گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠)، وەک خۆشیان لە ژمارە(٦) بەولاوە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە پێشانیان داوە، زیاتر گۆڤارێکی سیاسی ، ئیجتماعی ... بووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەش ، لێرەدا پێویستە پەنجەنومای هەندێ ڕاستی و دیاردەی ئەدەبیی گرنگ بکەین، کە لە گۆڤارەکەدا خۆیان دەنوێنن :

١- لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری کوردستان دا، بۆ یەکەمین جار لە میژووی ئەدەبیاتی کوردی دا ، پارچە شیعرێک بۆ منالان نووسراوە و لە



کوردستان

ژمارە(٦) ی لاپەڕە (٧٠-٧١)دا بڵاوکراوەتەوە .

هێندەی ئاگامان لێ بێ، لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانی پێش ئەم گۆڤارەدا ، بەرهەمی نووسراو بۆ منداڵان بڵاونەکراوەتەوە ، بۆیە دەکرێ ئەم پارچە وشیعرەی منداڵان ، کە بە قەڵەمی زینۆ ناوێکەوە نووسراوە ، بەیەکەم بەرهەمی نووسراو بۆ منداڵان لە قەڵەم بدرێ لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا .

ئەم پارچە شیعرە کەبەناونیشانی (دەلالیا زارۆکان) بڵاوکراوەتەوە ، بەشێوەو تەکنیکی تازە نووسراوە : لەسەر شێوەی (چوارپارەیی) لە چوار کۆپلەدا قافیەکانی هەر کۆپلەیەک سەربە خۆن، لە قافیەکانی کۆپلەی پێش خۆیان و پاش خۆیان ناچن ..جگە لەوەش بەزمانێکی کوردیی خۆش و پاراو نووسراوە . ئەم پارچە شیعرەی منداڵان ، زیرەکیی نووسەر و هۆشیاریی سەردەمەکەمان بۆ دەردەخا کە هەر لەو ساوە بایەخی بە منداڵ ، بە گۆشکردنی هۆشیارانەی نەوەی تازە داوە . بڕوانە (پەراوێزی ژمارە ٢٥) .

٢- وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی بێگانە :

هێندەی ئاگامان لێ بێ : یەکەمین بەرهەمی نوسراوی بێگانە کە تەرجەمەی سەر زمانی کوردی کرابێت و لە ڕۆژنامان دا بڵاوبووبێتەوە: دوو هەوڵدانی (خ.مۆدانی) یە، کە لە گۆڤاری ڕۆژی کورد (١٩١٣) بڵاوکراونەتەوە ؛ یەکەمیان شیعرێکی تورکیی شاعیری تورک(محمد عاکف)، دووەمیشان وتارێکی (محمد عبدە) یە، لە ژمارە(٢)و(٣) ی گۆڤارەکەدا بڵاوکراونەتەوە وبەیەکەمین دوو تێکستی تەرجەمەکراو لە زمانێکی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی لە قەڵەم دەدرێن (٩) بەڵام وەرگێڕان لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانێکی بێگانە - لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، لە گۆڤاری کوردستان دا (١٩١٩-١٩٢٠) بە شێوەیەکی زۆر خەست و دیارو فراوان وەدیار دەکەوێ . ئەم شەپۆلەش لە سەرەتادا لە ڕێگای گۆڤاری ژینەوە دەستی پێ کرد .

محەمەد میهری، بەڕێوەبەر و خاوەنی گۆڤاری (کوردستان) خۆی، دەکرێ بە یەکەمین وەرگێڕی کورد لە قەڵەم بدرێ، کە لە گۆڤاری کوردستان دا هەوڵی داوە بۆ یەکەمین جار نموونەکانی شیعری کلاسیکی کوردی تەرجەمە بکاتە سەر زمانی تورکی و بڵاویان بکاتەوە (١٠). دووای ئەمیش، شاعیری نوێخوازی (مستەفا شەوقی) هەندێ لە شیعرەکانی خۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی و لە ژمارە (٥) و(٦) ی گۆڤارەکەدا بڵاوی کردونەتەوە .

بەم شێوەیە دەبینین کە تەرجەمە کردنی ئەدەبیاتی کوردی (بەتایبەتی شیعری کلاسیکیی کوردی) بۆ سەر زمانی تورکی، ڕووبەرێکی فراوانی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری کوردستان دا داگیر کردوە. ئەمەش بە مەبەستی ئەوە کراوە کە ناسنامەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و نەتەوەییمان، لای خوێنەران و ڕووناکبیرانی تورک و غەیرە تورک، ئاشکرا ببێت و بسەلمێ .

لەڕووی کاری ڕۆژنامە گەری و تەکنیکی ڕۆژنامەگەریشەوە ،پێشچاوخستنی ئەم دوو خاڵە بە گرنگ دەزانین :

٣- گۆڤاری کوردستان، وێرای ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)، یەکەمین گۆڤاری کوردییە کە تەکنیکی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیی بڵاو کردۆتەوە (١١). لە ژمارە(٨)ی گۆڤاری

کوردستان دا ، لـه ڕۆژی ٢٨ی مـانگی شـەعبانی ١٣٣٧ (١٩١٩)، چاوپێکـەتنێکی ڕۆژنامەنووسـی ، لەگەڵ سیاسەتمەدار (مستەر ئارتوور پوتورد) ساز کراوە و لە لاپەڕەی یەکەم دا بڵاو کراوەتـەوە (١٢) .

٤- گۆڤـاری (کوردسـتان) وێـڕای ژیـن (١٩١٨-١٩١٩) ، یەکێکـە لـە یەکـەمین ئـەو گۆڤارانـەی کـە ڕۆڕاگـاندە و هەڵسـەنگاندن وپێشکەشکردنی کتێب و بڵاوکراوە کوردیەکانی ئەو سەردەمەی ، لەسەر لاپەڕەکانی خۆی دا و هەروەها لەسەر بەرگی دواوەی گۆڤارەکەدا بڵاو کردبێتـەوە . ئـەم دیاردەیـە ، هەڵبەتـە یارمـەتیمان دەدا کـە شـارەزاییەکی زیـاتر و فراوانـتر لـە بـارەی بڵاوکراوەکـانی ئـەو سـەردەم و هـەروەها لـەبارەی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی ئەوکات پەیدا بکەین .

جگە لە ڕۆڕاگەندە و لە سەرنووسـینی ئـەو کتێبانـەی کـە لـە بیبلۆگرافیاکـەدا پیشـانمان داون، گۆڤـاری (کوردسـتان) لەسـەر بـەرگی دواوەی گۆڤارەکەدا، زۆر بەکورتی ڕۆڕاگەندەی بۆ هـەندێ بڵاوکراوەی تریش کردووە ، لەوانە :

١- عەقیدا مەلا خەلیلی سیرەتی: منظـوم علم حال وعلم اخلاق .

ئـەم کتێبـە بـە پـێی بـەرواری دەرچونـی گۆڤاری (کوردستان) پێویسـتە لـە سـاڵی (١٩١٩) دا ،یاهـەر لـە سـاڵی (١٩١٩) دا دەرچووبێـت . مامۆستا (نـەریمان) دەڵـێ کـە ئـەم کتێبـە (نهـج الانـام) (١٣) چـەند باسێکی ئایینییـە بـە شـیعر داڕێـژراوە . بـەزاراوەی کرمـانجی ژوورو لـە ٢٣ لاپـەڕەدا، لەسـاڵی ١٩١٨ لـە ئەسـتەمبوڵ، لـە چاپخانەی ئەوقافی ئیسلامیەدا چاپ کراوە (١٤) .

٢- عقیدا ملا احمدی خانی:

منظوم علم حال وعلم اخلاق.

بـەپێی ئاگـاداریی مامۆسـتا نـەریمان، ئـەم کتێبە، بە ناونیشـانی .(عقیـدە الایمـان) نوسـراوی (احمەدی خـانی) ، بەشـیعر ڕێـک خـراوە، لـە (٦) لاپـەڕەدا، لە ئەستەمبول، لە چاپ خانەی (ئـەوقافی ئیسلامیە) دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە (١٥).

٣- عقیـدا کـوردان . عبدالرحیـم افنـدی :منظوم علم حال وعلم اخلاق.

مامۆستا نەریمان لە کتێبی بیبلۆ گرافیاکەی دا ، باسـی ئـەم کتێبـەی نـەکردووە . بـەڵام ئەگـەر سـەیرێکی بـەرگی دواوەی ژمـارە (٨) ی گۆڤـاری (ژین) بکـەین، بەئاسـانی بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ئـەم کتێبـە نوسـراوی شـاعیرو نوسـەری نوێخـواز (عـەبدولڕەحیم ڕەحمـی هـەکاری) یـە (١٦). لـە بـەرگی دواوەی ژمـارە(٨) ی گۆڤـاری (ژیـن) دا ، بـەزمانی تورکـی، باسـی نـاوەڕۆکی ئـەم کتێبـە بەدرێژی کراوە.

٤- مقدمـە العرافـان، م.م (محمـد میهـری)، بەتورکی نوسراوە پەیامێکە، مەبەستی : یەکگرتنی زمانی ئەدەبیی کوردییە .

هێنـدەی ئاگـام لێ بـێ: جـارێ هیـچ کەسـێک ئـەم کتێبەی نەدۆزیوەتەوە. بەڵام هەندێ سەرچاوە هەن کە بەدرێژی باسی ئەم کتێبـەیان کـردووە، لەوانـە : گۆڤـاری ژیـن (١٩١٨-١٩١٩) ژمـارە(٨) بـەرگی دواوەی ، هـەروەها گۆڤـاری کوردسـتان(١٩١٩-١٩٢٠) ژمارە(٢) و(٤).

چەند سەرنجێکی دیکەی گشتی لەبارەی ڕۆڵی گۆڤاری (کوردستان):

١- وەک لەسەرەوەشدا پەنجەنومامان کرد : گۆڤـاری کوردسـتان (١٩١٩-١٩٢٠) لـە پـاڵ بڵاوکراوەکانی دیکەی ئـەو سـەردەمە، یەکێکـە لـەو گۆڤـارە کوردیانـەی کـە بەشـێوەیەکی زۆر قـوڵ و فـراوان ، بیـری نەتـەوەباوەڕی (ناسیۆنالیسـت)ی کوردییان تێدا خراوەتە ڕوو . ڕاستییەکەشـی ، ئـەم بیرە نەتـەوەباوەڕی (ناسیۆنالیسـتی) یـە ، لـەو قۆناغی پێگەیشتن و فراژووبوونە خۆی دا بزوێنەری هەرە بنچینـەیی و هـەرە لـە پێشـەوەی بزووتنـەوە ئـەدەبی و ڕۆژنامەگەریەکـە بـووە. ئەگـەر سـەرهەڵدانی نەشـونما کردنـی ئـەو بـیرە ناسیۆنالیستییە نەبوایە، ئەگەر خەملانی ئەو توێژە ڕووناکبیرە(منـەوەر) نەبوایـە، ئـەوا بزووتنـەوە ڕۆژنامەگەریەکـەش و چـوزەرەی تـازە بوونـەوە ئەدەبیەکەشمان لە دایـک نـەدەبوون، یـا بـەڵای کەمەوە گەلێک درەنگتر لەوەی کە بوو دەکەوتنەوە

یەکێک لـە نیشانەو بەڵگەکان بـۆ بـەڕەوا نیشاندانی ئەم قسەیەی سـەرەوەمان ئەوەیـە کەلـە گۆڤـاری (کوردسـتان) دا (هـەروەها لـە هـەموو


گۆڤارەکانی دیکەی ئەم سەردەمەدا) دەبینین، نەک هەر تەنیا وتار و لێکۆڵینەوەکان ناوەڕۆکێکی ناسیۆنالست و کوردانەیان هەیە، بەڵکو تەنانەت هەموو مادەو نوسراوە ئەدەبیەکانیش، بۆ نموونە بڕوانە شیعرەکانی (مستەفا شەوقی: ژمارە ٥ لاپەڕە٥٦ ؛ ژمارە ٦ لاپەڕەی ٦٩؛ ژمارە ٩ لاپەڕەی ١١٥) هەروەها شیعرەکانی دیکەی ژمارە (٦) و (٩) ، تەنانەت هەموو ئەو شیعرانەش کە بە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی نووسراون (ژمارە٢،٤،٦....هتد) .

سەرتاسەری شیعرو بەرهەمە ئەدەبی و زمانەوانیە بڵاوکراوەکانی ناو گۆڤاری کوردستان (١٩١٩-١٩٢٠) لەسەر چاوەی بیرێکی ناسیۆنالیستانەی ڕاچڵەکیوی سازگارەوە ئاویان خواردۆتەوە . شیعر ، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی(ئەدەبیات) لەم گۆڤارەداو لەو سەردەمەدا، بە پلەی یەکەم و لەپێشەوەی هەموو شتێکی دیکەوە ، پابەند بووە بەبیری نەتەوە خوازی و سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەییمان . شیعرو ئەدەبیات ، بە ئیلهامی ، هەروەها لە پێناوی ئەو بیرە نەتەوەییەدا نووسراون (١٧) .

گۆڤاری (کوردستان) وەکو هەر گۆڤارو ڕۆژنامەیەکی دیکەی ئەو سەردەمەی ڕاپەڕینی کورد ، گرنگیی یەکەمی ، بە پلەی یەکەم لەوەدایە کە بزووتنەوە نەتەوەییەکەی ئەو سەردەمەی کوردستانی ، لەئاستی سەرزارەکییەوە ، لە ئاستی کارەسات و ڕاپەڕینە ڕۆژانەکانەوە گەیاندۆتە ئاستی نووسین ، ئاستی بیر کردنەوە، ئاستی هوشیاری و ئایدیۆلۆژیا : ئاستێک کە ئیتر مێژوو نوسەکان ئەم بزووتنەوە ڕۆژنامە نوسییە ، ئەم نووسینانە ، بکەنە بەڵگەیەک (سەنەدێک) ، نیشانەیەک.

٢- خاسیەتێکی دیکەی ئەم بزووتنەوە نەتەوەخوازییەی کە بەشێوەی نووسین و وتاری جۆراو جۆر لە گۆڤاری (کوردستان) دا بڵاو بۆتەوە: جیاوازیی بیری سیاسی و فرەیی بیر و بۆچوونەکانە .

دژایەتی و ناکۆکی بیرو ڕاکان ، دەمە قاڵێ و گفتوگۆ کردن ، ڕەخنەگرتن ، وەڵام دانەوە لە سەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (کوردستان) دا تا بڵێی گەرم و تۆندو تیژ بووە ؛ بۆ نموونە لە ژمارە (٣) ،



لاپەڕەی ٣٠-٣٢ ، لاپەڕەی ٢٨ -١٩ گفتوگۆو دەمە قاڵەیەکی زۆر تۆندو تیژ لەنێوان دوو ئایدیۆلۆژیای جیاوازدا لە بارەی مەسەلەی (سەربەخۆیی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە : بیری چارەسەرخوازی (ڕیفۆرمیسم) لە هەمبەر بیری گۆڕانخوازی شۆڕشگێڕانە .

لەلایەکی دیکەشەوە دەبینین ، لەهەمان کاتدا ، بیری (پان ئیسلامی) و ڕێبازە دینیەکانیش، ڕووبەڕێکی فراوانیان لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا داگیر کردووە.

ئەم دیاردەیە ، لەلایەک دیموکراسی بوونی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەو ڕێبازەکەیان نیشان دەدا، لە لایەکی دیکەشەوە جیاوازی ئەو زەمینە (چینایەتی) یا (ئایدیۆلۆژی)یەی کە تۆیژی ڕووناکبیرانی کورد لە و سەردەمەدا، هەناسەیان تێدا هەڵمشتوە.

٣- وەک لە ڕێگای خوێندنەوەی گۆڤارەکە خۆیەوە بۆمان دەردەکەوێ : لە سەدا شەست و پێنجی نووسراوەکانی گۆڤارەکە بەزمانی(تورکی) نووسراون ئەوانی تریش بەزمانەکانی کوردی ، عەرەبی ، ئینجا فارسی .

ئەم دیاردەی زۆرتر بەتورکی نووسینە، ئەوەمان نیشان دەدا ڕۆشنبیرە کوردەکانی ئەو

سەردەمە، یا ڕاستتر ئەوانەی کە لە گۆڤاری (کوردستان) دا نووسیویانە ، سەرەڕای تواناو بەهرەو بیری کوردانەیان ، سەرەڕای تێکۆشان و ئیلتزامی دڵسۆزانەیان بۆ نەتەوەکەیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین هێشتا هەر پابەندی ڕۆشنبیری و زمان و کولتووری میللەتەکانی دراوسێن ، بەتایبەتی تورک : زەمینەکەیان هێشتا هەر زەمینەیەکی

(عوسمانلی) یا زەمینەیەکی کلاسیکییە ؛ نەیانتوانیووە خۆیان بەتەواوی و بەشێوەیەکی دابڕ لە داب و نەریتە کلاسیک و عوسمانیەکان جیا بکەنەوە، بۆ نموونە ، بەڵای کەمەوە ، بتوانن کە وا سوود لەو زمانە کوردییە ئەدەبییەی پێش خۆیان(١٨٩٨-١٩١٨) وەربگرن و پەرەی پێ بدەن، ناوەڕۆکی ڕاپەڕین و بزووتنەوە ڕووناکبیری و نەتەوەییەکە لە ئاستێکی زمانەوانیی پێشکەوتووتر و فراوانتر (لەوەی کە هەیە) عەکس بکەنەوە . ئەمەش دیاردەیەکە ، نەک تەنیا گۆڤاری (کوردستان) بەڵکو گۆڤاری (ژین) وگەلێ گۆڤاری دیکەی ئەو سەردەمە دەگرێتەوە . دەبینین خاوەنی گۆڤارەکە ،محمد میهری (خۆی) ، کەیەکێکە لە چالاکترین ڕوناکبیرە دڵسۆزو شارەزاترین زمانەوانەکان ، کەچی لە سەدا نەوەتی وتارەکانی خۆی بە زمانی تورکی نووسیون(١٨) .

کەواتە ئەگەر تازە کردنەوەی زمانی نوسین ، بەمەرجێکی بنچینەیی دابنرێ لە هەر ڕاپەڕینێکی فەر هەنگی دا ، ئەوا دەبێ بڵێین کە گۆڤاری (کوردستان) - کەتەنیا لە سەدا پازدەی بابەتەکانی بە زمانی کوردی نووسراون - بینینێکی یەک لایەنەی هەبووە بۆ ئەو شۆڕشە فەرهەنگییەی کە ویستوویەتی بەرپای بکات (١٩) .

بە پێی ئەو پێنج ژمارەیەی کە لەلای ئێمەدان (ژمارە ٢،٣،٤،٥،٦) خشتەی بەکارهێنانی زمانەکان بەم شێوەیەن :(٣٧) بابەت بەزمانی تورکی، (٩) بابەت بە زمانی کوردی ، (٤) بەزمانی عەرەبی ، (٣) بابەت بەزمانی فارسی .

لەبارەی نووسەرە هەرە چالاک و فرە بەرهەمەکانی کە نووسراوی خۆیان لە گۆڤاری (کوردستان) دا بڵاو کردۆتەوە - بە پێی ژمارەکانی (٢،٣،٤،٥،٦،٨،٩) - ئەمانەن :

١- محمد میهری، کە بەشێوەیەکی زۆر بە برشت و چالاکانە وتارو بەرهەمی تێدا بڵاوکردۆتەوە: زیاتر لە (٢٠) وتارو بابەت .

٢- ا.ع.بەرزنجی زادە (عبد الواحد برزنجی زادە) یان بە نازناوی (لاوێ دەلال) : زیاتر لە (٤) ماددەی بڵاوکردۆتەوە .

٣- ئەحمەد وەهبی خەرپوتلی : زیاتر لە (٣) ماددە .

هەروەها (محمەد شەفیق ئەرواسی زادە) ،(ئەحمد عارف)، (سالح بەدرخان)، (کەمال فەوزی خێزانی زادە)... لە شاعیرانیش : (مستەفا شەوقی)، کە لە هەموو (شاعیرەکان) زیاتر ، بەرهەمی خۆی بە زمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە.

خاوەنی ڕۆژنامەکە : (محمد میهری)

ئەگەر چاوێک بەبزووتنەوە ڕۆژنامەنووسیەکەی سەرەتای ئەم سەدەیەدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆڵی (محمد میهری) لە بزووتنەوە ڕۆشنبیریەکەی ئەو سەردەمەدا، ئەگەر هاوشانی ڕۆڵی ڕووناکبیرانی وەکو (عەبدوڵلا جەودەت) و(عەبدولرەحمان بەدرخان) و(عەبدولکریم سلێمانیەیی) و ... ئەوانی تر نەبێ، ئەوا کەمتر نیە .

محمد میهری . جگە لەوەی خاوەن و بەرپرسیاری گۆڤاری (کوردستان) بووە و بە ناوی خۆی و بە نازناوی (کاکە حەمە) و (م.م) بەزمانەکانی تورکی ، کوردی، فارسی ، عەرەبی وتاری بڵاو کردۆتەوە ، لەهەمان کاتدا نووسەرێکی زۆر چالاکیش بووە لە گۆڤاری ژین دا . جگە لەوەش لە هەموو ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوە ڕۆشنبیری، نیمچە سیاسیانەدا ئەندام بووە : کۆمەڵەی هێڤی (١٩١٣) ، کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان، کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی (٢٠) . چالاکانە خەباتی کردووە . لەبواری پەرە پێ سەندن و بوژاندنەوەی زمانی ستانداری کوردیشدا، وەک لە سەرەوەشدا باسمان کرد : دووکتێبی نووسیوەو بڵاوی کردونەتەوە، یەکەمیان (مقدمه العرفان) ، دووەمیان (اساس) (٢١) .

محمد میهری(١٨٨٩-١٩ی نیسانی١٩٥٧)، لە گوندی (دشە)ی سەربە ناوچەی جوانڕۆ، لە

کوردستانی ئێراندا لە دایک بووە . لە هەڕەتی گەنجیدا ڕوو دەکاتە شاری قارس ، ئینجا (ئەرزەڕۆم) ، لە وێوەش لەساڵی ١٩١٢ دەچێتە ئەستەمبوڵ ، تێکەڵ بە ڕووناکبیرو شۆڕشگێڕە کوردەکانی ئەوێ دەبێ. ئاشنایەتیەکی تایبەتی و پتەو لەگەڵ(ئیسماعیل حەقی بابان) پەیدا دەکا کە لەو دەمەدا وەزیری (مەعاریف) بوو ، هەر بەیارمەتیی ئەویش ، وەکو پیرەمێردی شاعیر لە کۆلێژی(حقوق) دەخوێنێ و لە کۆتاییدا دیپلۆم وەردەگرێ و دەبێتە(پارێزەر) (٢٢) .

مامۆستا (نەجمە دین مەلا) لە بارەی ئەو ڕووناکبیرەوە دەڵێ : هەمیشە بیرو هۆشی لای نیشتمان و نەتەوەکەی بوو ، ئاواتی سەربەرزی و ئازادی کوردستان بوو.(٢٣).

بە پێی هەندێ سەرچاوە هەمان ئەم محەمەد میهرییە ، تا ساڵانی پەنجاکانیش لە نووسین و چالاکی نەکەوتووە : چەندین وتاری بایەخداری لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردییەوە لە گۆڤاری (هەتاو) ی هەولێردا بڵاوکردۆتەوە (٢٤) .

خۆی ڕۆیشت، بەیەکجاری دنیای بەجێ هێشت، بەڵام کۆمەڵێک بەرهەم و یادگاری جوانی لە دوای خۆیەوە بۆمان بەجێ هێشت لە وانە: گۆڤاری(کوردستان) ١٩١٩-١٩٢٠ ، کەبووە سمبوولێک ، نیشانەیەک ... لەڕەوتی تازە بوونەوەی فەرهەنگیی نەتەوەکەماندا.

دەی -وەک پێویستە با بەچاوێکی پڕ لە ڕێزەوە ، لاپەڕەکانی (کوردستان) ، کوردستانی بریندارو ڕاچەنیوی ئەو سەردەمە هەڵبدەینەوە...

ژمارە(٢): ٩ ی شوباتی ١٩١٩/١٣٣٥

١- موجودیت حازرەمز،بەزمانی تورکی ، نووسینی(محمد میهری)، دوو لاپەڕەو نیو، لە شێوەی سەروتاردایە ،باسی بارودۆخی (ئێستای) میللەتی کوردو کوردستان دەکات، بەتایبەتی لە ئێران و تورکیادا . وتارەکە تەوا نەبووە .


٢- تانکرید طفل...بەزمانی تورکی ، نوسینی (عبدالواحد)، لاپەڕەیەک و نیو ، وتارێکە باسی گیرو گرفتەکانی تاکە کەسی مرۆڤی کورد دەکا ، هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکانی دراوسێو ئەوروپا لە ئاست میللەتی کورد .

٣- انباء الوطن، بەزمانی عەرەبی ، نووسینی (سید محمد بن الشیخ سید عبدالقادر) ،ل ١٦-١٧ ، باسی ئەو ئەنجوومەنە دەکا کە لەفەرەنسا پێک هاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی میللەتی کورد و مافە مرۆڤایەتیەکانی گەلی کورد، هەوڵ و تەقەلای شەریف پاشا ؛ داوا کردن بۆ یەک گرتنی هێزە کوردیەکان .

٤- تحیة المحبة و الوداد، بەزمانی عەرەبی، نووسینی (محمد) ، ل ١٧-١٨، شیعرێکی ستوونییە، بیری کوردستانێتیی تێدا بەیان کراوە .

٥- وەظیفا مە چیە ؟ بەزمانی کوردی، د.کرمانجی، نووسینی (ئەرواسی زادە محمد شفیق). ل١٨-١٩ ، وتارێکە باسی بارودۆخی گەلی کورد دەکا، ئەرکە ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکانی مرۆڤی کورد لەو قۆناغەدا دیاری دەکا: چۆنیەتیی وەدەست هێنانی ئازادی و سەر فرازی کوردستان.

٦- ادبیات کردیەدن بعض نمونەلر، نووسینی (م.م) ل ١٩-٢١،بریتیە لە سێ پارچە شیعری (مستەفا بەگی کوردی) و (جزیری) و (نالی) بە زمانی کوردی ، وێڕای دێڕبەدێڕ تەرجەمەی تێکستەکان بە زمانی تورکی (عوسمانی) .


پرنجی سنه ٩ کانون ثانی ١٣٣٥ عدد ٢

کردستان

سالیانه ٤٠٠ قران ... ١٢٠
٦ ماهه ٢٠٠ قران ... ٧٠
ایالت ... ٤٠ مرونتاد

مقاله در باره نشر اولور

مقدار مبلغ

٧- اساس ، (كورد) لسانه عائد قواعد صرفيه . مولفی (م.م) ، ل٢١-٢٢ ، وتاريكه به زمانی تورکی نوسراوه ، له باره‌ی رێزمان و زمانی كوردی . واتيده‌گه‌م پێشچاوخستنی كتێبه‌كه كه له‌و كاته‌دا له‌باره‌ی رێزمان و زمانی كورديه‌وه ، له نوسينی (م.م) بڵاوكراوه‌ته‌وه . وتاره‌كه ته‌واو نه‌بووه .

٨- عرفان ، نووسينی (م.م) ، ل٢٢-٢٣ وتاريكه به زمانی تورکی، له‌باره‌ی (فه‌رهه‌نگێكی كوردی - تورکی- عه‌ره‌بی-فارسی- فه‌ره‌نسی) به‌ناوی (عرفان) له نووسينی(م.م) له‌و ساڵه‌دا بڵاو كراوه‌ته‌وه . هه‌روه‌ها باسی دياليكتيكه جۆراو جۆره كورديه‌كان ده‌كاو به‌يه‌كتريان ده‌گرێ . وتاره‌كه ته‌واو نه‌بووه .

٩- كردستانه بر سياحت ، نووسينی (احمد وهبی خربوطلی)، وتاريكه به زمانی تورکی، باسی جوانی‌و جوگرافيای كوردستان ده‌كا. ته‌واو نه‌بووه.

ژماره (٣) : ٢٥ی شوباتی ١٩١٩/١٣٣٥

١- مزايا و استعداد فطريمز ، به‌زمانی تورکی ، نووسينی (محمد ميهری) ، ل ٢٥-٢٨ پاشماوه‌ی وتاره دريژه‌كه‌ی ژماره‌ی پێشووه؛ باسی مێژووی رۆشنبيری و ئه‌ده‌بی و ناودارانی كورد ده‌كا، گرێی ده‌داته‌وه به خاسيه‌ت و به‌هره‌و توانا (هاوچه‌رخه‌كانی) ميلله‌تی كورد له‌و قۆناغه‌دا .

٢- كردستان مجموعه‌سی مناسبتيله، به‌زمانی تورکی ، نووسينی (كمال فوزی خێزانی زاده) ،ل ٢٨-٢٩ ، وتاريكی سياسی كورد په‌روه‌رانه‌يه، وه‌ڵامێكی ئايديۆلۆژيی ڕه‌خنه گرانه‌يه بۆ وتاريك كه له گۆڤاری (ژين) دا بڵاو بۆته‌وه .

٣- كردستانه بر سياحت ، به‌زمانی تورکی ، نووسينی (احمد وهبی خرپوطلی)، پاشماوه‌ی وتاريكی ژماره‌ی ڕابردووه ،ل ٢٩ .

٤- ايلری (اتی) غزته‌سنه، به‌زمانی تورکی نووسينی (عزت ميليح) ، ل.٣٠،٣٢، وتاريكی ڕه‌خنه‌گرانه‌يه له باره‌ی ناوه‌رۆكی گۆڤاری مانگانه‌ی (اتی) كه له (١٦ شباط ١٣٣٥) له ئه‌سته‌مبول بڵاوكراوه‌ته‌و تێيدا (له چه‌ند وتاريكی خۆياندا) به خراپه باسی گه‌لی كوردو بزووتنه‌وه‌ی سياسيی گه‌لی كورديان كردووه . نووسه‌ر به‌ر به‌رچی بيرو بۆچوون و وتاره شۆڤێنيه‌كانی ئه‌و گۆڤاره تورکييه ده‌داته‌وه به شيعرێكی (نالی) كۆتايی به وتاره‌كه‌ی هێناوه .

ژماره (٤) : ١٥ مارتی ١٩١٩/١٣٣٥

١- تبريك ، به‌زمانی تورکی . له‌لايه‌ن گۆڤاره‌كه‌وه، ل٣٤. پيرۆزبايينامه‌يه‌كه بۆ كۆمه‌ڵه‌ی (كوردستان تعالی جمعيتی) و ئه‌ندامه‌كانيان . ته‌بايی و هاوكاری و هاو خه‌باتی گۆڤاری (كوردستان) پيشان ده‌دا له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵه‌ی (كوردستان ته‌عالی جه‌معيه‌تی) .

٢- كردستان و كردلر (١)، به‌زمانی تورکی، نووسينی(سيد احمد عارف برزنجی زاده) ، ل ٢٣-٣٤، لێكۆڵينه‌وه‌يه‌كی مێژوييه له‌باره‌ی ڕه‌چه‌ڵه‌ك و بنه‌چه‌ی نه‌ته‌وه‌يی كوردو وڵاتی كوردان. وتاره‌كه ته‌واو نه‌بووه .

٣- كردلر و كردستان ، به‌زمانی تورکی، نووسينی (عبدالواحد)،ل ٣٥-٣٦ . وتاريكی مێژووييه له باره‌ی گه‌لی كوردو وڵاتی كورد.

٤- بيدادی ، شيعرێكی ستوونييه، به‌زمانی فارسی، نووسينی (ع.ق) ،ل٣٦، شيعره‌كه بانگێكی نه‌ته‌وه‌ييه بۆ ڕاپه‌ڕينی كوردان و داوا كردنی مافه نه‌ته‌وه‌ييه‌كانيان. له‌وه ده‌چێ ئه‌م شيعره هی (عه‌بدوڵڵا جه‌ودەت) بێ . شيعره‌كه ته‌واو نه‌بووه.

٥- عرض شكران، به‌زمانی فارسی ، نووسينی (محمد ميهری)، ل٣٦-٣٧ . نرخاندنێكی شيعری(بيدادی) يه ، كه‌ده‌ڵی (ازطرف دی شرف يك سروری معظم و سيدی مبجل و مكرم ارسال شده اند). ئه‌و كه‌سه‌ش هه‌رده‌بێ(عه‌بدوڵڵا جه‌ودەت) بێ كه‌له‌و سه‌رده‌مه شيعری ڕۆمانسيانه‌و نه‌ته‌وه‌ييانه‌ی به زمانی تورکی و فه‌ره‌نسی و فارسی ده‌نووسی و بڵاوی ده‌كرنه‌وه .

٦- ادبيات كرديه‌دن بعض نمونه‌لر، نووسينی (محمد ميهری) ، ل٣٧-٣٨ ، دووپارچه شيعری (مسته‌فا به‌گی كوردی) و (مه‌لا ئه‌حمه‌دی جزيری)، وێڕای دێڕ به دێڕ ته‌رجه‌مه كردنی تێكسته‌كان بۆ سه‌ر زمانی تورکی .

٧- وه‌ظيفا مه چيه؟ نووسينی (محمد

شەفیق ئەرواسی زادە) بەزمانی کوردی / دیالێکتی کرمانجی ، ل ٣٨-٤٠ ، لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی ئەرکە نەتەوەییەکانی ڕووناکبیرانی کورد لەو قۆناغەدا - لە گۆشە نیگایەکی (یان پان ئیسلامی) یەوە .

٨- ایقاظ النائم و تهییج القائم، بەزمانی عەرەبی ، نووسینی (محمد میهری)، ل ٤٠-٤١ ، وتارێکە باسی ڕۆڵ و بایەخی کۆمەڵەی کوردستان تەعالی دەکا ، داوا لە ڕۆڵەکانی کوردو ڕووناکبیرانی کورد دەکا کە هاوکارو هاوخەباتی ئەوکۆمەڵەیە بن .

٩- تحیة المحبة والوداد علی اطلال وجبال اکراد ، شیعر بەزمانی عەرەبی، نووسینی (میهری)، ل٤١-٤٢ . پارچە شیعرێکی ستوونی کورد پەروەرانەیە، تەواو نەبووە

١٠- اساس ، کورجە صرف و نحو، مولفی : م.م ل٤٢ پاشماوەی وتارێکی ژمارە دووی گۆڤارەکەیە. بڕوانە ژمارە(٢) ، ماددەی (٧)

١١- کردستان سیاحتنک ، بەزمانی تورکی، نووسینی (احمد وهبی خرپوطلی) ، ل٤٢-٤٣ پاشماوەی وتارێکی ژمارەی ڕابردوو .

١٢- عرفان، کوردجە لغت ، بەزمانی تورکی مولفی : م.م .ل٤٣-٤٤ . پاشماوەی وتارێکی ژمارە دووی گۆڤارەکەیە . بڕوانە ژمارە دوو ، ماددەی (٨).

١٣- لەگەڵ سوپاسنامەو پڕوپاگەندەیەک ، بەزمانی تورکی، ل٤٤ .

ژمارە(٥) : ٣ی نیسانی ١٣٣٥/١٩١٩

١- داخلیە ناظری جمال بک افندی حضرتلرینە، آچیق مکتوف، نووسینی(محمد)، بەزمانی تورکی ، ل ٤٥/٤٧، چەند داواکاری و پێشنیهادێکە لە بارەی مافە ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکانی گەلی کورد.

٢- تلغراف ، بە زمانی تورکی ، لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی گۆڤاری کوردستانەوە ،ل٤٧-٤٨.

٣- مخرج : کردستان تعالی جمعیتی ریاستنە، ل٤٨-٥٠ (ناوەڕۆکی دوو تەلەگرافە لە نێوان کۆمەڵێک ڕۆشنبیرانی کورد و کۆمەڵەی کوردستان تەعالی). هەروەها وەڵام و ڕوونکردنەوەیەکی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گۆڤارەکە.

٤- کردستان جمعیتە، بەزمانی تورکی، ل ٥٠، نووسراوی(فواد)، بەناوی سەرکردایەتی کۆمەڵەی (کورد تەعالی) یەوە لە دیاربەکر نووسراوە.

٥- دیاربکر کورد تەعالی جمعیت محترمەسی نظر دقتنە، ل٥٠، نووسراوی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی گۆڤاری (کوردستان)، بەزمانی تورکی .وەڵام و پێشنیهاد بۆ کۆمەڵەی (کورد تەعالی جمعیتی) لە دیاربکر .

٦- تاریخدن بیر صحیفة، بە زمانیتورکی، ل ٥٠-٥٢، نووسینی (صبری سلیمان)، لە بارەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەشایریی کوردستانی تورکیا دەدوێ .

٧- حوادث داخلیە (تعیین، تشکر، باب عالینک مخطر ەسی، تبلیغ رسمی عبد الخالقک توفیقی)، ل ٥٢-٥٤، کۆمەڵێک هەواڵ و دەنگوباسی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردستانی تورکیایە، بە زمانی تورکی.

٨- حوادث خارجە، حوادث بەزمانی تورکیل٥٤، کۆمەڵێک دەنگوباسی ڕۆشنبیری و هەواڵی سیاسییە لە بارەی جموجۆڵی کوردان، لە دەرەوەی کوردستاندا.

٩- خولیا پرووانە تشبثات، بە زمانی تورکی ل٥٥-٥٦، نووسینی (محمد عثمان بدرخان) لە بارەی هاوخەباتبوونی کورد و ئەرمەنیەکان، وێرای چەند قسەیەک لە بارەی هەندێ لە ڕۆژنامە ئەرمەنیەکان و بیروبۆچوونیان لەبارەی کورد .

١٠- حسب حال دگل وطن، بە زمانی کوردی، دیالێکتی سۆرانی، پارچە شیعرێکی ستوونییە، نووسراوی (مستەفا شەوقی) وێرای دێڕ بەدێڕ وەرگێڕانی تێکستەکەی بۆ سەر زمانی، تورکی، لەلایەن شاعیر خۆیەوە.

ژمارە(٦) : ٢٢ی نیسانی ١٣٣٥-١٩١٩

١- تتمە (بیداری)، ل٥٨، پاشماوەی پارچە شیعرێکی ژمارەی چواری گۆڤارەکەیە ، بە زمانی فارسی، نووسراوی(ع.ق).

٢- پروتستو،ل٥٨، بەزمانی تورکی، گۆڤاری (کوردستان) .

٣- کوردلردە افکار عمومیە، بە زمانی تورکی، ل٥٨-٦٠، وتارێکە لە بارەی ژیانی دینیو پۆشنبیریی گەلی کورد لەو سەردەمەدا، نووسراوی (ابن الرشد).

٤- دساتیر عصرە قارشی کردستان، بەزمانی تورکی، ل٦٠-٦٢، نووسراوی لاوی دەلال (عبدالواحد).

٥- کورد مهاجرلری نه اوله حق؟ بە زمانی تورکی،ل٦٢-٦٣، نووسراوی (محمد عثمان بدرخان).

٦- کردستان وکردلر، بە زمانی تورکی، ل٦٣-٦٥، نووسراوی (سید احمد عارف برزنجی زادە)، پاشماوەی وتارێکی ژمارە چواری گۆڤارەکەیە.

٧- ارمنسانک پایتخت و قوە عسکریەسی، ارمنی بطریقنك بیاناتی مناسبتیله،بەزمانی تورکی ل٦٥-٦٦، نووسراوی(جانو ارضملی) لەبارەی ژیانی سیاسیی ئەرمەنیەکان و پەیوەندیان بە گەلی کوردەوە. هاوخەمی و هاوخەباتیی ئەو دوو میللەتە.

٨- کرستانک وضعیت خارجیە و داخلیەسی، امریقان هیئتک و اناطولی یە عزیمتی مناسبتیله، ل٦٦-٦٧، نووسراوی (س.ح.) بەزمانی تورکی.

٩- غیرت بکین، مایوس نەبین، بەزمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی،ل٦٨، نووسراوێکە لە پێشەکی دا بە پەخشان و لە دووایيش دا بۆتە شیعرێکی ستوونیی درێژ، نووسراوی (عبدالرحمن النورس).

١٠- لبو هڤالی ماتمدار (ماتم)، بە زمانی کوردی، دیالێکتی سۆرانی، ل٦٨، پارچە شیعرێکی ستوونییە، نووسراوی (مستەفا شەوقی)، وێرای دێڕ بەدێڕ وەرگێڕانی شیعرەکە بۆ سەر زمانی تورکی لەلایەن شاعیر خۆیەوە.

١١- ادبیات کوردیەدن بعض نمونەلر، پارچە شیعرێکی (نالی) وێرای وەرگێڕانی دێڕبەدێڕی شیعرەکە بۆ سەر زمانی تورکی، لەلایەن (محمد میهری) یەوە،ل٦٩-٧٠.

١٢- دلالیا زارۆکان، بە زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی، ل ٧٠-٧١،نووسراوی (زینۆ)، پارچە شیعرێکیمندالانە، لەسەر شێوەی تازە وتراوە.(٢٥)

١٣- شئونات، شریف پاشانک بیاناتی، ل ٧١-٧٢، وتارێکە لەبارەی چالاکیەکانی شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی - لە پاریس. هەڵوێستی ئەم و(کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی) لە هەمبەر مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەزمانی تورکی ، لە گۆڤاری (اقدام) ی تورکیەوە وەرگێڕاوە.

١٤- (عقر، تعیین، تشکر، ارمنستانە دائر محقابر مطالعە)، بەزمانی تورکی ل٧٢، کۆمەڵێک دەنگوباس و هەواڵی جۆراوجۆرە.

پەراوێز :

١- د. کەمال مەزهەر لە کتێبی (تێگەیشتنی ڕاستی) ... ل ٢٣٣دا دەڵێ : (سەید حوسێن ناوێک بەرپرسیاری بوو... بە پێنج زمان : کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسی وتاری بڵاودەکردەوە ... گەلێک ژمارەی بە وێنەی ناودارانی کورد ڕازێنراوەتەوە ...هتد) کەچی بە پێی ئەو ژمارانەی لەلایەن ئێمەن و بە پێی ئەو دوو ژمارەیەی ٨و٩ کە د. مارف خەزنەدار لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە(٤٤،٤٣) دا بڵاوی کردووەتەوە : هیچ سەید حوسێن ناوێک لە گۆڤارەکەدا بوونی نیە، وتاریشیان بە زمانی فەرەنسی تێدا نیە، هەروەها هیچ یەکێکیش لەو ژمارانە وێنەی ناودارانی کوردی تێدا نیە.

٢- د. کەمال مەزهەر : هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٣٣

٣- گۆڤاری ژین (١٩١٨-١٩١٩). هەروەها هەندێک بڵاوکراوەی کوردیی دیکەش لەو سەردەمەدا لە هەمان ئەم چاپخانەیەدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە .

سەرچاوە فەرەنسیەکان ئەوەیان بە تەواوەتی ساغ کردۆتەوە کە چاپخانەی (اجتهاد) کە گۆڤاری ڕۆژی کوردی پێ چاپکراوە، هی ڕووناکبیری کورد (عەبدوڵلا جەودەت) بووە.

هەوڵدان بۆ ساغ کردنەوەی خاوەنی ئەم چاپخانەیەی نجم استقبالەش شتێکی گرنگ و پێویستە .

٤- د. کەمال مەزهەر :هـ.س.ل ٢٣٣

٥- د. مارف خەزنەدار : هەندێ دەسنووسی کوردیی مینۆرسکی و ... گ(ڕۆژی کوردستان)، ژمارە ٤٣-٤٤، بغداد : کانون الثانی ١٩٧٧،ل ٣٨-٤٥

٦- Malmisanij u m.Leweni: Rojnamegeriya kurd,wesanen jina nu,Stockholm.1989.

٧- یانیش ئەگەر حەز بکا، دەتوانێ ڕاستەوخۆ داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەی لانزۆ بکات- لە پاریس . ژمارەو کۆدی گۆڤارەکە ئەوەیە: Mel. tur.9.19 .

٨- لەم بارەیەوە، بەشی هەرەزۆری وتارەکان بە زمانی تورکیی (عوسمانلی) نووسراون ئینجا (عەرەبی) و پاشان (کوردی).

٩- دیاردەی وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە گۆڤاری ڕۆژی کورد و لەو سەردەمەدا بەگشتی، ئەگەر چی لە شێوەی دیاردەیەک و شەپۆلێک وەدیار ناکەوێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم دوو تێکستە وەرگێڕدراوە، بایەخ و مەغزای تایبەتی خۆیان هەیە.

١٠- هەمان نووسەری ناوبراو، لە گۆڤاری ژین دا(١٩١٨-١٩١٩) بەشێوەیەکی زۆرو فراوان، هەمان ئەم بەهرەو توانایەی خۆی - لەبواری وەرگێڕان لە کوردیەوە بۆ تورکی - تاقی کردۆتەوە.

١١- ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی لە ژمارە (٥٨) لە ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨، بۆ یەکەمین جار چاوپێکەتنێکی ڕۆژنامەنووسیی بڵاوکردۆتەوە . بڕوانە (د.کەمال مەزهەر: تێگەیشتنی ڕاستیو...)

١٢- بڕوانە : (د. مارف خەزنەدار : چەند دەسنووسێکی کۆنی مینۆرسکی و..) ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٣٤-٤٤، بەغدا، کانوونی دووەمی ١٩٧٧،ل٤١.

١٣- مستەفا نەریمان : بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی(١٧٨٧-١٩٧٥). چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، (١)، بەغدا: ١٩٧٧.ل١٧. (بەپێی بۆچوونی مامۆستا نەریمان)، ئەم کتێبە بە ناونیشانی (نهج الانام) بڵاو بۆتەوە .

١٤- ئەم کتێبە ، لە ساڵی ١٩٨٨ دا دۆزرایەوە و لە دەزگای(وەشانخانا کوردستان) لە ستۆکهۆڵم سەر لە نوێ لە چاپ دراوەتەوە.

١٥- بۆ شارەزایی زیاتر لە بارەی ئەم کتێبەوە بڕوانە سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧.

١٦- عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، نووسەرێکی زۆر چالاک و فرە بەرهەمی گۆڤاری ژین (١٩١٨-١٩١٩) بووە، عەبدولڕەحیم هەکاری وێڕای (مستەفا شەوقی) تا ئێستا ڕەخنەگری کورد ئاوڕی لە بەرهەمەکانیان نەداوەتەوە، بەڵام بزوتنەوەی نوێخوازی و تازەبوونەوەی شیعری کوردی ، پێش عەبدولڕەحمان بەگی نفووس و شێخ نوری و پیرەمێرد و گۆران ، بەڕاستی : لەم دووشاعیرەوە، لەم دوو سەربازە ونەوە دەست پێ دەکا . نووسەری ناوبراو ، خاوەنی یەکەمین شانۆ نامەی نووسراویشە، کە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا بەزمانی کوردی نووسرابێ ، بڕوانە(گۆڤاری ژین، کۆکراوەو لە چاپدانەوەی محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان، ژمارە"١٥"و"١٦" جلدی چوارەم، وەشانا دەنگ، ستۆکهۆڵم: ١٩٨٧،ل ١٤-١٧).

١٧- ڕووناکبیری کورد (عەبدوڵلا جەودەت)، ڕۆڵێکی بەزەبر و دیاری هەبووە بەسەر خۆشکردنی کڵپەی ئەم بیرە نەتەوەخوازییەی کورد لەو سەردەمەدا ، بە تایبەتی لە ساڵانی دوای (١٩٠٨) بەولاوە. کۆمەڵەی هیوا (هێڤی) بە چاپخانەکەی ئەو (چاپخانەی اجتهاد) گۆڤارەکەی خۆیان چاپ و بڵاو دەکردەوە .

١٨- ئەم دیاردەی زۆرتر بە تورکی نووسینە، تەنانەت بابایەکی وەکو پیرەمێردی شاعیریشی گرتبۆوە. پیرەمێرد بەشێکی زۆری وتارە ڕووناکبیریەکانی خۆی بەزمانی تورکی لە گۆڤاری (ژین)و(اقدم) یا بەزمانی فارسی لە گۆڤاری (فرهنگ) و (شفق سرخ) دا بڵاوکردۆتەوە. هەمان شت لەبارەی ڕووناکبیرە پێشڕەوە کوردەکانی دیکەش، وەکو (عەبدوڵلا جەودەت)و

عەبدولڕەحمان بەدرخان)و(ئیسماعیل حەققی بابان)و هتد....

١٩-هەمان ئەم بۆچوونە، لەگەڵ گۆڤاری ژین یش دا ١٩١٩-١٩١٨ پێکەڵپێک دەبێتەوە.

٢٠-

Jin(1918-1919),M.E.Bozarslan,
Cild l,Stockhom:1985

٢١-بڕوانە گۆڤاری کوردستان ١٩١٨-١٩١٩، ژمارە (٢)، ل٢١-٢،ل٢٢-٢٤، هەروەها ژمارەی (٤)،ل ٤٢،ل٤٣-٤٤.

٢٢- بۆ شارەزایی زیاتر لە بارەی ژیانی (محمد میهری) ، بڕوانە سەرچاوەکانی ژمارە(٦،٢٣،٢٤)

٢٣- نەجمەدین مەلا: یادی زانایەکی کۆچکردومان (محمد میهری) ،لە ر.ژین. سلێمانی : ٩ی مایسی (١٩٥٧)، ژمارە (١٣٤٣)ل،١.

٢٤- جوتیار حاجی توفیق : محمد میهری هێژاو نەمر ، لە گ.بەیان، بەغدا:١٩٨٩، ژمارە (١٥٨) ،ل ٢٨-٢٩ .

٢٥- هەمان ئەم پارچە شیعریەی منداڵان، کە لە ژمارە(٦)، ل ٧٠-٧١ ی گۆڤاری کوردستان دا، بە ئیمزای (زینۆ) بڵاوکراوەتەوە؛ جارێکی دیکە -دوای نزیکەی ١٣ ساڵ ، بەهەمان ناونیشانی (دەڵالیا زارۆکان)لە گۆڤاری هاوار ژمارە ٥،ل٢ دا ، بە ئیمزای (ئەمین عالی بەدرخان) بڵاوکراوەتەوە ئێمە وا تێ دەگەین ئەو (زینۆ) ناوەی گ.کوردستان ،ئەمین عالی بەدرخان خۆی بێ . لە گۆڤاری هاواردا ، سێ کۆپلەی دیکەی بۆ زیاد کردووە، کۆپلەکانی پێشووشی ، لەڕووی زمان و ڕێنووسەوە دەستکاریکردوون. جێی سەرنجە ، کە گۆرانیبێژ (شڤان) ئەم پارچە شیعرەی منداڵانی کردۆتە گۆرانی .

(کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد
کۆمەڵەی هیڤیی قوتابیانی کورد)

نووسینی :مەدوح سەلیم بەگ

لەتورکیی عوسمانی یەوە وەرگێڕانی :شێرزاد کەریم / دارشتنەوەو ئامادەکردنی سدیق سالح

گەلەکەمان سوودی لەو ڕووداوە جۆراو جۆرانە وەرگرت کە پێیان وریا بووینەوە .

ئەگەر بڵێم ئەم سوودە زۆر درەنگ بە ئێمە گەیشت ، ئەوە دەبێتە هەقناسی و دەرد ناسی ..وێڕای ئەوە، ئەگەر ئەو مژدەو مزگێنیانە کە هیوای ڕووناکیی دا هاتوومان دەدەنێ کەم بووبان، زاتی ئەوەمان نەدەکرد باسی ئێستای خۆمان بکەین ، ئەوەبوو جموجووڵی ئەو دواییەی نێو کۆمەڵانی جیا جیای کورد دەستی پێکردو لەو ڕووداوانەیە کە گوڕو تینی بە هیواکانمان بەخشی و بە دڵێکی زۆر خۆشەوە پێشوازیی لێ دەکەم گەلێک ڕاستە کە هەر یەکێک لەوانە دەبێتە مایەی سەلماندنی پێگەیشتوویی میللەتەکەمان .

دابینکردنی پێگەیاندنی ئافرەتانی کورد لە ژیانی نێو خێزاندا بە بیروڕای بەرزی هاوچەرخ دەبێتە بنەمایەکی پتەو بۆ چاککردنی کۆمەڵگاو باری کۆمەڵایەتی ، دەبێ ئەو هەتیو و بێوەژنانەی کورد کە بەهۆی کۆچ و کوشتارەوە لە باریٚکی ناهەمواردا دەژین ، ئیشیان بۆ بدۆزرێتەوەو یارمەتیی نەختینە بدرێن ، کۆبوونەوەیەک لە چوار چێوەی مەبەستی ڕزگار کردنیاندا لەو بارودۆخە ناخۆشە بەناوی (کۆمەڵەی تەعالیی ژنانی کورد- کورد قادینلەری تەعالی جەمعیەتی) دەوە لە ئەستەموڵ پێکهێنرا .ئێمە بە بۆنەی پێکهێنانی ئەم کۆمەڵەیە پیرۆزەوە کە دەبێتە هۆی شەرەفمەندی بۆ خانمانی ئەستەموڵ و کوردایەتی ، خۆ بەقەرزداری سوپاسکردنیان دەزانین .

کاریگەریی نەخشی ئافرەتان لەژیانی میللەتانی پێشکەوتوودا کە لەژێر قورسایی لەبیرچوونەوەی سەدەکان دەرباز بوون، بە ئاشکرایی دەرکەوتووە ئەو گیانە نووستوو و سەرە تاریکانە کە ئەوان بە ڕووناکی موتووربەیان کردووە ، نە جموجووڵی هێرشبەرانەو نە هیچ هۆیەکی دیکە لەباریدا نییە ئەوە دابین بکات .(ئافرەتانی میللەتێک تەرازووی پێشکەوتوویی ئەو میللەتەن) ، ڕێکخەری کۆششی ئەو کۆمەڵانەن کە دەیانەوێ قسەیان لە گۆڕەپانی شارستانیدا زانستانە بێت . ئەم دیرانەم لە گۆڤاریٚکی ژمارە (١٤) ی (ژین) دا لە بارەی (خانمی کورد) ەوە نووسیبوو!

ئەوجێ و ڕێ و مافانە کە ژن لە موسڵمانیدا بە دەستی هێناون حاشا هەڵنەگرن . ئەمڕۆیش خاوەنی جێ و ڕێیەکی زۆر بەرزترو مافێکی زۆر بەرفراوانترە لەوە کە پێی ڕەوا نەدەبینرا . ئەرکی زانایان و هوشیارانی ئاینی تەنیا ئەوە نییە کە بەو مافانەوە سەرقاڵ بن کەوا ئاین پێی داون ، بەڵکو دەبێ توندڕەویی ئاینی بەکار نەهێنن و نەبنە کۆسپ لە ڕێگای فراوان بوون و گەشەکردنیاندا بە پێی پێداویستەکانی وەخت وا کە ئاین هەوڵی چاککردنی خەڵک بدات) .

ئەگەر بڕوانینە کۆمەڵە گەورەکان کە پوختەی سەرەتای موسلمانەتییان پاراستووە ، بۆمان دەردەکەوێ کە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان شێوەی ڕابردووی جێ و ڕێی ئافرەتی کوردو جێو

ڕێی ئێستایدا هەیە ، پاش ئەوە ئەو قەناعەتەم لا پەیدا بوو کە هێندێک لە هاوچەرخانی ئیسلام ویستوویانە ئافرەت بەرەو تاریکییەکی وا کەمەندکێش بکەن کەوا لە کۆندا ئەو شێوەیە نەبینراوەو ئێستایش بە هیچ جۆرێک ناکرێت ئەو چەشنە ڕەفتارانە قبوڵ بکرێن . ئەمڕۆ لە ناوەندی خەلافەتدا هەر یەکێک بە پۆشاکی ئافرەتانەوە خەریک بێ یا دژی بێ ، کەوتۆتە ئەو هەڵەیە کە بە خەیاڵی خۆی پێی وایە ئەگەر ئەم مەسەلەیە بە پێی شێوەو خواستی خۆی چارە سەر بکرێت ئەوا هەموو مەسەلەکانی دیکەش چارەسەر دەکرێت ، ئەوانە کە دەیانەوێ بزانن تەرزو مانای خۆداپۆشین چیە ، با ئەرکی ئەوە بەرخۆ بنێن تا کوردستان و تەنانەت کەمێکیش بەرەو ئەنادۆلی تورکیا بفەرموون ، هێندەی تا ئێستا خۆیانیان بە پۆشاکی ئافرەتانەوە جەنجاڵ کردووە ، لەجێی ئەوە هەوڵی پەروەردەیەکی ڕاست و تۆندوتۆڵییەکی پەروەردەییان بدابایە لە مێژوو مەبەستەکانیان بەدەست هاتبوون .

لەو گوتارەمدا دیسانەوە گوتوومە: (ئەوە ئێمە دۆخی ئافرەتانی دەستەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەوەندە ئایندار بۆ پێویستیەکانی چەرخی ئێستامان زۆر بە گونجاوی دەبینین ، ئەوانەو لە سەرووی هەمووانەوە ڕووناکبیرەکانیان کە دەیانەوێ ئەم دۆخە هاوچەرخ بکرێت ، ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە ڕاست بۆ کوردایەتی تێ بکۆشن یەکجار یاریدەدەر دەبێ ، مەسەلەی ئافرەت مەحاڵە ببێتە مەسەلەیەکی جیاوازی داخراو کە هێندێک میللەتی تازە کوڕەی وەک لە تورکایەتیدا دەیکەن .

ئافرەتی کورد لەوەدا ئازادە کە پێبەندی کۆتەکانی ڕێو ڕەسمی ئیسلامیی خۆداپۆشین بێ پلەوپایەیەکی پڕ ڕێزیشی لە چوونە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵیی پیاواندا بە دەست هێناوە . ئەگەر کەمێک بڕوانینە چینێکی بەرزتر ، دەسەڵاتداریی ئافرەتیشمان بەرچاو دەکەوێ) . مەسەلەکە تا بەم شێوەو چۆنایەتیە بێ ، ئەرکی خانمەکانمان ئاسان و سوودی میللەتەکەمان زیاد

ئەبێ. ڕۆژانی ڕابردوویشمان هەر چۆنێک بووبن پێویستیی زۆرتر لە میللەت بار دەکەن . پێویستیی زۆر ناچاریش بە کۆشش زیاتر دەبێ و کۆششی زیاتریش بازووی زیاتری گەرەکەو شارستانەتی لە مانەوە پەیدا دەبێ . شارستانیترین میللەت پێویستیەکانی پترن .

ئەو میللەتانە کە یەکە یەکەی ئەندامانیان لە ئاستی خۆیانەوە کارێکی گەورە دەکەن ، لەژێر کەوتن و داماوی ناترسن . ڕووداوەکان بە ڕووناکییەکی بە هێزی هەتاو ئاساوە دەچنە نێو چاومان و گەرەکیانە ئەوە بخەنە مێشکمانەوە کە ئەو میللەتانەی کەوا ئافرەتانیان لە گەڵ پیاوانیاندا نەچووینە نێو کۆڕی ململانێی کۆمەڵایەتییەوە و بەشداریی کۆششی ژیانیان نەکردبێ ، لەم گۆڕەپانی شارستانەتیە پڕ مەترسییەدا وەک مرۆڤی ئیفلیج وەهان . ئایا لەم جەنگە جیهانیەدا نەماندی ؟ شارستانیترین و تواناترین میللەت ژنانیشیان بە هەمان ڕاوە بەشداریی ڕووبەڕوو بوونەوەیان پێ کرا . ئەگەر وا نەکرابایە ئاخۆ دەتوانرا ئەو هەموو پێکدادانە لە جەنگێکی وەهادا لە ڕووی زەبرو زەنگدا بخوڵقێندرێن ؟ بچووکترین نموونە ئەوەیە : ئەگەر پیاوان بخرانایە جێی خانمانی خزمەتی نەخۆشکردوو ، ئایا چەند کەس دەمایەوە لەگەڵ دووژمندا شەڕ بکات و توانایی بەرگریکردن لە نیشتیمانیش دەبوو ؟ ئەگەر ئەمجۆرە نموونانە پێویست بکەن .ئەوا زۆرن . بە خاوەن بوونی خانمەکانمان بەو مافانە کە لە گیانی کۆمەڵایەتیی میللەت و داب و نەریتیەوە هەڵقوڵاون، دەبێتە بنەمایەکی ئومێدبەخش بۆ داهاتوومان و بە دڵێکی شادمانەوە پێشوازیی لێدەکەم . خانمانمان هەر بە هۆی ئەو مافانەوە لە مەیدانی شارستانەتیدا کەڵکیان دەبێ .

ئەوپێڕۆنامەیە کە دەیەوێ ژنایەتیی کورد بە بیرو باوەڕی هاوچەرخ وپێشکەوتن و دەرخستن دابین بکات، ئەو مەشخەڵی ڕووناکییەیە کە بەرەو مەبەستەکانی کامڵبوون هەڵگیرابێ . یارمەتی بفەرموون چەند دێڕێکی ئەو گووتارەمتان بۆ ڕابگوازم کە لە (ژین) دا نووسیبووم : (ئەوەتا دۆخی سروشتیی ژنانی کورد بۆ ئێستامان ڕێکوپێکە. ئەگەر کەموکوڕیش هەبێ ، ئەو داب و

نەریت و میللیی‌یە نەنووسراوانەیە کە پەروەردەی سروشتی نەیتوانیووە بە پێی دەستوورە ڕۆشنکەرەوەکان ئەم ڕێ و شوێنی فێرکردنە بەرەو تەواوی‌و بالآبوون ببات . ئەوڕۆژە کە ئەم دەستورانەی پەروەردەو ئەم ڕێو شوێنانەی فێرکردن جێبەجێ بکەین ، پلەی چاکیی ژنانی کوردو ئەو نەوەیە کە پێی دەگەیەنێ پێشانمان دەدات کە ئەوانە چ بناغەیەکی چاک و دڵخۆشکەر بونیشمان بنیات دەنێن و پێم وایە ئەو داهاتووە دوور نییە) .

دووبارە پشتگیریی ئەم بڕوایەمان دەکەین .ئەگەر بمانەوێ بە وەرگرتنی دەقاو دەقی زانست و پیشەسازی و هەموو چەشنەکانی هونەرو گشت شتێکی پێشکەوتوو ببینە خاوەنی کورسییەک کە دەنگمان بە مەیدانی شارستانەتی بگەیەنێ ، دەبێ لەگەڵ سروشتی میللیماندا بیانگونجێنین . خانمانمان عاشقی عەسکەرتاری و خوێنواندن نین و بە تەنیا خانمی نێو خێزانن .ئەو ڕۆژە کە هەر یەکەیان دەبێتە دایک و براکانمان بە هەستی فیداکاریی نیشتمان موتووربە دەکات ، ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێ کە ئافرەتی کورد بە هەستی هاوچەرخ گەیشتۆتەهیوای پێشکەوتن و خۆدەرخستن .

ئەوەی کەکەمێک بە نادیاری بەلامەوە دەرکەوتووە (بەدەست هێنانی ڕیفۆرمی بنەڕەتیی کۆمەڵایەتی لە ژیانی نێو خێزاندا) ئەگەر بەو مانایە بێ کە من لێی حالی بووم ، ئەوا زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کوردایەتی کە لە دەوری ئەم پێڕۆنامەیە خڕبوونەتەوە دەگەنە ئاستی بەرزی ئەو لاوانە کەوا چەندین ساڵە بۆئێستاو داهاتووی میللەتەکەمان بە پێی پێداویستەکانی سەردەم لە کوردستاندا دیاری کردووە . لادانی یەک لەدوای یەکی بەرەو پێداویستەکانی سەردەم لە کوردستاندا هەستی چاککردن پەیدا دەکات . واتە ئەمە مەسەلەی (وەرچەرخانە لەکات و ژیاندا) .

لەو دێڕانەدا کە لە (ژین) ەوە ڕامگواستبوون گوتبووم لەوانەیە مەسەلەیەکی ئافرەتان لە کوردەواریدا قوت نەبێتەوە . لێکۆڵینێکی بەڕێزمان دەڵێت : تەنیا عیرفان و خوێندەواری بۆ کوردەواری هەن . وەختێکیش دەڵێین پێشکەوتنی کوردەواری ، ئەوە پیاو و ئافرەتیش دەگرێتەوە . نابێ بە زۆری زۆرداریەکی جیاوازییەکی ناسروشتی بهێنرێتە گۆڕێ .بەڵێ زۆر ڕاستە ئەم بیرە لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا بینراوە :

(طلب العلم فريضة على كل مسلم ومسلمة)

داوای زانست کردن بە شێوەیەکی ڕەها کە بۆ نێرو مێی موسڵمان کراوە ، لەبەر ئەوە هیچ جیاوازییەک لە ڕادەی کەڵک لێ وەرگرتنیاندا دەست نیشان نەکراوەو پیاوان و ئافرەتان لە خوێندن و پێشکەوتندا جگە لە چەند جیاوازییەکی ڕەگەزی هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا بەدی ناکرێت . هەر کاتێ مەسەلەیەکی ژنان جیا لە پیاوان سەر هەڵبدات ، کاتەکە کەنگێ ترسناک دەبێ ؟ کاتێک ڕادەی عیرفان و پەروەردەی ژنان و پیاوان لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لەیەک ئاستدا نەبێ . هۆی مەسەلەی ئافرەتانی تورک لەمەدا دەبینم . پیاوانیان لە چەندایەتی و چۆنایەتیدا چەندە تەواون ، ژنانیان بە پێچەوانەوە ناتەواون . ئەوەتا من لەم بێ هاوسەنگییە دەترسم .

مەبەستی دۆزینەوەی ئیش و کار بۆ هەتیو بێوەژنەکان و ڕزگارکردنیان لە نەهامەتیەکانیان لە پێش هەموو شتێکی دیکەوەیە . خەریکبوون بەو شتە یەکجار پێویستانەوە یەکەمین و گرنگترین ئەرکی سەرشانی ئەم کاتەمانە . ئەو پیاوو ژن و کچ و بڕا دڵناسک و هەستیارانە کە هەر لە ئەستەموڵەوە تا هەرە تاریکترین قوژبنی ئەنادۆڵ لە خۆراک و پۆشاک و دەتوانم بڵێم لە ژیانیش بێ بەشن ، بە ناڵەوە دەسووڕێنەوە . گومان لەوەدا نییە کە ئێمە تفت و تاڵتر هەستی پێدەکەین . کەمیی ڕێژەیی نووسینەکانم لەوەوە نییە کە بایەخم بەم مەسەلەیە نەداوە کە وابەستەیە بە بوون و نەبوونمانەوە . خوا یاربێ هێندە نابات ئەو مایەی چاکبوونەوەو خاوەن بە زەییانە ئەرکی پێچانی بریندەکانمان بەرخۆدەنێن، ئەو کاتەیش خانمەکانمان پێگەیشتوویی خۆیانمان بۆ دەسەلمێنن . دڵنیام هەر یەکێکی ئەوانە بۆ هیوا میلییەکانمان دەبنە دایکێکی خێربەخش و ، منیش بەدڵ و بە گیان خوازیاری سەرکەوتنیانم .

****

دامەزراوە پیرۆزەکەی دیکەیش کە هێزبەخشی

ئومێدەکانمانە (کۆمەڵەی هێڤیی قوتابیانی کورد) ە کەوا سەرلە نوێ دەستی بە چالاکیەکانی کردووەتەوە . (هێڤی) پاش ئەوە کە ماوەی پێنج ساڵ بوو بەهۆی جەنگی جیهانییەوە کارەکانی ڕاگرتبوو ، وا دەست بە خەبات دەکاتەوە .

ئەو (هێڤی) یە کە بە کۆششە سێ ساڵیەکەی لە دنیای کوردایەتیدا ئومێدی گەورەو باوەڕی بەهێزی هەبوون و ، گەلێک لە ئەندامە گرانبەهاکانی لە جنگێکی کارەسات بڵاوکەرەوەدا کە حکومەتێکی کارەسات کۆکەرەوە هەڵیگیرساند ، لە دەست چوون . هەموو سەرو مێشکە لاوەکان چوارساڵ لەمەو بەر بۆ ڕاپێچ کردنیان بەرەو ناو جەرگەی ئاگر لە گۆڕەپانی قوتابخانەی جەنگی کۆکرانەوە . سەدەها لەو مێشکانە کە لە ئەستەموڵ (هێڤی) یان دەژیاند ، لەو گۆڕەپانەدا بە زنجیری قورسی میلیتاریزمێکی خافڵگیرو پەڕۆش ملیان دانەواند . (هێڤی) لە ئامێزی دوو لاودا لە ئامانەتی خوادا مایەوە . ڕۆژانێکی وەها بوو کە (هێڤی) هیوای ڕێ ڕۆشنکەرەوەی داهاتوو بوو و تەنیا لە نێو دڵاندا بە پایەداری مایەوە . بەڵێ (هێڤی) بۆ کوردایەتی ئومێدێک بوو . حەوت ساڵ لەمەوبەر سەری قورسی هەموو گەورە پیاوان هەر یەکە لە کووچەیەکدا خەو دەیبردنەوە . هەموو خەڵک ترسنۆک و خۆ پارێزبوون ، هەموو کەسێک بە هەموو شتێکی دەگووت ڕاستە . لاوانی (هێڤی) ئەو ئومێدانە کە ئەمڕۆ بە دەنگی بەرز دەدرکێنرێن ، ئەوان سێ ساڵ بە غیرەتێکی بچووکەوە بەردەوام ڕاستیی پووداوەکانیان بە گوێی یەکدیدا دەچرپاند .

(هێڤی) وردەیەکی بەرزبوو ، حکومەتێکی کارەسات بە هەموو لایەکدا بڵاوکەرەوەو کارەسات لە هەموو شوێنێکدا کۆکەرەوە ویستی ئەویش بکاتە دارددەستی خۆی ، یان هیچ نەبێ مافی بێدەنگ بوونی بداتێ و بەرمنەتی خۆیی بکات . وەختێک ئەوەی بۆ بەدی نەهات ، هەر یەکێک لە (هێڤی) دا بوویێ بە بەهانەیەک ڕایکێشایە نێو پۆلیسخانەکان و دەنگیانی لە زیندانەکاندا خنکاند . ئەو کاتە کە عەرەبەکان لە سووریا هەڵدەواسران ، کێ دەزانێ کە ئەستەموڵیش بە دوای (هێڤی) یەکاندا دەگەڕان بۆ گەیاندنیان بوو بە چ چارەنووسێک ؟ بەڵام شەڕ لە ئەستەموڵیش لەبەر ئیعدامکردن یا بۆ تاراوگە (منفا) کانی ئەنادۆڵ ڕوانەکردن ئەرکی سازکردنی ژێر زەمینی لە ئارادا نەهێشبوو .

ئەمڕۆ ئالای (هێڤی) یان بەرزکردەوە . وەکو کەسێک لە برا گەورەو کۆنەکان لە نێویاندا نەمابێ وایە .

کەواتە (هێڤی) ئەو گیانی وردەبەرزییەی هەر ماوە کە پێش جەنگ خوڵقاندبووی و ، گوڕو تین و بەربڵاویی پەیدا کردووە . بیریارێکی بەڕێزمان کە لە ڕێ و ڕەسمی ژیاندنەوەی (هێڤی) دا ڕێزلێنانی خۆیی پێشان دا ، زۆر ڕاست بوو کە گوتی :

لاوەکانمان دەریان خست کە بە تەواوی لە گیانی خۆرەڵات و بیرو ڕاکانی خۆرەڵات ئازادترو بەرزترن چونکە ئەوان وەک خۆرەڵاتیەکان دامەزراوێکی دروستکراویان نەڕوخاند کە لەسەر بناغەیەک هەبوو و بەردەوام بیناکەیان بەرزکردەوە و خۆڕاگری و وردەبەرزیی خۆیانیان خستە ڕوو . ئەوان پێبەندی ئەو جۆش و خرۆشە نەکوژاوەیەی خۆشەویستێ فیداکارین کە ئەوەندەی ڕۆژانەو هەموو دەقەیەک لە کارە هاوبەشەکانیاندا دەیبینم ، داهاتووی پڕشنگدارو قایمی کوردستان لە مێشکمدا بەرز دەبێتەوە .

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم ئەرکانە بۆ ڕۆڵەکانی ئەمڕۆی (هێڤی) ماونەوەو ، هێندە بەسە کە بەرانبەر بە گەورەیی ئەم کارانە بەدبین و ناهومێد نەبن و تەنیا ڕاستیەکان ببینن و ، ئەم پێویستیانەیش ڕەچاو بکەن : لە خەیاڵ و هەڵپە دوورببن و بۆ ڕاستی و کاری شیاو هەوڵ بدەن ، چونکە خەیاڵ و هەڵپە قەت سەرکەوتنیان نەبینراوەو ، بە ئەنجامی تاڵ و ژەهراوی کەوتنی خەیاڵ و هەڵپەیش لەبیر نەچێتەوە . دانسقەترین ڕێزو گەورەیی لەمنەوە بۆ ئەو ڕزگارکەرانە .

٢٦ ی مایسی ١٩١٩

****

سەرچاوە :

گۆڤاری (ژین) ، ژ ٢٠ ، ٤ ی حوزەیرانی ١٣٣٥ ی ڕۆمی (١٩١٩)

لە کتێبی : م. ئەمین بۆز ئەرسلان ، ژین گۆڤارا کوردی - ترکی ١٩١٨ - ١٩١٩ ، جلد ٤ ، ئۆپسالا ، ١٩٨٧ (بە پیتی لاتینی) .

گەشتێ رووناکبیرێ

نا : عبدا لله

یەکەمین کۆنگرەی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ ...

بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ رۆژی ۹ تا ۱۰ ی ۱۹۹۷/٦ یەکەمین کۆنگرەی خۆی سازدا . سەعات ۱۰ ی سەر لە بەیانی رۆژی ٦/۹ کۆنگرەکە بە ئاهەنگێکی قەشەنگ دەستی پێکرد . سەرەتا کاک یاسینی فەقێ سەعید بەناوی دەستەی کاتی و لیژنەی هەڵسوڕێنەری کۆڕەوە بەخێرهاتنی میوانە بە رێزەکانی کرد . پاشان بەڕێز دکتۆر کەمال فوئاد بەناوی حکومەتی هەرێمەوە وتەیەکی بەنرخی پێشکەش کردو بە ووردی ئاماژەی بۆ رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژو ، ئەرکی رووناکبیرانی ئێستا کرد . دوای ئەمە بەڕێزان مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری رۆشنبیری و کاک حەمە شوان نوێنەری حیزبی شیوعی ، لە بۆچوونی خۆیانەوە لە ئەرکی نووسەران و مێژووی سەرهەڵدانی گۆڤاری گەلاوێژ دوان ، و داوایان لە ئەدیبان کرد سەربەستیی قەڵەمی خۆیان بپارێزن تا نووسینی سەربەست و بێ سنوور بەرهەم بهێنن . مامۆستا جەمال شارباژێرپیش ووتارێکی بەناوی دەستەی کاتییەوە پێشکەش کردو بە ووردی باسی



دڵسۆزیی دەستە کاتیەکەی کرد . ئینجا لیژنەیەکی تایبەتی پەیڕەوو پڕۆگرامی بنکەی خوێندەوە ، کە لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە گەڵاڵە کرابوو . بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و پەسەند کردنی پڕۆژەکەو ، دەستکاری کردنی چەند خاڵێک ئەندامانی کۆنگرە گفتوگۆیەکی درێژیان کرد . پێشنیازی گۆڕینی چەند بڕگەیەکیان کرد . کاتژمێر ٥ ی پاش نیوەڕۆی ١٩٩٧/٦/١٠ بە فرە دەنگی بڕیار لەسەر دواشێوەی پەیڕەوو پڕۆگرامی بنکە درا ، و بە ئامادەبوونی دادوەر و نوێنەری ڕەسمیی پارێزگای سلێمانی دەستکرا بە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری بنکە. لە ئەنجامیشدا ئەم ئەدیبە بەڕێزانە هەڵبژێران :

١- قوبادی جەلی زادە	٥٤ دەنگ .
٢- ڕەئووف بێگەرد	٤٦ دەنگ .
٣- ئازاد بەرزنجی	٣٨ دەنگ .
٤- خانم ڕەسوڵ(ئەرخەوان)	٣٨ دەنگ .
٥- دلاوەر قەرەداغی	٣٢ دەنگ .
٦- یاسین فەقێ سەعید	٢٩ دەنگ .

بۆ ڕۆژی دواییش کارەکانی بنکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکرا :

١- ڕەئووف بێگەرد :	سەرۆکی بنکە .
٢- قوبادی جەلی زادە :	ج. سەرۆک .
٣- دلاوەر قەرەداغی :	سکرتێری ڕۆشنبیری .
٤- یاسین فەقێ سەعید :	بەڕێوەبەری ئیداری .
٥-ئەرخەوان :	لێپرسراوی دارایی .
٦- ئازاد بەرزنجی :	ئەندامی کارا .

بۆچی ﴿ کینزا بورو ئەوی ﴾ واز لە ڕۆمان نووسین دەهێنێت ؟

ماوەیەک لەمەوبەر ڕۆماننووسی یابانی کینزا بورو ئەوی ، کە ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی نۆبڵی پێدرا ، بڕیاری دا بە یەکجاری واز لە نووسینی ڕۆمان بهێنێت . ئەم بڕیارە کتوپڕەی کینزا بورو ئەوی سەری ڕەخنەگرانی سوڕهێنا ، لە لایەکی تردوە چەندەها نامەی لە خوێنەرانەوە پێگەیشت کە داوای لێدەکەن بە خێرایی ئەو بڕیارە هەڵوەشێنێتەوە .

کینزا بورو ئەوی لە چاوپێکەوتنێکدا هۆی ئەم بڕیارەی ڕوونکردۆتەوەو دەڵێ : ئەم قۆناغەی کە مرۆڤایەتیی تیایە ، لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکدا ناگونجێت بەڵکو پێویستی بەو جۆرە تێڕامانە هەیە کە لە ناخ و خودی مرۆڤایەتییەوە هەڵئەقوڵێت .

کینزا بورو ئەوی سپینوزا بە نموونەی شێوازی کورتکردنەوەو چڕی دێنێتەوە ، و باوەڕی وایە کە نووسینی ڕۆمانیش بریتییە لە گێڕانەوەو بەستنەوەی ڕووداوەکان بە مەنتیکەوە . واتە ڕۆماننووسی بە شێوەیەکی مەنتیقی ئەو ڕەگەزانە دەلکێنێت بە یەکەوە کە لە بنەڕەتدا لەیەک پچڕاون . بۆیە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەو درێژدادڕییەی لە ڕۆماندا هەیە بواری تێڕامانی بۆ ناڕەخسێنێت ، تێڕامانیش چڕبوونەوەی دەوێت .

سپینوزا لای کینزا بورو ئەوی گەورەی هونەری چڕکردنەوەو دەستنیشانکردنە ، هونەری گێڕانەوە هەوڵدانە بۆ بەستنەوەی ئەم بیرو ئەو بیر بە شێوەیەکی ئاسۆیی ، بەڵام بیرکردنەوە ڕەهێشتنە بە ناخا ، یا بەپێچەوانەوە هەڵکشانە بەرەو ئاسمان بە شێوەیەکی ستوونی .

کینزا بورو ئەوی لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: سەرەنجامی کاری تێڕامان چڕکردنەوەو



کورتکردنەوەیە ، بۆیە ئەگەر مەنهەجی سپینوزا هەڵبژێرم ئەوە دەبێت خووی گێڕانەوە بزر بکەم .

کینزا بورو وا هەست دەکات ڕۆمان فریای ئەو هەموو ڕووداوە سەیرو خێرایانە ناکەوێت کە بەسەر جیهانا دێن ، وەک ڕۆمانناووس توانای ئەوە نامێنێت فریای تێگەیشتنی ئەو حاڵەتە خێرایانە بکەوێت . لە نووسینێکی ترا ئاشکرای کردووە پەنا ناباتە بەر نووسینی فەلسەفە بەڵکو ئارەزوو دەکات بیرێک دامەزرێنێت هەڵقوڵاوبێت لە تاقیکردنەوە چەسپاوەکانی ناخی خۆی . بۆیە هەندێک لەو نووسینانە پەسەند دەکات کە دەربارەی شەڕ نووسراون ، تیایدا خاوەنەکانیان بەپێی تاقیکردنەوەی خۆیان لەو کارانە وورد دەبنەوە .

بەمەدا دەرئەکەوێت کینزا بورو ئەوی بەیەکجاری وازی لە نووسین بە گشتی، نەهێناوە ، بەڵکو وەرچەرخان لەجۆری نووسینیا ڕوویداوە . مانئاوایی لەدرێژدادڕیی ڕۆمان دەکات بەرەو نووسینێک ووردبوونەوەو تێڕامانی پێ ببەخشێت .

شایانی باسە ساڵی ١٩٩٤ ناوی کینزا بورو ئەوی و ئەدۆنیسی شاعیر لە دوا پاڵاوتنا خرایە لیستی خەڵاتی نۆبڵەوە ، ئەوەبوو بەر کینزا بورو ئەوی کەوت . پاش وەرگرتنی خەڵاتەکە کینزا بورو ئەوی ووتی: سێ ساڵ پێش ئێستا ویستم خۆم بکوژم بەڵام لە دایکبوونی کوڕەکەم بە سەقەتی وای لێکردم واز لەو بڕیارە بهێنم ، و بۆ هەڵاتن لە ئێش و ئازار و شکستی کوڕەکەم پەنا ببەمە بەر جیهانی نووسین . ئەگەر چی کوڕەکەی (ئەوی) لاڵە بەڵام مۆسیقاژەنێکی بە توانای لێدەرچووە .

فرێدانی بۆمبی ئەتۆمی بەسەر هیرۆشیماو ، سەقەت و سقوتیی هیکاری کوڕی و جەنجاڵیی جیهان بەشێکن لەو هۆیانەی پاڵیان بە کینزا بورو ئەوی یەوە ناوە پەنا ببات بەر وجودیەت و ببێت بە شاگردی سارتەر .

ساڵی ١٩٦٤ ڕۆمانێکی چاپکرد تیایدا کوڕە سەقەتەکەی کرد بە تەوەرەی سەرەکی . ئەو باوکە دڵسۆزەی ناو ئەو ڕۆمانەو کوڕە سەقەتەکەی ، هەر کینزا بورو ئەوی و کوڕە نوقسانەکەی خۆیەتی ، لەم ڕۆمانەدا کەسانێک بە پێی داب و نەرێتی یابانی داوا لە باوکەکە دەکەن کە کوڕەکەی بەرەڵا بکات ، بەڵام باوکە ئەم داواکارییە ڕەت دەکاتەوەو لە پێناویا واز لە ژنەکەی خۆی دەهێنێ.

لەدایکبوونی هیکاری بە نوقسانی ، و ژیانی پڕ مەینەتی ، ئیقاعێکی تایبەتییان بە ڕۆمانەکانی کینزا بورو ئەوی بەخشیوە .

ئەوەی ڕاستی بێت شتێکی سەیرە ئەم دەنگە نوێیە گەورەیەی یابان سووربێت لەسەر دوورکەوتنەوە لە جیهانی ڕۆمان ، کە ساڵانێکی دوورو درێژ تەمەنی خۆی بۆ سووتاندووە .

سێ ئافرەت

چیرۆکی ڕۆبرت موزیل
بڵاوکراوەکانی (الجمل) ١٩٩٧

(ثلاث نساء) ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی (روبرت موزیل)ە ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای (الجمل)ە .

حسێن موزانی ساڵی ١٩٩٧ کردوویەتی بە عەرەبی . روبرت موزیل یەکێکە لە ڕۆماننووسە گەورەکانی ئەڵمانیا ، پێشەوایەکە لە پێشەواکانی پەخشانی تەعبیری کە سیماکانی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا کازیمیر ئدشمدت و دوبلن و هاینرش مان دایانڕشتوون ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ماوەیەکی زۆر بە نەناسراوی مایەوە، ئەمیش بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و فیکریانەوە کە لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بەسەر ئەو وڵاتانەدا هات کە بە ئەڵمانی قسەیان دەکرد ، بە تایبەتی پاش هەرەسهێنانی ئیمبراتۆریەتی نەمساو ئەڵمانیاو ، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی تووندڕەو و ئایدیۆلۆژیای فاشی . ئەمانە کە جڵەوی حوکمیان گرتە دەست ، هێزی چەپڕەوو سەربەستیان دوور خستەوە ، ڕێگایان لە چالاکیی ئەدەبیی ڕەهاو قوتابخانە ئەدەبی و هونەریەکان گرت ، سەربەستیی گروپە ڕۆشنبیرییە پێشڕەوەکانیان کۆت کرد ، تا وای لێهات جۆرە ئەدەبێک سەری هەڵدا ستایشی فاشییەت و ڕەگەز پەرستیو شەڕی دەکرد . لە ئەنجامی ئەمەدا داهێنەرە ڕاستەقینەکان تووشی زەرەرو

زیانێکی زۆر بوون . هۆیەکی تریش هەیە کە وای کرد ڕوبرت موزیل ناسراو بێت بەلام ئەمیان پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە ، چونکە لە ژیانیا حەزی لەناوو شوهرەت نەدەکرد ، زیاتر عەودالی وەفا نواندن بوو بەرامبەر بە شتوەی هونەری ، و ڕاستی .

روبرت موزیل

ثلاث نساء



روبرت فون موزیل ، ساڵی ١٨٨٠ لەدایک بووە . لە سەرتادا موزیل خوێندنی سەربازیی تەواو کردووەو بووە بە ئەفسەر ، دوای ئەوە چۆتە ئەو کۆلیژەی کە باوکی دەرسی تیا دەوتەوە ، پاشان بوو بە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی شتوتغارد. ساڵی ١٩٠٨ دکتۆرای لە فەلسەفەدا هێنا . زانکۆی (غراس) و (میونیخ) داوای لێدەکەن دەرس بڵێتەوە ، بەڵام ئەم داواکەیان ڕەت دەکاتەوە . لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لێپرسراوی نووسینگەی پەروەردەی سەربازی بووە . پاشان گەڕاوەتەوە بۆ بەرلین و لە ڕۆژنامەدا کاری کردووە . ساڵی ١٩٤٢ وەک دەربەدەرێک لە جنێف کۆچی دوایی کرد .

خوێندنی موزیل لە کۆلیژی ئەندازەو فەلسەفە کاری کردۆتە سەر نووسینەکانی ، بۆیە دەبینین زۆر وردە لە ڕستە هەڵبژاردنا ، دیسان ماریفەیەکی فەلسەفی و پەروەردەیی قوڵ لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیا دەبینرێت . دیارە ڕۆمانی یەکەمی (شلەژانی تورلس) بە سەرەتایەکی سەرکەوتوو دادەنرێت لەبۆ ڕێبازی تەعبیری لە پەخشاندا ، جۆرە شێوازێکی هونەریی نا ئاشنای دەرخستووە ، خوێنەری تووشی سەرسوڕمان کردووە ، لە هەمان کاتدا بێزاری کردووە چونکە ڕێژەی تەعبیریەتی ئەوەندە سەیرو زۆر بووە نەتوانراوە بخرێتە خانەوە ، یا لە قاڵب بدرێت .

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە (سێ ئافرەت) بەرهەمی قوناغی یەکەمی موزیلە . چیرۆکی (تونکا) بەسەرهاتی موزیل خۆیەتی ، تاقیکردنەوەی دڵتەزێنی خۆی و ئەوکچەیە کە لە ناکاودا کۆچی دوایی کرد ، لەسەرەتادا موزیل هەوڵیدا ئەم چیرۆکە درێژە بکات بە ڕۆمان . لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا خوێنەر هەست بە لایەنی فەنتازی و نائاشنایی کەسەکانی موزیل دەکات ، لە چیرۆکی (سێ ئافرەتدا) سێ پیاوی ، سێ قوناغی جیا بە چارەنووسی جیاوە بەرامبەر سێ ئافرەت دەوەستن ، تەم و مژ دەوریان ئەدات و بە شێوازێکی پتەو حاڵەتی شکستی ڕوحییان پیشان ئەدات .

نووسینەکانی موزیل زۆرن ، چیرۆک ، ڕۆمان ، نووسینی فەلسەفی . چەند دەسنووسێکی مابۆوە، خێزانەکەی پاش مردنی موزیل لە چاپی دان .

هەفتە نامەی ئایندەر

(ئاوێر-ابیدر) هەفتەنامەیەکی ڕۆشنبیری ، هونەری ، کۆمەڵایەتییە ؛ بە هەشت لاپەڕە لەشاری سنە بەزمانی کوردی و فارسی دەرئەچێت . بایەخێکی چاک بە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی ئەدات . ئاوێر وەک پردێک وایە بۆ ناساندنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بە فارسی ، لە ڕێگای وەرگێڕانەوە . لەو ژمارانەدا کە تا ئێستا بەرچاومان کەوتوون چەندەها دەقی کوردی کراون بە فارسی ، هیوادارین ئاوێر بەردەوام بێت لە وەرگێڕانی ئەدەبی کوردیمان بۆ زمانی فارسی .

ئەمەش ناونیشانی ﴿ ئاوێر ﴾ە :
سنندج - خیابان کشاورز- بالاتر از بیمارستان حضرت رسول اکرم (ص) ابتدای کوچه لقمان - مرکز فرهنگی هنری ابیدر . تلفن ٣٩١٨٥ فاکس ٢٤٠٤٥ .

خه‌واندنی موگناتیسی ﴿ هیپنۆتیزم ﴾

نووسین له بواری هیپنۆتیزما به زمانی کوردی زۆر که‌مه ، کتێبخانه‌ی کوردی پێویستی پێیه‌تی . (خه‌واندنی موگناتیسی هیپنۆتیزم) ده‌روازه‌یه‌کی سه‌ره‌تایی زانستییه مامۆستا (سابیر به‌کر مسته‌فا) کردوویه‌تیه‌وه به مه‌به‌ستی تێشک خستنه‌سه‌ر ئه‌م زانسته . ئه‌م کتێبه له حه‌وت به‌ش پێکهاتووه :

١. خه‌واندنی موگناتیسی له میژوودا
٢. بیردۆزه‌کانی خه‌واندنی موگناتیسی
٣. سوودو به‌کارهێنانی خه‌واندنی موگناتیسی
٤. سیفات و مه‌رجه‌کانی (خه‌وێنه‌ر-خه‌وێنراو - ژووری خه‌واندن)
٥. ڕێگاکانی خه‌واندنی موگناتیسی (کۆن و نوێ)
٦. کۆڵه‌کانی خه‌واندنی موگناتیسی
٧. جۆره‌کانی خه‌واندنی موگناتیسی .

نووسه‌ر سوودی له(٦١) سه‌رچاوه‌ی زانستی وه‌رگرتووه ، سه‌ره‌تای ئه‌م سالیش کتێبێکی تری به ناونیشانی (کتێبی سایکۆلۆژیای خه‌وتن و خه‌وبینین)ی به چاپ گه‌یاندووه . به‌شداریی چه‌ند ئه‌زموونێکی پاراسایکۆلۆژیی کردووه . جگه له‌مانه کتێبێکی تری ئاماده‌یه بۆ چاپ به‌ناونیشانی (ئاده‌میزاد له نێوان ناوه‌ڕۆک و ڕواله‌تدا) . نووسینی ئێریک فرۆم . شایانی باسه ئێستا مامۆستا سابیر سکرتێری کۆمه‌ڵه‌ی پاراسایکۆلۆژی کوردستانه .

کاره‌کانی ئیسماعیل خه‌یات له یابان به چاپ ده‌گه‌یه‌نرێت ...

بۆ جاری دووه‌م چه‌ند کارێکی هونه‌ری هه‌نه‌رمه‌ند ئیسماعیل خه‌یات له‌یابان چاپ ده‌کرێت . ڕێکخراوی شنه‌ی بای ئاشتیی یابانی (P.W.J) که له کوردستاندا کاری ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی گرتۆته ئه‌ستۆ ئه‌م کارتانه‌ی له چاپ داوه‌و قازانجه‌که‌شی ته‌رخانه بۆ یارمه‌تی دانی ئاواره‌کان . ئه‌م تابلۆیانه به شێوه‌ی پۆستکارتی ڕه‌نگاوڕه‌نگ چاپکراون و زیاتر له بۆنه‌ی پیرۆزباییدا به‌کارده‌هێنرێن . ئه‌م کارانه به پێنج کارت کراون و پێداویستی بۆنه‌ی پیرۆزبایی هیچ کارێکی خراپی





لێنه‌کردوون . خه‌ون و تێفکرین و ووردبوونه‌وه به‌جوانی له تابلۆکاندا تێبینی ده‌کرێن .
هه‌مان ڕێکخراو چوار به‌رهه‌می ڕه‌نگاوڕه‌نگی تری ئیسماعیل خه‌یاتی چاپ کردووه‌و قازانجه‌که‌شی هه‌ر بۆ ئاوه‌دانکردنه‌وه بوو له کوردستاندا .
دیاره کارێکی وه‌ک ئه‌مه له‌یه‌ک کاتدا سێ ده‌لاله‌ت ده‌به‌خشێت ؛ یه‌که‌میان ناساندنی هونه‌رمه‌ندێکه به ده‌ره‌وه ، که ئه‌مه خه‌ونێکی هه‌موو هونه‌رمه‌ندێکه له‌سه‌ر ئاستی شه‌خسی . دووه‌میان ئاوڕدانه‌وه‌ی لایه‌نێکی بیانییه له ئێش و ئازاره‌کانمان . سێیه‌میان گواستنه‌وه‌ی مۆرکی هه‌ست و خه‌ونه‌کانی مرۆڤی کورده ، له ڕێگای هونه‌ره‌وه بۆ سنووری جیهانی پان و به‌رین و ناساندنی هونه‌ری کوردی به‌ده‌ره‌وه‌ی ووڵات .

چوارشه ممه‌ی بنکه‌ی گه لاوێژ ...

له چوارشه‌ممه‌ی هه‌موو هه‌فته‌یه‌کدا ، بنکه‌ی ئه‌ده‌بی و ڕووناکبیریی گه‌لاوێژ کۆڕێک بۆ نووسه‌رێک یان شاعیرێک ساز ده‌کات . بنکه به‌ته‌مایه ئه‌مه بکات به نه‌ریتێ له نه‌ریته‌کانی چالاکیه ڕووناکبیریه‌کانی .
له چوارشه‌ممه‌ی گه‌لاوێژدا تا ئێستا ئه‌م نووسه‌رانه بابه‌تی خۆیان پێشکه‌ش کردووه :

- ڕامیار مه‌حمود .
- سه‌روه‌ر ئه‌حمه‌د .
- ڕزگار حه‌مه ڕه‌شید .
- تۆفیق عه‌بدول .

له پاڵ ئه‌مه‌دا بنکه خۆ ئاماده ده‌کات بۆ سازدانی پێشبڕکێیه‌ک بۆ چیرۆک ، و به‌ستنی مولته‌قا بۆ بابه‌ته ڕۆشنبیریه گرنگه‌کان .

جەمیل شاکەلی خەلاتی
(بێچووە شێری زیوین) ی وەرگرت

Wie is Jamil Shakely?



Jamil Shakely kreeg op het openingsfeest van de Jeugdboekenweek een Boekenwelp voor ‚Een vlinc aan het raam'. Wie is die auteur met de vreemde naa die Nederlands spreekt en schrijft?

Jamil werd in 1962 geboren i Koerdistan en groeide op in e

لە ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٥ دا لەگەڵ دەستپێکردنی بازاڕی سالانەی کتێبی منالان و لاوان دا لە بەلژیک ... خەلاتی بێچووشێری زیوین کە دووەم خەلاتی کتێبی منداڵان و لاوانە لە بەلژیک و هۆڵەندا ... بە نووسەری لاوو دووەم وڵات کاک جەمیل شێخ محمد شاکەلی ناسراو بە ئامانج شاکەلی بەخشرا ..


شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە ئەم خەلاتە نووسەرێک وەری دەگرێ کە بەڕەگەزو لەدایکبوون خەڵکی ئەو وڵاتە نییە .

بەو بۆنەیەوە گەلێ گۆڤارو ڕۆژنامەو کەناڵی تەلەفزیۆنی دیدەنی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاک جەمیل شاکەلی دا سازکردووە . بڕیاردراوە کتێبەکەی شاکەلی کە خەلاتەکەی لەسەر وەرگرتووە بکرێ بە ئەڵمانی و وەکو خۆی لەنامەیەکی تایبەتی دا بە هاوڕێیەکی کوردستانی باشووری ڕاگەیاندووە دەنگی ئەوەش هەیە بکرێ بە ژاپۆنی .

نێوان خێزان و خوێندنگەو کۆمەڵگەدا لە سوێد .. نووسەری دووەم وڵات کاک (ئەمجەد شاکەلی) نووسیویەتی و ئامادەی کردووە و لەساڵی ١٩٨٩ دا لە سوێد لە چاپ دراوەو هەزار دانەی لێ چاپ کراوە و بە دوو نیگاری دەسکردی (ناز شاکەل)ی لاپەڕەکانی ناوەوەی ڕازاوەتەوە .

نووسەری کتێبەکە کاک ئەمجەد شاکەلی لەبڕگەیەکی پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ : چوار ساڵێکە لەگەڵ منداڵ و لاوانی کورددا لە سوێد کاردەکم و دەرسی کوردی دەڵێمەوە .ئەوەشی لەم گوتارەدا هاتووە زادەی ئەزموونی ڕۆژانەو تێکەڵاوی و پێوەندیمە لەگەڵ منداڵ و شاگردو خێزانی کورداو پێشم وایە باسەکە هەرچەندە تایبەتە بە کوردەوە لە سوێد ... بەڵام تاڕادەیەک تەواوی کوردی ئاوارەو دووەم کوردستان دەگرێتەوەو مەسەلەکەیش پێوەندی ڕاستەوخۆی بەهەموو خێزانێکی کوردو ئایندەی دیتن و ڕاو بۆچوون و شێوەی بیرکردنەوەی لاوانی سبەینێو منداڵانی ئەوڕۆی کوردەوە هەیە .

لەم کتێبەدا گەلێ تەگەرە لەو تەگەرانە خراوەتە ڕوو کەدەبنە هۆی ئەوەی منالانی کورد لە سوێد زمانی زگماکی خۆیان نەخوێنن و ناچار بن لە قوتابخانەکانی سوێددا بەزمانی سوێدی بخوێنن ... ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە هەندێ دەیانەوێ زمانی کوردی بە پیتی لاتینی و هەندێکی دی دەیانەوێ بە پیتی عەرەبی بخوێنن و هەندێک دەیانەوێ بەسۆرانی و هەندێک دەیانەوێ بەبادینانی بخوێنن .



منالی کورد و
فەرهەنگی کورد لە هەندەران

ئەم چاپکراوە کتێبێکی قەوارە ناوەندی حەفتا لاپەڕەییەو بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە مەڕ منالی کورد و زمان و فەرهەنگی کوردی لە